# بوونی نەتەوە و
# سیاسەتی زمان

# بوونی نەتەوە و
# سیاسەتی زمان

تاریق جامباز

هەولێر - ٢٠١٤

* ناوی کتێب: بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان
* نووسەر: تاریق جامباز
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.
* نەخشەسازی: ڕزگار موحسین
* پیتچنین: شوان عەلی خۆشناو
* هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٨٨).
* تیراژ: ٥٠٠ دانە
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٣١٤)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

# دەستپێک

## سیاسەتی زمان، بوونی نەتەوە دەچەسپێنێت

پلاندانان‌و ڕێکخستن‌و بەدواداچوون‌و چاودێری ئەم لایەنە (سیاسەتی زمان) تاکو کەموکوریی‌و کەمتەرخەمی دەستنیشان بکرێن، و یەکسەرو گەرماوگەرم هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆ بدۆزرێتەوە، هێشتا درەنگە، چونکە چاوپۆشین‌و خەمساردیی‌و دوودڵیی‌و پشتگوێ خستنی دەبێتە هۆکاری سەرەکی لاوازیی‌و سستیی‌و کزیی‌و لە دواڕۆژدا گەر پێداچوونەوەی خێراو بلەزو بەپەلەی بۆ نەکرێ ئەوا هێدی هێدی زمانەکە بەرەو هەڵدێریی‌و دواکەوتن‌و چەقین دەچێ، لەبەرئەوەی چاوەڕوانی دواڕۆژێکی لێڵ‌و ئاڵۆزو دژواری لێ دەکرێ، بۆیە لە زۆربەی وڵاتان‌و هەرێمەکانیان نەک لە دەستوورەکانیان جەختی لەسەر دەکەن، بەڵکو یاسای زمانە فەرمییەکانیشیان لە پەرلەمان دەردەچێ‌و یەکسەر لە هەموو ئاستو بوارێکدا دەخرێتە بواری جێبەجێکردن‌و لە بودجەش برە پارەیەکی باش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێ‌و لایەنی دانان‌و بڕیار لەسەردانی (وشەو زاراوە و دەستەواژە) تاکە سەرچاوەی (ئەکادیمیای زمانە)و کارمەندانیش دەبێ لە دەرچووانی کۆلیژی زمان بن‌و هەموو کاتێکیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دیرۆکییە تەرخان بکەن‌و سیاسەتی زمان نەک لە وڵاتان‌و هەرێمەکانیان، بەڵکو حزبەکانیش لە بەرنامەکاری هەڵبژاردنەکان‌و پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی خۆیان جێگای شایستەی هەیەو لە یەکێتی ئەوروپی کە لە (٢٧) وڵات پێک دێتو (٢٣) تێیدا زمانی ڕەسمییەو لەم یەکێتییە سیاسەتی زمانی تێیدا جێبەجێ دەکرێتو بەشی سیاسەتی زمان لە ئەنجومەنی ئەورووپیدا هەیە، هەر بۆ نموونەش لە ئێرلەندا (حزبی سەوز - کەسک) ئایریش سیاسەتی زمانی بۆ بیست ساڵ (٢٠٠٩- ٢٠٢٩) داناوە، بەڵام ئەمەیان نە لەحکومەتی کوردستان‌و نە لایەنەکانی سیاسی هیچ کامیان تا ئەمڕۆش بەرنامەیەکی تایبەتییان بۆ سیاسەتی زمان دانەناوە، دەبوایە بەرەی سیاسیی کوردستانی هەر دوای جاڕدانی فیدراڵی لە (١٩٩٢/١٠/٤)، ئەوا بڕیاری زمانی فەرمی دابوایەو یاسای زمانەکانی فەرمیش لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووبایەو باسی ئەو وڵاتانەش ناکەم کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە، گەرچی زۆرینەی هەرچواریان موسڵمانن، بەڵام لەبەرئەوەی لەیەک

زمانو یەک نەتەوە ڕاهاتوون جگە لەعێراق دەنا یەک زمان. زمانی ڕەسمی وڵاتەکانەو زمانەکانی دیکەش نکۆڵی لێ دەکەنو پەراوێزخراوە بەزمانێکی نەناسراو یا بەپلەی نزمو خوارو کەمتر لەزمانی حوکمڕانان دادەنرێ. دەبا نموونەیەک لەم بارەوە بهێنینەوە: نۆهەتەکانی سەدەی بیست دوو مامۆستای تورکی خوێندنگایەک لە گەڕەکەکەمان (گەڕەکی ئازادی) لە هەولێر دەژیان، ڕۆژێک هاتنە سەردانمانو لەنێوان قسەکانمان باسی وتنەوەی وانەکانیانمان کرد کە بەزمانی تورکیو پیتی لاتینی وانە دەڵێنەوە، ئەمەش مافێکی ڕەوای هەموو نەتەوەکانە کە لە کوردستان بەزمانی زگماکیان بخوێننو وەزارەتی پەروەردە لەحکومەتی کوردستان هەموو پێداویستییەکانی خوێندنی بەزمانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی ئامادە کردووەو جێبەجێش دەکرێن.

وایان لەم دوو مامۆستایە گەیاندبوو، کە هەولێرییەکان هەر هەموویان تورکمانن، کە گوتیان: هەولێرییەکان تورکمانن، لەوەڵامدا گوتم: هەولێرییەکان ئەوانەی لەمێژە لە هەولێر دەژین سێ زمان (کوردیو تورکمانیو عەرەبی) دەزانن دەتوانن بەجۆرێکی دیکە پرسیارەکە بکەنو بڵێن ئێوە سەر بە چ نەتەوەیەکن؟ لەبەر ئەوەی هەردووکیان لایەنگیری حزبی فەزیلەی نەجمەددین ئەربەکان بوون، بۆیە منیش گوتم: پرسیارێکم هەیە (ئێوە تورکن لەتورکیاوە هاتوون)، دەپرسم بۆچ بیست ملیۆن مرۆڤ لەتورکیا لەم مافە بێبەشن، یەکێکیان بەسەرسوڕمانەوە گوتی: کێن ئەمانە؟ منیش گوتم: کوردن، ئەوانیش گوتیان هەموومان موسڵمانین! منیش لەوەڵامدا گوتم: ئەی بۆ بۆ ئێوە ڕەوایە بەزمانی زگماکتان بخوێنن، بۆچی ئەوان لەو مافە بێ بەش کراونو نکۆڵی لە بوونی ئەم نەتەوەش دەکرێت؟ گەرچی چوار ئایەتی قورئانی پیرۆزو فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د. خ) لەم بارەوە هەیە نەک جێبەجێی ناکەن، بەڵکو فەرامۆش کراون، ئەمەیان پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.

هەموو دەڵێن خاک (وڵات) نیشتمان دەگەیەنێ. منیش دەڵێم: گەر کوردستان جەستە بێ، ئەوا زمان گیانەکەیەتی، بۆیە پێویستیمان بە سیاسەتی زمان هەیە، کە دەبێ جەختی لەسەر بکرێو کاروکردەوەی بۆ بکرێ نەک تەنیا قسەو ئاخاوتنو پەیڤ بێ.

## سیاسەتی زمان

زۆر وڵات سیاسەتی زمانی هەیە، بۆ ئەوەشیان دارشتووە کە پشتیوانی لەزمانێک یان چەند زمانێک بکەن یان کۆسپ بخەنە بەریان. هەرچەندە نەتەوەکان لەمێژوودا، زۆر جار سیاسەتی زمانیان بۆ ئەوە دارشتووە کە زمانێک لەسەر حیسابی زمانەکانی دیکە پێش بخەن، ئێستا زۆر لە وڵاتان سیاسەتی زمانیان بۆ پێشخستنی دارشتووە، ئەو زمانە خۆجێییو نەتەوەییانەی هەرەشە لەسەر مانەوەیاندا هەیە. حکومەت بە فەرمی سیاسەتی زمان دادەرێژێت لەرێگەی یاساکاری یان بڕیارە دادوەرییەکان بۆ ئەوەی دیاربکرێت چۆن زمانەکان بەکاربێن؟، یان ئەو توانا زمانەوانییە ببووژێندرێتەوە، کە پێویستن بۆئەوەی پرسە هەرە لەپێشە نیشتمانییەکان بەرێوە ببرێن، یان بۆ دیاریکردنی مافی تاکە کەس یان گرووپەکان لە بەکارهێنانو پارێزگاریکردن لەزمانەکانیان.

پارێزگاری لە هەمەجۆریی کولتوورو زمان لەجیهانی ئەمڕۆدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن زاناو هونەرمەندو نووسەرو سیاسەتوانو رێبەرانی کۆمەڵگا زمانەوانییەکانو داکۆکیکاران لەمافی زمانەوانیی مرۆڤ وا دەخەملێندرێت کە لە چەرخی سەدەی بیست و یەکەمدا پتر لەنیوەی ئەو ٦٠٠٠ زمانەی ئێستا لەجیهاندا قسەیان پێدەکرێت لە مەترسی نەمان دانە. گەلێ هۆکار هەن بۆ مانەوەو بەکارهێنانی هەر زمانێکی مرۆڤ، وەک قەبارەی ئەو کەسانەی بە زمانی دایک دەئاخڤنو بەکارهێنانی لە پەیوەندی پێکردنە فەرمییەکانو پەرتو بڵاوبوونەوەی جوگرافی و سەنگی کۆمەڵ و ئابووریی ئەو کەسانەی قسەی پێدەکەن. سیاسەتی نیشتمانیی زمان دەتوانێ کاریگەری هەندێ لەو هۆکارانە کەم بکاتەوە، یان زیاد بکات.

زۆر رێگە هەن بۆ پۆلێنکردنی سیاسەتی زمان، سیاسەتی کۆکردنەوە و وەرگێڕانو پۆلێنکردنی زمان لە ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکردو کارەکە گەیشتە چڵەپۆپەی بەدەرکردنی بڵاوکراوەی (کۆمەڵە یاساکانی زمان لە جیهاندا) (بەرگەکانی ١– ٦)، لەلایەن چاپخانەکانی زانکۆی (لاڤاڵ) لە ساڵی ١٩٩٤. کارەکە کە ٤٧٠ یاسای زمانی لەخۆ دەگرت و توێژینەوەکە کەوتە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە و فەرمانگەی کیبیک بۆ زمانی فەرەنسی هاوکاریی دارایی پێشکێش کردو لە ساڵی ٢٠٠٨ ماڵپەڕی ئەنتەرنێت ئاکارو سیاسەتەکانی زمانی لە ٣٤٥

ویلایەت، یان هەرێمی خودموختاری لە ١٩٤ وڵاتی سەربەخۆ خستەڕوو[١].

لەو بڕوایەدام لە وەڵامی نەبوونی سیاسەتی هەندێ کەس کە دەڵێن ئەی زۆرینەی هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی کوردی نییە، دەڵێم بەڵام خوێندکارو قوتابی لەقۆناغی شەشەمی ئامادەیی خوێندن تەواو دەکات دەچێتە زانکۆکانو تووشی دیواری بەرلین دەبێ (مەبەستم زانستە مرۆڤایەتییەکانە لە زانکۆکان) چونکە بابەتەکانی نەکراون بەزمانی کوردیو هێشتا دوای هەژدە ساڵ هەر بە زمانی عەرەبین ئەمەش هەڵوەستەیەکی دەوێ، چونکە بەپلانێکی تۆکمە بۆداڕێژراوی درێژخایەن هەر لە ١٩٩٢ تاکو ٢٠١٠ دەتوانرا هەموو بابەتەکان کرابان بەزمانی کوردی.

دەبوایە لە شەش کابینەی حکومەتی کوردستان کورداندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەوەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەنجامبدرایە. گەرچی هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەو خوێندنگا ئامادەییانەی کە خوێندن تیا بەزمانی کوردییە (٤٩٧) دەبنو ژمارەی ئەو ئامادەییانەی بەزمانی عەرەبی دەخوێنن ژمارەیان (١٧) دەبێ بۆ پێزانیان لە هەرێمی کوردستان مامۆستای زانکۆی وا هەیە دەچێتە هەر پۆلێک لە قۆناغەکانی خوێندن بە بێ دوودڵی، بەڕاشکاوانە بەخوێندکاران دەڵێ: وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی قەدەغەیە؟! و هەندێ لەو مامۆستایانەش (مخابن) کوردن بەپێچەوانەی ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێم هاتوون غەیرە کوردن ئەوا (چوونەتە خولی فێربوونی زمانی کوردی)، چونکە دەیانەوێ زمانی کوردی بزانن تا دیواری بەرلین لەنێوان مامۆستاو خوێندکار نزمترو تەنگتربێ، گەرچی لە وڵاتانو هەرێمەکانیان فێربوونی زمان مەرجێکی سەرەکییە بۆ دامەزراندنو نیشتەجێبوونو گەر نەیزانی یا نەیەوێ فێربێ (نەدادەمەزرێو نەنیشتەجێ دەبێ)و لەبەر نەبوونی یاسای زمانە فەرمییەکان چ لە کوردستان یان لەعێراق، ئەمە بۆتە هۆکارێک کە زمانی حوکمڕان (مقدس)و باڵاو بەرزو مەزنتربێ لەزمانەکانی دیکە بە زمانی کوردیشەوە، گەرچی لەدەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) بەگوێرەی ماددەی (٤) هەردوو زمانی عەرەبیو زمانی کوردی زمانی فەرمین لە سەرتاسەری عێراقو زمانەکانی دیکە زمانی حوکملێکراوان پلەی نزمو خوارترەو بەچاوێکی کەمتریش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، هەندێ کەس لەبەر ئەوەی لەزمانی حوکمڕانان ڕاهاتوونو هزرو بیر لە ئایندەش دەکەنەوە، بۆیە جگەرگۆشەکانیان

تاكو ٢٠١٠ دەنێرنە خوێندنگای زمانی عەرەبی و ڕێژەی بەرپرسانی کورد لەم بوارەدا یەکجار بەرزەو جێگای سەرسورمانو تێفکرینە، دەتوانرێ هەزارو یەک پرسیاریان لێ بکرێ!!! (گەرچی خوێندن بە زمانی کوردی لەشوێنی نیشتەجێبوونیان هەبووەو هەیە).

گەر بڵێین بەڕێنمایی ڕێگەدراوە کە مامۆستایانی زانکۆ ڕێژەیەک لەبابەتەکان بەزمانی کوردی بڵێنەوە، ئەمەیان واتە زمانی کوردی لەڕووی یاساییەوە پلەی سێیەمە، چونکە ١- یاسا ٢- ڕێسا ئینجا ٣- ڕێنماییەکان تاکو ساڵی (٢٠٠٨) باسی زمان لەیاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوی زانستی نەکرابوو، ئەوسا توانرا ناوی بهێنرێ، ئەویش لەماددەی (٢) برگەی دوازدە ناوی زمانی کوردی هێنرا: (کارکردن لەپێناوی کردنی زمانی کوردی بەزمانی فێرکردنو خوێندن لەقۆناغەکانی خوێندنی باڵاو لەزانستە مرۆڤایەتییەکانداو هاندانی وەرگێڕانو دانانو چاپەمەنییە زانستیو ڕۆشنبیریو ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی).

گەرچی سەرەڕای زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان لەقۆناغەکانی خوێندن دەخوێندرێ، بەڵام سیاسەتی زمان پێویستە، تاکو ساڵانە بەرنامەکانی خوێندن پێداچوونەوەیان بۆ بکرێو ئەو وشانەی بەگوێرەی پێداویستییەکانی گۆڕانی هەموو لایەنەکانی ژیان وشەی نوێ هاتۆتە کایەوە، دەبێ ئەو وشەیە لەلایەن ئەکادیمیای زمان بڕیاری لەسەر بدرێو ساڵانە فەرهەنگی میللی بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە چاپو بڵاوبکرێتەوە، نەک تاکەکەس فەرهەنگ دابنێ. بەڵکو دەبێ ئەوانەی پسپۆڕو لێزانو شارەزان، بەکورتی زمانزانن هەر ئەوانەش فەرهەنگ دابنێن.

لەکۆتاییدا دەڵێم زمانپارێزی ئەرکی دیرۆکی هەر تاکێکی نەتەوەکەمانە (دەبێ نەک پێ بئاخڤینو قسەی پێ بکەین، بەڵکو پێویستە باوکانو دایکان منداڵەکانیان فێری نووسینو خوێندنەوە بەزمانی کوردی بکەنو ناوی منداڵەکانیان بەناوی کوردی ناوبنێنو لەهەر کوێیەکی دونیا بن ئەمەیان ئاسانترە کە لە کوردستان ئەنجامبدرێ، بەڵام ئەوانەی هەندەران گەر زمانی زگماکیان بە بەردەوامی لەماڵەوە بەکارنەهێنن لەبەر ئەوەیە ناچارن دەبێ زمانی کارو مامەڵەو بازرگانی فێرببێو مناڵەکانیش هەر بەو زمانە دەخوێنن.

بۆیە پێویستە لەماڵەوە قسە هەر بەزمانی زگماک (دایک) بکرێ، دەنا

بەرەبەرە لەسەرخۆ لەنێو نەتەوەیەکی دیکە زمانەکەیان دەتوێتەوەو پێشنیاز دەکەین کە ناسنامەو بوونی زمانەکەیان بەزیندوویی‌و کاریگەر بمێنێتەوە ئەوا ڕەچاوی ئەم خالانەی بکرێ:-

١. جەخت لەسەر بەکارهێنانی تەنیا زمانی زگماک لەماڵەوە بکەن‌و هەرگیز بەزمانی دیکە قسە نەکەن چونکە لەخوێندن‌و کارو دەورەی فێربوون فێری دەبن‌و هەروەها دایک و باوکان، کەناڵە ئاسمانییەکانی بە زمانی زگماکیان بۆ بکەنەوە، تاکو بەزمانەکەیان ئاشنابن‌و (DVD) (CD)یان بۆ لێبدەن، چونکە خوێندن لەو وڵاتانە هەر لەبەیانی تاکو ئێوارە بەردەوامە، بۆیە زمانی ئەوان باش فێر دەبن.
٢. ساڵانە سەردانی کوردستان بکەن تاکو خزم‌و کەس‌و شوێنەکان ببینن‌و گوێبیستی خەڵکێکی زۆر بن کە بەزمانەکەیان دەدوێن یا سەردانی خزم‌و ناسیاو لە وڵاتەکانی دیکە بکەن، بەمەرجێ بەزمانی کوردی بدوێن.
٣. ژن‌و ژنخوازی لەیەکتر بکەن، چونکە وڵاتێکی سەربەخۆمان نییە، بۆیە بۆ زمانپارێزی ئەوا چاکترە هەر لەنێوان کوردان بەمەرجێ لەماڵەوە بەزمانی کوردی قسە بکەن.
٤. هەوڵ بدەن‌و کاتێکی گونجاو تەرخان بکەن کە مناڵەکانیان فێرە زمانەکەیان بەنووسین‌و خوێندنەوە چ بەبەشداری لە خولەکانی بنکەکانی ڕۆشنبیری یا خۆیان فێریان بکەن.
٥. ناوی منداڵەکانیان بەناوی کوردی ناو بنێن، تاکو تایبەتمەندیی نەتەوەکەمان لە نەتەوەکانی دیکە جیابکرێتەوە.
٦. کە لێیان دەپرسن بڵێن خەڵکی کوردستانین، ئەمەش وادەگەینێ کە وڵاتێکیان بەناوی کوردستان هەیە، بەڵام کە بڵێ کوردم تەنیا نەتەوە دەگەیەنێ‌و نەتەوەش بێ‌خاک نابێ‌و نموونەمان لەم بارەوە زۆرە کە ناوی نیشتمانیان دەهێنن وەکو وێڵزو سکۆتلەنداو ئێرلەندای باکوور، گەرچی سەر بە بریتانیان دەڵێن ئێرلەندین‌و وێڵزین‌و سکۆتلەندین.

بۆیە دەبێ سیاسەتی زمانمان هەبێ‌و چیتر ئەم لایەنە گرنگە بێ سیاسەتی زمان نەمێنێتەوەو بێ یاسای زمانیش ئەنجام نادرێ، چونکە سیاسەتی زمان‌و یاسای زمان تەواوکەری یەکترن‌و منیش هەرگیز برِم بە چەند وشەیەک لە کارنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان‌و بەرنامەی حکومەتی کوردستان ناشکێ،

بەڵکو بەڕاستو دروستی سیاسەتێکی ڕێکوپێکی زمانمان هەبێو نابێ ئەمە چیتر دوابخرێ، بەڵکو لە پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی هەموو لایەنەکانی سیاسی هەرچوار پارچەی کوردستان لەهەرە خاڵە گرنگەکانیان بنو لە کۆنگرەکانیشیان ئەم لایەنە وەکو ئاوو هەوای لێ بێو ئەوەی زمانی زگماکی نەزانێ ئەوا هەست بەوە دەکات کە دەبێ بەئەرکی دیرۆکییەتی سەرشانی ڕابێو تاکو هەر تاکێکی کورد زمان بەبەشێکی جیانەکراوە لە کوردبوونی خۆی بزانێو فێری ببێو بەردەوامیش لە هزرو بیریدا بێ.

# کورداندنی یاسا و
# زمانی فەرمی لە کوردستاندا

زمان بوونی نەتەوە دەسەلمێنێو لە بنەما سەرەکییەکانیەتی، بۆیە بۆ هەموو نەتەوەکان بایەخو گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، سەرەڕای ئەوەی ئەگەر ئەو مافە بۆ نەتەوەکان زامن بێت، ئەوا لە دەستوورەکانیدا جەختی لەسەر دەکرێت، سەرباری ئەوەی چەندین ماددەو بڕگەی دیکەی لە یاساکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەنو لەهەندێک وڵاتیشدا یاسایەکی تایبەت بۆ زمانپارێزی هەیە (بۆ نموونە وەک ئەوەی لە هەرێمی کیوبیکی کەنەدا) دا هەیە. وەک ئاشکرایە گەلی کورد خاکەکەی بەهۆی داگیرکردنەوەی بەسەر چەندین وڵاتدا دابەش کراوە، ئەو وڵاتانەش هەر چەند ململانێو ناکۆکیو ئاژاوەشیان لەنێوانیاندا هەبووبێ بەڵام لە دژایەتیکردنی گەلی کورد هەمیشە کۆک بوونە! موو بە بەینیانەوە ناچێ، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بووە کەوا لەزمانی کوردی بکات وەک زمانێکی ئاسایی گەشە نەکات، و ئەگەر ڕۆڵەکانی نەتەوەکەشمان دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبێ کە زمانی کوردی بەکاربهێنن، ئەوا هەمیشە ئەو مافەیان لەلایەن داگیرکەران لێ زەوت کراوە تەنانەت بۆ چەواشەکردنی مەسەلەکان هەندێ جار تیرو توانجیشیان لە خودی زمانەکەمان داوە بۆ نموونە یەکێک لەمانە دەڵێت: (تورکی هونەرە، فارسی شەکرە، کوردی...؟!)[١]. و ئبنولحاج (١٧٦٢) بەم جۆرە باسی زمانی کوردی دەکات:

**ئەزمم بەولی سەحیح**
**بەلەفزی (کوردی نافەسیح!!)**
**بۆ مونسیفان لالیلشە حیح**
**بۆ ئینتیفاعی عاممەتی**

ئەم نووسراوە کوردییە! بەڵام توانج دەگرێتە زمانە کوردییەکەی خۆیو نەتەوەکەی بە سووکی ڕادەگرێت[٢].

زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد، لەو سەردەمەدا وایان زانیوە کە زمانی کوردی زمانێکی کەمترو نزمترو خوارترە لەڕیزی زمانەکانی دیکە، بۆیە ئیبنو ئادەم لە ساڵی (١٧٩٠) لەپێشەکی کتێبەکەی (مشکاە المنقول) بەزمانی کوردی نووسی، بۆیە توانجیان تێ گرتو سەرکۆنەیان کرد (بۆچ پێشەکی بەکوردی

بۆ کتێبی موشکاه المنقول نووسیوه)[٣]. ئەمە حاڵی زمانی کوردی بووە لەو سەردەمەدا. بۆیە نەتوانراوە یا ڕۆشنبیران نەوێران زمانەکەیان بەکاربهێنن، تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی زارەکی نەبێ. بۆیە تاوەکو دەرکەوتنی ڕێچکەی شکێنانی ئەو بارودۆخە هەر لە ئەحمەدی خانی تاوەکو حاجی قادری کۆیی کە هەستێکی نەتەوایەتی زمانی کوردییان بەکارهێناوە، ئەوەتا حاجی قادری کۆیی دەفەرمووێت:

**(کاکە ئێمە موئمینین نە ڕووسین [٤]**
**بۆچی کفرە زمانمان بنووسین)**
**(لەبەر بێ دەفتەرىو نوسینە قانپی)**
**کتێبو دەفتەرو تەئریخو کاغەز**
**بەکوردی گەر بنوسرایە زمانی**
**مەلاو شێخو میرو پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما ناموو نیشانی.**

بۆ ئەوەی بزانین ئایا زمانی کوردی لەو وڵاتو ئیماراتانەی کورد دایمەزراندوون تا چ ئاستێک زمانی کوردی بەکارهاتووە؟ و لە کامیاندا زمانی کوردی زمانی فەرمی بووە. بۆ ئەم مەبەستە لە سەرچاوەکانمان بە سەرکردەو پرسو ڕای پسپۆڕانی ئەم بوارەشمان وەرگرت، بەڵام (بەڵگەی یەکەمیان لەم بارەوە بەدەست نەکەوت) بۆیە ئێمەش هاوڕا دەبین لەگەڵ بۆچوونی مامۆستا کەمال ڕەئووف محەمەد کە دەڵێت:

هەرگیز (کوردی) زمانی سەرەکی خوێندنەوە نەبووە[٥] و بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم سەردەمی یەکەمی حکومەتی جنوبی کوردستان (١٩١٨/١١/١٧ تاکو ١٩١٩/٦/١٨) و سەردەمی دووەمی حکومەتی جنوبی کوردستان لە (١٩٢١/١٠/٩ تاکو ٣ لەسەر ١٩٢٢/٣/٤) ی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید بە سەرکاروان و ڕێچکەشکێنە کە دەستپێشخەرە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بەفەرمی کردووە. چونکە لە ساڵی ١٩١٨ هەر دوای یازدە ڕۆژ لەدەستبەکاربوونی حکومەتەکەی بڕیاریدا کە زمانی فەرمی (زمانی کوردی) بێتو تیایدا سەرکەوتوو بوون، لێرەدا دوو نموونەی سەردەمی شێخ مەحمودی حەفید دەهێنینەوە:

**ئیرادەی مەلەکی[٦]**

**لەئەتباعو خزمەتکارو مەئمورانی من هەر کەسێ غەدر یا ناعەقێکی کرد بلا تەردود بەسەربەستی بێت، موراجەعەی بەدیوانی حەرب بکات، ئەمرمان بەدیوانی حەرب داوە، ئەگەر کەسێک بەناحەق غەدر لەمیللەتو ئەهالی بکات بەجزای موجازات بکرێ.**

**مەلیک کوردستان**

**شێخ محمود**

نموونەی دووەمیش ئیرادەیەکی مەلەکی ژ ٣٣٥.[٧] کە دەقەکەی بڵاودەکەینەوە:-

**ڕەئیس عەشیرەتی کۆرە جەناب مستەفا بەگ دام تەوفیقە هو نمرە ٣٣٥.**

**بە حەساب نفوزو ئیقتدار، بەسەبەب حەسەن خیدمەتو سەداقەت تۆ لەنەزەر حکومەت جەلیلە دائمەن بەیانو مەعلوم بووە، تۆم بە ڕەئیس عەشیرەتی کۆر، ئینتخاب تەعین کرد، و مانگێ سەد ڕوپی معاش بۆ تۆ تەخسیس کراوە، تۆش ئەبێ بەموجودیەت خۆت تەئمینی ئاسایشو ئەمنیە ئەهالیو ئەحوالی خۆت موحافەزەتی مەزلومان لەپەنجەی زالمان (... بۆمان نەخوێنرایەوە).**

**عموم ئیشو کاری ئەو عەشیرەت موئەمەن بەشەرعو حەقانیەتو مەشاکیلی دارایی بۆ مافەوق خۆت حەسەن عافیەت، بۆ حاکمی شاری شەقڵاوەی بە نەس ئەحکام ئەم فەرمانە، ڕەفتارو مەرحەمەتە، موخالیف بەو ئەمرە، ڕەفتارکردن، باعیسی مەسئولینو فەلاکەت.**

**٩ جومادی دووەم- ١٣٣٧**

**حوکمداری کوردستان**

**محمود**

**کە دەکاتە ٦ حوزەیرانی- ١٩١٩**

واتە گەلی کوردستان پێش دامەزراندنی وڵاتی عێراق ساڵی (١٩٢١)، زمانی ڕەسمی لەهەردوو سەردەمی حکومەتی جنوبی کوردستان (زمانی کوردی) بەکارهاتووە، چونکە پێشتر سێ ویلایەت (بەسراو بەغداو مووسڵ) هەبوو بە ویلایەتی (بەسرە و بەغدایان) دەگوت ویلایەتی عێراق، پاشتر بێ ڕەزامەندی گەلی کوردستان (ویلایەتی مووسڵ) بەبڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة

الامم) خرایە سەر عێراقو پێوەی لکێنرا و هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا (لەچەندان بەیاننامەی ڕێککەوتنو بڕیار و یاساکاندا) دان بەفەرمیبوونی زمانی کوردی نراوە، نەک لە کوردستانی عێراق، بەڵکو لە پەرلەمانی تورکیاش لە ساڵی ١٩٢٢ پڕۆژەی خودموختاری (ئۆتۆنۆمی کوردستان) گفتوگۆی لەسەر کراو ژمارەی پەرلەمانتارە کوردەکانیش ٧٢ پەرلەمانتار بوون و لەخاڵی پازدەهەمی ئەم پڕۆژەیەدا هاتووە (١٥ لە ئەنجومەنی نیشتمانی کورد و ئیدارەکانی فەرمانداری گشتی و ئیدارەی دەوڵەتی، تەنیا زمانی تورکی بەکاردەهێنرێ، بەڵام دەتوانرێ لە خوێندنگاکاندا زمانی کوردیش بەکاربهێنرێو فەرمانداری گشتی دەتوانێ بەکارهێنانێ ئەو زمانە پەرەی پێبدا، بەمەرجێ ئەو کارە نەبێتە پێگە و بنچینەیەک بۆ هیچ جۆرە ئیدیعایەکی ئایندە کە زەمینەی ناسینی زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمیو دەوڵەت[٨] و لەم پڕۆژەیەدا لەتەک زمانی تورکی دان بە زمانێکی دیکە دەنێ کە هی نەتەوەیەکی ترە ئەمەش (زمانی کوردییە) بەڵام هەر کە پەیماننامەی سیڤەر بە لۆزان ڕەتکرایەوە ئەوا حوکمرانانی تورکیا بە بڕیارێکی رەسمی لە ساڵی ١٩٢٤ زمانی کوردی لە تورکیا قەدەغەکرا و پاش چوار ساڵیش، واتە ساڵی ١٩٢٨ ئێرانیش زمانی کوردی بەهەمان ڕێچکەو بیر تەسکو باڵادەستی قەدەغە کرد بەوەندەش نەوەستان بەڵکو نکۆڵیشیان لەبوونی نەتەوەی کورد کرد نەوەک تەنیا زمانی کوردی، بەڵکو جلوبەرگو فۆلکلۆرو دابونەریتیشیان (یاساغ ممنوع است کرد) و گەر تۆمارکراوو پارێزراویش بن، ئەوا بەناوی خۆیان کردووە بەهیچ جۆرێکیش دنیای دیموکراتی لەم بارەوە دەنگی هەڵ نەبڕی؟! کە وڵاتی عێراق دامەزرا، دەست کرا بە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی ١٩٢٥ لە پەرلەمانی عێراقدا وەبڕیاری لەسەر درا، بەڵام نە وشەی کوردو نە وشەی کوردستان بەڵکو لەماددەی شازدەهەمینیدا بەشێوەیەکی گشتگیریو ڕەها بەم جۆرە داڕێژراوە ((هەموو تایەفێک حەقی ئەوەی هەیە کە بۆ فێرکردنی ئەفرادی خۆی بەزمانی خۆی مەکتەبی دانێ، موحافەزەی زمانەکە بکات بەشەرتێ کە موافیق ئەو پرۆگرامە، عمومیە بێ کە قانون دادەنێت)).[٩]

لیژنەیەک بۆ لێبوردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا (قانونی ئەساسی عێراق) کە لە١٥ پەرلەمانتار پێکهاتو هەر شارەی ئەندامێک جگە لە مووسڵ دوو ئەندامی هەبوو و لەم لیژنەیەدا سێ کەسیان کورد بوون (داود حەیدەریو

میرزا فەرەجو حەبیب تاڵەبانی).[١٠]

بەم جۆرەش بوار ڕەخسا کە زمانی کوردی لەقۆناغی خوێندنی سەرەتاییو دادگاکانی کوردستان بەکاربهێنرێتو لە ساڵی ١٩٣١ یاسای ژ١ (یاسای زمانە ناوخۆیییەکان) دەرچوو، کە لە نۆ مادده پێکهاتووەو لەماددەی پێنجەمدا (زمانی کوردی بەزمانی فەرمی دادەنرێت)، ئەم یاسایە لەهەردوو ئەنجومەنی نوێنەرانو پیران دەرچوو.[١١]

لە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی لە پەرلەمانی عێراقی لە ٢٨ کانوونی دووەمی ١٩٣٢ دەرچوو لە (٥) مایسی هەمان ساڵ بڕیاری لەسەردرا لەبارەی بەڵێننامەی عێراق بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لەماددەی نۆیەمی برگەی یەکەمیدا هاتووە ((زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی لەو قەزایانەی کە زۆرینەی کوردن بەزمانی فەرمی دادەنرێو بەکاردەهێنرێت)[١٢].

لە بەشێکی دیکەی کوردستانو لە ساڵی ١٩٤٦ کە کۆماری کوردستان دامەزرا ئەوا بۆ دووەمین جار لەمێژوودا (زمانی کوردی بەزمانی فەرمی کۆماری کوردستان) دانرا، قانونێک بەزمانی کوردی کە لە حەوت ماددەو دوو تێبینی لەژێر ناونیشانی (قانونی موجازات) بەکوردییێکی پاراو و ڕەوان دارێژراوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:-

## قانون موجازات

**مادده (١)**: جاسوس کە بە یەقین گەیشت جەزای ئیعدامە، ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لەکاردابن تەواوی (دارایی) ئەو کەسە دەبێتە هی دەوڵەت، یان زیندانی بەکار لەشەش مانگەوە تا مردن.

**ماددەی (٢)**: مەستیو هەزرەیی لەدە ڕۆژ تا یەک مانگ زیندانی لەگەڵ کارو پەنجا تا دووسەد قەمچی، هەر نۆبەی لەپەنجا قەمچی زیاتر نەبێ.

**مادده (٣)**: دزیی لەنێوبردنی ماڵی دەوڵەت لەچاو ئەو گوناحەی کە کردوویەتی ئیعدام یا هەڵگرتنی دارایی ئەو کەسە بۆدەوڵەت یا زیندانی بەکار لەدوو مانگەوە تا مردنو لە هەموو حاڵدا دەرکردن لەسەر خدمەت.

**مادده (٤)**: زۆر هێنان بۆ هاوسەر یا بۆ کەسانی دی، یەک ساڵ زیندانی بەکارو لێ نەستاندنەوەی، ئەو کەسەندویە.

**مادده (٥)**: تریاک کێشان، بێبەش بوون لە تەواوی حقوقی مەدەنی ئەوانەش

که لەسەر خزمەتن، ئەگەر لەدواییدا فێری تریاک بێ لەدوای یەک ساڵ زیندانی بەکار لەسەر خزمەت دەردەکرێن.
**مادده (٦)**: هەڵاتن لەشەڕدا و ئەسلەحە بەدوژمن دان ئیعدامە.
**مادده (٧)**: خیانەت بەمیللەت یان دەوڵەت یان نیشتمان ئیعدامە، ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لەبەینیدا بێ وەک لە مادده (١) نووسراوە، ڕەفتار دەکرێت.
**مادده (٨)**: دەستدرێژی بەنامەسی خەڵک جەزای بەم جۆرە کە هەیئەی ڕەئیەی میللیدا گۆزراوە.
**مادده (٩)**: بەرتیل وەرگرتنیش هەروەها.
**(تێبینی١)** تەواوی گرتوان (دکتۆر، لیسانس، دیبلۆمە، ناقص نابێ) لە ڕۆژگیرانەو بەئەمری ئەو مەقاماتەی کە صەلاحەتیان هەیە، موم کینە کاریان لاێ بکرێت، ئەمما ڕۆژێ لە ٦ سەعات زیاتر نا، ڕۆژانی تەعطیلیش هەرنا.
**(تێبینی٢)** ئەفسەرانو نەفەرانی هێزی دیموکراتی کوردستانو جاسوسی خاریج، ئەگەر یەکێک لەو گوناحانەیان تێی ڕێدا، هەر لەدیوانی حەرب پێڕادەگەن، خەڵکی خارج لەهێزەوەش بەپێی فەرمانی ڕیاسەتی موعەظیمی جمهور ئەم دیوانە دەکات.
ئەوا بۆ ئاگاداری تەواوی دیموکراتی کوردستان، ئەو قانونە چوار جار لەدوو یەک لەرۆژنامە چاپو بڵادەکرێتەوە. خودا بکات، هیچ کەسێک ئەم گوناحانەی لێ ڕوونەدات حەتمەن بەو موجازاتەی کە نووسراوە گرفتار دەبێ.

**سەرۆکی دیوانی حەربی هێزی دیموکراتی کوردستان**
**ئیبراهیم سەلاح**

لەکۆتایی قانونەکەشدا (هۆکاری دەرچوونیشی) بۆ خەڵک ڕوون دەکەنەوەو بۆ ئاگاداریو زانینی خەڵکیش چوار جار لەدوای یەک بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش ڕێسایێکی قانونی پەیڕەوکراوە لە هەموو قانونەکانی دونیادا.

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لەعێراقدا و هاتنە کایەی ڕژێمی کۆماری لە ١٤ گەڵاوێژی ١٩٥٨ لەو دەستوورەی لەو سیستەمەدا نووسرایەوە، ئەوا سوورترو مکوڕێردانی بە نەتەوەی کوردی لە هاوبەشکردنی عێراق لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا ناوە، لە ماددەی سێیەمی دەستووردا بەم جۆرە هاتووە (عەرەبو کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن و ئەم دەستوورە «مەبەست

دەستووری کاتی ١٩٥٨» دان بەمافەکانی نەتەوایەتیمان لەچوارچێوەی عێراقدا دەنێ).

لە ساڵی ١٩٦٣ پڕۆژەی کارگێڕیی نامەرکەزی عێراق دەرچوو، لە ماددەی نۆیەم و بڕگەی دووەمدا و لەژێر ناونیشانی (زمانی کوردی) هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بە زمانی فەرمی دادەنرێت.

لە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە بەندی سێیەمیدا هاتووە کەوا حکومەت بەفەرمی دان بەزمانی کوردی لە تەک زمانی عەرەبیدا دادەنێت.

لە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە بەندی یەکەمدا (زمانی کوردی) لەتەک زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن (زمانی کوردی) فەرمییە.

یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان ژ ١٩٧٤/١٣ دەرچووە، لەماددەی دووەم بڕگەی یەکەمدا هاتووە (زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی «زمانی فەرمین» لە ناوچەکەدا) مەبەست ناوچەی کوردستانە.

گەرچی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە بەڕۆژی ڕۆناکو بەئاشکرا نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد دەکەن، لەم بارەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەهەر بەشێکی کوردستان، کە ناوچەیەکی ئازادکراوە، ئەوا (یاساکان بە زمانی کوردی دەردەچوونو بەڵگەکەشمان دوو یاسایەکە دوو بەشی کوردستان دەرچوون[١٣]:

١. کۆمسیۆنی قەزایی (قانونی سزادانی گشتی ١٩٨١- ١٩٨٢).

ئەم یاسایە لەدوو بەش پێکهاتووە:

١. کۆمسیۆنی قەزایی.

٢. قانونی سزادانی گشتی.

تیایدا باس لە چۆنیەتی هەڵبژاردنو سەلاحیاتی ئەندامانی کۆمسیۆنی قەزای کردووە هەروەها لەقانونی سزادانی گشتی جۆرەکانی تاوانو سزاکانیو زۆر شتی دیکەی تیایە و لە (١١٨) ماددە پێکهاتووە بە (٢) قۆناغ پەسند کراوەو بڵاو بووەتەوەو کاری پێکراوە (٨٩) ماددە.

لە قۆناغی یەکەمو (٢٩) ماددە لەقۆناغی دووەمدا لە ساڵی ١٩٨١- ١٩٨٢ز دەتوانرێت لەم دەقە سوود وەربگیرێت وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کورداندنی یاسا لە کوردستانی باشوور، پاش ڕەزامەندی وەرگرتن لە حزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران وا دەقی یاساکە وەک بەڵگەنامەیەکی یاسایی بەزمانی کوردی بڵاودەکەینەوە:

بەهەلومەرجێکدا کە بزووتنەوەی نیشتمانی- دیموکراتێکی گەلی کورد بەهەست پێکردنی بەئەرکی مێژوویی شۆڕشگێڕانەی خۆی تێدەکۆشێ کە کەند و کۆسپەکانی کۆمەڵایەتی وەلابنرێو کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتووانە بەرێتە پێش، بۆ بەرگری لەکردەوە دژی مرۆڤایەتیو دواکەوتووەکان هاتە سەر ئەو بڕوایە کە دانانی قانونێک بۆ پاراستنی مافەکانی اشخاص حقیقیو حقوقی پێویستی هەیە بەم هۆیەوە سزای گشتی لەلایەن کۆمسیۆنی قەزایی کە بەرهەمی تێکۆشانی بزووتنەوەی نیشتمانی- دیموکراتێکی گەلی کوردە ئامادە کراوەو بەڕێوە دەچێ. ئەم قانونە لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەسندو تەئید کراوەو هێزی پێشمەرگە ضامنی ئیجرائی ئەوە.

دیارە هەموو گومان لێکراوێک کە لە کوردستان بێ بەگوێرەی ئەو قانونە دوای لێکۆڵینەوە ئەگەر بەتاوانبار بناسرێ سزا دەدرێ.

ڕاگەیشتنو لەناوبردنی ناکۆکیو دانی حەق بەخاوەن ماف لە کوردستاندا کۆمسیۆنی قەزایی بەچەشنی خوارەوە پێکدێ.

**ناساندنی کۆمسیۆنی قەزایی:**

کۆمسیۆنی قەزایی ئۆرگانێکی خەڵکییە، کە بۆ ڕاگەیشتن بە ڕووداوی سزایی مافی دانیشتوانی کوردستان پێکهاتووە.

**چۆنیەتی پێکهێنانی کۆمسیۆنی قەزایی:**

کۆمسیۆنی قەزایی لە (٥) کەس بەچەشنی خوارەوە پێکدێت:-

١. لەزانستی حقوقی شارەزابێت.

٢. لە بزووتنەوەی میللی دیموکراتێکی گەلی کورد بەشداری هەبێت.

٣. پێشینەی کاری قەزایی هەبێت.

**بەشەکانی کۆمسیۆنی قەزایی:**

لە شارستانو ناوچەکەدا بە لەبەرچاوگرتنی قانونی پێکهێنانی شوراکان

بەشێکی قەزایی پێکدێتو ئەرکیان بەرامبەری ئایین نامەی ناوخۆ دیاری دەکرێ. و بەڕێوە دەچێو دەسەڵاتیان دیاری دەکرێت.

**بەشی یەکەم: چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمسیۆنی قەزایی:**

أ- ئەندامانی خاوەن دەسەڵاتی لەسەر پێشنیاری بەشی کۆمەڵایەتیو پەسندنی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دیاری دەکرێن (بەرپرسو ئەندامانی کۆمسیۆن لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە هەڵدەبژێرێ).

ب- لانی زۆری ئەندامانی سەرەکی کۆمسیۆنی قەزایی، (٥) کەسن، کە یەکێک لەوان وەک بەرپرسو چوار کەسی دیکە وەک ئەندامانی سەرەکی دەبن.

**سەلاحییەتی کۆمسیۆنی قەزایی بەگشتی:**

ئەرکی دیاریکراوی کۆمسیۆنی قەزایی بەم جۆرەیە:

أ- ئەرکی ئیداری. ب- ئەرکی قەزایی.

**ئەرکی ئیداری کۆمسیۆنی قەزایی بەم چەشنەیە:**

١. ئیعلامی نەزەر سەبارەت بە استعلامو پەیمانگاکان.

٢. لێکۆڵینەوەو پێشنیاری قانونی بۆ پشتگیری لە زیادبوونی هەقی ئەشخاس.

٣. چاودێری کردنی بەشە قەزاییەکانو زیندانەکان.

٤. پێشنیاری دیاریکردنی بەرپرسی زیندانی ناوەندی.

٥. کۆمسیۆنی قەزایی بەرپرسی ڕاپۆرتەکانی مانگانەی خۆیەتی بە دەفتەر سیاسی، بە وەسیلەی بەشی کۆمەڵایەتی.

٦. کۆمسیۆنی قەزایی هەر دوو مانگ جارێک کۆبوونەوەی دەبێو کۆبوونەوەی (فوق العادة) لەسەر داوای زۆری ئەندامان پێک دێ.

٧. کۆمسیۆن دەبێ جێگەیەک بۆ ڕاگرتنی، کەرەسە تاوانو شتومەکی بێخاوەن تەرخان بکات، کە بەحوکمی مەحکەمە بڕیاری نیهائی بۆ دەدرێ.

٨. بڕیارەکانی کۆمسیۆنی بەزۆرینەی دەنگ ئیعتباری هەیەو بەڕێوە دەچێ.

٩. خەرجی کۆمسیۆنی قەزایی لەلایەن مەحکومینی دادگاو لەبەرامبەر بەڵگەی تایبەتی، هەروەها یارمەتی خەڵکو سازمانە سیاسییەکانو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەدرێ.

١٠. دانانی کلاسی قەزایی بۆ فێرکردنی ئەندامانی بەشە قەزاییەکان.

**سەلاحییەتی کۆمسیۆنی قەزایی لە کاروباری قەزاییدا بەچەشنی خوارەوەیە:ـ**

١. نەزەردان لەسەر ئیدیعای ماڵی ئەشخاس.

٢. لە پێراگەیشتن بەتاوانە جینایییەکان، تەنیا کۆمسیۆنی قەزایی دەتوانێ ئیعدام بکات.

٣. کۆمسیۆنی قەزایی لە دیاریکراوەکاندا بەلەبەرچاوگرتنی بەندەکانی (٩)و تێبینی ٢ لە بەندی ١٢... لەلێکۆڵینەوەو حوکمدان، سەربەخۆیە و دەستووری بەڕێوەبردنی حوکمەکان دەدا و ڕێکخراوەکانی تر دەخالەتیان نییە.

٤. لە کاروباری ئایینیدا کۆمسیۆنی قەزایی دەتوانێ لە هاوکاری مامۆستایانی پێشکەوتنخوازی ئاینی کەڵک وەربگرێ.

٥. ئەندامانی کۆمسیۆنی لەکاروباری حقوقیدا بێلایەنو لەکاروباری سزاییدا لەریزی مافی کۆمەڵن.

٦. راگەیشتن بێپسانەوەیە بەکاروباری قەزایی لە کۆمسیۆندا.

٧. کۆمسیۆنی قەزایی لە (امور حبسی)دا خاوەنی ئیختیارو سەلاحیەتی تەواوە.

٨. راگەیشتنو لێکۆڵینەوەی تاوان ئیختیارو سەلاحیاتی بەشی قەزای شوێنی ڕووداوی تاوانبارانە.

٩. لەکاروباری یاسایی کۆمسیۆن دوای ڕاگەیشتنو لێکۆڵینەوە پێکهێنانی پەروەندە، پەروەندەکە بەپێشنیارەوە تەسلیمی دەفتەری سیاسی دەکا.

١٠. دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ ڕاگەیشتن بەو ڕووداوانەی کە مەسلەحەت بزانێ چ بدا بە کۆمسیۆنی قەزایی.

١١. لەکاتێکدا کە قانونی سزایی گشتی بۆ تاوانێک بڕیاری نەدابێ، ڕەسمی ناوچەو دادو انصاف بۆ چارەسەری لەبەرچاو دەگیرێ.

١٢. راگەیشتن بەتاوانە جینایییەکان پێویستی بەسکاڵای خاوەن سکاڵا نییە و کۆمسیۆن بەرپرسی ئیقدامو لیکۆڵینەوەیە، بەڵام لەتاوانە نامۆسییەکان نیاز بەسکاڵای خاوەن سکاڵا هەیە.

**تێبینی** (١): کۆمسیۆنی قەزایی بۆ پێکهێنانی دادگا لەئەندامانی خۆی خاوەن سکاڵا دەسەڵاتەکە بەئیبلاغی دەفتەری سیاسی دیاری دەکرێت.

**تێبینی** (٢): بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام تاوانی جینایی. ئاسایی (هادی) بەپێشنیاری کۆمسیۆنو پەسندی دەفتەری سیاسی بەڕێوە دەچێ.

**بەشی دووەهەم: بەشە قەزاییەکانی شارستان**

هەر شارستانێک خاوەنی بەشە قەزاییەکان دەبێ کە ڕادەی سەلاحیەتو دەسەڵاتیان دیاریکراوە.

**سەلاحیەتی بەشە قەزاییەکان:**

١. ڕاگەیشتن بە تاوانی خیلافیو حوکمدانو دەستووری ئیجرائی حوکم لەناوچەدا لەلایەن بەشی قەزایی ناوچەو ڕاگەیشتن بەتاوانی جونحەیو حوکمدانو دەستووری ئیجرائی حوکم لەشارستاندا لەلایەن بەشی قەزایی شارستان.

٢. بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەو پێکهێنانی پەروەندە لە تاوانی جینابیەکانداو هەروەها کردەوەی تاوانبارانەی دژی گەلییەکان پشتگیری لەنێوچوونی ئاسەواری تاوانو ناردنی ڕەوەندەو گومانلێکراو بۆ کۆمسیۆنی قەزایی لەلایەن بەشی قەزایی شارستانەوە.

٣. دانی گوزارشی مانگانە لەلایەن بەشە قەزاییەکانی ناوچە بەبەشی قەزایی شارستان.

٤. ناردنی ڕاپۆرتی مانگانە لەلایەن بەشی قەزایی شارستانەوە بۆ کۆمسیۆنی قەزایی.

٥. بەڕێوەبردنی داخوازیەکانی کۆمسیۆنی قەزایی.

**تێبینی (١)**: حوکمەکانی بەشی قەزایی ناوچە لەکاروباری خیلافیدا قطعییە.

**تێبینی (٢)**: حوکمەکانی بەشی قەزایی شارستان لە جونحەدا تا سێ مانگ زیندان و لەکاروباری حقوقیدا تا ڕادەی ٣٠,٠٠٠ تمەن قطعی. زیاتر لەو ڕادەیە شیاوی ڕاگەیەشتنەوەیە، کە لەسەلاحییەتی کۆمسیۆنی قەزایی دایەو ئەندامانی کۆمسیۆنی قەزایی بەرپرسی هەر شارستانێک بەنوێنەرایەتی لەلایەن کۆمسیۆنی قەزاییەوە بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەیە.

**ئەندامانی بەشە قەزاییەکان:**

١. هەر بەشێکی قەزایی شارستان ١ یان ٣ ئەندامی دەبێت کە لەدانی حوکمدا دەنگی یەکسانیان هەیە.

٢. هەڵبژاردنی بەرپرسی بەشی قەزایی شارستان لەسەر پێشنیاری بەرپرسی

بەشی کۆمەڵایەتی و پەسندکردنی هەیئەتی ئیجراییو تایبەتی کۆمسیۆنی قەزایی دەبێ.

٣. هەر ناوچەیەک یەک کەس بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی دیاریکراوی قەزای بەبەشی شارستان. دەناسێنێ. کە دوای پەسندکردنی بەوەی قەزای شارستان بە ئیبلاغی ئەو بەشە دەست بەکار دەکا.

**تێبینی**: مامۆستایانی ئایینی پێشکەوتنخواز و ئەو کەسانەی کە پێشینەی کاری قەزاییو کۆمەڵایەتییان هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کاری قەزایی لەپێشترن.

**قانونی سزادانی گشتی**

ئەم قانونە لە کوردستانی ئێران بەڕێوە دەبرێو هێزی پێشمەرگە بەڕێوەبردنی ئەم قانونە بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێو لەمە دێتە ڕێزی شەرەف و پیاوەتییەوە بۆ دامەزراندنی نیزامێکی ئینسانی تێدەکۆشێ. ئەم قانونە بریتییە لە ٨٩ بەند کە لەلایەن دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی ئێرانەوە پەسند کراوە بەڕێوە دەچێت.

**قانون**: دەستورێکە بۆ بەڕێوەبردنی نەزمە نێو کۆمەڵ دیاریکراوە.

**سزا**: تەمبێیە بۆ کەسێک کە لە ڕێوشوێنی دیاریکراو لابدات.

**گشتی**: هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەرامبەر بەم قانونە وەک یەکن.

لە هەلومەرجی ئێستادا، دەبێ بەهەموو تواناوە بۆ نیشاندانی ڕێگای ژیانی نوێ هەوڵ بدرێ ئەوانەی لە ڕێوشوێنی دیاریکراو لادەدەن بەزووترین کات سزا بدرێت.

**بەندی (١)**: سزا یان تاوان دەبێ دیاری بکرێو تاوانێک کە لەم قانونەدا ناوی نەبرابێ بەپێی شەرعو عورفی ناوچە سزای بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی (٢)**: تاوان سێ جۆرە:

١- جینایەت. ٢- جونحە. ٣- خیلاف.

سزای جینایەت بەپێی چۆنیەتی کردەوە، کوشتن، بەنجکردن بەدرێژایی تەمەنو بەندکردن لە ٣ تا ١٥ساڵو لە ٢ تا ١٠ ساڵە. سزای جونحە بەپێی چۆنیەتی کردەوەکە، بەندکردن لە ٦١ ڕۆژ تا ٣ ساڵ یان بژاردنەوەی نەغدی تا ١٠٠٠ تمەن، سزای خیلاف بەپێی چۆنیەتی کردەوەکە، بژاردنەوەی نەغدی لە ١٠ تمەن تا ١٠٠ تمەن.

**بەندی (٣)**: منداڵ (زارۆ) هەتا تەمەنی ١٢ ساڵی لەسەر کردەوەی ناحەز بەپێی ئەم قانونە سزا نادریٚو بۆ کردنەوەی ناحەز منداڵێک کە تەمەنی لەنێوان ١٢ تا ١٥ ساڵ دابیٚ، بەگوێرەی بڕیاری کوڕی سیٚ کەسی سزا دیاری دەکریٚ.

**بەندی (٤)**: کردەوەی ناحەز شێتو حۆڵ سزای نییە.

**بەندی (٥)**: کردەوەی ناحەزی مرۆڤی سەرخۆش بیٚ سزا نامێنێتەوە. ئەگەر دەرکەویٚ کە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چەوت خۆی سەرخۆش کردووە، سزاکەی دوو هێندەی سزای دیاریکراو لەم قانوونە دایە.

**بەندی (٦)**: ئەگەر کەسێک ناچار کرابێت کردەوەیەکی ناحەز ئەنجام بدات، سزا نادریٚ.

**بەندی (٧)**: دیفاع لەخۆکردن هەقە، بەڵام دەبیٚ چەشنی دیفاع لەگەڵ هێرش تەناسوبی هەبیٚ، دیفاع کاتێک بەهەق دەناسرێت، کە بەرامبەر هێرش بۆسەر گیانو ماڵو ناموسو سەربەستی کرابیٚ.

**بەندی (٨)**: بەر هەڵستکردنی پێشمەرگە دیفاع نییە، بەو مەرجە کە بۆ بەڕێوەبردنی قانون دەستووری پێدرابیٚ، بەڵام ئەگەر پێشمەرگە لەسنووری دیاریکراوی قانون لابدا، دیفاع ڕەوایە.

**بەندی (٩)**: ئەم شتانەی خوارەوە بەگشتی دەبێتە هۆی نەمان یان کەمبوونەوەی سزا:

١. لێبووردنی زۆرلێکراو.
٢. داننانی تاوانبار بەتاوانەکەی خۆیدا.
٣. بژاردنەوەی زەرەرو زیانی زۆرلێکراو.
٤. ئاگادارکردنی پێشمەرگە لەلایەن تاوانبارەوە پێش ئەوەی ڕاپۆرت بگاتە دەستی پێشمەرگە.
٥. پیریٚو نەداریی تاوانبار.

**بەندی (١٠)**: بۆچی ڕاگەیشتنی جونحە نابیٚ پتر لە شەش مانگ بۆ پێڕاگەیشتنی جینایەت نابیٚ پتر لەپازدە ساڵ بەسەر تاوانەکەدا ڕابردبیٚ.

**بەندی (١١)**: سزای ئیعدام بەپێی بڕیاری دادگای گەل دیاری دەکریٚ.

**بەندی (١٢)**: جاسوس بۆ بێگانە بەو مەرجە کە بووبێتە هۆی زیادبوونی مافی نیشتمانی گەلی کورد سزای ئیعدامی بەدواوەیە. وەهەروەها هاوکاری

لەگەڵ جاسوس.

**بەندی (١٣)**: ئەگەر جاسوس یان هاوکارەکەی پێش ئەوەی بگیرێ‌و کردەوەکەی تەواو بکا هێزی پێشمەرگەی ئاگادار بکاو پەژویا ببێتەوە، سزاکەی بۆ کەم کرێتەوە.

**بەندی (١٤)**: سزای شاردنەوەی جاسوس ٢ تا ١٠ ساڵ بەندو (٥) هەزار تا (١٠) هەزار تمەن بژاردنەوەی نەقدیە.

**بەندی (١٥)**: پێکهێنانی تاقمی چەکداری دژی پێشمەرگەی سزای ئیعدامە.

**بەندی (١٦)**: دژایەتی بەکردەوە لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی‌و دیموکراتی کوردستان جینایەتەو دادگای گەل سزای دیاری دەکات.

**بەندی (١٧)**: هەر کەس بە ئەنقەست هەلی وەدەستخستنی چەکو تەقەمەنی پێشمەرگە بۆ دوژمن پێک بێنێ، سزای ئیعدامە.

**بەندی (١٨)**: ڕاگرتنی مرۆڤی بێتاوان تاوانە و ئەو کەسەی بێ بەڵگەی تاوانباری گیرابێت، دەستبەجێ ئازاد دەکرێتو تاوانبار سزا دەدرێ.

**بەندی (١٩)**: بەندەوانەکان مافی ئازادکردنی بەندییەکانیان نییەو بۆ ئازادکردنی بەندی پێویستی لەلایەن شورای دادپرسیەوە دەستوور بەلێپرسراوی بەندیخانە بدرێ.

**بەندی (٢٠)**: هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بەندی لەلای خۆی ڕابگرێ‌و تاوانبار دەبێت لە بەندیخانەدا ڕابگرێ.

**بەندی (٢١)**: بەردانی بەندی بەبێ دەستووری شورای دادپرسی لەدوو مانگەوە تا ساڵێک سزای بەندکردنی بەدواوەیە.

**بەندی (٢٢)**: ئەگەر دەستووری ئازادکردنی گیراوێک بدرێ‌و لێپرسینەوەی بەندیخانە بەبێ بەڵگە سەرپێچی بکات لە ٢ مانگەوە تا ساڵێک سزای بەندی بۆ دادەنرێت.

**بەندی (٢٣)**: سکە لێدان‌و چاپی ئەسکیناس تاوانەو لە ٦ مانگەوە تا ٢ ساڵ سزای بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی (٢٤)**: هەر کەس قەبز و بەڵگە و ڕەسید بەزۆری لە کەسێک بستێنێ ٢ مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندی بۆ دادەنرێت.

**بەندی (٢٥)**: ئەگەر پزیشک بڕوانامەی ناڕاست بدات بەکەسێک لەمانگێکەوە تا شەش مانگ دەگیرێ، ئەگەر بەرتیلیشی وەرگرتبێ بەقازانجی بزووتنەوەی

نیشتمانی گەلی کورد دەستی بەسەر دادەگرێ، ئەو کەسەی کە بەرتیلیشی داوە لەمانگێکەوە تا ٦ مانگ سزا دەدرێ.

**بەندی (٢٦)**: ئەگەر کەسێک دەرگا یان جێگایەک کە بەدەستووری شورای داد پرسی ناوچە داخراوە، بەبێ پرس بشکێنی لەمانگێکەوە تا شەش مانگ دەگیرێ.

**بەندی (٢٧)**: ئەگەر پارێزەری ئەو جۆرە جێگایانەی بەندی (٢٦) لەگەڵ تاوانبار هاوکاری کردبێ لە ٦ مانگەوە تا ساڵێک سزای بەندی بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی (٢٨)**: هەر بەندیەک لە بەندیخانە ڕابکات بۆ ڕاکردنەوەی ٣ مانگ لەماوەی بەندییەکەی زیاد دەکرێ. ئەگەر بۆ ڕاکردنەوەی دەرگای شکاندبێت یان دیواری بڕیبی ٦ مانگ بەندی بۆ زیاد دەکرێ.

**بەندی (٢٩)**: ئەگەر بەندی لە بەندیخانە ڕابکاتو دەرکەوێ کە پارێزەری بەندیخانە ئەرکی ئاگاداری بەباشی بەڕێوە نەبردووە لە ٣ مانگەوە تا ٦ مانگ سزای بەندی بەسەر دەدرێ.

**بەندی (٣٠)**: ئەگەر دەستووری گرتنی کەسێک بەپێشمەرگە بدرێو فەرمانەکە بەڕێوە نەبا لەمانگێکەوە تا شەش مانگ بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی (٣١)**: ئەگەر کەسێک چەک بدا بەگیراوێک، بۆ ئەوەی لە بەندیخانە ڕابکا، لە شەش مانگەوە تا ٢ ساڵ سزای بەندیی بەسەر دادەنرێ.

**بەندی (٣٢)**: شاردنەوەی تاوانبار بە ئەنقەست لە ٢ مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندی هەیە.

**بەندی (٣٣)**: ئەگەر ژنو مێردو دایکو باوکو خوشکو براو زاواو بووکو خەسوو خەزوور تاوانباریان شاردبێتەوە سزا نادرێن.

**بەندی (٣٤)**: ئەو کەسەی شتی ئەنتیکەی ژێر زەوی دەدۆزێتەوە بە دز ناژمێردرێ، بەڵام پێویستە بەنزیکترین شورایی دادپرسی ڕابگەینێ. ئەگەر سەربەخۆ بیفرۆشێ، یان لە کوردستانی بەرێتە دەر یان بیشارێتەوە لە ٣ مانگەوە تا ساڵێک سزای بەندی بۆ دیاری دەکرێت.

**بەندی (٣٥)**: ئەگەر کەسێک بەرتیل بدا بەپێشمەرگە، بۆ ئەوەی کارێکی چەوت بکا یا تاوانەکەی بۆ بشارێتەوە هەردووکیان لە ٣ مانگەوە تا ساڵێک دەگیرێنو بەرتیلەکەش بەقازانجی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کورد دەستی بەسەر دادەگیرێ.

**بەندی (٣٦)**: لەنێوبردنو دەست بەسەرداگرتنی شتومەکو کەرستەی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کورد بەقازانجی شەخصی تاوانە و تاوانبار دوای لێستاندنەوەی شتومەکو کەرستەکە ٣ مانگ تا ٦ مانگ دەگیرێ.

**بەندی (٣٧)**: هێرشکردن بۆ سەر پێشمەرگە لەکاتی بەڕێوەچوونی ئەرکی سەرشانی تاوانەو بەم چەشنەی خوارەوە سزای بۆ دادەنرێ:-

أ- ئەگەر تاوانبار بۆ هێرشەکە کەلکی لە چەک وەرگرتبێ لە ٢ مانگەوە تا ساڵێک دەگیرێ.

ب- ئەگەر چەکی پێ بووبێو بەکاری نەهێنابێ لە ٢ مانگەوە تا ٦مانگ بەندی بۆ دادەنرێ.

ج- ئەگەر بەبێ چەک بەرهەڵستی پێشمەرگەی کردبێ لە ١٥ ڕۆژەوە تا ٢ مانگ دەگیرێ.

د-جنێودان بەپێشمەرگەی بەڕێوەبەرایەتی بزووتنەوە قەدەغەیەو کەسێک ئەم کارە بکا ١٠ ڕۆژ بەندو ١٠٠ تمەن بژاردنەوەی نەقدی بۆ دادەنرێ.

**بەندی (٣٨)**: سزای کوشتنی مرۆڤ ئیعدامە.

**بەندی (٣٩)**: کەسێک بەئەنقەست لەیەکێک بدا یا برینداری بکاو لەئەنجامدا لێدراو یان بریندارەکە بمرێ، ئەو کەسە لە ٣ ساڵەوە تا ٦ ساڵ سزای بەندی بۆ دادەنرێ، بەو مەرجە کە تەور، تەورداس، خەنجەر، چەقۆ، بۆکسو شتی لەو بابەتەوە هەروەها بەنیازی کوشتنی لێی نەدابێ.

**بەندی (٤٠)**: شکاندنی ئەندامێکی لەشی مرۆڤ لە ٦ مانگەوە تا ٢ ساڵ سزای بەندی بۆ دیاری دەکرێ. ئەگەر لێدراو لە هەقی خۆی خۆش بێ تاوانبار لەمانگێکەوە تا ٣ مانگ بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی (٤١)**: ئەگەر بریندار‌بوونو شکاندنی ئەندام ببێتە هۆی لەکاربوونی سزایی بەندی بۆ دادەنرێتو دەبێ بەپێی ڕێوشوێنی ناوچە زەرەرو لێدراوی ببژێرێ، ئەگەر تاوانبار بە داس، قەڵغان، تەور و شتی لەو بابەتە لێدراوی بریندار کردبێ شەش مانگ تا ساڵێک بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی (٤٢)**: ئەگەر کەسێک بەغەیرە عەمد، بەڵام لەبەر بێ موبالاتی ئەندامی کەسێک بشکێنێ یان برینداری بکا دەبێ زەرەرو زیانەکەی ببژێری، ئەگەر هێرش بۆکراو لێی نەبووردبێ بۆ ئەندام شکاندن ٣ تا ٦ مانگو بریندار کردن ١١ ڕۆژ تا ٣ مانگ تاوانبارەکە دەگیرێ. بەو مەرجەی کە پزیشک

بۆ چاکبوونەوەی یەکەمیان ٣ مانگو بۆ دووهەمیان هەتا ٢٠ ڕۆژ ماوەی دیاری کردبێ.

**بەندی (٤٣)**: شەڕی دوو دەستە لە خەڵک ئەگەر لێکنەبوورن و شکایەتەکەیان وەرنەگرنەوە دەبێتە هۆی گیرانی هەموویانو بەپێی قانون سزایان بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی (٤٤)**: ئەگەر لە شەڕی دوو دەستەدا یەکێک بکوژرێو قاتل ناسراو بێ سزای قاتلی بەسەر دادەنرێ، ئەگەر قاتیلی نەناسراوبێ، هەردوولا لە ٦ مانگەوە تا ٣ ساڵ دەگیرێن، خوێنی کوژراوەکەش لە دەستەی قاتلەکە وەردەگیرێ.

**بەندی (٤٥)**: ئەگەر لە شەڕی دوو دەستەدا ئەندامی لەشی کەسێک بشکێو هەردوولا ئاشت ببنەوەو لێک ببوورن هەموو ئەوانەی لە شەڕەکەدا بەشدار بوون ١٥ ڕۆژ تا ٢ مانگ دەگیرێن.

**بەندی (٤٦)**: ئەگەر بەچەند کەس لەیەکێک بدەن هەریەک لەوانە ١ هەتا ٢ مانگ سزای بەندییان بەسەردا دەنرێت، بەڵام لێدانەکە بووبێتە هۆی شکان یان بریندادربوونی ئەندامێکی لەشی لێدراو، هەریەک لەوانە ٣ تا ٦ مانگ دەگیرێن. لێبووردنی لێدراو دەبێتە هۆی ئازادکردنی تاوانبارەکان.

**بەندی (٤٧)**: دەرمان داوکردن ئەگەر ببێتە هۆی لەنێوچوونی کەسێک بەئەنقەست ئەو کارە کرابێت سزای ئیعدامی بەدواوەیە، ئەگەر بەئەنقەست نەبووبێ تاوانبار لە ٦ مانگ تا ٣ ساڵ دەگیرێو خوێنیشی بۆ کوژراوەکە دیاریکراوە.

**بەندی (٤٨)**: شاردنەوەی تەرمی کوژراو بەبێ ئاگادارکردنی هێزی پێشمەرگە تاوانە ئەو کردەوەیە لە مانگێکەوە تا ٣ مانگ بەندی هەیە، ئەگەر ئەو کەسەی تەرمەکەی شاردۆتەوە، دەستی لە کوشتنەکەدا بووبێت یان هاوکاری قاتلی کردبێت بەقاتل دەژمێردرێ.

**بەندی (٤٩)**: ئەگەر پیاوێک پیاوێکی بێگانە لەسەر ژنی خۆی بگرێو یەکیان یان هەردووکیان بکوژێ ئەوا سزا نادرێ، بەو مەرجە کە لەحاڵی ئەنجامی کاری جنسیدا چاو پێیان کەوتبێ، بەڵام ئەگەر لەپێشدا ئاگادار بووبێ کە پەیوەندی نارەزاییان پێکەوە هەیە، یان دوای پێکەوە دیتنیان بیانکوژێ بەتاوانبار دەژمێردرێو بەپێی قانون سزای بۆ دیاری دەکرێت.

**بەندی (٥٠)**: هەڵگرتنی ژنی بە مێرد بۆ ژنەکە و پیاوەکە ١ تا ٣ ساڵ سزای بەندی بەدواوەیە، ئەگەر مێردی ژنەکە تاوانبارەکان ببەخشێ دادگا لەو کارە خۆش نابێ‌و لە ٦ مانگ تا ساڵێک سزای بەندیان بۆ دادەنرێ.

**بەندی (٥١)**: کەسێک دایک یان خوشک یان کچی خۆی لەگەڵ پیاوێکی بێگانە لەحاڵی ئەنجامی کاری جنسیدا ببینێ‌و یەکێک لەوانە بکوژێ، لە ٦ مانگ تا ٣ ساڵ سزای بەندی بەسەر دادەنرێ.

**بەندی (٥٢)**: لەبەربردنی منداڵ بۆ دایکو کەسانی دیکە تاوانە ئەگەر بە ئەنقەست کرابێ ٦ مانگ تا ساڵێک سزای بەندی بەسەر تاوانباردا دەدرێ، ئەو کەسانەش کە یارمەتی ئەنجامدانی ئەو کارەیان دابێ ٢ تا ٦ مانگ دەگیرێن، ئەگەر دکتۆرو مانان لەکاتی پێویستدا ئەو کارە بکەن، سزا نادرێن.

**بەندی (٥٣)**: کەسێک بۆ دیفاع لە گیان‌و ماڵ‌و ناموسی خۆی یان کەسێکی دیکە بەرهەڵستی هێرشکەر بکا سزا نادرێ بەو مەرجە کە کردەوەکەی بتوانێ لەکاتی هێرشەکەدا داوای یارمەتی لەپێشمەرگە بکا پێویستە کۆمەک لەپێشمەرگە بخوازێ.

**بەندی (٥٤)**: هەر کەسێک کچێک یان کوڕێکی کەمتر لە ١٨ ساڵ لاقە بکا سزای ئیعدامە.

**بەندی (٥٥)**: هەر کەسێک ژنێک یا کچێک بەزۆری ماچ بکا یان کردەوەیەکی سووکی لەگەڵ بکا، لە ٣ مانگەوە تا ساڵێک سزایی بەندی بەسەر دادەنرێت.

**بەندی (٥٦)**: کەسێک کچێنی کیژێک کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمترە بەرێ بۆ ئەو کردەوەیە ٦ مانگ تا ٢ ساڵ سزایی بەندی بۆ دادەنرێ، بەڵام ئەگەر مەسڵەت لەگەڵ کەس‌و کاری کیژەکەدا بکاو کچەکەش مارە بکا سزا نادرێ.

**بەندی (٥٧)**: کەسێک کچێکی کە تەمەنی لە ١٥ ساڵ زیاترەو نەگەیشتۆتە ١٨ بەڕەزامەندی کیژەکە لاقە بکا لە ٢ تا ٦ مانگ سزایی بەندی بەسەر دادەنرێ.

**بەندی (٥٨)**: هەر کەسێک دایک‌و خوشک‌و کەسانی مەحرەمی خۆی لاقە بکا، سزایی ئیعدامە.

**بەندی (٥٩)**: هەر کەس کیژێکی کەمتر لە ١٨ ساڵ بەزۆر بڕفێنێ (ڕاپیکێشێ)، ٣

مانگ تا ساڵێک بەندی بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی (٦٠)**: ئەو کەسەی کچێک کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ زیاتر وەیان بێوەژنێک بەزۆری برفێنێ ٦ مانگ تا ساڵێک سزایی بەندی بۆ دادەنرێ و ئەگەر مەسڵەحەت لەگەڵ کەسو کاری بکاو ڕەزایەت بدەن سزاکەی تا یەک مانگ بەند کەم دەکرێتەوە.

**بەندی (٦١)**: ئەو کەسەی کیژێکی تەمەن ١٥ تا ١٨ ساڵ بەڕەزامەندی خۆی هەڵبگرێ ١٥ ڕۆژ تا مانگێک دەگیرێ، ئەگەر تەمەنی کیژەکە لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ ٦ مانگ تا ساڵێک بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی (٦٢)**: هەر کەس ئەندامێکی کە دەبێت بیشارێتەوەو نیشانی خەڵکی نەدا بۆ سووکایەتی نیشانی کچو ژنو کەسانی دیکە بدا بە ١٠ ڕۆژ تا مانگێک بەند یان ٥٠ تا ١٠٠ تمەن جەریمە مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (٦٣)**: سزای گەوادی ٦ مانگ تا ٢ ساڵ بەندە.

**بەندی (٦٤)**: ئەو کەسانەی خوارەوە سزایان ٦ مانگ تا ٢ ساڵ بەندە:-

أ- ژنی بەمێرد کە بەڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ پیاوێک سەرجێیی بکا.

ب- پیاوێکی خاوەن ژن کە لەگەڵ ژنێکی بەمێرد سەرجێیی بکا.

ج- پیاوێک کە لەگەڵ ژنێکی بەمێرد سەرجێیی بکا.

د- مەلایەک کە مارەیی ژنی بەمێرد یان عیددە هەڵنەهاتوو ببڕێ.

هـ- پیاوێک کە ژنێکی بەمێرد مارە بکا.

بۆ ئەو حاڵەتانەی سەرەوە ئەگەر موددەعی شکایەتی وەرگرێتەوە، لێکۆڵینەوە ڕادەوەستێ.

**بەندی (٦٥)**: هەر کەس بەئەنقەست خانوو یان دار یا گیشەی کەسێک بسووتێنێ ٦ مانگ تا ٢ ساڵ بەندی بۆ دادەنرێ، ئەگەر زەرەرو زیانەکە ببژێرێو زیانلێکەوتوو ڕەزایەت بدا یەک تا ٤ مانگ دەگیرێ.

**بەندی (٦٦)**: هەڵگرتنی کیژ لەدوو مانگ تا ٦ مانگ سزایی بەندی بۆ دادەنرێ، ئەگەر کوڕێک خوازبێنی کیژێکی کردبێ، بەڵام باوکی کیژەکە یان هەقدارەکەی ڕازی نەبووبێ پێویستە کوڕەکە بەشوڕایی دادپرسی ڕابگەیێنێ دیارە شوڕا لەگەڵ هەردوولا وتووێژ دەکاو بۆ ئەنجامی ئەو کارە تێدەکۆشێ ماوەی وتووێژ نابێ لە ١٠ ڕۆژ تێپەڕێ.

**بەندی (٦٧)**: مارەیی لەناو شارو دێ نابێ لە ٢٠ مسقاڵ زێڕ زیاتر بێت.

**بەندی (٦٨):** ژن تەڵاقدان بەکردەوەیەکی ناحەز دەناسرێ، ئەگەر کەسێک بۆهێنانی ژنێکی دیکە ئەو کارەی کردبێ لە ٣ مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندیی بەسەر دادەنرێ.

**بەندی (٦٩):** ئەگەر کەسێک مەجبوربێ دوو ژنی هەبێ پێویستە شوڕایی دادپرسی بۆ ئەو کارە ئیزن بدا ئەگەر بەبێ ئیزنی شوڕایی دادپرسی ژنی دووەمی مارە کردبێ، لە ٣ تا ٦ مانگ سزای بەندی بەسەر دادەنرێ.

**بەندی (٧٠):** مارەکردنی کیژێک کە تەمەنی لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ سزای بەندی لە ٣ مانگ تا ٦ مانگ بۆ دادەنرێت.

**بەندی (٧١):** ئەگەر کەسێک ژنەکەی تەڵاقدا و پووڵی پێوە ببەستێ، لە ٣ مانگ تا ٦ مانگ بەندی بۆ دیاری دەکرێو ئەگەر پووڵەکەی وەرگرتبێ بەقازانجی بزووتنەوەی گەلی کورد دەستی بەسەردا دەگیرێ.

**بەندی (٧٢):** ژن بەژنە سزای بەندی بۆ هەردوولا لە دوو مانگ تا ٦ مانگ بەدواوەیە.

**بەندی (٧٣):** ئەگەر کیژێک بەبێ ڕەزامەندی خۆی مارە کرابێ مەلاو باوکی کیژەکەو ئەو کەسەی کە لێی مارە کراوە لە ٢ مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندییان بۆ دیاری دەکرێ بەو مەرجەی کە کیژەکە دوای مارەکردن تا یەک مانگ بۆ لێکۆڵینەوە شوڕای دادپرسی ئاگادار بکرێ.

## سووتمان:

**بەندی (٧٤):** سووتاندنی خەرمان یەک تا ٢ ساڵ سزایی بەندی هەیە.

**بەندی (٧٥):** زیانی کردنی ١٥ ڕۆژ تا مانگێک سزایی بەندی بۆ دادەنرێت.

**بەندی (٧٦):** ئەگەر سووتمان ببێتە هۆی لەنێوچوونی کەسێک، تاوانکار سزای قاتلی بۆ دادەنرێت.

**بەندی (٧٧):** کەسێک بەئەنقەست ئامرازی کشتوکاڵی کەسێکی دیکە لەنێو بەرێ، یەک مانگ سزایی بەندی بەسەر دادەنرێ.

**بەندی (٧٨):** کەسێک بەئەنقەست ماڵاتی پێڕەو یان پەرەلوەری کەسێکی دیکە لەنێو بەرێ ١٥ ڕۆژ تا ٢ مانگ سزایی بەندی بەسەردا دەنرێ.

**بەندی (٧٩):** کەسێک بەئەنقەست باغی کەسێکی دیکە بەهۆی ئاو لێبڕین وشک بکا یان بیبڕێ، یان حاسڵەکەی بۆ خۆی بەرێ، بێجگە لە بژاردنەوەی ماڵی

١ ڕۆژ تا ٢ مانگ دەگیرێ.

**بەندی (٨٠)**: داگیرکردنی ملکی خەڵک تاوانە و بۆ ئەو کارە یەک تا ٦ مانگ سزای بەندی بەسەردا دەنرێ.

**بەندی (٨١)**: داگیرکردنی کەلوپەلی ماڵی خەڵک یەک تا ٦ مانگ سزایی بەندی بەسەردا دەدرێ.

**بەندی (٨٢)**: بڵاوکردنەوەی درۆو دەلەسەو دروشم دژی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کورد ئەگەر یەکەم جار بێ ١٠ ڕۆژ تا مانگێک سزایی بەندی بەدواوەیە، ئەگەر بۆ جاری دووهەمو سێهەم بکرێتەوە دادگا سزای زیاتری بۆ دادەنێ.

**بەندی (٨٣)**: هەر کەسێک شاهیدی بەدرۆ بدا ١٥ ڕۆژ تا ٣ مانگ سزای بەندی بەسەر دادەدرێ، بەو مەرجە کە شاهیدیەکەی بووبێتە هۆی مەحکوم بوونی کەسێک. لەکردەوەی جینابیدا سزایی شاهیدی بە درۆ ٦ مانگ تا ساڵێک بەندە.

**بەندی (٨٤)**: سزای دزی بەو مەرجانەی خوارەوە ٢ تا ١٠ ساڵ بەند:

١. دزی بە شەو کرابێت.

٢. دوو یان چەند کەسێک پێکەوە دزییان کردبێ.

٣. دزی بەچەکەوە کرابێت.

٤. دزەکان لە دیواری ماڵەوە سەرکەوتبن یان دەرگایان شکاندبێ یان لە ڕێسمە بردبێ.

٥. لەکاتی دزییەکەدا کەسێکیان ئازارو ئەشکەنجە دابێ.

**بەندی (٨٥)**: لێبوردنی ماڵی دزراو نابێتە هۆی ئازادبوونی دزەکان، بەڵام سزاکەیان بۆ کەم دەکرێتەوە.

**بەندی (٨٦)**: کەسێک بۆ دزی چووبێ، بەڵام دزییەکەی بۆ نەکرابێ، یەک تا ٣ مانگ سزایی بەندی بەسەردا دادەنرێ.

**بەندی (٨٧)**: کڕینی شتومەکی دزراو بەو مەرجە کڕیار زانیبیەتی دزراوە ٢ تا ٦ مانگ سزای بەندی بەدواوەیە.

**بەندی (٨٨)**: سزای جەردەو ڕێگر ئەگەر کەسێکیان کوشتبێ ئیعدامەو ئەگەر نا، ٢ تا ١٠ ساڵ بەندکردنە.

**بەندی (٨٩)**: سزای دزی لەغەیری ئەو حاڵەتانەی سەرەوەدا مانگێک تا ساڵێک بەند.

## بەشی زیادکراوی قانوونی سزادانی گشتی
## لەڕێکەوتی ڕەشەمێ ١٣٦١ (١٩٨١)

**بەندی (١)**: هەر کەس کە چاودێری بنکەو شوێنی نیزامیو سیاسی پێ سپێردرابێو ئەنقەست تەسلیمی هێزی دوژمنی بکاو ڕەمزو ڕێ و نیشانی هاتووچوون یان نهێنی عەمەلیاتی نیزامی سیاسی بدا بە دوژمن یا بڵاوی بکاتەوە سزای نەمانە.

**بەندی (٢)**: هەر کەس لەکاتی شەڕدا بۆ ڕاکردن بۆ ناو هێزی دوژمن هەوڵی دابێو خۆی بەدەستەوە بدا یان بەدژایەتی جووڵانەوەی میللی دیموکراتێکی گەلی کورد بەرهەڵستی چەکدارانە بکا بە سزای نەمان مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (٣)**: ئەو کەسانەی خوارەوە بەسزای نەمان مەحکوم دەکرێن:-

١. هەر کەس جاسوس بۆ دوژمن بۆ ناسینو ئاگاداری شوێنەکانی نیزامیو سیاسی جووڵانەوەی میللی دیموکراتێکی گەلی کورد بەنهێنی ڕابگرێو یارمەتی بدا.

٢. هەر کەس نهێنی نیزامی یا سیاسی یا ڕەمزی نهێنی بەدژایەتی بەبێگانە ڕابگەیەنێ.

**بەندی (٤)**: دەست پێکردنی تاوان (مشروع جرم).

هەر کەس قەسدی بەئەنجام گەیاندنی جینایەتێکی کردبێو دەستیشی پێبکا بەڵام بەهۆی بەرگری دوور لە ئیختیاری ئەو کەسە قەستەکەی بەئاکام نەگاو جینایەتەکە پێک نەیە بەشێوەی خوارەوە سزا دەدرێت:-

أ. ئەگەر سزای دیاریکراو بۆ تاوانەکە نەمان بێ سزای دەستپێکردنی تاوان لە ٦ مانگ یا یەک ساڵ زیندانە.

ب. ئەگەر سزایی تاوان حەبسی جینایی بێ تاوانبار بە ٦١ ڕۆژ تا ٦ مانگ زیندانەو دە هەزار تمەن بژاردنی نەغدی مەحکوم دەکرێ.

**تێبینی١/** قەستی تاوان بێ ئەنجامی کردەوە نییە ئەو کردەوەی کە پێشەکەی ئەنجامی تاوان بێ بەڵام پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێکهێنانی تاوان نەبێ بەدەست پێکردنی تاوان ناژمێردرێت.

**تێبینی٢/** ئەگەر کەسێک بەکردەوە بۆ ئەنجامی جینایەتێک هەوڵی دابێ، بەڵام بەمەیلی خۆی دەستی هەڵگرتبێ بۆ ئەو تاوانە سزا نادرێ بەڵام ئەو کردەوە ئەگەر تاوان بێ بەسزای ئەو تاوانە مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (٥)**: دووپات کردنەوەی تاوان (تکرار جرم)

هەر کەس بەحوکمی مەحکەمە بەحەبسی جونحەیی یا جینایی مەحکوم کرابێ دوا قەتعی بوونی حوکمە تا ڕۆژی گەڕانەوەی شەڕەفی کۆمەڵایەتی (اعادة حیثیت) کە لەتاوانی جونحەدا ٢ ساڵو لەجینایەت ٥ ساڵە ئەگەر لەو ماوەیەدا کە تاوانبار تاوانێکی دیکە (جونحە، جینایەت) ڕووبدات لانی زۆری سزای دیاریکراو بۆ تاوانەکە مەحکوم دەکرێ، دادگا ناتوانێ لەو سزایە کەم بکاتەوە.

**بەندی (٦)**: یاریدەدەری تاوانبار (معاون مجرم)

ئەو کەسانەی خوارەوە بەیاریدەدەری تاوانبار دەژمێردرێن:-

١. هەر کەس بەهاندانو بابیکردن یا هەڕەشە یا فریودان کەسێک بۆ ئەنجامی کردەوەیەکی تاوانبارانە ئامادە بکا یاریدەدەری تاوانبارە.

٢. هەر کەس بەئاگادارییەوە کەرەسەی ئنجای کردەوەی تاوانبارانە ئامادە بکا یا شێوەی ئەنجامی ئەو کردەوەیە بەئاگاداری لەقەستی تاوانبار بەو کەسە نیشان بدا.

٣. هەر کەس بەئەنقەست ئەنجامی کردەوەی تاوانباران ئاسان بکا.

سزای یاریدەردەی تاوانبار لەجینایەتدا سزای تاوانکاری ئەسڵییە، بەڵام دادگا دەتوانێ بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی پێکهاتوو لەسزاکە کەم بکاتەوە.

**تێبینی١/** بۆ پێکهێنانی یاریدەدەری لەتاوانکاریدا یەکێتی قستو پێشکەوتن یا هاوکاتی کردەوەی تاوانبارو یاریدەدەری مەرجی سەرەکییە.

**تێبینی٢/** ئەگەر گومان لێکراوی ئەسڵی بەمەرجێک لەمەرجەکانی قانونی لەسزادان بپارێزێ یاریدەدەری تاوانبار ناتوانێ لەسزادان بێ بەش بێ.

**بەندی (٧)**: چەند تاوانی (تعدد جرم)

ئەگەر کەسێک لەیەک کاتدا چەند کردەوەی تاوانبارانەی ئەنجامدا دادگا بۆ هەر کام لەم تاوانانە لایەنی زۆری سزای دیاریکراو دیاری دەکا لەپاشان زیاترین سزا بۆ تاوانبار بەڕێوە دەچێ.

**تێبینی/** بۆ خلاف بڕیاری چەند تاوانی دیاری دەکرێ.

**بەندی (٨)**: جەعل (جعل)

دروستکردنی نووسراو و سەنەد یا شتێکی دیکە بۆ پێچەوانە یا دروستکردنی مۆر و ئیمزای بەرپرسانی جووڵانەوەی میللی دیموکراتێکی

گەلی کورد یا بەقەستی کەڵک وەرگرتن یا تاشین و قەڵەم تێوەردان یا لەناوبردن یا ڕەشکردنەوەی یا گۆڕینی ڕۆژی نووسراوی سەنەد یا زیادکردنی نووسراوەی دیکە یا کەڵک وەرگرتن لەمۆر بەبێ ئیزنی خاوەن مۆرو وێنەی ئەو کردەوانە جەعلەو سزای تاوانبار لە ٦ مانگ تا ٢ ساڵ دیاری دەکرێ.

**بەندی (٩)**: دزینی بەڵگەو سەنەدی جووڵانەوەی نیشتمانی میللی دیموکراتێکی خەڵکی کورد، هەر کەس بەڵگەو سەنەدی نهێنی جووڵانەوەی نیشتمانی دیموکراتێکی خەڵکی کوردستان بەئەنقەست بدزێ یا لەناو بەرێ بە شەش مانگ تا ٣ ساڵ زیندان مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (١٠)**: خۆ ناساندن بەپێچەوانە (غصب عنوان)

هەر کەس بەپێچەوانەی ڕاستی خۆی بەلێپرسراو یا پێشمەرگەی بزووتنەوەی نیشتمانی میللی دیموکراتێکی خەڵکی کوردستان بۆ کەڵک وەرگرتن بەخراپە بناسێنێ بە ٦ مانگ تا ساڵێک زیندان مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (١١)**: دەستبەسەرداگرتنی ماڵو کەلوپەلی جووڵانەوەی میللی دیموکراتێکی خەڵکی کورد (اخلاس) هەر بەرپرسێک کەرەسەو ماڵی جووڵانەوە بە قازانجی خۆی یا بەقازانجی غەیری خۆی داگیرکا بە ٦ مانگ تا ساڵێک زیندان مەحکوم دەکرێو کەرەسەو ماڵی داگیرکراوی لێ دەسەندرێتەوە.

**بەندی (١٢)**: شایەدیو سوێندی درۆ (شهادات وقسم دروغ)

هەر کەس لەجینایەتدا بەدرۆ شایەدی بداو شایەدی ئەو کەسە لە حوکمی دادگا ئەسەری بووبێ، بە ٦ مانگ تا ساڵێک زیندان مەحکوم دەکرێ، هەروەها ئەگەر کەسێک لەجونحەدا شایەدییەکەی لە حوکمی دادگادا ئەسەری بووبێ بە ٢ مانگ زیندانو بژاردنەوەی نەغدی تا پێنج هەزار تمەن مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (١٣)**: کڵاو لەسەرنان (کلاهبرداری)

هەر کەس بەفێڵو تەڵەکە کەسێک مەغمون بکاو پووڵو کەلوپەلی لێ وەربگری، یا بەنێو عنوانی درۆ کڵاو لەسەر خەڵکی بنێ بە ٦ مانگ تا ساڵێک زیندان مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (١٤)**: خیانەت لە ئەمانەتدا (خیانت در امانت)

هەر کەس لە فەقیرحاڵی یان لە نەزانی منداڵ یا مرۆڤی شێت کەڵک

وەربگرێ بەزەرەری ئەوانە بەڵگە یا نووسراوەیەکەیان لێ وەربگرێ بە ٦ مانگ تا ساڵێک زیدان مەحکوم دەکرێ، هەروەها ماڵو پووڵی ئەمانەت دوای داواکردنەوە بەخاوەن ماڵ نەداتەوە یا بەپێچەوانەی ڕێو شوێنی دیاریکراو لەماڵی ئەمانەتیدا کەڵک وەرگرێ یا لەناوی بەرێ بە ٦ مانگ تا ساڵێک زیندان مەحکوم دەکرێو کەلوپەل و ماڵی ئەمانەتی لێ وەردەگیرێتەوە.

**بەندی (١٥)**: لەناوبردنی حورمەتی ماڵ و مەسکەن (هتد حرمت ماڵو مسکن اشخاص) هەر کەس بەزۆر بچێتە ماڵ غەیر بە ٦١ ڕۆژ تا ٦ مانگ زیندان مەحکوم دەکرێ. ئەگەر ئەو کردەوەیە لەشەڕدا بووبێ سزای تاوانبار ٦ مانگە.

**بەندی (١٦)**: هەر کەس بڵاوکراوە یان قسەکردن لەناو کۆمەڵدا بوختان بەیەک یا چەند نەفەر بکاو نەتوانێ سابیتی بکا بە ٦١ ڕۆژ تا ٦ مانگ زیندان مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (١٧)**: ڕاگرتنی بەڕێوەبردنی سزای دیاریکراو مەحکوم (تعلیق اجای مجازات) دادگا دەتوانی بەو مەرجانەی خوارەوە بەڕێوەبردنی سزا بۆماوەی ٢ تا ٥ ساڵ ڕابگرێ:-

١. تاوانبار مەحکومیەتی پێشووی نەبووبێ.
٢. دادگا بەڕێوەبردنی سزا بەقازانجی کۆمەڵ نەزانێ.
٣. تاوانبار بەر عودەبی کە لەماوەی دیاریکراودا بەشەرەفەوە ژیان ڕابوێرێ بڕیاری دادگا بەڕێوەبەرێ.
٤. بژارکردنەوەی دیاریکراوی دادگا بە زیان لێکەوتوو بداو ڕەزامەندی خاوەن سکاڵای وەرگرێ.

**تێبینی/** لە حوکمی دیاریکراوی دادگادا پێویستە ڕاگرتنی بەڕێوەبردنی سزا و هۆبەکانی بنووسرێ.

**بەندی (١٨)**: ئازادی بەمەرج (ازادی مشروط)

هەر کەسێ بۆ هەوەڵین جار کردەوەی جینایەت یا جونحە ئەنجامدا. لەجونحە دوای تێپەڕبوونی نیوەی سزای دیاریکراو لە جینایەتدا دوای تێپەڕبوونی دوو بەشی ماوەی زیندانی دیاریکراو دادگا دەتوانێ بەو مەرجانەی خوارەوە تاوانبار ئازاد بکا:-

١. بەرپرسی زیندان ڕەفتاری زیندانی بە باش زانیبێ.
٢. پێشبینی بکرێ کە زیندانی دوای ئازادبوون کردەوەی ناحەز دژی قانون نەکا.
٣. زیانی زیان لێکەوتوو بژمێرێ.

**بەندی (١٩)**: بەرگری لەڕاگرتنی قەرزدار بەهۆی نەدانەوەی قەرز بەئەنجام نەگەیاندنی قەرزدار.

هیچ کەس بەهۆی نەدانەوەی قەرزو بەڕێوەبردنی قەرار داد زیندانی ناکرێ، بەڵام ئەگەر ماڵ یا کەلوپەلی هەبێ بەئەندازەی قەرزەکەی لێ وەردەگیرێ، ئەگەر لە بەڕێوەنەبردنی قەرارداد زیانێک: بەتەرەفي قەرادا گەیشتبێ دەبێ بیبژمێرێ.

**تێبینی**: هەر کات دەرکەوێ کە قەرزدار دەتوانێ قەرزەکەی بداتەوە، بەڵام ماڵەکەی بشارێتەوە بە ٦١ ڕۆژ تا ٦ مانگ زیندان مەحکوم دەکرێ کەرەستەی ژیانو خواردەمەنی بەحەدی موتەعارف بۆ قەرزدارو خێزانی لەبەرچاو دەگیرێ.

**بەندی (٢٠)**: ڕاو (گار)

ئەو کەسانەی خوارەوە کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم قانوونە دەست بە ڕاو دەکەن بە ٢ تا ٦ مانگ زیندان. مەحکوم دەکرێنو کەرەستەی ئەوانە دەستی بەسەردا دەگیرێ:-

١. راو لە بەشی قەدەغەکراوی ساڵدا بکرێ.
٢. بۆ ڕاو لەسەر تەقەمەنیو دینامێت کەڵک وەرگیرابێت.

**تێبینی**: کاتی قەدەغەکراو وەختی زەویوزارو زیادبوونی جانەوەر و پەلەوەر.

**بەندی (٢١)**: مەوادی موخەددیر (مواد مخدر):

١. تریاک، سووتووی تریاک، شیرەی تریاک، مورۆفین، هیرۆڤین، کۆکاین، بەمەوادی موخدیر دەناسرێ.
٢. بەکارهێنانی ئەو ماددە لەلایەن هەر کەسێکەوە قەدەغەیەو بەهەر چەشنێک کەڵکیان لێ وەرگیرێ بەهەوەڵ جار لە ٦ مانگ تا ساڵێک دیاری دەکرێ.

**تێبینی**: بەکارهێنانی ئەو مەوادە بەئیجازەی دکتۆر تاوان نییە.

٣. سزای کەسێک کە جێگای بۆ کێشانی تریاکو هیرۆینو... دروست بکا

یەک تا ٣ ساڵ دەنا سەد هەزار تمەن بژاردنەوەی نەغدی.

٤. هەر کەس تریاک، هیرۆین، کۆکاین، مۆرفین دروست بکا یا لەدەرەوەی کوردستان بێنێ یا بیفرۆشی ئەگەر لە ٢ کیلۆگرام هیرۆین یا کۆکاین بێ بەسزای نەمان مەحکوم دەکرێ. ئەگەر لەو میزانە کەمتر بێ سزای یەک ساڵ تا ٢ ساڵ زیندانە شتومەکو کەلوپەلی قاچاخچی ئەو مەوادە کە بۆ کڕینو فرۆشتن و دروستکردنی کەڵکی لێ وەرگیرابێ زەوت و موسادەرە دەکرێ.

**بەندی (٢٢)**: دەست تێوەردان لەکاروباری پزیشکی هەر کەس بەبێ ئیجازەی ڕەسمی نەخۆشخانەی بزووتنەوەی نیشتمانی میللی دیموکراتی خەڵکی کوردستان کاروباری پزیشکی بەڕێوەبەریی بە ٦١ ڕۆژ تا ٦ مانگ زیندانو بژاردنەوە نەغدی لە یەک تا ١٠ هەزار تمەن مەحکوم دەکرێ. دروستکردنی دەرمان، ددان پزیشکی پێویستی بەئیجازەی پزیشکی جێبڕوای حیزب هەیە.

**تێبینی**: پزیشکی خۆ وڵاتیو تەجروبی دەتوانن لەژێر چاودێریو مەشوورەتی بەرپرسانی بەشی دەرمانی درێژە بەکارەکانیان بدەن.

**بەندی (٢٣)**: چەتەگەریو ڕێگری چەکدارانە (سرقت مسلحانە):

١. هەر کەس لەڕێگاو بانەکان چەکدارانە ڕێگری بکا سزای نەمان مەحکوم دەکرێ ئەگەر ڕێگر چەکی گەرمی پێ نەبوون بەیەک ساڵ تا ٣ ساڵ زیندان مەحکوم دەکرێ.

٢. دزی کردن بەچەکەوە لەغەیری ڕێگاو بانەکانو لەشەودا بەو مەرجە ئازارو ئەشکەنجەی لەگەڵ بووبێ سزای زیندان بۆ ٣ تا ٥ ساڵیو ئەگەر لەو ڕۆژەدا بووبێ سزای زیندان لە ١ تا ٣ ساڵ.

**بەندی (٢٤)**: گرانفرۆشی پێویستیو خواردەمەنی گشتی لەدەرەوەی کوردستانەوە دێت نرخیان لەلایەن ڕێکخراوەکانی جووڵانەوەی نیشتمانیی دیموکراتێکی خەڵکی کوردستان بڵاودەکرێتەوە و ئەگەر کەسێک زیاتر نرخی دیاریکراو شتومەکەکەی بفرۆشێ بەبژاردنەوەی نەغدی بە لەبەرچاوگرتنی نرخی شتومەک مەحکوم دەکرێن.

**بەندی (٢٥)**: بڵاوکردنەوەی نهێنیی جووڵانەوەی نیشتمانی دیموکراتێکی خەڵکی کوردستان هەر کەس لەبەرپرسان کە ئەرکی دیاریکراوی ڕاگرتنی سەنەدی

نهێنی جووڵانەوەی بی، یا بەبێ وەزیفە پێئەسپێردرابێ بڵاوبکاتەوە یان نهێنییەکان ئاشکرا بکا. یا بەهەر شێوەیەک بەئاگاداری خەڵکی ڕابگەیەنێ بەیەک تا ٢ ساڵ زیندان مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (٢٦)**: ڕفاندنی مرۆڤ هەر کەس بە قەستی پووڵ وەرگرتن تا تۆڵە ئەستاندنەوە یا هەر قەسدێکی خراپی دیکە بەزۆر یا هەڕەشە یا فێڵ، کەسێک بڕفێنێ یا بشارێتەوە، بەیەک تا ٣ ساڵ زیندان مەحکوم دەکرێ. ئەگەر تەمەنی ڕفاندراو لە پازدە (١٥) ساڵ کەمتر بێو بەهۆی ڕفاندن یا شاردنەوە تووشی نەخۆشی دایم یا زیانی جسمیو ڕەوانی بێ یا بمرێ، یا بەشێک لەئەندامی لەکار بکەوێ تاوانبار بەسزای ئیعدام مەحکوم دەکرێ، هەروەها ئەگەر تەمەنی ڕفاندراو کەمتر لە ١٥ ساڵ بێو نزیکی لەگەڵ کرابێ (عمل لواط) تاوانبار بەسزای نەمان مەحکوم دەکرێ.

**بەندی (٢٧)**: ئەسڵی بەرائەت ئەسڵ ئەوەیە کە هەموو کەس بێ تاوانە مەگەر بەڵگە و دەلیلێک لەسەر تاوانی هەبێ.

**بەندی (٢٨)** ئەسڵی شەخسی بوونی

تاوان خزمو کەسی تاوانبار دوور لەسزان، مەگەر لەگەڵ تاوانبار هاوبەشییان بووبێ.

# یاسای لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان
# (ل. ش. ک) ١٩٨٥

## بەشی یەکەم
## بەندی یەکەم

لەشکری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لەو پێشمەرگە دلێرو نەبەزانە پێکهاتووە کە (ناوی خۆیان بەخۆیانەوەیە) گیانیان هاویشتۆتە سەر پەلی دەستیان، لەپێناو بەدەستهێنانی مافی گەلی کوردو دیموکراتیەت بۆ عێراق لەژێر ئالآی پارتیو جێبەجێکردنی پرۆگرامو بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرەی نۆیەمدا.

## بەشی دووەم
## بەندی دووەم

**پێشمەرگە و مەرجەکانی:-**

أ- پێشمەرگە ئەو خەباتکەرە دلێرە کوردستانی یان عێراقییەیە، کە ئامادەیە بەئارەزووی خۆیو بیر و باوەڕەوە لەڕیزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە سەرانسەری کوردستاندا لە (زاخۆ)وە تا (خانەقین) بجەنگێ، دژی ڕژێمی بەعسی فاشستی عێراقیو نۆکەرەکانی لە کوردو عەرەبدا، واتا بەبێ جیاوازی لەنێوان ناوچەیەکو ناوچەیەکی تردا چونکە (پێشمەرگە پێشمەرگەی کوردستان)ە، ملکەچە بۆ فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕشو ئەبێ بەپێی یاسای لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان ڕەفتار بکات.

ب- مەرجەکانی وەرگرتنی پێشمەرگە:-

١. هەستێکی باشی کوردایەتی نیشتمانپەروەری عێراقی هەبێتو زۆر باش بزانێ بۆچی چەکی هەڵگرتووەو لەپێناوی چیدا؟

٢. دڵسۆزو دەستپاکو دامێن پاک بێت.

٣. نەبەزو دلێرو ژیرو نەترس بێت لە دوژمن.

٤. لەش ساغو بەتوانا بێت بۆ خەباتی پارتیزانیو تەمەنی لە (١٦) ساڵ کەمتر نەبێتو پیرو پەککەوتە نەبێت.

٥. گوێڕایەڵی فەرمانی لێپرسراوانی خۆی بێت، بەتایبەتی لێپرسراوی ڕاستەوخۆی دریغی نەکات لە جێبەجێکردنیان.

٦. ڕاستی لە لێپرسراوانی خۆیو سەرکردایەتی شۆڕش نەشارێتەوە ئەگەر لەناوبردنی خۆی تێدابێت.
٧. ئەبێ لەلایەن ڕێکخراوی پارتییەوە پەسەندی وەرگرتنی کرابێت.
٨. تازە هاتووەکان (ملتحق):-
أ- ئەو هاووڵاتییانەی کە لەبەر زەبروزەنگی دوژمن ڕادەکەنو دەگەنە ڕیزی شۆڕش:-
١. ئەگەر ئەندامو پاڵێوراوی پارتی بن بەپێشمەرگە وەردەگیرێن.
٢. مەرجی ئەندامو پاڵێوراوی پارتی نەبنو مەرجی پێشمەرگایەتییان تێدا هەبێت پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەگەڵیان وەکو (ملحق)ێک بەلای کەمەوە سێ مانگ لەژێر چاودێری دەمێنن، پاشان وەردەگیرێن.

## بەندی سێیەم

### فەرمانەکانی پێشمەرگە (الواجبات):-

١. لەڕیزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان ڕێکخرابێت.
٢. بەهەموو توانایەکییەوە دژی دوژمن بجەنگێو بەپێی ئەو فەرمانو پلانانەی کە لێپرسراوی بۆی دائەنێن.
٣. دژی گیانی بەڕەڵلایی و لەخۆباییبوون بێت.
٤. پەیوەندی لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی لەگەڵیان دەژین زۆر باش بێت.
٥. هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ میللەت باش بێت بەتەواوەتی بەپێشمەرگەی میللەتو پارێزگاری ملکو سەروەتو سامانو کەرامەتی گەل بناسێت، واتە جێگەی باوەڕیان بێت.
٦. هەردەم هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئاستی زانیاری لەڕووی عەسکەری و سیاسییەوە بەرزتربێت.
٧. نهێنییەکانی شۆڕشو ئەموالو چەکو تەقەمەنی بەباشی بپارێزێت.
٨. ئەبێ ڕاستو سەربەرز بێتو ڕاستی نەشارێتەوە.
٩. ئەبێ لەیاسای لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان دەرنەچێتو شیرازەی ڕێکخستن بە باش بپارێزێت، واتە (تخطی مرجع) نەکات واتە لەخەت لانەدات.

## بەندی چوارەم

**ئەوانەی لەریزی (ل.ش.ک) وەرناگیرێن:-**

١. نۆکەری بێگانە، یا جاسوس یا ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بووبێت.
٢. ڕابردووی لەگەڵ میللەت زۆر خراپ بووبێت.
٣. ناسراو بێت بەدژایەتی بیروڕای کوردایەتی دیموکراسی و ئینسانییەت.

## بەندی پێنجەم

**مافەکانی پێشمەرگە:**

١. مافی ئەوەی هەیە کە بگاتە هەموو پلەیەکی لێپرسراوەتی بەپێی تواناو کەفائەتی.
٢. مەدالیە بدرێت بەوانەی زیاتر زیانیان لە دوژمن دەدەن‌و چالاکی ئەنوێنن.
٣. ئەبێ لە چەک و تەقەمەنیدا درێخی بۆ نەکرێت بەپێی تواناو چالاکی واتا (چەکی چاک بۆ پێشمەرگەی چاکە).
٤. لەڕووی پارێزگاری تەندروستی خۆی‌و ماڵ‌و منداڵی بەپێی ئیمکان نابێ درێخی بۆ بکرێت.
٥. لەکاتی شەهیدبوون یا پیری یا پەککەوتەییدا ئەبێ ژیانی ماڵ‌و منداڵ‌و خۆی تەئمین بکرێت.
٦. لەکاتی پێویستدا بەپێی ئیمکان یارمەتی بۆ خۆی‌و ماڵ‌و منداڵی سەرف بکرێت.
٧. هەوڵ بدرێت ئاستی زانیاریی عەسکەری‌و سیاسی بەرز بکرێتەوە بەکردنەوەی دەوراتی عەسکەری‌و سیاسی بۆیان.
٨. نیهائیا جنێودان‌و لێدانی پێشمەرگە لەلایەن لێپرسراوانیەوە قەدەغەیە، چونکە پاراستنی کەرامەتی پێشمەرگە فرمانێکی نیشتمانییە.

## بەندی شەشەم

**سزادانی پێشمەرگە**

**شەش جۆر سزا بۆ پێشمەرگە هەیە:-**

١. سەرنج ڕاکێشانی.
٢. گواستنەوە.

٣. چەککردن.
٤. بەندکردن.
٥. دوورخستنەوەی لە ڕیزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بەیەکجاری.
١. چ کاتێک سەرنجی ڕائەکێشرێت:-
أ- ئەگەر بەپێچەوانەی لێپرسراوی خۆی ڕەفتاری کرد بۆ جاری یەکەمی.
ب- ئەگەر شیرازەی تەنزیمی تێکدا.
ج- کردەوەی بچووکی ناشیرینی وەهای لێ ڕووبدات، کە زیان بگەیەنێت بەناوبانگی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەیەکدا.
٢. چ کاتێک دەگوێزرێتەوە:-
أ- نەگونجانی لەگەڵ یەکێ یان چەند برا پێشمەرگەیەک کە هۆی نەگونجانەکەی هەر خۆی بێت.
ب- نەگونجاندنی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە لەبەر هەندێ کردەوەی ناشیرینی کە لێی ڕوودەداتو دەبنە هۆی ناڕەزایی.
٣. چ کاتێک چەک ئەکرێت:-
أ- ئەگەر بۆ جاری دووەم فەرمانی لێپرسراوی یەکەمی خۆی جێبەجێ نەکردبێت.
ب- سستیو کەمتەرخەمیو ترسنۆکی نواندبێت لەجێبەجێکردنی فەرماندەکانیدا دژی دوژمن.
ج- شیرازەی تەنزیمی بۆ جاری دووەم تێکدابێت.
د- بۆ جاری دووەم کردەوەی ناشیرینی بچووکی وەهای کردبێت، کە زیان بە سومعەی پێشمەرگە بگەینێ لە ناوچەکەدا.
ه- بەبێ موافەقەت بە گۆڕینی چەکی شۆڕش هەڵسابێت.
٤. چ کاتێک بەند ئەکرێت:-
أ- ئەگەر جنێوی بەبرا پێشمەرگەیەک یان کەسێک لە خەڵکی ناوچەکەدا بێت.
ب- ئەگەر شەڕی کردبێت لەگەڵ برا پێشمەرگەیەکی یان کەسێک لە خەڵکی ناوچەکە.
ج- ئەگەر (زیانێکی ماددی) هەرچەند بچووکیش بێت بەکەسێک لەخەڵکی ناوچەکە گەیاندبێت بەبێ ئەوەی شکایەتی لێ کردبێت.
د- ئەگەر بەپێچەوانەی عاداتو تەقالیدی کۆمەڵایەتی بجووڵێتەوەو ئیحترامی

شەعائیری دینی نەگرێت.
هـ- ئەگەر بەندییەک لەدەستی ڕابکات.
٥. چ کاتێک دوور ئەخرێتەوە لە ریزی ل. ش.ک بۆ ماوەی (مانگێک تا ساڵێک):-
أ- دووپاتی کردەوەکانی سەرەوەی کردبێت بۆ جاری سێیەم.
ب- ئیستغلالی مەرکەزو لێپرسراوێتی خۆی بکات لەناو شۆڕشدا بۆ سوودی تایبەتی خۆی.
ج- ئیحترامی لێپرسراوی خۆی نەگرێت بەنیازی سووککردنی لەڕێزی پێشمەرگەدا.
د- دەستی لەچەکو فیشەکی خۆی دابێت بەبەخشین یا بەفرۆشتن بەبێ موافەقەتی کارگێڕی لق یان سەرکردایەتی.
٦. چ کاتێک لەڕیزی لەشکری کوردستان دەرئەکرێت:-
أ- دزی لەچەکو فیشەکو مومتەلەکاتی شۆڕش کردبێت.
ب- سەرپێچی بکات لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شۆڕش.
ج- کردەوەیەکی بێئەخلاقی بکات کە زیان بە سومعەی خۆیو شۆڕشو پارتی بگەیەنێو جێگەی ناڕەزاییو بێزاری میللەت بێت.
د- دوژمن یان ناحەزانی شەخصی خۆی بکوژێت یان پلان ڕێکخات بۆ کوشتنیان بەهەر نیازێک بێت، لەپشت سەرکردایەتی شۆڕشو لێپرسراوانی، وەپێویستە پاش دەرکردنی لەڕیزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بدرێتە دادگای شۆڕش بۆ سزادانی بەپێی پێویست.
ه- چوونی بۆ ناو یەکێک لە حزبەکانی تر بەبێ ئاگاداریی شۆڕش.
و- چوونی بۆ ناو ڕیزەکانی دوژمن.

**بەندی حەوتەم**

**گواستنەوەی پێشمەرگە:-**

١. بۆ لێپرسراوی شانەی سەرەکی هەیە پێشمەرگەیەک لە شانەیەکەوە بۆ شانەیەکی تر بگوازێتەوە ئەگەر پێویست بوو، لەگەڵ دیاریکردنی هۆی گواستنەوەکە بۆ ڕێکخراو.
٢. بۆ ڕێکخراو هەیە پێشمەرگەیەک لە شانەی سەرەکییەوە بۆ شانەیەکی سەرەکی تر بگوازێتەوە ئەگەر پێویست بوو، لەگەڵ دیاریکردنی هۆی

گواستنەوەکە بۆ کارگێڕی ناوچەکە.
٣. بۆ لیژنەی ناوچە هەیە پێشمەرگەیەک یان چەند پێشمەرگەیەک کە ژمارەیان لەژمارەی شانەی سەرەکی تێپەڕ نەبێت بگوازێتەوە لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر لەسنووری ناوچەکەدا لەگەڵ دیاریکردنی هۆی گواستنەوەی بۆ کارگێڕی لق.
٤. ئەگەر لقێک پێویستی بەهێزێکی زیاتر بوو لە هێزەکانی سنووری لقەکەی خۆی، داوا لە سەرکردایەتی شۆڕش دەکات بۆیان تەئمین بکات بەزوویی لەگەڵ دیاریکردنی هۆیەکانی پێویست بۆ داواکەیان.
٥. بۆ کارگێڕی لق هەیە ئاڵوگۆڕی لە لیژنە ناوچەکانی سنووری لقەکەی خۆیان بکات بەپێی پێویستو دیاریکردنی هۆیەکانی ئەو ئاڵوگۆڕکردنە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش.
٦. هەموو ئەو گواستنەوانە، کە ئەکرێن، بەچەکەوە دەبێت، واتا نابێت چەک لەو پێشمەرگانە وەربگیرێتەوە، چونکە سزای چەککردنیان پێ نەدراوە. سەرەڕای ئەوەش کە چەک بەشێکە لەگیانو سەربەرزی و کەرامەتی پێشمەرگەی کوردستان.
٧. گواستنەوەی پێشمەرگە لە لقێکەوە بۆ لقێکی تر بە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش دەبێت.

**بەندی هەشتەم**

**پشوودان (اجازە) بە پێشمەرگە**

١. بۆ هەر پێشمەرگەیەک هەیە ساڵی (٢) مانگ ئیجازە وەربگرێت بەجارێک یان چەند جارێک، بەمەرجێک زرووفی ناوچەکە ئاسایی بێت.
٢. هەموو لێپرسراوانی پێشمەرگە ئەم هەقەیان هەیە بەکار بهێنن بەمەرجێک لەگەڵ سەرکردایەتی سەرەوەی خۆیان ڕێک کەوتبن و موافەقەت وەرگیرابێت لەسەری بەمەرجێک زرووفی ناوچەکەیان بەباشی هەڵسەنگاندبێ. تاوەکو پشوودانی خۆیانو پێشمەرگەکانیان نەبێتە هۆی لاوازیو بێ هێزی لە ناوچەکانیاندا دژی دوژمن.

## بەشی سێیەم

### بەندی نۆیەم

### هەیکەلی تەنزیمی

أ- دانانو لابردنی لێپرسراوانی ڕێکخراو و شانە سەرەکییەکان بەڕەزامەندی کارگێڕی لق بێت.

ب- دانانو لابردنی لێپرسراوانی شانەکانی دەسەڵاتی لیژنە ناوچە بێت.

ج- لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بەگوێرەی هەیکەلی تەنزیمی خوارەوە ڕێکخراوە:-

١. شانەی لەشکری- بریتییە لە ٧ پێشمەرگە بە لێپرسراوی شانەوە.

٢. شانەی سەرەکی لەشکر- لە (٣=٥) شانە یاخود (٢٢- ٢٧) پێشمەرگە پێکدێت، لەگەڵ لێپرسراوی شانە سەرەکییەکەو یاریدەدەرەکەی.

٣. ڕێکخراوی لەشکری لە (٣) شانەی سەرەکی پێک دێت، واتە لە (٦٥- ١١٣) پێشمەرگە لەگەڵ لێپرسراو یاریدەدەرەکەی کە کادیری ڕێکخراو دەبێت.

٤. لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لەسنووری لیژنە ناوچەدا- لیژنەی ناوچە، کە سنووری چالاکی لەلایەن لقی پارتییەوە بۆ تەحدید دەکرێتو موافەقەتی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر وەردەگیرێت سەرکردایەتی هەموو چالاکیو سیاسیو سوپاییو داراییو کۆمەڵایەتی دەکات لەو قەوارەی کە بۆی دیاریکراوەو بۆی هەیە بەپێی تواناو فراوانی ناوچەکە چەند ڕێکخراوێکی لەشکری دروست بکات.

## د/ لق :-

أ- کە سنووری چالاکی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی پارتیمانەوە بۆی دیاریکراوە، سەرکردایەتی جەماوەر لەو سنوورەی دەکات لەڕووی سیاسیو عەسکەری و ئیداریو مالیو کۆمەڵایەتیو لەڕووی عەسکەرییەوە بڕیاری کۆتایی بەدەستی لێپرسراوی یەکەمی لقەوە دەبێت کە بەرپرسیارە بەرامبەر سەرکردایەتی پارتیو شۆڕشو ئەمەش لە سەرکردایەتی بەکۆمەڵ نابێ کەم بکاتەوە.

ب- کارگێڕی لق بۆی هەیە (١-٣) ڕێکخراو دابمەزرێنێت بۆ حیراسەتو ئیسنادو پێویستییەکانی تری بارەگای خۆی.

ج- کارگێڕی لق بۆی هەیە هێزێکی دەست وەشێن پێک بهێنێت کە لە هەموو ڕوویەکەوە سەربەخۆ بێت، بۆ ئەنجامدانی هەر ئیشو کارێکی شۆڕشگێڕی.

٥. کۆمیتەی ناوەندی بەسەرۆکایەتی ڕەئیسی حزب کە سەرکردەی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانە سەرکردایەتی شۆڕش دەکات لە هەموو ڕوویەکەوە.

٦. مەکتەبی سیاسی بەسەرۆکایەتی حزب کە گەورەترین دەسەڵاتە لە سەرکردایەتی شۆڕشدا، لەنێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، بۆی هەیە فەرمانێک ئامۆژگارییەکانی سیاسیو عەسکەریو تەنزیمیو ئیداریو مالی ئەبێ جێبەجێ بکرێت بەبێ دوودڵی (تردد) لەلایەن لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بەگشتیو لەلایەن لێپرسراوان بەتایبەتی.

٧. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەشێکە لە سەرکردایەتی شۆڕش بەشدار ئەبێت لە ڕەئیدان لە هەموو کارێکی گرنگی شۆڕش کە چارەنووسی شۆڕشو میللەتی پێوە بەستراوە لەڕووی سیاسیو عەسکەریو مالیو ئیدارییەوە.

٨. ئەگەر پێشمەرگەیەک لەپێشمەرگەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان حزبی نەبوو و دڵسۆزی و ژیریو چاونەترسیو کەفائەتی لە پلەیەکی بەرز بوو کە لێهاتووی لێپرسراوەتی یەکەم بێت لەسەر شانەی لەشکریەوە تا لێپرسراوی ڕێکخراوی لەشکری تەنانەت لەهێزی دەست وەشێنیشدا، سەرکردایەتی شۆڕش بەپێویستی ئەزانێ بەبڕیارێکی تایبەت لەڕووی عەسکەریو ئیداریو مالییەوە لێپرسراوەتی یەکەمی پێ بسپێردرێت. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە لەشکری کوردستان پێکهاتووە، بۆ ئەوەی ماوە بدرێت بەگشت ڕۆڵە نەبەزەکانی شۆڕشگێڕی کە ئامادەبن لەپێناوی ئامانجەکانیاندا خۆیان بەخت بکەن.

٩. لەکاتی پێویست سەرکردایەتی شۆڕش چەند هێزێکی دەست وەشێن دروست دەکات کە ڕاستەوخۆ سەر بەخۆیەوە ئەبێت.

## بەشی چوارەم

### بەندی دەیەم:

### پەیوەندی نێوان میللەتو پێشمەرگە:

١. پێشمەرگە کە دەستی داوەتە چەک بەبیرو باوەڕێکی نەگۆڕی کوردایەتیی پێشکەوتنخوازەوە بۆ پارێزگاری مانو نەمانی میللەتەکەیەتی، بۆیە ئەبێ هەمیشە بەکردەوە نەبەزەکانی ئەو دەورەی خۆی بەمیللەت بگەیەنێو جێگەی ڕێزو خۆشەویستی میللەتەکەی بێت.

٢. دەبێ هەمیشە بەدەست پاکو دامێن پاک ناسراو بێت لەلایەن میللەتەوە.

٣. ئەبێ بەڕاستو ئازاو دلێر و بەئەخلاق ناسراو بێت.

٤. ئەبێت چاوی لەماڵی میللەت نەبێت، و میللەت ئەگەر بەئارەزووی خۆی نەبێت نابێ داوای هیچی لێ بکرێت.

٥. نابێ ڕاو و ڕوووتکەر بێت نیهائیەن بگرە دەبێ دژی بوەستێت بەهەموو توانایەکیەوە.

٦. تەنانەت (نان) بە پێشمەرگەدانیش لەکاتی پێویستدا ئەبێ بەئارەزووی میللەت بێتو هەست بەئەرک نەکات کە پێشمەرگە بیخاتە سەری.

٧. تەبەروعات نیهائیا لەمیللەت وەرناگیرێت ئەگەر بەموافەقەتی سەرکردایەتی نەبێت.

٨. سەرانە لە میللەت وەرناگیرێت، ئەشێ زەکات بەنیسبەتێکی مەعقول لەهێندێ ناوچەی دەوڵەمەند وەربگیرێت، بەمەرجێک سەرکردایەتی موافەقەتی لەسەر بکات و لێژانی تایبەتی بۆ کۆکردنەوەی نیسبەتی زەکات وەرگرتنەکە دابنێتو یاری پێ نەکرێت، وەبەدەستێکی پاک کۆبکرێتەوەو بدرێت بەخێزانی پێشمەرگەو شەهیدانو هەژارەکانو مەلاو پیاوە دینییەکانی ناوچەکە.

٩. ئەبێ هەمیشە پێشمەرگە پارێزگاری ناموسو شەرەفو کەرامەتی میللەت بێت.

١٠. ئەبێ پێشمەرگە هەمیشە ڕێزی بیرو باوەڕی سیاسیو ئایینی جەماوەر بگرێت.

١١. ئەم یاسایە لەکۆبوونەوەی دووەمی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق بڕیاری لەسەردرا و لە کۆبوونەوەی پێنجەمی کۆمیتەی

ناوەندی تەعدیلاتی پێویستی لەسەر کراوەو بڕیاری لەسەر درا، کە لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بەپێی بەندەکانی ڕێک بخرێتو سەرکردایەتی بکرێت سەرچاوەی شەرعیەتی ئەم یاسایە پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی پارتییە، کە لەکۆنگرەی نۆهەمدا بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها تەجاروبی بزووتنەوەی ئازادیخوازی میللەتانی جیهانی لە شەڕی پارتیزانیدا.

# ساڵی ١٩٢٢ لە پەرلەمانی تورکیا پڕۆژەی خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) کوردستان گفتوگۆی لەسەر کرا

گەر مرۆڤایەتی لە دوو هەزارەوە بەرەو هەزارەی سێیەمین دەچێت، بەڵام لەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە (جگە لەو ناوچە ئازادکراوەی کە فیدراڵیەتی تیا ڕاگەیەنراوە)، هەروەها لەدەستووری عێراقیشدا دانی پێدانراوە، دەنا لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، نکۆڵی لەبوونی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی دەکەن کە ناچار بوون ئەودەم بەڕواڵەت دەست بەگفتوگۆ و ئاخاوتن و بەڵێنی بریقەدار دەکەن بۆماوەیەک مرۆڤی کورد (هاونیشتمانی) لە مافو ئەرک یەکسانینو هاوبەشین، بەڵام کە هۆی ناچارییەکە نەهێڵرا، ئەوا دژ بەهەموو یاساو ڕێسایەک هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەکەمان دەدەنو ئێمەش نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی هاوچەرخانە هەوڵماندا‌وە (تاوانباران جینۆسایدی کورد) بدرێنە دادگایەکی نێو دەوڵەتی تاکو بەسزای پڕ بەپێستیان بگەن. لەم بەڵگەنامەیە بەدەردەکەوێ کە جارێ باسی کورد وەک ئێستا یاساغ نەبووە، بەداخێکی زۆرەوە دەڵێم زۆر بەڵگەنامەی دیکەی لە وڵاتانی دوورو نزیک هەن بەڵام بڵاونەکراونەتەوە، بۆیە پێویستەو ئەرکی سەرشانی یاساناسانو ڕۆشنبیرانی کوردستانە کە هەوڵ بدەن کە ئەو بەڵگەنامانە بدۆزنەوەو بڵاویان بکەنەوە، بەم جۆرەش زۆر لایەنی شاراوەو نەزانراوو نهێنیو لێڵی نەتەوەکەمان ڕوونو ئاشکرا دەبێت.

ئەم بەڵگەنامەش پوختەی[١٤] پڕۆژەی خودموختاری کوردستانە کە لە پەرلەمانی تورکیا ساڵی ١٩٢٢ گفتوگۆی لەسەر کرا. بۆ مێژوو بۆ بەرچاوی خوێنەران بڵاوی دەکەنەوە.

واپێ دەچێ[١٥] لەشوباتی ١٩٢٢دا ڕەشنووسی ئەم یاسایە بۆ لێکۆڵینەوە درابێتە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە، پێنج کەس لە نوێنەران دژی ئەم تێزە دەنگیان دا: سەرباری سێ ئەندامی لیژنە قۆچگیری، ساڵح ئەفەندی نوێنەری (ئەرزەروم)و سەلاحەدین نوێنەری (مرسین) دژی باسکردنی تێزی ناوبراو دەنگیان دا، بەڵام پێشنیازەکە بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا بڕیاردرا لە (١٠)ی

شوباتدا تێزەکە لەدانیشتنێکی تایبەتدا باسی لێوە بکرێ.

ئەندامانی حزبی بەرگری نیشتمانی (مدافع میللی جەمعیەتی)و حزبی بەرگری ماف (مدافع حقوقی جمعیەتی) لەگەڵ ڕەشنووسی ئەم یاسایەدا بوون، بە ٦٥ کەس لە نوێنەران دژ بوون.

ساڵح ئەفەندی باسەکەی دەست پێکرد و گوتی: مەسەلەی کورد ناتوانرێت بەم هەنگاوە ڕووکەشانە لەپێشەکی ئەم یاسایەدا هاتووە، چارەسەر بکرێ، هەروەها گوتی: ئەگەر بمانەوێ ئەم ئاژاوەیەی کە لەناوچەی قۆچگری[١٦] مستەفا پاشاوە ورووژاندوویەتی ئارام بکەینەوە، دەبێ ئەو کوردانە ئازاد بکەین کە لەیاخیبوونی بەهاری ساڵی ١٩٢١ قۆچگری دا گیراون، ساڵح ئەفەندی داوای کرد لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی وڵات، ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەڕەشنووسی یاساکەدا ڕەنگ بداتەوە. هەروەها گوتی هەر چەندە دەزانی جەواد پاشا فەرماندەی لێپرسراو، هەندێ هەنگاوی ناوە، بەڵام (لەبارێکدا وڵات دەستەویەخەی شەڕی یۆنانییەکانە) [١٧]، ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کارێکی ئاسایی نابێ).

ساڵح ئەفەندی درێژەی بە قسەکانی دا: (یاخیبوونەکانی قۆچگری ئەنجامی زوڵمو ستەمی دەزگای ئیداریو مامەڵەی حکومەتی ئەنقەرەیە لەگەڵ خەلافەتدا) ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە (هێزی بەکارهێنان جگە لە خراپترکردنی بارودۆخ ئەنجامێکی دیکەی نابێ، بێ هوودەیە ئەگەر بووترێ یاخیبوونێک لە کوردستاندا نییە، چونکە بینینی گوندەکان لە نزیکەوە خۆی دەربڕی هەموو شتێکە).

ساڵح ئەفەندی لەکۆتایی قسەکانیدا گوتی- ئەمیر فەیصەڵو ئینگلیزەکان[١٨] پشتیوانی لەیاخیبوون دەکەن (بەرژەوەندییەکانی وڵات پێویست دەکات بەبێ توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکرێ) ژمارەیەک لە نوێنەران بەتوندی پشتیوانییان لەساڵح ئەفەندی کردو دژی ڕەشنووسی یاساکە بوون، بەڵام زۆرینەی نوێنەران بە ٣٧٣ دەنگ لەبەرامبەر ٦٤ دەنگ، ڕەشنووسەکەیان بڕیار لێدا، ئەگەر ژمارەی نوێنەرانی کورد لەئەنجومەندا هێشتا ٧٢ کەس بێ[١٩].

قسەکانی ساڵح ئەفەندیش دەربڕی باوەڕ بە هەمان مەسەلەکە دەبێ بەشێوازی تر نەک بەهێز مامەڵە لەگەڵ کورداندا بکرێ، هەروەها نیشانی دەدا کە نوێنەرانی کورد وێڕای ئەو پشتگیرییەی لەحکومەتی کەمالیستیان دەکرد سەرباری ئەوەش کە کەسێکیان لەدژی ئەو توندوتیژیەی یاخیبوونی قۆچگری

پێ دامرکاوە، قسەیەکی نەکرد، هەستیان دەکرد دەتوانن مافێکی زۆرتر لەوەی ڕەشنووسی یاساییدا هاتوون، وەدەست بخەن، ئەمە خۆی نیشانی دەدا کە هەتا نوێنەرانی کورد بەهیوا بوون یا خودموختارییەکی زۆرتر لەوەی لەتێزی (دەزگای ئیداری کوردستان)دا هاتبوو، وەدەست بخەن، لەلایەکی دیکەشەوە نیشانی دەدا کە تورکەکان بەلایەنی کەمەوە ئەوانەی لەئەنجومەنی نیشتمانی گەورەدا بوون، لەمامەڵەی کەمەوە لەئەنجومەنی نیشتمانی گەورەدا بوون، لەمامەڵەی کورداندا لە گرتنەبەری سیاسەتێکی توندو بەکارهێنانی هێز، ڕازی نەبوون، بەڵام هەر کە ئەم تێزە یاساییە لەئەنجومەن هەیبووە و توانیویەتی مەسەلەی کورد بەڕاشکاوی بخاتە بەرچاو، وا پوختەی دەقی پڕۆژە یاسای خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) کوردستان کە لەدانیشتنی ڕۆژی ١٠ ی شوباتی ١٩٢٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەدا گفتوگۆی لەسەر کرا[٢٠].

پڕۆژە یاسای خودموختاری کوردستان لەدانیشتنێکی ڕۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٢٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەدا گفتوگۆی لەسەر کرا: (وەزارەتی دەرەوە ٧٧٨١/ ٣٧١ ڕۆژهەڵاتی (تورکیا) ٦٥/ ٩٦- ٣٥٥٣/ ئەی، ژمارە ٣٠٨: سیر ئیچ. ڕامبولد بۆ مارکویس ئۆفکدالستون (مێژووی وەرگرتن ١٣ی نیسان).

ئەمەی خوارەوە پوختەی پڕۆژە یاسای سەرەوەیە:-

١. ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا بەمەبەستی دابینکردنی پێشکەوتنی کوردو گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی مەدەنیەت، پەیمان دەدا دەزگای ئیدارەی خودموختاری بۆ خەڵکی کورد گونجاو لەگەڵ ڕێوڕەسمی نەتەوایەتییان، دامەزرێنێ.

٢. بۆ ناوچەکە کە دانیشتوانی بەزۆری کوردن، فەرمانداریکی گشتی لەلایەن گەورەو کەسایەتییەکانەوە هەڵدەبژێررێ، لەگەڵ یاریدەدەرو پشکنەرێک کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە، دەکرێ تورک یان کورد بن.

٣. ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە فەرمانداریکی گشتی کە ئیدارەیەکی بەئەزموونو بەناوبانگ و باشو جێگای ڕێزی کوردان بێ، هەڵدەبژێرێ.

٤. ئەم فەرمانداره گشتییە بۆماوەی سێ ساڵ کاندید دەبێو دوای تەواوبوونی ماوە دیاریکراوەکە، ئەنجومەنی نیشتمانی (کوردەکان) فەرمانداریکی گشتی

نوێ دادەنێ، مەگەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی کورد حەز بکەن فەرمانداریێکی کۆن درێژە بەکارەکانی بدا.

٥. ئەگەر چی بڕیار لەبارەی ئەوەی کە یاریدەدەری فەرماندار کورد یان تورک بێ، بەدەست ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەیە، لەگەڵ ئەودا هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێ، پێشنیاری دامەزراندنی فەرمانداری گشتیو یاریدەدەرو پشکنەر بەهەرحاڵ دەبێ بۆ بڕیار لێدانی بدرێتە دەوڵەتی ئەنقەرە.

٦. ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتو لەسەر بنچینەی ڕای ئازادو گشتی پێکدێو ماوەی خولی هەر یەک لەم ئەنجومەنانە سێ ساڵ دەبێ. ئەنجومەن لەیەکەمی ئاداری هەر ساڵێکدا کۆ دەبێتەوەو خولی دانیشتنەکانی چوار مانگ دەبێ. هەر کاتێ ئەنجومەن نەیتوانی لەماوەی خولی ناوبراودا کاروبارەکانی جێبەجێ بکا، خولی دانیشتنەکانی دەتوانرێ بەدوای زۆربەی نوێنەرانو پشتگیری فەرمانداری گشتی، درێژبکرێتەوە.

٧. ئەرکی ئەنجومەنی نیشتمانی، لێکۆڵینەوە لە بودجەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتو ئەم زوڵمو زۆرەیە کە کارمەندی ئیداری و دەوڵەتی کردوویانە. ئەنجومەنی نیشتمانی دەتوانێ بڕیاری دیار دەربارەی پێشکەوتنو خۆش گوزەرانی ناوچەکەدا بدا، بەڵام هەموو ئەو بڕیارانە بۆ ئاگاداری ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە دەبێ بدرێتە دەوڵەتی ئەنقەرە.

٨. ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە هەموو جوداییەکانی فەرمانداری گشتیو ئەنجومەنی کورد یەکلا دەکاتەوەو هەردوو لا بە دید و بۆچوونی ئەو ڕازی دەبن.

٩. تا دیاریکردنی سنوورەکانی لەلایەن کۆمسیۆنێکی تێکەڵ، ناوچەی ئیداری کوردستان بریتی دەبێ لە ویلایەتەکانی بتلیس، و دیاربەکر و سنجاقی دێرسیم، و هەندێ لە قەزاو ناحیەکانی.

١٠. دەزگای قەزایی کوردستان گونجاو لەگەڵ ئاکارو ڕێوڕەسمی ناوچە تایبەتییەکانی دروست دەکرێ. لەبارەی ئێستادا ئەم دەزگایە لەم کارمەندە شایستانە پێکدێ، کە نیوەیان کورد دەبن و نیوەکەی دیکەشیان تورک.

لەکاتی خانەنشین بوونی تورکەکان دەتوانرێ، کوردیان لەجێگای دابنرێت.

١١. لەمێژووی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەوە، هیچ باجێک وەک باجی شەڕ یا هەر شێوەو ناوێکی دیکەی هەبێ، وەرناگیرێ. هەموو ئەو پارانەی تا ئێستا وەرگیران لەمەودوا بەپێی بڕیاری دانانی دەزگای ئیداری دەستی بەسەر دادەگیرێو دانی باج لەساڵێکدا تەنیا یەک جار دەبێ، ئەو داهاتانەی دەبێ بدرێتە دەوڵەتی ئەنقەرە، لەلایەن کۆمیسیۆنێکی تێکەڵ لەنوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی ئەنقەرەو ئەنجومەنی نیشتمانی، دیاری دەکرێ.

١٢. بۆ پاراستی ئاسایش لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات، هێزێکی جەندرمە پێکدێ، ئەنجومەنی نیشتمانی کورد پێڕەوی نێوخۆی ئەم هێزە ڕێک دەخا، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ئەم هێزە بەشێوەیەکی سەرەکی تا بەستنی پەیمانی ئاشتی، بەئەستۆی لێپرسراوانی تورکەوە دەبێو لەگەڵ بەستنی پەیمانی ئاشتیدا، ئەوانەی لەئەندامانی ئەو هێزە، بیانەوێ، دەتوانن بگەڕێنەوە مەڵبەندی خۆیان.

١٣. ئەفسەرو سەربازانی کوردی نێو هێزی چەکداری تورکیا تا بەسترانی پەیمانی ئاشتی لەخزمەتی هێزی چەکداریدا دەبنو دوای ئەوەی ئەوانەی حەزیان لێبێ دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

١٤. دوای بەسترانی پەیمانی ئاشتی، دانی نرخی ئەو مەڕو ماڵاتو کەلوپەلانەی لەمیانەی شەڕی گشتیو دوای ئەوەی دەستیان بەسەر داگیراوە، یەکەمین کاری دەوڵەت دەبێو بەلایەنی زۆرەوە لەماوەی ساڵێکدا جێبەجێ دەکرێ.

١٥. لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردو ئیدارەکانی فەرمانداری گشتیو ئیدارەی دەوڵەتیدا تەنیا زمانی تورکی بەکاردەهێنرێو فەرمانداری گشتی دەتوانێ بەکارهێنانی ئەم زمانە پەرە پێبدا، بەمەرجێ ئەم کارە نەبێتە پێگەو بنچینەیەک لەزەمینەی ناسینی زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمیو دەوڵەتی.

١٦. ئەرکی سەرەتای ئەنجومەنی نیشتمانی کورد دامەزراندنی زانکۆیەک دەبێ کە کۆلیژی مافو پزیشکی تێدابێ.

١٧. ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بەبێ ڕەزامەندی فەرمانداری گشتیو ئاگاداری پێش وەختی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی ئەنقەرە، هیچ جۆرە باجێک دانانێ.

١٨. بەبێ ڕاوێژی پێش وەخت لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانی ئەنقەرەو دابینکردنی ڕەزامەندیەکەی، هیچ جۆرە ئیمتیازێک نادرێ.

**(لەم کورتەیەدا ئاشکرا بوو کە بۆچی نوێنەرانی کورد بەو جۆشو خرۆشەوە لەدژی ئەم پرۆژەیە ڕاوەستان)**

**دڵسۆزتان**
**هوراس ڕامبولد**
**کۆمیسەری باڵا**

لەپرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان ساڵی ١٩٩١ کە ئیمزا نەکرا لەنێوان سەرانی ڕژێمی پێشوو و بەرەی کوردستانیدا لە ماددەی دووەمدا و لەبڕگەی یەکەمدا (زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی، زمانی ڕەسمییە لە ناوچەکەدا و بەکاردەهێنرێت)، لێرەدا تەنیا باسی زمانی فەرمی دەکەین لەسەر کاغەز دەنا ڕژێمی پێشوو لە ١٩٦٨ تاوەکو ڕووخاندنی ٢٠٠٣ بەهەموو جۆرو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردی داوە. نووسراوێکی سەرکردایەتی ناوچەی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بە ژ١٧/ لە ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە بەمەبەستی نەهێشتنی خوێندن بەزمانی کوردی لەگشت قۆناغەکانی خوێندن لیژنەیەکی پێکهێناوە کە هەر هەموویان کوردنو لەم نووسراوە ئاماژە بەسەرکەوتنی هەنگاوی یەکەمینی ئەم لیژنەیە دەکات کە توانییان لەپارێزگای دهۆک (خوێندن بەزمانی کوردی نەمێنێت)و هەنگاوی دووەمیان نەهێشتنی خوێندن بەزمانی کوردی لەهەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانیو پلانیان داناوەو کە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩١- ١٩٩٢ نابێ خوێندن بەزمانی کوردی بمێنێت، بەڵام خۆڕاگری گەلی کوردستانو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئەم پلانە گڵاوەی لەڕەگو ڕیشەوە دەرهێناو لەو بەشەی کوردستان کە ئازاد کرابوو هەڵبژاردن ئەنجامدرا حکومەت دامەزراو تاکە قەوارەی هەڵبژێردراو بوو تاکو ڕووخانی سەدامو لەیاسای بەڕێوەبردنی وڵاتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوەی کە لە ٢٠٠٣/٣/١٥ دەرچوو لەماددەی نۆیەمیدا (زمانی عەرەبیو زمانی کوردی

هەردووكیان زمانی فەرمین لەعێراقو ڕەچاوی مافی نەتەوەكانی دیكەش دەكرێ) بەداخێكی زۆرو بەڕاشكاوی دەیڵێم خەمخۆرانە بەپلانێكی تۆكمە داڕێژراوی درێژخایەن ئەو بایەخو گرنگییەی دەبوایە بەزمانمان بدەین نەدرا بەڵكو یەكجار كەمتەرخەمو دەتوانم بڵێم خەم ساردین بۆیە گەرچی ١٩٩٢ تاكو ئەو نووسینە بەڕێكوپێكی زمانی كوردی لە سەرتاسەری كوردستانو بەڕەسمی (زمانی كوردی) بەكارنەهاتووەو نایەتو نموونەی هەرە زەقمان (پەرلەمانی كوردستانە) كە دەورەی یەكەمی كە سێزدە ساڵی خایاند هەر هەموو یاساو بڕیارەكانی هەمووی بەزمانی عەرەبی دەخوێنرایەوەو بڵاو دەكرایەوە (گەرچی بەناو زمانی كوردی ڕەسمییە)، بەڵام لەسەرەوەی بڕیارو یاساكان دەنووسرا (وێنەیەكی تەرجومەكراوی دەقە عەرەبییەكەیە)، واتە زمانی كوردی بەناو ڕەسمی بووە دەنا لە ڕاستیدا زمانی عەرەبی ڕەسمییە؟ بۆیە گفتوگۆكانی ناو هۆڵی پەرلەمان بەزمانی كوردی بوون بەڵام كە یاساو بڕیارەكان لە (وەقائع كوردستان) بڵاودەكرانەوە[٢١]. ئەوا (ئەساسو مرجع بۆ دڵنیابوون و یەكلاكردنەوەی هەر ماددەو بڕگەیەک (زمانی عەرەبی بوو)) چونكە كە یاساكانو بڕیارەكان لە پەرلەمان بڕیاریان لەسەر دەدا ئینجا دەقە عەرەبییەكەی دەدرایە (فەرمانبەرێک) كە دەرچووی یاسا نەبوو تاكو بەهزرو بیری خۆی بیكاتە زمانی كوردی، ئەمیش تاكو توانجو گلەییو گازاندەكان نەیەتە سەر، بەڵام كە دەورەی دووەم دەستی پێكرد (لە لیژنەی یاسایی جەختمان كرد) بەهەردوو زمانی (كوردیو عەرەبی بخوێنرێتەوە) ئەمیش دەستپێشخەرێكی مێژوویی لیژنەی یاسایی بوو هەر بەخۆشیان (لیژنەی یاسایی) یاساو بڕیارەكانیان لەزمانی عەرەبی دەكردە زمانی كوردیو پێشتریش هەڵەیەكی مێژووی یاساییان ئەنجامدا، كە یاساكە (یاسای بەڕێوەبردن هەر بەزمانی عەرەبی دەرچوو، بەڵكو دەبوایە بە هەردوو زمان پێكەوە، چاپو بڵاوبكرابوایەوە لە (وقائع العراقية[٢٢]). نەک دوای دوو ساڵ ئینجا بكرێتە (زمانی كوردی) خۆشبەختانە لیژنەی پشتیوانی لە پەرلەمانی كوردستان لەلیستی هاوپەیمانی كوردستان لە پەرلەمانی عێراقی توانییان پڕۆژەی دەستووری عێراق بكەنە زمانی كوردی كە لەلایەن un ملیۆنێكی بەچاپ گەیەنرا، ئەم بەڕێزانە ئەم هەڵوێستە كوردستانییەیان نواند:-

١. پارێزەر تاریق جامباز (پەرلەمانتاری كوردستان).
٢. پارێزەر كەریم بەحری برادۆستی (پەرلەمانتاری كوردستان).
٣. قادر سەعید (زانا ڕۆستایی) (پەرلەمانتاری كوردستان).
٤. كەرخی نەجمەددین ئاڵتی بەرماخ (پەرلەمانتاری كوردستان).

**پەراوێزەکان**

١. ئەدەبی نامە نووسینی کوردی ل ٣٦.
٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٦.
٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٦.
٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٢.
٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٠.
٦. گۆڤاری یاساپارێزی ژ١- ١٩٩٦ ل١١٧.
٧. ئەم بەڵگەیە لە ئەرشیفدا هەیە.
٨. گۆڤاری یاساپارێزی ژ٥- ٢٠٠٠ ل ١٥٨.
٩. گۆڤاری یاساپارێزی ژ٣- ٢٠٠٣ ل ١١٢- ١١٣.
١٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١١. المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية ص ١١٩.
١٢. گۆڤاری یاساپارێزی ژ١- ١٩٩٦ ل ١٢٠.
١٣. هەردوو بەڵگەنامە یەکەمینیان لە ئەرشیفمدا هەیە، دووەمیشیان دیاری برادەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو.
١٤. پوختەی یاساکە لە کتێبی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە ل ٢٦٧- ٢٦٨- ٢٦٩، بڵاوکراوەتەوە، وابزانین. پرۆژەی ئەم یاسایە لەژێر کارتێکردنی کۆنگرەی سیڤەر گفتوگۆی لەسەر کراوە.
١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٠- ٧١- ٧٢.
١٦. یاخیبوونو ناوو ناتۆرەی تریش لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان دراوەتە پاڵ شۆڕشەکانی گەلی کوردستان.
١٧. هەندێ کوردیان دژی یۆنانییەکان فریودا بەوەی زۆر بەڵێنی بریقەداریان پێدابوون، بەڵام کە سەرکەوتن بەسەر یۆنانییەکان ئەوان لە (بەڵێنەکانیان) پەشیمان بوونەوەو کەوتنە تواندنەوەی گەلی کوردستانی باکوور.
١٨. تۆمەتێکی ئامادەکراو بۆ هەر شۆڕشێکی کورد بەرپا بووبێ، ئەوا لەم جۆرە تۆمەتەیان دراونەتە پاڵ.
١٩. لە (٧٢) نوێنەرە کوردەکان (تاک و تەرایان) نەبێ دەنا وشیاری نەتەوایەتییان کزو لاواز بووە.
٢٠. دەقی بەڵگەنامەکە لە ڕۆژنامەی تەعریب بڵاوکراوەتەوە.
٢١. دەتوانن بۆ دڵنیابوون بگەڕێنەوە بۆ ژمارەکانی وەقائعی کوردستان بەتایبەت ژ٢و ژ٣...هتد.

٢٢. بەم دواییيە (وقائع العراقية) كرا بەزمانى كوردى و خۆزيا ياسا ناسەكان پێداچووبانەوە پێش چاپكردنى چونكە هەندێ وشە و دەستەواژەى ١٠٠٪ مەبەستى ياسايى ناگەيەنێت.

**سەرچاوە**


١. گەشەكردنى خوێندنى فەرمى لە ليواكانى كوردستانى عێراقدا (١٩٢١– ١٩٥٣) لێكۆڵينەوەيەكى مێژوويیە د. محەمەد عەبدوڵڵا كاكە سوور– هەولێر ٢٠٠١.
٢. المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية. فريد اسسرد/ سليمانية/ ٢٠٠٤.
٣. المجلس التأسيسي العراقي د.محمد مظفر الادهمي، الجزء الثاني ١٩٨٩/ بغداد..
٤. ئەدەبى نامە نووسينى كوردى جزئى (١) كەمال ڕەئووف محەمەد هەولێر– ٢٠٠٤.
٥. گۆڤارى ياساپارێزى ژ١– ١٩٩٦. سەرە قەڵەمانەى بوونى ياسا لەنێو گەلى كوردستاندا (تاريق جامباز).
٦. گۆڤارى ياساپارێزى ژ٣– ١٩٩٨كۆمسيۆنى قەزايى (قانوونى گشتى ١٩٨١– ١٩٩٢).
٧. گۆڤارى تەرازوو ژ٢– ١٩٩١. ياساى لەشكرى شۆڕشگێڕى كوردستان، (تاريق جامباز).
٨. گۆڤارى ياساپارێزى ژ٣– ٢٠٠٣. يەكەم دەستوورى عێراقى بەزمانى كوردى پێش ٧٧ ساڵ. پارێزەر/ تاريق جامباز.
٩. گۆڤارى پارێزەر ژ٦– ٢٠٠٣ زمانە فەرمييەكان لە دەستوورى كەنەداو سويسرا و بەلجيكا، پارێزەر تاريق جامباز.
١٠. گۆڤارى پارێزەر ژ٧– ٢٠٠٤ زمانە ڕەسمييەكان لەدەستوورى باشوورى ئەفريقى ساڵى ١٩٩٧و دەستوورى ئەفغانستان ٢٠٠٤دا پارێزەر تاريق جامباز.
١١. ڕاپەڕينى شێخ سەعيدى پيران (كوردستان ١٨٨٠– ١٩٢٥) ڕۆبەرت ئۆلسن وەرگێڕانى، ئەبوبەكر خۆشناو ١٩٩٩.

# زمان ناسنامەو بوونی نەتەوە دەسەلمێنێت ⁕

**هەر نەتەوەیەک زمانی خۆی بەخوێندنەوە و نووسین بەکار نەهێنێ، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیک و دووردا لەنێو گیانی نەتەوەیەکی دیکە بە ئارەزوومەندی یا بەناچاری دەتوێتەوە.**

## دەستپێک

لەم نووسینەدا تەنیا باسی ئەو لایەنە گرینگەی زمان دەکەین، کە لەهەندێ وڵاتانو هەرێمەکانیان لەچوارچێوەی یاسای تایبەتمەند دایانڕشتووە و لە دەستووریاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەز لایەنی زمانەوانی و ڕێزمان بۆ پسپۆڕو لێزانو شارەزایانی ئەم بوارە بەجێ دەهێڵینەوە.

لە بەراییدا پێناسەی یاسای زمان و زمانی یاسا دەکەین، چونکە جیاوازییان لەنێواندا هەیە.

**یاسای زمان**: گەر وڵات، نیشتمان، خاک (دایک) بێ، ئەوا زمان ناسنامەی نەتەوەکەیە (زمان گیانیەتی)، بۆیە پێویستی هەمیشەیی بە یاسای تایبەتی هەیە، بەمەرجێ لە هەموو ئاستو دامودەزگای حکومەت، بەتایبەتی لەگشت قۆناغەکانی خوێندن بەکاربهێنرێ.

**زمانی یاسا**: لە چوارچێوەیەکی یاسایی ئامێز دەبن، کە وشە، دەستەواژە و زاراوەکانی داڕشتنی تایبەتی دەوێ و زۆر بابەتی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێ، بەڵام شێوەو ناوەڕۆکی یاساییيە..

دەبا بزانین ژمارەی زمانەکان لەجیهاندا چەندن و نەتەوەکان چۆن بایەخ بەزمانەکانیان دەدەن، چونکە زمانیش گەر خەمخۆرێکی یەکجاری پێ نەدرێ، ئەوا دەشێ سستو لاواز و لەناو بچێ، بەتایبەتی لەسەردەمی جیهانگیری (ئەنتەرنێتو سەتەلایت)، کە هەندێ زمان بۆتە سەرپشکی زمانەکانی دیکەی دونیا، هەر بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی کە بۆتە زمانێکی سەرتاپای جیهان گەرچی زمانی دیکە هەیە، کە ژمارەی دانیشتوانی پترو فراوانترە، بەڵام هۆکاری ئابووریو بازرگانیو ئاسانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، بۆتە زمانی پلە یەکەمین لە دنیادا.

لەبارەی ژمارەی زمانەکان لەجیهاندا، دەتوانین بڵێین چەندین هەزار زمان هەن، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی زۆریان پیتی نووسینیان نییەو تەنیا

قسەی پێدەکەن، بۆیە هێدی هێدی بەرەو لەناوچوون دەچنو بەمردنی دوایین کەس کە قسە بە زمانەکە دەکات، ئەوا زمانەکەش لەناودەچێو لەپرۆسەی گۆڕانکاری کە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوەو ئامێری نوێ دێتە کایەوە و ئامێرە کۆنەکان باویان نامێنێو دەخرێنە مۆزەخانەکان، بۆ نموونە کشتوکاڵو مەڕومالاّتو ژیانی لادێو زۆر پیشەو کاری دەستیو...هتد. بۆیە زۆر وشە و دەستەواژە لەکار دەکەوێو هی دیکە شوێنیان دەگرێتەوە، نەتەوەکان بۆ پاراستنی زمانەکانیان (ئەکادیمیای زمانیان) هەیە کە فەرهەنگی سالاّنە دەردەچوێنو ئەو وشانە لەژیانی ڕۆژانەدا باویان نامێنێو دەخرێنە کۆتایی فەرهەنگی ئەوانەی گۆڕانکاری ژیان بەپێویستیان دەزانی بەکاربهێنرێن لە فەرهەنگەکە شوێنی خۆیان دەکەنەوەو بۆ دارشتنیان سوود لەتێکڕاو پێکڕای شێوەزاری زمانەکان وەردەگیرێو ئەو زمانانەی پیتی نووسینیان هەیە، ئەوانە تەمەنیان درێژترو مانەوەیان پتر دەبێ، و جیاوازی لەنێوان ئەوانەی قەوارەی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەوانەی لکێنراون بەسەر ولاّتاندا و لە سەرتاپای جیهاندا (١٠) زمانەو هەریەکەیان سەد (١٠٠) ملیۆن کەس پتر بەکاریان دەهێنن کە ئەمانەن: چینی (مانداریی)، عەرەبی، ئیسپانی، ئینگلیزی، بەنگالی، پورتگالی، ڕووسی، یابانی، ئەڵمانی، فەرەنسی) لە (un) شەش زمانی ڕەسمی هەیە (ئیسپانی، ئینگلیزی، ڕووسی، چینی، فەرەنسی، عەرەبی)، و زمانەکانی دیکەش لەم ژمارانە کەمتر بەکاردەهێنرێن، لەبارەی زمانی کوردیشەوە، بە ڕای دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی (چلەمین) زمانە لەجیهاندا، بەلاّم لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٢/٢٦) لە ئەنتەرنێت بۆ ساغکردنەوەی ئەم ڕێژەیە گەڕام، بۆم دەرکەوت کە زمانی کوردی (٢٦)ەمین زمانە لە دونیادا.

هۆکاری بلاّوبوونەوەی زمانەکانیش زۆرن: (داگیرکردن، بازرگانی، کۆچکردن، ئایین، ئابووری.... هتد) جا هەندێ ولاّت زمان وەکو کارتێکی گوشاری ئابووری بەکاردەهێنن، بۆ نموونە (جاک شیراک) کە سەرۆک کۆماری فەرەنسا بوو، پێشنیازێکی پێشکێش بە ولاّتانی فرانکفۆنی کرد، ئەوانە زمانی فەرەنسییان بۆتە زمانی سەرەکییان و ژمارەی ولاّتەکان ٣٦ ولاّتە کە فەرەنسا لە قەرزەکانیان خۆش دەبێ، بەمەرجێ (زمانی فەرەنسی) بەرفراوانتر لەزمانی ئینگلیزی بەکاربهێنن، دەبێ ئەوەیش بزانین کە زۆرینەی ولاّتانی دونیا یاسای زمانیان هەیە، سەرەڕای ئەوەی یاسای زمان لە هەرێم و کانتۆن و

ویلایەت و ناوچەکانیشیاندا هەیە، لەبەر بایەخو یەکسانی زمانەکانی دونیاش لە بەرشلۆنەی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٩٦ جاڕی گەردوونی مافەکانی زمانەوانی دەرچووە، (الاعلان العالمي للحقوق اللغوية)، کە لە ٥٢ مادده پێکدێت..

**لەبارەی یاسای زمانەوە، وڵاتان چوار بەشن:**

١. گەرچی لە دەستووریاندا باسی زمانی ڕەسمی نەکراوە، وەکو ئەمریکا کە دەستوورەکەی کۆنترین و کورتترین دەستوورە لەدونیا، کە لە ٧ مادده پێکدێتو ٢٧ جاریش هەموارکراوە، بەڵام لەچوار ویلایەتدا کە ژمارەیەکی زۆر ئیسپانی زمانی تیایە، کە ئەمانەن (کالیفۆرنیا، فلۆریدا، نیومەکسیکۆ، ئەریزۆنا) لەدەستووری ویلایەتەکانیش باسی زمان نەکراوە، بەڵام تابلۆی نووسینو مامەڵەی هاوڵاتیان لەدامو دەزگاکانی حکومەت بەدوو زمانە (ئینگلیزیو ئیسپانی) نووسراوەکانیش (نیوەی بەئینگلزیو نیوەی دیکەی بەئیسپانی) دەنووسرێن.

٢. لە دەستووریاندا یەک زمانو یەک نەتەوە هەیەو ئاماژەش بە زمانی نەتەوەکانی دیکە ناکەن، بەڵکو نکۆڵی لە بوونیشیان دەکەن بۆ نموونە (تورکیا، سووریا).

٣. لە دەستووریاندا زمانی سەرەکیو ڕەسمی یەکە و زمانەکانی دیکە لاوەکین، بۆ نموونە (لەدەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران) (زمانو خەتی نووسینی ڕەسمیو هاوبەشی ئێران فارسییە، دیکۆمێنتو نووسراو و دەقە ڕەسمییەکان، دەبێ بەم زمانەو نووسینە بێت، بەڵام سوود وەرگرتن لەزمانی لۆکاڵیو نەتەوەییەکانیش لە چاپەمەنیو ماس میدیاکانو باسکردنی ئەدەبیاتیاندا لە خوێندنگەکاندا لەتەک زمانی فارسی ئازادە)..

٤. لە دەستووری زمانەکان ماددەیان بۆ تەرخان کراوە، کە هەر هەموویان یەکسانن، بۆ نموونە لە سەرتاسەری هیندستان دوو زمانی ڕەسمی هەیە (هیندیو ئینگلیزی)، بەڵام لە ویلایەتەکانیدا ٢٢ زمانی ڕەسمی لەدەستووری هیندی دانی پیانراوە. لەباشووری ئەفریقیاش ١١ زمانی ڕەسمی هەیە، نەک نەتەوەکان ئازادن، کە بە زمانی خۆیان لە هەموو ئاستەکان بەکاربهێنن، بەڵکو ئایینەکانیش بە چ زمانێ هەبێ بواری بەکارهێنانیان هەیە. لە سویسراش چوار زمانی ڕەسمی هەیە (ئەڵمانیو ئیتاڵیو فەرەنسیو

ڕیتۆرۆمانیش) گەرچی زمانی ڕیتۆرۆمانیش لە ١٪ی دانیشتوان کەمترە، بەڵام زمانەکەیان ڕەسمییەو لەسەر بەڵگەنامەکانو تەنانەت لەسەر پارەش دەنووسرێ، هەروەها بەلژیکو پاکستانو کۆمیرۆس هەرزەگۆڤیناو قوبرسو مالیزیاو کیتسو نیفسو بۆرندیو جیبۆتیو... هتد، جگە لەوەی لە دەستووریاندا چەندین مادەیان بۆ زمانەکان تەرخان کردووە، بەهێندەوە نەوەستان، بەڵکو یاسای زمانە فەرمییەکانیشیان دەرچوواندووە، بۆ نموونە لە هەرێمی کیبیکی وڵاتی کەنەدا چوار یاسای زمانی فەرمی تیا دەرچووە، هەروەها لە هەرێمی باسک و کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا کە یاسای زمانی فەرمییان هەیە، هەروەها لە سکۆتلەندا و وێڵز لە بریتانیا یاسای زمانی فەرمییان هەیە، دەبا بپرسین و بزانین ڕێژەی زمانەکان لەهەندێ وڵات چەندە، تاکو زمانەکانیان فەرمی بن؟

لە وڵاتانی فرەزمان دوو نموونە دەهێنمەوە:

**یەک**: بەلژیک، یاسای زمانی ساڵی ١٩٩٣

أ- زمانی هۆڵەندی ٥٩٪

ب- زمانی فەرەنسی ٤٠٪

ج- زمانی ئەڵمانی ١٪

**دوو**: سویسرا، یاسای زمانی ساڵی ١٩٩٨

أ- زمانی ئەڵمانی ٧١٪

ب- زمانی فەرەنسی ١٩٪

ج- زمانی ئیتاڵی ٩٪

د- زمانی ڕیتورۆمانیش کەمترە لە ١٪.

نموونەیەکی دیار بۆ یەکسانی لەنێوان نەتەوەکانی سویسرا نموونەی ساڵی ٢٠٠٧ دەهێنینەوە:-

**بە وەزیری داد هەڵبژێردرا، گەرچی سەر بە نەتەوەیەکە، ڕێژەیان لە سویسرا لە ١٪ کەمترە**

ئەو وڵاتانەی دیموکراتیی تەوافقیان تیادا بەرقەرارە، سویسرا یەکێکە لەو وڵاتانە کە بەتەواوی مافی مرۆڤ و دیموکراتیی تەواو دەنگ و ڕەنگی داوەتەوەو پێکهاتەکانی ٧١٪ جەرمانین (ئەڵمانین)و ١٩٪ فەرەنسینو ٩٪ ئیتاڵینو ١٪ کەمتر ڕیتورۆمانیشن، پێویستە هەموو وەزیرو پەلەمانتارەکان

سێ زمان (ئەڵمانیو فەرەنسیو ئیتالی) بە نووسین و خوێندنەوە بزانن، دەنا ئەم دوو پۆستە وەرناگرن، سویسرا حەوت وەزیری هەیە، کە بەنۆرە دەبنە سەرۆکی سویسرا و تەنیا بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێ دەکاتو ساڵی (٢٠٠٧) وەزیری پێشووی وەزارەتی داد (بروخا) کە سەر بە نەتەوەی ئەڵمانە و ڕێژەیان ٧١٪ واتە گەورەترین نەتەوەیە لە سویسراو چەندەها شێوەزاریان هەیە (زیورخو بیرنو... هتد) دەتوانرێت لە هەموو بوارەکاندا قسەی پێ بکرێت، تاکو پەرلەمانەکانیشیان مەبەستم پەرلەمانی فیدڕالو کانتۆنەکانە بەکاری دەهێنن، بەڵام لە هەڵبژاردنەکاندا (ئەفلین ستۆن) کە سەر بە نەتەوەی (ریتۆ ڕۆمانیش)ە، بردییەوەو بووە بە وەزیری داد، کە لە حزبی گەلی سویسرا کار دەکات. ئەمە دیموکراتیی تەوافوقییە، (زۆرینەو کەمینە) لەئارادا نییە، بەڵکو هەموویان هاوبەشن و یەکسانن، ئەوەی بەچاوێکی کەمو نزم باسی زمانە فەرمییەکانی سویسرا بکات، ئەوا دەدرێتە دادگا و بەتۆمەتی (ڕەگەزپەرستی) تاوانبار دەکرێ و سزا دەدرێ.

لە هیندستانیش دەستوورەکە پێی دەوترێ دەستووری زمانەکان، چونکە هێندە بایەخو گرنگییان بە زمان داوە دوای داڕشتنی دەستووری هیندستان ١٩٤٩، یەکەمین سستەم کە دانرا بۆ (زمانەکان بوو)و سنووری ویلایەتەکانی بچووکتر یا گەورەتر دەکرێنەوە بەگوێرەی پەرەپێدانو بڵاوبوونەوەو بەرتەسکبوونەوەیان، بۆیە ژمارەی زمانەکان لە ١٤ کرا بە ١٨و دواتریش بە ٢٢ زمانی فەرمی.

گەر باسی زمانی کوردی بکەین لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە، ئەوا هەر چواریان زۆرینەی دانیشتوانیان موسڵمانن (کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا، کۆماری عێراق و سووریا)، لێرەدا دەپرسین جگە لە بەشێکی عێراق، کە لە دەستووری کۆماری عێراق لە ماددەی چوارەمیدا ناوی زمانی (عەرەبیو کوردی) بە دوو زمانی فەرمی هاتووە، بەڵام لەبەر نەبوونی یاسای زمان و ڕاهاتنی زۆرینە لەیەک زمانو یەک نەتەوە، زەحمەتە هەردوو زمانەکان بە یەکسانی بەکاربهێنرێ و گەر باسی وڵاتانی دیکە بکەین، گەر بڵێین موسڵمانین، دەڵێم گەرچی ژمارەی موسڵمانانی جیهان (ملیارێکو نیوە) و ژمارەی عەرەب ٣٠٠ ملیۆنە، واتە ڕێژەیان لەتێکڕاو پێکڕای موسڵمانان ٢٠٪ ە، بەڵام ٨٠٪ ی دیکەیان غەیرە عەرەبن، گەرچی توندڕەوانی عەرەب

بەهەڵەداچوون، کە وا دەزانن یان تێگەیشتوون کە ئەوەی بووە موسڵمان دەبێتە عەرەب، چونکە ئەمە پێچەوانەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر بێ):

**١- ئایەتەکان**

١.(وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاْخْتِلاَفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَنِكُم إِنَّ في ذَلِكَ لأَياتٍ لِلّعَالَمِن). سورەتی (الروم) ئایەتی (٢٢).

٢.(وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إلاَ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ). سورەتی (ابراهیم) ئایەتی (٤).

٣.(حتَّى إِذَا بَلَغَ بَيْنَ السَّدَّيْنِ وَجَدَ مِنْ دُنِهِمَا قَوماً لا يَكادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلاً). سورەتی (الكهف) ئایەتی (٩٣).

٤.(يَا أيّها النَّاسُ إنَا خَلَقنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وأنثى وجَعَلْنَاكُمْ شُعوُباً وقَبَائِلَ لِتَعَارَفوا إن أكْرَمَكُمْ عند اللهِ أتقاكم). سورەتی (الحجرات) ئایەتی (١٣).

**فەرموودەکە**

(ما منكم من أحد يوم القيامة إلا ويكلمه ربه بلغته من غير ترجمان)

نازانین بە چ پێوەرێک لە ڕێکخراوەی کۆنگرەی ئیسلامی کە لە (٥٧) وڵات پێکدێت، تاقە زمانی ڕەسمی زمانی عەرەبییە و دەتوانرێ بۆ بەجێگەیاندنی کاروباری پێویستی ڕێکخراوەکە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەکاربهێنرێ، دەپرسین بۆچ زمانەکانی دیکەی موسڵمانان نکۆڵی یا فەرامۆش دەکرێ؟.

**د. محەمەد گەزنەیی لەم بارەوە دەفەرموێ:-**

(لەبارەی پیرۆزیی زمان لە ئاییندا هەموو زمانەکان وەکو یەکترن، چونکە ئایین لەلایەن خواوە هاتووەو سوودی گشتی لەدنیاو قیامەتدا نەک بۆ بەرزکردنەوەی نەتەوەیەک یا سووککردنی نەتەوەیەک، چونکە هەموو نەتەوەکان، خوا دروستی کردوون، و ئەندامەکانی هەمووان بەندەی خوان. هیچ ئاماژەیەک لە قورئاندا نییە لەسەر پیرۆزی زمانی عەرەبی، هەروەها هیچ فەرموودەیەکی پێغەمبەر نییە لەم بارەیەوە، بەڵکو هەندێ فەرموودەی هەڵبەستراو هەنە و ئەم فەرموودانە هەڵبەستراون، بۆ ئەوەی هانی خەڵک بدەن بۆ فێربوونی زمان و ڕێزمانی عەرەبی، یانی مەبەستمان سووکایەتی نەبووە بە زمانەکانی تری نەتەوەکانی تر، بەڵام بەم دواییە هەندێ کەسی ڕەگەزپەرست

ئیستغلالی ئەو فەرمووده هەڵبەستراوەیان کردووە بۆ مەبەستێکی سیاسی).

**پیاوێکی ئایینی لە هەرێمی کیبێک لە کەنەدا دەڵێت:** زمان لە ئیمانداییە و ئەوەی زمانی خۆش نەوێ ئیمانی نییە.

لە یەکێتی ئەوروپی تا نووکە (٢٧) ئەندامی هەیە، بەڵام (٢٣) زمانی فەرمی تیا بەکاردەهێنرێ، هەروەها هەرێمو کانتۆنو ویلایەتەکانیشیان دەتوانن داوای بەکارهێنانی زمانەکانیان بکەن. لە سەرتاپای جیهان لە ١٣٠ سەدو سی وڵات یاسای زمانیان هەیە بەڵام بەگوێرەی سیستمی وڵاتەوە لەتاکە زمان بۆ فرەزمان جیاوازی لە جێبەجێکردنیاندا هەیە.

**تورکیا و زمانی کوردی:-**

ئەو وڵاتانەی هەر تاکە زمانی حوکمڕانی پەیڕەو دەکەن و زمانی نەتەوەکانی دیکە یاساغ و قەدەغە دەکەن، چونکە بەبڤەی دەزانن، تا ئەو ڕادەیەی ئەوانەی داواشی دەکەن، سزای یاسایی دەدرێن، باشترین نموونەش گەرچی کەناڵی ئاسمانی TRT6 لە تورکیا بەزمانی کوردی پەخش دەکرێ، بەڵام کە سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر بە بۆنەی جەژنی نەورۆز بروسکەیەکی پیرۆزبایی بەزمانی تورکی و بە زمانی کوردی نووسی و بۆ کەسایەتییەکانی دەسەڵاتداری نارد و وا دانرا کە (تاوانی) کرد، بۆیە درا بە دادگاو سێ ساڵ حوکمدرا، بەڵام لەبەر پاڵەپەستۆی یەکێتی ئەوروپا حوکمەکەیان هەڵوەشاندەوە، لە تورکیا زمانی تورکی بە زمانی ڕۆژ دادەنێن، دیارە زمانەکانی دیکەش زمانی شەون (سومبلی ئەو بوارەش دکتۆری تورکزمان ئیسماعیل بێشکچی)، ئەو کەڵەمێردە، بوێرانە چەندین ساڵە کە ئەوسا (١٩٦٢) کەس نەدەوێرا باسی زمانی کوردی بکات، ئەو نەک باسی دەکرد، بەڵکو داکۆکێکی هەمیشەیی لێ کردووە، بۆیە چەندین جاریش دادگایی کراوە و سزای زیندانی و غەرامەی بەسەردا سەپێنراوە، کتێبەکانی سەرجەمیان هێندە زۆرن، کە لە پێنج بەرگی گەورەدا چاپ کراون، خۆزیا دەکرانە زمانی کوردی، تاکو هەڵوێستی ئەم کەڵە مرۆڤە بۆ ڕۆشنبیری نەتەوەکانی دیکە بەدەرکەوێ، کە نکۆڵی لە زمانەکانی تر دەکەن.

**٢- یاسای زمانە فەرمییەکان**

گەرچی لە عێراق ساڵی ١٩٣١ یاسای ژ ٧٤ (قانون اللغات المحلية)

دەرچوو، بەڵام بەتەواوی و ڕێکوپێکی جێبەجێ نەکرا، چونکە دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمییەکان لەو وڵاتانەی یاساکەیان تیا هەیە، ئەوا لە هەموو ئاستێکدا بەیەکسانی گشت زمانەکان لەتێکڕاو پێکڕای بوارەکان بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە گەرچی زمانی ڕیتۆرۆمانیش ژمارەیان لە (٥٠) هەزار کەس تێپەڕ ناکات، بەڵام لەتەک زمانی ئەڵمانیو ئیتاڵیو فەرەنسی لە دەستووری سویسرا هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیموکراتییەتی تەوافقییە، کە هەمووان یەکسانو هاوبەشن.

لە کۆنگرەی دەیەمی یاسای زمانیش کە لە ئیرلەندا ساڵی ٢٠٠٦ بەسترا، سێ زمان لە کۆنگرەکەدا زمانی ڕەسمی بوون (ئینگلیزیو فەرەنسیو ئایرش)، کە ئەوەی دوایی ناوی زمانی ئیرلەندییەکانە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، چۆن چۆنی زمانە فەرمییەکان بەیەکسانی جێبەجێ دەکرێن؟ لە سەرەتادا دەبێ ئەوە بزانین کە هەندێ زمان لە سەرتاسەری وڵات بەکاردەهێنرێن، وەکو زمانی هیندی و ئینگلیزی، لە هیندستان کە دوو زمانی پەیوەندییەکانو ڕەسمی وڵاتەکەن، بەڵام ویلایەتەکانی هیندستان ٢٢ زمانیان تیا فەرمییەو جیاوازیش لە ویلایەتێک بۆ ویلایەتێکی دیکە هەیە، لەهەندێکیان دوو زمان یا سێ زمانی فەرمی تێدایە، دەستووری هیندستان درێژترین دەستوورە لە دونیادا کە لە ٣٩٥ ماددەو ١٥ پاشکۆ پێکدێتو چەندین ماددە بۆ زمانە فەرمییەکان تەرخان کراوە.

**کەنەدا و هەرێمی کیبێک**

لەبارەی زمانەوە، ئەوا دانیشتوانی کەنەدا ٦٠٪ بە زمانی ئینگلیزی و ٢٤٪ بە زمانی فەرەنسی و ١٦٪ بەزمانەکانی دیکە دەدوێن، بەڵام لە هەرێمی کیبێک تایبەتمەندی خۆی لە کەنەدا هەیە، چونکە ٨٣ بە زمانی فەرەنسی و ١٤٪ بە زمانی ئینگلیزی و ٣٪ بەزمانی دیکە دەئاخڤن و کەنەدا لە ساڵی ١٨٦٧ بۆتە وڵاتێکی فیدراڵیو یەکەمین یاسای زمانی بەناوی یاسای (لافرین) لە ساڵی ١٩١٠ لە کیبێک دەرچواندووە، کە دەبێ بلیتی شەمەندەفەر و پاس بە هەردوو زمانی (فەرەنسیو ئینگلیزی) بێت، چونکە پێشتر لە ساڵی ١٩٤٥ هەر بەزمانی ئینگلیزی بوو و ساڵی ١٩٣٧ یاسایێکی دیکەی زمان، هەروەها ساڵی ١٩٧٧ یاسای زمانی فەرەنسی کە لە یاساکەدا هاتووە زمانی فەڕەنسی زمانی

حکومەتو یاسا و کار و خوێندن و پەیوەندییەکانو بازرگانی و کاری ڕۆژانە دەبێ و یاسای زمانی فەرەنسی ١٩٩٣ دەرچوو، کە پێویستە نووسینی سەر فەرمانگەو شوێنەکانی دیکە بە زمانی فەرەنسی دوو بەقەد زمانی ئینگلیزی بێ، بۆ ئەم مەبەستەش پۆلیسی زمان هەیە تاکو بزانرێ نووسینەکان بەگوێرەی یاسای زمان جێبەجێ دەکرێن، بەڵام ئینگلیزەکان ناڕازی بوون، بۆیە داوایەکیان لەم بارەوە بۆ دادگای فیدراڵی بەرز کردەوە، لەوەڵامدا دادگای فیدراڵی بەمافێکی ڕەوای فەرەنسییەکانی زانیو هۆکارەکەشی لەم خاڵانەدا چڕکردەوە:-

١- لەبەرئەوەی ڕێژەی منداڵبوونی فەرەنسییەکان لە کیبێک لەچاو هەرێمەکانی دیکە کەمترە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیان زۆر زیاد نەکات.

٢- لەبەرئەوەی لەدەرەوەی کیبێک لە کەنەدا ژمارەی فەرەنسییەکان کەمە و لەنێو زۆرینەدا دەتوێنەوە.

٣- لەبەرئەوەی ئەوانەی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن لەکەرتی ئابووری زۆرترو باڵادەستترن.

نەک زمانی فەرەنسی تەنیا لە هەرێمی کیبێک، بەڵکو لە سەرتاسەری کەنەدا بەکاردەهێنرێ، سەرەڕای دەستووری کەنەدا ئەوا یاسای زمانە فەرمییەکانی ساڵی ١٩٨٨ لە کەنەدا بەهەردوو زمانی فەرمی لاپەڕەیەک کراوە بەدوو بەش نیوەی بەزمانی ئینگلیزیو نیوەی تری بەزمانی فەرەنسییە، یاسایەکە لە ١١٠ ماددە پێک دێت و لە هەموو ئاست و بوارێکدا، هەردوو زمان یەکسانن و زۆربە وردی و قووڵی چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەستنیشان کراوەو لە دەستووری کەنەداش لەماددەی ٥٧ هەردوو زمان (ئینگلیزیو فەرەنسی) زمانی فەرمین لە وڵاتەکەداو ئەو وڵاتانەی فیدراڵی فرەزمانن، ئەوا کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکانیان هەیە بۆ چاودێری و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای زمان و ئەوانەی سەرپێچی بکەن بەیاسا سزا دەدرێن، هەر بۆ نموونە لە هەرێمی کیبێک لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٤ ئەوا ئەو کۆمیسیۆنە (٧٠٢) داوای دژی کۆمپانیاو چێشتخانەکان بەرزکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی زمانی فەرەنسییان لەتەک زمانی ئینگلیزی بەکارنەهێناوە، بۆیە سزای یاسایی دراون.

ئەو وڵاتانەی فرەزمانن بڕە پارەیەکی باشیش لە بودجە بۆ جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان تەرخان دەکەن، هەمیشەو بەردەوامی لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانەکان دەکرێت و دەستنیشانی چارەسەری گونجاو و لەکاتی

خۆیدا دەبێ هەبێ.

دەبا بزانین زمانی کوردی چ وەختێ بۆتە زمانی ڕەسمی لە کوردستانو عێراقدا:

ئەوەی بۆم ساغ بۆتەوە زمانی ڕەسمی لە بەشێکی کوردستان لەسەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمودی حەفید بووە، جاری یەکەم کە لە ١٩١٨/١١/١٥ تاکو ١٩١٩/٦/١٩ هەر دوای دوازدە ڕۆژ لەحوکمڕانیدا، بڕیاردرا زمانی حکومەتەکەی زمانی کوردی بێت (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١).

لەنێو پەرلەمانی تورکیا (١٩٢٢) پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە لە (١٩) خاڵ پێکهاتووە، قسەی لەسەر کراو باسی زمانی کوردی تیا هاتووەو ٧٢ پەرلەمانتاری کورد بوون، بەڵام دواتر لە ١٩٢٤ زمانی کوردی قەدەغە کرا.

لە کۆماری کوردستان زمانی کوردی زمانی ڕەسمی کۆمارەکە بوو، بەڵام دوای لەناوبردنی کۆمارەکە زمانی کوردیش لە ئێران قەدەغە کرا.

گەرچی لە دەستوورەکانی کاتی عێراق دوای شەستەکان زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی لەو شوێنانەی کورد زۆرینەن زمانی ڕەسمی بوو بەڵام هەر لەسەر کاغەز مایەوەو ئەویش جێبەجێ نەکرا.

لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتنامەی ١١ ئادار و دواتر یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ١٩٧٤ ڕاگەیانران گەرچی زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی بەڕەسمی لە ناوچەی کوردستان دانراو بڕیاردرا کە زمانی کوردی لە سەرتاسەری عێراق بخوێندرێو خوێندنیش بەزمانی کوردی تاکو قۆناغی ئامادەیی درێژەی پێدرا ئەمەش بەردەوام بوو تاکو پیلانی شوومی ٦ی ئاداری جەزائیر ١٩٧٥، دواتر ڕژێم لەو شوێنانەی جگە لە ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی نەبێ، ئەوا خوێندنی بەزمانی کوردی تیا نەهێشتو لەپلانیدا بوو، تاکو ١٩٩٠-١٩٩١ زمانی کوردی لەهیچ قۆناغێکی خوێندن نەهێڵێ بەڵام ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئەم پلانەو هەموو پلانەکانی دیکەی لەگۆڕنان بەئەنفالی زمانیشەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری یاساپارێزی بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە ٢٠٠٠/٣/١٦ سەردانی وەزیری دادیان کرد و داوایان لێ کرد، کە ماددەی پێنجەم لەدەسەڵاتی دادوەری جێبەجێ بکات (زمان لە دادگاکاندا کوردی دەبێ، بەڵام دادگا بۆی هەیە بەهۆی وەرگێڕەوە دوای سوێنددان گوێ لەقسەی دژکاران «الخصوم» و شایەتەکانی بگرێ).

دواتر فەرمانی وەزاری دەرچوو بۆ بەجێگەیاندنی، ئەم ماددەیە بەڵام کەسانێک هەبوون نە هەوڵی کوردانندنی یاسایان دەدا و نەیاندەهێشت جێبەجێ بکرێ چونکە ڕاهاتبوون لەسەر بەکارهێنانی زمانی عەرەبی، بەڵام بەڕێز دادوەر (ڕەشید عەبدولقادر سەلیم) سەرۆکی دادگای تەمیزی کوردستان لەم بارەوە ئەم پێشنیازانەی بۆ جێبەجێکردنی کوردانندنی یاسا پێشکێش کردووە:-

**مقترحات**

١- الايعاز الى المجمع العلمي لتشكيل لجنة من الخبراء المتخصصين في مجالات القانون واللغة الكوردية واللغة العربية لغرض مهام القيام باعداد ترجمة موحدة للمصطلحات القانونية عامة الى اللغة الكوردية.

٢- ان تكون هذا المصطلحات واجبة التطبيق وملزمة لجميع الجهات الرسمية وغيرها وذلك لوحدة المصدر والجهة المختصة تحاشيها من تعدد المصادر وقيام كل جهة بوضع المصطلحات حسب اهوائها.

٣- ترجمة القوانين العربية السائدة في محاكم الاقليم من قبل المجمع اللغوي لتسهيل تطبيقها وتوحيد تفسيرها مع الاخذ بنظر الاعتبار المنهجين السورانية والبادينية.

٤- جعل الدراسة في كلية القانون باللغة الكوردية بعد وضع المصطلحات الكوردية من قبل المجمع اللغوي كأول خطوة مستقبلية لتهيئة الكوادر اللازمة لتعيين الحكام والموظفين الحقوقيين مع العرض ان المصطلحات القانونية الموجودة هي نتاج مئات السنين ومنذ أول بعثة عربية مصرية ارسله محمد علي باشا الكبير الى فرنسا لدراسة القانون وان لعامل الزمن والاستمرارية لهما دور اساسي لترسيخ والتعامل بالمصطلحات القانونية.

٥- تأجيل تنفيذ الامر الوزاري لحين تطبيق المقترحات المذكورة اعلاه بصورة كاملة.

**رشيد عبدالقادر سليم**

**سەرۆکی دادگای تەمیزی کوردستان**

له ساڵی ۲۰۰۵ شاندی پەرلەمانتارانی پەرلەمان کە لە (دە) پەرلەمانتار بۆ پشتیوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەکۆمەڵەی نیشتمانی عێراق پێک هات، بەڵام ئەوانەی تاکو دوا ساتەکانی دارشتن‌و نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری کۆماری عێراق ۲۰۰۵ بەشدارییان کردو لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو (دکتۆر فوئاد مەعسووم، دکتۆر بەرهەم سالح، دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس، پارێزەر فرسەت ئەحمەد، پارێزەر تاریق جامباز) و دوای تەواوبوونی پڕۆژەی دەستووری کۆماری عێراق پێشنیازی (سەرۆکی کوردستانم) کرد کە دەستوورەکە لەتەک زمانی عەرەبی بەزمانی کوردیش چاپو بڵاوبکرێتەوەو ئەزو پارێزەر کەریم بەحری‌و پارێزەر زانا ڕۆستایی‌و مامۆستا کەرخی ئالتی بەرماخ بەچوار قۆڵی کردوومانە بەزمانی کوردی‌و مامۆستا مەجید ئاسنگەر پێداچۆوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەیاوەری دکتۆر حسێن بالیسانی‌و پارێزەر کەریم بەحری سەردانی UNمان کرد و کە باسی وەرگێڕاوە کوردییەکەمان کرد، ئامادەییان دەربڕی کە چاپو بڵاوی بکەنەوە، بەڵام دەبێ بەنووسراوی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی بۆیان بنێردرێت‌و خۆشبەختانە دکتۆر حسێن بالیسانی ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق‌و بڕیاردەری پڕۆژەی دەستووری کۆماری عێراق بوو بەهەشت ئیمزای دیکەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق ڕەوانەی un کراو ئەوسا ۹۵۰ نۆسەدو پەنجا هەزار دانەی بەزمانی کوردی چاپو بڵاوکرایەوە و ئەمەشیان یەکەمین جارە دەستووری عێراق لەیەک کاتدا بەهەردوو زمانی عەرەبی‌و کوردی چاپو بڵاوبکرێتەوە، چونکە یاسا هەڵسووڕانی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (۲۰۰٤) هەر تەنیا بە زمانی عەرەبی دەرچوو دواتر کرا بەزمانی کوردی، هەروەها دەستوورەکە دەستووری کۆماری عێراق (۲۰۰۵) بەزمانی تورکمانی‌و سریانیش هەریەکەیان (۱٥۰) سەدوپەنجا هەزار دانەیان لێ چاپو بڵاوکرایەوەو بە زمانی عەرەبیش ۳,۷٥۰ سێ ملیۆن‌و حەوتسەدو پەنجا هەزار دانە، واتە بەهەر چوار زمان (عەرەبی‌و کوردی‌و تورکمانی‌و سریانی) پێنج ملیۆن دانەی چاپو بڵاوکرایەوە لێرەدا دەقی ماددەی چوارەم لەدەستووری کۆماری عێراق ۲۰۰۵ بڵاودەکەینەوە:

**ماددەی (٤)**

**یەکەم**: زمانی عەرەبیو کوردی دوو زمانی فەرمین لەعێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لەفێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی (ط. ج) لەدەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بەهەر زمانێکی دیکە لەدەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

**دووەم**: سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاری دەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم ماددەیەش بەیاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بەهەردوو زمان.

ب- قسەکردنو وتووێژو دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا بەهەریەک لەدوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیرانو دادگاکانو کۆنگرە فەرمییەکان.

ج- داننان بەبەڵگەنامە فەرمییەکانو ئاڵوگۆڕکردنی نامەو دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بەهەردوو زمان.

د- کردنەوەی قوتابخانە بەهەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردەییەکان.

هـ- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارەو پەساپۆرتو پوول.

**سێیەم**: دام و دەزگا فیدرالییە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

**چوارەم**: زمانی تورکمانیو سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیداریانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

**پێنجەم**: هەر هەرێمو پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە راپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.

لێرەدا دەپرسین بۆچ ماددەی چوارەم لەدەستووری کۆماری عێراق لەبارەی زمانە فەرمییەکان جێبەجێ ناکرێو تا چەند ئۆبالّی لەئەستۆی خۆماندایە؟

دووپاتی دەکەمەوە کە زمان گیانی نەتەوەیە چونکە ناسنامەو پێناسەی کەسایەتییەتی، بۆیە نەتەوەکان بایەخو گرنگییەکی یەکجار بەزمانەکانیان دەدەن، لەم بوارەدا هەمووومان کەمتەرخەمینو هەر یەکەمان لەئاستی ئەو

بەرپرسیاریەتییەی دەکەوێتە ئەستۆمان، چونکە ئەرکێکی دیرۆکیی مەزنو بەرزە، بۆیە دەپرسین بۆچ هەر لە ١٩٩٢- ٢٠١٠ یاسای زمانە فەرمییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەرنەچووە، بەندە لەم بارەوە پێشنیازێکی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسی، ئەوانیش ناردوویانە لیژنەی کاروباری یاسایی‌و منیش ئەندام بووم لە لیژنەی ناوبراو ئەوانیش منیان ڕاسپارد، کە پرۆژەیاساییێک گەڵاڵە بکەم‌و ئامادەم کرد و نوکە لەئەرشیفی لیژنەی کاروباری یاساییدایە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەبارەی سیستمی فیدراڵی لە هەولێر بەسترا، منیش باسێکم بەناونیشانی (چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددەی چوارەم لەدەستووری کۆماری عێراقدا) پێشکێش کرد و لەنێو باسەکەدا پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لەکۆماری عێراق ئامادە کرابوو و هەر لەوێ دانەیەکم بەزمانی کوردی‌و عەرەبی دا بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێز (خالید عەتیە)و هەروەها چەندین ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، تاکو ئیمرۆش بەداخەوە نەخراوەتە بەرنامەی کاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە دەبێ فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامی بدەن. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢).

دەمانتوانی هەر لە ساڵی ١٩٩٢ ئامادەکاری بکەین تاکو زمانی کوردی لە هەموو ئاستو بوارەکان بەڕێکوپێکی بەکار بهێنرێ ئەوا دەبوایە هەموو وشەو دەستەواژەو شێوەزارەکانی زمانی کوردیمان کۆکرابایەوەو ئەکادیمیای زمانی کوردی کە لە دەرچووانی زانستی زمان پێک هاتبایە وێڕای زمانزان‌و یاساناسەکان تاکو لایەنی زمانەوانی وەکو نەتەوەکانی دیکە بەپلان کاری بۆ ئەنجام بدرێ و ئەوەی لە هەرێمی (باسک) لەئیسپانیا نیشتەجێ بێ دەبێ زمانەکەیان بۆ نووسین‌و خوێندن بزانێ‌و لە ئایسلندا ئەوەی هەرسێ زمانی ئەوێ نەزانێ کاری پێ نادرێ، واتە دانامەزرێ‌و لە وڵاتان وڵاتنامە (جنسیة) نادرێتە کەس، تاکو لەتاقیکردنەوەی زمان دەرنەچێ‌و لای ئێمە پێچەوانەی هەموو جیهان ئەوەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوا لەهەر چ قۆناغێکی خوێندندا بێ سێ ساڵ لەتاقیکردنەوەی زمانی کوردی دەبووردرێ. وەکو نەتەوەکانی دیکە پێویستیمان بەقاموسی ساڵانەی میللی هەیە کە لەلایەن ئەکادیمیای زمانی کوردی دابنرێ‌و ئەم کارەش دە ساڵی گەرەکەو دەمانتوانی لە ١٩٩٢ دەست پێبکەین کە تا ئێستا ئەنجام درابوو.

دەبوایە لە ١٩٩٢ ئەو شاندانەی دەچنە دەرەوە یا ئەوانەی دێنە کوردستان بۆ وەرگێڕان لەو زمان بۆ کوردیو لەکوردی بۆ ئەو زمان (وەرگێڕی ڕاستەوخۆ) ئامادە بکرایەو لە دەسەڵاتەکاندا (پەرلەمانو جێبەجێکردنو دادوەری) شوێنی تایبەتمەند بۆ وەرگێڕان بە نوێترین ئامێری سەردەم تەرخان بکریێو بە مایک گوێ بیستی ئەو زمانەبێ کە دەیزانیو تێدەگات.

کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە سیراکۆزای ئیتاڵی بۆ پراکتیزەکردنی فیدراڵی لەعێراقدا (٢٠٠٥) سازکردو زمان لەکۆنگرەکە لە عەرەبی بۆ ئیتاڵی لەئیتاڵی بۆ عەرەبی بوو، بۆیە داواکارییێکم بە نووسین پێشکێش بەرێکخەرو سەرپەرشتی کۆنگرەکەم کرد کە بۆچ زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی کە ماددەیەکی دەستووری عێراقە لەکاروباری کۆنگرە ئەنجام نادریێو لەبەر نەبوونی وەرگێڕ بەزمانی کوردی نەتوانرا داواکارییەکەم جێبەجێ بکرێ.

بەڵام لە گەڕانەوەماندا لە عەممانی پایتەختی ئوردن چاوم بە شاندێکی ژنانی کوردستان کەوت کە بەشدارییان لەکۆنگرەی ژنانی عەرەبی دەکردو شاندەکە لەنێو کۆنگرەکە داوایان کردبوو، کە زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی بەکاربهێنرێ، چونکە مافێکی دەستوورییەو لەعێراق دوو زمانی ڕەسمی هەیە. سەرۆکایەتی کۆنگرە لەسەرەتا قایل نەبوون، بۆیە شاندەکەی ژنانی کوردستان هۆڵەکەیان بەجێهێشتبوو، بەڵام هێندەی پێنەچوو سەرۆکایەتی کۆنگرە قایل بوون کە هەردوو زمان عەرەبیو کوردی لەنێو کۆنگرەکە بەکاربهێنرێ.

لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشداری شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بەفەرمی سەردانی ئەڵمانیامان کردو لەڕێگەی فرۆکەخانە بەرەو شوێنی حەسانەوە باسی ئەوەم کرد کە بۆچ زمانی کوردی فەرامۆش کراوە گەرچی لەعێراق دوو زمانی ڕەسمی عەرەبیو کوردی هەنو نازانین بۆچ تەنیا وەرگێڕان لەزمانی عەرەبی بۆ زمانی ئەڵمانی، بەڵام ئەوان پاساوی نەبوونی وەرگێڕیان هێنایەوە خۆشبەختانە لەوانەی لەپێشوازی شاندەکەدا بوون کاک جەنگیز پارێزەرێکی وەرگێڕی سوێندراو بوو گوتم: ئەمە وەرگێڕەو لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە لەشوێنی تایبەت وتەکانی لەکوردی دەکردە ئەڵمانیو بەپێچەوانەشەوە ئەوسا گوتم ئێستا زمانم یەکسانە لەگەڵ زمانی عەرەبی.

داواکارم و پێویستە بەزووترین دەرفەت یاسای زمان لە پەرلەمانی کوردستانو عێراق دەربچێو جێبەجێ بکرێ.

**پاشکۆی ژماره (١)**

**ئەو فەرمانە پێش ٩١ ساڵ بەزمانی کوردی دەرچووە**

**رەئیس عەشیرەتی کۆڕێ جەنابی مستەفا بەگ دامە توفیقە**

**نمره ٣٣٥**

بەحسب نفوزو ئیقتدار، بەسەربەیە حوسنو خزمەتو سەداقەت، تۆ لەنەزەر حکومەت جەلیلە دائیمەن بەیانو مەعلوم بووە، تۆم بەرەئیس عەشیرەتی کۆری ئینتخاب تەعین کرد، مانگێ سەر ڕۆپیە معاش بۆ تۆ تەخسیس کراوە، تۆش ئەبێ بەموجودیەت خۆت تەئمینو ئاسایشیو ئەمنیەت ئەهالیو ئەحوالی خۆت معافەزەت مەزلومان لەپەنجەی زالمان.

عموم ئیشو کاری ئەو عەشیرتە موئتە مینە بەشەرعو حەقانیەتو مەشاکلی دارایی بۆ مانەوەی خۆت حەسەن عافیەت، ئیبرازکردن لەتۆ مەتلوبە مەرجەعو مەرکەز موخابەراتو موراجەعاتی تۆ حاکمی شاری شەقلاوەی، بەئەحکام ئەم فەرمانە ڕەفتارو حەرەکەت کردن موجیب موکافەئەتو مەرحەمەت موخالیف بەو ئەمرە ڕەفتار کردن باعیس مەسئولیەتو هەلاکەتە.

**٩ جەمادی دووەمی ١٣٢٧**

**حوکمداری کوردستان**
**٦ حوزەیرانی ١٩١٩**
**ئیمزای**
**شێخ مەحمود**

## (پاشكۆی ژماره (٢)
## پرۆژەی یاسای زمانە فەرمییەكان لە كۆماری عێراقدا(١)

لەلایەن پارێزەر (تاریق جامباز)ەوە، لە (٢٠٠٧/١/٢١)دا پێشنیازكراوە

م١: ئەم یاسایە ناودەبرێت بە یاسای زمانە فەرمییەكان لە كۆماری عێراقدا بۆ سالّی( ).

م٢: هەردوو زمانی عەرەبیو زمانی كوردی لە كۆماری عێراقدا، دوو زمانی فەرمیی دەبن.

م٣: پێویستە بەرپرسانی وەزیفە بالآكان، هەردوو زمانەكە بەنووسینو بە خوێندنەوەشەوە بەرەوانی بزانن.

م٤: لە دەرچوواندنی هەر یاسایەكدا پێویستە ئاماژە بە زمانە فەرمییەكان بدرێت.

م٥: لە دامەزراندنی فەرمانبەران لە هەرێمی كوردستاندا، مەرجە زمانی كوردی بەچاكی بزانن.

م٦: زمانی حكومەت لە هەموو فەرمانگەی فەرمیو غەیرە فەرمیدا پێرۆ بكرێتو زمانی كوردیو عەرەبی لە بریارو موخابەراتدا بەكاربهێنرێن.

م٧: عەرەبیو كوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا و، لە بەكارهێنانیشدا، چ لە دامودەزگاكانی پەرلەمانو چ لە دامودەزگاكانی حكومەتی عێراقدا هەمان پلەو مافو ئیمتیازاتیان هەیە.

م٨: مفەوەزییەتێک بەناوی (مفەوەزییەی زمانە فەرمییەكان) بكرێتەوە بۆ بەكارخستنی ئەم یاسایە و، كردنەوەی دەعواو هەموو رێكارێكی پێویستیش بۆ جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە بگردرێتەبەر.

م٩: زمانی توركمانیو زمانی سریانی دوو زمانی فەرمیی دیكەن لەو یەكە ئیدارییانەدا كە بەچڕی تێیدا نیشتەجێن.

م١٠: هەر هەرێمێ یان هەر پارێزگایەک بۆیان هەیە، هەر زمانێكی تری خۆجێیی بكەن بە زێدە زمانێكی فەرمی ئەگەر زۆرینەی دانیشتووانەكەی بە ریفراندۆرمی گشتی بریاری لەسەر بدەن.

م١١: كۆڕی زانیاری عێراقو ئەكادیمیای كوردی دەبنە سەرچاوەی دانانی زاراوە پێویستەكانو، دەبێت هەموو دامودەزگا پێوەندیدارەكانیش ڕەچاوی

بکەن‌و پێیانەوە پابەندبن.

م١٢: ئەوەی سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت:-

یەکەم: ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەر بێت‌و لەکاتی ئەرک‌و فەرمانی وەزیفەکەیدا ئەو سەرپێچییەی کردبێ، ئەوە، بەنووسین لێی ئاگادار دەکرێتەوە. بەڵام ئەگەر سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکەش دووبارەی کردەوە، ئەوە، لەم بارەدا حوکمەکانی کە دەقەکانیان لە یاسا بەرکارەکاندا هاتووە، بەسەریدا دەخرێتەکار.

دووەم: ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەر نەبوو، کەسێکی سروشتی یان کەسێکی مەعنەوی بوو، ئەوە، ئینزار دەکرێت کە لە ماوەی ( ) ڕۆژدا لە ڕۆژی پێ ڕاگەیاندنیەوە، سەرپێچییەکە ڕاست بکاتەوە، بەڵام نابێ، ئەگەر ملی نەدا (امتنع) ئەوە، لەو بارەدا بە غەرامەیەک سزا دەدرێت لە ( ) دینار زیاتر نەبێت‌و ئەگەر لەماوەی ( ) ڕۆژیشدا لەڕۆژی پێ ڕاگەیاندنی غەرامەکەوە سەرپێچییەکەی ڕاست نەکردەوە، ئەوا لەلایەن (کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکانەوە) داوای لەسەر تۆمار دەکرێت.

م١٤: هەر دەقێک، چ بە ڕاشکاوانەو چ بە مانا لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، ناخرێتەکار.

م١٥: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

م١٦: ئەم یاسایە دوای ( ) مانگ لە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا، دەخرێتەکار.

**هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ی کۆماری عێراقی فیدراڵ کە دانی بە ڕەسمی بوونی زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبیدا لە سەرانسەری عێراقدا ناوە، هەروەها دانی بە زمانی نەتەوەکانی دیکەشدا ناوە، لەبەر ئەوەش کە یاسایەکی تایبەتیمان وەک یاساگەلی دەوڵەتە فرەزمانەکان نییە، لەپێناوی ئەوەشدا کە یاسایەکی وەها، ڕێکبخرێت‌و جێگای خۆی بگرێت‌و بخرێتەکار. لەبەر ئەوانە، ئەم یاسایە تەشریع کرا.

## پەراوێز

* (ئەم باسە لەزانکۆی کۆیە ساڵی ٢٠٠٨ لە کۆلیژی زمان پێشکێش کرا دواتر ئامادەبووان بەپرسیارو تێبینیو ڕا و بۆچوونیان دەوڵەمەندتریان کرد. لەبەر ئەوەی ئەوسا تەنیا سەردێری باسەکەمان نووسیبوو بۆیە بەپێویستمان زانی بەسەرچاوەی نویٰ سەرلەنویٰ دایبرێژینەوەو بڵاوی بکەینەوە تاکو پترو چاکتر سوودی لیٰ وەربگیریٰ، چونکە ئەم بوارە بەرێکوپێکی خاڵ لەسەر پیتەکان دانەنراوەو هەروەها چاپکراو و نووسین لەم بارەوە زۆر کەمن گەرچی ئەم بوارە زۆر گرنگە بۆیە لەوڵاتان هەرێمەکانیان بایەخو بەهاییکی تایبەتی پیٰدەدەنو ئومێدەوارین دەرچووانی زمانناسان وردترو قووڵترو فراوانتر خەمخۆری ئەم لایەنە بن).

١. بەسوود وەرگرتن لەیاسای زمانە فەرمییەکان لەوڵاتانی فیدڕاڵیو هەرێمو کانتۆنو ویلایەتو ناوچەکانیان کە ٢٥ وڵاتی فیدراڵین کە ٤٠٪ی سەرتاپای دونیا دەگرێتەوە.

٢. کۆنگرەی پەرلەمانتارانی سێزدەهەمی عەرەب لە هەولێر بەستراو بەڵگەنامەکانی بەزمانی کوردیو عەرەبی دابەش کرا.

٣. یاسا لەناوچە ئازادکراوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بەزمانی کوردی دەرچوێندراون:-

١- یاسای سوپای لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان ١٩٨٥.

٢- سزای گشتی ١٩٨١/ ١٩٨٢.

٤. ئەنتەرنێت بوارێکی نویٰو کاریگەری لەسەر بووژاندنەوە و پووکانەوەی زمانەکان هەیەو ئێستا لە (٨٠٠٠) هەشت هەزار زمان لەدونیادا تەنیا لەنێوان (٢٠٠- ٥٠٠) کاران.

٥. ئەوەی ماستەرنامەو دکتۆرا بەزمانی کوردی بنووسیٰ لە کوردستان تەگەرەو کۆسپی دەخەنە پێش بۆ نموونە (٢٠٠٤) د. محەمەد عەبدوڵا کاکەسور لەبارەی (گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لەلیواکانی کوردستان- عێراق ١٩٢١- ١٩٥٣) کە ویستوویەتی بە زمانی کوردی بنووسیٰ، ئەوا لەپێشەکی دکتۆراکەی دەنووسیٰ، (بەڵام ئەوەی جێگای داخە کۆسپێکی یەکجار زۆر خراوەتە بەردەم لێکۆڵەر لەبەر ئەوەی زمانی نووسینی نامەکەی زمانی کوردی بوو؟!).

٦. لەدادگایەکی هەولێری پایتەختی کوردستانی باشوور (وەسیەتنامەی نووسەرێکی ناوداری کورد) لەبەر ئەوەی بەزمانی کوردی ١٩٩٦ نووسرابوو، بەداخەوە دادگایەکە داوای کرد بکرێتە زمانی عەرەبیو سەد دیناریشی دا بەوەرگێڕەکە.
٧. نووسینی قاموسی ساڵانە پێویستی بە ٦٨ کەس هەیە لەدەرچووانی زانستی زمان هەیە (پرۆفیسۆرێک+ ٣- ٥ دکتۆر+ ٢٢ ماستەر+ ٦٠ بەکالۆریۆس= ٦٨)
٨. لە وەرگێڕانی دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥ لەلایەن ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سێ ئایینو نەتەوەیەک لەبیرکرابوو، هەڵەکانم بە نووسینیش بۆ ناردن، بەڵام لەبەرئەوەی وەڵامیان نەبوو، بۆیە بابەتێکم لەم بارەوە بڵاوکردەوە.
٩. پێویستە کە لە کۆلیژی زمان یاسای زمان بخوێندرێ تاکو بزانرێ یاسای زمان چییە، لەشوێنان چۆن چۆنی چەندین زمان لەیەک کاتدا لە هەموو ئاستو بوارەکان بەکاردەهێنرێن.
١٠. یونسکۆ بڕیاری دا کە زمانی چەرکەسی وا خەریکە لەناو دەچێ، بۆیە خولی فێرکردنی زمانەکەیان بۆ کردوونەتەوە تاکو ببووژێتەوە، چونکە زمان بەشێکە لە کەلەپووری مرۆڤایەتیو هەندێک لە چەرکەسەکانیش پێش ١٣٠ ساڵ هاتوونەتە ئوردنو لەوێ دەژین.

### سەرچاوەکان


١. ئەو دەستوورانەی ناویان لە باسەکەدا هاتووە.
٢. زمانە فەرمییەکان لە دەستووری وڵاتە فیدراڵییەکاندا، پارێزەر/ تاریق جامباز، ٢٠٠٥.
٣. یاسای زمانە فەرمییەکان لەچەند وڵاتێکی فرەزماندا، وەرگێڕانی مەجید ئاسنگەر ئامادەکردنی پارێزەر تاریق جامباز، ٢٠٠٧.
٤. قانون اللغات الرسمية في كندا لعام ١٩٨٨ ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند، اعداد المحامي تارق جامباز، ٢٠٠٧.
٥. من ابادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادی، المحامي طارق جامباز، ٢٠٠٨.

٦. من اوراق فيدرالية من كوردستان- العراق، المحامي طارق جامباز ٢٠٠٨.
٧. گۆڤاری دۆسیەی تورکیا ژ١/٢٠٠٥.
٨. گۆڤاری یاساپارێزی ژ٩، ١٠، ١١.
٩. اللغة والاقتصاد، فلوريان كولماس، ترجمة د.أحمد عوض.
١٠. الانظمة الفيدرالية، رونالدل لورانس ٢٠٠٦.
١١. کەناڵی ئاسمانی کوردستان (١٧/٩/٢٠٠٥).
١٢. دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥).

# هەموو نەتەوەیەک پێویستی
# بە سیاسەتی زمان هەیە

**لەهەر کوێیەک زمانی جیاواز (سەربەخۆ) هەبێت، ئەوا نەتەوەیەکی جیاوازیش هەیە.**

**وتاری فیختە بۆ گەلی ئەڵمانیا ١٨٠٨**

ئەم نووسینە لایەنی ڕێزمانو زانستی زمان ناگرێتەوە، بەڵکو بەکارهێنانی زمان لە هەموو بوارەکانی ژیان کە پێویستی بەیاسای زمانو پێشتریش لەدەستوور ناوی بهێنرێو دواتر پراکتیزە بکرێو لەم نەتەوانەی کە نەک ئەو مافەیان پێشێل دەکرێ، بەڵکو نکۆڵیشیان لێ دەکرێ ئەوا پێویستە ئەم بوارە بایەخو گرنگیو بەهای تایبەتی پێ بدرێ چونکە نووسین لەم بارەوە بەدەگمەن لەکتێبخانەکانمان هەیە، بۆیە دەبێ ئەو لایەنە فەرامۆشکراوە نەک ئاوڕێک، بەڵکو خەمخۆرانە بەوردیو قووڵی سوود لەئەزموونی وڵاتانو هەرێمەکانیان وەربگرینو ئەو کتێبو باسو خواسانە لەم بوارەدا هەنو دەنووسرێ بکرێتە کوردی تاکو زانیاریمان لەسەر زمانەکان هەبێ.

سیاسەت هەموو بنچو بنەوانی ژیانی گرتۆتەوە بۆیە بۆ پلاندانانو بەدواداچوونو بەخۆداچوونەوە ئەوا وشەی (سیاسەت) لەبەردەم بوارەکەدا دادەنرێو لەم دوایەدا سەفەرێکی بەریتانیام کردو لە کتێبخانەکاندا بەدوای سەرچاوە لەبارەی زمانی (گالیک) و (ئەمازیغ) دەگەڕام بەڵام هیچ سەرچاوەیەکم لەبارەیانەوە بەدەست نەکەوت، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیم بەهاوڕێیەکی خەمخۆری ئەم بوارە کاک هەردی جاسم محەمەد کە تێزی دکتۆرای لەبارەی پەرلەمانی کوردستان لەپاریس دەنووسێتەوەو ئەمەکدارەو وەفادارە بەپۆستە سێ سەرچاوەی بەزمانی فەرەنسی بۆ ڕەوانەکردم و هەروەها لەماڵپەڕی (ئەمازۆن) بەوردیو قووڵی بەدوای سەرچاوە دەگەڕامو توانیم چەندین بابەت لەبارەی زمانی گالیکم بەدەست بکەوێ وەکو (یاسای زمانی گالیکی لە سکۆتلەندەو یاسای زمان لە وێڵزو یاسای زمان لە ئێرلەندە)، دواتر بەدوای نوێترین چاپەمەنی گەڕام کە ئەم بوارە بگرێتەوە، خۆشبەختانە چاپەمەنییەکم بەزمانی ئینگلیزی بەرچاو کەوت بەناونیشانی (سیاسەتی زمان لە ئێرلەندە

١٣٦٦- ١٩٢٢)و دواتر (سیاسەتی زمان لە ئێرلەندە ١٥٣٧- ٢٠٠٤) هەردووکیان لەنووسینی دکتۆر تۆنی کراولی یەکەمینیان (٥٥٦) ساڵو دووەمینیان (٤٦٧) ساڵ دەگرێتەوەو کە ئەمەیان دەرگایەکی نوێمان لەم بوارە بۆ دەکاتەوە تاکو بەوردیو قووڵی تیا بنووسینەوەو گەر وڵات (نیشتمان) دایک بێت، ئەوا زمان گیانی نەتەوەکەیەتی بۆیە نەتەوەکان یەکجار بایەخو گرنگی و بەهایێکی بەرزو مەزنی پێدەدەن، بۆ ئەوەی بزانین (سیاسەتی زمان) لەدەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)و پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق (٢٠٠٩) چۆن باسی لێ کراوەو لە دەستووری عێراق لەم ماددانە باسی سیاسەت لەم بوارانەدا دەکات:-

**ماددەی (٨٠)**: پلاندانانو جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتو...

**ماددەی (١١٠)**:

**یەکەم**: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوە.

**دووەم**: جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی.

**سێیەم**: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی، گومرگی، دەرکردنی (دراو)و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی.

**شەشەم**: ڕێکخستنی سیاسەتی لەرەلەرەکانی پەخشکردنو پۆستە.

**هەشتەم**: پلاندانانی تایبەت بەسیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی...

**ماددەی (١١٤)**

**سێیەم**: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ژینگە.

**چوارەم**: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتەکانی گەشەپێدانو پلاندانانی گشتی.


**پێنجەم**: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی تەندروستی گشتی.

**شەشەم**: ڕەنگڕێژی سیاسەتی فێرکردنو پەروەردەی گشتی.

بەڵام لەپرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراقیش ٢٠٠٩.

**ماددەی (٧٤)**: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی هەرێم گەر بڵێین ئەی ماددەی چوارەمی دەستووری کۆماری عێراق تایبەت نییە بە زمان، منیش دەڵێم جارێ یاسای زمانە فەرمییەکان نە لەعێراق و نە لە کوردستانیش دەرنەچوێندراون، لەم بارەوە داوایەکم پێشکێش بەپەرلەمانی کوردستان کرد کە ئەمەش دەقەکەیەتیو سەرنجتان بۆ وەڵامەکە ڕادەکێشم، چونکە پەیوەندیدارە بەم نووسینەو دواتر پرۆژەی یاسای زمانمان ئامادەکردو

ئێستا لە ئەرشیفي لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە:



Iraqi Kurdistan National Assembly
General Directorate of Divan

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
کوردستان – هەولێر

NNO:
DDATE:

ژمارە:
بەروار:

**بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / پێشنیاز بۆ دەرچواندنی یاسای زمان**

سڵاو وڕێز

لە پێناو ئەوەی کە( زمان) بە ڕێك و پێکی لە نووسین و خوێندنەوەدا لە هەموو بوراەکانی ژیاندا بەکار بهێنرێ ئەوا پێویستیمان بە( یاسای زمان )هەیە، هەروەك بۆ نمونە لە هەرێمی کیبێك لە کەنەدا هەیەو دەستووری هیندستان بە دەستووری زمانەکانییەوە ناسراوە چونکە ویلایەتەکان بە گوێرەی زمان سنووریان بۆ دیاری کراوە، لەبەرئەوەی ئەم یاسایە پێویستێکی ڕۆژانەی هەمیشەیی و بەردەوامی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان– عێراقە کە لە چوار چێوەی یاسادا ڕێك بخرێ بۆیە پێشنیازی پرۆژەی یاسای زمان دەکەین و هیوادارین بە زووترین کات دەربچوێنرێ.

لەگەڵ ڕێزماندا...

طارق جامباز
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
٢٠٠٦/١٠/١

لەسەر پێشنیازی بەندەو لە لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بڕگەیەک لەماددەی (١٠٧) زیاد کرا، بەناوی کۆمیسیۆنی زمانەکان، بەڵام دواتر بەدەنگدانی ئەندامانی لیژنە لابرا، تاکو ئێستا لەخودی پەرلەمانی کوردستان زۆرینەی یاساکان بەزمانی عەرەبین، ئینجا دەکرێنە کوردیو لای چەپی سەرجەم یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەنێو لاکێشەیەک لای سەرەوەیان ئەم دێرە نووسراوە (وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە)، گەرچی دەیان جار جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی

کوردی لەتەک زمانی عەرەبی کراوە، بەڵام ئەوانەی باکگراوندی زمانی عەرەبییان هەیە بەلایان ئاسانترو چاکترە کە زمانی عەرەبی زمانی یەکەمو زمانی کوردی زمانی دووەم بێ، گەرچی دوو نووسراو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەوە ڕەوانە کراوە، بەڵام لای ئەوانیش وا ڕاهاتوون کە یاساو بڕیارەکان بەزمانی عەرەبی ڕەوانەی پەرلەمان بکەنو تاکو تەرایان نەبێ دەنا بە زمانی کوردییان لەتەک نییە.

Iraqi Kurdistan National Assembly

ئەنجوومەنی
نیشتمانیی کوردستانی عێراق
کوردستان – هەولێر

NNO:
DDATE:

ژمارە: ١٥٧٣/٣/٤
بەروار: ٢٠٠٨/١٢/٣١

**بۆ بەڕێز/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان**
**ب/ پرسیار**

بەپێی حوکمی ماددەی (٦٢، ٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (طارق محمد سعید جامباز) ئەم پرسیارەی خوارەوە ئاراستەتان دەکات، تکایە لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی گەیشتنی پرسیارەکە ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان لە دانیشتنێکی ئەنجومەن کە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان- عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
سکرتاریەتیە ئەنجومەن
بەڕێز/ وەزیری کاروباری پەرلەمان
بەڕێز/ طارق محمد سعید جامباز

| | |
|---|---|
| کورتەی بابەتەکە | |
| گەرچی پەرلەمانی کوردستان دوو نووسراوی بەژمارە (١٠٥٨/٣/٤) لە ٢٠٠٦/١٢/٥و (١٣٣٧/٣/٤) لە ٢٠٠٧/١١/٦ بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی ناردوە بەڵام زۆرینەی پرۆژە یاساکان هەر تەنیا بەزمانی عەرەبی بۆ پەرلەمان دەنێردرێنو زمانی کوردیان لەتەکدا نیـــە. | |
| پرسیارەکە | |
| بۆیە دەپرسین بۆچی زمانی کوردی فەرامۆش دەکرێو لەتەك زمانی عەرەبیدا نانێردرێنو هۆکارەکانی چینو تاکەی بەردەوام دەبێ؟ | |

فراکسیۆن
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ئەندامی پەرلەمان
طارق محمد سعید جامباز

Iraqi Kurdistan National Assembly
Directorate of Divan
Parliament Affairs

NNO: -

DDATE:

ئەنجوومەنی
نیشتمانیی کوردستانی عێراق
کوردستان – هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن

ژمارە: ١٠٥٨/٢/٤

بەروار: ٢٠٠٦/١٢/٥

---

بۆ / سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق

بابەت / وەرگێڕان

تکایە لەمەودوا، هەر پرۆژەیەکی یاسایی بەناوی حکومەتی هەرێمەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێردرێت، دەبێ کوردییەکەشی لەگەڵدا بێت.

لەگەڵ ڕێزماندا...

عەدنان رشاد موفتی
سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی
کوردستان- عێراق

وێنەیەکی بۆ:

- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
- نوسینگەی بەڕێز جیگری سەرۆکی پەرلەمان.
- نوسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
- لیژنەی کاروباری یاسایی/ ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٧٣)ی رۆژی ٢٠٠٦/٩/١٢.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئە نجومەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
ژمارە: ١٤
رێکەوت: ٢٠٠٩/١/١٢

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق**


**بابەت/ وەڵامی پرسیار**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەنووسراوی ژمارە (١٥٧٣/٣/٤) لە ٢٠٠٨/١٢/٣١، پرسیارێکی پەرلەمانتاری بەڕێز (طارق محمد سعید جامباز)ی ئاراستە کردووین بەوەی کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژە یاسایانەی کە بۆ پەرلەمانی دەنێرێ زۆربەی بەزمانی عەرەبیەو داوای هۆکاری نەناردنی پرۆژەکان بەزمانی کوردی دەکات. هەروەك بەڕێزیشیان ئاگادارن ئەو پرۆژانە کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەنێردرێنە پەرلەمان بەواژووی بەڕێزان سەرۆك‌و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە زیاتر پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێزەوە هەیە ئێمەش لای خۆمان نووسراوێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ بەدەست خستنی وەڵامی پرسیاری بەڕێز (طارق محمد سعید جامباز) بەگەیشتنی وەڵامەکەی سەرۆکایەتی بەڕێزەکەتان ئاگادار دەکەینەوە.

**لەگەڵ ڕێزماندا...**

**سعد خالد محمد امین**
**وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان**

تاوەکو تەواوبوونی خولی دووەمیش، ئەنجومەنی وەزیران وەڵامی دوو نووسراوەکەی پەرلەمانی کوردستانی نەدایەوە.



Kurdistan Region
Council Of Ministeris
Ministry Of Justice

بسم الله الرحمن الرحيم

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
ب. پەیوەندییەکان

ژمارە: ٩٤٢ - ٢
ڕێکەوت: ٥ / ٥ / ٢٠٠٠

**فەرمانی وەزاری**

لەپێناو بیادەکردنی مادەی پێنجەم لە یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە / ١٤ ی ساڵی ١٩٩٢ کە جەخت دەکاتە سەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان، بڕیارماندا:

١- سکالانامە و داواکاری و دادبینی و دادگایی کردن لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بێت.
٢- کۆنووس و گوفتاری لایەنە دژ کارەکان و شایەتەکان بە کوردی وەردەگیرێت.
٣- بڕیارە دادوەرییەکان بە کوردی دەردەچێت و لەگەر زاراوەیەکی یاسایی نامۆ بوو دەتوانرێت هەر بە عەرەبی بنووسرێت یان بە زاراوەیەکی کوردی و زاراوە عەرەبییەکەی لەتەکەوە لە نێو دوو کەوانە بنووسرێت.
٤- ئەم فەرمانە کاری پێدەکرێت لە ڕێکەوتی ٣ / ٦ / ٢٠٠٠ وە.

هادی علی
وەزیری داد

وێنەیەك بۆ/

- سەرۆکایەتی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی / بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دەستەی دارشتنی یاسایی/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی / بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ... لەگەڵ ڕێزدا

لەبارەی قۆناغەکانی خوێندنیش بە زمانی کوردی، ئەوا ئەوانەی قۆناغی ئامادەیی بەکالۆریا تەواو دەکەن تووشیان بەتووشی دیواری بەرلین لە کوردستان دەبێتەوە (جگە لەبەشی کوردی کە بە زمانی کوردییە) دەنا پرۆگرامی خوێندنی زانکۆکانی کوردستان (مەبەستم زانستە مرۆڤایەتییەکانە) هەر هەموویان بەزمانی عەرەبین، لەبەر ئەوەی دوای ڕاپەڕین هەوڵ نەدراوە

که دەتوانرا ساڵانە چەندین سەرچاوەیان لێ بکرێتە زمانی کوردی بەم جۆرەش هەر لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەمان دەبوو سەرەنجامیش دەتوانرا لە هەموو زانکۆکانمان زانستە مرۆڤایەتییەکان بەزمانی کوردی بخوێندرێ. گەر بپرسین بۆچ زانکۆش تەواو دەکەن زمانی عەرەبی نازانن؟ دەڵێم لە سیستەمەکە بپرسن، کە دەبێ لەبنەڕەتدا بگۆڕدرێو پێداویستییەکانی فێرکردنی هەر زمانێک دابین بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ٢٠٠٨ کە تاوتۆی پڕۆژەی یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە لیژنەی یاسایی ئەنجامدراو منیش ئەندامی ئەم لیژنەیە بووم کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیرو سەرۆکی زانکۆکانو ئامۆژگاکانی کوردستان ئەنجامدا (پرسیارێکم ئاراستەکردن، ئەوانەی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی بە زمانی شیرینی کوردی تەواو دەکەن، لە زانکۆکان تووشیان بەتووشی دیواری بەرلین دەبێتەوە، کە زمانی کوردی تیا نامێنێو زمانی عەرەبی دەخوێندرێ «مەبەستم زانستە مرۆڤایەتییەکانە نەک زانستە سروشتییەکان» و بۆیان زەحمەتو دژوارە لەمافێکی سروشتی ناچار بکرێن کە بەزمانێکی دیکە بخوێنن گەرچی دوانزدە ساڵ بەزمانی کوردی خوێندوویانەو چوار ساڵی زانکۆو دوو ساڵی ئامۆژگا بەزمانی زگماکیان نەخوێنن) لەوەڵامدا گوتیان ئەم بوارە بەڕێنمایی تا ڕادەیەک ڕێگەی پێدراوە منیش لەوەڵامدا گوتم (ڕێنمایی) دوای یاساو ڕێسا لە ڕووی یاساییەوە سێیەمین پلەیەو ناکرێ بەم جۆرە بەردەوام بێ دواتر لەنێو هۆڵی پەرلەمان یاسایەکە درێژەی کێشا بۆیە لیژنەیەکی هاوبەش لە لیژنەی کاروباری یاساییو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو پەروەردەو بەئامادەبوونی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆ ئەوەی دواجار بەپڕۆژەی یاسایەکە دابچینەوە، لەویش جەختم لەسەر پێشنیازەکە کردەوەو لەکۆبوونەوەکە هەردوو لیژنەو وەزیریش ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیو لەماددەی دووەمی یاسایەکە بەم جۆرە لەبڕگەی دوازدەم بۆ یەکەمین جار لەیاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژ١٠/ ٢٠٠٨ ناوی (زمانی کوردی) تیا بەکاربهێنرێ.

بڕگەی دوازدەم: (کارکردن لەپێناو کردنی زمانی کوردی بەزمانی فێرکردنو خوێندنی باڵا لەقۆناغەکانی خوێندنی باڵا لەزانستە مرۆییەکانداو هاندانی وەرگێڕانو دانانو چاپەمەنییە زانستیو ڕۆشنبیریو ئەکادیمییەکان

بەزمانی کوردی).

بەڵام تا چ ڕادەیەک جێبەجی کراوە یا دەکرێ وابزانم ئەو مامۆستایانەی زمانی کوردیش نازانن لێ ناگەڕێن ئەمە جێبەجێ بکرێو هەندێ جاریش هەوڵی قەدەغەکردنی وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی دەدەن.

لەوەزارەتی پەروەردەش چەندین ساڵە ئەوانەی خوێندنیان بەزمانی غەیرە کوردی لەعێراقو هەندەران تەواوکردووە بەکەمی (سێ ساڵ)، ئەوا لەتاقیکردنەوەی بەکالۆریای سێیەمی ناوەندیو شەشەمی ئامادەیی لەم وانەی (زمانی کوردی) دەبووردرێن ئایا گەر یەکێک بەزمانی کوردی بخوێنێ هەر لەعێراق بگوازرێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی خوێندنی بەزمانی کوردی تیا نییە دەپرسم ئایا لەزمانی عەرەبی دەبووردرێن؟.

هەر لەبارەی زمانی کوردیش بۆ نموونە یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژ٢٠٠٧/١٣ لە هەموارکردنی یەکەمی یاسایەکە داواکرا بڕگەی دوو لەماددەی پێنجەم دوابخرێ ئەمەش دەقەکەیەتی: (ئاگاداریکردنەوەیەکی تەندروستی بەزمانی کوردیو عەرەبی بەرزەفیتیانەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) لە پەرلەمانیش بۆ ئەوەی مەودا بەبازرگانانی ئەم بوارە بدرێ تاکو ئەو جگەرەی لەکۆگاکانیاندا هەیە بیفرۆشن ئەوا لەهەموارکردنی یەکەمیدا بەم جۆرە هاتووە:-

**ماددەی یەکەم**: جێبەجێکردنی بڕگەی /٢/ یەکەم لەماددەی (پێنجەم)ی یاسای ژمارە (٣١) ی ساڵی ٢٠٠٧ تاکو ٢٠٠٨/١٢/٣١ دوادەخرێ.

بەڵام دوای ماوەیەکی کەم هەموارکردنی دووەمی یاسایەکە لەحکومەتەوە ناردرا، بۆ پەرلەمانی کوردستانو تێکڕاوپێکڕا ئەندامانی لیژنەی یاسایی هەموارکردنەکەیان ڕەت کردەوەو نووسراویان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانیان نارد و هەموومان دەزانین پاکەتەکانی جگەرە بەزمانی ئینگلیزیو عەرەبییان لەسەر نووسراوە (مەبەستیان) لەلابردنی هەموو بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەمی یاسایەکە واتە بەکارنەهێنانی زمانی کوردییە.

لە ئەندامی شاندی پەرلەمانتارانی پشتیوانی پەرلەمانی کوردستان بۆ فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان بۆ نووسینەوەی دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥ بووم، ئەوسا لەگەڵ لایەنەکانی سیاسیی کوردستاندا لەبارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەدامودەزگاکانی سەرتاسەری حکومەتی عێراق

قسەم کرد لەوەڵامدا وتیان دەبێ پێداویستییەکانی بۆ ئامادە بکرێ منیش وتم چ کاتو وەختی دەست بەکار دەبینم، چونکە لە ١٩٩٢- ٢٠٠٥ ئەنجام نەدراوە ئەی چ وەختێ کار بۆ ئەم لایەنە گرنگە ئەنجام دەدرێو هەر لەبەغداش شاندەکە بەپێشنیازی بەندەو لەگەڵ سێ پەرلەمانتار پارێزەر (کەریم بەحریو پارێزەر زانا ڕۆستاییو کاک کەرخی ئاڵتی بەرماخ دەرچووی بەشی کوردی) دەستووری کۆماری عێراقمان کردە زمانی کوردیو بەڕێز شێخ حسێنی بالیسانیش ئیمزای نۆ ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی کۆکردەوەو لە (un) توانرا کە (٩٥٠) نۆسەدو پەنجا هەزار دانە بەزمانی کوردی چاپو بڵاوبکرێتەوە.

کاتێ کە فەرمانێکی وەزاری لەوەزارەتی داد دەرچوو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٥) لەدەسەڵاتی دادوەری کە زمانی دادگاکان کوردییە (لیژنەی بەکوردی کردن) بەداخەوە هەندێ کەس هەوڵیان دا کە پڕۆسەکە ڕابگرن یا هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام پلانەکەیان سەری نەگرت چونکە جگە لە زاراوەکان ئەوا پتر لەدووسەد فۆرم بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی کوردستان ئامادەکردو سەرەڕای جۆرەکانی بریکارنامە... هتد. لیژنەکە بەدوو ساڵی ڕەبەق کارەکەیان ئەنجام دا ئەمەش دوای سەردانێکی سەرنووسەری گۆڤاری یاساپارێزی لە ٢٠٠٠/٣/١٦ لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە کە ماددەی پێنجەم لەیاسای دەسەڵاتی دادوەری ژ١٩٩٢/١٤ جێبەجێ بکرێ کە ئەمەش دەقەکەیەتی (زمان لە دادگاکاندا کوردی دەبێ، بەڵام دادگا بۆی هەیە بەهۆی وەرگێڕەوە دوای سوێنددانی گوێ لەقسەی دژکاران «الخصوم»و شایەتەکان بگرێ).

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی داد

بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
ب. پەیوەندییەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

Kurdistan Region
Council Of Ministeris
Ministry Of Justice

ژمارە: ٦٤٢/٣
ڕێکەوت: ٢٠٠٠/٦/١٧

## ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٠

پشت بە دەسەڵاتی مادەی ژمارە (٦٤) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤)ی ساڵی ٩٩٢، و بۆ پیادەکردنی مادەی (٥) لەهەمان یاسا، سەبارەت بەکوردی کردنی دادوەری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:

١- لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٦/٣ بەدواوە سکاڵای داواکان (لائحه الدعوى) بەکوردی پێشکەش دادگاکان دەکرێت و کۆنووسی دادوەریش بەکوردی دەبێت.

٢- بڕیارەکانی دادگا تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ بەعەرەبی دەردەکرێت.

٣- داواکانی پێش ٢٠٠٠/٦/٣ تاکۆتایی پێهێنانیان وەك خۆی دەمێنێتەوەو بەعەرەبی کۆنووس دەکرێت.

٤- ئەو کلێشەو فۆرمانەی بۆ بەڵگەنامەکانی دادگای باری کەسینە پێشتر گۆڕاونەتەسەر زمانی کوردی بڵاو دەکرێتەوە سەر دادگاکان و هاووڵاتیان و چیتر فۆرمە کۆنەکان بەکارنایەن.

٥- لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە وەزارەت لە پسپۆرانی زمانەوانی و یاسایی بۆ گۆڕینی کلیشەکانی دادگاکان بۆسەر زمانی کوردی و ئامادەکردنی فەرهەنگۆکی یاسایی تایبەت بەدادگاکان.

٦- بەکوردی کردنی دادگاکانی سەر بەسەرۆکایەتی دادگای تاوانی دهۆك تاماوەیەکی تر دوادەخرێت.

هادی علی

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
"پەیوەندییەکان"

بسم الله الرحمن الرحيم
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

أقليم كوردستان العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
ژمارە : / العدد : ٢٨٨/٣
ڕێکەوت / التاريخ ٦/٨٠ / - - -

"فــەرمانی وەزاری"

بۆ پیادە کردنی فەرمانی وەزاریمان ژمــارە ٣٤٣ لـە ٢٠٠٠/٥/٢٢و ڕێنمـایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/٦/٧ بڕیارماندا :..

١. لیژنەیەك لەم بەڕێزانـەی خـوارەوە پێك بهێنین بـۆ بـە کـوردی کـردن و ئامـادەکردنی گشت ئەو سکاڵانامە و داواکاری و کەلێشانەی لە دادگاکاندا بە کاردەهێنرێن :..

١. بەڕێز دادوەر عبدالکـریم أبو بکـر هموند/ بەڕێوەبەری دادی گشتی — سەرۆك .
٢. بەڕێز دادەر حـاجی محمد طاهر / ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوە — ئەندام .
٣. بەڕێز دادەر ڕؤوف رشید عبدالرحمن / دادوەری دادگای بەرایی — ئەندام .
٤. بەڕێز دادەر عبدالباسط فرهادی / دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە — ئەندام .
٥. بەڕێز بشیر حسێن / ئەندامی داواکاری گشتی — ئەندام .
٦. بەڕێز طارق جامباز / پارێزەر — ئەندام .
٧. بەڕێز محـــمد حســن ڕۆژبەیـانی/ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان — سکرتێری لیژنە .

٢. لیژنە بۆهەیە هەیەئەندامی تر لە دەرەوە پێشنیار بکات و سوود لە شارەزایی کەسانی تر وەربگرێت

٦/٢

هــادی علــی
وەزیــــــری داد

وێنــەیەك بـۆ :..
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران . بۆ ئاگاداری لە گەڵ ڕێــزدا .
- سەرۆکایەتی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان .
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی .
- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی
- سەرۆکایەتی دەستەی دارشتنی یاسایی .
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە .
- ئاویــــروان .

بــۆ ئاگاداری لە گــەڵ ڕێــــزدا .

هەریمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وزارەتی داد
بەڕیوەبەرایەتی دادی گشتی

بسم الله الرحمن الرحيم
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

أقليم كوردستان العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
ژمارە: / العدد: ع / ٢ / ٤٦٢
ڕێکەوت / التاريخ ٢٠٠١/٧/١٥

((فەرمانی وەزاری))
...............

بو ئەنجامدانی هەندی کاری بیویست بریارماندا بە ناردنی (ایفاد) ئەم بەریزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە بو دام و دەزگا و دادگاکانی سەربە سەروکایەتی دادگای جنایاتی دهوک لە بەرواری ١٥/ ٧/ ٢٠٠١.

هادی علي
وەزیری داد

| ناوەکان | ناو نیشان و شوینی کارکردن |
|---|---|
| ١. بەریز دادوەر عبدالكريم ابوبكر هەوند | بەریوەبەری دادی گشتی |
| ٢. = = حاجی محمد طاهر عقراوی | سەروکی داواکاری گشتی |
| ٣. = طارق محمد جاباز | ئەندامی دەستەی لیژنەی بەکوردی کردنی وەزارەت. |
| ٤. = محمد حسن ابراهيم | سکرتیری = = = = = = |

وینەیەك بو //

- سەروکایەتی داواکاری گشتی.
- سەروکایەتی دادگای تیهەلچوونەوەی ناوچەی هەولیر.
- سەروکایەتی دادگای جنایاتی دهوك.
- بەریوەبەرایەتی گەنجینەی باریزگای هەولیر.
- بەریوەبەرایەتی ژمیریاری وەزارەت.
- ناوبراوان.
- دەسەی کەسی / ٢.

گەرچی ئەوسا لەبەر دوو ئیدارەیی (دەڤەری سلێمانی) نەگرتەوە، بەڵام کاک قوبادی جەلی زادە ئەم نامەی بۆ ناردم کە ئەمە دەقەکەیەتی:-

**بەڕێز/ کاک تاریق**

سڵاوێکی گەرم...


وەزارەتی داد- ئیدارەی سلێمانی- لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ بەکوردی کردنی زاراوە یاساییەکان، ئێمە سەرۆکی ئەو لیژنەیەین.. تا هەنووکە ئیشێکی زۆرمان کردووە و بە پیتی ئەبجەدی پێداهاتووین. دیارە کارەکەمان زۆر فراوانە ڕەنگە وا زوو تەواو نەبێت. دوای تەواو بوونی، دەبێ کۆپی گەڵاڵەمان کردووە بیدەین بە لیژنەیەکی زمان ناسی لەزانکۆی سلێمانی، تا ئەوانیش پێیدا بچنەوە. ئێمە وەک لیژنە هەوڵمان داوە کە زاراوەکانی ئێرە ئەو زاراوانەی کە ئێوەی بەڕێز دەستنیشانتان کردوون تێک بکەنەوە... زۆر سوودمان لە زاراوەکانی ئێوە دیوە هەروەها لەفەرهەنگی خەرمانەی یاسا. نیازیش وایە ئەو کارەی ئێمە سەرەنجام وەک فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبی چاپ بکرێ. خۆزگە لەکاتێکی زۆر نزیکدا لیژنەیەکی باڵای تایبەت لە یاساناسانو زمان ناسان دروست دەبوو تا بەهەموو پرۆژەکانی ئێرەو ئەوێدا دەچووەوە پرۆژەیەکی هاوبەشی لێ دروست دەبوو بەسەرتاپای دادگاکانی کوردستاندا بڵاو دەبۆوە.. خۆزگە لەحکومەتی داهاتووی- یەکگرتووی کوردستاندا بڕیارێکی ڕەسمی دەردەچوو بۆ بەدادگایی کردنی —ببوورە- بۆ بەکوردی کردنی زمانی دادگاکانی کوردستان.

وێڕای خۆشەویستی...

**براتان**
**قوبادی جەلی زادە**
**سلێمانی، ٢٠٠١/١/٢٠**

دواتر بۆ ئەم مەبەستە سەردانی دهۆکیشیان کرد، بەداخەوە تاکو نووکەش سەرجەم بڕیارەکانی دادگاکانی کوردستان هەر بەزمانی عەرەبی دەردەچن. چونکە کورداندنی یاسا سەرتاپای کوردستانی نەگرتۆتەوە، گەرچی پێش ٨٤ ساڵ بڕیارێکی دادگا لەکۆیە بەزمانی کوردی دەرچووەو دادوەرەکەش عەرەب

بوو ئەمەش دەقەکەیەتی:-



### دەقی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە

* ڕوپیە ((2000))

فەقەت دوو هەزار ڕوپیە (...) زیادتر نیيە. ( ئەو مولکانەی عبداللە ئاغای کوڕی حاجی تایەر (تامیر) ئاغای کە لە تەرەف حکومەتەوە مەحجوز بوو بەم وەرەقەیە (...) مەر بووتە کە ڕەسمەن فرۆشراو لە موقابیل دوو هەزار ڕوپیە بەدەل (.....) بە موجیبی دوو قیتعە عیلم و خەبەر مەقبوزی سەندوقی مالیە کە بە تەئریخی 21.16 (....) سەنە 926 و 77و91 ژمارە موڕەقەمە لە عوهدەی من تەقەڕوڕی کردبوو، ئەم دەفعەیە دوویارە ئەم مولکانەم کە نەوع و جنس و عەدەدیان داخیل وەرەقەی (....) یە هەمووم لە موقابیل دوو هەزار ڕوپیە بەدەل مەقبوز و مەدفوع بە بەیعی قەتعی و سەحیح شەرعی بە عبدللا ئاغای مومانیلەیهیم فرۆشت هیچ هەق و دەخل و عیلاقەی من بەسەرەوە نەماوە لە بۆ تەقریردان لە دائیرەی تاپۆ (....) موعامەلەکەی بە قانوونی و بە قەتعی بەناو عەبدوللا ئاغای مومانیلەیهی قەیدو تاپۆ بکرێ لە تەرەف خۆمەوە شەفیق کوڕی عەبدوللا ئاغای مومانیلەیهیم کرد بە وەکیل (....)و ئەم وەکالەتنامەم لە پاش تەسدیق کردن لە دائیرەی عائیدەی خۆی دامە دەست عەبدوللا ئاغای مومانیلەیهی

لە 9ی موحەڕەم/ 1345و)

19ی تەمموز سنە 926

عن ئیقرار .

موەکیل مەلا ڕەئووف کوڕی سادق ئاغای حەویزی

دانیشتووی گەرەکی بەفریقەندی

لە ژێرەوەش دوو شایەد دروستی مۆر و ئیمزای مەلا ڕەئووفی کوڕی صادق ئاغای حەوێزی زادە دانیشتووی گەرەکی بەفریقەندی پشتڕاست دەکەنەوەو ئیمزایانکردووە، لەژێر ئیمزاو مۆری ئەوانیشەوە، بە هەمان شێوە دادوەر (حاکم) شایەدیی دوو شایەدەکان و ڕاستی مۆرو ئیمزاکەی مەلا ڕەئووفی صادق ئاغای حەوێزی دەسەلمێنێ، دەشلێت کە باج (ڕەسم)ی داواکەش کە تەنیا 3سێ ڕوپیەو 12 دوانزە عانەیە دراوە.

ئەوجا مۆرو ئیمزای حاکم و بەتەنیشتییەوەش مۆری فەرمانگەی دادنووسی (کاتب عدل)ی کۆیەی لێدراوە. لەسەرەوەش ناوی هەموو مولکەکان کە (20) بیست پارچە زەوی و باخچەی کۆیەو دەورەوبەریەتی نووسراوە.

دەبوایە دوای ڕاگەیاندنی جاڕنامەی فیدراڵی لە ١٩٩٢/١٠/٤ دوو ئەرکی چارەنووسساز لە پەرلەمانی کوردستان دەرچواندرابانە یەکەمیان دەستووری کوردستان کە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ٢٠٠٣ دەبووە بەڵگەیەکی تەواو بۆ ئەوەی مافەکانی تیا دیارکراوە بەسنووری کوردستانیشەوەو دووەمیشیان یاسای زمانە کە لەوڵاتانی فرەزمان نەک لە وڵاتەکان، بەڵکو لە هەرێم و کانتۆن و ویلایەت و ناوچەکانیشیان لەمێژە هەن و کاریان پێدەکرێ و ئەم دوو هەنگاوە دیرۆکییەمان لەئانوساتی خۆیدا نەقۆستۆتەوە گەرچی (٥٧٩) یاساو بڕیار

لەخولی یەکەمو دووەمی پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراون بەڵام لەهیچ کامیان ناوی زمانی فەرمی نەهێنراوە.

ئێستا لە کوردستان- عێراق وای لێهاتووە ئەوەی تەنیا زمانی کوردی بزانیو زمانی عەرەبی نەزانی ئەوا هەندێ کەس پەتای بچووککردنەوەو بەکەم زانینو نزمکردنەوەی زمانی کوردی لەبەرامبەر زمانی دەسەڵاتدا بڵاودەکەنەوە، ئەمەش لەهیچ سووچێکی دونیا ڕووی نەداوەو نادا بەڵکو لە وڵاتانو هەرێمەکان نەک یاسای زمانیان هەیە، بەڵکو کۆمیسیۆنی زمانیشیان تیا دادەنرێو هەیە، گەرچی ئەم کۆمیسیۆنە (کۆمیسیۆنی زمان)م پێشنیاز کرد، بەڵام لەلیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان ڕەت کرایەوە، ئەم کۆمیسیۆنانەش لە وڵاتان هەرێمەکانیان دەسەڵاتی دادگایان هەیە کە ئەوانەی تابلۆکانی یا مینۆی چێشتخانەکان یا پسوولەو پلیتی هەموو شوێنەکانی گەشتو گوزارو سۆپەر مارکێتەکانو هێمای هاتوچۆو هۆیەکانی هاتوچۆی ئاسمانیو زەمینیو دەریاییو نووسینی بازرگانیو پیشەسازی بەکاردەهێننو ئەوانەی بەزمانی فەرمی نەنووسن ئەوا سزای یاسایی دەدرێن.

لە دەستووری هەرێمی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا (٢٠٠٦) لەمادەی شەشەمو لەبڕگەی چوارەمدا هاتووە: پێویستە ئەنجومەنی گشتی پشتیوانی لەو پەیوەندیو هاوکارییانە بکات لەگەڵ ئەو کۆمەڵگاو هەرێمانە کە کولتووری زمانەوانی هاوبەشیان لەگەڵ کاتالۆنیا هەیە لەم بارەوە، ئەنجومەنی گشتیو دەوڵەت بەگوێرەی پسپۆڕییان، ڕێکەوتنامە و پەیماننامەو میکانزمەکانی دی ساز دەدەن بۆ هاندانو بڵاوبوونەوەی زمانی کاتالان لەدەرەوە.


ولەیاسای بنەڕەتی هەرێمی باسک ١٩٧٩ لە ئیسپانیا ماددەی شەشەم/ بڕگەی چوارەم:


ئەکادیمیای پاشایەتی زمانی باسکو ئیوکالتازا هیندیا دامەزراوی ڕاوێژکاری فەرمی ئێوسکرایە.

خۆزیا ئەکادیمیای زمانی کوردیمان هەبوایە تاکو جێپەنجەی لەم بوارەدا دەبوو هەروەکو نەتەوەکانی دیکە.

لەنێو هۆڵی پەرلەمانیش شوێنی تایبەتیی شووشەبەند بۆ وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ دابین نەکراوە کە لەکاتی هاتنی میوان ئەوا بە(مایک) گوێبیستی ئەو زمانە دەبێ کە دەیزانن، پێویستە وانەی (یاسای زمان) لەزانکۆکان بخوێندرێ

بۆ زانینو شارەزابوون لە بەکارهێنانی چەندین زمان لەیەک کاتدا دەبێ، پێویستە ئەو شاندانەی بۆ دەرەوە دەچن، جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی بکەن، بۆیە پێویستە بەخۆماندا بچینەوەو سیاسەتێکی زمانیی ڕێکوپێک دابڕێژین بە سوود وەرگرتن لە وڵاتانو هەرێمەکانیان لەم نووسینەوەدا مەبەستمان (خولی یەکەمو دووەمی پەرلەمانی کوردستانە)و ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە نووسینەکانمان نەبێ ئاماژەی پێ ناکەم چونکە ئەم باسە زۆر لقو پۆپی لێ دەبێتەوەو ئەوەی من ئاگادارمو بەشداریم تیا کردووە بەنموونە هێناومەتەوە تا نەزانرێ هەوڵی بۆ نەدراوەو ئەمەی مەبەستیشمانە گەر بەدەزگاکردن نەبێ هەرگیز سەرناکەوێو دەپرسم بۆچی ئەنجامی نادەین هیچ پاساوێک لەدواخستنی لەئارادا نییەو بارودۆخی بابەتیو خودی گونجاوەو تەنیا کاتی دەست بەکاربوونی دەوێت بەپلانێکی تۆکمەی درێژ خایەن.




لەبەر ئەوەی ئەم دوو کتێبەی کە لەسەرەتادا ئاماژەم بۆ کردن لەبارەی سیاسەتی زمانو بەزمانی ئینگلیزی چاپ کراونو بەگوێرەی یاساش دەبێ ڕەزامەندی بۆ وەرگێڕانیان وەربگیرێ، خوازیارم خەمخۆرانی ئەم بوارە ئەم لایەنە فەرامۆشکراوە بەوردیو قووڵی لەسەری بنووسن، تاکو ئێمەش سیاسەتێکی زمانمان هەبێ چونکە گەر وانەکەین ئەوا مەترسی لەسەر زمانەکەمان لەدواڕۆژدا لە هەموو لایەکەوە پترو زیاتر دەبێ.

دەبێ ئەوەش بزانین کە ڕژێمی لەناوچوو، پێش ڕاپەڕین بەهەموو جۆرێ

هەوڵی لەناوبردنی لایەنی زمانی بەپلانێکی تۆکمە بۆ داڕێژراوی ئەنجام دەدا هەندێ جار بالۆنی هەڵدەدا بۆ زانینی بەرپەرچدانەوە بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٧ وانەکانی کۆمەڵایەتی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی) لەو شوێنانەی خوێندن بەزمانی کوردی بوو هەرسێکیانی کرد بەزمانی عەرەبی، بەڵام خەڵکەکە تێکڕاو پێکڕایان نیگەرانو ناڕازی بوونو پێشمەرگەکانیش کتێبەکانیان کۆ دەکردەوەو دەیانسووتاندن. بۆیە دوای ماوەیەکی کەم وەکو جاران وانەکانی کۆمەڵایەتی بەزمانی کوردی خوێندرایەوە، بەڵام پلانەکە بەجۆرێکی کە بەردەوام بوو (نووسراوەی نهێنی ژ ٧١ لە ١٩٨٩/٨/١٣ سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست) ئاماژە بەنەهێشتنی خوێندن بەزمانی کودری لەدهۆک دەکاتو بەنیازیشن کە لە هەولێرو سلێمانیش بۆ ساڵی ١٩٩٠/ ١٩٩١ خوێندنیان بەزمانی کوردی تیا نەمێنێ ئەمەش ڕاستو دروست (ئەنفالی زمانە) کە زمان نەما ئەوا گیانی نەتەوە کە لەنێو نەتەوەیەکی دیکەوە دەتوێتەوە، بەڵام ڕاپەڕینی ١٩٩١ پلانەکەی لەگۆڕنا.

**کاک سەلام ناوخۆش دەڵێ:**

(حیزبو حکومەتی کوردی کاریان بۆ سیاسەتی زمان نەکردووە، هەر بۆیەش زمانی ستاندەرو فەرمی نییە).

**د. ڕەفیق سابیر دەبێژێ:**

(زمانی کوردی بوونو پێناسەی نەتەوەی کورد بەرجەستە دەکات کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆناکبیرانو سیاسەتمەدارانی کورد، لەپێش هەموویانەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد، هێندە لەئاست زمانەکەیاندا کەمتەرخەمو بێخەمن کە لەهیچ وڵاتێکی دونیادا نموونەی نییە).

(بەڕای من کاتی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی زمان، وەک بەشێکی گرنگی سیاسەتی کولتووری دابڕێژێت).

منیش دەڵێم: زمان نەک بوونی نەتەوە دەسەلمێنێو پێناسەکەیەتی بەڵکو گیانی هەر نەتەوەیەکە بۆیە سیاسەتی زمان پێویستێکی دیرۆکیی مەزنە بۆ بەرز ڕاگرتنی زمانی هەر نەتەوەیەک.

(٢)

(ئێمە پێویستە ئامادەبین بۆ گۆڕان لە (نەتەوە پەرستییەکی سیاسی پاڤژ کە تەنیا لەسەر بنەمای خاک دامەزراوە بۆ نەتەوە پەرستییەکی تاڕادەیەک عەلمانیو مێژوویی دامەزراو لەسەر بنەمای زمانەوە).

W.B. yeats نامە بۆ سەرکردە ١٩٠٠.

لەبارەی ئێرلەندەش بەکورتیو چڕوپڕی ئەم چەند دێرە دەنووسمەوە تاکو لەئایندەیەکی نزیکدا بەتێروتەسەلی لەبارەیانەوە بنووسمەوە:-

ئێرلەندە (ئایریش) نەتەوەیەکن وڵاتەکەیان دابەش کراوە بۆ دووبەش کۆماری ئێرلەندە کە وڵاتێکی سەربەخۆیەو ئەندامە لە یەکێتی ئەوروپیو ئێرلەندەی باکوور کە هەرێمێکە لە بریتانیاو زمانیان گالێکی کە لەچەندین شێوەزار پێکهاتووەو لەمێژە بەزمانی خۆیان دەنووسنەوەو کۆنترین بەڵگە ئۆگامیەو کە بەئەلفو بێ لاتینیان دەنووسینەوەو قەشەکانیان زۆر هەقایەتو ئەفسانەیان لەفەوتان پاراستووە لەبەر بارودۆخی وڵاتەکەیان، بۆیە زۆربەی ئایریشییەکان (ئێرلەندییەکان) لەدەرەوە دەژینو ڕەوەندێکی زۆریان لە ئەمریکاو کەنەداو ئۆسترالیادانو تاڕادەیەک زمانی زگماکیان لەبیر نەکردووە، هەتا ئێستاش نامەکانی داپیرا کە بەزمانی ئایریش لە ١٧٣٥ لەلایەن جۆرج فۆلکنەر بۆ یەکەم جار بەچاپ گەیێنراون بەپیرۆزو خۆشیو بەباوکی ڕوحی ئایینیو نەتەوایەتی پێناسەی دەکەنو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئایریشییەکان سەرسەختانە جەختیان لەسەر شوناسی تاکی ئایریش دەکردەوە تاکێک کە سۆزی هەبێت بۆ زمانو کەلچەرو فەرهەنگو نیشتمانو نەتەوەی ئایریش هەبێ بۆ پێزانین لەهەردوو ئێرلەندەش یاسای زمان لە پەرلەمان دەرچووەو لەدەستووری ساڵی ١٩٣٧ یش لەبارەی زمانی نەتەوەیی ئێرلەندە، بەم جۆرە و لەو دوو ماددەیەدا هاتووە:-

**ماددەی (٨):**

١. زمانی ئێرلەندی وەک زمانی نەتەوەیی بەزمانی فەرمی یەکەم دەژمێردرێت.
٢. زمانی ئینگلیزی بەدووهەم زمانی فەرمی (ڕەسمی) دادەنرێت.
٣. وێڕای ئەمەش، دەکرێ ماددەو بڕگە بەیاسا دابنرێن بۆ هەر مەبەستێکی فەرمی یا زیاتر لە سەرتاسەری ویلایەتەکاندا، یاخود لەهەر ناوچەیەکدا.

**ماددەی (٢٥)**

لەحاڵەتی هەر ناکۆکییەک لە هەر دەقێکی دەستووردا سەبارەت بەم مەسەلەیەوە، ئەوا کار بەدەقەکی زمانی نەتەوەیی دەکرێت.

ئەگەرچی لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی (بەپێداگیرکردنی دیڤالێرا) دەستوورەکە بەشێوە کۆنەکەی پیتی گالتی نووسرابۆوە، چەند یاسایەک بەمەبەستی بەستاندەرکردنی زمانەکەوە لەکۆتایی ساڵەکانی ١٩٣٠دا لە پەرلەمان پەسندکران، ساڵی ١٩٤٧ سیستمێکی هەموارکراوی نووسینی ڕاستەوخۆ دروست بەناوی (Litrv na Galeiligc) ساڵی ١٩٥٨ڕێزمانە ڕەسمییەکە (Gramada chna Gaeilige) چاپو بڵاوکرایەوە (ئەمانە لەئێستا وەک ستاندەری فەرمی An caighdean oifigiuall بەیەکەوە دەردەچوێنرێن، ساڵەکانی ١٩٥٩و ١٩٧٨ حکومەت لەچاپدانی فەرهەنگێکی ئینگلیزیی- ئێرلەندی و یەکێکی ئێرلەندیی- ئینگلیزی لەئەستۆ گرت، هەروەها لە (پەروەردە) لەنێوان ١٩٦٤- ١٩٧٠دا نووسین بە ڕێنووسی (گالیکی) جێگەی بە ڕێنووسی (ڕۆمانی) چۆڵ کرد، چیتر بەکار نەهات. و زۆر ناودار لە ئایریشییەکان (ئێرلەندییەکان) لە سەرتاپای دونیا هەڵکەوتوونو شانازی بەنەتەوەکەیان دەکەن هەر بۆ نموونە ڕۆماننووسی ناودار جێمس جویسو شۆن کۆنری ئەکتەری جیهانی کە ڕۆڵی جێمس بۆند 007 بینیو لە ئینگلیزی لەجیاتی شۆنی ئیرلەندی ئەوا جۆن بەکاردێت.

لەبارەی کتێبی سیاسەتی زمان (جەنگی وشەکان) لە ئێرلەندە ئەم چەند دێرە دەخەینە بەرچاو:-

جەنگی وشەکان یەکەم خستنەڕووی گشتگیرە بۆ سیاسەتی زمان لە ئیرلەندای نێوان سەردەمی ئیمپریالیزمو دوای ئیمپریالیزمدا. تۆنی کراولی (Tony Crowley) بۆ ئەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی پێی گەیشتووە ڕەت بکاتەوە، پەردە لەسەر ئەو مێژووە ئاڵۆزو دڵگیر و هەندێ جار سەرسوڕهێنەرە هەڵدەداتەوە کە لە ڕابردوودا لە زێدە ساکارکردندا زۆری چەشتووە.

ئەم کتێبە بەدوای مێژووی بەردەوام و پچڕپچڕی ئیرلەندا دەکەوێت، لەماوەی پێنج سەد ساڵی ڕابردوودا، هەر لە (یاسای هێنری هەشتەمەوە Henry VIII، یاسای ڕێککاری و نەریت و زمان کە لە ساڵی ١٥٣٧دەرچووە)، تا دەگاتە (یاسای ساڵی ٢٠٠٣، یاسای زمانەکانی فەرمی کۆماری ئیرلەندا) و هێنانەکایەوەی مافەکانی زمان بەپێی یاسای ساڵی٢٠٠٤ کە لەلایەن کۆمیساری

مافی مرۆڤی ئیرلەندای باکوور پێشنیازکرا.

ئەم بەدواداچوونە باس لەو کێشە گرنگانە دەکات کە ئیرلەندایان لەڕووی، زمان یەکخستووە، یان دابەش کردووە، کە ڕەگەز، ناسنامەی ڕۆشنبیری، ئایین، سەروەری، گونجان، بێگەردی، هاتنەوەیاد و باوەڕپێکراویش دەگرێتەوە، بەڵام لەم پەڕتووکە بەباش زاندراوە کە لەجیاتی بە ساکارییەوە ئەو زانیارییانە بخرێتەڕوو، کە لە چەندین گفتوگۆکانی زمانەوانی پەسەند کراون، جارێکی تر بە بابەتەکەدا بچێتەوەو لەو بەڵگەیە بڕوانێ کە پێشتر کەمی لێ زاندراوە، بۆ ئەوەی هەندێ تێگەیشتنی تازە پێشکێش بکات و بەربەرەکانی بۆچوونە کۆنەکان بکات. بەڵگەنامەکان جیاوازن لە نێوان پەڕاوە فەرمییەکان، تا نووسینە شۆڕشگێڕییەکان، لە نێوان کارەکانی قەشە مێژوو نووسە ئیرلەندییەکان، تا سیاسەتوانە لایەنگیرەکانی سەردەم و لەنێوان فەرهەنگەکانی گیل، تا هۆنراوە ئەلستەر- سکۆتییەکان.

جەنگەکانی وشەکان خوێندنەوەییێکە بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە زمان بینیویەتی لە مێژووی ئیرلەندای سیاسیدا. لە ئەنجامدا بە بەڵگە دەیسەلمێنێ کە داننانی ڕێکەوتنی بێلفاست بەوەی کە زمانەکان بەشێکن لە سامانی ڕۆشنبیریی دورگەی ئیرلەندا دەبێتە سەنتەری سەرەکی بەرەو پێشخستنی کۆماری ئیرلەندای باکوور. بەشی کۆتایی کتێبەکە ئەو شێوازە شی دەکاتەوە کە هۆزانوانانی سەردەم زمانی گیل و ئیرلەندی - ئینگلیزی و ئەلستەر- ئینگلیزی یان پێ بەکارهێناوە ئەو دەنگانەی کە داوایان کردووە لە کۆمەڵگا نوێکانی هەردوو لای سنوور گوێیان لێ بگیرێت.

پانتایی کارەکە بەرین و گرنگە هەر لە قەدەغەکردنی ئینگلیزەکان بۆ بەکارهێنانی زمانی ئیرلەندی لە چاخەکانی ناوەندەوە تا ڕێکەوتنی هەینیی بەخێر و سیاسەتەکانی ئەورووپای یەکگرتوو. هەروەها لە گشت کارەکانی شێوازێکی ڕووناک و سانای گرتۆتەبەرو دەکرێ بە ئاسانی بەدوای سەرەداوی هەڵوێستەکان بەرامبەر زمان و پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەز و دان پێدانانی ئایینی بکەوێت. بەرهەمێکی بەسوودە.

لەمێژە (جەنگی وشەکان) لەئارادایە ئەوجا بەهۆی داگیرکردن یا کۆچکردن یا ڕاگواستن یا بازرگانی یا سەپاندنی زمانی دەسەڵاتدارو نکۆڵیکردن لەزمانی نەتەوەکانی دیکە بێ، و نووکە لە سەرتاپای دونیا هەزاران زمان هەیەو

مەترسی لەناوچوونی زۆرینەیان دەکرێ کە لەم جەنگە بەرەو لەناوچوون بچن، بۆیە کەرەستەکانی بەرەنگاربوونەوە و بەرخودانو بەرپەچدانەوە بە کاراکردنی زمانە ئەمەش لەگشت قۆناغەکانی خوێندنی میری بخوێندرێو لە فەرمانگەکانیش بەرێکوپێکی بەکاربهێنرێو دەبێ پسپۆرانی ئەم بوارە لە زماننا‌سانو زمانزانان بەم ئەرکە دیرۆکییە بەپلانێکی تۆکمەی درێژخایەن ڕابنو لە بەراییدا وەکو وڵاتانو هەرێمەکانیشیان (یاسای زمان) لە پەرلەمانی عێراقو لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێ، تاکو نەک یاسایەکە جێبەجێ بکرێ، بەڵکو ئەوەی کەمتەرخەمیو دژی دەوەستێ یەکسەر سزای یاسایی بدرێو بۆ ئەوەی زمان ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانو گیانی هەر تاکێک وەکو ئاو و هەوای وابێ، چونکە هیچ زمانێک لە جیهاندا لە زمانێکی دیکە پیرۆزتر نییەو هەموویان لەیاساکانی نێودەوڵەتی یەکسانن (ژمارەیان هەرچەند بێ)و جەخت لەسەر دانانی سیاسەتی زمان دەکەینەوە، بۆئەوەی زمان بەڕاستو دروستی بەکاربهێنرێو تاکە سەرچاوەو بەرپرس دەزگای (کۆڕی زمانی کوردی) دەبێ کە بەزووترین دەرفەت دابمەزرێ، تاکو دەستبەکار بینو چیتر چاوەڕوانی گۆدۆ نەبین.

**پەراوێز**

١. لە عێراقیش (قانون اللغات المحلية رقم ٧٤ لسنة ١٩٣١) واتە پێش ٨٢ ساڵ دەرچووە.

٢. گەرچی دەیان میرنیشینمان هەبووە، بەڵام نەمزانیوە لەهیچ کامیان زمانی فەرمی زمانی کوردی بێتو تاکو حکومەتی خوارووی کوردستان (مەلیکی کوردستان شێخ مەحمود) کە لە ١٩١٨ زمانی کوردی کردووە بەزمانی فەرمی حکومەتەکەی.

٣. پێنج سەدو حەفتاو نۆ یاساو بڕیار لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراون، بەڵام ناوی زمانی کوردی تاکو تەرا هێنراوە.

أ- یاسای کۆڕی زانیاری کوردستان ژ ١٩٩٧/١٢ لەماددەی دووهەمی لەبڕگەی یەکەمو دووەم ناوی زمانی کوردی هێناوە، لەهەموارکردنی یاسای کۆڕی زانیاری کوردستانو ناوگۆڕینی بۆ ئەکادیمیای کوردی یاسای ژمارە ٢٠٠٧/٢٩ لە ماددەی سێیەمیدا لە بڕگەکانی یەکەمو دووەمو چوارەمو شەشەمو حەوتەم ناوی زمانی کوردی هاتووە.

ب- لەیاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ژ١٩٩٧/١٢ لەماددەی دووەم باسی زمانی کوردی کراوە.

ج- لەدوا یاسای دادوەریی هەرێمی کوردستان- عێراق ژ٢٠٠٧/٢٣ ماددەی شەشەم زمانی کوردی زمانی دادگاکانەو دەشێ لەکاتی پێویستدا زمانی عەرەبی بەکاربهێنرێ.

د- دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١و هەڵبژاردنی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە یەکێ لە دادگاکانی هەولێر وەسیەتنامەی نووسەرێکی ناوداری کورد لەبەر ئەوەی بەزمانی کوردی نووسرابوو ئەوا دادگا بڕیاری دا بکرێتە زمانی عەرەبیو بڕە پارەیەکیشی بۆ پارێزەرە وەرگێڕەکەی سەرف کرد.

٤. لەبارەی مافی زمانەکانی تورکمانو سریانیو ئەرمەنی گەرچی لەچەندین نووسین ئاماژەم پێکردووە بەڵام لەئایندەدا بابەتێکی تێروتەسەل دەنووسمەوە.

٥. کە فەرمانی وەزارەتی داد دەرچوو، بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی دادگاکانی کوردستان. هەندێ پارێزەر دەیانگوت: قانونو زمانی کوردی کوجا مەرحەبا؟! بەڵام پارێزەری وا هەبوو کە توانییان بەشەش قۆڵی (پارێزەران: بەندە و کەریم بەحری و ئەحمەد عەبدوڵڵا خدرو سەردار کاوانی و بورهان عوسمان و ئەحمەد عەبدولقادر) بە چەندین ڕۆژ توانیمان حەوت سەد زاراوەی یاساییو چۆنیەتی نووسینی جۆرەکانی داوا و بریکارنامەکان بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان ئامادە بکەن.

٦. گەرچی لە وڵاتانو هەرێمەکانیاندا لەمێژە بۆ داڕشتنی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانەکانیان لیژنەیەکی تایبەتمەندیی پسپۆڕی لایەنی یاساییو زمانەوانی لە هەندێکیشیان لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان لیژنەی زمان هەیە لەدانیشتنێکی پەرلەمان ئەمە جەختی لەسەر کراوە، بەڵام نە لیژنەکە پێکهاتو نە لیژنەی زمانیش هەیە تاکو چیتر لەنێو هۆڵی پەرلەمان، لایەنی (زمانەوانی) هێندە قسەی لەسەر نەکرێو هۆڵی پەرلەمانیش نەبێتە کۆڕی زمانی کوردیو عەرەبی.

٧. دەقی ماددەکانی دەستووری ئیرلەندە مامۆستا مەجید ئاسنگەر و بەرگی دواوەی کتێبی (جەنگی وشەکان) سیاسەتی زمان مامۆستا عەبدوالکەریم

هەمەوەند لە ئینگلیزییەوە کردوویانە بەکوردی. بۆیە سوپاسیان دەکەین.
٨. تونی کراولی سەرۆکی بەشی تیوری زمانو ئەدەبو ڕۆشنبیرییە لە زانکۆی مانچستەر.

### سەرچاوەکان


١. بەستانداردکردنی زمانی کوردیو ئەلفوبێی کوردی، د. ڕەفیق سابیر، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢. ستاندەر بوونی زمانی کوردی لەنێوان زمانی سیاسەتو سیاسەتی زمان، سەلام ناوخۆش، چاپی یەکەم ٢٠١٠ هەولێر، لەبڵاوکراوەکانی ڕیکخراوی زماناسی ژمارە (١).
٣. گۆڤاری مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن ژ ١٠٠و ١٠١ چەند لاپەڕەیەک دەربارەی ئایریش ناشنەیڵزم، بەشی یەکەمو دووەم/ سلێمان عەبدوڵڵا یونس.
٤. لغات العالم الحية والميتة، ترجمة واعداد زياد الملا، الطبعة الاولى ١٩٩٩، دمشق.
٥. اثنوغرافيا الشعوب، الدكتور مجيد حميد عارف ١٩٩٠- بغداد.
٦. گۆڤاری یاساپارێزی ژ ٢٠٠٤/٩ بەڵگەنامەیەک بۆخۆی دەدوێت، مەجید ئاسنگەر.
٧. حرب اللغات والسياسات اللغوية لويس جان كالفي، ترجمة د. حسن حمزة، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى بيروت ٢٠٠٨.
٨. کوردو کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، قاموس لئەعلامی شەمسەدین سامی، ئەحمەد تاقانە کردوویەتی بەکوردی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر- ٢٠٠٨.
٩. گۆڤاری یاساپارێزی ژ٢٠٠٥/١٠ کورداندنی یاساو زمانی فەرمی لە کوردستاندا، پارێزەر/ تاریق جامباز.
١٠. من ابادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادي، المحامي طارق جامباز، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوک، ٢٠٠٨.
١١. پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) پرسیار بارانی حکومەتی کوردستان دەکەن. پارێزەر/ تاریق جامباز، هەولێر ٢٠٠٩، چاپخانەی شەهاب.
١٢. دەقی ئەو نامەیەی بەڕێز قوبادی جەلی زادە بۆ نووسەری ئەم بابەتەی ناردووە.
١٣. دەقی نووسراوەکان.

# خوێندن بە زمانی دایک
# سەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیە
## (هەرێمی کوردستان بەنموونە)

پێشکێشە بەوانەی زمانی زگماکیان لەبیرناکەن‌و لەهەر کوێیەک بن، فێری منداڵەکانیانی دەکەن نەک بۆ قسەپێکردن، بەڵکو بۆ بەکارهێنان لە نووسین‌و خوێندنەوەشدا.

ط. ج (١٩٨٦)

دەستنیشانکردنی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، دەگەڕێتەوە بۆ سەپاندنی زمانی نەتەوەیەک بەسەر زمانی نەتەوەیەکی دیکەدا، بەڵام ئەم ستەمە بەردەوام نەبوو، ئەمەش سەرهەڵدانی ئەم ڕۆژەیە.

وڵاتی پاکستان لە (١٩٤٨/٣/٢١) زمانی ئۆردووی بەسەر دانیشتووانی بەنگلادیشی سەپاند، کە ئەوسا بەشێک بوو لە پاکستان، دانیشتووانی ٩٨٪ زمانی بەنگلادیشیان بەکاردەهێناو ئەم بڕیارە نکۆڵی لێکردن‌و قەدەغەکردنی زمانەکەیان بوو، بۆیە گەلی بەنگلادیش بەتایبەتی ڕۆشنبیران‌و قوتابیانی زانکۆ، نارەزاییان دەربڕی، بۆ ئەم مەبەستە خۆپیشاندانی یەک لەدوای یەک بەردەوام بوو، تاکو لە (١٩٥٢/٢/٢١) تەقە لەقوتابیانی زانکۆ کرا و چەندێکیان لێ شەهیدو بریندار بوون، ئەم بزاڤە ناونرا بزووتنەوەی زمانی بەنگلادیش‌و دوای سەربەخۆیی بوونی بەنگلادیش لە (١٩٧١)، هەوڵدرا ئەم ڕۆژە ببێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە مێژووی مرۆڤایەتی، لەسەر پێشنیازی بەنگلادیش‌و ڕەزامەندی ٢٨ وڵاتی دیکەو لە یونسکۆ لە ١٧/تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ بڕیاردرا (٢/٢١) ببێتە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، ساڵانە لەم ڕۆژەدا لەزۆر وڵاتان یادەکە دەکرێتەوە و پاداشت و خەڵات بەسەر چالاکوانانی ئەم بوارە دابەش دەکرێت، چونکە لەوساوە زمان بۆتە یەکێ لە بنچینەکانی ئامانجی ڕێکخراوی یونسکۆ، تاکو ئەمڕۆ ساڵانە لەم بۆنەیەدا خەڵات و پاداشت بەسەر (٣٠) کەسایەتی‌و (١١) وڵاتدا دابەش دەکرێن، بۆ نموونە لە سوید لە (٢٠١٠/٢/٢١) (رامسین عمائونیل خۆشابا) لەبەر ئەوەی گرنگی بە زمانی دایکی (سریانی) داوە، بۆیە بە باشترین قوتابی لەرۆژی جیهانی دایک لەم وڵاتەدا هەڵبژێردراو خەڵات کرا،

هەروەها ناوبراو شەش زمان دەزانێو مامۆستاو مۆسیقاژەنو چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیو مافی مرۆڤە، خۆبەخشانە لە بواری فێرکردنی مۆسیقاو پرۆگرامی کۆمپیوتەرو وەرزش کاری کردووەو لە سوید بواری فێرکردنی زمانی دایک لە ئەستۆی حکومەتدایە و دوای فێرکردنی زمانی دایک ئەوە دەرچووان (بڕوانامەی زمانی دایک وەردەگرن). لەبڕیاری ژ(A/RES/61/266)کە لە ١٦ مایۆی ٢٠٠٧ کۆمەڵەی گشتی لە (un) دەرچووەو داوای لەوڵاتانی ئەندام کردووە، کە داکۆکیو زمانپارێزی لە هەموو ئەو زمانانەی گەلانی جیهان بەکاری دەهێنن بکەن.

تاکو ئێستا چەندین پێناسە بۆ زمانی دایک کراوە، بۆیە ئێمە لێرەدا چەندێکیان بەنموونە دەهێنینەوە:

- زمانی دایک گرنگترین سامانی هەر نەتەوەیەکە[١].
- زمانی دایک زمانی یەکەمە یا لەدایکبوونە، زمان دایکەو خاک باوکە، واتە زمان میراتی دایک بۆ منداڵەکانیو خاکیش میراتی باوکە بۆ منداڵەکان[٢].
- زمانی دایک زمانی سروشتییە کە دەبێ منداڵان فێری ببن[٣].
- مافی منداڵە کە بەزمانی خۆی بخوێنێ[٤].
- لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش سەلماندوویانە، ئەو منداڵانەی بەزمانی دایکیان دەخوێنن، ڕادە و ئاستی فێربوونو داهێنانیان زۆر زیاترە لەو منداڵانەی بەناچاری بە زمانی دیکە دەخوێنن[٥].
- زمانی دایک، زمانی منداڵییە- بەواتای ئەو زمانەی منداڵ یەکەم جار لە منداڵییەوە فێری دەبێت[٦].
- مرۆڤ سەرەتا دەبێ زمانی زگماکی خۆی فێر بێو پێی بخوێنێ، دواتر فێری زمانەکانی دیکە بێ[٧].
- دەبێ کوردیش هەمیشە جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی دایک بکات

١- الحقوق اللغوية، ل١٤.
٢-حرب اللغات، ل١٥٤.
٣- امبراطورية الكلمة، ص ٧٥٣.
٤- اللغة والثقافة، ل٢١٤.
٥- زمانی زگماک، ل١٧.
٦- زمانی دایک هەڵگری زمانی نەتەوەیە، ل ٨٢
٧- ڕۆژی زمانی زگماکی، ل١٨٩.

خاوەنی بڕیاری خۆی بێت لەبارەی زمانەکەیەوە[1].

- زمانی دایک ناسنامەی کەسایەتی مرۆڤەکەیە[2].
- زمانی یەکەم زمانی دایکەو هی دووەمیش هی زڕدایکە[3].
- گەر یەکێ زمانی دایک فێربێ تەنیا زمانەکە فێر نابێ، بەڵکو ڕابردوو وشیاری کۆمەڵایەتیو مێژووی کۆمەڵگاکەش فێر دەبێ[4].
- ئەوەی زمانی دایک بەباشی بزانێ ئەوا زمانەکانی دیکە بە ئاسانیو پاراوی فێر دەبێ[5].
- کوشتنی زمانێک واتە کوشتنی ئەو کەسەی قسەی پێدەکات، یاخود وایان لێ دەکات زمانی دایکیان بگۆڕن[6].

تاکو پێش چل ساڵ گەرچی لە جاڕدانی مافی مرۆڤ و بەڵێننامە و بەڵگەکانی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی هاتووە ئەوسا زمانی دایک بە کاروباری ناوخۆی وڵاتان دادەنرا، بۆیە نکۆڵی لێکردنو قەدەغەکردنی چاوپۆشی لێ دەکرا، بەڵام بە شکستی بلۆکی سۆشیالست، ئەوا وەرچەرخانێکی مەزنو بەرز هاتە ئاراوە، بواری بێدەنگیو کەمتەرخەمی باوی نەما، چونکە لایەنی پەیوەندار ناچارن دەبێ لەو سەردەمەدا بەدەنگ بێنو هەڵوێست وەربگرنو چیتر خەمساردیو بێباکیو کەمتەرخەمی باڵی بەسەر ئەو مافە ڕەوایە نەکێشێ، چونکە زمانی دایک لەتەک خاکدا بوونو ناسنامەی نەتەوە دەسەلمێنن، بۆیە ئێستا گرنگیو بایەخو بەهایەکی زۆری لە ئاستی جیهانی پێ دەدرێ.

بەڕای من خاک/ نیشتمان/ وڵات پیرۆزە، بۆیە هەموو نەتەوەکان لەپێناویدا خەبات (سەرهەڵدانو بەرخودان) دەکەن تاکو بە مافە ڕەواکانیان بگەن، بەڵام گیانی خاک/ نیشتمان/ وڵات/ زمانەکەیەتی، بۆیە ناوی لێنراوە زمانی دایک (زمانی زگماک) و لەتەک خاکدا دوو کۆڵەکەی سەرەکی بوونو ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بەهەموو جۆر

١- د. ئیسماعیل پێشکچی ٢٠١١/٦/٣٠.
٢- عباس احمد- الحافظ على لغة الام.
٣- د. عبدالسلام فزازي مغربي.
٤- لقمان محمود- اللغة شيفرة الفرد.
٥- سمير ناصر دبيس.
٦- جەنگی شاراوە، ل٦٨.

و شێوازێک نەک داکۆکی و پشتگیریو پشتیوانی لە ناسنامەی نەتەوەکانی کوردستان کردووە، بەڵکو لە کاکڵەی داواکارییەکانیاندا بوو، کە دانوستاندنو دیالۆگیان لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کردووەو لەنێو بەڵگەنامەکاندا هەن، دەتوانن دەقەکانیان بەسەربکەینەوەو بیانخوێنینەوە، کە نەک ئەوسا، بەڵکو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەر لە ١٩٦١ تەنیا ئیزگەیەکی ڕادیۆیی یەک سەعاتی هەبوو، بەڵام جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی، ئەوا بە زمانی تورکمانیو سریانیش پەخش دەکرا، گەر حکومەتی عێراق (بڕیاری ژ ٨٩ لە ١٩٧٠/١/٢٤ بۆ زمانی تورکمانیو سریانی بە ژ٢٥١ لە ١٩٧٢/٢/٢٠ هەردوو بڕیار لەسەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق دەرچووە) دانی بەمافی ڕۆشنبیریی تورکمانو سریانی ناوە، بەڵام بۆ مەبەستی جوانکاری ڕژێمەکەی بوو، چونکە دواتر بەرە بەرە ئەوەی دابووی کەمی کردەوەو نەیهێشت تاکو ئەو ڕادەیەی ناوی شوێن و جێگاکانیشی کردە زمانی عەرەبیو چەندین بەڵگەنامە لەم بارەوە هەن، هەر بۆ نموونە چەندین دۆکیۆمێنت لە کتێبی(التطهير العرقي «تغيير القومية» للكورد والتركمان في كركوك) بڵاوکراونەتەوە، لە یەکێکیاندا ڕژێمی بەعسیزم فۆرمی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەی کوردو تورکمانی بۆ نەتەوەی عەرەب لەکەرکووک دابەش دەکردو ناچاری دەکردن کە ناسنامەکانیان بگۆڕن، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان نەیانگۆڕی، بۆیە ئێشو ئازارێکی زۆریان بینی، ئەمە بەردەوام بوو تاکو لەناوچوونی ڕژێمی پێشوو، هەروەها بارەگای تورکمان قادارشلق اوچاغی لە (بەغدا ١٩٦١ – مووسڵ ١٩٦٨- هەولێر ١٩٧٤) هەبوو، بەڵام لە کەرکووک قەدەغە بوو، تاکو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کە دیسان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دەسەڵاتی دیفاکتۆی هەبوو، دواتر هەڵبژاردنی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەت هەر لە ١٩٩٢ (زمانی دایک) وەکو ناسنامەی نەتەوەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین کرا، هەر لە خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان، تاکو مافی کولتووری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە هەردووکیان یاساو دەقەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرچوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیان بۆ تورکمانو سریان کە زمانی دایکیان (زمانپارێزی) لێ کراوەو ئەرمەنییەکانیش ئەو مافەیان پارێزراو بووەو دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ و

لەیاسای تاڵ (یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە لە ٨ی ئاداری ٢٠٠٤ دەرچوو)، ئەوا سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان لەسەرووی هەموویانەوە بەڕێزان: مام جەلال تاڵەبانیو کاک مەسعوود بارزانی جەختیان لەسەر زمانی دایک (ناسنامەی نەتەوەکانی تورکمانو سریان کلدان ئاشووریو ئەرمەنی دەکرد) لەنێو یاسایەکە جێگیرکرا، دواتر کە پرۆژەی دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) نووسراوە، پترو فراوانتر زمانی دایکی نەتەوەکان دووپات کرایەوە و لە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە ڕیفراندۆمی بۆ کراو و٨٠٪ دانیشتووانی عێراق دەنگی بۆ دا و ڕێژەکە لە کوردستان پتر بوو، ئەم نەتەوانە بنکەی ڕۆشنبیری و گۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانی دایک دەردەکەن، کە بە بڕیارێک لیژنەیەک لە پەرلەمانی کوردستان بۆ نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری کۆماری عێراق شاندی (دە) پەرلەمانتاری لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پشتیوانی لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا لە پێکهاتە نەتەوەییو ئاینییەکان پێکهێنرا، ئەوە نوێنەری تورکمانو سریان کلدان ئاشووری بەشدارییان تیا کرد، بۆیە لە دەستووری کۆماری عێراق وردترو قووڵتر مافی ناسنامەی نەتەوایەتییان چەندین ماددەی تایبەتی بۆ تەرخان کرا، هەروەها لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، (کۆتا) بۆ تورکمانو سریان کلدان ئاشووری و ئەرمەنی دانرا، کە لیستەکانی خۆیان کامیان زۆرینەی دەنگی هێنا، ئەوا دەبێتە پەرلەمانتار، ئێستا ژمارەیان (١١) پەرلەمانتارە (٥) تورکمانو (٥) سریان کلدان ئاشووریو پەرلەمانتارێکیش ئەرمەنییە، هەروەها لیژنەیەک بە بڕیاری ژ ٥ لە ٢٠٠٥/٩/٨ لە پەرلەمانی کوردستان لە ١٩ پەرلەمانتارو پسپۆڕانی بواری یاسا و ئەندامی نەتەوەکانی گەلی کوردستانی تیا بوو پێک هاتبوو.

هەروەها لە هەرێمی کوردستان چەندین ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی بە زمانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی هەیە.

ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە خوێندنی تیا بە زمانی تورکمانی دەخوێندرێ (٢٠)ە و بە زمانی سریانی (٥٨)ە و بە زمانی ئەرمەنی (٤)ە، کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستانن. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای دهۆک (ئەرمەنییە).

ئەو وڵاتانەی سیستەمیان فیدرالییە، نەک هەر لە وڵاتەکانیان، بەڵکو لە

هەرێمەکانیشیان جەخت لە دەستوور و یاساکانیان لەبارەی خوێندن بە زمانی دایک لە وەزارەتی پەروەردە دەخوێندرێ، ماددەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، بەڵکو یاسای زمانیان تیا جێبەجێ دەکرێ، تاکو زمانی دایک بپارێزێ، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی زمانەکەش ببووژێتەوە، بۆیە پێویستە زمانی خوێندن کە مافێکی ڕەوای هەموو نەتەوەکانە زمانی دایک بێت. بۆیە نەک دەستووری کۆماری عێراق، بەڵکو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش بەزمانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی و سریانی چاپ و بڵاو کراونەتەوەو کاتێ سەرژمێریی سەرتاپای عێراق، ئەنجامدرا، ئەوسا دەبێ مافەکانیان بەگوێرەی ژمارەیان، نەک لە عێراق، بەڵکو لە کوردستانیش پتر بکرێ.

لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی زمانی دایک مافێکی ڕەوایە باوک و دایکی ئەو منداڵانەی زمانی زگماکی تایبەتییان هەیە، دەتوانن داخوازی بدەنە لایەنی پەروەردەیی تاکو زمانی زگماکیان بخوێنن و وڵاتەکەش هەموو پێداویستییەکانیان بۆ ئامادە دەکات و تێچوونەکانی ئەم پرۆسەیەش لە ئەستۆ دەگرێ، ئەمەش لەبەر ڕێزگرتن لە مەزنیو بەرزیی زمانی دایک، بۆیە لە زۆر وڵاتان ئاهەنگو یادکردنەوە لە ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک ڕێکدەخرێ و خەڵات بەم بۆنەیەوە دابەش دەکرێ، لەبەرئەوەی زمانپارێزی ناسنامەی نەتەوەکانە، چونکە زمانی دایک کەلەپووری مرۆڤایەتی دەپارێزێو یۆنسکۆ بەم چالاکییە ڕادەبێ بە بەشداری لایەنی پەیوەندیدار ئەم یادە دەکەنەوە، گەر هەر زمانێ مەترسی لەناوچوونی لێ بکرێ، ئەوا لەبەر ئەوەی گەنجینەیەکی مرۆڤایەتی مەزنو بەرزی لەدەست دەدا، بۆیە بەهەموو جۆرێ هەوڵی پارێزگاری و گەشەپێدانی لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکە و بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە هەموو ڕوویەکەوە کاری بۆ دەکرێ تاکو ببووژێتەوەو لە فەوتان بپارێزرێن. هەر بۆ نموونە لە ئوردن نەتەوەی (چەرکەز) زمانی دایکیان نەدەخوێند، ئەمەش وای کرد زمانەکەیان بەرەو لەناوچوون نزیک بێتەوە، بۆیە یونسکۆ بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردەی ئوردن بڕیاریان دا سەرلەنوێ ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە زمانەکەیان بخوێنن، تاکو لەفەوتان ڕزگار بکرێو بپارێزرێ. ساڵی ١٩٩٢ لە سەردانێکمدا بۆ وڵاتی سووریا، بینیم زمانی کوردی نکۆڵی لێ دەکرێ و قەدەغەیە، بۆیە کوردانی ئەوێ نەک تەنها لەماڵەوە قسەیان پێدەکەن، بەڵکو منداڵەکانیان فێری نووسینو خوێندنەوە بەزمانی دایک دەکەن، تاکو ناسنامەی نەتەوایەتییان پارێزراوبێ.

**پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان**[1]

**ماددەی (١٤)**: مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی و کولتووری و ئیدارییەکانی تورکمان و کلدان و سریان ئاشووریو ئەرمەنی.

**ماددەی (٧١)**: پشتگیریکردنی بەردەوامیی بایەخدان بەزمانو کولتوورەکانی تورکمان، عەرەب، کلدان سریان ئاشووریو ئەرمەنی لە پرۆگرامە پەروەردەییە تایبەتییەکانی خۆیدا.

**پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان**[2]

**ئامانجە گشتییەکان:**

٧- پابەندبوون و پشتیوانیکردن لە مافە دەستوورییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیییەکانی وەک (تورکمان، عەرەب، ئەرمەنی، کلدو ئاشووری)و ئایینی و مەزهەبییەکانی وەک (ئێزیدی، مەسیحی، سائیبەی مەندائی، کاکەییو شەبەک) لە کوردستانو عێراقدا.

**هەشتەم بواری کولتووری:**

گرنگیدانو ڕێزگرتن لە کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی سەرجەم ئەو نەتەوە (تورکمان، عەرەب، کلدو ئاشووری)، ئایینی مەزهەبانەی (مەسیحی، ئێزیدی، سابیئەی مەندائی، شەبەک، کاکەیی) کە لە کوردستان دەژین.

**پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی (٥)**

گەلی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە کورد، تورکمان، عەرەب، کلدان سریان ئاشووری، ئەرمەن، هاووڵاتیانی دیکە لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (١٤)**

**یەکەم**: کوردیو عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستاننو ئەم دەستوورە مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات

١ -کۆنگرەی سێزدەیەم ١١- ٢٠١٠/١٢/١٨، هەولێر.

٢ -پەسەندکراوی سێیەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) سلێمانی ١١- ٢٠١٠/٦/١٤.

لەفێرکردنی منداڵەکانیان لە دامودەزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا بەپێی مەرجو ڕێککارییەکانی پەروەردەیی بەزمانی زگماکیی خۆیان. ئەمەش زمانەکانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنیش دەگرێتەوە.

**دووەم**: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لە تەک زمانی کوردی و عەرەبییەوە، لەو یەکە کارگێڕییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن، زۆرینەی دانیشتووان پێک دێنن. ئەمەش بە یاسایەک ڕێکدەخرێ.

**سێیەم**: لە هەرێمی کوردستان کار بە حوکمەکانی ماددەی (٤) ی دەستووری فیدراڵی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمییەوە لە هەر جێیەک بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی.

**ماددەی (٢٠)**

**دووەم**: هەموو چەشنە جیاکارییەک لەسەر بناغەی ڕەگەز، ڕەنگ، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی، ولاتنامە، بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ، تەمەن، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان کەمئەندامی قەدەغەیە. بنەمای یەکسانیش کۆسپ ناخاتە پێش سڕینەوەی شوێنەوارو دەرهاوێشتەکانی ئەو ستەمەی لە ڕابردوودا لەلایەن ڕژێمە فەرمانڕەواکانی پێشووەوە دەرهەقی هاوڵاتیانی کوردستان-عیراق و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانییەکان کراوە.
دەتوانرا لە باشووری کوردستان (یاسای زمان ٢٠٠٥) دەرچوێنرابایە، بەڵام ئەم هەلە دیرۆکییە لەدەست چوێنرا.

## بەشی سێیەم
## مافە نەتەوەیی و ئایینییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان–عیراق[1]

**ماددەی (٢٩):** ئەو کەسانەی سەر بە یەکێک لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانن لە هەرێمدا مافی ئەوەیان هەیە بە ناوی خۆیانەوە بە فەرمی بناسرێن و مافی ئەوەشیان هەیە،، ناوی شوێنە خۆجییە نەریتییەکانیان بە زمانی خۆیان بەکار بێنن، لەگەڵ پابەندبوونیان بە حوکمەکانی یاسای زمانەکانی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٣١):** پابەند بوونی کاربەدەستان بە دەستەبەرکردنی یەکسانییەوە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان دەبێ بنەمای یەکسانییەکی کارا دەستەبەر بکەن و کاربکەن بۆ بەدیهێنانیان لەنێو خەڵکانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانداو کەشێکی دابینکەر ئامادە بکەن کە ناسنامەیان بپارێزرێ و ڕێکاری پێویست بۆ پتەوکردنیشی بگرنەبەر.

**ماددەی (٣٢):** پابەند بوونی کاربەدەستان بە دوورکەوتنەوە لە دوورخستنەوەی بەزۆرەملێ

**یەکەم:** دەسەڵاتەکانی هەرێم دەبێ کەسانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بپارێزن لە گرتنەبەری هەر ڕێکارێک بە مەبەستی دوور خستنەوەیان بە زۆرەملێ دەبێ پشتیوانییان لێ بکەن و هانیان بدەن بۆ دامەزراندنی ڕابیتە و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیانەوەو بەردەوامبوونیان.

**دووەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە نەهێشتنی گۆڕینی بە ئەنقەست لە ڕێژەی دانیشتووان لەو ناوچانەی کە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، یان ئایینی لێ دەژیت، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر پرۆسەی سڕینەوەی شوێنەواری بە عەرەبکردن و ڕاگوێزانە زۆرەملێیەی کە ڕژێمی بەعس لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان–عیراق ئەنجامی داون.

**ماددەی (٣٣):** دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بنەمای ڕێزلێگرتن پتەو دەکەن لە نێوان هەموو ئەو کەسانەدا کە لە هەرێم نیشتەجێن، بە تایبەتی

---

١ – پەرلەمانی کوردستان– عێراق لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەسەندی کردووە.

لە بوارەكانی خوێندن و ڕاگەیاندن و ڕووناكبیریی گشتیدا و هەلومەرجی پێویست دەرەخسێنن بۆ ئەوەی كەسانی سەر بە پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینییەكان بەشدارییەكی كارایان لەگشت بوارەكانی ژیاندا هەبێ.

**ماددەی (٣٥):** ئەم دەستوورە مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و كارگێڕی دەستەبەر دەكات بۆ توركمان، عەرەب، كلدان وسریان و ئاشووری، ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ هەر پێكهاتەیەك زۆرینەی هەبێت. ئەمەش بە یاسایەك ڕێكدەخرێ.

**ماددەی (٣٦):** ئەو حوكمانەی لەو بەشەدا هاتوون سەربارى ئەو مافانەن كە لەم دەستوورەدا بۆ پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینییەكان هاتوون.

**ماددەی (١٠٦):**

**یەكەم:** لە پێكهێنانی ئەنجومەنی خۆجێیەكانو شارەوانییەكاندا نوێنەرایەتییەكی دادپەروەرانەی پێكهاتەكانی ئەو یەكە كارگێڕییە، یا شارەوانییە لەبەرچاو دەگیرێ، ئەمەش بەیاسا ڕێكدەخرێ.

**لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان– عێراق ژ١٩٩٢/١ هەمواركراو ئەوا دەقی ماددەكانی پەیوەندیدار دەهێنینەوە:**

**ماددەی پازدە:**

بڕگەی (٣) لە ماددەی سیو شەش هەموار دەكرێ، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٣- ئەگەر حزبێ لەناو كۆمەڵە حزبێكدا كە هەموویان بەناوی یەك نەتەوە ڕكابەری دەكەن (توركمان، كلدان، ئاشووری، ئەرمەنی، عەرەب). ناوەندی (معدل) هەڵبژاردنی بەدەست نەهێنا، ئەوا لەو بارەدا كام حزب لەحزبەكانی ئەو نەتەوەیە زۆرترین دەنگی هێنابێ، كورسییەكی دەدرێتێ).

**ماددەی هەشتەم:** ئەم ماددەیە بۆ یاساكە زێدە دەكرێ و بۆی دەبێتە ماددەی (سیو شەش/ دووبارە):

**ماددەی سیو شەشەم: (دووبارە)**

**یەكەم:** پێنج كورسی تەرخان دەكرێ بۆ (كلدان سریان ئاشووری)، كە پاڵێوراوانی ئەم پێكهاتانە كێبركێی لەسەر دەكەن.

**دووەم:** پێنج كورسی تەرخان دەكرێ بۆ توركمان، كە پاڵێوراوانی ئەم پێكهاتەیە

کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

**سێیەم**: یەک کورسی تەرخان دەکرێ بۆ ئەرمەن، کە پاڵێوراوانی ئەم پێکهاتەیە کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

**چوارەم**: دەنگدەرانی ئەو پێکهاتانەی باس کران پاڵێوراوی پێکهاتەکە هەڵیدەبژێرن.

**لەیاسای ژ٢٠٠٦/١٥ یاسای دووەم هەمواركردن بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان– عێراق ژ ٤ ی/١٩٩٢ی هەمواركراودا هاتووە:**

**ماددەی چوارەم**: بڕگەی (٤) لەماددەی چوارەم هەموار دەكرێو بڕگەیەكی دیكەش بۆ ماددەكە زیاد دەكرێو دەبێتە بڕگەی (٥)و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٤- زمانەكانی توركمانیو سریانیو ئەرمەنی دەكرێت بەزمانی فێركردن لەو ناوچانەدا كە ئەوانەی بەم زمانانە دەدوێن چڕییەكی نیشتەجێ پێكدەهێنن، بەپێی بەند و بەستی (ضوابط) پەروەردەیی، بەمەرجێ فێركردنی زمانی كوردیو عەرەبی ئیلزامی بێت.

٥- گۆڕینی بەرنامەكانی خوێندن، بۆ سەرجەم قۆناغەكانی خوێندن بەپێی داخوازییەكانی سەردەم، بەجۆرێك لەگەڵ سیاسەتی پەروەردەییو پەرەپێدان، لە هەرێمی كوردستان گونجاو بێت.

**لە ماددەی حەوتەمدا هاتووە:**

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێركردنی توركمانی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێركردنی سریانی.

لە یاسای ژ٢٠٠٧/١٤ یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی كوردستان– عێراق لە ماددەی سێیەمدا لە بڕگەی دوازدەهەمو سێزدەهەم بەم جۆرە هاتووە:

**دوازدەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەری توركمانی: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی پسپۆڕی زانكۆی هەبێتو خاوەن شارەزاییو كارامەیی بێت.

**سێزدەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەری سریانی: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی پسپۆڕی زانكۆی هەبێتو خاوەن شارەزاییو كارامەیی بێت.

بۆئەوەی زمانی دایک بەکردارو کردەوە ببێتە ڕۆژێکی جیهانی، ئەوا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێ بە مەرجی جێبەجێکردنیان:

١) منداڵ بەو شێوەزارەی زمانی کوردی قسەی لەگەڵ دەکرێ کە لە ماڵەوە بەکاری دەهێنن تاکو دەگاتە قۆناغی خوێندن ئەوسا گەر خوێندنی بە زمانی کوردی هەبی، ئەوا پێی دەخوێنێ، بەڵام لەبەر دەرنەچوونی یاسای زمان دەبینین زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی لە هەموو بوارێکو ئاستێکدا بەڕێکوپێکی بەکارناهێنرێ.

٢) گەرچی ئەوانەی دایکو باوکیان کوردن، بەڵام بەزمانی غەیرە کوردی لەبەر هۆکاری ڕاهاتن قسەی پێی دەکەن، ئەمەش کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر منداڵ دەبێ، کە زمانی زگماک نەزانێ یا زمانەکەی دووکەڵ بکات، گەر لە کوردستاندا بن لەسەر ئەوە دەوەستێ چ زمان لە ماڵەوە بەکاردەهێنن و نموونەیەک لەم بارەوە دەهێنمەوە، کە سەرژمێری ١٩٧٧ ئەنجامدراو گەنجێک لەبەر ئەوەی لەماڵەوە کوردن، بەڵام بەغەیرە کوردی قسە دەکەن، لە فۆرمەکە خێزانەکەیان بەغەیرە کورد نووسی، بەڵام کە باوکی هاتەوەو زانی، زۆر بەتوندی ئاگاداری کوڕی کردەوە کە ئەوان لە مەخموورەوە هاتوونو (کوردن)، بۆیە هەڵەکەی پێ ڕاست کردەوە کە ئەوان کوردن، گەرچی بەغەیرە کوریش دەدوێن، چونکە لەزمانەکە ڕاهاتوون.

٣) ئەوانەی لە هەندەران گەر هاوسەریان کورد بێ و گەر لە ماڵەوە بە زمانی کوردی قسە بکەن، ئەوە منداڵەکانیان زمانی کوردی دەزانن، بەڵام خێزانی وا هەیە لە ماڵەوەش بە غەیرە کوردی قسە دەکەن، بۆیە منداڵەکانیان زمانی کوردی نازانن گەرچی دایکو باوکیشیان کوردن. خێزانی واش هەیە کە لەخوێندن هاتنەوە، ئەوا دەبێ لە ماڵەوە بە زمانی کوردی قسە بکەن تاکو بزانن ناسنامەیەکی نەتەوەییان هەیە، کە کوردە و زمانی تایبەتییان هەیە.

٤) ئەرکێکی نەتەوایەتییە کە بە پلانێکی تۆکمە بۆ داڕێژراو لایەنەکانی سیاسی ئەندامو لایەنگیرو هەوادارانی کوردیان هان بدەن کە بەزمانی کوردی لەماڵەوە قسە بکەنو هەرگیز زمانەکەیان لەبیر نەکەنو بەپلەی دووەمی نەزاننو لەبەر ئەوەی زۆرجار کۆبوونەوە دەکرێ سێ، چوار کەسی غەیرە کوردی تیایە، ئەوا بەزمانی ئەوان قسە دەکرێ و لە (٢٠١١) بەرپرسی

دەزگایەکی بواری زمانی کوردی لەپایتەختی باشووری کوردستان دانی بەوە نا، گەرچی لە دەزگایەکی زمانی کوردیشە، بەڵام لەبەر چەندین کەس کە ژمارەیان لەپەنجەی دەستێک تێنەدەپەڕی بەزمانی (برا گەورە) قسەی کرد و ئامادەبووان زۆرینەیان کورد بوونو زمانی کوردیشیان دەزانی.

٥) لەبەر ئەوەی قەوارەیەکی سەربەخۆمان نییە بۆیە وا باشترەو چاکترە تاکو ناسنامەی نەتەوەکەمان بپارێزین هاوسەرگیری هەر لەنێو کوڕو کچی کورددابێ (ببەستریێ)، چونکە ئەوانەی ژن لەغەیرە کورد دەهێنن ئەوا گەر لە کوردستان بن لەبەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی زمانی کوردی فێر دەبن، بەڵام ئەوانەی لە هەندەرانن گەر ژنەکە غەیرە کورد بێ دوای نەمانی باوکەکە ئەوا نەک منداڵەکانیان زمانی زگماک نازانن، بەڵکو دابڕانێک (لێکترازانێک)ی یەکجارەکی بەنەتەوەی باوکی دروست دەبێ.

٦) لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان کوردەکانی دەرەوەی کوردستانیان تا ڕادەیەکی زۆر لەم بارەوە فەرامۆش کردووە، چونکە لەدوو سەردانمدا بۆ لوبنانو ئوردون بۆم دەرکەوت ئەگەر حکومەتی کوردستان (وەزارەتی پەروەردە) خولی فێرکردنی زمانی کوردییان بۆ بکاتەوە و هانیان بدا، فێری ببنو ناوی منداڵەکانیان بەناوی کوردی ناو بنێنو لەزانکۆکانی کوردستان وەربگیرێن. ئەوا زمانی دایکیان لەبیر ناچێت.

٧) ساڵانە لە (٢/٢١) یادی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک بۆ هەموو زمانەکانی بەکارهاتوو لە سەرتاسەری کوردستان بکرێتەوە و پاداشت و خەڵات بەسەر ئەو کەسو لایەنانە دابەش بکرێت کە بایەخ بە زمانی زگماک دەدەنو لە میدیاکانیش بایەخو گرنگیو بەهایەکی مەزنو بەرزی پێ بدرێ، بەتایبەتی لەلایەن لایەنەکانی پەیوەندیدار (وەزارەتی پەروەردە، ئەکادیمیای کوردی، یەکێتی نووسەرانی کورد، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی ڕۆشنبیری)

٨) کورداندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆکانی کوردستان بەسەرپەرشتی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە وەرگێڕانو ئامادەکردنو نووسینەوە کە لەهیچ کام بەشێک بابەتەکانیان لە دە بابەت پتر نابێو گریمان هەردوو ساڵێکیش بابەتێکیان بکردبایە زمانی کوردی ئەمڕۆ هەموو

بابەتەکان بەڕێکوپێکی دەوترانەوەو گەر هەر بەشێ بەپلانێکی تۆکمەی بۆ داڕێژراو، ساڵانە هەر دوو مامۆستا کتێبێکیان بەوەرگێڕان یا ئامادەکردن یا نووسین بە زمانی کوردی چاپو بڵاوبکردایە، ئەوا کتێبخانەی بەشەکانیان دەوڵەمەندتر دەبوو بە دابینکردنی سەرچاوە بەزمانی کوردی، بۆ زانینو ناسینی ئەزموونی وڵاتان پێویستە یاسای زمان لە زانکۆکان بخوێندرێ.

٩) بۆ یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە، ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، پێشنیازێکم پێشکێش بە ئەکادیمیای کوردی لە ٢٠١١/١٠/١٢ کرد، ئەوانیش نەک بڕیاریان لەسەر دا، بەڵکو بەپێویستیان زانی کە ئەمساڵو ساڵانە لەبەر مەزنی و بەرزی یادەکە بکرێتەوە.

## پاشكۆی ژماره (١)

مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار/٨٩
تاريخ القرار ١٩٧٠/١/٢٤

بسم الله الرحمن الرحيم

**قـــرار**

ان ثورة السابع عشر من تموز التي تؤمن بأن الطريق المؤدي الى زيادة مساهمة المواطنين في خدمة هذا الوطن وترصين الوحدة الوطنية وتعزيز الوحدة الكفاحية يأتي من خلال تمتع المواطنين بحقوقهم المشروعة وايمانا من الثورة بحق الاقلية التركمانية في التمتع بحقوقها الثقافية في المناطق التي تسكنها لذا :

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٩٧٠/١/٢٤ ما يلي :ـ

١ – تدرس اللغة التركمانية من مرحلة الدراسة الابتدائية .

٢ – جعل كافة وسائل الايضاح باللغة التركمانية في جميع المدارس التي ستدرس بهذه اللغة .

٣ – استحداث مديرية للدراسة التركمانية بوزارة التربية والتعليم .

٤ – تمكين الادباء والشعراء والكتاب التركمان من تأسيس اتحاد لهم والعمل على مساعدتهم وتمكينهم من طبع مؤلفاتهم وتوفير الفرص لزيادة قدراتهم وقابلياتهم اللغوية وربط هذا الاتحاد بأتحاد الادباء العراقيين .

٥ – استحداث مديرية للثقافة التركمانية ترتبط بوزارة الثقافة والاعلام .

٦ – اصدار صحيفة اسبوعية ومجلة شهرية باللغة التركمانية .

٧ – زيادة البرامج التركمانية في تلفزيون كركوك .

رئيس مجلس قيادة الثورة
احمد حسن البكر

ئەمە دەقی بڕیارێکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقە کە بە ژ٨٩ لە ١٩٧٠/١/٢٤ لەبارەی مافی خوێندن بەزمانی تورکمانی دەرچووە، بەڵام دوو ساڵی بەسەردانەچوو کە باوکەکان ناچارکران کە ئیمزای بکەن کە منداڵەکانیان ببەنە خوێندن بەزمانی عەرەبی.

## پاشکۆی ژماره (٢)

مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار/٢٥١
تاريخ القرار ١٩٧٢/٢/٢٠

بسم الله الرحمن الرحيم

**قـــرار**

تعتبر ثورة السابع عشر من تموز التي تلتزم بمبادىء حزب البعث العـــربي الاشتراكي أن تمكين الجماهير من ممارسة حقوقها الديمقراطية هو التجسيد الثابت لمنطلقاتها واسترشادها بمبادىء الحزب وأهدافه .

ولذلك فالثورة تؤمن بأن ممارسة الاقليات القومية الموجودة داخل القطر العراقي لحقوقها الثقافية هو التعبير عن النهج الديمقراطي لالتزامها العميق بهذا التآخي القومي والوحدة الوطنية .

ان الحفاظ على الخصائص القومية لهذه الاقليات وحماية تقاليدها وتراثها الشعبي والانساني ، وتطوير ثقافتها وآدابها في اتجاه تقدمي ، وتوفير الشروط الضامنة لنهوض جماهيرها هو التعبير عن الحرص على زيادة مساهمتها في بناء هذا الوطن وتعزيز مسيرته التقدمية وتمتين الوحدة الوطنية والكفاحية بين أبنائه ، وتوطيد روابط الاخاء بين جماهير الشعب في هذا القطر وارساء العلاقة بين المواطنين على اختلاف انتماءاتهم القومية على أسس ديمقراطية متينة وتنفيذا لقرارات المؤتمر القطري السابع لحزب البعث العربي الاشتراكي في ضرورة تمكين الاقليات القومية من ممارسة حقوقها المشروعة .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٧٢/٤/١٦ مايلي :

١ ـ منح الحقوق الثقافية للمواطنين الناطقين باللغة السريانية من الآثوريين والكلدان والسريان وفقا لمايلي .

أ ـ تكون اللغة السريانية لغة التعليم في كافة المدارس الابتدائية التي غالبية تلاميذها من الناطقين بهذه اللغة . ويعتبر تعليم اللغة العربية الزاميا في هذه المدارس .

ب ـ تدرس اللغة السريانية في المدارس المتوسطة والثانوية التي غالبية تلاميذها من الناطقين بهذه اللغة . وتعتبر اللغة العربية لغة التعليم في هذه المدارس .

ج ـ تدرس اللغة السريانية في كلية الآداب بجامعة بغداد كاحدى اللغات القديمة .

د ـ استحداث برامج خاصة باللغة السريانية في اذاعة الجمهورية العراقية ومحطتي تلفزيون كركوك ونينوى .

هـ ـ اصدار مجلة شهرية باللغة السريانية من قبل وزارة الاعلام .

و ـ انشاء جمعية للادباء والكتاب الناطقين باللغة السريانية ، وضمان تمثيلهم في الاتحادات والجمعيات الادبية والثقافية في القطر .

ز ـ مساعدة المؤلفين والكتاب والمترجمين الناطقين باللغة السريانية ماديا ومعنويا بطبع ونشر انتاجهم الثقافي والادبي .

ح ـ تمكين المواطنين الناطقين باللغة السريانية من فتح النوادي الثقافية والفنية وتشكيل الفرق الفنية والمسرحية لاحياء وتطوير التراث والفنون الشعبية .

٢ ـ ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره بالجريدة الرسمية ويتولى الوزراء تنفيذ أحكامه .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

ئەمە بڕیارێکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقە، بە ژ ٢٥١ لە ١٩٧٢/٣/٣٠ لەبارەی مافی خوێندن بە زمانی سریانی دەرچووە، بەڵام یەک وانە بوو، ئەویش هەر ناوی بێ ناوەڕۆک بوو، چونکە جێبەجێ نەکرا

## پاشكۆی ژماره (٣)/ أ

بسم الله الرحمن الرحيم

حزب البعث العربي الاشتراكي — امة عربية واحدة

القطر العراقي — ذات رسالة خالدة

قيادة مكتب تنظيم الشمال

سري للغاية ومستعجل جدا
تفتح من قبل الرفيق
امين سر قيادة الفرع

العدد / ٧١ /

التاريخ / ١١ / شعبان / ١٤٠٩ هـ

المصادف ١٨ / ٣ / ١٩٨٩ م


الى / قيادة فرع اربيل لحزب البعث العربي الاشتراكي

م/ الدراسة الكردية

تحية رفاقية

اشارة الى التوجيهات والاوامر المبلغة الينا وأوامر الرفيق امين سر القيادة القطرية صدام حسين حفظه الله الينا في اجتماعات القيادة القطرية تقرر ما يلي -
التنازل عن مشروع الدراسة التي اعدت وطبقت التنفيذ المتدرج لتحويل الدراسة الكردية الى الدراسة العربية وعلى أن تبدأ في محافظة دهوك في السنتين ... تعقد الاجتماعات في مقر مكتبنا وبرئاسة الرفيق امين سر قيادة مكتب تنظيم الشمال بحيث تتلائم الدراسة مع الوضع النفسي لسكان محافظتي اربيل والسليمانية على ان تنطلق بنسبة ٧٠٪ للسنة الدراسية ١٩٩٠/١٩٨٩ وبنسبة ١٠٠٪ للسنة الدراسية ١٩٩١/١٩٩٠ لغرض القضاء على التيار العنصري الشوفيني في المدارس الكردية وعدم ظهورها مستقبلا حيث انهم عملاء للحركات الانفصالية الرجعية وابعدوا الى خارج حدود القطر ... ركيزتنا في الدراسة ... الكتمان الشديد حول الموضوع وعلى ان تنجز الدراسة

## پاشکۆی ژمارە (٣)/ ب



قرارات مجلس قيادة الثورة

رقم القرار : ٦٣٣

تاريخ القرار : ٧/ربيع الاول/١٤١٠ هـ

١٩٨٩/١٠/٧ م

استنادا الى احكام الفقرة ( أ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور .

قرر مجلس قيادة الثورة ما يلي :ـ

اولا ـ لا يعتبر الطالب راسبا في مادة اللغة الكردية في المدارس المشمولة بتدريسها اذا لم يحصل على درجة النجاح المقررة لها .

ثانيا ـ لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار .

ثالثا ـ يعمل بهذا القرار ابتداء من السنة الدراسية ١٩٨٩ ـ ١٩٩٠ ، ولوزير التربية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذه .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

قية ـ العدد ٣٢٧٨ ٦٤٥ ١٩٨٩/١٠/٢٣


ئەم دوو بڕیارە بە ژ ٧١ لە ١٩٨٩/٣/١٨ و ٦٣٣ لە ١٩٨٩/١٠/٧ دەرچوێنراون، پلانی بەعسیزم بەدەردەخات بۆ ئەنفالی زمانی کوردی، یەکەمیان لەبارەی نەهێشتنی خوێندن بە زمانی کوردی، کە بە ئیمزای عەلی کیمیاوییەو دووەمیشیان بەئیمزای سەدام حوسێنە، واتە زمانی کوردی لە وانەکانی خوێندن دانراوە، بەڵام هەر بەناو بوو، ئەگەر یەکێ پلەی سەرکەوتنیشی بەدەست نەهێنا، ئەوا بە کەوتوو دانانرێ، واتە زمانی کوردی حیسابی بۆ ناکرێ.

**پاشکۆی ژماره (٤)**




بەرگی کتێبی (التطهیر العرقي «تغییر القومیة» للكورد والتركمان في كركوك) کە نۆ جار چاپ کراوە، شەشیان بە زمانی عەرەبی و دووانیان بە زمانی تورکی لە کوردستان و تورکیا و جارێکیشیان بە زمانی ئینگلیزی چاپ کراوە.

**پاشكۆی ژمارە (٥)**




بەرگی كتێبی خوێندن بە زمانی توركمانی و سریانی و ئەرمەنی، كە بە زمانی توركی لە توركیا (٢٠١١) هەزاران دانەی لێ چاپ و بڵاوكرایەوەو لە ساڵی ٢٠١٣ بەزمانی عەرەبی بڵاوكرایەوەو پێشتریش بە زمانی كوردی بڵاوكرابۆوە.

## پەراوێز

١) دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)[1]

یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لەفێرکردنی رۆڵەکانیان بەزمانی دایکیان وەک تورکمانی، سریانی، ئەرمەنی لەدەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی رێکارە پەروەردەیییەکان، یان بەهەر زمانێکی دیکە لەدەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

چوارەم: زمانی تورکمانیو سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیدارییانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێمو پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتووانەکەی لە راپرسییەکی گشتییدا بڕیاریان لەسەردا.

ماددەی (١٥)

ئەم دەستوورە مافی ئیداریو سیاسیو رۆشنبیریو فێرکردنی نەتەوە جیاوازەکانی وەک تورکمانو کلدانو ئاشووریو پێکهاتەکانی تر دەپارێزێتو ئەم کارەش بەیاسا رێکدەخرێت.

ماددەی (١٨)

پێنجەم: رەگەزنامەی عێراقی نادرێت، بەمەبەستی سیاسەتی نیشتەجێکردن، کە ببێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی دانیشتووانی عێراق.

٢) ماددەی (١١٧)

یەکەم: ئەم دەستوورە لە مێژووی پیادەکردنیەوە دان بەهەرێمی کوردستانو ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی.

٣) ماددەی (١٤١)

کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ وە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەم بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی کوردستان دراون- لەوانەش بڕیارەکانی دادگاو گرێبەستەکان، ئەگەر هەموارنەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بەپێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندارەوە، بەمەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت.

---

١- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق- فەرمانگەی راگەیاندن.

## سەرچاوەکان


١) حرب اللغات والسياسات اللغوية، لويس جان كالفي ترجمة د. حسن حمزة- بيروت، ٢٠٠٨.

٢) گۆڤاری زمانناسی ژ٢٠١٠/٩، زمانی دایک هەڵگری زمانی نەتەوەیە؟! سەلام ناوخۆش.

٣) رۆژنامەی هەولێر ژ٩٨٩، لە ٢٠١١/٣/٩، زمانی زگماک لەئێرلەندا، ئامادەکردن: ڕەسووڵ سوڵتانی.

٤) مافی خوێندن بەزمانی دایک، هاشم ڕەزایی ٢٠٠٨/٢/١٧.

٥) فەرهەنگ، پاشکۆی ڕۆژنامەی هەولێر ژ٨/٢١ شوباتی ٢٠١٠: جاڕنامەی جیهانی مافی زمان، وەرگێڕانی: حەسەن قازی.

٦) یاسای بنەڕەتی کاتالۆنیا (٢٠٠٦) ئیسپانیا، وەرگێڕانی پارێزەر محەمەد کاکەیی، پێشەکیو ئامادەکردنی پارێزەر تاریق جامباز، هەولێر ٢٠٠٧.

٧) التطهير العرقي (تغيير القومية) للكورد والتركمان في كركوك، المحامي طارق جامباز ٢٠٠٤ کراوەتە تورکیو ئینگلیزی.

٨) من إبادة اللغات الى قانون اللغات الرسمي في جمهورية العراق الاتحادي، المحامي/ طارق جامباز ٢٠٠٨.

٩) الحقوق اللغوي وحق اللغوي في الوجود، والبقاء، والتصور والانماء، والوحدة، د. عبدالهادى ابوطالب.

١٠) امبراطوريات الكلمة تاريخ للغات في العالم- نيقولاس اوستلر، ترجمة د. محمد توفيق البجيرمي، بيروت ٢٠١١.

١١) وەزارەتی پەروەردەو داڕشتنی دیدو ستراتیژی پەروەردەی نوێو چەمکی چالاکی لەکابینەی پێنجەم (٢٠٠٦- ٢٠٠٩) ئامادەکردنو پێداچوونەوەی تریفە عەبدوڵڵا ئیبراهیم و وشیار حەمەد حاجی، هەولێر- ٢٠٠٩.

١٢) اللغة والثقافة، تأليف كلير كرامش، ترجمة د. احمد الشيمى، قطر ٢٠١٠.

١٣) اللغة والهوية، مجموعة باحثين، اعداد وتقديم د. على ناصر كنانه. قطر ٢٠٠٩.

١٤) تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی، طارق جامباز ١٩٨٦- بەغدا.

١٥) مراسيم وقرارات مجلس قيادة الثورة (١٩٦٨- ٢٠٠٣) المتعلقة بكوردستان- العراق، المحامي طارق جامباز، الطبعة الثانية ٢٠٠٤ اربيل.

١٦) گۆڤاری k٢١ ژ ٢٠١٠/٩ ڕۆژی زمانی زگماکیو ئەرکی لاوان، عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا پوور، سەرنووسەری گۆڤاری لاوان.
١٧) أوديسا، التعددية الثقافية سير السياسات الدولية الجديدة في التنوع، تأليف ويل كيمليكا، ترجمة امام عبدالفتاح إمام، الجزء الثاني ٢٠١١.
١٨) چاوپێکەوتنێکی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٦/٣٠) لەگەڵ د. ئیسماعیل بێشکچی سازی کرد.
١٩) زمانی دایک، پاشکۆی گۆڤاری ڤەژەن ژ١/٢٠١٠ و ژ٢٠١١/٢ بەبۆنەی ساڵیادی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، لە دهۆک دەردەچێت.
٢٠) النمو اللغوي للطفل الكردي د. عبدالستار طاهر شريف، مطبعة سومر/ بغداد/ ١٩٨٧.
٢١) جەنگی شاراوە لەباکووری کوردستان، کرستینا کۆیڤوفەن، وەرگێڕانی د. یاسین سەردەشتی، خانەی وەرگێڕان- سلێمانی ٢٠١١.
٢٢) لەبارەی خوێندن بەزمانی تورکمانی (١٩٧٠) ڕای مامۆستا ئەسعەد ئەربیلی ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانو لەبارەی خوێندن بەزمانی سریانی (١٩٧٢) ڕای مامۆستا سالم تۆما کاکۆ ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانمان وەرگرت.
٢٣) لە ٦و ٢٠١١/١٠/٧ سەیری ئەم ماڵپەرە ئەلیکترۆنییانەش کراوە.

http://www.bizturkmeniz.com/ar/print

Article.asp?id=22501

http//www.zowaa.org/nws/ns7/n210208.htm

http//pelajinyoo7.com/y949.topic

http//www.nirgalgaye.com/zsp/v_news. Asp2id=11279

http//www.iraqi.dk/news/index

=Php?option=com_content and view

…Article and id=21301- wit

# مافی پێکهاتە نەتەوەیی‌و ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان[1]

# خوێندن بەزمانی تورکمانی‌و سریانی‌و ئەرمەنی لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستاندا

نەتەوەی دەسەڵاتدار (حوکمڕان) گەر مافی نەتەوەکانی دیکەی کە پێکەوە دەژین بەڕێکوپێکی‌و تەواوی جێبەجێ نەکرد ئەوا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ‌و لادانێکی مەزنە لە دیموکراسی‌و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان، چونکە نکۆڵیکردنە لەیەکسانی‌و هاوبەشی‌و بەشداریکردن لە هەموو ئاستو پلەو پایەیەکی هەرسێ دەسەڵاتەکە لە وڵاتداو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە. لەمێژە لە هەوڵدان بەپلانێکی ستراتیژی تۆکمەی بۆ داڕێژراوی درێژخایەن بەو نیازەی نەتەوەکانی دیکە قۆناغ بەقۆناغ لەنێو نەتەوەی باڵادەست بتوێنێتەوەو لەژێر دروشمی سواوەی بەسەرچوو (یەک زمان.. یەک نەتەوە..)و ئێمە جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەین کە هەر نەتەوەیەک..دەبێ دەوڵەتێک پەروەردەی خوێندنی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بۆیان دابین نەکرێ ئەوا گەر زمانەکانیان هەر تەنیا لە قسەپێکردن‌و پێ‌ئاخاوتن‌و پێ‌پەیڤین بەکاربهێنن ئەوا لە دواڕۆژێکی دوور یا نزیکدا هێدی هێدی بواری بەکارهێنانی بەرتەسک دەبێتەوەو دەرئەنجام ئەوانەی پێی دەدوێن ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە، چونکە پێداویستی ڕۆژانەی ژیان هەر لە (خوێندن‌و کارو وەرگرتنی پلەوپایە بەزمانی دەسەڵاتدار) نەتەوەکان ناچار دەبن گەر داکۆکیشی لێ بکەن (ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زمانەکەیان بەرەو کزی و سستی‌و لاوازی دەچێ) لەئەنجامدا بەمردنی دوایین کەس کە قسە بەو زمانە دەکات ئەوا زمانەکەش بەزمانێکی لەناوچوو (فەوتاو) دەژمێردرێ، بەڵام جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان چ لەشاخ‌و چ لەشارو لەکاتی شەڕو ئاشتی داکۆکی هەمیشەیی لەمافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی‌و ئایینییەکانی گەلی کوردستان کردووەو ئامانج‌و هیواو ئاواتی پێکەوە ژیان‌و لێبوردەیی‌و تەبایی ستراتیژی پراکتیزەکردنی ئەو مافانە بووەو

---

١- ئەم باسە بە زمانی تورکی لە ساڵی (٢٠١٣) لە تورکیا چاپ کرا، دواتر کراوە بەزمانی عەرەبی لە گۆڤاری پەروەردەو فێرکردن ژ٩ی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

کە لەشاخ تەنیا ئێزگەی ڕادیۆییێکی هەبووبێ ئەوا ماوەی پەخشەکەی هەر چەند بووبێ ئەوا (ماوەیەکی بۆ زمانی نەتەوەکانی دیکە تەرخان کردووە)و هەر لەگەڵ دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) پێش ١١٢ ساڵ داکۆکی لە مافەکانیان کراوە، هەر بۆ نموونە لە ژ٢٧ لە لاپەڕە ١ (ئەز دزانم کو برێ چەند سالا والی مەجلیسی تەرتیب بیدا ئەرمینا لە کوردا بدەن قەتل کرن وی مەجلیسی دە شێخ عوبیدڵلا مرحوم حازر بێ، شێخ مەرحوم مروەک گەلەک عالیمو موتەقی بی، ئیعتراز ڤێ ئەمری خنکارکر، جەواب دا کو هەر کە ئیرۆ ئەم ئەرمینا بیلا سەبەب بکوژن ڕۆژەکی بیت، کو میلەتەک دی وی یی مە بکوژە).

ئەم هەڵوێستە جوامێرە کوردانەیە، بەڕاشکاوانە دژی کوشتاری ئەرمەنییەکانە و ئەوسا بەم جۆرە سەرکردەیەکی مەزنی کورد داکۆکی لە نەتەوەیەکی دیکە دەکات.

لە باشووری کوردستان چ لە شاخو چ لە شار هەموو نەتەوەو ئایینەکان پێکەوە بەشدارییان لەخەباتو بەرخودانو سەرهەڵدان کردووەو لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی بەرەی کوردستانی (١٩٨٨) لەخاڵی سێیەم برگەی (بێ): (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەرەی کوردستانی ئەنجومەنێکی نیشتمانی، لەنوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسیو پیشەییو جەماوەرییەکانو لەنوێنەرانی کەمایەتی نەتەوەییو ئایینییەکانو کەسانی نیشتمانپەروەری ناسراوی کوردستان، پێکدەهێنێ، بەپێی یاسایەک کە بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێ، دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنە دیاری دەکات).

دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ئەوا خوێندنیان بەزمانی غەیرە عەرەبی بەرتەسک دەکردەوە، تا ئەو ڕادەیەی ئەو باوکو دایکانەی کە ڕۆڵەکانیان بە زمانی زگماکیان دەیانخوێند بەهەڕەشەو گوڕەشەو گوشار خستنەسەر تاکو داخوازی خوێندن بەزمانی عەرەبی بکەنو تەنیا دیکۆمێنتێک لەم بارەوە دەهێنمەوە کە نووسراوی ژ٧١ لە ١٩٨٩/٣/١٨ زۆر نهێنیو بەپەلەیە کە لەسەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ سەرکردایەتی هۆبەی هەمان حزب لە هەولێرو سلێمانی ڕەوان کراوەو بابەتەکەش (خوێندنی کوردی)یە کە باسی پرۆسەکانی ئەنفالە بەدناوەکان دەکاتو لەنووسراوەکە باسی نەهێشتنی خوێندن بە زمانی کوردی کراوە، کە

تاکو ساڵی ۱۹۹۰/ ۱۹۹۱ لە کوردستان نەمێنێ، واتە ئەنفالی زمانی کوردیش بکەن، پێشتریش زمانەکانی دیکەیان لەبواری خوێندن نەهێشتبوو، بەڵام ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱ هەموو پلانە شوڤێنییەکانیان لەڕەگو ڕیشە هەڵکێشاو دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ۱۹۹۲/٥/۱۹و دەستبەکاربوونی کابینەی یەکەمی حکومەتی کوردستان لەهەمان ساڵدا، ئەوا نەتەوەکانی دیکە لەهەرسێ دەسەڵات (یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری) بەشدارییان کردو لەپرۆژەی دەستووری کوردستانو یاسا پەیوەندیدارەکان جەختی لەسەر کراوە، ئەمەش مافێکی ڕەوای نەتەوەکانە وا دەقی چەندین ماددە لەپرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق کە پەرلەمانی کوردستان- عێراق لە ۲۰۰۹/٦/۲٤ پەسەندی کردووە دەهێنینەوە:

**ماددەی (۱٤)**

**یەکەم**: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستوورە مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دام و دەزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا بە پێی مەرج و ڕێککارییەکانی پەروەردەیی بە زمانی زگماکیی خۆیان. ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنیش دەگرێتەوە.

**دووەم**: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لە تەک زمانی کوردی و عەرەبییەوە، لەو یەکە کارگێڕییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن، زۆرینەی دانیشتووان پێک دێنن. ئەمەش بە یاسایەک ڕێکدەخرێ.

**سێیەم**: لە هەرێمی کوردستان کار بە حوکمەکانی ماددەی (٤) ی دەستووری فیدراڵی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمییەوە لە هەر جێیەک بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی.

**بەشی سێیەم**

مافە نەتەوەیی و ئایینییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان- عیراق

**ماددەی (۲۹)**: ئەو کەسانەی سەر بە یەکێک لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانن لە هەرێمدا مافی ئەوەیان هەیە بە ناوی خۆیانەوە بە فەرمی بناسرێن و مافی ئەوەشیان هەیە، ناوی شوێنە خۆجێیە نەریتییەکانیان بە زمانی خۆیان بەکار بێنن، لەگەڵ پابەندبوونیان بە حوکمەکانی یاسای زمانەکانی

کارپێکراو لە هەرێمی کوردستاندا.

ماددەی (٣٥): ئەم دەستووورە مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و کارگێڕی دەستەبەر دەکات بۆ تورکمان، عەرەب، کلدان و سریان و ئاشووری، ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ هەر پێکهاتەیەک زۆرینەی هەبێت. ئەمەش بە یاسایەک ڕێکدەخرێ.

لە پڕۆژەی دەستووری کوردستان جەخت لەسەر مافی نەتەوەکان کراوە بەمافی ئۆتۆنۆمیشەوە لەو شوێنانەی زۆرینە پێک دەهێنن.

لەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق ژ١٩٩٢/١ کە بەرەی کوردستانی دەریچواندووە و لەبڕیارێکی تایبەتیی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

١- بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی: بەرەی کوردستانی لەرۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی (١٩٩٢/٤/٨)دا سەبارەت بەم بارە نائاسایی‌و سەختە، کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی سازدا و بڕیارێکی لەبارەی تەنیا ئەم خولەی هەڵبژاردنە دەرکرد، بەتەرخانکردنی (٥) کورسی لەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ کەمە نەتەوایەتی ئاشووری بەهەموو تایەفەکانییەوە بە (کلدانی کاسۆلیک‌و کڵێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشووری (نەستووری) و سریانی‌و ئەوانی دیکەوە) هەڵبژاردنیان لەلایەن ڕۆڵەکانی گەلی ئاشووری‌و لەدایەرەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١) کە لەرۆژی (١٩٩٢/٤/٨) دا دەرچووە بگونجێت، دەبوایە هەر ئەوسا چەندین کورسی بۆ تورکمان‌و کورسییەک بۆ ئەرمەن تەرخان کرابایە.

**لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق دەقی ماددەکانی پەیوەندیدار دەهێنینەوە:**

**ماددەی پازدە:**

بڕگەی (٣) لەماددەی سی‌و شەش هەموار دەکرێ‌و، بەم شێوەی خوارەوە ئەخوێندرێتەوە:

٣- ئەگەر حزبێ لەناو کۆمەڵە حزبێکدا کە هەموویان بەناوی یەک نەتەوە ڕکابەری دەکەن (تورکمان، کلدان، ئاشووری، ئەرمەنی، عەرەب) مام

ناوەندی (معدل) هەڵبژاردنی بەدەست نەهێنا، ئەوا لەو بارەدا کام حزب لەحزبەکانی ئەو نەتەوەیە زۆرترین دەنگی هێنابێ، کورسیەکی دەدرێتێ).

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە زێدە دەکرێو بۆی دەبێتە ماددەی (سیو شەش/ دووبارە):

**ماددەی سیو شەشەم: (دووبارە):**

**یەکەم:** پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ (کلدان سریان ئاشووری) کە پاڵێوراوانی ئەم پێکهاتانە کێبرکێی لەسەر دەکەن.

**دووەم:** پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ تورکمان کە پاڵێوراوانی ئەم پێکهاتەیە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

**سێیەم:** یەک کورسی تەرخان دەکرێ بۆ ئەرمەن کە پاڵێوراوانی ئەم پێکهاتەیە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

**چوارەم:** دەنگدەرانی ئەو پێکهاتانەی باس کران پاڵێوراوی پێکهاتەکە هەڵیدەبژێرن.

**لە یاسای ژ١٥/٢٠٠٦ یاسای دووەم هەموارکردن بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان– عێراق ژ ٤ ی/١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتووە:**

**ماددەی چوارەم**

بڕگەی (٤) لەماددەی چوارەم هەموار دەکرێو، بڕگەیەکی دیکەش بۆ ماددەکە زیاد دەکرێو دەبێتە بڕگەی (٥)و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٤- زمانەکانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی دەکرێت بەزمانی فێرکردن لەو ناوچانەدا کە ئەوانەی بەم زمانانە دەدوێن چڕییەکی نیشتەجێ پێکدەهێنن، بەپێی بەند و بەستی (ضواط) پەروەردەیی، بەمەرجێ فێرکردنی زمانی کوردیو عەرەبی ئیلزامی بێت.

٥- گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن، بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بەپێی داخوازییەکانی سەردەم، بەجۆرێک لەگەڵ سیاسەتی پەروەردەییو پەرەپێدان، لە هەرێمی کوردستان گونجاو بێت.

لە ماددەی حەوتەمدا هاتووە:-

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی.

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی سریانی.

## یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی/ ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی
## لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددەی سێیەم**

لە دوو بڕگەی ئەم ماددەیە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئایینەکانی دیکە هەیە:-

نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئایینی مەسیحی: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێتو خاوەن شارەزاییو پسپۆڕی بێت.

دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئایینی ئێزدی: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێتو خاوەن شارەزاییو پسپۆڕی بێت.

لە یاسای ژ٢٠٠٧/١٤ یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان- عێراق لە ماددەی سێیەمدا لەبڕگەی دوازدەهەمو سێزدەهەم بەم جۆرە هاتووە:-

دوازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەری تورکمانی: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی پسپۆڕی زانکۆی هەبێتو خاوەن شارەزاییو کارامەیی بێت.

سێزدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەری سریانی: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی پسپۆڕی زانکۆی هەبێتو خاوەن شارەزاییو کارامەیی بێت.

| سالی خوێندن | ژمارەی قوتابخانە باخچە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستایان |
|---|---|---|---|
| | | کۆ | کۆ |
| ٢٠٠٥- ٢٠٠٦ | ١٤ | ١٦٤٤ | **٢٤٢** |
| ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ | ١٨ | ٢٢١٩ | **٣٦٦** |
| ٢٠٠٧- ٢٠٠٨ | ١٨ | ٢١٠٦ | ٤٠٠ |
| ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ | **١٥** | **١٦٢٠** | **٢٣٣** |

| ***ژمارەی قوتابخانە- خوێندنگا*** | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **پارێزگا** | باخچەی ساوایان | بنەڕەتی | ئامادەیی | **کۆی گشتی** |
| **هەولێر** | ٢ | ١١ | ٢ | **١٥** |
| **کۆ** | **٢** | **١١** | **٢** | **١٥** |

| ***ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران*** | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **پارێزگا** | باخچەی ساوایان | | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | **کۆی گشتی** | |
| | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | **کچان** |
| **هەولێر** | ٢٠٥ | ١٨٠ | ٦٢٧ | ٢٨٥ | ٢٠٦ | ١١٧ | ١٠٣٨ | **٥٨٢** |
| | **٣٨٥** | | **٩١٢** | | **٣٢٣** | | **١٦٢٠** | |

| ***ژمارەی مامۆستایان*** | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **پارێزگا** | باخچەی ساوایان | | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | **کۆی گشتی** | |
| | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | **کچان** |
| **هەولێر** | ٠ | ٢٦ | ٤٩ | ١٢٢ | ١٣ | ٢٣ | ٦٢ | **١٧١** |
| | **٢٦** | | **١٧١** | | **٣٦** | | **٢٣٣** | |

شاندی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان سەردانی قوتابخانە حکومیو ئەهلییەکانی تورکیای لە ساڵی ٢٠٠٧ کرد. و لە ٢٠٠٧/٤/١٦ و لەکاتی سەردانەکان ئەو شتانەیان ڕوون کردەوە کەوا بەهەموو شێوازێک حکومەتی هەرێمی کوردستانو وەزارەتی پەروەردە هاوکاری قوتابخانەو خوێندنگە

تورکمانییەکانی کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە.

هەروەها چاوپێکەوتن لەچەند میدیایەکی تەلەفزیۆنو گۆڤارو ڕۆژنامەکان سەبارەت بەو هاریکارییەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە بۆ بەرەو پێشخستنی ڕەوشی قوتابخانە تورکمانییەکان.

## ناوی قوتابخانەکانی تورکمان لە هەولێر

**یەکەم: باخچەی ساوایان:**

١- ایبک (١٩٩٧/١١/٢٧).

٢- انجی (٢٠٠٥/١١/٢٥).

**دووەم: قوتابخانەکانی بنەڕەتی:**

١- دوغوش (١٩٩٣/٩/١).

٢- اق قویونلو (١٩٩٥/١٢/٧).

٣- یونس پێغەمبەر (١٩٩٥/١٢/٧).

٤- فضولی (١٩٩٥/١٢/٧).

٥- باریش (١٩٩٥/١٢/٧).

٦- تورکمن ایلی (١٩٩٥/١٢/٧).

٧- قەرە قۆیونلو (١٩٩٥/١٢/٧).

٨- سولتان موزەفەر (١٩٩٤/١٢/٢٦)

٩- سلجوق (١٩٩٤/١٠/٢٦).

**سێیەم: قوتابخانەکانی ناوەندیو ئامادەیی:**

١- ئامادەیی عمادالدین زەنگی کوڕان (١٩٩٥/٩/٢٥).

٢- ناوەندی اوغوزخانی کوڕان (١٩٩٥/٩/٢٥).

٣- ناوەندی اتابکی کچان (١٩٩٥/٩/٢٥).

٤- ئامادەیی غەریبی کچان (١٩٩٥/٩/٢٥).

**ناوی قوتابخانەکانی تورکمانی لە سلێمانی:**


١- باریش.


٢- باخچەی ساوایانی قۆنجە گول. لە قەزای کفری.
٣- قوتابخانەی قرە اوغلانی بنەڕەتی. لە قەزای کفری.
٤- ئامادەیی دوغان. لە قەزای کفری.
لە دهۆکیش قوتابخانەی فضولی لە ١٩٩٤/١٠/٢٦ کرایەوەو دواتر نەما.

| ت | الحروف باللاتينية | الحروف وتلفظها بالعربية والكردية | ت | الحروف باللاتينية | الحروف وتلفظها بالعربية والكردية |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | a | آ / ئا | ٢٥ | u | او / ئوو |
| ٢ | b | ب / به | ٢٦ | ū | أوو / ئوو |
| ٣ | c | ج / جه | ٢٧ | v | و / ڤه |
| ٤ | ç | / چه | ٢٨ | y | ي / يه |
| ٥ | e | أ / ئه | ٢٩ | z | ز / زه |
| ٦ | d | د / ده | | | |
| ٧ | f | ف / فه | | | |
| ٨ | g | گ / گه | | | |
| ٩ | ğ | غ / غه | | | |
| ١٠ | h | ه / هه | | | |
| ١١ | j | ژ / ژه | | | |
| ١٢ | k | ك / كه | | | |
| ١٣ | l | ل / له | | | |
| ١٤ | m | م / مه | | | |
| ١٥ | n | ن / نه | | | |
| ١٦ | ı | إ / ئِ | | | |
| ١٧ | i | إ / ئیی | | | |
| ١٨ | o | او / ئۆ | | | |
| ١٩ | ō | أو / ئۆو | | | |
| ٢٠ | p | پ / په | | | |
| ٢١ | r | ر / ره | | | |
| ٢٢ | s | س / سه | | | |
| ٢٣ | ş | ش / شه | | | |
| ٢٤ | t | ت / ته | | | |

الملاحظات

١) ان الحروف التركية هي (٢٩)
٢) ينقسم حسب نوع الحروف التركية الى القسمين:
أ/ الحروف الصوتية وعددها (٨) وهي:
a, e, ı, i
o, ō, u, ū
ب/ الحروف الغير الصوتية وعددها (٢١) وهي:
b, c, ç, d, f, g, ğ, h, j, k, l, m, n, p, r, s, ş, t, v, y, z.
٣) أما بالنسبة لشكل الحروف الصوتية فتنقسم الى المجموعتين
أ/ مجموعة الاولى ينقسم الى القسمين
١ ذات صوت واسع وهي: a, e, o, ō
٢ ذات صوت ضيق وهي: ı, i, u, ū
ب/ مجموعة الثانية ينقسم الى القسمين
١ ذات صوت مستقيم: a, e, ı, i
٢ ذات صوت مدور: o, ō, u, ū




پرۆگرامی خوێندن بەزمانی تورکمانی







خوێندنەوەی کوردی بۆ قوتابخانەکانی سریانو تورکمانییەکان

## پوختەی ئاماری خوێندنی سریانی

| ژمارەی قوتابخانە- خوێندنگە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **پارێزگا** | باخچەی ساوایان | بنەڕەتی | ئامادەیی | **کۆی گشتی** |
| **هەولێر** | - | ١٧ | ٧ | **٢٤** |
| **دهۆك** | - | ٣٢ | ٦ | **٣٨** |
| **کۆ** | **-** | **٤٩** | **١٣** | **٦٢** |

| ژمارەی قوتابییان- خوێندکاران | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **پارێزگا** | باخچەی ساوایان | | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | **کۆی گشتی** | |
| | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | **کچ** |
| **هەولێر** | - | - | ١٥٩٠ | ١٥٤١ | ٣٦٩ | ٤٠٢ | ١٩٥٩ | **١٩٤٣** |
| | - | | ٣١٣١ | | ٧٧١ | | **٣٩٠٢** | |
| **دهۆك** | - | - | ١٣٥٥ | ١٢٦٠ | ١٨٢ | ٢١٣ | ١٥٣٧ | **١٤٣٧** |
| | - | | ٢٦١٥ | | ٣٦٥ | | **٣٠١٠** | |
| **کۆ** | - | - | ٢٩٤٥ | ٢٨٠١ | ٥٥١ | ٦١٥ | ٣٤٩٦ | **٣٤١٦** |
| | **-** | | **٥٧٤٦** | | **١١٦٦** | | **٦٩١٢** | |

| ژمارەی مامۆستایان | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **پارێزگا** | باخچەی ساوایان | | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | **کۆی گشتی** | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | **مێ** |
| **هەولێر** | - | - | ١٣١ | ٤١٤ | ٦٠ | ١٤٢ | ١٩١ | **٥٥٦** |
| | - | | ٥٤٥ | | ٢٠٢ | | **٧٤٧** | |
| **دهۆك** | - | - | ١٠٣ | ٢٠٩ | ٣٣ | ١٧ | ١٣٦ | **٢٢٦** |
| | - | | ٣١٢ | | ٥٠ | | **٣٦٢** | |
| **کۆ** | - | - | ٢٣٤ | ٦٢٣ | ٩٣ | ١٥٩ | ٣٢٧ | **٧٨٢** |
| | **-** | | **٨٥٧** | | **٢٥٢** | | **١١٠٩** | |

فەرمانی وەزاری پەروەردە لە حکومەتی کوردستان بەژمارە (١٥٥٧) لە (٢٠٠٧/٢/١١) سەبارەت بەدانانی دوولیژنەی زمانی کوردی تایبەت بەقوتابخانە تورکمانیو سریانییەکان کەوا وانەکان ئاسانتر بێت لەگەڵ ئەوەی لەقوتابخانەی

تر كه بەكوردی دەخوێنن.

**ناوی قوتابخانە بنەڕەتییەكان بەزمانی سریانی لە پارێزگای هەولێر:**

١. اربائیلو/ عەنكاوە.
٢. ئاشوربان/ سۆران.
٣. عنكاوا/ عەنكاوە.
٤. یەزدان/ عەنكاوە.
٥. حەدیاب/ عەنكاوە.
٦. حمورابی/ عەنكاوە.
٧. شلاما/ عەنكاوە.
٨. ئەدی شیر/شەقڵاوە.
٩. زیوەر/ شەقڵاوە.
١٠. هەرموشا/ كۆیە.
١١. ئامادەیی عەنكاوەی كوڕان.
١٢. ئامادەیی عەنكاوەی كچان.

**ناوی قوتابخانە دواناوەندییەكان بەزمانی سریانی لە پارێزگای هەولێر دوو قوتابخانە نەبێ بەزمانی عەرەبین:–**

١. دواناوەندی شمیرامی سریانی
٢. دواناوەندی عەنكاوەی نموونەیی.
٣. نەهرێنی كچان/ عەرەبی.
٤. ئەكیتوی كۆڕان/ عەرەبی.
٥. دواناوەندی بابلی كوڕان.
٦. دواناوەندی نەورۆزی كچان.
٧. دواناوەندی سەفینی بنەڕەتی.
٨. دواناوەندی شەقڵاوەی نموونەیی.
٩. دواناوەندی نوری سریانی.
١٠. دواناوەندی كاوێزی بنەڕەتی.

**ناوی قوتابخانە ئامادەییەكان بەزمانی سریانی لە پارێزگای هەولێر:**

١. ئامادەیی عەنكاوەی كوڕان.

٢. ئامادەیی عەنکاوەی کچان.


**ناوی قوتابخانە بنەڕەتییەکان بەزمانی سریانی لە پارێزگای دهۆک:–**

١. نۆهەدرا/ قەزای دهۆک.
٢. ئەکەد/ قەزای دهۆک.
٣. ئۆرهی سریانی/ قەزای دهۆک.
٤. شۆڕەش/ قەزای دهۆک.
٥. گوندی کوسە / قەزای دهۆک.
٦. مانگیش/ قەزای دهۆک.
٧. بەهرا بنەڕەتی/ سمێڵ.
٨. شیزی/ سمێڵ.
٩. باختمێ/ سمێڵ.
١٠. شکەمزل/ سمێڵ.
١١. ئاڤزوریک ژووری/ سمێڵ.
١٢. بەخلەجا/ سمێڵ.
١٣. شیلاما بنەڕەتی/ زاخۆ.
١٤. پێشخابیر/ زاخۆ.
١٥. شوحا/ زاخۆ.
١٦. ئاڤکندالۆ/ زاخۆ.
١٧. شرتا سوری/ زاخۆ.
١٨. لیڤو بنەڕەتی/ زاخۆ.
١٩. رزگاری بنەڕەتی/ زاخۆ.
٢٠. زین/ زاخۆ.
٢١. اورهای سرسنگ/ ئامێدی.
٢٢. ئنیشکی/ ئامێدی.
٢٣. ئاردان سریانی/ ئامێدی.
٢٤. داودیە/ ئامێدی.
٢٥. دهێ/ ئامێدی.
٢٦. دورێ/ ئامێدی.
٢٧. کوانی/ ئامێدی.

٢٨. زاب بنەڕەتی/ ئامێدی.
٢٩. سەروەری/ ئاكرێ.
٣٠. هیزانكی بنەڕەتی/ ئاكرێ.
٣١. چەم ڕەبەنكێ/ ئاكرێ.
٣٢. هەرماشێ/ شێخان

**ناوی قوتابخانە ئامادەییەكان بەزمانی سریانی لە پارێزگای دهۆك:**

١. ئامادەیی نصیب/ دهۆك.
٢. ئامادەیی شمئیل/ سمێڵ.
٣. ئامادەیی اورهی/ ئامێدی.
٤. ئامادەیی زهویر/ ئامێدی.
٥. ئامادەیی زاخۆ/ زاخۆ.
٦. ئامادەیی صوكا/ ئاكرێ








**پرۆگرامی خوێندن بەزمانی سریانی**

**پوختەی ئاماری خوێندن بە ئەرمەنی**

| پارێزگای دهۆک/ قەزای زاخۆ | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی قوتابخانە | قۆناغی بنەڕەتی | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی مامۆستایان |
| ئاڤاك یا بنەڕەتی | ١- ٦ | ٦٤ | ١٤ |

| پارێزگای دهۆک/ قەزای سمێل | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی قوتابخانە | قۆناغی بنەڕەتی | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی مامۆستایان |
| هاورێشكی یا بنەڕەتی | ١-٩ | ٥٧ | ١٦ |
| ئاڤزرك بیری یا بنەڕەتی | ١- ٦ | ٦٤ | ١١ |





**خوێندن بەزمانی ئەرمەنی**

بۆ پێزانین: بەڕێز وارتکێس موسێس سەرکیسیان بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆک لە نەتەوەی ئەرمەنی بوو.

خاتوو مانوش سمباگ: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکە.

**پەرلەمانتارە تورکمانەکانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥– ٢٠٠٩)**

١. کرخی نجم الدين نورالدين ئالتی برماق.
٢. طلعت محمد صالح خەفاف.
٣. سهام انور ولی.
٤. اسعد شاكر اربيلی.

**پەرلەمانتارە تورکمانەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩– ٢٠١٣)**

١. يشار نجم الدين نورالدين ئالتی برماق.
٢. ياووز خورشيد عثمان.
٣. شێردڵ تحسين محمد.
٤. حمديه معروف احمد.
٥. عبدالقادر بازرگان.

**وەزیرە تورکمانەکان**

١. عبداللطيف بندر ئۆغلو/ وەزيری هەرێم.
٢. وداد خورشيد عثمان/ وەزيری پيشەسازی.
٣. سينان عبدالخالق چەلەبی/ وەزيری بازرگانیو پيشەسازی.
٤. جودت جرجيس نەجار– وەزيری هەرێم.

**١– پەرلەمانتارەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢– ٢٠٠٥)/ (كلدان سريان ئاشووری)**

١. سەرکيس ئاغا جان مامەندۆ.
٢. شمائيل نەنۆ بنيامين.
٣. يونادم يوسف كەنا.
٤. ئەکرەم عاشور عوديش.
٥. بطرس اسخريا هرمز.
٦. فەرنسۆ هەريری.

**٢– پەرلەمانتارەکانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان**
**(٢٠٠٥– ٢٠٠٩)(کلدان سریان ئاشووری)**

١. رومیو حزیران نیسان هەکاری.
٢. جمال شمعون ایلیا.
٣. اندریوس یوحنا گورگیس.
٤. گلاوێژ شابا ججی.
٥. بایزار ملکو اوهان. (ئەرمەنی)

**پەرلەمانتارانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان**
**(٢٠٠٩– ٢٠١٣) (کلدان– سریان– ئاشووری)**

١. سالم تۆما کاکۆ.
٢. سۆزان یوسف خوشابە.
٣. د. ثائر عبدالرحمن اوغسطین.
٤. امیر گوگە یوسف.
٥. د. جهان اسماعیل بنیامین.
٦. ئارام شاهین داود باکۆیان (ئەرمەنی).

**وەزیرەکانی حکومەتی کوردستان**
**(١٩٩٢– ٢٠١٠) (کلدان سریان ئاشووری)**

١. سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ/ وەزیری داراییو ئابووری.
٢. یونادم یوسف کنا/ وەزیری هەرێم.
٣. نمرود بیتو یوحنا/ وەزیری گەشتو گوزار.
٤. جورج یوسف منصور/ وەزیری هەرێم.
٥. ئەنوەر جەبەلی شابو/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.
٦. یونان مرقس حنا/ وەزیری پیشەسازیو وزە.
٧. فەرەنسۆ هەریری. وەزیری هەرێم.
٨. یوسف حنا یوسف (ابو حکمت) وەزیری هەرێم.

**یەکەم/ پەرلەمانی کوردستان**

**خولی یەکەم/ فراکسیۆنی بنەوشەیی**

١. یونادم یوسف کنا

٢. شمائیل ننو بنیامین

٣. فرنسیس یوسف شابو/ لە ساڵی ١٩٩٣ شەهید کرا.

٤. اکرم عاشور عودیش.

٥. بطرس اسخریا.

ب- کوتلەی یەکگرتووی مەسیحی کوردستان/

١. سرکیس ئاغاجان مامندو.

**دووەم: خولی دووەم:**

أ- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

١. اندریوس یوحنا.

٢. گلاوێژ شابا ججی.

ب- بەرەی ڕۆشنبیری کلدانی/ جمال شمعون عوید

ج- پارتی بیت نەهرینی دیموکراتی/ ڕومیو حزیران هەکاری.

د – یەکێتی دیموکراتی کلدانی/ بایزار ملکو اوهان.

**خولی سێیەم**

أ- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری (لیستی ڕافیدین):

١. سالم تۆما کاکۆ.

٢. جیهان اسماعیل بنیامین.

ب- لیستی ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری:

١. امیر گوگە.

٢. ثائر یوسف عبدالاحد.

٣. سوزان یوسف یوحنا.

**دووەم/ حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**کابینەی یەکەم**

یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.

**کابینەی دووەم**

أ- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.

ب- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان/ یوسف حنا یوسف (ابو حکمت) وەزیری هەرێم.

**کابینەی سێیەم**

أ- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

یونادم یوسف کنا/ وەزیری پیشەسازیو وزە.

ب- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

یوسف حنا یوسف (ابو حکمت) وەزیری هەرێم.

ج- سرکیس اغاجان مامندو/ پارتی دیموکراتی کوردستان/ وەزیری دارایی

د- فرەنسو هەریری/ وەزیری هەرێم

**کابینەی سێیەم**

فرەنسۆ هەریری/ پارێزگاری هەولێر/ پارتی دیموکراتی کوردستان.

**کابینەی چوارەم**

گورگیس شلیمون گورگیس/ جێگری پارێزگای دهۆک/ پارتی دیموکراتی کوردستان

**کابینەی چوارەم**

أ- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

یونان مرقس حنا/ وەزیری پیشەسازیو وزە.

ب- پارتی دیموکراتی کوردستان

سرکیس ئاغاجان ماندو/ وەزیری دارایی.

**کابینەی پێنجەم**

أ- سرکیس ئاغاجان/ پارتی دیموکراتی کوردستان/ وەزیری دارایی.

ب- جورج منصور (سەربەخۆ) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.

ج- نمرود بثیو یوحنا/ حزبی نیشتمانیی ئاشووری/ وەزری گەشتو گوزار.

**کابینەی شەشەم**

انور جبلی شابۆ/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.

مەجلیسی حوکم

بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

یونادم یوسف کنا.

**ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**ئەنجومەنی کاتی (١٠٠) ئەندام**

١. یونادم یوسف کنا / بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

٢. جاکلین قوسین.

**خولی یەکەم**

١. یونادم یوسف کنا/ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

٢. عبدالاحد افرام ساوا/ حزبی دیموکراتی کلدان لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستان.

**حکومەتی عێراقی فیدراڵ**

**کابینەی یەکەم**

١. بهنام بولص ألبازی/ وەزیری گواستنەوە/ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

٢. سرگون لازار/ جێگری پارێزگای کەرکووک/ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

**کابینەی دووەم**

باسکال ایشو/ وەزیری کۆچو کۆچبەران/ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

سرکون لازار/ جێگری پارێزگای کەرکووک/ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

کابینەی سێیەم

باسمە یوسف بطرس/ وەزیری زانستو تەکنەلۆجیا/ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

**کابینەی چوارەم**

١. فەوزی هەریری/ وەزیری پیشەسازی/ پارتی دیموکراتی کوردستان/ لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی.

٢. وجدان میخائیل/ وەزیری مافی مرۆڤ/ لیستی عێراقیە.

٣. ادوار اوراها/ جێگری پارێزگای کەرکووک/ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

**پۆستە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان**

١. نزار حنا بطرس/ بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی سریانی/ وەزارەتی پەروەردە.
٢. امیر صلیوە مروگی/ بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی تەندروستی.
٣. انیس عبدالاحد/ بەڕێوەبەری گشتی ژینگە لە وەزارەتی ژینگە.
٤. خالید البیر/ بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی مەسیحی.

**پەرلەمانتارە ئێزیدییەکان لە پەرلەمانی کوردستان**

١. عیدۆ بابەشێخ. (خولی یەکەم)
٢. خەیری سەعید عەلی بەگ. (خولی یەکەم)
٣. مریم حسن ابراهیم. (خولی دووەم).
٤. عزالدین باقەسرێ. (خولی دووەم).
٥. پیر خدر سلیمان. (خولی دووەم).
٦. حازم تەحسین سەعید (خولی سێیەم).

**وەزیرەکانی ئێزیدییەکان لە حکومەتی کوردستان**

١. تمر کچو هسام/ وەزیری هەرێم.
٢. د. دخیل سهام قاسم/ وەزیری هەرێم.
٣. محمود مجید/ وەزیری هەرێم.
٤. جمیل خدر عبدال/ وەزیری هەرێم.
٥. جمیل سلێمان حیدر/ وەزیری کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو.

مافێکی ڕەوایە لەحکومەتی کوردستان خوێندن بەزمانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی سەرەڕای کوردیو عەرەبی کە دوو زمانی فەرمین لەعێراقدا بەڕێکوپێکی جێبەجێ دەکرێن بەڵام لە سەردەمی حکومەتی بەعسیزم نەک قۆناغێکی خوێندن بەزمانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی نەبوو بەڵکو فۆڕمی (نەتەوە گۆڕین) دابەش دەکراو دەبوایە خەڵک بەناچاری داوا بکەن بنووسن لەبەرئەوەی بەهەڵەو شاشی بەنەتەوەی دیکە ناوی خۆیان تۆمار کردووەو ڕاستییەکەی سەر بەنەتەوەی (عەرەبن)و ئەوەی فۆڕمەکەی پڕ

نەکردبایەوە ئەوا یا بۆ هەرێمی کوردستان یا بۆ ناوەڕاستو باشووری عێراق ڕەوانە دەکرا، بەڵام ئەوانەی ڕەوانەی کوردستان دەکران قەدەغە بوو ئامێری کارەبایی لەگەڵ خۆیان ببەن تا ئەو ڕادەیەی قسەکردن لەقۆناغەکانی خوێندن جگە لەزمانی عەرەبی هەر (ممنوع) بوو و زۆر دۆکۆمێنت لەم بارەوە هەیە ئەتوانین پترو فراوانتر لە سەرچاوەکان بیانخوێنینەوە، ناوی شوێنە گشتییەکان مەکتەب (قوتابخانە/ زۆر شوێنی دیکەیان بۆ زمانی عەرەبی دەگۆڕی).

بەپێچەوانەی ڕژێمی دکتاتۆری هەر لە (١٩٩٢) وەزارەتی پەروەردە لەحکومەتی کوردستان هەموو پێداویستییەکانی خوێندنی بەزمانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی هەر لە بینایەو مامۆستاو کتێبەکانو کەرەستەکانی دیکە دابین کردو ناوی قوتابخانەکانی خوێندنیش هەر بەناوی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی ناو نراون، تاکو تایبەتمەندی خۆیان بەتەواوی بپارێزنو وانەی کوردییان تیا ئاسانترە لەقۆناغەکانی خوێندن بەزمانی کوردیو ئەوە کراوەو دەکرێ مافێکی سروشتیو ڕەوای ئەو نەتەوانەیەو پشووی فەرمییان هەیەو پوولی تایبەت بەجلوبەرگی ئەو نەتەوانە بەکاردەهێنرێ، بۆ پێزانین بەشداربوان لەشاندی کوردستان بۆ نووسینەوەی دەستووری کۆماری عێراق جەختیان لەسەر ناوهێنانی زمانی تورکمانو سریانیو ئەرمەنی دەکردو دواتر لەدەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) لەماددەی چوارەمیدا جێگیر بوو، بەڵام پێویستە ئەم لایەنە بەچاکی لە کوردستانو عێراقو هەندەران باسو خواسی لەسەر بکرێت، چونکە دەتوانم بڵێم کەمتەرخەمی لە بەدەرخستنی زوڵمو زۆرداری سەر ئەو نەتەوانە بەدونیای دەرەوە نەناسراوەو دەتوانین بەوەرگێڕانی بابەتو سەردانی شاندەکان بۆ ئەو شوێنانە تاکو بەزیندوویيو گەرماوگەرم لەهزرو بیری نەوەکاندا بێو بزانن کە یەکسانیو بەشداریو هاوبەشی لەکرۆکی دیموکراسییەتدایە و پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەکان ژمارەیان هەرچەندەبێ، دەبێ مافەکانیان دابینو جێبەجێ بکرێو هەر کەموکوڕییەک لەکاتی پیادەکردن هەستی پێ کرا بەزووترین کات لاببرێو پێداچوونەوەی بۆ بکرێ. هەروەها کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو کۆنگرە لەبارەی سیاسەتی زمان ببەسترێ، چونکە ئەم سیاسەتە نەک لەوڵاتان بەڵکو حزبو لایەنەکانیش لەبەرنامەی هەڵبژاردن لەکرۆکی داواکارییەکاندا هەیانەو هیوادارم ئەکادیمیای زمانەکان هەبێ تاکو بەپلانی تۆکمە بۆداڕێژراوی درێژخایەن خەمخۆری زمانەکان بەڕێوە بباتو

پێویسته یاسای زمانەکان لە پەرلەمانی عێراقو کوردستان دەربچێ، هەروەکو لە وڵاتانو هەرێمەکانیان دەریانچوواندووەو بەرێکوپێکیش جێبەجێ دەکرێتو پێویستە سەرژمێری گشتی ئەنجام بدرێ تاکو ڕاستو دروستیی ژمارەی نەتەوەکانو ڕێژەیان بزانرێ، تاکو وڵاتو لایەنەکان بزانن ئەو مافانەی هەیانە، مافێکی ڕەوایەو ئەوەی هەیەو دابین کراوە، گەر بەدەرکەوت ڕێژەکەیان کەمتر بوو ئەوا مافەکانیش پتر دەکرێ.

**پاشكۆی ژماره (١)**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة مكتب تنظيم الشمال

امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة

العدد/ ٧١
التاريخ / ١١/شعبان/١٤٠٩هـ
المصادف ١٩٨٩/٣/١٨

سري للغاية ومستعجل جدا
وتفتح من قبل الرفيق امين سر قيادة الفرع

الى / قيادة فرع اربيل لحزب البعث الاشتراكي
م/ الدراسة الكردية

تحية رفاقية
اشارة الى التوجيهات والاوامر المبلغة الينا واوامر الرفيق امين سر القيادة القطرية صدام حسين حفظه الله اثناء اجتماعات القيادة القطرية تقرر مايلي:
١- قيام المدرجة اسماؤهم ادناه باعادة النظر في مشروع الدراسة التي اعدت وطبقت في محافظة دهوک في السبعينات لتغيير الدراسة الكردية الى الدراسة العربية وعلى ان تعقد الاجتماعات في مقر مكتبنا وبرئاسة الرفيق امين سر قيادة مكتب تنظيم الشمال بحيث تتلائم الدراسة مع الوضع النفسي لسكان محافظتي اربيل والسليمانية على ان تطبق بنسبة (٧٠٪) للسنة الدراسية ١٩٩٠/٨٩ وبنسبة (١٠٠٪) للسنة الدراسية ١٩٩١/٩٠ لغرض القضاء على التيار العنصري الشوفيني في المنطقة الكوردية وعدم ظهورها مستقبلا حيث انهى عمليات الانفال الحركات الانفصالية الرجعية وابعدوا الى خارج حدود القطر وتبليغ المشاركين في الدراسة بالكتمان الشديد حول الموضوع وعلى ان تنجز خلال شهر واحد.

**پاشكۆی ژماره (٢)**

**گۆڕینی ناوی شوێنەکان)**

**بيان**

بناء على ما جاء بقرار مجلس محافظة نينوى العام المتخذ في ١٩٧٤/١٠/١،
قررنا تبديل اسماء البلديات المدرجة ادناه الى الاسماء المبينة ازاء كل منها:-

وزير البلديات

| اسم البلدية القديم | اسم البلدية الجديد |
|---|---|
| بلدية افنكي | بلدية العياضة |
| بلدية الشبك | بلدية الزاب |
| بلدية قره قوش | بلدية الحمدانية |

**الوقائع العراقية عدد ٢٤٢٥ (١٩٧٤/١٢/١٦)**

**بيان رقم (١١٩٤٤)**

بناء على ما جاء بقرار مجلس محافظة التأميم المرقم (٥٥) في ٢-٣-١٩٧٦، قررنا تبديل اسماء القرى المدرجة ادناه التابعة لناحية قره حسن بمحافظة التأميم، بالاسماء المبينة ازاء كل منها.

| الاسم القديم | الاسم الجديد |
|---|---|
| ١- شرنجة بولاق | اليرموك |
| ٢- زندانة | النصر |
| ٣- يارمجة | جده |
| ٤- قره لو | المقداد |
| ٥- صارى تبه كبير | الرزاى |
| ٦ – صارى تبه صغير | سيناء |
| ٧- صارى تبه يونس | الوليد |
| ٨- رجيبات عليا | المتنبي |
| ٩- رجيبات سفلى | الكندي |
| ١٠- طوقما قلو | الخنساء |
| ١١- ترجيل | القادسية |
| ١٢- پنجة على | ابو محجن الثقفي |

الوقائع العراقية عدد ٢٥٣٢ ص ٢٤ ١٩٧٦/٦/٧.

## پاشکۆی ژماره (٣)
## کۆتای ئەرمەنییەکان (٢٠٠٩/٢/١٢) لە پەرلەمانی کوردستان

چەند ساڵێکە بەچڕوپڕی بەدوای سەرچاوە لەبارەی نەتەوە هەڕەشەلێکراوەکان دەگەڕێمو لەبارەی ئەمازیغییەکانی باکووری ئەفریقیا پڕۆژەی کتێبێکم لەبەردەستدایە، لەبەر ئەوەی ویکچوونێکی زۆر لەنێوان نەتەوەی کوردو ئەمازیغ هەیە، چونکە هەردوو سەرکردەی موسڵمان کە ڕۆڵیکی یەکجار مەزنیان لەبڵاوکردنەوەی موسڵمانیەتی هەبووە (سەلاحەددینی ئەیوبی- کوردەو تاریق کوڕی زیادیش ئەمازیغییە). هەردوو نەتەوەش لەزۆرینەی ئەو وڵاتانەی پێوەی لکێنراون نکۆڵی لەبوونیان دەکەنو ناوەکانی (کوردی و ئەمازیغی)یان گۆڕیوە بۆناوی نەتەوەی حوکمڕان، تاکو ناونانی منالانیشیان بەناوی نەتەوەکەیان قەدەغەیە. هێندە داخ لەدڵن لەبەرامبەریان، بۆیە چەکی کیماویشیان دژیان بەکارهێناوە، بەڵام لەبارەی ئەرمەنییەکان چەند هۆکارێک پاڵی پێوەنام کە زۆرترو بەپەرۆشتر لەم بوارەدا بایەخیان پێبدەم چونکە ئەم نەتەوەیە لە هەرشوێنێکی دونیادا ژمارەیان هەرچەندبێ ئەوا زمانی نەتەوایەتییان لەبیر ناکەنو قسەی پێدەکەنو ناوی منالەکانیشیان بەناوی ئەرمەن ناو دەنێنو جگە لەوڵاتی ئەرمینیا ڕەوەندیان لەهەر وڵاتێکدا هەبێ، جێپەنجەی هەڵوێستو تایبەتمەندیی ناسنامەیان پاراستووەو عەوداڵی کێشەی نەتەوەکەیانن‌و توانیویانە تاکو ئەم نووسینە لە (٢٠) بیست وڵاتو ڕێکخراوەی نێودەوڵەتیدا جینۆسایدی ئەرمەنییەکان (١٩١٥-١٩١٨) لەیاساو بڕیاری وڵاتانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەربچوێننو لە کوردستانیش هەر دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە خوێندن بۆ نەتەوەکان بەزمانی زگماکیان دابین کراوەو چەندان پۆستو پلەو پایەیان لە دەزگاکانی حکومەتی کوردستاندا هەیە.

پێشتریش لەیاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریو پەروەردەشدا ئەوا مافی ڕۆشنبیریو پەروەردەو فێرکردن دابین کراوە کە لیژنەی پشتیوانی پەرلەمانی کوردستان بۆ فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان- ٢٠٠٥) بەشدارییان لە نووسینەوەی دەستووری عێراق کرد لەوێش شاندی کوردستان داکۆکی لەمافی نەتەوەکانی کوردستان دەکردو توانی ناوی هەموویان لەدەستووری کۆماری عێراقدا جێگیرو تۆمار بکاتو ئەمساڵ کە باس لەپڕۆژەی هەموارکردنی

چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کراو کۆتاشی بۆ نەتەوەکانی دیکە تورکان‌و کلدان سریان ئاشووری دانراو ناوی ئەرمەنییەکان نەهات، بۆیە بەندە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەتەک ناوی خۆم نووسیم (لاریمان هەیە) کە پرسیاریان کرد بۆچ گوتم لەبەر ئەوەی کۆتا نەدراوە بە ئەرمەنییەکان لە گفتوگۆی دوو قۆڵی‌و سێ قۆڵی دووپاتم دەکردەوەو لەدانیشتنی تایبەتمەند بۆ هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە ماددەی دەیەم خوێنرایەوە، دەستم بەرز کردەوە بۆ ئەوەی قسە بکەم‌و کە نۆرەم هات گوتم: (ئەو برگەیەی کە خوێندرایەوە. ناوی ئەرمەن لەبیرکراوە، ئەرمەن نەتەوەیەکی تایبەتەو زمانی تایبەتی خۆی هەیە، سەقافەو شتەکانی جیاوازە، لەگەڵ ئەوانی تر، زۆر پێویستە لێرەدا ناویان بێت، من پشت ئەستوورم بەوەی کەوا لایەنی دەستووری و لایەنی یاسایی باس ئەکەم، ئێمە بڕیارێکمان لە پەرلەمانی کوردستان دەرکردووە، بەژمارە (٢٦) لە (٢٠٠٢/١١/١٧) لەوێ پێکهاتەکان ئەرمەنیشی تێدایە، ئەوە خاڵی یەکەم: لە هەموارکردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان برگە یەکمان هەیە، کە کام حزب لەحزبەکانی ئەو نەتەوەیە، زۆرترین دەنگی هێنا کورسییەکی ئەدرێتێ، ئەرمەن کورسییەکی دراوەتێ، بەڵام ئێستا ئێمە پەشیمان ببینەوەو کورسی نەدەینێ‌و ناوی نەهێنین ئەوە نابێت، لە قانونی تاڵ لە ماددەی نۆ کاک فرسەت لە هەموومان باشتر ئەزانێ کە ئێمە دواتر لەدەستووری عێراقی بەشداریمان کرد، ناوی ئەرمەن لەدەستووری عێراقیدا هەیە، لەماددەی چوارەم بەسەراحەت دێت، لێرەدا لابراوە، لەدەستووری عێراقی دان بەهەموویدا دەنێت، من کە باسی ئەوە ئەکەم لە ١٩٩٢و ٢٠٠٤ دان بەهەموو بڕیارو قانونەکانی پەرلەمانی کوردستان دەندرێت، ئێمە کە بڕیارمانداوە ئێستا پەشیمان ببینەوە، ئەوە ناکرێت، لەپرۆژەی دەستووری ئێستاشمان ناوی ئەرمەن هاتووە، بۆیە مافێکی دەستووری‌و یاساییە، دەبێ ناوی ئەرمەن بێت، ئەگەر هاتو لەبیرکرا، واتە مافەکانی دەستووری‌و یاساییان پێشێل دەکرێت، زۆر سوپاس).

دواتر هەستم کرد کە دەبێ جەختی لەسەر بکەمەوە لە (نقطة نظام) هەمدیسان دەبێ ناویان تۆماربکرێ‌و کۆتایان بدرێتێ، چونکە باس لەوە دەکرا ژمارەیان چەندە، چونکە کۆتا ژمارەی پێویست نییە، بەڵکو مافێکی ڕەوایە کە دەبێ کۆتایان هەبێ‌و، هەروەها نابێ هەڵوێستی چەندین پەرلەمانتار لەیاد

بکرێ، کە ئەوانیش داکۆکێکی ڕێکوپێکیان کردو بۆ دواجاریش پێشنیازەکە بەکۆی دەنگ بڕیاردرا کە کورسییەک لە کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەرمەنییەکان دابین بکرێت لە (٢٠٠٩/٢/١٢) بڕگەکە بەم جۆرە لەیاساکە دەنگی بۆ درا: (سێیەم: یەک کورسی تەرخان دەکرێ بۆ ئەرمەن کە پاڵێوراوانی ئەم پێکهاتە کێبرکێی لەسەر دەکەن). ئەمەش ڕاستو دروستیی پێکەوەژیانو لێبوردەیی نەتەوەکان لە کوردستان دەگەیەنێو لەتەک تورکانو کلدان سریان ئاشووریدا واتە یازدە کورسی بۆ نەتەوەکان بەکۆتا تەرخان کرا، کە ئەمەش مافێکی دەستووریو یاسایی پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە.

## پاشکۆی ژمارە (٤)




**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەی یاسایی بەیانی ڕۆژی (٢٠٠٩/٢/٨) بەرامبەر ١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٠٨ی کوردی کۆبۆوە بۆ گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لەئەندامانی پەرلەمان پێشکێش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لەدانیشتنی ژمارە (١٢) ی پەرلەمان لە (٢٠٠٨/١١/٤) دوای تاوتوێکردنو ڕاگۆڕینەوە، لیژنەکەمان ڕاپۆرتو ڕاسپاردەکانی سەبارەت بەپڕۆژەکە بەم جۆرەی خوارەوە پێشکێش دەکات بەمەبەستی پەلەکردن لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێش کۆتایی خولی ئێستای:-

لیژنە پشتگیری لەپڕۆژەکە بەشێوەیەکی گشتی دەکاتو پێشنیاز دەکات تەنها هەندێ گۆڕانکاری لەهەندێ لەم بڕگەو ماددانەی خوارەوە بکرێت:-

بڕگەی ٢ لەماددەی ٢١.

بڕگەی ١ لەماددەی ٢٢.

ماددەکانی ٤٦، ٤٩، ٥٠.

هەردوو بڕگەی (١، ٥) لەماددەی ٥٦.

زێدەکردنی دوو بڕگە بۆ ماددە ١٨ لەسێیەم هەموارکردنی یاساکە.

زێدەکردنی دوو ماددە بۆ سەر پڕۆژەکە.

چونکە هەموارکردنەکانی تری پڕۆژەکە جگە لە داڕشتنەوە، چ گۆڕانکارییەکی جەوهەری نەدەپێکا بەدەر لە:-

١- کەمکردنەوەی تەمەنی ئەندامی پەرلەمان لە ٣٠ ساڵ بۆ ٢٥ ساڵ.

٢- زێدەکردنی کۆتای نوێنەرایەتی ژنان لە پەرلەمان لە ٢٥٪ بۆ٣٠٪.

٣- تەرخانکردنی پێنج کورسی بۆ کلدانو ئاشووریو سریان.
٤- تەرخانکردنی پێنج کورسی بۆ تورکمان.
تکایە بفەرموون بۆ ئەو گۆڕانکارییەی لە پڕۆژەکەمان کردووە هاوپێچی ڕاپۆرتەکەمانە بکرێتە ئەساسی گفتوگۆو ڕادەربڕین لەبارەیەوە.
لەگەڵ ڕێزماندا...

| | | |
|---|---|---|
| **عبدالکریم هەمەوەند** | **دادوەر/ عەونی بەزاز** | **شێروان حەیدەری** |
| **بڕیاردەری لیژنەی یاسایی** | **جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی** | **سەرۆکی لیژنەی یاسایی** |
| **خلیل ابراهیم محمد** | **طارق جامباز** | **کریم بحری برادۆست** |
| **ئەندام** | **ئەندام** | **ئەندام** |

**لاریمان هەیە**

| | | |
|---|---|---|
| **محمد صالح اسماعیل** | **دلیر محمد شریف** | **قادر سعید (زانا)** |
| **ئەندام** | **ئەندام** | **ئەندام** |
| **سەردار هەرکی** | | **د. ڕۆژان دزەیی** |
| **ئەندام** | | **ئەندام** |

**پاشکۆی ژمارە (٥)/أ**

**ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی بەزمانی سریانی دەردەچن**

یەکەم: کە لەدەزگای کەنیسەوە دەردەچن.

١- مجلة الفكر المسيحي/ الأدباء الدومنيكان في العراق.

٢- مجلة نجم المشرق/ بطريركية الكنيسة الكلدانية.

٣- مجلة بين النهرين / بطريركية الكنيسة الكلدانية.

٤- مجلة الافق/ الكنيسة الشرقية القديمة.

٥- مجلة الزنبقة/ مطرانية السريان الارثوذكس بغداد.

بالاضافة الى صحف ومجلات بشكل نشرات غير واسعة الانتشار في بعض الرعيات والخورنات.

دووەم: کە لەدەزگاکانی سیاسی (حزبەکانو چالاکوانانی نەتەوەیی) دەردەچن.

٦- جريدة بهرا/ طبعتين عربية وسريانية/ الحركة الديمقراطية الآشورية.

٧- جريدة ميزلتا (المسيرة)/ اتحاد الطلبة والشبيبة الكلدو آشورى.

٨- مجلة المجلس الشعبي/ المجلس الشعبي الكلدانى السرياني الآشوري.

٩- جريدة قويامن (نهضتنا)/ الحزب الوطني الآشوري.

١٠- جريدة بيث نهرين (بين النهرين)/ حزب بيث نهرين الديمقراطي.

١١- جريدة نيشا (الهدف)/ اتحاد بيث النهرين الديمقراطي.

سێیەم: کە لەدەزگای حکومەتو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەردەچن:

١٢- گۆڤاری بانیبال/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەری سریانی لەوەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان لە هەرێمی کوردستان.

١٣- جريدة مردوثا (الثقافة)/ نفس المؤسسة اعلاه.

١٤- مجلة رديا كلدايا (المثقف الكلداني/ جمعية الثقافة الكلدانية في عنكاوا- اربيل.

١٥- جريدة بين عنكاوا/ نفس الجهة اعلاه.

١٦- جريدة عليموثا (الشبيبة)/ نادي شباب عنكاوا في اربيل.

١٧- مجلة ديانا/ نخبة من مثقفي قضاء ديانا في اربيل.

١٨- مجلة معلثا (المدخل)/ رابطة إتحاد الأدباء والكتاب الآشوريين في دهوك.

١٩- مجلة سيمتا (الكنز)/ دار المشرق الثقافية في دهوك.

٢٠- مجلة الابداع السرياني/ نخبة من مثقفي بخديد- قره قوش في سهل نينوى.

٢١- مجلة نجم بين النهرين/ المركز الثقافي الآشوري في دهوك.

**پاشکۆی ژمارە (٥)/ب**

ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی بەزمانی تورکمانی دەردەچن

**رۆژنامەکان:**

١. دوغوش (پارتی نیشتمانی تورکمانی)/ هەولێر.

٢. قاردا شلق (یانەی برایەتی تورکمانی)/ هەولێر.

٣. باغمسیز (بزووتنەوەی تورکمانی سەربەخۆ)/ هەولێر.

٤. الترکمان (پارتی تورکمان ایلی پاشان گۆڕا بەهەمان ناو بۆ بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی) بەسەرۆکایەتی عبدالقادر بازرگان/ هەولێر.

٥. سارای.

**گۆڤارەکان:**

١. باریش (١٩٩٣) سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان/ هەرێمی کوردستان- عێراق.

٢. دوغرو (١٩٩٥) سەر بە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان لە کوردستان.

ئێزگەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکانی کە بەزمانی تورکمانی پەخش دەکرێن:

١. تەلەفزیۆنی تورکمان ایلی لە ساڵی ١٩٩٤ لە هەولێر دەستی بەپەخش کردووە.

٢. رادیۆی تورکمان ایلی لە ساڵی ١٩٩٢ دەستی بەپەخش کردووە.

٣. ئێزگەی قاردا شلق سەسی کە سەر بە یانەی برایەتی تورکمانە لە ساڵی ١٩٩٩ دەستی بەپەخش کردووە.

٤. ئێزگەی تورکمان لەکفری لە ساڵی ١٩٩٥ دەستی بەپەخش کردووە.

٥. ئێزگەی دوغوش لە هەولێر.

٦. رادیۆی (دوغرو) کە سەربەکۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانە.

٧. ئێزگەی قارداشلق کە سەر بەپارتی برایەتی تورکمانە.

## پاشکۆی ژماره (٦)
## زانیاری لەبارەی ئەرمەنییەکانی عێراق

١- ژمارەی ئەرمەنییەکان لەعێراق (١٤- ١٥) هەزار کەسن.
٢- ژمارەی ئەرمەنییەکان لە کوردستان (٤- ٥) هەزار کەسن.
٣- ئەو شوێنانەی ئەرمەنی تیا دەژی (بەغدا، بەسرا، کەرکووک، مووسڵ، هەولێر، دهۆک، زاخۆ، هاوریسک، ئەفزوک، میره، کره، ملیس، قەرەقوش).
٤- مێژووی هەبوونیان لە هەرێمی کوردستان دوای جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە.
٥- مێژووی هەبوونیان بەشێوەیەکی گشتی لەعێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٠٠.

**زانیاریی دیکە:**

ئەرمەنییەکان بەکۆتا کورسییێکیان لە پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٠ وەدەست هێناو هەروەها کورسییێک لەئەنجومەنی پارێزگاکان و ئازادانە کارەکانیان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن.

**بایزار ملکو اوهان**
**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**
**٢٠٠٩/٦/١٦**

## پاشكۆی ژماره (٧)/ أ

**برای زۆر بەڕێز تاریق جامباز**

ڕێزو سڵاو و خۆشەویستی...

وەكو بەڕێزتان ئاگەدارن، دیرۆكی ئێزیدییان پڕ خوێنو كوشتنو زوڵمو زۆری بووە، ژمارەی فەرمانەكان بۆسەر ئێزدییان لە (٧٢) فەرمان تێپەڕیوەو زۆربەیان لە سەردەمی عوسمانییەكان بوویە، سەرەڕای ئەو مێژووە تاڵە هەر دەرفەتێک بەدەستیان كەوتووبێت بەتایبەت لەعێراقو هەرێمی كوردستان سەری خۆیان بەرز كردۆتەوەو جێگای خۆیان كردۆتەوە، بۆ نموونە (حسێی بەگی داسنی) كە لەسەردەمی خۆی میری شێخانو سۆران بووە، و ئێزدی میرزا (میرزای داسنی) بووە والی مووسڵ لەسەردەمی سوڵتان مرادی چوارەمو زۆر ناوی تریش هەنە، وەكو (بابەشێخ ناسر) كە ڕۆڵێكی باشی لەپەیوەندی ئێزدی لەگەڵ ئەوروپییەكان هەبوو لە چەرخی نۆزدەدا، هەروەها (مەیان خاتوون) داپیری میر تەحسین بەگ كە نزیكی چل ساڵ لەچەرخی ڕابردوو دەستەڵاتی ڕاسەقینە بەدەستی ئەو ژنە بەڕێزەوە بوو و پەیوەندی لەگەڵ دەستەڵاتو لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد هەبوو زۆر ناوی تریش هەنە، لەوانەو بەپێی قسەی (عبدالرزاق الحسني) – مطو آغا خلف كە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو لەخولی (١١) ساڵی ١٩٤٧و (حاجی مادۆ) كە یەكەمین قایمەقامی ئێزدی بوو لە شێخانو دوو، سێ كەسیش ببوون بە بەڕێوەبەری ناحیەو یەكێک بوویە (ئامر لیوا پاشا خلف ناسر) و (حەسەن براهیم حاجی) یەكەم ئەفسەری پۆلیس بوون لە پەنجاكان.

ئێستاش ناوی ئەو بەڕێزانە دەنووسم كە دوایی ساڵی ١٩٩٢ پلەو پایەیان هەبووە:–

١- خیری سعید علی بەگ/ ئەندامی پەرلەمان (١٩٩٢- پ. د.ک).

٢- عیدو حجی اسماعیل بابەشێخ/ ئەندامی پەرلەمانی كوردستان (١٩٩٣-٢٠٠٥، ی. ن. ک). جێگری مەڵبەندی بادینان + مووسڵ (٢٠٠٣- ٢٠٠٦).
راوێژكاری سەرۆک كۆمار بۆ كاروباری ئێزدیان (٢٠٠٦و تائێستا).
سەرپەرشتیاری نووسینگەی كاروباری ئێزدیان (٢٠٠٧و تائێستا).

٣- عادل ناسر حجی/ هاریكاری پارێزگای دهۆک (١٩٩٢)، جێگری وەزیر

پاشان وەزیری کشتوکاڵ (١٩٩٧)، ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق (٢٠٠٤- بۆشەش مانگ).

٤- حیدر قاسم ششو/ ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق (٢٠٠٤- بۆشەش مانگ).

٥- کامیران خێری سعید/ ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق (٢٠٤- بۆ شەش مانگ).

٦- د. جاسم الیاس مراد/ وەزیری هەرێمساڵی (١٩٩٧- ٢٠٠١).

٧- جمیل خدر عبدال/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیران (٢٠٠١- ٢٠٠٥).

٨- نمر کجو هسام/ وەزیری هەرێم کابینەی چوارەمو دادوەر لە دهۆک _٢٠٠١- ٢٠٠٥).

٩- محما خلیل سنجاری/ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (٢٠٠٦- ٢٠١٠).

١٠- امین فرحان جیجو/ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) لەسەر لیستی بزووتنەوەی چاکسازیو پێشکەوتنی ئێزیدیان.

١١- محمود عیدو وەزیری هەرێم _٢٠٠٦). نوێنەری (ی. ن.ک) لە ئیسپانیا.

١٢- د. دخیل سعید خدر/ وەزیری هەرێم (٢٠٠٦).

١٣- ممو فرمان عوسمان/ وەزیری دەوڵەت بۆکاروباری کۆمەڵگەی سڤیل (حکومەتی عەلاوی).

١٤- خدر سلیمان خلیل/ ئەندامی پەرلەمان (٢٠٠٥- ٢٠٠٩). سەرۆکی یەکێتی نووسەران دهۆک (١٩٩٢)، سەرۆکی بنکەی لالشی ڕۆشەنبیری کۆمەڵایەتی ١٩٩٢.

١٥- عزالدین سلیم خدیدا/ ئەندامی پەرلەمانی (٢٠٠٥- ٢٠٠٩)، بەرپرسی ناوچەی باشیک (پ. د. ک).

١٦- مریم حسن ابراهیم/ ئەندامی پەرلەمان (٢٠٠٥- ٢٠٠٩).

١٧- حسن مرعان علی/ جێگری سوپای بادینان- ساڵی ١٩٩٣، یاریدەدەری سکرتێری گشتی (ی. ن.ک) بۆکاروباری ئێزدیان (٢٠٠٤) بەرپرسیاری دەستەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) ٢٠٠٥.

١٨- د. میرزا حسن علی/ ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئێزدیان –

بۆشەش مانگ).

١٩- سڤو قەوال سليمان سڤو/ بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافي ئێزدی بەغدا (٢٠٠٥- ٢٠٠٦).

٢٠-خێری هەسن خليف شنگالی/ بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی ئێزدی سلێمانی (٢٠٠٦- ٢٠٠٨).

٢١- خيری الياس بوزانی/ بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی ئێزدی هەولێر (٢٠٠٨- تاكو ئێستا).

٢٢- شارلمان معاويه اسماعيل/ بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی ئێزدی بەغدا (٢٠٠٧- تاكو ئێستا).

٢٣- قاسم اوصمان خلف/ دادوەر (٢٠٠٤- تائێستا).

٢٤- احمد حجی داهر/ دادوەر (٢٠٠٤- تاكو ئێستا).

٢٥- فاروق سعيد علی بگ/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٣).

٢٦- شهيد حسن نرمو درويش/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٥ لە ساڵی ٢٠٠٦ شەهيد بوو بەدەستی ڕەشی تيرۆر لەموسڵ).

٢٧- قاسم صالح/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ (٢٠٠٥- تاكو ئێستا).

٢٨- ميرزا سلێمان/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٥- ٢٠٠٨).

٢٩- علی درويش/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٥- ٢٠٠٨).

٣٠- خديده خلف عيدو/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٥- ٢٠٠٨) لەسەر ليستی بزووتنەوی چاكسازیو پێشكەوتی ئێزديان.

٣١- سالم خديدا جيجو/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک (٢٠٠٥- تا ئێستا).

٣٢- قادر خليل حسێن/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک (٢٠٠٥- تائێستا).

٣٣- درمان خلف عيدو/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک (٢٠٠٥- تائێستا).

٣٤- نديمه كجان/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٩- ٢٠١٢).

٣٥- مجدال امين دينو/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٩- ٢٠١٢).

٣٦- درمان حاجی ختاری/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٩- ٢٠١٢).

٣٧- سيڤێ الياس بابەشێخ/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٩- ٢٠١٢).

٣٨- كمال گارس/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٩- ٢٠١٢).
٣٩- الياس مارو بيسو/ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (٢٠٠٩- ٢٠١٢).
٤٠- سكڤان مراد جندی/ بەڕێوەبەر لە نووسینگەی سەرۆک کۆماری عێراق (٢٠٠٦).
٤١- عزيز شمو الياس/ بەڕێوەبەر لەنووسینگەی کاروباری ئێزدیان ساڵی (٢٠٠٧- تاکو ئێستا).
٤٢- د. باسل جوقی درويش/ قايمقامی قەزای شێخان ساڵی (١٩٩٤- ٢٠٠٤).
٤٣- د. خێری نعمو علی/ قايمقامی قەزای شێخان ساڵی (٢٠٠٤- ٢٠٠٧).
٤٤- حسو نرمو حسێن/ قايمقامی قەزای شێخان ساڵی (٢٠٠٩).
٤٥- شێردل سمو جوقی/ مدير ناحيەی باعەدرێ ساڵی (١٩٩٧- تاکو ئێستا مدير ناحيەی مانگێش).

**لەگەڵ ڕێزمدا...**

**عیدۆ بابەشێخ**
**هەولێر ٢٠٠٩/٧/٢٠**

## پاشکۆی ژمارە (٧)/ ب

**برای بەڕێز مامۆستا طارق جامباز**

ڕێز و سلاوو...

ئەم ناوانەی خوارەوە زیاد بکرێت:-

١- د. دخيل قاسم سعيد: قايمقامی قەزای شنگال لە ٢٠٠٤ تاکو ئێستا.

٢- خدر شنگالی: بەڕێوەبەری ناحيەی سنوغێ لە ٢٠٠٤- تائێستا.

٣- هندی علی ڕشو: بەڕێوەبەری شارۆچکەی باعدرێ ٢٠٠٣.

٤- مروان سلێمان خانکی: بەڕێوەبەری شارۆچکەی خانکێ ٢٠٠٣.

٥- نايف سعيد سليمان عوسمان: بەرپرسی مەڵبەندی شێخانی (ی. ن. ک).

٦- قادر حسن عيدو: بەرپرسی مەڵبەندی سمێڵ (ی. ن. ک).

٧- خديدە خدر عبدال: ئەندامی نووسینگەی پەیوەندییەکانی شێخانی (ی. ن. ک)/ ٢٠٠٦.

٨- هدرو بيبو الياس: ئەندامی نووسینگەی مافی مرۆڤ (ی. ن. ک). ٢٠٠٧.

٩- بەڕێوەبەری شارۆچکەی شنگال/

١٠- بەڕێوەبەری شارۆچکەی بعشيقە/ عايد ڕشيد خالتی.

١١- ممو سليم خديدا/ بەڕێوەبەری شارۆچکەی شێخان، بەڕێوەبەری شارەوانی شێخان.

**عيدو بابەشێخ**

**هەولێر ٢٠٠٩/٧/٢٠**

## سەرچاوەکان


١. کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (١٨٩٨- ١٩٠٢) کۆکردنەوەو پێشەکی دکتۆر کەمال فوئاد.

٢. پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، پارێزەر/ تاریق جامباز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر ٢٠٠٧.

٣. پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق کە پەرلەمانی کوردستان- عێراق لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەسندی کردووە.

٤. سوپاسی کاک ئیسماعیل بەرزنجی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە سەرچاوەی بۆ دابین کردینو هەروەها سوپاسی پەرلەمانتارانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێزان کاک (شێردڵ تەحسینو سالم کاکۆ)و کاک عیدۆ بابەشێخو بایزار ملکو اسعد اربیلی (ئەندامانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان) کاک نوزت دهوکی دەکەین کە لەم بارەوە یارمەتییان داین.

٥. التطهیر العرقي (تغیر القومیة) للکورد والترکمان في کرکوك، المحامي/ طارق جامباز عضو المجلس الوطني لکوردستان- العراق الطبعة السادسة ٢٠٠٨.

٦. من ابادة اللغات الی قانون اللغات الرسمیة في العراق الاتحادي، المحامي/ طارق جامباز ٢٠٠٨.

٧. مجلس الثورة في کوردستان- العراق ١٩٦٤- ١٩٧١ دراسه تاریخیة سیاسیة عامة، شێرزاد زکریا محمد ٢٠١٠.

٨. کۆی یاساو بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەرگی یەکەم لە ١٩٩٢/٦/٤ تا ١٩٩٢/١٢/٣١.

٩. ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان ژ٩٨ یاسای ژ٢٠٠٩/٢ هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق ژ١٩٩٢/١ هەموارکراو.

١٠. ضحایا عملیات الانفال ١٩٨٨ من المسیحیین والایزیدیین، المحامي طارق جامباز ٢٠٠٨.

١١. القانون الاساسي لولایة کوردستان الفیدرالیة ١٩٧٤.

١٢. پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٢/١١/١٧.

١٣. یاساو بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق بەرگی

هەشتەم لە ٢٠٠٢/١٠/٤ تا ٢٠٠٥/٢/٢٨.

١٤. وەزارەتی پەروەردەو دارشتنی دیدو ستراتیژی پەروەردەی نوێو چەپکێ چالاکی لە کابینەی پێنجەم (٢٠٠٦- ٢٠٠٩) ئامادەکردنو پێداچوونەوە (تریفە عەبدوڵڵا ئیبراهیمو وشیار حەمەد حاجی).

١٥. التشكيلات الادارية في جنوب كردستان، جمع وتنسيق د. عبدالله غفور ٢٠٠٦- سليمانية.

١٦. گۆڤاری هەرێمی کوردستان ژ ٢٠١٠/٢٨١ پتر ژ سێ هەزار ئەرمەنان ل کوردستانێ هەنەو زمانێ کوردی باش دزانن/ دهوک/ جانو بلاتی.

# دەستپێکێک لەبارەی (زمانپارێزی)
# سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا
# ١٩٩٢- ٢٠٠٩

**سیاسەتی زمان**

پلاندانان بۆ زمانو ڕێکخستنی زمان لە (یاسای زمانە فەرمییەکان)و، بەدواداچوونو جێبەجێکردنی ئەو پلانە لە هەموو ئاستو بوارەکانداو چاودێری کردنی ڕێکوپێکو هەمیشەیی پلانەکە لەهەر کەموکوڕیو کەمتەرخەمیو خەمساردیو بێباکییەک، هەروەها لابردنی هۆکارەکانی یەکسەرو دەستبەجێو گەرماو گەرم کە خەمخۆرانە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەو لایەنەی بەم ئەرکە لە ئاسایشی نەتەوەیی (ستراتیژە) ڕادەبێ (ئەکادیمیای زمانە) نەک لە وڵاتان، بەڵکو لە هەرێمەکانیش هەیە. سیاسەتی زمانو یاسای زمان هاوتای یەکترن، چونکە زمان، هەر زمانێک دەبێ ببێتە بەشێک لە هزرو بیری هەر تاکێکی نەتەوەکە، چونکە زمان ئاسایشی نەتەوەییەو بەبێ هەستی نەتەوەیی، ئەنجام نادرێت. لە سەرتاسەری دونیا ٤٧٠ یاسای زمان هەیە کە ٣٤٥یان لە هەرێمەکانی وڵاتاندایە، لەبەر ئەوەش کە یونسکۆ (زمان) بە کەلەپووری مرۆڤایەتی دادەنێ، بۆیە بەهەموو شێوەو شێوازێک بایەخو گرنگیو بەها بەم لایەنە دەدات، هەر بە نموونە زمانی (چەرکەز) مەترسی لەناوچوونی لێ دەکرا، بۆیە لە ئوردن ئەم ڕێکخراوە بەپلاندانان هەوڵی بووژاندنەوەی دا تاکو بەرەو لەناوچوون نەچێ، هەروەها لە ویلایەتی ئۆرۆناشال برادیش لەباکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان زمانێک دۆزرایەوە (زمانی کۆرو) کە تەنها (٨٠٠) کەس قسەی پێدەکات، پڕۆژەیەک دانراوە تاکو پارێزگاری لەم زمانە بکرێو پڕۆژەی (دەنگە نەمرەکان) بۆ کۆکردنەوەی ئەرشیفي دەنگو قاموسی زمانەکە لەسەر ئەنتەرنێت دانرا، تاکو سەرنجی هەموو دونیا ڕابکێشرێ بۆ ئەوەی بەردەوام بەکاربهێنرێو لەناو نەچێ، چونکە زمان گیانلەبەرێکە گەر پلاندانانی بۆ نەکرێو بە یاسای زمان ڕێکنەخرێو ساڵانە بژار نەکرێو وشەی نوێی بۆ دانەڕێژرێ ئەوا لەجیاتی بووژاندنەوە، زمانەکە تووشی کزیو سستیو لاوازی دەبێو دواتر بەرەو هەڵدێرو پووکانەوە دەچێ، چونکە دوو هەفتە جارێک زمانێک لە

سەرتاپای دونیا نامێنێو ساڵانەش ٥٢ زمان لەناو دەچێو، لەبەر جیهانگیریی ئەنتەرنێتو سەتەلایتو ئەوانی دیکە وا مەزندە دەکرێ کە لەو شەش هەزار زمانەی سەر گۆی زەوی هەر تەنیا (٢٠٠ تاکو ٥٠٠) زمان دەتوانێ خۆی لەبەردەم گۆڕانکارییە خێراو بەلەزەکانی هەموو لایەنەکانی ژیان ڕابگرێ، بۆیە هەرچەند زمان لە بواری خوێندنو نووسینو لە کەناڵەکانی بینراو و بیستراو و خوێنراو بەکاربهێنرێ ئەوا پتر دەبووژێتەوە، بەمەرجێ تاکی ئەو نەتەوەیە زمانەکەی بەخوێندنو نووسین لەهەر کوێیەکی دونیابێ بەئەرکی هەبوونی خۆی بزانێ، نەک فێرببێ، بەڵکو منداڵەکانیشی وا ڕابێنێ کە پێویستە زمانەکە فێر ببن. گەر بڵێی لە هەرێمی کوردستان یاساو بڕیارەکان بەهەردوو زمانی عەرەبیو کوردی دەردەچن، دەربچێو ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بەزمانی کوردین لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان (٥٧٤٠) خوێندنگاو قوتابخانەیەو سەدان بەرهەمی چاپەمەنی لە چاپخانەکانی حکومەتو ئەهلی بەزمانی کوردی چاپ کراونو لە دەسەڵاتی دادوەریش زمانی کوردی بەکاردەهێنرێو سەدان کەناڵی بینراو و بیستراو و خوێنراو هەن کە مرۆڤ پێدا ڕاناگات هەموویان بخوێنێتەوەو گوێ بیستیان بێو سەیریان بکات، ئەمانە هەموو هەنگاوی باشو خاسن، بەڵام ئایا سیاسەتی زمانیان بۆ دانراوە؟ نەک هەر لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو لە کارنامەی کابینەی حکومەتو لایەنە سیاسییەکانیشدا تا چ ڕادەیەک ئەو تابلۆ و نووسینانەی لەسەر دەزگاکانی حکومەتو کەرتی تایبەت دەنووسرێن ڕەچاوی زمانی کوردییان تێدا کراوە؟ کە بەکوردییەکی پاراو بنووسرێن؟ ئایا ئەکادیمیای کوردی کە پێشتر کۆڕی زانیاری کوردستان بوو بە ئەرکی پێویستی سەرشانی ڕابووە؟ ئەمڕۆ پێویستیمان بەئەکادیمیای زمانی کوردی هەیە و دەتوانین سوود لە ئەزموونی وڵاتانو هەرێمەکانی (فرەزمان) وەربگرین کە سیاسەتی زمان لە کرۆکی ئاسایشی نەتەوەییانە، بۆیە لەکارنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانو کابینەکانی حکومەتو لایەنەکان جەختی لەسەر دەکەن، نەک بەچەند وشەیەکی بێ سیاسەتی زمان، بەڵکو زمان بووەتە خەمێکی وڵاتپارێزانەو تا ئەو ڕادەیەی ئەوانەی بواری فێربوونی زمانیان نەداوە یان لە وڵاتەکەیاندا فێربوونی زمان قەدەغەیە، ئەوا لەماڵەوە نەک خۆی فێر دەکات، بەڵکو منداڵەکانیشی هان دەدا کە فێری ببنو، بەناوی نەتەوەیی خۆیان ناویان دەنێن.

جاڕی گەردوونی مافی زمان لە ٩ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦ لە بەرشلۆنەی ئیسپانی دەرچووەو لە ٥٢ مادده پێک دێت.

ویب سایتێکی تایبەت بۆ سیاسەتی زمان لە سایتەکانی هەیە و لە یەکێتی ئەوروپیش بەشی سیاسەتی زمانیان داناوەو لە کۆماری ئێرلەندا زمان بەسامانێکی کولتووریی گرنگ بۆ گەلی ئێرلەندا دادەنێن‌و پارتی سەوز (کەسک) کارنامەی بۆماوەی بیست ساڵ لە ٢٠٠٩ تاکو ٢٠٢٩ کە لە ٧ لاپەڕەی A٤ پێکهاتووە بۆ پارێزگاریکردن لەزمانی ئێرلەندی (گێلک) لەکرۆکی بنەماو ئامانجە سەرەکییەکانی داناوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١) کە باس لەم لایەنانە دەکات:-

١. زمانی ئێرلەندی‌و بنەماکانی پارتی سەوز.
٢. زمانی ئێرلەندی‌و هەرێم (مەبەستی ئێرلەندای باکوورە).
٣. پلانی نیشتمانیی ماوە درێژو ناوخۆیی بۆ زمانی ئێرلەندی.
٤. زمانی ئێرلەندی لە پەروەردەدا.
٥. زمانی ئێرلەندی لە کۆمەڵگەی گێلتاخت واتە لەنێو ئێرلەندە پێی دەدوێن.
٦. زمانی ئێرلەندی لە کۆمەڵگا- لە دەرەوەی گێلتاخت.
٧. زمانی ئێرلەندی‌و تەکنەلۆجیای زانیاری.
٨. زمانی ئێرلەندی لە یەکێتی ئەوروپی.

دەقی سیاسەتی زمان لە ئێرلەندا لەپاشکۆی (ژ١) بابەتەکە بڵاودەکەینەوە. دەبا لەم بارەوە لاپەڕەکانی ئەو نۆزدە ساڵەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەخێرایی هەڵدەینەوەو بزانین چیمان لەم بارەوە کردووەو؟ تا چەند ئێمەش لەم بوارەدا خەمخۆرانە پلانمان هەبووەو تا چ ڕادەیەک توانیومانە (زمان) کە ئاسایشی نەتەوەییمانە کارمان بۆ کردووەو بۆچ تاکو ئێستا یاسای سروودی کوردستان دەرنەچوێندراوەو؟! چەندین بابەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەفەرمان‌و چاودێریی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی (وەرگێڕان یا ئامادەکردن یا دانراو) چاپ‌و بڵاوکراونەتەوە؟ بۆ ئەوەی لە سەرجەم زانکۆکانی حکومەت‌و تایبەت (ئەهلی) بخوێندرێ‌و، چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم بارەوە دامەزراون‌و؟ ئەمڕۆ زمانی کوردی لە دەسەڵاتی چوارەمدا بۆتە خەمێکی هەمیشەیی.

زۆر پرسیارو هێمای سەرسوڕمان لە هزرو بیرمان دەخولێتەوە، ئایا ئەو

دەسەڵاتانەی باسیان لێوە دەکەین لەتوانایاندا نەبووە ئەم لایەنە پترو فراوانتر بکەنو وەختیان بۆ تەرخان بکەن؟ دەبا بەچڕو پڕی ڕاستییەکان وەکو خۆی باسیان لێوە بکەین بێ چاوپۆشینو پاساو و بیانوو و هەنجەت هێنانەوە.

ئەم دەستپێکە تەنیا بەکارهێنانی زمان لە هەرسێ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانو دەسەڵاتی چوارەمیش میدیاو کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرێتەوە، چونکە بەکۆنگرەیەکو سیمینارێکو کۆنفرانسێک نەک ناتوانرێ باسی لایەنێک بکەن، بەڵکو پێویستی بەبەستنی بەردەوامی ساڵانەی سیمینارو کۆنگرە لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە هەیەو پۆلینکردنیان بۆ چەندین تەوەر بۆ نموونە (زمانو ئایین، زمانو ئابووری، زمانو دەسەڵات، زمانو هزرو بیر، یاسای زمان، لەناوچوونو بووژاندنەوەی زمان، ئەتڵەسی زمانو... هتد). و ئەز لەم دەستپێکەدا باسی ڕێزمانو زمانناسیو زمانی ستاندەردو ڕێنووس ناکەم، بەڵکو باس لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بەڕێکوپێکی لە هەموو ئاستو بوارێکدا دەکەین.

زمان لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیییە، دەبا بزانین لەبارەی سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان لەم بارەوە چ کراوەو چ بکرێ بۆ ئەوەی سیاسەتی زمانمان هەبێ؟

**لە بەرەی کوردستانی، واتا لە (دیفاکتۆوە)، بۆ پەرلەمانی کوردستان**

سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی- عێراق ساڵی ١٩٨٨ لە هەشت لایەنی گۆڕەپانی کوردستان پێکهاتبوو، لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی لە حوزەیرانی ١٩٨٨دا، بڕیاری بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی عێراق، گەرچی لەشێوەی نامیلکەیەک بە زمانی کوردی لە ٣٧ لاپەڕەی قەوارە مامناوەندیدا دەرچووە، و لەبەردەستدایە، بەڵام ناوی زمانەکان ناهێنێ و پلانو نەخشە چییە لەم بوارەدا؟ باسی لێوە ناکرێ (بڕوانە پاشکۆی ژ٢). دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەرەی کوردستانی بوو بەدەسەڵاتی دیفاکتۆ، هەر ئەویش لیژنەیەکی پێک هێنا بەناوی لیژنەی پڕۆژەی یاسایی و هەر ئەو لیژنەیە دوو یاسای نووسینەوەو لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیش بڕیاریان لەسەردرا:-

١. یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە ١/ ١٩٩٢ لە ٦١

مادده پێکهاتووه.

٢. یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ژمارە ١٩٩٢/٢ لە ١٥ مادده پێکهاتووە.

هەردوو یاساکە لەڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بڵاو کراونەتەوەو لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیان کاریان پێکرا و لەهەردوو یاساکەدا باسی زمان نەکراوە، گەرچی هەردوو یاسایەکە بەزمانی عەرەبیو کوردی بڵاوکراونەتەوە.

دەبوایە لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی و لەهەردوو یاساکەشدا ماددەی تایبەت بۆ زمان تەرخان بکرایە. دەبا ئەم خاڵە بەوردی بخوێنینەوە:

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی پێک هێنا بۆ پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، لە راپۆرتی کۆتاییان کە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانییان کردووە لە ساڵی (١٩٩١- ١٩٩٢) لە خاڵی (١) لەبارەی زمان نووسیویانە: ((وامان بەپەسەند زانی یاساکە لە سەرەتاوە بەزمانی عەرەبی دابڕێژرێت، دوای ئەوەی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانییەوە پەسەند ئەکرێو بڕیاری لەسەر ئەدرێ و لەلایەن پسپۆڕانی یاساو زمانەوە وەرگێڕرێتە سەر زمانی کوردی، هەروەها وەرگێڕانی یاساکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانی کارێکی پیرۆزە)). (بڕوانە پاشکۆی ژ٣).

لێرەدا دوای نۆزدە ساڵ دەپرسین بۆچ ئەوسا سەرکرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی- عێراق یاسایەکی پێویستی هەمیشەیی دیرۆکی دەرنەچواند؟ ئەویش (یاسای زمانە و لە مادده و بڕگەکانیدا کە بەوردیو قووڵی باسی بەکارهێنانی لە هەموو ئاستو بوارەکان بکردبایە) لە وڵاتانو هەرێمەکانیان ئەم یاسایە هەیە، بە نموونە هەر لە هەرێمی کیبیک چوار یاسای زمان تاکو ساڵی ١٩٩٣ دەرچووەو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە ١٩٩٢/١، هەروەها هەڵبژاردنی سەرکردەی ڕزگاریخوازی بزووتنەوەی کورد بەپێی یاسای ژمارە ١٩٩٢/٢ ئەنجامدرا، دواتر یاسای ژمارە ١٩٩٢/١ چەندین جار هەموارکرا، بەڵام لەمانیش ناوی زمان نەهێنراوە، و کارنامەی هەڵمەتی لایەنەکانی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەر لە١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ دا لە هەردوو خولی پەرلەمانی کوردستان یەکەمین (١٩٩٢- ٢٠٠٥) دووەمین

(٢٠٠٥- ٢٠٠٩) بەشدار بووم لە هەموویان زۆر بەپەلەو بەلەز باسی زمان کراوەو گەر بڵێن ئەمەیان (تحصیل حاصلة)، لەبەر ئەوەی دیارەو ڕوونو ئاشکرایە چ زمانێ لە هەرێمی کوردستان فەرمییە، چونکە وڵاتانو هەرێمەکانیان نەوەک لە دەستووریان، بەڵکو لە یاسای زمانو گشت یاساکانی دیکە (ئەوانەی فرەزمانن) بەدانانی خاڵ لەسەر پیتەکان پلانو نەخشەیان لەنێو یاسای زمانو یاساکانی دیکە هەیەو نموونە لەم بارەوە یاسای زمانە فەرمییەکانی کەنەدا ١٩٨٨ لە ١١٢ مادده پێکهاتووەو یاسای وەزارەتی پەروەردە لە ٣١٦ مادده پێک هاتووە. دەبا بزانین (تحصیل حاصلەکە) تەواوەو زمانی فەرمی (زمانی کوردییە) دەڵێم پشووتان فراوان بێ بەهزرێکی سارد تەنیا تاکە ڕستەیەک دەخوێننەوە لە سەرووی لاپەڕەکانی یاسا و بڕیارەکان ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەناو لاکێشەیەک نووسراوە (وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە)، واتا یاسا و بڕیارەکان بە زمانی عەرەبی دادەڕێژرێن، دواتر وەردەگێڕدرێنەوە سەر زمانی کوردی، واتا زمانی کوردی لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ زمانی عەرەبی یەکسان نییە، بەڵکو زمانی دووەمە، چونکە دەمانتوانی سوود لەئەزموونی وڵاتانو هەرێمەکانیان وەربگرین بۆ ئەم مەبەستە دەبوایە هەر لە ١٩٩٢ تاکو ٢٠٠٩ لیژنەیەک بۆ داڕشتنی یاساو بڕیارەکان، لیژنەیەک لە پسپۆڕو لێزانو شارەزایانی یاساییو زمانزانان لەمامۆستایانی زانکۆو دادوەرانو پارێزەرانو مافپەروەرانو کەسانی دیکە بۆ(کورداندن) پێک بهێنرایەو بەپلانێکی تۆکمەی نەخشە بۆ داڕێژراوی درێژخایەن ئەنجامبدرێ، بۆچ تاکو ئێستا نەکراوە؟ چ وەختێ دەکرێ؟ و لەهەندێ پەرلەمان لیژنەی زمان لە لیژنە هەمیشەییەکاندا هەیە بۆ زمانپارێزی، دەپرسین بۆچ یاسای زمانە فەرمییەکان گەرچی پڕۆژەیەک لەخولی دووەمەوە لە پەرلەمانی کوردستانە بۆچ نەخراوەتەوە بەرنامەی کاری دانیشتنێک؟ دەبێ ئاماژە بەڕۆڵی چەندین پەرلەمانتار بدەین کە لە دانیشتنەکان زۆر جەختیان دەکرد لەناردنی یاسا و بڕیارەکان بەهەردوو زمانی فەرمیی عەرەبیو کوردی. دوو نووسراویش لەم بارەوە ناردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، تاکو خولی دووەمیش تەواو بوو وەڵامی نەگەیشتەوە پەرلەمانی کوردستان، چونکە زۆرینەی یاسا و بڕیارەکان هەر بەزمانی عەرەبی ڕەوانە دەکران. دواتر دەکرێتە زمانی کوردی و لەلایەن ئەو کەسانەشەوە ئەم ئەرکە بەکارێکی فەرمانبەری ئاسایی ئەنجامدەدرێ، نەک

لیژنەیەکی تایبەت بۆ داڕشتنی یاسایی‌و زمانەوانی هەبوونی هەبێ، هیوادارین کە ئەم کارە بەگوێرەی یاسای ژ ٢٠٠٨/١٤ کە ئاسایشی نەتەوەییە بێتە بواری جێبەجێکردن.

گەر بەوەرگێڕانی هەموو دەقە کوردییەکانی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠٠٩)دا بچینەوە ئەوا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان وەرگێڕانەکاندا هەیە. دەبا بزانین چ لایەنێک ئێستا بەرپرسە لەداڕشتنی پڕۆژە یاساکان.

## یاسای ژ٢٠٠٨/١٤ یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددەی حەوتەم:**

ئەنجومەن لەبواری تەقەنیندا ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** ئامادەکردن‌و داڕشتنی پڕۆژەی یاساکان لە هەرێمداو، ئەمەش لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران یاخود وەزارەتە تایبەتمەندەکان یان لایەنەکانی کە نەبەستراونەتەوە بە وەزارەت دەبێ.

**دووەم:** لێوردبوونەوە لەو پڕۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە یان وەزارەتەکانەوە یاخود لایەنی نەبەستراو بەوەزارەتەوە ئامادە دەکرێن لە ڕووی شێوەو بابەتەوە.

**سێیەم:** پڕۆژەی یاساکان بە نووسراوێک دەنێردرێن بۆ ئەنجومەن کە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت ئیمزای کردبێ لەگەڵ دەرخستنی هۆیە پێویستییەکانی‌و هەموو کارە ئامادەباشییەکانیدا.

**چوارەم:** وەرگرتنی بیروڕای وەزارەتەکان یان ئەو لایەنانەی پەیوەست نین بەوەزارەت لەبارەی پڕۆژەی ئەو یاسایانەی کە بۆی هاتوون‌و بۆی هەیە بۆ مەبەستی ناوبراو داوای ئامادەبوونی نوێنەریان بکات بەمەرجێک پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

**پێنجەم:** ئەنجومەن لەپڕۆژەکە دەکۆڵێتەوەو ئەگەر پێویستی کرد دووبارە دایدەڕێژێتەوەو داوای ئەو بەدیلانە دەکات کە بەپێویستی دەزانێ لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی ئەنجومەن بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بەرز دەکاتەوەو وێنەیەک لە پڕۆژەکەو ڕاسپاردەکانی بۆ وەزارەت یا ئەو لایەنەی کە بەوەزارەتەوە نەبەستراوەتەوە دەنێرێ.

گەرچی یاسایەکە لە ٢٠٠٨ دەرچووە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێ کاری خۆی ئەنجام نەداوە.

ژمارەی ئەو یاساو بڕیارانەی لە ١٩٩٢- ٢٠١٠ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراون سەرجەمیان (شەش سەد پترە)، بەڵام یەکجار کەم باسی زمانیان تێدا کراوە. هەر بۆ نموونە:

**نموونەی یەکەم**: لەیاسای ژ ٢٠٠٨/١٠ خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی باسی زمان نەکرابوو، بۆیە بەپێویستم زانی لەلیژنەی یاسایی لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆکانی کوردستانو پەیمانگاکانی سەر بەزانکۆکان یا لە لیژنەی هاوبەشی یاساییو پەروەردەو خوێندنی باڵا باسی بکەمو لەهەردوو کۆبوونەوەش وەزیر ئامادە بوو جەختم لەسەر ناوهێنانی زمانی کوردی کردەوە، دەرەنجام توانیمان کە بۆ یەکەمین جار لەیاسای وەزارەت لەبڕگەی دوازدەهەم لەماددەی دووەمی دابنرێ کە ئەمە دەقەکەیەتی: ((کارکردن لەپێناوی کردنی زمانی کوردی بەزمانی فێرکردنو خوێندن لەقۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆییەکانداو هاندانی وەرگێڕانو دانانو چاپەمەنییە زانستیو ڕۆشنبیریو ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی)). لە بەیاننامەیەکی پەرلەمانی کوردستان بە ژ ١٦٢٨ لە ٢٠١٠/٩/٢٣ (بڕوانە پاشکۆی ژ ٤) لەبارەی ماددەیەکی هەمان یاسا، بەم جۆرە باسی زمانی کوردی کراوە: ((لەبەر ئەوەش کە نوسخە عەرەبییەکە بە ئەسڵ دادەنرێ، بەو پێیەی کە دەقێکی ئەسڵییەو لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دراوەو نوسخەی کوردییەکە وەرگێڕانی دەقە ئەسڵییەکەیە دەبێ وەک ئەو بێ. وەبۆ ئەوەی ئەمە ڕەچاو بکرێو بەپێی ئەو دەقەی لەنوسخە عەرەبییەکەدا هاتووە پشت بەماددە (٤٤)ی یاسای ناوبراو ببەسترێ، بەپێویستمان زانی ئاماژەی پێ بدەینو ئەم بەیاننامەیە دەربکەین)).

**نموونەی دووەمیش**: کۆتایی پارساڵ ٢٠١٠ پڕۆژەی یاسای زانکۆ تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق لەئەنجومەنی وەزیران نێردرا بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لە ٢٠١٠/١١/٢٩ بڕیار درا دوابخرێ، لەماددەی ٧ لەم پڕۆژەیەدا گەر وردبینەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی (زمانی وانە گوتنەوە لە زانکۆ و کۆلیجە زانکۆ ئینگلیزییە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێ پسپۆڕی مرۆیی بەڕێژەیەکی دیاریکراو کە وەزارەت دەستنیشانی دەکات بەزمانە

ناوخۆییەکان دەبێ).
دەستخۆشی لەدواخستنی پڕۆژەکە لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین، چونکە ئەم ماددەیە بەپێچەوانەی ماددەی چوارەمی دەستووری کۆماری عێراقە ٢٠٠٥ کە لە سەرتاسەری عێراق دوو زمانی ڕەسمی (عەرەبی‌و کوردی) هەیە، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی دیکە دەپرسین لەکام کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان جگە لەبەشی (زمانی ئینگلیزی) سەرتاپای وانەکانی خوێندنیان تێدا بەزمانی ئینگلیزییەو ناو هێنانی زمانەکانیش زمانە خۆجێیەکانە؟ ئەمەیان یاسای ژ١٩٣١/٧٤ بەبیر دێنێتەوە کە پێش هەشتا ساڵ دەرچووە.

**نموونەی سێیەم:** لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژ٢٠٠٧/٣١، کە لەماددەی (٥) ناوی زمانی کوردی هاتووە کە ئەمەش دەقەکەیەتی (ئاگاداریکردنەوەیەکی تەندروستی بەهەردوو زمانی کوردی‌و عەرەبی بەپێی بەرزەفتیانەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی). دوای ماوەیەکی کەم هەموارکردنێک بۆ یاسایەکە هات‌و کە گەیشتە لیژنەی یاسایی تێکڕاوپێکڕای ئەندامانی لیژنەکە ڕەتیان کردەوە لەبەر ئەوەی داوای لابردنی زمانی کوردی تێدا کرابوو... دەبوایە پەرلەمانی کوردستان دوای ڕاگەیاندنی جاڕدانی فیدڕاڵی لە ١٩٩٢/١٠/٤ بڕیار لەسەر پڕۆژەی دەستووری کوردستان بدات، نەک دوابخرێ بۆ ٢٠٠٢/١١/١٧، و یاسای زمانیش ساڵی ١٩٩٢ دەرچوێندرایەو لە یاساکە سیاسەتی زمان دادەنراو ئەوەی ئەمڕۆ باسی دەکرێ لەوێ چارەسەر کرابوایە.

پەرلەمانی کوردستان بە دە پەرلەمانتار بۆ پشتیوانی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان بەشدارییان لەنووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری عێراق (٢٠٠٥) کرد کە پڕۆژەکە تەواوبوو، پێشنیازی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان)م کرد، کە لەتەک زمانی عەرەبی بەزمانی کوردیش چاپ‌و بڵاوبکرێتەوەو یەکسەر ڕەزامەندی دەربڕی ئێمەش (پارێزەران من‌و کەریم بەحری‌و زانا ڕۆستایی‌و مامۆستا کەرخی ئاڵتی بەرماخ) وەرمانگێڕایە سەر زمانی کوردی‌و تایپ کراو دواتریش لەلایەن (UN) ٩٥٠٠٠٠ نۆسەدو پەنجا هەزار دانەی لێ چاپ‌و بڵاو کرایەوە، هەروەها پێشنیازم کرد کە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-

عێراق ٢٠٠٩ لاپەڕەیەکی بەزمانی کوردیو ئەوی بەرامبەری بەزمانی عەرەبی بێ، بەڵام لەلیژنەی پێداچوونەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێشنیازەکە سەری نەگرت. (بڕوانە پاشکۆی ژ٥).

سروودی (ئەی ڕەقیب) بۆتە سردووی کوردستانو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دانی پیانراوە، بەڵام دەپرسین بۆچ تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێ (٢٠١١) سروودی کوردستان لەچوارچێوەی یاسایەک ڕێکنەخراوەو دەرنەچووە؟ دەبوایە لەتەک یاسای ئاڵای کوردستان لە (١٩٩٩) یاسای سروودی کوردستانیش دەربچوێنرایە، چونکە نابێ لە هەرێمی کوردستان سروودی بێ یاسا هەبێ.

## حکومەتی کوردستان (١٩٩٢– ٢٠٠٩)

گەر کارنامەی کابینەکانی حکومەتی کوردستان (یەکگرتوو/ دوو ئیدارەیی/ یەکگرتوویی) بخوێنینەوە، ئەوا بەچەند وشەیەک باسی زمانیان تێدا کراوە، لەبەر ئەوە پلانو نەخشەڕێگایەک دانەنراوە، کە بەڕێکوپێکی (بەدامەزراوەیی) کابینە دوای کابینە پتر گرنگیو بایەخو بەهای پێبدرێ، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن پڕۆگرامەکانی بەچاپ گەیاندراوە، خوێندن لە قۆناغەکانی بنەڕەتیو ئامادەیی لە هەرێم سەرەڕای زمانی کوردی و عەرەبی، بە زمانی تورکمانی، سریانیو ئەرمەنیش هەیە، ژمارەی ئەو خوێندنگاو قوتابخانانەی کە تاکو قۆناغی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان بەزمانی کوردی دەخوێنن ٤٩٧ لە بەرامبەردا ١٧ بە زمانی عەرەبی هەیە (بڕوانە پاشکۆی ژ٦)، بۆیە ئەو خوێندکار (قوتابییانەی) خوێندنی شەشەمی ئامادەیی (بکالۆریا) بە زمانی کوردی تەواو دەکەنو لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن، ئەوا تووشیان بەتووشی دیواری بەرلین دەبێ، چونکە جگە لەبەشی کوردی لە ئاداب و پەروەردە، دەنا کۆلیژەکانی دیکە (زانستە مرۆڤایەتییەکان) هەر هەموو بابەتەکانی قۆناغەکان خوێندنیان بەزمانی عەرەبییە و ئەوانەی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیو ئامادەییان بەزمانی کوردی تەواوکردووە، بابەتەکانی خوێندنیان لەلا زۆر سەختو دژوارە، چونکە تێ ناگەن لەبەر ئەوەی بەزمانی عەرەبین، لەم بارەوە تاوتۆی پڕۆژەی یاسای

خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی (٢٠٠٨) بەئامادەبوونی وەزیرو سەرۆک زانکۆکان‌و پەیمانگاکانی سەر بەزانکۆکان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کرا، منیش پرسیارێکم لەم بارەوە کرد کە چ کراوەو دەکرێ؟ گوتیان بەڕێنمایی ڕێژەیەکی دیاریکراو بوار دەدرێ بەزمانی کوردی شرۆڤە بکرێ، منیش لەوەڵامدا گوتم ڕێنمایی لەڕووی یاساییەوە بەپلەی سێیەمین دێت، چونکە (١- یاسا، ٢- ڕێسا، ٣- ڕێنمایی)، دواتر بڕگەی دوازدەهەم لە ماددەی ٢ی وەزارەت دانرا، بەڵام ئەمەیان چارەسەر نییە، بەڵکو بەنجکردنە، چونکە گەر هەر لە ١٩٩٢ تاکو ٢٠٠٩ بەپلانێکی درێژخایەن لەلایەن وەزارەتەوە دەتوانرا لەهەر بەشێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان ساڵانە تەنیا دوو کتێب بە (نووسین یان وەرگێڕان یان ئامادەکردن) ئەنجامبدرایە، ئەمرۆ تێکڕاو پێکڕای (بابەتەکانی بڕیار لەسەردراو بۆ خوێندن) بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێندران، چونکە هیچ بەشێک پرۆگرامی ئەو بابەتانەی دەخوێندرێ لە چل ناونیشان پتر نابن (١٩× ٢) =٣٨ واتە خوێندن بەڕێکوپێکی بەزمانی کوردی بەڕێوە دەچوو، نەک وەکو ئەمڕۆ (هەندێ مامۆستای زانکۆ بێ لێوردبوونەوە) دەڵێن (وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی قەدەغەیە)، گەرچی کوردن‌و دەتوانن پرسیارەکان بەزمانی کوردی دابنێن‌و وەڵامەکانیش بخوێننەوە، هەندێ جاریش لەبەر ئەوەی پرسیارەکان بە زمانی عەرەبین‌و ئەوانەی خوێندنیان بەزمانی کوردی تاکو زانکۆ تەواو کردووە لە مانای پرسیارەکان ناگەن، بۆیە داوای وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی دەکەن‌و لەهەندێ زانکۆ ئەمەشیان (قەدەغەیە) ئەو دوو ڕەفتارکردنەی ئەم جۆرە مامۆستایانە پێشێلکردنی زەقی ماددەی (٤) ی دەستووری کۆماری عێراقە (٢٠٠٥) کە لە سەرتاسەری عێراق دوو زمانی فەرمی عەرەبی‌و کوردی هەیە، هەروەها پێچەوانەی مافی مرۆڤ‌و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە، سەرەڕای ئەوەش بریندارکردنی هەستی چل ملیۆن کوردە، دەبوایە نەک ئەم مامۆستایانە لە بەش‌و زانکۆو وەزارەت بانگ بکرێن، بەڵکو دەبوایە هۆشداری بکرێن، گەر ئەم قسانە دووبارە بکەنەوە، ئەوا نابێ وانەبێژی لەهیچ بەش‌و زانکۆو ئامۆژگایەکی کوردستان بکەن‌و، لەبەر ئەوەی ئەوانەی بە زمانی کوردییان خوێندووە بۆ تێگەیشتن‌و پێڕاگەیشتن کە ناچارن وشە بە وشە بۆیان بکرێتە زمانی کوردی، بۆیە لەبارودۆخێکی دەروونی وا دەژین‌و ناچار دەبن هەندێ جار بڵێن بۆچ بە زمانی کوردی خوێندوومانە؟ بەڵام ئەوانەی

بەزمانی عەرەبی خوێندوویانە گەر لەشوێنی نیشتەجێبوونیشیان خوێندن بەزمانی کوردی هەبووە، ئەمانە یەکسەر لەبابەتەکان دەگەن‌و کتێبەکانیش بەئاسانی دەخوێننەوە، لە کابینەکانی حکومەتی کوردستان بەتایبەتی لەبەرنامەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی چاوەڕوان بووین ئەم دیواری بەرلینە برووخێنرایەو تەختیان بکردبایە، ساڵانە سیمیناری تایبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرێ کوێرەیە ببەسترایەو خاڵ لەسەر پیتەکان دانرابوایە، نەک خۆیان لەئاست ئەرکێکی دیرۆکی بێدەنگ بکەن‌و، تا ئەم نووسینەش بەخەمخۆری بەدواداچوون‌و پێداچوونەوە بۆ ئەم ئاستەنگە (گەرماو گەرمە) دەستبەجێ نەکراوەو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی کە زمانی کوردی بەچاوێکی کەم‌و نزم‌و خوارتر لە زمانی عەرەبی تەماشا دەکەن‌و ئەوەی ئێمە دەیزانین لەم بارەوە تەنیا کۆڕێکیش نەبەستراوە، نەمانزانیوە مامۆستایانی زانکۆش ئەم لایەنە گرنگە پڕ بەهایە بکەنە هەوێنی نووسینەکانیان و کەسیان پەنجەی لەسەر زامی زمانی کوردی لەزانکۆکان دانەناوە، بەلای منەوە فێربوونی زمان هەر زمانێ لەسەر (سیستمی پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردن+ قسەپێکردن+ خوێندنەوەو بەدواداچوون) دەوەستێ، چونکە هەر لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی وانەیەک تاکو تەواوکردنی زانکۆ بەزمانی ئینگلیزی دەخوێندرێ، بەڵام چەند کەس دەتوانێ دوو ڕستەی ڕێک‌وپێک قسەی پێبکات؟ دەڵێم لەژمارەی دەست تێپەڕ ناکات‌و فێربوونی زمانی عەرەبی دەبێ بە ئامادەکردنی پێداویستییەکان، چونکە بەم جۆرەی ئێستا تەنیا مەبەست لەم قۆناغە بۆ قۆناغێکی دیکە سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەڵکو دەبێ سیستەمی فێرکردنی زمان لەگەڵ سەردەم‌و ئامێری فێرکردن هاوتابن.

وەزارەتی ڕۆشنبیری لەبارەی ئەو (c.v)یەی بۆ منداڵان کراون بەزمانی کوردی لەگەڵ پەروەردە، ئاسمان‌و ڕێسمان لێک دوورن، چونکە پڕ لەقسەی نابەجێ‌و شەڕەجنێو...هتد. ئەمەیان دیاردەیەکی ترسناکە کە جگەرگۆشەکانمان بەزمانێکی زبر لێی ڕادێن. خۆزیا وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ئەکادیمیای کوردی‌و نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسان‌و پارێزەران‌و...هتد بەدەنگ هاتبان‌و، دەپرسین بۆچ ئەم بێدەنگییە لەم لایەنانەی باس کران؟ چونکە ئەمەیان شێواندنی زمانی کوردییە کە ئاسایشی نەتەوەییەو، لە هەموو دونیا هێڵی سوورەو بەزاندنی هەموو لایەنەکان لەوڵاتان‌و هەرێمەکان بەدەنگ دێن، چونکە ئەم شێواندنەی

زمانی کوردی دەبێ ڕابگیرێو سزای یاسایی ئەوانەش بدرێ کە بەم کارە هەڵدەستنو دەیفرۆشنو کۆپی دەکەن، لەبەر ئەوە کۆڕی زانیاری کوردستان (١٩٩٧- ٢٠٠٧) لەئاستی پێویستدا نەبووەو، گەرچی ئەکادیمیای کوردیش هەیە، بەڵام ئێمە پێویستیمان بەئەکادیمیای زمانی کوردیمان هەیە بۆچ و لەبەر چی؟ لەوەڵامدا دەڵێم چونکە جارێ گەنجینەی وشەی کوردی بەهەموو شێوە زارەکان کۆ نەکراونەتەوە، چ وەختێ دەست بەکاربینو ئەمرۆ هەر پەیڤینو ئاخاوتنو قسەکردن بێ پلاندانان کەڵکی نییە، بەڵکو ڕۆژی کاروکردەوەو کردارەو، گەر باسی نووسینەکانی سەر تابلۆی شوێنە گشتییەکانی حکومەتو تایبەتی بکەین هەر یەکەو بەجۆرێ نووسیویانە، لە وڵاتانو هەرێمەکانیان لەیاسای زمان- کۆمسیۆنێک هەیە، دەسەڵاتی دادوەری هەیە. بۆ نموونە پێش ٦٥ ساڵ لە کۆماری کوردستان لەچەندین خاڵدا دەرچووەو ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تەنیا یەکێکیانە: (٣- پەسندکرا هەموو نیشانە (تابلۆ) ئیداراتو مەکتەبو تیجارەتخانانو عیمارەتان بگۆڕنو بەکوردی بنووسێ «بنووسرێن»).

لەیاسای زمانە فەرمییەکانی وڵاتانو هەرێمەکانیاندا گەر کەسی سروشتیو مەعنەوی یاسایەکە بەتەواوەتی جێبەجێ نەکەن ئەوا سزای داخستنی شوێنەکە دەدرێو غەرامەی بۆ دەبڕنەوەو ئەوانەی دووبارەی بکەنەوە ئەوا سزایەکی قورسترو گرانتر دەدرێنو ئەوانەی بەزمانەکەش نانووسنەوە سزا دەدرێن، گەر سەیری نووسینەکانی سەر شوێنە گشتیو تایبەتییەکان بکەین (مرۆڤ بێکەسی زمانی کوردی) دێتە بەرچاو، چونکە لایەنەکانی پەیوەندیدار بێدەنگنو هیچ لایەنێک خۆی ناکاتە بەرپرس، منیش دەڵێم هەمووومان بەرپرسو لێپرسینەوەی دیرۆکی نەوەکانی ئایندە دەکەوێتە ئەستۆمان، دەپرسین تا کەی بەم جۆرە فەرامۆش بکرێو لایەنەکانی پەیوەندیدار بەئەرکی نەتەوەیی ڕانەبن؟

### ئەنجومەنی دادوەری (دەسەڵاتی دادوەری)

گەرچی لەیاسای دەسەڵاتی دادوەری ژ١٩٩٢/١٤ لەبارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەماددەی پێنجەمیدا هاتووە، کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((زمان لە دادگاکاندا کوردی دەبێ، بەڵام دادگا بۆی هەیە بەهۆی وەرگێڕەوە دوای سوێنددانی گوێ لەقسەی دژکاران (الخصوم)و شایەتەکان بگرێ)). بەڵام دەقنووسەکە جێبەجێ نەدەکرا، بەڵکو لەجیاتی ئەوەی ڕێکارەکانی دادگاکان

بەخێرایی بەڕێوە بچن، زمانی کوردی دەکرایە زمانی عەرەبی ئینجا لەتۆمارگاکان تۆمار دەکرا، گەر بەڵگەکانیش بەزمانی کوردی بوونایە ئەوا بڕە پارەیەک دەدرا بەوەرگێڕ تاکو بیکاتە زمانی عەرەبی. لەژیانی پارەێزەرایەتیم هەستم کرد ئەو مافەی هەمانە بۆچ پراکتیزە ناکرێ؟ ئەو مافە دەبێ جێبەجێبکرێ، بۆ ئەم مەبەستە بەبۆنەی (٢٠٠٠/٣/١٦) ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (یاساپارێزی) چووینە سەردانی وەزیری دادو داوایەکمان پێشکێش کرد کە دەبێ زمانی کوردی لەدادگاکانو فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی داد (دادنووس، جێبەجێکاری دادی، ناکامەکان، تاپۆ) بەکار بهێنرێت، وەزیر داواکارییەکەی زۆر پێ باش بوو، بەڵام گوتی پێویستی بەئامادەکاری هەیە، منیش گوتم: وا هەشت ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم یاسایەدا تێدەپەڕێ، بۆ ئەوەش کە چیتر دوا نەخرێت، ئێمە لەدەستەی نووسەرانی یاساپارێزی کە هەمووما‌ن پارێزەرینو پارێزەری دیکەش لەگەڵماندایە پێکەوە هەموو کاتێکمان تەرخان دەکەین بۆ کارئاسانیی ئەنجامدانی پرۆسەکە، هەر کە هاتینە دەرەوە هەمان ڕۆژ، پێنج پارێزەر (کەریم بەحری و سەردار کاوانی و برهان عوسمان و ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر و تاریق جامباز) بۆ پراکتیزە کردنی ئەم ئەرکە مێژووییە ڕۆژانە کۆدەبووینەوە سوودمان لەئەزموونی ئەوانەی پێشتر لەم بوارە کاریان کردووە وەردەگرت، هەروەها چەندین فەرهەنگمان لەبەردەستدابوو، پرسی زمانزانان و یاساناسانی دیکەشمان دەکرد، لیژنەی پشتیوانی لە بەکوردیکردنی دادوەری توانی حەفت سەد زاراوەی یاساییو بڕیارنامەو فۆڕمی چۆنیەتی پێشکێشکردنی دەقی جۆری داواکانو... هتد (بڕوانە پاشکۆی ژ/٧) ئامادە بکات، کە بڕیارەکەش دەرچوو ژ٣٤٣/٣ لە ٢٠٠٠/٥/٢٢ (بڕوانە پاشکۆی ژ٨) هەندێ پارێزەر بە تەوسەوە دەیانگوت: (قانونو زمانی کوردی کوجا مەرحەبا؟) وەلێ بەئامادەکاری کەرەستەکانی سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە پیرۆزە وەڵامیان درایەوە، هەندێکی دیکەش سەردانی لایەنەکانیان کرد بۆ ڕاگرتنی یان دواخستنی، بەڵام کارەکەیان مایەپووچ دەرچوو، دواتر لەوەزارەتی داد لیژنەیەک بەفەرمانێکی وەزاری بۆ بەکوردیکردنی ئەو بابەتە پێک هێنرا، لیژنەکە ژمارەی ئەندامانی حەوت کەس بوون لە دادوەر و داواکاری گشتی و پارێزەر و دەرچووی بەشی کوردی پێک هات، ئەوانیش توانییان نزیکەی هەزار زاراوەی یاسایی (ساڵی ٢٠٠٠) ئامادە بکەن و دووسەد فۆڕمی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتی داد

ئامادەکرا، سەرەڕای بریکارنامەی گشتیو تایبەتیو بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە کورداندنی یاسا (بڕوانە پاشکۆی ژ/٩)، وەزارەتی داد نووسراوی بۆ زۆر لایەنی پەیوەندیدار نووسی (کۆڕی زانیاری کوردستان)، وەلێ مامۆستا (شوکر مستەفا) بەتەنیا بوو، بۆیە نەیتوانی بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەکە بکات، بەڵام کە لیستەکەی بەدەست گەیشت دوای ماوەیەک ڕا و بۆچوونی خۆی بەنووسین بۆ نووسەری ئەم بابەتە نووسیو پاساوی هێنایەوە، بەڵام ئەوانی دیکە بێ دەنگ بوونو نوێنەری لایەنێکیان هات، کە زانی لیژنەکە پارەی تێدا نییە، (بەشداریی تاقە کۆبوونەوەیەکیشی نەکرد).

فەرهەنگۆکی زاراوە یاساییەکان کە لیژنەی بەکوردیکردن لەوەزارەتی داد ئامادەیان کردبوو بۆ کۆڕی زانیاری کوردستانیان نارد، تاکو بەسەرنجو تێبینیو ڕا و بۆچوونیان دەوڵەمەندتری بکەن، بەڵام ئەوان بەلیستی ژمارە (٤)ی کتێبەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان بەناوی (زاراوەی یاسایی، لیژنەی زاراوە لەکۆڕی زانیاری کوردستان) ساڵی ٢٠٠٤ بەچل لاپەڕە چاپو بڵاویان کردەوە، بڕوانە پاشکۆی ژ(١٠)، بێ ئەوەی ئاماژە بەلیژنەی بەکوردیکردنی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن کە ئەوان ئەم زاراوانەیان بۆ ناردوون، بەڵکو لیژنەیەکیان پێک هێناو بۆ ئامادەکردنیان نەک پێداچوونەوەیان، دەتوانن بەراوردێک لەنێوانیان بکەن کە زۆرینەیان هی لیژنەکەی وەزارەتی دادنو لە پێشەکییەکەیدا داوا دەکەن زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی هەموو دادگاکانی هەرێمی کوردستان، گەرچی ئەوسا چوار ساڵ بوو فەرمانە وەزارییەکەی ساڵی (٢٠٠٠) جێبەجێ دەکراو کەوتبووە بەرکار.

لێرەدا مافی خۆیەتی بڵێم: دەبوایە هەر دوای دەرچوونی بڕیارەکە لە ٢٠٠٠ ئەم لایەنانە (پارێزەرانو دادوەرانو مامۆستایانی زانکۆ... هتد) یەکسەرو گەرماوگەرم لیژنەی (پشتیوانیو پشتگیرییان) پێک بهێنایە، بەڵام ئەوانەی خۆبەخشانە ئامادەییان دەربڕی بۆ سەرکەوتنی کورداندنی یاسا ژمارەیان زۆر بوو، بەڵام دەبوایە هەر ئەو لایەنانە لەبارەی داڕشتنی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستیان هەبوایەو لیژنەیەک لە یاساناسانو زمانزانان پێک بهێنرایە، واتە بەسازدانو هەڵمەتێکی تێکڕاو پێکڕا لایەنەکانی پەیوەندیدار لەڕێگای کۆنگرەو سمینارو کۆبوونەوەوە ڕۆڵی کاراو کاریگەریان هەبوایە، نەک بەنووسینێکو دووان. ئێستاش نەچووە بچێ، ئەوانەی زمانی کوردیو

زمانی عەرەبییان لە ڕووی یاساییو زمانەوانی باشە لە مامۆستایانی زانکۆو دادوەرانو پارێزەرو مافپەروەرو... هتد. دەتوانن دەستبەکاربن بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە نەتەوایەتییە بگرنە ئەستۆو پاڵپشتی ئەو لیژنەیە بکەن کە بەپێی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ (یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان) پێکهێنراوە. هیوادارین کە بەم ئەرکە دیرۆکییە ڕابن.

### میدیاکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

میدیاکان (بینراو، بیستراو، خوێنراو) تا چ ڕادەیەک ڕۆڵیان لەم بارەوە هەبوو؟ ئاماژە بەژمارەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچنو ژمارەیان (٦٣٣)یە، زۆربەی زۆریان بەزمانی کوردی دەردەچن، سەرەڕای ٨٠ ئێزگەی ڕادیۆ کە بەشەپۆڵە جیاجیاکانو (١٠٠) سەد تەلەفزیۆنی لۆکاڵیش پەخش دەکرێن، هەروەها ٢٠ بیست کەناڵی ئاسمانیو سایتەکان لە ئینتەرنێت بەزمانی کوردیش پەخش دەکرێنو دەخوێنرێتەوە، بەڵام چەندیان بەبەردەوامی لەبارەی زمانو ناسنامەی نەتەوەیی جەختو داکۆکییان کردووە؟ ئەگەر هەر ڕەخنەو گلەییەک لەهەر لایەنێک کرابێت ئەوا دەستبەجێ لەکاتو ساتی خۆیدا وەڵامیان داونەتەوەو بەدەنگ هاتوون، بەڵام لەم بوارەدا لەئاستی پێویستدا نین، بۆ نموونە (وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی قەدەغەیە) بۆچ بابەتەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان نەکراون بەزمانی کوردیو؟...هتد. ڕایان لەبارەی ئەم نووسینانەی لەسەر تابلۆی شوێنی گشتیو تایبەتییەکان لە دامو دەزگاکانی حکومەتو لەچێشتخانەو پسوولەی کڕینو نووسین لەسەر کیسی نایلۆنو کاغەزو... هتد. لەهەندێ شوێن ناونیشان بەزمانی کوردی فەرامۆش کراوە، وا دەزانن لێرە زمانێک نییە پێی بوترێ زمانی کوردی، ئەمەیان پێچەوانەی دەستووری کۆماری عێراق ماددەی ٤ (٢٠٠٥) کە دوو زمانی فەرمی عەرەبیو کوردی لە سەرتاسەری عێراق هەیە، بۆچی لەبارەی دەرنەچوونی یاسای زمان نانووسنەوە؟ ئەوەی نووسراوە، دەڵێن ژمارەیان یەکجار کەمە بەگوێرەی ئەو ئەرکە دیرۆکییەی دەکەوێتە ئەستۆی هەموومان، چونکە ستراتیژە (ئاسایشی نەتەوەییە). دەپرسم ئەی ئەوانەی سووکایەتی بەزمانی کوردی دەکەن؟! داواکاری گشتی کە نوێنەری مافی گشتییە تەنیا داواکارییەکیان لەم بارەوە تۆمارکردووەو زمانی کوردی بەبابەتێکی لاوەکی زانراوەو دانراوە، دەنا بۆچ

ڕاگەیاندن گەرماو گەرم چاوپێکەوتنو ڕا و بۆچوون لەم بارەوە و سازنامەو بەرنامەی تایبەتیش پێشکێش ناکرێ؟ ئەو ئەرکە دەبێ خەمی هەمیشەیی ڕاگەیاندن بێ، بەداخەوە وانییە، چونکە جاروبار بەبۆنەو ڕێکەوت باسێکی دەکەنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش کە ژمارەیان لە سەدانی تێپەڕ کردووە، نەمانبیستووە جگە لە تاقە ڕێکخراوێک نەبێ کە زمانپارێزی بەئەرکی سەرەکی خۆی زانیبێو بەکردار بەدواداچوونو پێداچوونەوەو سەردانی لایەنەکانی پەیوەندیداری کردبێت، بەرپرسەکان منداڵەکانیان تا نووکەش دەنێرنە بەرخوێندن بەزمانی عەرەبی، ناونانی منالآنی کورد زۆربەیان بەناوی کوردی ناونانرێ، ئەی لە بارەی ئەم دیاردەیە بۆچ و لەبەر چی باوک ناوی کوردییەو منداڵەکانیشی ناویان عەرەبییە؟ بەکورتیو کرمانجی ڕاگەیاندنو میدیاکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئاستی پێویستدا نینو دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە زمان ستراتیژە، ئاسایشی نەتەوەییە، بەزاندنی هێڵی سوورە، تا کەی لەم بوارەدا زمانی کوردی بشێوێنرێو لایەنەکانی پەیوەنداریش بەدەنگ نەیەن؟ (سەیری چاپەمەنییەکانی قۆناغەکانی خوێندنو ئەوانەی وەردەگێڕدرێنە زمانی کوردی) بکەن، ئایا بەکوردییەکی پاراو نووسراونەتەوە؟ پرسیارێکە ئایا (میدیاکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی)، ئەم پرسە نەتەوەییە کە بەپلاندانان ئەنجامدەدرێ هیچ چارەسەرێکیان بۆ دۆزیوەتەوە؟ نەخێر چونکە پێویستی بەکاتو کاری زۆری هەمیشەیی هەیە.

## دەرەنجام

بۆ ئەوەی سیاسەتی زمان وەکو ولاتانو هەریمەکانیان بەپلاندانان بەرێوە بچێ، پێویستییەکی هەمیشەییمان بەم خالانە هەیە، تاکو بەرێکوپێکی لە هەموو ئاستو بوارەکاندا جێبەجێ بکرێت:-

١. دەرچوواندنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە پەرلەمانی کوردستانو لە پەرلەمانی عێراق، تاکو ماددەی چوار لە دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥ بەڕاستیو دروستی پراکتیزە بکرێ.

٢. لیژنەی زمانپارێزی لەلیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان لەنزیکترین دەرفەتدا لەیاساناسانو زمانزانان بڕیاری پێکهێنانی بدرێ، بۆ ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی بە (دە) پەرلەمانتار پێشکێش دەکرێن.

٣. لیژنەیەکی هەمیشەیی (لە زمانناسانو یاساناسان) بۆ داڕشتنی یاساو بڕیارەکان بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لە ئەنجومەنی وەزیران پێکبهێنرێ بۆ ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی لەئەنجومەنی وەزیرانو لایەنەکانەوە پێشکێش دەکرێن، نەک فەرمانبەرێک یا دووان وەکو هەر ئەرکێکی فەرمانبەری ئاسایی ئەنجامی بدەن.

٤. دەبێ ئەکادیمیای کوردی پترو فراوانتر کاتی بۆ زمانی کوردی تەرخان بکات، چونکە ڕابوون بەم ئەرکە دیرۆکییە ئەمڕۆ یەکجار پێویستە ئەویش بەدانانی زاراوە بۆ هەموو بوارەکانی ژیانو سالانە بەدواداچوونیان بۆ بکات بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان. هەروەها لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار تابلۆی نووسینی دەزگاکانی حکومەتو کەرتی تایبەتی لەلایەنی زمانەوانی بە بەردەوامی جەختی لەسەر بکەنەوە، تاکو پەرەپێدانی ئەکادیمیای زمانی کوردی.

٥. بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانیش لە زانکۆکانی کوردستان دەبێ بەپلاندانان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی هەموو بابەتەکان بەوەرگێڕانو دانانو ئامادەکردن ئەنجامبدرێنو چیتر دوانەخرێ کە نۆزدە ساڵە دواخراوە، تاکو دیواری بەرلین تەخت بکرێو نەمێنێو جگەرگۆشەکانمان لەجیاتی ئەوەی دڵەڕاوکێو بێزارییان لەزمانی کوردی هەبێ، بەئاسوودەییو دڵنیایی بەزمانێکی کوردیی پاراو بخوێننو

سەرچاوەش بەزمانی کوردی پترو فراوانتر بکرێت، ئەمڕۆ تێزی ماستەرو دکتۆراە لەزانکۆکانی کوردستان ڕێژەیەکی زۆر کەمیان بەزمانی کوردین‌و ئەوانی دیکەش زۆرینەیان بە زمانی عەرەبین.

٦. دەبێ ڕاگەیاندن (میدیاکان) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە خەمخۆرییەکی وڵاتپارێزانە چاودێری زمانپارێزی بکەن‌و بەئەرکی دیرۆکەییان بەگوێرەی پێویست ڕابن، کە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێ بەرێکوپێکی جەختی لەسەر نەکراوە.

٧. زمان بنەمایەکە لە ئاسایشی نەتەوەیی، ستراتیژە، دەبێ ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە هزر و بیری هەر تاکێکی کورد لەهەر شوێنێکی دونیادا بن. ئەوەی بەچاوێکی کەم‌و نزم‌و خوارتری دابنێ ئەوا پێویستە یەکسەر وەڵامی بدرێتەوەو داواکاری گشتی لە دادگاکان داوای لەسەر تۆمار کردوون، چونکە پەیوەستە بەپیرۆزی‌و مەزنی‌و بەرزی لەلای چل ملیۆن کوردو لەهیچ زمانێکی دیکە کەمتر نییە، بەڵکو یەکسانە لەگەڵیان‌و پێکەوەژیان‌و لێبوردەیی وای کردووە کە نەتەوەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم مافە ڕەوایەیان هەبێ چ لە شاخ چ لە شار پراکتیزە کراوە بەخوێندن بەزمانی تورکمانی‌و سریانی‌و ئەرمەنی‌و هەرسێ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەشداری دەکەن. بەڵام هەندێ لەو قوتابخانانەی لە کوردستان کراونەتەوە جگەرگۆشەکانیان لەهەستی نەتەوایەتی دوور دەخەنەوەو پێویستە لایەنی بەرپرس پلانیان هەبێ بۆ نەهێشتنی ئەم مەترسییە کە لەئایندەدا چاوەڕوان دەکرێ.

٨. دەبوایە ئەوانەی زمانی بیانی دەزانن‌و توانای وەرگێڕانیان هەیە ئەزموونی وڵاتانی فرەزمان بکەنە زمانی کوردی‌و عەرەبی چ دەستووری وڵات‌و هەرێمەکانیان یان یاسای زمانی وڵات یا هەرێمەکانیان، هەروەها ئەو شاندانەی سەردانیان کردوون دەبوایە لەبارەی ئەزموونیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بینراو، بیستراو، خوێنراو پەخش‌و بڵاو بکەنەوە، چونکە لەم بارەوە نەک بەزمانی کوردی، بەڵکو بەزمانی عەرەبیش نییەو بۆ وشیاری نەتەوەیی‌و یاسایی‌و فیدراڵی ئەم جۆرە بابەتانە یەکجار پێویستێکی هەمیشەیین بۆ ئەو کەسانەی لەیەک زمان‌و یەک نەتەوە ڕاهاتوون.

٩. پێویستە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی (پەرلەمانی کوردستان‌و پارێزگاکان‌و

ئەوانی دیکە)دا لەخاڵە سەرەکییەکان بێتو پێویستە نەک هەر لەپەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی لایەنەکاندابێ، بەڵکو هەریەکێکیان بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ سیاسەتی زمان هەروەکو پارتی سەوز لە کۆماری ئێرلەندا کە ماوەی بیست ساڵە (٢٠٠٩- ٢٠٢٩) سیاسەتی زمانی داناوە. پێویستە سیاسەتی زمان هەمیشە جەختی لەسەر بکرێو لە کارنامەی کابینە یەک لەدوا یەکەکانی حکومەتی کوردستان دابنرێت، تاکو هەر لایەنێک سیاسەتی زمانی خۆی هەبێو ململانێ لە نێوانیاندا لەسەر زمانپارێزی بێ، چونکە لەستراتیژی ئاسایشی هەر نەتەوەیەکدایە، گەر سیاسەتی زمانمان نەبێ، نەوەی ئایندە پەنجەی کەمتەرخەمیو خەمساردیو بێباکیمان ئاراستە دەکات، منیش دەڵێم ڕاست دەکەنو دەپرسم تاکەی بێدەنگیو خۆ کرکردنو تاکەی سیاسەتی زمانمان نەبێ؟ بەڵام چ کاتو وەختێ؟ دەبا چیتر دوانەکەوێو دەستبەجێ دەستبەکاربین

١٠. لە مەرجەکانی ئەو کەسەی دەیەوێ بە بەردەوامی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بێ، پێویستە تاقیکردنەوەی زمانی کوردی بەنووسینو خوێندنەوەی بۆ بکرێو هەمان تاقیکردنەوەش بۆ دامەزراندن لەدەزگاکانی حکومەت ئەنجام بدرێ. جگە لەوانەی کە بەزمانی کوردی خوێندوویانە.

١١. لە بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەیەکی چاک بۆ سیاسەتی زمانی کوردیو زمانەکانی دیکەی کوردستان تەرخان بکرێ، چونکە زۆر دیدارو سیمینارو کۆنفرانس دەبەسترێو پارەیەکی زۆری لێ سەرف دەکرێ، بەڵام ئەم بوارە ناگرێتەوە، بۆچو لەبەرچی ئەم بوارە (سیاسەتی زمان) کە لە ستراتیژی نەتەوەییە سیاسەتێکی تایبەتی بۆ دانانرێ؟

١٢. کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان بەئەرکی پراکتیزەکردنی بەکارهێنانی لە هەموو بوارەکانو لەئانو ساتی خۆیدا هەڵدەستێت بەهۆشداریو سزای ئەوانەش دەدا کە دەستبەجێ نایخەنە بواری جێبەجێکردنو لەهەندێ وڵاتیش پۆلیسی زمان هەیە کە چاودێری نووسینەکانی سەر دەزگاکانی حکومەتو کەرتی تایبەت دەکات.

١٣. بەپلانێکی درێژخایەن زمانپارێزی لەبواری پەروەردەو فێرکردنو میدیاکان کاری بۆ بکرێو دەستبەجێ خەمخۆرانی بەم ئەرکە ڕابن.

١٤. لیژنەی تایبەتی هەمیشەیی بۆ زمانپارێزی لە ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بەسەرپەرشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنرێ بەمەرجێ بەپلاندانانی تۆکمە کارەکانیان ئەنجام بدەن تاکو جگە لە نووسراوەکان، نووسینی سەر شوێنە گشتیو تایبەتییەکانیش بەوردیو قووڵی چاودێری بکرێن، دەبێ بەهەردوو زمانی فەرمی عەرەبیو کوردی بەپاراویو رێکوپێکی بنووسرێن.

## پاشکۆی ژمارە (١)
## سیاسەتی زمان لەلایەن حزبی کەسک (سەوز)ی کۆماری ئێرلەندا.
## سیاسەتی گشتیی زمانی ئیرلەندی

دەقی کۆتایی (ئادار ٢٠٠٩)

پێشەکی: زمانی ئیرلەندی و بنەماکانی پارتی سەوز

پارێزگاری لە زمانی ئیرلەندی کۆکە لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی دامەزراندنی پارتی سەوز. ئێمە بڕوامان وایە کە گفتوگۆ لەسەر سامان کارێکی گرنگە بۆ کۆمەڵگایەکی بەردەوام، کەواتە زمانی ئیرلەندی سامانێکی کولتووریی گرنگە بۆ گەلی ئیرلەندا، بەڵام پێگەی ناسکە و تووشی شکست هاتووە، کە دەبێ پارێزگاری لێ بکرێت. ئێمەش وەک پاسەوانی خاک، بەرپرسین لە گواستنەوەی سامانەکانی، بە سامانە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکەیەوە، بۆ نەوەی داهاتوو، بە دروستی و بێ کەموکورتی.

زاناکانی زمان بەمتمانەوە دەڵێن" لە سەدەی داهاتوودا، ڕێژەی ٩٠ ٪ لە کۆی ٦٠٠٠ تا ٧٠٠٠ زمان لەسەر زەوی مەترسی لەناوچوونی لێ دەکرێت وڕێژەی ٥٠٪ی زمانەکانی جیهان لە گیانەڵادان، واتە مناڵان بە شێوەیەکی زگماک پێیان نادوێن. بۆ وێنە، هەرچەندە لە ئەمەریکای باکوور ٢٠٠ زمانی نیشتمانی هەیە، زوربەیان لەگیانەڵای لەناوچووندان، ئەمەش کارەساتێکە بەسەر کولتوورو ناسنامەدا دێت بێ ئەوەی گەل هەستی پێبکات. وا مەزەندە دەکرێت کە لە هەر دوو حەفتەدا زمانێک لە جیهاندا لەناودەچێت، ناشزانین ئایا زمانی ئیرلەندی لەنێو ئەو پێکراوانەیە، یان نا؟ هەرچەندە ١,٦٥ ملیۆن هاووڵاتی لە کۆماردا، یان بڵێین ٤٠,٨٪ دانیشتوان دەڵێن ئێمە بەزمانی ئیرلەندی دەدوێین و هەرچەندە ٤٥٣,٢٠٧ یان بڵێین ١١,٢٪ی هاووڵاتیان دەڵێن ڕۆژانە لە سیستەمی پەروەردە زمانی ئیرلەندی بەکار دەهێنین، کەچی تەنها ٧٢,٠٠٠ کەس یان ١,٧٨٪ی دانیشتوان ڕۆژانە لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەدا بەکاری دەهێنن. زمانی ئیرلەندی وەک زمانی کۆمەڵگای گێلتاخت Gaeltacht (واتە ئەو ناوچانەی تا ئێستا بەزمانی گێل دەئاخڤن. وەرگێڕ) ئێستا بەرەو نەمان دەڕوات کە بۆتە سەرمەشقی زاناکانی زمانەوانیی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی مردن و لەناوچوونی زمان.

پارتی سەوز ناتوانێ ئەو هێرشە دڕندانەیە لەسەر سامانەکانی کولتووری سەر گۆی زەمین پشتگوێ بخات، ئەوەتا هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، وەک سامانێکی ڕۆشنبیریی ئیرلەندا، گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی گێل دراوە. ئەم نامیلکە پلانەش کە لەسەر بنەمای ژینگە و سیاسەتی گشتیی زمانەوانی ڕێکخراوە، ئامانجی چارەسەرکردنی ئەم گرفتەیە و ئەمەی خوارەوەش ئاکارێکی درێژی ئەو ڕێکارانەیە کە پارتەکەمان پێشنیازی کردووە بۆ چارەسەرکردنی پرسی زمانی ئیرلەندی.

## ٢- زمانی ئیرلەندی و هەرێم

بەهۆی ئەوەی پارتی سەوز پارتی سەرتاپای ئیرلەندایە، پێویستە چاو بە سیاسەتی گشتیی زمانەوانی فەرمیی هەر دوو هەرێم بخشێندرێت. بەهۆی هۆکارە مێژووییەکانەوە تا ئێستا جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە نێوان سیاسەتی زمانی ئیرلەندی کە ویلایەتی ئیرلەندا و دەوڵەتی ئینگلیز پیادەی دەکەن و لەگەڵ ئەو پیشکەوتنە سیاسییانەی ئێستا لە ئیرلەندای باکوور هاتوونەتە کایەوە، بۆی هەیە ئەو جیاوازییە تا ماوەیەکی دیکەش بمینێت. لە ڕووی مێژووەوە ویلایەتی باشوور دەستی یارمەتیی فەرمی درێژکردووە بۆ پەرەپێدانی زمانی ئیرلەندی (هەرچەندە کەلێنێکی فراوان هەیە لەنێوان ڕوانگەی فەرمی و کرداری)، بەڵام ئیرلەندای باکوور تا ئەو نزیکانەش هەڵوێستی ناحەزانە بوو.

أ) پلانی نیشتمانی ماوە درێژو ناوخۆیی بۆ زمانی ئیرلەندی:

- پارتی سەوز پێشوازی لە بەڵێنی حکومەت دەکات بۆ دامەزراندنی ستراتیجی بیست ساڵەی زمانی ئیرلەندی کە لەسەر بنەمای چاکترین پیادەکردنی نێودەوڵەتی لە ڕووی پلاندانان و سیاسەتی زمانەوانی داندراوە. پارتیشمان بەشداری لە پێشخستنی ئەم ستراتیجە کردووە.
- بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی کە ستراتیجەکانی نێوخۆیی و نیشتمانیی زمانی ئیرلەندی بەڕێکوپێکی نوێ دەبنەوە، پارتی سەوز داوا دەکات پرۆسەکە لە دوارۆژدا بنەتانێکی یاسایی پێبدرێت (هەر وەک لە سکۆتلانداو وێڵز پێی دراوە) و بەشی کاروباری کۆمەڵگا و دێهات لە دوارۆژدا ڕۆڵی ئامادەکردن و پیادەکردنی ستراتیجەکانی نیشتمانی و گێلتاخت و ناوخۆیی (دەرەوەی

گێلتاخت)یان پێبدرێت.

- له تشرینی دووەمی ٢٠٠٧دا ڕاپۆرتێکی دوورو درێژ لەبارەی دەوڵەت و باری زمانی ئیرلەندی بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە خاڵی ٥). پارتی سەوز دەستخۆشی لە بڵاوکردنەوەی تۆژینەوەکە دەکات.

ب) یاساکاری زمان:

- پارتی سەوز داوای زێدەکردنی سەرلەبەری بڕو پێوەری خزمەتگوزارییەکانی زمانی ئیرلەندی دەکات کە دەوڵەت پێشکێش بەو کەسانەیان دەکات کە ئارەزوو دەکەن کاروبارەکانیان بە زمانی ئیرلەندی ڕایی بکەن. بۆیە پارتی سەوز بەتوندی پاڵپشتی لە پیادەکردنی تەواوی یاسای زمانە فەرمییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ لە کۆمار و لە هەڵمەتی یاسای زمانی ئیرلەندی دەکات لە ئیرلەندای باکوور.
- پارتی سەوز پاڵپشتی لە بەرنامەی ئێرلەندا دەکات سەبارەت بە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری بە دوو زمان (پێشنیازەکە کارایە). بەپێی بەرنامەکە، دامەزراوە گشتییەکان خزمەتگوزارییە دوو زمانییەکانی خۆیان چالاکانە و بەردەوام بڵاو بکەنەوە بەشێوەیەک کە کۆمەڵگای زمانە کەمینەکان تێبگەن کە ئەو خزمەتگوزارییانە بێ ئاستەنگ لەبەر دەستدان. ئێستا ئەو بەرنامەیە کاری پێناکرێت و کارابوونی یاسای زمانەکانی فەرمی ڕاگرتووە.
- بۆئەوەی سەرکردایەتییەکی سیاسی بەهێز پیشان بدرێت سەبارەت بە یاساگەری، پارتی سەوز داوای دامەزراندنی یەکەیەکی زمانی ئیرلەندی لە سەرۆکایەتی حکومەت دەکات بۆ دڵنیایی لە پیادەکردنی یاسای زمانەکان لە گشت فەرمانگەیەکی حکومەت لە سەرانسەری کۆماردا.
- لەبەر ئەوەی هەڵەیەکی زمانەوانی زۆر هەیە لە تابلۆ هەڵواسراوەکان (بەتایبەتی لە تابلۆکانی ڕێگاوبان) لە سەرانسەری وڵات، پارتی سەوز داوا دەکات دەسەڵاتێکی زیاتر بە کۆمیساری زمان بدرێت بۆ ئەوەی وابکات گشت تابلۆکانی گشتی بەزمانی ئیرلەندی بەهەڵە نەنووسرێن.
- دەکرێ خزمەتگوزارییەکانی گشتیی زمانی ئیرلەندی بە دوو شێوە پێشکێش بکرێن: أ) بە وەرگێڕانی دۆکیۆمەنتە فەرمییەکان و هەر شتێکی تر، ب) بە دامەزراندنی ئیرلەندی زمانەکان لە دەسگا گشتییەکان. پارتی سەوز شێوەی (ب) بەباشترین ڕێگەچارە دەزانێ لەڕووی خەرجی و زمانەوە

بۆ پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری زمانەوانی، بەڵام ئێستا شێوەی (أ) مان پێویستە تا ئەوکاتەی ژمارەی پێویست لە فەرمانبەری گشتی دوو زمانزان دادەمەزرێن. بۆ دڵنیابوون لە زمانێکی ئیرلەندیی بە پێوەرێکی بەرز لە هەر بابەتێکی وەرگێڕدراو، پارتی سەوز داوادەکات فەرمانگە حکومییەکان ئەو وەرگێڕانە کار پێ نەکەن کە مۆری ڕێپێدانیان لەلایەن ستانداردی زمانی گێلا یان نەبێ.

ج) دەوڵەت و کەرتی زمان

- لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە لەسەر کەرتی خۆبەخشکاری زمانی ئیرلەندی، پارتی سەوز هانی ئەوە دەدات کە چاو بخشێندرێتەوە بە سەراپای پەیکەری کەرتەکە و لێتۆژینەوە بکرێت لەسەر خەرجی و بەرپرسیارێتی نێوان فەرمانگەکانی تایبەتمەند بە زمان و دەسگا هەمەجۆرەکانی خۆبەخشی زمانی ئیرلەندی لە سەرتاپای وڵات.
- پارتی سەوز داوا لە فەرمانگەی ستاندەردی زمانی گێلا دەکات لێتۆژینەوەیەک ئەنجام بدات لەسەر بەکارهێنانی زمانی ئیرلەندی لەسەر ئاستی نیشتمانی و باکوور و باشوور و لەسەر هەڵوێستەکان لەبارەیەوە بەپێی بەرپرسیاریی یاسایی ئەو فەرمانگەیە.

### ٣- زمانی ئیرلەندی لە پەروەردەدا

أ) زمانی ئیرلەندی لە قوتابخانەدا:

- پارتی سەوز داوادەکات چاوخشانەوەیەکی سەرانسەری بکرێت سەبارەت بە فێرکردن و فێربوونی زمانی ئیرلەندی لە سەر ئاستەکانی سەرەتایی و دوای سەرەتایی لە کۆماردا، لە ئیرلەندای باکوور (هەروەها بڕوانە هەنگاوی ٤٢ لە سیاسەتی پەروەردە).
- تا ئەو کاتەی چاوخشانەوەکە دەریدەخات کە دەبێ ڕەوتێکی تر بگرێتەبەر، پارتی سەوز پاڵپشتی لە داخوازی ئەوە دەکات کە چاکسازی بکرێت لە فێرکردنی زمانی ئیرلەندی (تەنها لە کۆماردا) بەمەرجێک مامۆستاو دایک و باوکان پشتگیری لە ڕێکارەکە بکەن.
- لە کاتی ڕاهێنانیاندا، دەبێ گشت مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان، بە زمانی ئیرلەندی، ژینگەی دروست و بەپێزی ئیرلەندایان فێر بکرێت

و بەقەد سالێکی خوێندن خولی ڕاهێنانیان چڕوپڕ بێت و دابەش بکرێت بەسەر سەرجەم خولەکە بە یەکەم مانگی پڕ چالاکییەوە.

- هەر منداڵێکی قوتابخانەی سەرەتایی جگە لە زمانی ئیرلەندی دەبێ بابەتێک بە زمانی ئیرلەندی بخوێنێت. ئەمەش دەبێ پێشەکی لەو شوێنانە پیادە بکرێت کە دانیشتوانی سەڵت نەبن، ئینجا بەرەبەرە لە سەرانسەری وڵات پیادە بکرێت.
- دەبێ بەرنامەی دوو زمانەی ئیرلەندی لەدوای قۆناغی سەرەتایی پەرەی پێبدرێت (زمانی ئیرلەندی و ڕۆشنبیریی ئیرلەندی). دەبێ لە ئەزموونەکانی خولی زمانی ئیرلەندی، لەچوارچێوەی ئاماژەکارییەکانی گشتیی ئەورووپی سەبارەت بە فێربوونی زمان، تواناکانی قوتابیان لەبارەی قسەپێکردن و نووسین و تێگەیشتن و نووسینەوەیان تاقی بکرێنەوە. دەبێ کۆرسی ڕۆشنبیریی زمانی ئیرلەندی لە گشت ناوچەکانی گێل و سەڵت نشین بکرێنەوە.
- هەرچەندە پارتی سەوز باوەڕی بەگرنگیی تواناکانی زارەکی هەیە، بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێ سیستەمی پەروەردە لەهەردوو بەشەکەی ئیرلەندا گرینگی یەکسانی بەتواناکانی تری زمانەوانی بدرێت (خوێندنەوە و نووسین و تێگەیشتن). بەتایبەتی گرنگی بە ئاستە نزمەکانی ئەدەب بە زمانی ئیرلەندی بدرێت.
- لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەبارەی بەدەستهێنانی زمان، پارتی سەوز زۆر پشتگیری لە پەروەردەی چڕوپڕ بە زمانی ئیرلەندی دەکات لە گشت قۆناغەکانی پەروەردە، لە باکوور و باشووردا، بە قۆناغی پەروەردەی چڕی پێشەکییەوەش. هەروەها، پارتی سەوز داوا دەکات لێکۆڵینەوەیەکی تر ئەنجام بدرێت لەسەر پەروەردەی چڕ لە ئیرلەندا هەروەک لەلایەن (فەرمانگەی زمانی گێڵا و.......و......و..).

ڕاهێنانی مامۆستا:

- پارتی سەوز داوای پلانێک دەکات بۆ زمانی ئیرلەندی لە خولەکانی ڕاهێنانی فەرمانبەران بۆ مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی. لە پلانەکەدا کۆرسەکانی نوێکردنەوەی زمانی ئیرلەندی و بەرنامەڕێژی بۆ زمانی ئیرلەندی لە قوتابخانەکانی هەردوو ناوچەی گێل و سەڵت و قوتابخانەکانی

تردا.

ج) خزمەتگوزارییە پەروەردەیییەکانی تر:

- پارتی سەوز داوا لە حکومەت دەکات بەزووترین کات، دامەزراندنی (بنکەی نیشتمانی بۆ پەروەردەی زمانی ئیرلەندی) دابین بکات لە (Baile Bhuirne) لە (Kork) ی ناوچەی گێل نشین، هەر وەک چەندین ساڵە بەڵێن دراوە (بڕوانە خاڵی ٥ لەخوارەوە).
- پارتی سەوز داوا دەکات ئەو قوتابییانەی بیرکۆڵن هاوکارییان پێشکێش بکرێت لە خزمەتگوزارییەکاتی زمانی ئیرلەندی و پێویستییە تایبەتییەکانی زمانەوانییان پێبدرێت، بە تایبەتی لە ناوچەی گێل نشین (بڕوانە ٥ی خوارەوە).
- دەبێ لە سەرانسەری وڵات یانەکانی ئەنجامدانی ئەرکیماڵەوە دابمەزرێن لە سەنتەرەکانی زمانی ئیرلەندی لە ناوچە شارنشینەکان، بۆ مێرمنداڵانی ئیرلەندی زمان، یان بۆ ئەو مێرمنداڵانەی زمانی ئیرلەندی دەخوێنن (بڕوانە ٦ لەخوارەوە).
- پارتی سەوز داوادەکات سیستەمێکی نیشتمانی بۆ خوێندن دابمەزرێت بۆ ئەوەی ماوە بە گەنجان بدات کە لە کۆلێژەکانی زمانی ئیرلەندیی هاوینە دەوام بکەن.
- پارتی سەوز تێبینی دەکات کە زۆر لە کەسانی گەورە لە ئیرلەندا ئارەزوو دەکەن زمانی ئیرلەندی خۆیان نوێ بکەنەوە. بۆیە پارتی سەوز لەسەر بنەمای شێوازی مۆری وەرگێڕ، (بڕوانە ١ی سەرەوە) داوا لە دەستگای ستاندەردی زمانی گێل دەکات بە هاوکاریی بەشداربووانی وەک (سەنتەری زمان لە نوی مەینووس)، سیستەمێکی نیشتمانیی پەروەردەی گەوران بۆ زمانی ئیرلەندی بێنێتە کایەوە بۆ دابینکردن و کردنەوەی چەند کۆرسێکی زمانی ئیرلەندیی ئاست بەرز بۆ گەوران لە سەرانسەری وڵاتدا.
- پارتی سەوز داوا لە فەرمانگەی دارایی دەکات کە هاندەرەکانی باج دەربکات بۆ ئەو گەورانەی کە لە سیستەمی پەروەردەی گەوران دەخوێنن یان ئارەزوو دەکەن کە چەند کاتێک ڕابوێرن لە گێلتاخت بۆ ئەم مەبەستە.

## ٤- هۆیەکانی ڕاگەیاندن

**أ) تەلەفزیۆن**

- پارتی سەوز پشتگیری لە زێدەکردنی پشتەوانەی دارایی دەکات بۆ تەلەفزیۆنی TG٤ و داوا لە حکومەت دەکات کە تەلەفزیۆنەکە بە لیستی بەراوردکاری ببەستێتەوە.
- پارتی سەوز داوا لە تەلەفزیۆنی TG٤ دەکات زۆر لەو پرۆگرامانە پەخش بکات کە بۆ خوێنەرانی زمانی ئیرلەندی ئاراستە دەکرێن.
- پارتی سەوز دەزانیت کە تەلەفزیۆنی TG٤ بودجەکەی کەمەو ماوەی نادات کە خزمەتگوزاریی تەواوی زمانی ئیرلەندی پێشکێش بکات، بۆیە ناچارە پرۆگرامی ئینگلیزیش پێشکێش بکات. لەگەڵ ئەمەش پارتی سەوز داوا لە TG٤ دەکات دەرامەتی تر بەکاربێنێت بۆ ئەوەی، بەپێی توانا، وەرگێڕانی دامەنی شاشە پێشکێش بکات وەک ڕێگەچارەی بژاردە بۆ زۆر لە پرۆگرامەکان، هەر وەک تەلەفزیۆنی S4C لە وێڵز پیادەی دەکات.
- پارتی سەوز داوا لە تەلەفزیۆنی BBC ی ئیرلەندای باکوور دەکات پرۆگرامەکانی بە زمانی ئیرلەندی زیاد بکات.

**ب) خزمەتگوزاریی تر:**

- پارتی سەوز تێبینی دەکات کە ڕادیۆی RTE گێلتاخت بەکەڵکە بۆ کۆمەڵگای زمانی ئیرلەندی لە ئیرلەنداو دەرەوەیدا، بۆیە داوا لە حکومەت دەکات دارایی لە لیستی بەراوردکاری زیاد بکات.
- پارتی سەوز پشتگیری لە سیاسەتێکی پەخشکاری وا دەکات کە هەر پەخشکارێکی کەرتی گشتی و تایبەت لە کۆماردا بڕێکی بەرچاو لە زمانی ئیرلەندی پەخش بکات و BBCی ئیرلەندای باکوور پرۆگرامەکانی بە زمانی ئیرلەندی زیاد بکات. پارتی سەوز داوا دەکات یەکەی زمانی ئیرلەندی لە نێو کۆمیساری پەخشی ئیرلەندا دابمەزرێتەوە بۆ بەدواداچوونەوە بە بڕ و شێوازو پێوەری پرۆگرامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە زمانی ئیرلەندی.

## ٥- زمانی ئیرلەندی لە کۆمەڵگادا: گێلتاخت

- لە کۆی (٩١٨٦٢) دا، ٦٤٢٦٥ هاووڵاتی، یان بڵێین ٧٠٪ ئیرلەندی زمانن. تەنها ٢٢٥٥٠، یان ٢٤,٥٪ ڕۆژانە لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردە، بە ئیرلەندی

دەئاخڤن. لەگەڵ ئەمەش هێشتا زمانی ئیرلەندی زمانی کۆمەڵگایە لە زۆر جێگاو ئەمانەش ناوچە چڕەکانی زمانی ئیرلەندییە: (باکووری ڕۆژئاوای دۆنیگال.......هتد....). وا مەزەندە دەکرێت کە نزیکەی ٢٠,٠٠٠ هاووڵاتی لەو ناوچانە بژین کە ئیرلەندی ـ زمان کۆمەڵگا پێک دەهێنن لە نزیکەی گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی لە نێو وڵاتدا. لە نێوان ٥٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ ئیرلەندی ـ زمان هەیە لەو ناوچانەی کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیان زمانی ئیرلەندی بەکاردەهێنن لە ژمارەیەکی کەم لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا.

- ئاوابوونی زمانی ئیرلەندی وەک زمانی کۆمەڵگا کە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەک دەرباز بووە، چاوی تێبڕیوین بە شێوازی هەڕەشەی گۆڕانی کەش و هەوای نالەبار کە لە دەرکردەکانی CO2 دێتەکایەوە و هەڕەشە لەو ژینگەیە دەکات کە تێیدا دەژین. دەبێ پلانێکی کاری فریاگوزاری دابندرێت لە ناوچە گێل ـ نشینەکان و پیادە بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی پتر داڕمانی زمانی ئیرلەندی لەو ناوچە گێل ـ نشینانەی هێشتا پێی دەئاخڤن. پارتی سەوز دووبارەی دەکاتەوە کە ئەمە گفتوگۆی سەوزە و نابێ پارێزگاری لە زمان و کولتووری ئیرلەندی جیا بکرێتەوە لە پارێزگاری لە ژینگە.
- پارتی سەوز دەستخۆشی لە گەلێک لەو ڕاسپاردانە دەکات کە لێتۆژینەوەی باڵا (.........) پێشکێشی کردوون و داوا دەکەن ڕاسپاردەکان بێنە واری کردەنییەوە. پارتی سەوز داوا لە حکومەت دەکات گرنگییەکی تایبەت بە ڕاسپاردەکانی تایبەت بە سەنتەرەکانی پشتگیریی خێزان و خزمەتگوزارییەکانی گەنجان بدات، لەژێر ڕۆشنایی گرنگی جەماوەری گەنجان بۆ بەرگریکردن لە زمان.
- پارتی سەوز پشتگیری لە داوای دامەزراندنی دەستەی پەروەردەی گێلتاخت دەکات. (گێلتاخت ئەو ناوچانەیە کە تا ئێستا جێنشینی ئیرلەندییەکانە. وەرگێڕ.) کە بەرپرسیاربێ لە گشت قۆناخەکانی پەروەردە، لە قۆناخی پێش سەرەتاییەوە تا پاش سەرەتایی. دەستەکە هەمان فەرمان و دەسەڵاتی یاسایی پێبدرێت کە بە لیژنەی پەروەردەی پیشەیی دراوە لەبارەی بەکرێگرتنی مامۆستایان و ڕاهێنانی فەرمانبەران و کردنەوەی قوتابخانەو بەڕێوەبردنیان. ڕادەسپێرن لە هۆبەی پەروەردە بەرپرسیارێتی لە گێلتاخت و گشت پەروەردەی زمانی ئیرلەندی بدرێت بە وەزیری دەوڵەت لە بەشی

پەروەردە.

- دەبێ قوتابخانەکانی گێڵتاخت ئەوە دابین بکەن، قوتابییەکانی گێڵتاخت تێگەیشتنێکی قووڵتریان پێبدرێت سەبارەت بە قسەپێکردن و شێوەزاری زمانەکەیان، سەرباری فێرکردنی گونجاوی زمانی ستاندەرد (فەرمانگەی تێگەیشتنی ستاندەرد). دەستەی پەروەردەی گێڵتاخت لەم بارەیەوە ڕۆڵی خۆی ببینێ.
- پارتی سەوز داوا دەکات حکومەت هەنگاوبنێت بۆ دامەزراندنی سەنتەری نیشتمانی بۆ پەروەردەی گێڵتاخت لە (Baile Bhuirne) لە (Cork Gailtacht) هەروەکو چەند ساڵ لەمەو پێش بەڵێندرابوو (بڕوانە ٣ لەسەرەوە).
- پارتی سەوز ڕادەسپێرێت کە بەشێکی تایبەت لە دەسەڵاتی دەڤەری گێڵتاخت (Udaras na Gaeltacht) بکرێتەوە کە ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروباری نیشتەجێکردنی قوتابیان بێت لە گێڵتاخت بۆ ئەوەی زمانی ئیرلەندی بپارێزرێت.
- پارتی سەوز داوای هەرچی زووە پێشکێشکردنی هەموارکردنی یاساگەری دەکات بۆ ئەوەی ئەرکەکانی دەسەڵاتی دەڤەری گێڵتاخت لە پیشەسازییەوە فراوان بکرێت بۆ پرسەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و زمانەوانی. ئەم داوایەمان هاوتەریبە لەگەڵ ئارەزووەکانی چەند ساڵەی کۆمەڵگای گێڵتاخت.
- پارتی سەوز داوا دەکات کۆلێژێک لە گێڵتاخت بکرێتەوە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ پاراوکردنی کەسانی ئیرلەندی زمان، ئەو قوتابخانانەش لە بواری زمانی ئیرلەندی وانە بڵێنەوەو بەشێوەی سەرەکیش مامۆستایانی سەرەتایی ڕابهێنن لە قوتابخانەکانی گێڵتاخت و Gascoileanna.
- پارتی سەوز داوا دەکات دارایی دابین بکرێت بۆ هاندانی پێشخستنی گەنجان لەڕێگەی زمانی ئیرلەندی لە دەڤەرەکانی گێڵتاخت و لە کۆلێژەکانی ئاستی پلە سێ لە سەرانسەری وڵاتدا.

**٦- زمانی ئیرلەندی لە کۆمەڵگا: لە دەرەوەی گێڵتاخت**

- پارتی سەوز تێبینی دەکات کە کاری پێشەنگیی سەنتەری خۆبەختی زمانی ئیرلەندی ڕۆڵی خۆی هەیە لە پێشخستنی زمانی ئیرلەندی لە دەرەوەی گێڵتاخت.

- بۆ مسۆگەرکردنی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت زانیارییان لەبارەی زمانی ئیرلەندی زیاد بکات، یان خزمەتگوزارییەکانیان چاکتر بە زمانی ئیرلەندی پێشکێش بکرێت، پارتی سەوز ڕادەسپێرێت کە لە هەموو شارێکی ئیرلەندا تۆڕێکی زانیاری دابمەزرێت لە سەنتەرەکانی زمان کە ژمارەکانی ڕاستەقینەی ئەو کەسانە لەخۆ بگرێت کە بەزمانی ئیرلەندی دەئاخڤن (بەپێی سەرژمێرییەک ـ بۆ هەردوو کۆماری ئیرلەنداو ئیرلەندای باکوور). لەو سەنتەرە برێکی زۆر لە خزمەتگوزارییە زمانەوانییەکان پێشکێش بکرێن وەک: منداڵ بەخێوکردن (دایەنگە)، وەرگێڕان، ئامۆژگاری بەکارهێنانی زمانی ئیرلەندی لە ئیشوکارەکان، پۆلەکانی خوێندنی زمانی ئیرلەندی، یانەکانی ئەرکی ماڵەوە، ئامۆژگارییەکانی چۆنیەتی پێگەیاندنی منداڵان بەزمانی ئیرلەندی.و.....هتد. ئێستا ئەم جۆرە سەنتەرە لە وێڵزدا هەیە.
- پارتی سەوز پێشوازی لە هەوڵ و تەقەلاکانی ڕێکخراوی خۆبەخشی بێڵ (Baile) دەکات لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیرلەندی زمان لە لێنستەر (Leinster).

### ٧- زمانی ئیرلەندی و کۆچبەران

- پارتی سەوز بڕوای وایە کە دەبێ زمانی ئیرلەندی بۆ گشت کەسێک والا بێت، بێ لەبەرچاوگرتنی پێشینەی توخم، نەتەوە، یان وڵاتنامەیان. پارتی سەوز دەیەوێت کە زمانی ئیرلەندی بەکار نەیەت وەک ئامرازی توخم پەرستی دژی کۆچبەران، بۆیە داوا دەکات زمانی ئیرلەندی پێشخستنێکی ئەرێنی بەخۆوە ببینێ لەنێو کۆمەڵگاکەیاندا.
- پارتی سەوز داوا لە ڕێکخراوەکانی زمانی ئیرلەندی دەکات کە فەرمانبەرێکی بەرپرسیار دەستنیشان بکەن بۆ پێشخستنی زمانی ئیرلەندی لەنێو کۆمەڵگاکانی کۆچبەران.
- پارتی سەوز داوا لە حکومەت دەکات کە پۆلەکانی زمانی ئیرلەندی بەخۆڕایی بکرێنەوە بۆ هەموو ئەو کۆچبەرانەی ئارەزوومەند، هەر وەک وانەکانی زمانی ئینگلیزی کە ئێستا پێشکێش دەکرێن.
- پارتی سەوز پشتگیری لە دەرکردنی نامیلکەکانی هەمەزمان دەکات بە

زمانی ئیرلەندی و بە زمانەکانی کۆچبەران بۆ ئەوەی کۆچبەران ڕستە سەرەکییەکانی ئاخاوتن بە زمانی ئیرلەندی فێرببن.

- پارتی سەوز داوا لە وەزارەتی داد دەکات کە هەر کەسێک داوای وڵاتنامەی ئیرلەندی بکات بتوانێت تاقیکردنەوەی توانایی بە یەک لە زمانەکانی ئیرلەندی یان ئینگلیزی پێشکێش بکات و ئاسانکاریی تەواو پێشکێش بەو کەسانە بکرێت کە هەر زمانێک لەو دوو زمانە هەڵدەبژێرن لە تاقیکردنەوەکە.

## ٨- زمانی ئیرلەندی و تەکنەلۆجیای زانیاری


- پارتی سەوز ڕۆڵی فێربوونی تەکنەلۆجیای زانیاری بە زمانی ئیرلەندی لەنێو نەوەی ئێستا بەگرنگ دەزانێت.
- پارتی سەوز دەزانێ کە ئەنتەرنێت، وەک تەلەفزیۆن، ناوەندێکی گرنگە بۆ فێربوونی زمان و زۆر ئامرازێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی دواڕۆژی زمانی ئیرلەندی.
- پارتی سەوز پشتگیری لە کارەکانی دامەزراوەی زمان Foras na Gaeilge دەکات لە پێشخستنی تەکنەلۆجیای زمانی ئیرلەندی.

## ٩- زمانی ئیرلەندی لە یەکێتی ئەوروپا

پارتی سەوز پشتگیری لە پێگەی بەهێزی زمانی ئیرلەندی دەکات وەک زمانێکی فەرمی لە یەکێتی ئەوروپا کار دەکات بۆ ئەوەی پێگەکە بەتەواوی پیادە بکرێت. پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکی پەروەردەیی یان ڕاهێنکاری دەکات بەئامانجی پترکردن و پێشکێشکردنی ڕاهێنراوانی وەرگێڕ و شیکەرەوە. پارتی پێشوازیی ئەو ڕاستییە دەکات کە پێگەی فەرمی هەلی دارایی ڕەخساندووە بۆ پرۆژەکانی پەروەردەیی و کولتووری بە زمانی ئیرلەندی لەسەر ئاستی ئەوروپی و هەلی کاری بەهێز کردووە بۆ ئەو هاووڵاتییە ئیرلەندییانەی بەدوای کارەوەن لە دامەزراوە ئەوروپییەکاندا.

**وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە**
**پارێزەر عەبدولکەریم هەمەوەند**
**١٥-١٠-٢٠١٠**

**پاشکۆی ژمارە (٢)**



بەرەی کوردستانی عێراق

دەزگای ڕاگەیاندن

بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی

بەرەی کوردستانی عێراق

لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی

سیاسی لە حوزەیرانی ١٩٨٨ دا

بڕیار دراون

گەرچی ئەم بەرهەمە چاپکراوە بەزمانی کوردی نووسراوە بەڵام ناوی هیچ زمانێکی تیا نەهێنراوە

## پاشکۆی ژمارە (٣)

KURDISTAN PARLIEMENT
LAW PROJECT COMMITTEE

لیژنەی پرۆژەی یاسای پەرلەمانی
کوردستانی عێراق

A

ژمارە /

بەروار /

سەرۆکایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بەڕێز

بەڕێزان هەموو :

جێی شانازی و سەربەرزییە کە بەرەی کوردستانی ئێمەی هەڵبژارد بوو بۆ دانانی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە یەکەم یاسا ئەبێ کورد بۆ گەلی کوردستانی دائەنێ.

لەسەر داواکاری بەڕێزتان لیژنەکەمان دەست بەکار بوو لە ماوەی رابردوودا بۆ هێنانەدی داواکەتان لە رۆژانی ٢٣ و ٢٤/١٢/١٩٩١دا وە لە رۆژانی ٢ و ٣ و ٤ و ١٦ و ١٧ و ١٨ و ٢٠ و ٢٧ و ٢٨/١/١٩٩٢دا لە ئۆتێلی یاسای زانکۆی صلاح الدین بەکاری خۆی هەڵسا و توانی ئەم پرۆژەیەدا بنڕێژی کەلێنەکانی ئەم یاداشتە دایە.

بەڕێزان :

هەوڵمان داوە پرۆژەکە بگونجێ لەگەڵ مبادیء گشتی یاساو بە شێوەیەکی دیموکراتیانە پرۆژە خوازراوە بێ. دوای ئەوەی سوودمان لە چەندین سەرچاوە وەرگرت هەروەها تەقەلامان دا ئەم پرۆژەیە بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا. واتە ئەتوانرێ لە ئایندەدا لەلایەن خودی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە گۆڕان کاری تێدا بکرێ بەپێی پێویست.

بەڕێزان :

شاراوە نییە کە شێوەی هەڵبژاردن، واتە زوور بەجێی لەلایەن بەڕێزتانەوە پەسند کراوە هەروەها ژمارەی (٣٠) هەزار کەس نوێنەرێکیان هەبێ بڕیاری بەرەی کوردستانی یە. ئاشکرایە ناوچەیەکی فراوان لە کوردستان داگیرکراوە لەم کاتەدا لە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیدا نییە بۆیە پێویستمان زانی لە پرۆژەکەدا ئەم لایەنە رەچاو بکرێ بۆیە مادەی (١٢) بۆ ئەم مەبەستەدا دیاری کراوە. هەرکاتێ ناوچە داگیرکراوەکان وە پاڵ ناوچەکانی ئازاد کراو ئەتوانرێ هەڵبژاردنێکی تایبەتیان بۆ ئەنجام بدرێ نوێنەرەکانیان بچنە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراقەوە.

هەروەها بۆ ئەوەی هەموو کەمایەتییەکان بەشداری هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات بن و نوێنەری خۆیان هەبێ لە ئەنجومەنەکەدا مادەی (١٣) دا رێکخرا.

بەڕێزان : ئێمەمان وایە ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێ :-

١) وامان بە پەسند زانی یاساکە لە سەرەتاوە بە زمانی عەرەبی دابڕێژرێت. دوای ئەوەی کە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی یەوە پەسند ئەکرێ و بڕیاری لەسەر ئەدرێ

KURDISTAN PARLIEMENT
LAW PROJECT COMMITTEE

لیژنەی پرۆژەی یاسای پەرلەمانی
کوردستانی عیراق

B

ژمارە /

بەروار /

وەرگێڕانە سەر زمانی کوردی لە لایەن پسپۆرانی یاساو زمانەوە هەروەها وەرگێڕانی یاساکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی وئەڵمانی کارێکی پیرۆزە .

٢) ئێمەوای بە باش ئەزانین کە ( الاسباب الموجبە والمذكرة الايضاحيە ) ش لە تەک یاساکە ابلاو بکرێتەوە تا زۆربەی هاونیشتمانیان بە تەواوی لە یاساکە و هۆی دارشتنی مادەکانی بەو شێوەیەی لەیاساکەدا هاتووە تێبگەن .

٣) هەروەها لامان وایە ئەگەر پەلەشکرێ لە تەواو کردنی سەرژمێریکی رێک وپێک ئەنجام دانی هەڵبژاردن ئەکرێ دوا ئەکەوێ وناتەواو ئەبێ . هەر بەم بۆنەیەوە پێش نیازمان ئەوەیە سەرژمێرییەک بۆ ئەو ناوچانە بکرێ هەرکاتێ هەڵسوراوەکە تا ئێستا رزگار نەکراون .

٤) پێک هێنانی دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردن نە کە کارێکی گرنگە ئەبێ پەلەی لێ بکرێ هەروەها پەلە بکری لە رێکخستنی ئەو کارتانەی پێویستن بەپێی یاساکەو بنکەی هەڵبژاردنەکانیش دیاری بکرێن .

٥) هەروەها ئێستاوە پێویستە بیر لە ئامادە کردنی ئۆتۆمبێل و کەرەستە دارایی بکرێ و هێزێکی تایبەتی ئامادە بکرێ بۆ پاراستنی ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردنەکەدا .

٦) یارمەتی دائیرەی نفوس واحصاء بدرێ بۆ هەڵسوراندنی ئەو کارانەی یاساکە خستویەتی یە ئەستۆیان .

٧) ئامادە کردنی کادری تایبەتی بۆ سەرژمێر زۆر پێویستە لەم رووەوە ئەتوانرێ سوود لەو کەسانەوەبگیرێ کە کاتی خۆی لەم بوارەدا کاریان کردوە ( مامۆستایان و موچەخۆرانی نفوس واحصاء . هتد ) .

٨) ئەتوانرێ چەند جێگایەک لە استمارەی سەرژمێرەکەدا بنرێ بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێ بۆ مەبەستی زانینی ئەو کەسانەی لە انفالدا فەوتاون یان شەهید بوون ... هتد .

لە کۆتایی دا هیوامان وایە پرۆژە کە جێی رەزامەندی ئێوەی بەرێز بێ و هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووی دیموکراتیانە ئەنجام بدرێ گەلەکەمان بخاتە قۆناغێکی نوێ وە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی

ئیتر هەر سەرکەوتوبن لەگەڵ رێزو سڵاوماندا ...

شێخ الدین مفتی — امیر حەویزی — ناظم حەویزی — معروف رووف — رشید عبد القادر

محمود بابان — حسن عبد الكريم برزنجي — د . خورشید شوکت رەواندوزی — ساڵح عسکری

د . تەیمور یوهانی ئەوسکی — فرست احمد — د . سعدی برزنجي — بەختیار حەیدەر

نوێنەری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی
قادر جباری

نوێنەری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی
فرنسو حریری

## پاشکۆی ژماره (٤)

رۆژنــــامـــەی وەقـــــایعی کـــوردســـــتان | جـــــریـــــدە وقــــائع کوردســـــتان

**پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**ژماره : ١٦٢٨ لـه ٢٠١٠/٩/٢٣**

### بـەیـاننامـە

پـشت بـەحوکمی مـاددەی هەشـتەم لـە ( یاسـای بلاوکردنـەوە لـە رۆژنامـەی فـەرمی وەقـایعی کوردسـتان ) ژمـارە (٤)ی سـالی ١٩٩٩ و لەبـەر ئـەوەی هەڵەیـەك لـە وەرگێرانـی مـاددە (٤٤) نوسـخە کوردییەکـەی ( یاسـای وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاو توێژینـەوەی زانسـتی ) ژمـارە ( [illegible] )ی سـالی ٢٠٠٨ دا روویـداوە . کە لە ژمارە (٩٠)ی لە (٢٠٠٨/٨/١١) رۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا بلاوکراوەتـەوە ، چـونکە دەقـە راستەکەی ماددەی ناوبراو لە نوسخەی عەرەبییەکەدا بەم جۆرەیە :-

( أولاً : يحتفظ أعضاء الهيئة التدريسية بمراتبهم العلمية و سائر الحقوق في هذا القانون و القوانين الأخرى و الانظمة و التعليمات الصادرة بموجبها في حالة تنسيبهم أو تفرغهم في وظائف خارج الجامعات و الهيئات و تعيينهم أو نقلهم الى وظائف في مركز الوزارة أو مراكز الجامعات و الهيئات ، وتعتبر مدة قيامهم بهذه الوظائف خدمة جامعية فعلية لأغراض الترقية والعلاوة و الترفيع والتقاعد ) .

کەچی رستەی ( في مركز الوزارة ) کـە لـەدێری چـوارەمی ماددەکـەدا هـاتووە بـە هەڵـە وەرگێرانەکـەی کـراوە بـە (دەرەوەی سەنتەری وەزارەت) و راستەکەشی ( لە سەنتەری وەزارەت )ـــە ، لەبەر ئەوەش کە نوسخە عەرەبییەکە بە ئەسـڵ دادەنرێ ، بـەو پێیـەی کـە دەقێکی ئەسـلییەو لەلایـەن پەرلەمانـەوە دەنگی لەسـەر دراوە و نوسـخەی کوردییەکە وەرگێرانی دەقە ئەسلییەکەیە دەبێ وەك ئەو بێ .

وە بۆ ئەوەی ئەمە رەچاو بکرێ و بەپێی ئەو دەقەی لە نوسخەی عەرەبییەکەدا هاتووە پشت بە ماددە (٤٤)ی یاسای ناوبراو ببەسترێ ، بە پێویستمان زانی ئاماژەی پێ بدەین و ئەم بەیاننامەیە دەربکەین .

1992 KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

**فرست أحمد عبدالله**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

# پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق

## ٢٠٠٥

### وەرگێران بۆ زمانی کوردی

١- پارێزەر طارق جامباز

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ـ لیژنەی یاسایی.

٢- پارێزەر کریم بحری برادۆست

ـ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ـ لیژنەی یاسایی.

٣- پارێزەر قادر سعید (زانا ڕۆستایی)

ـ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ـ لیژنەی یاسایی.

٤- مامۆستا کرخی نجم الدین ئالتی بەرماخ

ـ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ـ لیژنەی ماف مرۆڤ.

### پێداچوونەوەی

١- دکتۆر حسین محمد طه بالیسانی

ـ بریادەری لیژنەی دارشتنی دەستوور لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق.

٢- پێداچوونەوەی زمانەوانی

- مامۆستا مەجید ئاسنگەر- ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان.

## پاشکۆی ژماره (٦)

پوختەی ئاماری بە ژمارەی قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی و خوێندنی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | باخچەی ساوایان | | بنەرەتی | | دواناوەندی | | ئامادەیی | | پیشەیی | | پەیمانگە | | خوێندنی خێرا | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خ. کوردی | خ. عەرەبی | خ. کوردی | خ. عەرەبی | خ. کوردی | خ. عەرەبی | خ. کوردی | خ. عەرەبی | خ. کوردی | خ. عەرەبی | خ. کوردی | خ. عەرەبی | خ. کوردی | خ. عەرەبی | خ. کوردی | خ. عەرەبی |
| هەولێر | 145 | 0 | 1589 | 6 | 145 | 0 | 152 | 8 | 10 | 0 | 8 | 0 | 32 | 0 | 2081 | 14 |
| سلیمانی | 150 | 0 | 1414 | 2 | 44 | 0 | 181 | 1 | 11 | 0 | 8 | 0 | 15 | 0 | 1823 | 3 |
| دهۆک | 27 | 0 | 1288 | 15 | 18 | 2 | 140 | 8 | 5 | 0 | 6 | 0 | 21 | 0 | 1505 | 25 |
| گەرمیان | 12 | 0 | 254 | 1 | 16 | 0 | 24 | 0 | 1 | 0 | 4 | 0 | 20 | 0 | 331 | 1 |
| کۆی گشتی | 334 | 0 | 4545 | 24 | 223 | 2 | 497 | 17 | 27 | 0 | 26 | 0 | 88 | 0 | 5740 | 43 |

## پاشکۆی ژمارە (٧)

# فەرهەنگۆکی یاساپارێزی

بۆ پشتگیری کوردانی یاسا بەتایبەتی دوای ئەوەی فەرمانی وەزاری ٣ / ٣٤٣ لەرێکەوتی ٢٢\٥\٢٠٠٠ لە وەزارەتی داد دەرچوو بە ئەرکی سەر شانمان زانی تاکو جێبەجێ بکرێت ئەم زاراوە یاسایی یانە پێشنیار دەکەین کە لە کارو باری کوردانی یاسا بەکار بهێنرێن تا وشەو دەستەواژەی ڕەسمیو دیاریکراو دەخرێتە بەر دەست .

٢٠٠/٥/٣١

| ژ | عەرەبی | کوردی | ژ | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | إصرار | سوور بوون_شێلگیری | ٢٠ | إدارة | بەڕێوەبردن |
| ٢. | إحضار | هێنان | ٢١ | إنكار العدالة | نکوڵیلەدادپەروەری |
| ٣. | إحضار جبري | پەلکێش | ٢٢ | إناطة | پێسپاردن |
| ٤. | أداء | بەجێ هێنان | ٢٣ | أناط | پێی سپارد |
| ٥. | استثناء | بەدەر | ٢٤ | إحقاق الحق | ماف پێدان |
| ٦. | اقتباس | لێوەرگرتن | ٢٥ | إعانة | یاریوو |
| ٧. | إقرار | دان پێدانان | ٢٦ | استمد | وەرگرتن |
| ٨. | إنذار | هۆشداری | ٢٧ | انكماش | پووکانەوە |
| ٩. | انفكاك | ترازان | ٢٨ | امتناع | مل نەدان |
| ١٠. | أهلية | تواناداری_لێهاتوویی | ٢٩ | اتباع | پەیڕەوکردن |
| ١١. | إحالة | ڕەوانەکردن | ٣٠ | استناد | پشت بەستن |
| ١٢. | إخلال | پابەندنەبوون | ٣١ | استيعاب | وەرگرتن-وەریگرت |
| ١٣. | التزام | پابەندبوون | ٣٢ | اضطراب | شڵەژان |
| ١٤. | إرساء | جێگیربوون | ٣٣ | إثارة | وورووژاندن |
| ١٥. | أمام المحكمة | لەپێش دادگا | ٣٤ | إعادة | گێڕاندنەوە |
| ١٦. | احتراز | چەپارەدان | ٣٥ | اختفاء | خۆشاردنەوە |
| ١٧. | اتفاقية | ڕێکەوتننامە | ٣٦ | إضبارة | پەروەندە |
| ١٨. | إعادة الدعوى | گێڕاندنەوەی داوا | ٣٧ | منتحر | خۆکوژ |
| ١٩. | بنظر الاعتبار | بەلەبەرچاوگرتن | ٣٨ | انتحار | خۆکوشتن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٩ | إشكال | گرفت | ٧٠ | أحكام | فرمانەکان |
| ٤٠ | حكم | فرمان | ٧١ | إرادة القتل | ویستی کوشتن |
| ٤١ | استمرار | بەردەوام | ٧٢ | الأحكام المتناقضة | فرمانە دژیەکەکان |
| ٤٢ | اختصاص | تایبەتمەندی | ٧٣ | إرادة | ویست |
| ٤٣ | استجواب – دواندن | لێپرسینەوە | ٧٤ | إبعاد | دوورخستنەوە |
| ٤٤ | استسلام | خۆبەدەستەوەدان | ٧٥ | اعتراض | نارەزایی |
| ٤٥ | إزعاج | جارسکردن | ٧٦ | اعتيادي | ئاسایی |
| ٤٦ | استئناف | تێهەڵچونەوە | ٧٧ | اعتراف | دانپێدانان |
| ٤٧ | المستأنف | تێهەڵچوو | ٧٨ | إبراء الذمة | گەردن ئازادی |
| ٤٨ | المستأنف عليه | تێهەڵچوولێکراو | ٧٩ | إبراز | دەرخستن |
| ٤٩ | استيلاء | دەست بەسەرداگرتن | ٨٠ | اتخاذ القرار | بڕیاردان |
| ٥٠ | إطاعة | گوێڕایەڵی | ٨١ | إتلاف | کەڵکبڕین |
| ٥١ | إلغاء | هەڵوەشاندنەوە | ٨٢ | إثبات | سەلماندن |
| ٥٢ | إبطال | پووچەڵکردنەوە | ٨٣ | أثر | شوێن |
| ٥٣ | اغتصاب | خراپ کردن -بڕدان | ٨٤ | عديم الأثر | بێ‌سەروشوێن |
| ٥٤ | غصب | زەوتکردن | ٨٥ | اجتهاد | خۆشرایی - کۆشش |
| ٥٥ | إعفاء | بەخشین | ٨٦ | الاجتهاد القضائي | خۆشرایی دادوەری |
| ٥٦ | الدعاوى المستعجلة | داوایەلـــــــەلێکراوەکان- داوابەلەزەکان | ٨٧ | أتعاب | ئەرکانە-ماندووبوونێتی |
| ٥٧ | ارتكاب | کردن | ٨٨ | إجماع | تێکرا |
| ٥٨ | عفو | لێبوردن | ٨٩ | احتراف | پیشەگەری |
| ٥٩ | انتظام | بەرێکی | ٩٠ | احتضار | گیاندان |
| ٦٠ | إلزام | ناچارکردن | ٩١ | احتفاظ | هێشتنەوە |
| ٦١ | ملزِم | ناچارکەر | ٩٢ | احتقار | سووکایەتی‌پێکردن |
| ٦٢ | ملزَم | ناچارکراو | ٩٣ | إقامة الدليل | بەڵگە سازی |
| ٦٣ | اعتداء | دەستدرێژی | ٩٤ | احتمال | ئەگەر |
| ٦٤ | أمر | فەرمان | ٩٥ | احتيال | فێڵ کردن |
| ٦٥ | إرجاع | گەڕاندنەوە | ٩٦ | استنتاج | ئەنجامگیری |
| ٦٦ | ادعاء | داواکردن | ٩٧ | إجازة | مۆڵەت |
| ٦٧ | ادعى | داوای‌کرد | ٩٨ | اصول | باوان |
| ٦٨ | إفراز | جیاکردنەوە | ٩٩ | فروع | نەوە |
| ٦٩ | انحراف | لادان | ١٠٠ | إثبات | سەلماندن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٩ | إشكال | گرفت | ٧٠ | أحكام | فرمانەكان |
| ٤٠ | حكم | فرمان | ٧١ | إرادة القتل | ويستى كوشتن |
| ٤١ | استمرار | بەردەوام | ٧٢ | الأحكام المتناقضة | فرمانە دژيەكەكان |
| ٤٢ | اختصاص | تايبەتمەندى | ٧٣ | إرادة | ويست |
| ٤٣ | استجواب - دواندن | لێپرسينەوە | ٧٤ | إبعاد | دوورخستنەوە |
| ٤٤ | استسلام | خۆبەدەستەوەدان | ٧٥ | اعتراض | نارەزايى |
| ٤٥ | إزعاج | جارِسكردن | ٧٦ | اعتيادي | ئاسايى |
| ٤٦ | استئناف | تێهەڵچونەوە | ٧٧ | اعتراف | دانپێدانان |
| ٤٧ | المستأنف | تێهەڵچوو | ٧٨ | إبراء الذمة | گەردن ئازادى |
| ٤٨ | المستأنف عليه | تێهەڵچوولێكراو | ٧٩ | إبراز | دەرخستن |
| ٤٩ | استيلاء | دەست بەسەرداگرتن | ٨٠ | اتخاذ القرار | بڕياردان |
| ٥٠ | إطاعة | گوێڕايەڵى | ٨١ | إتلاف | كەڵكبڕين |
| ٥١ | إلغاء | هەڵوەشاندنەوە | ٨٢ | إثبات | سەلماندن |
| ٥٢ | إبطال | پووچەڵكردنەوە | ٨٣ | اثر | شوێن |
| ٥٣ | اغتصاب | خراپ كردن -پڕدان | ٨٤ | عديم الأثر | بێسەروشوێن |
| ٥٤ | غصب | زەوتكردن | ٨٥ | اجتهاد | خۆشرايى - كۆشش |
| ٥٥ | إعفاء | بەخشين | ٨٦ | الاجتهاد القضائي | خۆشرايى دادوەرى |
| ٥٦ | الدعاوى المستعجلة | داواپەلـــــــەلێكراوەكان- داوابەلەزەكان | ٨٧ | أتعاب | ئەركانە-ماندووبوونێتى |
| ٥٧ | ارتكاب | كردن | ٨٨ | إجماع | تێكرِا |
| ٥٨ | عفو | لێبوردن | ٨٩ | احتراف | پيشەگەرى |
| ٥٩ | انتظام | بەرێكى | ٩٠ | احتضار | گياندان |
| ٦٠ | إلزام | ناچاركردن | ٩١ | احتفاظ | هێشتنەوە |
| ٦١ | ملزم | ناچاركەر | ٩٢ | احتقار | سووكايەتى پێكردن |
| ٦٢ | ملزم | ناچاركراو | ٩٣ | إقامة الدليل | بەڵگە سازى |
| ٦٣ | اعتداء | دەستدرێژى | ٩٤ | احتمال | ئەگەر |
| ٦٤ | أمر | فەرمان | ٩٥ | احتيال | فێڵ كردن |
| ٦٥ | إرجاع | گەڕاندنەوە | ٩٦ | استنتاج | ئەنجامگيرى |
| ٦٦ | ادعاء | داواكردن | ٩٧ | إجازة | مۆڵەت |
| ٦٧ | ادعى | داواى كرد | ٩٨ | اصول | باوان |
| ٦٨ | إفراز | جياكردنەوە | ٩٩ | فروع | نەوە |
| ٦٩ | انحراف | لادان | ١٠٠ | إثبات | سەلماندن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠١ | أحداث | نەوجەوانان | ١٣١ | إبراء | پاکانە |
| ١٠٢ | إيجار | بەکرێدان | ١٣٢ | إقامة الدعوى | داواسازی |
| ١٠٣ | ايجارمن الباطن | بەکرێدان لەژێرەوە | ١٣٣ | إعلان | جاڕدان - بانگەواز |
| ١٠٤ | استعجال | لەزکاری-پەلەکردن | ١٣٤ | أسباب موجبة | هۆیەپێویستەکان |
| ١٠٥ | اتهام | تۆمەتبارکردن | ١٣٥ | إستعارة | خواستن |
| ١٠٦ | استدلال | بەلگەدان | ١٣٦ | ادعاء العام | داواکاری گشتی |
| ١٠٧ | استيضاح | روونکردنەوە | ١٣٧ | أسبقية | پێشتری |
| ١٠٨ | استقدام | داواکردن | ١٣٨ | اجر المثل | کـــرێی هاوچەشـــن- کرێیهاوتا |
| ١٠٩ | اسلوب | شێواز | ١٣٩ | اجر المسمى | کرێیدیاریکراو |
| ١١٠ | استفزاز | دەمارگرتن | ١٤٠ | إفادة | گوفتار |
| ١١١ | استنباط | هەڵهێنجان | ١٤١ | إفادة المتهم | گوفتاری تۆمەتبار |
| ١١٢ | اكتساب القرار الدرجـــة القطعية | بڕیارەکـــە پلـــەی بنـــبڕبوونی وەرگرت | ١٤٢ | بموجب القانون | بەپێی یاسا - بەگوێرەی یاسا |
| ١١٣ | إكراه | زۆرلێکردن | ١٤٣ | إيداع | سپاردن |
| ١١٤ | إنكار | نکوڵیکردن | ١٤٤ | إيقاف | وەستاندن |
| ١١٥ | إطلاق السراح | بەرەڵاکردن | ١٤٥ | معاشرة | بەیەکەوە ژیان |
| ١١٦ | اختلاف | جیاوازی | ١٤٦ | تعويض | قەرەبووکردن |
| ١١٧ | بالضبط | کت و مت | ١٤٧ | تجاوز | تێپەڕاندن |
| ١١٨ | باعث | پاڵنەر | ١٤٨ | تصحيح القرار | راستکردنەوەی بڕیار |
| ١١٩ | باطل | پووچەڵ | ١٤٩ | تدوين | نووسینەوە |
| ١٢٠ | باكر | کچێتی | ١٥٠ | تقنين | بەیاساکردن |
| ١٢١ | بدل | بایی | ١٥١ | تعليق القرار | هەڵپەساردنی بڕیار |
| ١٢٢ | بينة | بەلگە | ١٥٢ | تأجيل | دواخستن |
| ١٢٣ | البينة الشخصية | بەلگەی کەسایەتی | ١٥٣ | استمهال | ماوەدان |
| ١٢٤ | البينة التحريرية | بەلگەی نووسراو | ١٥٤ | طبق الأصل | وەکو خۆی |
| ١٢٥ | عاجز عن الاثبات | پەککەوت لە سەلماندن | ١٥٥ | تأكيد | جەخت کردن |
| ١٢٦ | بصمة الإبهام | پەنجە چاپ | ١٥٦ | تأييد | لاگیری |
| ١٢٧ | براءة | بێتاوانی | ١٥٧ | طلب | خواستن |
| ١٢٨ | بلوغ | خۆناسین - رەسین | ١٥٨ | طعن | تانە |
| ١٢٩ | تقادم | بەسەرچوون | ١٥٩ | طارئ | ناکاو |
| ١٣٠ | تقادم مسقط | بەسرچوونی دوڕێنەر | ١٦٠ | تكيف | سازاندن - گونجاندن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠١ | أحداث | نەوجەوانان | ١٣١ | إبراء | پاكانە |
| ١٠٢ | إيجار | بەكرێدان | ١٣٢ | إقامة الدعوى | داواسازی |
| ١٠٣ | ايجارمن الباطن | بەكرێدان لەژێرەوە | ١٣٣ | إعلان | جاڕدان - بانگەواز |
| ١٠٤ | استعجال | لەزكاری-پەلەكردن | ١٣٤ | أسباب موجبة | هۆیەپێویستەكان |
| ١٠٥ | اتهام | تۆمەتباركردن | ١٣٥ | إستعارة | خواستن |
| ١٠٦ | استدلال | بەڵگەدان | ١٣٦ | ادعاء العام | داواكاری گشتی |
| ١٠٧ | استيضاح | ڕوونكردنەوە | ١٣٧ | أسبقية | پێشتری |
| ١٠٨ | استقدام | داواكردن | ١٣٨ | اجر المثل | كـــرێی هاوچەشـــن- كرێی هاوتا |
| ١٠٩ | اسلوب | شێواز | ١٣٩ | اجر المسمى | كرێی دیاریكراو |
| ١١٠ | استفزاز | دەمارگرتن | ١٤٠ | إفادة | گوفتار |
| ١١١ | استنباط | هەڵهێنجان | ١٤١ | إفادة المتهم | گوفتاری تۆمەتبار |
| ١١٢ | اكتساب القرار الدرجـــة القطعية | بڕیارەكـــە پلـــەی بنـــبڕبوونی وەرگرت | ١٤٢ | بموجب القانون | بەپێی یاسا - بەگوێرەی یاسا |
| ١١٣ | إكراه | زۆرلێكردن | ١٤٣ | إيداع | سپاردن |
| ١١٤ | إنكار | نكوڵی‌كردن | ١٤٤ | إيقاف | وەستاندن |
| ١١٥ | إطلاق السراح | بەرەڵڵاكردن | ١٤٥ | معاشرة | بەیەكەوە ژیان |
| ١١٦ | اختلاف | جیاوازی | ١٤٦ | تعويض | قەرەبووكردن |
| ١١٧ | بالضبط | كت و مت | ١٤٧ | تجاوز | تێپەڕاندن |
| ١١٨ | باعث | پاڵنەر | ١٤٨ | تصحيح القرار | ڕاستكردنەوەی بڕیار |
| ١١٩ | باطل | پووچەڵ | ١٤٩ | تدوين | نووسینەوە |
| ١٢٠ | باكر | كچێتی | ١٥٠ | تقنين | بەیاساكردن |
| ١٢١ | بدل | بایی | ١٥١ | تعليق القرار | هەڵپەساردنی بڕیار |
| ١٢٢ | بينة | بەڵگە | ١٥٢ | تأجيل | دواخستن |
| ١٢٣ | البينة الشخصية | بەڵگەی كەسایەتی | ١٥٣ | استمهال | ماوەدان |
| ١٢٤ | البينة التحريرية | بەڵگەی نووسراو | ١٥٤ | طبق الأصل | وەكو خۆی |
| ١٢٥ | عاجز عن الاثبات | پەككەوت لە سەلماندن | ١٥٥ | تأكيد | جەخت كردن |
| ١٢٦ | بصمة الإبهام | پەنجە چاپ | ١٥٦ | تأييد | لاگیری |
| ١٢٧ | براءة | بێتاوانی | ١٥٧ | طلب | خواستن |
| ١٢٨ | بلوغ | خۆناسین - ڕەسین | ١٥٨ | طعن | تانە |
| ١٢٩ | تقادم | بەسەرچوون | ١٥٩ | طارئ | ناكاو |
| ١٣٠ | تقادم مسقط | بەسرچوونی نوێنەر | ١٦٠ | تكيف | سازاندن - گونجاندن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦١ | تقادم مكسب | بەسەرچوونی وەدەستهێنەر | ١٩١ | تفريق | جیابوونەوە |
| ١٦٢ | تحقيق | لێکۆڵینەوە | ١٩٢ | تعديل | هەموارکردن |
| ١٦٣ | تحقيق أولى | لێکۆڵینەوەی سەرەتایی | ١٩٣ | دعوى الاعتراضية | داوای نارەزایی |
| ١٦٤ | تحقيق نهائي | لێکۆڵینەوەی کۆتایی | ١٩٤ | السارق | د ز |
| ١٦٥ | تهديد | هەرەشە | ١٩٥ | الراشي | بەرتیل دەر |
| ١٦٦ | شكوى | سکالا | ١٩٦ | المرتشي | بەرتیل خۆر |
| ١٦٧ | المشتكي | سکالا کار ـ داد خواز | ١٩٧ | المسروق | دزراو |
| ١٦٨ | المشكو منه | سکالاٌ لێکراو | ١٩٨ | سجن | زیندان |
| ١٦٩ | الحاكم | دادوەر | ١٩٩ | حبس | بەند کردن |
| ١٧٠ | اتهام | تاوانبار کردن | ٢٠٠ | محضر | کۆنووس |
| ١٧١ | اشتباه | گومانلێکردن | ٢٠١ | اصلاحية | چاکسازی |
| ١٧٢ | متهم | تاوانبار - تۆمەتبار | ٢٠٢ | مخدرات | هۆشبەرەکان |
| ١٧٣ | مشتبه فيه | گومانلێکراو | ٢٠٣ | بغاء | لەش فرۆشی |
| ١٧٤ | جريمة | تاوان | ٢٠٤ | الشك | گومان |
| ١٧٥ | تجريم | بەتاوانکردن | ٢٠٥ | الشك يفسر لمصلحة المتهم | گومان لەبەرژەوەندی گومانلێکراو شیدەکرێتەوە |
| ١٧٦ | اوراق تحقيقية | پەروەندەکانی لێکۆڵینەوە | ٢٠٦ | دليل | بەلگە |
| ١٧٧ | موقوف | گیراو | ٢٠٧ | ادلة | بەلگەکان |
| ١٧٨ | موقوفية - موقف | گرتوخانە | ٢٠٨ | رفض الشكوى | رەتکردنەوەی سکالاٌ |
| ١٧٩ | افراج | بەرەڵلاکردن | ٢٠٩ | غلق التحقيق | داخستنی لێکۆڵینەوە |
| ٨٠ | افراج شرطي | بەرەڵلاکردنی مەرجدار | ٢١٠ | عدم المحكومية | بێ تاوانی |
| ١٨١ | الكفالة | زامنی | ٢١١ | جثة | لاشە |
| ١٨٢ | كفالة شخصية | زامنی کەسێتی | ٢١٢ | مخطط | هێڵکاری |
| ١٨٣ | كفالة ضامنة | زامنی دابین | ٢١٢ | محل الحادث | شوێنی روداو |
| ١٨٤ | محكومية | تاوانی | ٢١٣ | تنازل | خۆشبوون |
| ١٨٥ | توقيف | گرتن | ٢١٤ | قتل | کوشتن |
| ١٨٦ | حجز | گلدانەوە | ٢١٥ | قاتل | بکوژ |
| ١٨٧ | تقرير طبي | راپۆرتی پزیشك | ٢١٦ | مقتول | کوژراو |
| ١٨٨ | الطب العدلي | پزیشکی دادوەری | ٢١٧ | الرشوة | بەرتیل |
| ١٨٩ | السرقة | دزی | ٢١٨ | ثار | تۆلەسەندن |
| ١٩٠ | التحري | پشکنین | ٢١٩ | عقاب | سزا |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦١ | تقادم مكسب | بەسەرچوونی وەدەستهێنەر | ١٩١ | تفريق | جيابوونەوە |
| ١٦٢ | تحقيق | لێکۆڵینەوە | ١٩٢ | تعديل | هەموارکردن |
| ١٦٣ | تحقيق أولى | لێکۆڵینەوەی سەرەتایی | ١٩٣ | دعوى الاعتراضية | داوای نارەزایی |
| ١٦٤ | تحقيق نهائي | لێکۆڵینەوەی کۆتایی | ١٩٤ | السارق | د ز |
| ١٦٥ | تهديد | هەڕەشە | ١٩٥ | الراشي | بەرتیل دەر |
| ١٦٦ | شكوى | سکالا | ١٩٦ | المرتشي | بەرتیل خۆر |
| ١٦٧ | المشتكي | سکالا کار ـ داد خواز | ١٩٧ | المسروق | دزراو |
| ١٦٨ | المشكو منه | سکالاّ لێکراو | ١٩٨ | سجن | زیندان |
| ١٦٩ | الحاكم | دادوەر | ١٩٩ | حبس | بەند کردن |
| ١٧٠ | اتهام | تاوانبار کردن | ٢٠٠ | محضر | کۆنووس |
| ١٧١ | اشتباه | گومانلێکردن | ٢٠١ | اصلاحية | چاکسازی |
| ١٧٢ | متهم | تاوانبار - تۆمەتبار | ٢٠٢ | مخدرات | هۆشبەرەکان |
| ١٧٣ | مشتبه فيه | گومانلێکراو | ٢٠٣ | بغاء | لەش فرۆشی |
| ١٧٤ | جريمة | تاوان | ٢٠٤ | الشك | گومان |
| ١٧٥ | تجريم | بەتاوانکردن | ٢٠٥ | الشك يفسر لمصلحة المتهم | گومان لەبەرژەوەندی گومانلێکراو شیدەکرێتەوە |
| ١٧٦ | اوراق تحقيقية | پەروەندەکاني لێکۆڵینەوە | ٢٠٦ | دليل | بەڵگە |
| ١٧٧ | موقوف | گیراو | ٢٠٧ | ادلة | بەڵگەکان |
| ١٧٨ | موقوفية - موقف | گرتوخانە | ٢٠٨ | رفض الشكوى | رەتکردنەوەی سکالاّ |
| ١٧٩ | افراج | بەرە ڵاّکردن | ٢٠٩ | غلق التحقيق | داخستنی لێکۆڵینەوە |
| ٨٠ | افراج شرطي | بەرە ڵاّکردنی مەرجدار | ٢١٠ | عدم المحكومية | بێ تاوانی |
| ١٨١ | الكفالة | زامنی | ٢١١ | جثة | لاشە |
| ١٨٢ | كفالة شخصية | زامنی کەسێتی | ٢١٢ | مخطط | هێڵکاری |
| ١٨٣ | كفالة ضامنة | زامنی داین | ٢١٢ | محل الحادث | شوێنی رووداو |
| ١٨٤ | محكومية | تاوانی | ٢١٣ | تنازل | خۆشبوون |
| ١٨٥ | توقيف | گرتن | ٢١٤ | قتل | کوشتن |
| ١٨٦ | حجز | گلدانەوە | ٢١٥ | قاتل | بکوژ |
| ١٨٧ | تقرير طبي | راپۆرتی پزیشك | ٢١٦ | مقتول | کوژراو |
| ١٨٨ | الطب العدلي | پزیشکی دادوەری | ٢١٧ | الرشوة | بەرتیل |
| ١٨٩ | السرقة | دزی | ٢١٨ | ثأر | تۆلەسەندن |
| ١٩٠ | التحري | پشکنین | ٢١٩ | عقاب | سزا |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢٠ | التزوير | گزی-مزور-گزی کراو | ٢٥٠ | قانون اصول المحاكمات الجزائية | یاسای ئسولی دادگەری سزاییەکان |
| ٢٢١ | المساهم | بەشدار | ٢٥١ | شاهد | شایەد |
| ٢٢٢ | الشريك | هاوبەش | ٢٥٢ | شهادة | شایەددان |
| ٢٢٣ | الفاعل | بکەر | ٢٥٣ | الجرم المشهود | تاوانی بینراو |
| ٢٢٤ | مسائلة | پرشینەوە | ٢٥٤ | سبق الاصرار | سووربوونی پیشینەیی |
| ٢٢٥ | المحرض | هاندەر | ٢٥٥ | المدعي | داواکار |
| ٢٢٦ | تحريض | هاندان | ٢٥٦ | المدعى عليه | داوالیکراو |
| ٢٢٧ | مسبب | هۆکار | ٢٥٧ | وجه الدعوى | ناوەرۆکی داوا |
| ٢٢٨ | مضاهاة | بەراوردکاری | ٢٥٨ | محكمة الأحوال الشخصية | دادگای باری کەسایەتیەکان |
| ٢٢٩ | قصاص | تۆلە | ٢٥٩ | قاضي | دادوەر |
| ٢٣٠ | حد | رادە | ٢٦٠ | طلاق | تەلاق ـ بەربان |
| ٢٣١ | الظروف المشددة | بارەتوندەکان | ٢٦١ | الطلاق الخلعي | دەست لیکبەردان |
| ٢٣٢ | الظروف المخففة | بارەسوکەکان | ٢٦٢ | الطلاق الرجعي | تەلاقی هینانەوە |
| ٢٣٣ | هتك العرض | سووك کردن ـهەتك کردن | ٢٦٣ | البينونة الصغرى | دابرانی بچووك |
| ٢٣٤ | هامش | پەراویز | ٢٦٤ | البينونة الكبرى | دابرانی گەورە |
| ٢٣٥ | مطالعة | بینین | ٢٦٥ | تفريق | جیابوونەوە |
| ٢٣٦ | قابل للقسمة | هەلگری دابەشکردن | ٢٦٦ | التفريق القضائي | جیابوونەوەی دادوەری |
| ٢٣٧ | قتل العمد | کوشتنی بە ئەنقەست | ٢٦٧ | مطاوعة | گویرایەلبوون |
| ٢٣٨ | قتل الخطأ | کوشتنی بە هەلە | ٢٦٨ | بيت الشرعي | مالی شەرعی |
| ٢٣٩ | الإجهاض | لەباربردن | ٢٦٩ | فراش الزوجية | سەرجیی هاوسەری |
| ٢٤٠ | قصد | مەبەست | ٢٧٠ | الداخل بها شرعا" | چووەتەلای |
| ٢٤١ | القاء القبض | دەستگیرکردن | ٢٧١ | وصية | راسپاردن |
| ٢٤٢ | سرا" | بەنهینی | ٢٧٢ | ميراث | میرات |
| ٢٤٣ | علنا" | بەئاشکرا | ٢٧٣ | الوصي | پیسپیردراو |
| ٢٤٤ | نشوز | ناچیزە | ٢٧٤ | الموصى | پی سپیر |
| ٢٤٥ | حامل | ئاوس | ٢٧٥ | الموصى له | بۆ سپیردراو |
| ٢٤٦ | عنين | نەمیرد | ٢٧٦ | الموصى به | راسپاردە |
| ٢٤٧ | عقيم | نەزۆك | ٢٧٧ | الوارث | میراتگر |
| ٢٤٨ | حضانة | دایانی | ٢٧٨ | الارث – التركة | جی‌ماو |
| ٢٤٩ | مشاهدة | دیتن | ٢٧٩ | المورث | میراتدەر |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٨٠ | المحضون | ساوا | ٣١٢ | المطلقة | تەلاق دراو |
| ٢٨١ | الوصاية | پیسپێری | ٣١٣ | طالق | تەلاق دەر |
| ٢٨٢ | الموصي | راسپێردەر | ٣١٤ | عقد الزواج | هاوسەرنامە-مارەبڕین |
| ٢٨٣ | الوديعة | سپاردە | ٣١٥ | الزوج | مێرد |
| ٢٨٤ | المودع | سپێردەر | ٣١٦ | الزوجة | ژن |
| ٢٨٥ | الايداع | سپاردن | ٣١٧ | الحالة الزوجية | باری هاوسەری |
| ٢٨٦ | المودع لديه | لاسپێردراو | ٣١٨ | الخاطب | داخوازكار |
| ٢٨٧ | نفقة | خەرجی | ٣١٩ | المخطوبة | داخوازكراو |
| ٢٨٨ | الإنفاق | خەرج كردن | ٣٢٠ | المهر | مارەیی |
| ٢٨٩ | النفقة الماضية | خەرجی رابردوو | ٣٢١ | المهر المعجل | مارەیی پێشەكی |
| ٢٩٠ | النفقة المستمرة | خەرجی بەردەوام | ٣٢٢ | المهر المؤجل | مارەیی پاشەكی |
| ٢٩١ | النفقة المتراكمة | خەرجي كەڵەكەبوو | ٣٢٣ | المانع الشرعي | بەربەستی شەرعی |
| ٢٩٢ | النسب | رچەڵەك | ٣٢٤ | ارمل | بێوە مێرد |
| ٢٩٣ | النسل | وەچە | ٣٢٥ | ارملة | بێوە ژن |
| ٢٩٤ | حفيد | نەوە | ٣٢٦ | تصديق | پەسندكردن |
| ٢٩٥ | الحاضن | دایان | ٣٢٧ | الزواج الخارجي | مارەیی دەرەكی |
| ٢٩٦ | مهر المثل | مارەیی هاوتا | ٣٢٨ | القبول | رەزامەندی |
| ٢٩٧ | مهر المسمى | مارەیی دیاریكراو | ٣٢٩ | حيض | بێنوێژی |
| ٢٩٨ | دعوى مقاولة | داوای بەڵێندەری | ٣٣٠ | دفع – دفوعات | داكۆكی |
| ٢٩٩ | الدية | خوێن دان | ٣٣١ | مرافعة | دادبینی |
| ٣٠٠ | الغائب | نادیار | ٣٣٢ | ترافع | دادبینكاری |
| ٣٠١ | القيم | دەمراست | ٣٣٣ | وكالة | بریكارنامە |
| ٣٠٢ | حجة الولادة | بەڵگەنامەی زایین | ٣٣٤ | وكيل | بریكار |
| ٣٠٣ | حجة الوفاة | بەڵگەنامەی مردن | ٣٣٥ | موكل | بریكاردار |
| ٣٠٤ | حجة الزواج | بەڵگەنامەی هاوسەریتی | ٣٣٦ | الشخص الثالث | كەسی سێیەم |
| ٣٠٥ | حجة التخارج | بەڵگەنامەی وەدەرخستن | ٣٣٧ | البينات القانونية | بەڵگە یاساییەكان |
| ٣٠٦ | حجب | پێنەدان | ٣٣٨ | الأدلة الثبوتية | بەڵگە سەلمێنەرەكان |
| ٣٠٧ | القسام الشرعي | دابەشنامەی شەرعی | ٣٣٩ | الدعوى المتقابلة | داوای بەرامبەر |
| ٣٠٨ | القسام القانوني | دابەشنامەی یاسایی | ٣٤٠ | الدعوى الأصلية | داوای بنەرەت |
| ٣٠٩ | حجة القيمومة | بەڵگەنامەی دەمراستی | ٣٤١ | الدعوى المنضمة | داوای خستنەپاڵ |
| ٣١٠ | مفقود | وون بوو | ٣٤٢ | الأحتفاظ | هەڵگرتن |
| ٣١١ | منادات | بانگكردن | ٣٤٣ | الدعوى الحادثة | داوای نۆژەن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٤٤ | حضر | ئامادەبوو | ٣٧٤ | الحضور | ئامادەبوون |
| ٣٤٥ | تحكيم | ناوبژیوانی | ٣٧٥ | الغياب | ئامادە نەبوون |
| ٣٤٦ | حكم | ناوبژیوان | ٣٧٦ | المرافعة الحضورية | دادبینیی ئامادەگی |
| ٣٤٧ | خبير | لیزان ـ شارەزا | ٣٧٧ | المرافعة الغيابية | دادبینی نا ئامادەگی |
| ٣٤٨ | خبرة | لیزانی ـ شارەزایی | ٣٧٨ | المرافعة العلنية | دادبینی ئاشکرا |
| ٣٤٩ | اصلاح ذات البين | پیکهینانەوە | ٣٧٩ | عريضة الدعوى | داوانامە |
| ٣٥٠ | اجر الخبير | کرێی لیزان | ٣٨٠ | اساس الدعوى | بنچینەی داوا |
| ٣٥١ | تقصير | کەمتەرخەمی | ٣٨١ | الخصم | هاودژ ـ ناکۆك |
| ٣٥٢ | الايجاب | لەروونان | ٣٨٢ | خصومة | هاودژیتی ـ ناکۆکیتی |
| ٣٥٣ | قيمةالدعوى | بەهای داوا | ٣٨٣ | اطراف الدعوى | لایەنەکانی داوا |
| ٣٥٤ | تكملة | تەواوکردن | ٣٨٤ | النزاع | کیشە |
| ٣٥٥ | رد الدعوى | رەتکردنەوەی داوا | ٣٨٥ | موضوع الدعوى | بابەتی داوا |
| ٣٥٦ | رفض الطلب | رەتکردنەوەی خواستن | ٣٨٦ | المصلحة | بەرژەوەندی |
| ٣٥٧ | العلاقة السبية | پەیوەندی هۆکاری | ٣٨٧ | بالتضامن والتكافل | بە هاوکاری و هاویەشی |
| ٣٥٨ | اثبات الضرر | سەلماندنی زیان | ٣٨٨ | ترك الدعوى | بەجیهیشتنی داوا |
| ٣٥٩ | حجز الاحتياط | گلدانەوەی کاتی | ٣٨٩ | انقطاع المرافعة | پچرانی داوا |
| ٣٦٠ | حجز التنفيذي | گلدانەوەی جیبەجیکاری | ٣٩٠ | توحيد الدعوى | یەکخستنی داوا |
| ٣٦١ | الكشف | نۆرین | ٣٩١ | رسم الدعوى | پارەی داوا |
| ٣٦٢ | جزافا | گۆترە | ٣٩٢ | صدر القرار | دەرچوونی بریار |
| ٣٦٣ | تحليف | سویند دان | ٣٩٣ | رؤية الدعوى | بینینی داوا |
| ٣٦٤ | اليمين | سویند | ٣٩٤ | حارس قضائي | پاسەوانی دادوەری |
| ٣٦٥ | اليمين الحاسمة | سویندی یەك لا کەرەوە | ٣٩٥ | منقول | گویزەوە |
| ٣٦٦ | اليمين المتممة | سویندی تەواوکەر | ٣٩٦ | عقد رضائي | گریبەستی ئارەزوومەندانە |
| ٣٦٧ | الانكار | نکولی | ٣٩٧ | عقار | نەگویزەوە |
| ٣٦٨ | الاعتراض | نارەزایی | ٣٩٨ | عقد شكلي | گریبەستی روالەیی |
| ٣٦٩ | المعترض | نارازی | ٣٩٩ | عقد ملزم من جانب واحد | گریبەستی یەك لاگیر |
| ٣٧٠ | المعترض علية | نارەزا لەسەر | ٤٠٠ | عقد ملزم للجانبين | گریبەستی دوولاگیر |
| ٣٧١ | المعترض اعترف الغير | نارازی نارەزایی دیکە | ٤٠١ | عقد معاوضة | گریبەستی گۆرینەوە |
| ٣٧٢ | اصدار القرار | دەرچوواندنی بریار | ٤٠٢ | عقد فوري | گریبەستیدەستبەجی |
| ٣٧٣ | وسائل الاثبات | هۆیەکانی سەلماندن | ٤٠٣ | عقد مستمر التنفيذ | گریبەستی بەجیهینانی بەردەوام |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٤ | سابقة قضائية | پیشینەی دادوەری | ٤٣٤ | عقد نافع نفعا محضا | گریبەستی تـەواو سـوود بەخش |
| ٤٠٥ | تحميلة المصاريف | جەرجیەکانی بخریتە سەر | ٤٣٥ | عقد ضار ضارا محضا | گریبەسـتیتەواو زیـان بەخش |
| ٤٠٦ | الزام | پابەند | ٤٣٦ | عقد احتمالي | گریبەستی ئەگەری |
| ٤٠٧ | واقعة قانونية | رووداوی یاسایی | ٤٣٧ | عقد باطل | گریبەستی پوچەل |
| ٤٠٨ | غصب | زەوت کردن | ٤٣٨ | اركان العقد | پایەکانی گریبەست |
| ٤٠٩ | غاصب | زەوتکەر | ٤٣٩ | الأستئثار | دەست بەسەر داگرتن |
| ٤١٠ | مغصوب | زەوتکراو | ٤٤٠ | حق شخصي | مافی کەسی |
| ٤١١ | ضرر | زیان | ٤٤١ | حق عيني | مافی عەینی |
| ٤١٢ | متضرر | زەرەرمەند | ٤٤٢ | عرف | داب |
| ٤١٣ | ضار | زیان بەخش | ٤٤٣ | عادة | نەریت |
| ٤١٤ | احداث ضرر | زیان لیدان | ٤٤٤ | اعتراف منشيء | دانپیدانانی درووستکەر |
| ٤١٥ | قبض | سەندن | ٤٤٥ | تصرف منشئ | کرداری درووستکەر |
| ٤١٦ | تصرف كاشف | کرداری بەدەرخەر | ٤٤٦ | سلف | پیشین |
| ٤١٧ | اعتراف كاشف | دانپیدانای بەدەرخەر | ٤٤٧ | تفسير | شرۆڤە ـ راڤە |
| ٤١٨ | الشخصية المعنوية | کەسیتی مەعنەوی | ٤٤٨ | مستأجر | کریچی |
| ٤١٩ | الشخصية الطبيعية | کەسیتی سرووشتی | ٤٤٩ | مأجور | بەکریدراو |
| ٤٢٠ | الخطأ المادي | هەلەی ماددی | ٤٥٠ | مؤجر | بەکریدەر |
| ٤٢١ | اكتساب | وەرگرتن | ٤٥١ | عيوب الارادة | خەوشەکانی ویست |
| ٤٢٢ | دين | قەرز | ٤٥٢ | الغلط | بەهەلەداچوون |
| ٤٢٣ | دائن | قەرزدەر | ٤٥٣ | التغرير | خەلەتاندن |
| ٤٢٤ | مدين | قەرزدار | ٤٥٤ | قسط | پاژ - قیست |
| ٤٢٥ | مديونية | قەرزداریتی | ٤٥٥ | شاذ | ریزپەر |
| ٤٢٦ | حين الطلب | ساتی خواستن | ٤٥٦ | مستند | پالگە |
| ٤٢٧ | مستحق الأداء | پیویست بە دان | ٤٥٧ | عقد الأذعان | گریبەستی ملدان |
| ٤٢٨ | الساحب | پیدەر | ٤٥٨ | ظروف طارئة | کاودانی ناکاو |
| ٤٢٩ | المسحوب عليه | پیدراوەسەر | ٤٥٩ | بالأكثرية | بەزۆرینە |
| ٤٣٠ | تسوية | سازش | ٤٦٠ | قاطع | بن بر |
| ٤٣١ | سند | قەواله | ٤٦١ | محكمة العمل | دادگای کار |
| ٤٣٢ | سماعي | بیستراو | ٤٦٢ | محكمة التحقيق | دادگای لیکۆلینەوە |
| ٤٣٣ | عياني | بینراو | ٤٦٣ | محاكم الدرجة الثانية | دادگا پلە دووەمەکان |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٦٤ | تسليم | پێدان | ٤٨٩ | ازالة الشيوع | لابردني كۆيەشى |
| ٤٦٥ | مستلم | وەرگر | ٤٩٠ | هيئة | دەستە |
| ٤٦٦ | استلام | وەرگرتن | ٤٩١ | الهيئة العامة | دەستەی گشتی |
| ٤٦٧ | بالإجماع | بەتێكرا | ٤٩٢ | اقدم النواب | لەپێشترین جێگر |
| ٤٦٨ | بالاتفاق | بەرێكەوتن | ٤٩٣ | الهيئة الموسعة | دەستەی بەرفراوان |
| ٤٦٩ | خلف | پاشێن | ٤٩٤ | الهيئة الجزائية | دەستەی سزایی |
| ٤٧٠ | الهيئة الادارية | دەستەی كارگێری | ٤٩٥ | حيازة | بن دەستی |
| ٤٧١ | مدة طلب تمييز القرارات | مـــــاوەی داواكــــــاری پێداچوونەوەی بڕیارەكان | ٤٩٦ | غرامة | پێبژاردن - بەریار |
| ٤٧٢ | القضاء المستعجل | دادگەری بەپەلە | ٤٩٧ | ماهر – مختص | پسپۆر |
| ٤٧٣ | الركن المادي | كۆڵەگەی ماددی | ٤٩٨ | مرافعة | دادخوازی |
| ٤٧٤ | عقد | گری بەست | ٤٩٩ | مترافع | دادخواز |
| ٤٧٥ | تعاقد | بەڵێنكاری | ٥٠٠ | محكمة البداءة | دادگای بەرایی |
| ٤٧٦ | الدعوى | داوا | ٥٠١ | محكمة استئناف | دادگای تێهەڵچوونەوە |
| ٤٧٧ | الدفع | داكۆكی | ٥٠٢ | محكمة تمييز | دادگای پێداچوونەوە |
| ٤٧٨ | تصحيح القرار | راستكردنەوەی بڕیار | ٥٠٣ | محاكم الدرجة الاولى | دادگا پلە یەكەمینەكان |
| ٤٧٩ | الدعوى المتقابلة | دژە داوا | ٥٠٤ | اعادة النظر | تێروانینەوە |
| ٤٨٠ | مأجور | بەكرێدراو | ٥٠٥ | تدقيق | وردبینی |
| ٤٨١ | اساءة استعمال الحق | لەوتاندنی ماف | ٥٠٦ | افلاس | نابوتی - پەرپوت |
| ٤٨٢ | حق الحبس للضمان | مافی گلدانەوە بۆ دڵنیایی | ٥٠٧ | تبليغ | پی راگەیاندن |
| ٤٨٣ | فوائد قانونية | سوودە یاساییەكان | ٥٠٨ | مديرية التبليغات القضائية | بەڕێوەبەرایـــــەتی راگەیاندنـــــــــە دادگەریەكان |
| ٤٨٤ | النظام العام والآداب | سیستەمی گشتی وخووڕەوشتەكان | ٥٠٩ | المحكمة الادارية | دادگای كارگێری |
| ٤٨٥ | علاقـــة جنســية غـــير مشروعة | پەیوەندی لەشیی نارەوا | ٥١٠ | بوشر بـــاجراء المرافعـــة الحضورية | دەست كرا بـەدادبینی ئامادەیی |
| ٤٨٦ | المسؤلية المدنية | بەرپرسیاریتی شارستانی | ٥١١ | في اليوم المعين للمرافعة | لـەرۆژی دیـاریكراو بـۆ دادبینی |
| ٤٨٧ | العلاقة السببية | پەیوەندیی هۆكاری | ٥١٢ | حضر وكيل المدعية | بریكاری داواكار ئامادە بوو |
| ٤٨٨ | خطر | مەترسی | ٥١٣ | محكمة الجنح | دادگای كەتن |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٦٦ | تشهير | ناوزراندن | ٥٩٠ | تبديل | لەجیدانان |
| ٥٦٧ | سب | جنیو | ٥٩١ | تصحيح | راست کردنەوە |
| ٥٦٨ | قذف | ئابروو بردن | ٥٩٢ | تغير | گۆرین |
| ٥٦٩ | لائحة | پاریزنامە | ٥٩٣ | شروع | دەست دان-دەستنان |
| ٥٧٠ | ديوان التدوين القانوني | دیوانی دارشتنی یاسایی | ٥٩٤ | الشروع في القتل | دەست دانە کوشتن |
| ٥٧١ | المدون القانوني | داریژەری یاسایی | ٥٩٥ | الخيانة الزوجية | ناپاکی هاوسەرییتی |
| ٥٧٢ | جامع - مانع | کۆگر - بەرگر | ٥٩٦ | لواطه - ملاوطة | نیربازی |
| ٥٧٣ | عدم الاختصاص | تایبەتمەند نەبوون | ٥٩٧ | لوطي | نیرباز |
| ٥٧٤ | القانون الواجب التطبيق | یاسای پیویست بەجیبەجیکردن | ٥٩٨ | اضافةً لوظيفته | سەرەرای فەرمانبەریتی |
| ٥٧٥ | لدى التدقيق والمداولة | لەووردبوونەوەو تاوتویکردن | ٥٩٩ | تقدير | خەملاندن - دانان |
| ٥٧٦ | يترتب على ذلك | لیی کەوتەوە | ٦٠٠ | دعوى النفقة | داوای خەرجی |
| ٥٧٧ | التنحي الجوازي | لاچوون | ٦٠١ | دعوى الطلاق | داوای تەلاق |
| ٥٧٨ | التنحي الوجوبي | لاچوواندن | ٦٠٢ | دعوى التفريق | داوای جیابوونەوە |
| ٥٧٩ | تنحي | لاچوون | ٦٠٣ | دعوى تصديق الطلاق | داوای پەسەندکردنی تەلاق |
| ٥٨٠ | عزل | لابردن | ٦٠٤ | دعوى حضانة | داوای بەخیوکردن |
| ٥٨١ | اعتزال | خۆلابردن | ٦٠٥ | دعوى مشاهدة | داوای دیتن |
| ٥٨٢ | خبير | شارەزا | ٦٠٦ | دعوى اسقاط النفقة | داوای نەهیشتنی خەرجی |
| ٥٨٣ | المأذون بالقضاء بأسم الشعب | دادوەری ریپیدراو بە ناوی گەل | ٦٠٧ | دعوى انقاص المهر | داوای کەمکردنەوەی مارەیی |
| ٥٨٤ | استجواب الخصوم | لیپرسینەوەی هاودژەکان | ٦٠٨ | دعوى تصحيح القسام | داوای راستکردنەوەی دابەشنامە |
| ٥٨٥ | استجواب الشهود | لیپرسینەوەی شایەدەکان | ٦٠٩ | دعوى تعديل القسام | داوای هەموارکردنی دابەشنامە |
| ٥٨٦ | دعوى غصب الاثاث البيتية | داوای زەوتکردنی کەل ویەلی ناومال | ٦١٠ | دعوى اثبات النسب | داوای سەلماندنی رەچەلەك |
| ٥٨٧ | دعوى الطلاق الخلعي | داوای دەست لیکبەردان | ٦١١ | دعوى التولية | داوای سەرکار |
| ٥٨٨ | دعوى الوقف | داوای وەقف | ٦١٢ | دعوى التمليك | داوای مولکداریتی |
| ٥٨٩ | دعوى عزل الوصي | داوای لادانی سەرووەسیەت | ٦١٣ | دعوى رفع التجاوز | داوای هەلگرتنی زیدەرۆیی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦١٤ | دعوى نصب الوصي | داواى دانانى سەروەسیەت | ٦٤٢ | دعوى الاستملاك | داواى مولك ساندن |
| ٦١٥ | دعوى التخلية | داواى چۆل كردن | ٦٤٣ | دعوى فسخ العقد | داواى هەلوەشاندنەوەى گریبەست |
| ٦١٦ | دعوى ازالة الشيوع | داواى نەهیشتنى هاوبەش | ٦٤٤ | دعوى الحيازة | داواى بەدەستەوەبوون |
| ٦١٧ | دعوى الاثاث البيتية | داواى ناو مال | ٦٤٥ | دعوى الملكية | داواى مولكداریتى |
| ٦١٨ | دعوى منع المعارضة | داواى ریگرتنى بەرهەلست | ٦٤٦ | دعوى اجر المثل | داواى كرێى هاوتا |
| ٦١٩ | دعوى منع التعرض | داواى ریگرتنى | ٦٤٧ | دعوى تصفية الشركة | داواى پاكتـــــاوكردنى كۆمپانیا |
| ٦٢٠ | دعوى طلب | داواى خواستن | ٦٤٨ | دعوى المحاسبة | داواى لێپیچینەوە |
| ٦٢١ | دعوى تعويض | داواى قەرەبووكردنەوە | ٦٤٩ | دعوى غصب | داواى زەوتكردن |
| ٦٢٢ | دعوى كشف المستعجل | داواى نورینى خیرا | ٦٥٠ | الصعقة الكهربائية | كارەباگرتن |
| ٦٢٣ | تزييف | قەلبى | ٦٥١ | اختلاس | دزكارى |
| ٦٢٤ | مزيف | قەلبى | ٦٥٢ | مختلس | دزكار |
| ٦٢٥ | استرداد | گیراندنەوە | ٦٥٣ | حق المساطحة | مافى بانەوانى |
| ٦٢٦ | الدفوع الشكلية | داكۆكیە رووالەتیەكان | ٦٥٤ | استدعاء | داوانامە |
| ٦٢٧ | الدفوع الموضوعية | داكۆكیە بابەتیەكان | ٦٥٥ | تنازل | لیخۆشبوون - داینان |
| ٦٢٨ | احداث تغيرجوهري فـــي المأجور | گۆرانكـــارى بنـــەرەتى لـــە بەكرێدراو | ٦٥٦ | راسخ | پتەو |
| ٦٢٩ | صلاحية | دەسەلاتداریتى | ٦٥٧ | قرينة | نیشان - بەرژەن |
| ٦٣٠ | التكيف القانوني | سازاندنى یاسایى | ٦٥٨ | حالة طارئة | بارى ناكاو |
| ٦٣١ | تظليل العدالة | چەواشەكردنى دادپەروەرى | ٦٥٩ | مالك | خاوەن - خودان |
| ٦٣٢ | التماس | تكاكردن | ٦٦٠ | اعالة | بەخیوكردن |
| ٦٣٣ | تحريم | حەرام كردن | ٦٦١ | افتراء | بوختان |
| ٦٣٤ | تدليس | خەوش پۆشین | ٦٦٢ | اقتران | پیك گەیشتن |
| ٦٣٥ | غبن | بێدادى | ٦٦٣ | رضاعة | شیردان |
| ٦٣٦ | تناوب | نۆرە بەندى | ٦٦٤ | رضيع | شیرخۆر |
| ٦٣٧ | انابة | لەجیاتى | ٦٦٥ | حضانة | دایەنگەرى |
| ٦٣٨ | توكيل | بریكارپیدان | ٦٦٦ | زجر | سزادان |
| ٦٣٩ | نفاس | زەیستان | ٦٦٧ | لااساس له من الصحة | دوورە لە راستى |
| ٦٤٠ | نشل | گیرفانبرى | ٦٦٨ | مذكرة القبض | پسولەى دەستگیركردن |
| ٦٤١ | حجر | گلدانەوەى | ٦٦٩ | مخالفة القانون | سەرپیچى یاسا |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٧٠ | حصة | بەش | ٦٨٤ | مخالفة قانونية | سەرپێچی یاسایی |
| ٦٧١ | حك | لێخشاندن | ٦٨٥ | المميز | پیداچوو |
| ٦٧٢ | شطب | سرینەوە | ٦٨٦ | المميز عليه | پیداچوولیکراو |
| ٦٧٣ | محو | نەهیشتن | ٦٨٧ | اعادة المحاكمة | دادگایی کردنەوە |
| ٦٧٤ | اطفاء | کوژاندنەوە | ٦٨٨ | الاعتراض على الحكم الغيابي | نارەزایی لەسەر فەرمانی پاش ملە |
| ٦٧٥ | خادع | کەلەك ساز | ٦٨٩ | تبديل | گۆرین |
| ٦٧٦ | خدعة | کەلەك سازی | ٦٩٠ | تصحيح | راستکردنەوە |
| ٦٧٧ | مبهم | نادیار | ٦٩١ | دعوى تصحيح الاسم | داوای ناو راستکردنەوە |
| ٦٧٨ | اتمام العقد | تەواوبوونی گرێبەست | ٦٩٢ | محكمة الاحوال المدنية | دادگەی بارە شارستانیەکان |
| ٦٧٩ | احلال العقد | لەجیدانانی گرێبەست | ٦٩٣ | دعوى منع السفر | داوای ری نەدان بەسەفەر |
| ٦٨٠ | أخرس | لال | ٦٩٤ | التعويض النقدي | قەرەبووی دراوی |
| ٦٨١ | اسهاب | تیروتەسەل | ٦٩٥ | التعويض العيني | قەرەبووی عەینی |
| ٦٨٢ | ابعاد | دوورخستنەوە سنووربداش | ٦٩٦ | الركن المعنوي | کۆلەگەی مەعنەوی |
| ٦٨٣ | دعوى انقاص النفقة | داوای کەم کردنەوەی خەرجی | ٦٩٧ | الركن المادي | کۆلەگەی ماددی |

**بەرێزان :**

بۆ ئەو چەند وشەو دەستەواژەیە لە فەرهەنگۆکی یاساپارێزی کە وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی لەلایەن ئەو چەند پارێزەرانە، کەلەك لە چەندین سەرچاوە وەرگیراوە ،ئەو کۆششە لەکەم و کورتی بەدەر نیە ،وە ئێمە ئامادەین هەر تێبینیەك و راستکردنەوەیەك بۆ ئەو کارە پیرۆزە بەدڵفراوانیەوە وەربگرین ئەو کارە ئەوەش دەسەلمێنێت کە زمانی کوردی هیچی کەمتر نیە لەزمانی عەرەبی و زمانانی دیکە . . . ئێمە چاوەڕواری ئەوەین کەزمانزانان ویاساناسانی کوردستان بەهاوکاری هەولی سەرکەوتنی ئەو بڕیارە پیرۆزە بدەن بۆ بە کوردانی یاسا .

**پارێزەران**

١- تارق محمد سعید جەباز.


٢- کەریم بەحری برادۆستی

٣- ئەحمەد عەبدوللا خدر .

٤ - بورهان عوسمان علی

٥- سەردار قادر کاوانی

## پاشکۆی ژمارە (٨)



Kurdistan Region
Council Of Ministeris
Ministry Of Justice

بسم الله الرحمن الرحيم

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی داد

بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
ب. پەیوەندییەکان

ژمارە: ٢٤٢ - ٢
ڕێکەوت: ٢٠٠٠/٥/٢٢

### فەرمانی وەزاری

لەپێناو بیادەکردنی مادەی پێنجەم لە یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە / ١٤ ی سالی ١٩٩٢ کە جەخت دەکاتە سەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان، بڕیارماندا:

١- سکالانامەو داواکاری و دادبینی و دادگایی کردن لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بێت.

٢- کۆنووس و گوفتاری لایەنە دژ کارەکان و شایەتەکان بە کوردی وەردەگیرێت.

٣- بڕیارە دادوەرییەکان بە کوردی دەردەچێت و ئەگەر زاراوەیەکی یاسایی نامۆ بوو دەتوانرێت هەر بەعەرەبی بنووسرێت یان بەزاراوەیەکی کوردی و زاراوە عەرەبییەکەی لەتەکەوە لە نێو دوو کەوانە بنووسرێت.


٤- ئەم فەرمانە کاری پێدەکرێت لە ڕێکەوتی ٣ / ٦ / ٢٠٠٠ وە.

هادی علی
وەزیری داد

وێنەیەک بۆ/

- سەرۆکایەتی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ...... لەگەلْ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی / بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ...... لەگەلْ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دەستەی داڕشتنی یاسایی/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ...... لەگەلْ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی / بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ...... لەگەلْ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر/ بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەکوردی کردنی دادبینی ودادگایی کردن ...... لەگەلْ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە/ بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .. لەگەلْ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوانی وەزارەت

**پاشکۆی ژمارە (٩)**


فەرهەنگۆکی زاراوە یاساییەکان

(( بەشی یەکەم ))

لیژنەیەک لە وەزارەتی داد ئامادەی کردووە

ئەیلول / ٢٠٠٠

# فەرهەنگۆکی زاراوە یاسـاییـەکـان

| زنجیرە | عەرەبی | کوردی | زنجیرە | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ابراء | گەردن ئازادی | ٤٣ | ارسـال الأضبـارة | دۆسیە ناردن |
| ٢ | ابرص | بەڵەک | ٤٤ | ارسال القرار | بڕیـار ناردن |
| ٣ | أبطـال | پووچەڵ کردنەوە | ٤٥ | ارمـل | بێوەمێرد |
| ٤ | ابعـاد | دوورخسـتنەوە | ٤٦ | ارملـة | بێوەژن |
| ٥ | ابعد الأجلين | دوورترین ماوەی دیاری کراو | ٤٧ | ازالـة | نەهێشـتن / لابردن |
| ٦ | اتبـاع | پەیرەوکردن | ٤٨ | ازالة شيوع | لابردنی هاوبەشی |
| ٧ | اتحاد مجلس الأيجاب و القبول | یەکگرتنی پێشنیازو ڕەزامەندی | ٤٩ | ازالة غشاء البكارة | نەهێشتنی کچێنی |
| ٨ | اتعاب المحاماة | ماندوو بوونی پارێزەر | ٥٠ | ازعـاج | جاڕس کردن / وەڕس کردن |
| ٩ | اتفاقا | بەرێکەوت | ٥١ | اساءة الى السمعة | لەوتاندنی ناوبانگ |
| ١٠ | اتـلاف | کەلکبڕین | ٥٢ | أسـاس الضـمان | بناغـەی گرەنتی |
| ١١ | اثـاث | کەل و پەل | ٥٣ | اسـباب موجبـة | هۆیە پێویستکارەکان |
| ١٢ | اثـارة | وروژاندن | ٥٤ | اسبقية | پێشتری / بەرتری |
| ١٣ | اثبات الرشـد | سەلماندنی پێگەیشتوویی | ٥٥ | اسـتخار | بە ئوادان-هێشتنەوە-لێگەڕان |
| ١٤ | اثبات الضرر | زیان سەلماندن | ٥٦ | اسـتبدال الملك | مـوڵک گۆڕینـەوە |
| ١٥ | اثبـات النسـب | ڕەچەڵەک سەلماندن | ٥٧ | استجواب | لێپرسینەوە |
| ١٦ | اثر القدم | شوێن پێ | ٥٨ | استحقاق | ماف تیابوون |
| ١٧ | إثـم / اثـم | گـوناه / گوناهبار | ٥٩ | اسـتسـلام | خۆبەدەستەوەدان |
| ١٨ | اجحاف | ناحەقی | ٦٠ | استشـهاد / تأييـد | پشـتگیری |
| ١٩ | اجـراءات | ئەنجامدان / ڕێکارەکان | ٦١ | اسـتعجال | پەلەکردن/ بەلەز |
| ٢٠ | اجمـاع | تێکڕا | ٦٢ | اسـتفزاز | توورەکردن/ دەمارگرتن |
| ٢١ | احتفاظ | هێشتنەوە-هێلانەوە | ٦٣ | اسـتقدام | ئامادەکردن |
| ٢٢ | احتقـار | سووکایەتی پێکـردن | ٦٤ | استكتاب | پێنووسین |
| ٢٣ | احتمال | ئەگـەر | ٦٥ | اسـتلام | وەرگرتن |
| ٢٤ | احتيـال | فێڵ کـردن | ٦٦ | اسـتمارة | فـۆرم |
| ٢٥ | احـد العاقدين | لایەنێکی گرێبەست | ٦٧ | استمارة تشريح الجثـة | فۆرمی توێکاری لاشـە |
| ٢٦ | احـداث ضـرر | زیان لێدان | ٦٨ | استملاك | موڵک لێسەندن |
| ٢٧ | احضـار الشـاهد | ئامادەکردنی شایەت | ٦٩ | اسـتمهال | ماوەپێدان |
| ٢٨ | احضـار جبري | پەلکێش | ٧٠ | اسـتنابـه | لە جیاتی / لە باتی/ کار لە جیاتی کردن |
| ٢٩ | احفاد | نەوە | ٧١ | اسـتنباط | هەڵێنجـان |
| ٣٠ | احكام عدلية | فەرمانە دادییەکان | ٧٢ | استيفاء | وەرگرتن (ڕەسم) |
| ٣١ | احمق | گەوج | ٧٣ | اسناد | پاڵپشت |
| ٣٢ | اخبـار | خەبەردان | ٧٤ | اشارة | ئامـاژە |
| ٣٣ | اختلاس | دزینی سامانی میری | ٧٥ | اشتراط لمصلحة الغير | مەرجدانان لە بەرژەوەندی کەسی دی |
| ٣٤ | اختلال | لەنگبوون / تێک چوون | ٧٦ | اشياء | شتومەک |
| ٣٥ | اخـذ | لێسـەندن | ٧٧ | اصالة عن نفسي | بە ناوی خۆم |
| ٣٦ | اخطـار | ورياکردنەوە | ٧٨ | اصـرار | سووربوون |
| ٣٧ | ادمان | خووپێوەگرتن | ٧٩ | اصـول | بـاوان |
| ٣٨ | ارادة | ویست | ٨٠ | اضافة | سـەربار |
| ٣٩ | ارجاء تقرير المصير | دواخستنی چارەنووس | ٨١ | اطاعة | گوێ ڕایەڵی |
| ٤٠ | ارجـاع | گەڕاندنەوە | ٨٢ | اطـلاق سـراح / اخـلاء سبيل | بەردان |
| ٤١ | ارسـاء | جێگیرکردن | ٨٣ | اطمئنان | دڵنیـابوون |
| ٤٢ | ارسـال | ڕەوانەکردن | ٨٤ | اعادة الدعـوى | ناردنەوەی داوا |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٥ | اعادة النظـــر | تێڕوانینەوە/چاوپێداخشاندنەوە | ١٣٠ | الدفـــوع الشكليـة | داکۆکییە ڕواڵەتییەکان |
| ٨٦ | احالة | بەخێوکردن | ١٣١ | الدفـوع الموضـوعيـة | داکۆکییە بابەتییەکان |
| ٨٧ | اعالة | باربوو | ١٣٢ | الراشـي | بەرتیل دەر |
| ٨٨ | اعتراف | دانپێدانان | ١٣٣ | الرضاع | شیردان |
| ٨٩ | اعتـزال | وازهێنـان | ١٣٤ | الـــزام | ناچارکردن |
| ٩٠ | اعتماد مالي | پشتیوانیی دارایی | ١٣٥ | الزواج بأكثر من واحـدة | فـرە ژنی |
| ٩١ | اعدام رمياً بالرصاص | لە ناوبردن بە گوللە باران کردن | ١٣٦ | الزوجيـة | هاوسـەری |
| ٩٢ | اعدام شنقا | لە ناوبردن بە هەڵواسین | ١٣٧ | الساحب (بنـوك) | پارە دەرهێنەر |
| ٩٣ | اعذار | بیانووبڕین | ١٣٨ | الشـريك | هاوبەش |
| ٩٤ | اعذر من انذر | مۆشدەر بیانووبڕە | ١٣٩ | الشك يفسر لصـــالح المتهم | گومان لە بەرژەوەندی تۆمەتبارە |
| ٩٥ | اعطـاء الأذن | ڕێپێدان | ١٤٠ | الطبيب العدلي | تۆژداری دادی |
| ٩٦ | اعفاء | لێبوردن | ١٤١ | الطلاق الخلعي | دەست لێك بەردان |
| ٩٧ | اعـلان بيع | جاڕدانی فرۆشـتن | ١٤٢ | العـدة | عیدە |
| ٩٨ | اغتيال | تیرۆر | ١٤٣ | العقد التحريـري | گرێ بەستی نووسراو |
| ٩٩ | افـــادة | گوفتـار | ١٤٤ | العقد الشفهي | گرێ بەستی زارەکی |
| ١٠٠ | افـراج | ئازاد کردن | ١٤٥ | العلاقـة السببية | پەیوەندی هۆکاری |
| ١٠١ | افـراز | دابڕکردن | ١٤٦ | الغـاء | هەڵوەشـاندنەوە / پووچەڵکردنەوە |
| ١٠٢ | افشاء السـر | نهێنی درکاندن | ١٤٧ | الفات النظر | سەرنج ڕاکێشـان |
| ١٠٣ | اقل مدة الحمل | کەمترین ماوەی دوو گیانی/ سك پڕی | ١٤٨ | الفاعـل | بکـەر |
| ١٠٤ | اقمشـة | کوتـــاڵ | ١٤٩ | القابلية البدنية | توانای جەستەیی |
| ١٠٥ | اكـراه | زۆر لێکـردن | ١٥٠ | القيمـة المقـدرة | نـرخـی قرسـاو |
| ١٠٦ | الأحالة الى اللجنة الطبيـة | ڕەوانە کردن بۆ لیژنەی پزیشکی | ١٥١ | المبرزات | شتە گێڕاوەکان |
| ١٠٧ | الأحتفاظ بالحـق | ماف پارێـزی | ١٥٢ | المُبلَــغ | پێڕاگەیەندراو |
| ١٠٨ | الأرث- تركة | جێماو / میرات | ١٥٣ | المُبَلِّـغ | پێڕاگەیەنەر |
| ١٠٩ | الأعتراض على الحكم الغيابي | نا ڕازی لە بڕیاری پاشملە | ١٥٤ | المرتشي | بەرتیل خـۆر |
| ١١٠ | الأنكـار | نکـوڵ | ١٥٥ | المسـاهم | بەشـدار |
| ١١١ | الأهلية القانونية | لێهاتوویی یاسایی | ١٥٦ | المسـحوب عليـه | لە سەر وەرگیراو |
| ١١٢ | الأيصاء | ڕاسپاردن | ١٥٧ | المشروط | مەرجدار |
| ١١٣ | البلوغ الشرعي | بالق بوون | ١٥٨ | المصاهرة | ژن لێك هێنان |
| ١١٤ | البينات القانونية | بەڵگە یاساییەکان | ١٥٩ | المقر | دان پێدانەر |
| ١١٥ | البينة التحريرية | بەڵگەی نووسراو | ١٦٠ | المقر به | دان پێدانراو |
| ١١٦ | البينة الشخصية | بەڵگـەی شایەتی | ١٦١ | المقر له | دان بۆ پێدانراو |
| ١١٧ | البينونة الصغرى | دەست بەردانی بچووك | ١٦٢ | المميـز | خوازیـاری پێداچوونەوە |
| ١١٨ | البينونة الكبرى | دەست بەردانی مەزن | ١٦٣ | المورث | میرات لێگیراو |
| ١١٩ | التزويـر | گـزی | ١٦٤ | النسب | ڕەچەڵەك |
| ١٢٠ | التعدد | فرەیی | ١٦٥ | الهبة | بەخشین |
| ١٢١ | التعقيبات القانونية | بەدواچوونە یاساییەکان | ١٦٦ | الهيئـة الجزائيـة | دەستەی سـزایی |
| ١٢٢ | التفريق الأختياري | دەست لێك بەردان | ١٦٧ | الهيئـة الموسـعة | دەسـتەی فراوان |
| ١٢٣ | التماس | تکا کردن | ١٦٨ | الوارث | میراتگر |
| ١٢٤ | الجذام | گـەر/گروو | ١٦٩ | الوسيط | ناوبژیـوان |
| ١٢٥ | الخنـــثـــاء | نێرەموك | ١٧٠ | الوعد بالزواج | هەڕەشەی هاوسەری |
| ١٢٦ | الدائرة المختصـــة | فەرمانگەی تایبەتمەند | ١٧١ | الى من يهمـه الأمـر | بۆ لایەنی پەیوەندار |
| ١٢٧ | الدعوى الأصليـة | داوای سـەرەکی | ١٧٢ | اليمين الحاسمة | سوێندی یەکلاکەرەوە |
| ١٢٨ | الدعوى الحادثـة | داوای پاشـكۆ | ١٧٣ | اليمين المتممة | سوێندی تەواوکەر |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧٥ | امتناع | مل نەدان | ٢٢٠ | تجديدالسنوية | نوێ کردنەوەی ساڵنامە |
| ١٧٦ | أموال | سامان | ٢٢١ | تجريم | تاوانبارکردن |
| ١٧٧ | أموال غير منقولة | سامانی نەگوێزراوە | ٢٢٢ | تحرش | گێچەڵ پێکردن |
| ١٧٨ | أموال منقولة | سامانی گوازراوە | ٢٢٣ | تحرير التركة | دەست نیشان کردنی میرات-دەرخستنی میرات |
| ١٧٩ | انتقال الملكية | هاتنە سەر ناو | ٢٢٤ | تحريض | هاندان |
| ١٨٠ | أنثى | مێینە | ٢٢٥ | تحريم مؤبد | حەرام کردنی هەمیشەیی / نەشیاوی هەمیشەیی |
| ١٨١ | انحلال الرابطة الزوجية | هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی هاوسەریەتی | ٢٢٦ | تحريم مؤقت | حەرام کردنی کاتی / نەشیاوی کاتی |
| ١٨٢ | انذار | هۆشداری | ٢٢٧ | تحكيم | ناوبژی / ناوبژیوانی |
| ١٨٣ | انفاق | خەرج کردن | ٢٢٨ | تحليف | سوێنددان |
| ١٨٤ | انفكاك | دەست لەکار هەڵگرتن | ٢٢٩ | تحميل المصاريف | خەرجی خستنە ئەستۆ |
| ١٨٥ | انقطاع الدعوى | پچڕانی داوا | ٢٣٠ | تخارج | لێکدەرچوون |
| ١٨٦ | أهلية | لێهاتن | ٢٣١ | تخمين | خەملاندن |
| ١٨٧ | أهلية الأداء | لێهاتنی بەجێهێنان | ٢٣٢ | تدوين | نووسینەوە / داڕشتن |
| ١٨٨ | اهمال | پشت گوێ خستن / خەمساردی | ٢٣٣ | تراجع | پاشگەزبوونەوە |
| ١٨٩ | أوراق تجارية | پەڕاوی بازرگانی | ٢٣٤ | ترصد | پارێز |
| ١٩٠ | ايجاب | ئەرێ | ٢٣٥ | ترك | بە جێهێشتن |
| ١٩١ | ايجاب | پێشخوازی | ٢٣٦ | ترك الدعوى | داوا جێهێشتن |
| ١٩٢ | ايعاز | فەرمان پێدان | ٢٣٧ | تركة | میرات |
| ١٩٣ | ايقاف | راگرتن | ٢٣٨ | تسجيل | تۆمارکردن |
| ١٩٤ | باعث / دافع | پاڵنەر / پاڵدەر | ٢٣٩ | تشكلت | پێکهات |
| ١٩٥ | باكر | کچ | ٢٤٠ | تشهير | ئابڕووبردن |
| ١٩٦ | بالأتفاق | بە تێکرا | ٢٤١ | تشويه السمعة | شێواندنی ناوبانگ |
| ١٩٧ | بالضبط | کتومت | ٢٤٢ | تصديق | پەسندکردن |
| ١٩٨ | براءة / بريء | بێتاوانی / بێ تاوان | ٢٤٣ | تصرّف | دەستکاری / رەفتار |
| ١٩٩ | براءة ذمة | گەردن ئازادی | ٢٤٤ | تضليل العدالة | چەواشەکردنی دادوەری |
| ٢٠٠ | بصمة الأبهام | پەنجەمۆر / جێپەنجە | ٢٤٥ | تظلم | بێدادی |
| ٢٠١ | بكارة | کچێنی | ٢٤٦ | تطهير | جیبڕۆ |
| ٢٠٢ | بموجب | بە گوێرەی | ٢٤٧ | تعجيل المهر | بە پێشخستنی مارەیی |
| ٢٠٣ | بنظر الأعتبار | رەچاوکردن / لە بەرچاوگرتن | ٢٤٨ | تعسف في استعمال الحق | رەنجاندن لە بەکارهێنانی ماف |
| ٢٠٤ | بيان ولادة | بەیاننامەی لە دایک بوون | ٢٤٩ | تعليق | هەڵپەساردن |
| ٢٠٥ | بيت الشرعي | مالی شەرعی | ٢٥٠ | تعويض | قەرەبوو |
| ٢٠٦ | بيت المال | گەنجینە | ٢٥١ | تغرير | خەڵەتاندن / فریودان |
| ٢٠٧ | بينونة صغرى | لێک حەرام بوونی بچووک | ٢٥٢ | تفاصيل | درێژە |
| ٢٠٨ | بينونة كبرى | لێک حەرام بوونی گەورە | ٢٥٣ | تفريق | لێک جیاکردنەوە |
| ٢٠٩ | تأجيل | دواخستن | ٢٥٤ | تفهيم | تێگەیاندن |
| ٢١٠ | تأجيل المهر | دواخستنی مارەیی | ٢٥٥ | تقادم | بەسەر چوون |
| ٢١١ | تاريخ | رێکەوت / بەروار | ٢٥٦ | تقصير | کەمتەرخەمی |
| ٢١٢ | تاريخ القبض | رۆژی وەرگرتن | ٢٥٧ | تقنين | بەیاساکردن |
| ٢١٣ | تأشير | نیشانە کردن | ٢٥٨ | تكييف | سازاندن / گونجاندن |
| ٢١٤ | تأمينات | بارمتە | ٢٥٩ | تمديد | درێژکردنەوە |
| ٢١٥ | تأييد | پشتگیری | ٢٦٠ | تنازل | لێخۆشبوون / وازهێنان |
| ٢١٦ | تبرير | پاساو هێنانەوە / پاساودان | ٢٦١ | تنازل عن الحق | واز لە ماف هێنان |
| ٢١٧ | تبليغ | پێراگەیاندن | ٢٦٢ | تناقض | ناکۆکی |
| ٢١٨ | تبليغ بقرار الحكم | پێراگەیاندنی بڕیاری حوکم | ٢٦٣ | تنبيه | ئاگادارکردنەوە |


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦٥ | تنحي الجوازي | لاچوونی به ئاره‌زوو | ٣١٠ | حكم | فه‌رمان |
| ٢٦٦ | تنحي الوجوبي | لاچوونی به زۆر | ٣١١ | حكم المنشيء | بریاری بنیات نه‌ر |
| ٢٦٧ | تنفيذ | جێبه‌جێکردن | ٣١٢ | حكم كاشف | بریاری ده‌رخه‌ر |
| ٢٦٨ | تهديد | هه‌ڕه‌شه | ٣١٣ | حيازة | بن ده‌ستی / ده‌ست خستن |
| ٢٦٩ | تهمة | تۆمه‌ت | ٣١٤ | حيض | بێنوێـژی |
| ٢٧٠ | توبيخ | سه‌رزه‌نشت كردن | ٣١٥ | حين الطلب | له كاتی ویستن |
| ٢٧١ | توحيد الدعوى | داوا یه‌كخستن | ٣١٦ | خاطب | خوازیار |
| ٢٧٢ | توقيع | واژوو | ٣١٧ | خصومة | ركابه‌ری / ناكۆكی |
| ٢٧٣ | توقيف | گرتن | ٣١٨ | خلاف | ناته‌بایی |
| ٢٧٤ | ثلث | سێ‌یه‌ك | ٣١٩ | خلف | پاشین / شوێنگر |
| ٢٧٥ | جامع - مانع | كۆگر – به‌رگر | ٣٢٠ | خيانة الأمانة | ده‌ست پیسی |
| ٢٧٦ | جثة | لاشه | ٣٢١ | دخل | ده‌رامه‌ت |
| ٢٧٧ | جدير | شایان/ شیاو | ٣٢٢ | درجة قطعية /درجة البتات | پله‌ی بنبـڕ |
| ٢٧٨ | جزافا | گوتره | ٣٢٣ | درجة نهائية | پله‌ی كۆتایی |
| ٢٧٩ | جمد | جه‌سته | ٣٢٤ | دعاوى غير موجزة | داوادرێژ خایه‌نه‌كان |
| ٢٨٠ | جلسة | دانیشتن | ٣٢٥ | دعاوى موجزة | كورته داواكان |
| ٢٨١ | جنازة | ته‌رم | ٣٢٦ | دعوتية | داوانامه |
| ٢٨٢ | جنس | ره‌گه‌ز | ٣٢٧ | دعوى | داوا |
| ٢٨٣ | جنسية | ولاتنامه | ٣٢٨ | دعوى التخلية | داوای چۆڵكردن |
| ٢٨٤ | جنوح | لادان | ٣٢٩ | دعوى الكشف المستعجل | داوای تۆڕینی خێرا / پله‌ز |
| ٢٨٥ | جهة الدفع | لایه‌نی پاره‌ده‌ر | ٣٣٠ | دعوى المقاولة | داوای به‌ڵێنده‌ر |
| ٢٨٦ | حاكم | دادوه‌ر / فه‌رمانده‌ر | ٣٣١ | دفاع | داكـۆكی |
| ٢٨٧ | حجة الوصاية | پێسپێرنامه | ٣٣٢ | دين | قـه‌رز |
| ٢٨٨ | حجة الوفاة | وه‌فاتنامه | ٣٣٣ | دين | ئاین |
| ٢٨٩ | حجة الولادة | به‌ڵگه‌نامه‌ی له‌دایك بوون | ٣٣٤ | ذكر | نێرینـه |
| ٢٩٠ | حجة الولاية | باوانامه | ٣٣٥ | رادع | چاوشكێن |
| ٢٩١ | حجر | ده‌سه‌ڵات به‌ندی | ٣٣٦ | رشد | پێگه‌یشتوو |
| ٢٩٢ | حجز احتياطي | گلدانه‌وه‌ی كاتی | ٣٣٧ | رؤية الدعوى | داوا بینی |
| ٢٩٣ | حجز تنفيذي | گلدانه‌وه‌ی به‌رده‌وام | ٣٣٨ | ربط الأضبارة | به دۆسیه به‌ستنه‌وه |
| ٢٩٤ | حدث | نه‌وجه‌وان | ٣٣٩ | ربيب | به‌خێوكراو |
| ٢٩٥ | حسب الأصول | به پێی ڕێ وشوێن | ٣٤٠ | رد الطلب | ره‌تكردنه‌وه‌ی داواكاری |
| ٢٩٦ | حسن النية | نیاز پاكی | ٣٤١ | رسم | ره‌سم(پاره) |
| ٢٩٧ | حصة / سهم | پشـك | ٣٤٢ | رسم التحصيل | ره‌سمی دابین كردن |
| ٢٩٨ | حصر | چڕكردنه‌وه | ٣٤٣ | رسو | له‌نگه‌رگرتن / وه‌ستان |
| ٢٩٩ | حضانة | دایه‌نی | ٣٤٤ | رفض | ره‌تكردنه‌وه |
| ٣٠٠ | حضور | ئاماده‌بوون | ٣٤٥ | رفع | هه‌ڵگرتن |
| ٣٠١ | حق شخصي | مافی كه‌سی | ٣٤٦ | ركن | بنـه‌تـان |
| ٣٠٢ | حق اصلي | مافی سه‌ره‌كی | ٣٤٧ | ركن / زاوية | گـۆشـه |
| ٣٠٣ | حق الدفاع الشرعي | مافی ده‌ستوه‌كه‌ری | ٣٤٨ | ركود | كزی |
| ٣٠٤ | حق السكن | مافی نیشته‌جێ | ٣٤٩ | زميل | هاوكار |
| ٣٠٥ | حق المأكل | مافی خۆراك | ٣٥٠ | زواج الكتابيات | هاوسه‌ریه‌تی خاوه‌ن كتێبه ئاسمانیه‌كان |
| ٣٠٦ | حق الملبس | مافی پۆشاك | ٣٥١ | زواج خارجي | ماره‌بڕینی ده‌ره‌كی |
| ٣٠٧ | حقوق شخصية | مافی كه‌سینه | ٣٥٢ | زوال الأهلية | نـه‌مانی لێهاتوویی |
| ٣٠٨ | حقوق عينية تبعية | مافی به‌رجه‌سته‌ی پاشكۆ | ٣٥٣ | سابقة قضائية | پێشینه‌ی دادوه‌ری |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 355 | سب | جنێو | 400 | عاقبة | ئەنجام / ئاکام |
| 356 | سبق الأصرار | پلانی پێشەکی | 401 | عاقر / عقيم | نەزۆک |
| 357 | سجل | تۆمار | 402 | عدل | داد |
| 358 | سفتجة | سەفتەجە | 403 | عدم العدل | نادادی |
| 359 | سقف زمني | ماوەی دیاری کراو | 404 | عدم توفر الأدلة | نەبوونی بەلگە |
| 360 | سل | وەرەم/سیل | 405 | عدم محكومية | بەند نەکراوی |
| 361 | سلطات التحقيق | دەسەلاتی لێکۆلینەوە | 406 | عدول | پەشیمان بوونەوە / پاشەکشە |
| 362 | سلف | پێشین | 407 | عديم الأثر | بێ‌سەروشوێن |
| 363 | سماعي | بیستەنی | 408 | عديم الأهلية | لێنەهاتوو |
| 364 | سنوية | سالنامە | 409 | عذر شرعي | بیانووی شەرعی |
| 365 | سوء القصد | بەد مەبەستی | 410 | عريضة الدعوى | داوانامە |
| 366 | سوء النية | بەد نیازی | 411 | عزل | لابردن / لێخستن |
| 367 | شاذ | ڕێزپەڕ / شاز | 412 | عسر | ناخۆشی / نەبوون |
| 368 | شاغل | نیشتەجێ | 413 | عقد | گرێ بەست |
| 369 | شاهد | شایەت | 414 | عقد الأذعان | گرێبەستی ناچاری |
| 370 | شخص ثالث | کەسی سێیەم | 415 | عقد الزواج | گرێبەستی هاوسەری |
| 371 | شرط | مەرج | 416 | عقد القران | مارەبڕین |
| 372 | شرع | شەریعەت | 417 | عقد غير مسمى | گرێبەستی دیارنەکراو |
| 373 | شروع | دەست پێکردن | 418 | عقد فوري | گرێبەستی دەست بەجێ |
| 374 | شفعة | مافی لێک کڕینەوە / شفعە | 419 | عقوبة مقيدة للحرية | سزای ئازادی بەند |
| 375 | شكوى | سکالا | 420 | عنوان | ناونیشان |
| 376 | صبي | مێردمندال | 421 | عنين | نەمێرد |
| 377 | صرف | خەرج کردن | 422 | عهد | پەیمان |
| 378 | صغير | بچووک | 423 | عوارض الأهلية | کۆسپی لێهاتوویی |
| 379 | صلاحية | دەسەلات | 424 | عياني | دیتەنی |
| 380 | صياغة | دارشتن | 425 | عيب | خەوش |
| 381 | ضار | زیان بەخش | 426 | عيوب خفية | خەوشی نەدیو |
| 382 | ضد | دژ | 427 | غائب | نادیار |
| 383 | ضرة | هەوێ | 428 | غبن | بەشخوراوی ، [illegible] |
| 384 | ضرر | زیان | 429 | غشاء البكارة | پەردەی کچێنی |
| 385 | ضرورة قصوى | ئەو پەڕی پێویستی | 430 | غصب | زەوت کردن |
| 386 | ضريبة | باج | 431 | غلاء المعيشة | گرانی گوزەران |
| 387 | طارىء | ناکاو | 432 | غلق التحقيق | داخستنی لێکۆلینەوە |
| 388 | طالب التنفيذ | داواکاری جێبەجێکردن | 433 | غيابي | پاش ملە |
| 389 | طالب الحجة | داواکاری بەلگەنامە | 434 | غير محرمة شرعا | شیاوی شەرعی |
| 390 | طبق الأصل | دەقاودەق / وەکوخۆی | 435 | غير منجز | نەکارا |
| 391 | طعن | تانووت | 436 | فائض القيمة | زێدەبایی |
| 392 | طفل | زارۆک/ مندال | 437 | فتح القبر | گۆڕهەلدانەوە |
| 393 | طلاق | دەست لێک بەردان | 438 | فتى | لاو، جەحێل ، گەنج |
| 394 | طلاق الرجعي | دەست لێک بەردانی کاتی / تەلاقی کاتی | 439 | فراش الزوجية | سەرینی هاوسەری |
| 395 | طلب التعويض | داوای قەرەبوو | 440 | فروع | نەوە |
| 396 | طلب التفريق | داوای جیابوونەوە | 441 | فسخ العقد | هەلوەشاندنەوەی گرێ بەست |
| 397 | ظروف طارئة | باری ناکاو | 442 | قائم بصرف الراتب | مووچەدەر |
| 398 | عاجز عن الأثبات | دەستەوەستان لە سەلماندن | 443 | قابل للتنفيذ | شیاوی جێبەجێکردن |
| 399 | عبء | [illegible] | 444 | قابل القسمة | [illegible] |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 445 | قـاضي | قـازی | 490 | محضـر البيـع | كۆنووسی فرۆشـتن |
| 446 | قاعـدة | رێسـا | 491 | محكمة | دادگـا |
| 447 | قانـون | یاسـا | 492 | محكمة الأحوال الشخصية | دادگای باری کەسایەتی |
| 448 | قبـض | لێوەرگـرتن | 493 | محكمة الأحوال المدنية | دادگای باری شارستانی |
| 449 | قبـول | وەرگرتن / رەزامەندی | 494 | محكمة الأستئناف | دادگای تێهەڵچوونەوە |
| 450 | قبول اليمين | بەسوێند رازیبوون | 495 | محكمة البداءة | دادگای بەرایی |
| 451 | قتل الخطـأ | بە هەڵە کوشتن | 496 | محكمة التحقيق | دادگای لێکۆڵینەوە |
| 452 | قتل العمـد | بە ئەنقەست کوشتن | 497 | محكمة التمييز | دادگای پێداچوونەوە |
| 453 | قـذف | ناوزڕاندن | 498 | محكمة العمل | دادگای کـار |
| 454 | قـرة | بە تووێژی | 499 | محكمة تنظيم التجارة | دادگای رێکخستنی بازرگانی |
| 455 | قرابة | خزمایەتی | 500 | محكوم عليه | فەرمان بەسەرردراو |
| 456 | قـرار | بریـار | 501 | محـل الحـادث | شـوێنی رووداو |
| 457 | قسـام | دابەشنـامە | 502 | محل الولادة | شوێنی لە دایک بوون |
| 458 | قسـام شرعي | دابەشنامەی شەرعی | 503 | مخالفـة | سەرپێچی |
| 459 | قسمة | دابەش کردن | 504 | مخبر | هەواڵدەر |
| 460 | قضـائي | دادوەری | 505 | مختبر | تاقیگـە |
| 461 | قضية | کێشە ، دۆز | 506 | مخرج طلق ناري | جێ دەرچوونی گوللە |
| 462 | قيـد | کـۆت | 507 | مخـطط / مرتسـم | هێڵـکاری |
| 463 | قيم | سەرکار | 508 | مخطـوبة | خوازراو / دەستگیران |
| 464 | قيمة الدعوى | نرخی داوا / بەهای داوا | 509 | مدان | تاوانبـار |
| 465 | كاتب العدل | دادنووس | 510 | مدة المحكـومـيـة | مـاوەی سـزادان |
| 466 | كشـف (حسـابي) | دەرخسـتە | 511 | مدخل طلق ناري | جێ لێدراوی گوللە |
| 467 | كفالـة شـخصيـة | دەستـەبەری کەسـی | 512 | مدعـي | داواکار |
| 468 | كفاية مالية | هەبوونی دارایی | 513 | مدعي عليـه | داوا لێکراو |
| 469 | لا مانع لدينـا | لاریمان نیـە | 514 | مدفوعات | پارەی دراو |
| 470 | لائق | شایـستە | 515 | مدمن | خووپێوەگر |
| 471 | لقاء مبلغ | لە باتی بـڕی | 516 | مديرية المـرور | بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ |
| 472 | مأذون | رێپێدراو | 517 | مديرية رعاية القاصرين | بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامان |
| 473 | مانع شرعي | بەربەستی شەرعی | 518 | مديونية | قەرزاری |
| 474 | مانع قانـوني | ناستەنگی یاسایی / بەربەستی یاسایی | 519 | مراجعـــة | هاموشۆ کردن |
| 475 | مبلغ(اسم الفاعل) | پێڕاگەیەنەر | 520 | مراعـاة | رەچاوکردن |
| 476 | متابعـة | بەدواداچوون | 521 | مرافعة | دادبینی |
| 477 | متبقي | بەرماوە | 522 | مرافعة حضـورية | دادبینی بەرەو روو / رووبەروو |
| 478 | متفرقة | پەرگەندە | 523 | مرافعة غيابية | دادبینی پاش ملـە |
| 479 | متناقض | ناکـۆك | 524 | مراهق | هەرزەکـار |
| 480 | مجتمعا | پێکـەوە | 525 | مرحلـــة | قۆناغ |
| 481 | مجـــرم | تاوانکار | 526 | مرض الموت | نەخۆشـی سەرەمەرگ |
| 482 | مجـرى | شاوەڕێ | 527 | مرفق | هاوپێـچ |
| 483 | مجموع | سەرجەم / کـۆی | 528 | مـزايـدة | لێك زیـادکـردن |
| 484 | مجهول النسب | رەچەڵەك نادیار | 529 | مسـائلة | پرسـینەوە |
| 485 | محارم | پێك نەشیاو | 530 | مستحق الأداء | پێویست بە دانەوە |
| 486 | محاكمـة | دادگایی | 531 | مستند | قەواڵە |
| 487 | محتـال | فێڵباز | 532 | مسيل | جۆگەلە |
| 488 | محـرض | هاندەر | 533 | مشتكي | سکالاکار / دادخواز |
| 489 | محضـر | [illegible] | 534 | مشـتملات / مكونات | [illegible] |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٣٥ | مشكو منـه | سكالالێكراو |
| ٥٣٦ | مصاريف التجهيز | خەرجی كفن و دفن |
| ٥٣٧ | مصلحة مشروعة | بەرژەوەندیەكی رەوا |
| ٥٣٨ | مصيبة مفاجئة | كارەساتی ناكاو |
| ٥٣٩ | مضاهاة / مقارنة | بەراوردكردن |
| ٥٤٠ | مضمون | ناوەرۆك |
| ٥٤١ | مطاوعة زوجيـة | گوێ رایەڵی هاوسەری |
| ٥٤٢ | مطلق(اسم الفاعـل) | تەلاقدەر |
| ٥٤٣ | مطلقة(اسم مفعـول) | تەلاقدراو |
| ٥٤٤ | مظنون/المشـتبه بـه | گومانلێكراو |
| ٥٤٥ | معاشـرة | پێكـەوە ژیان |
| ٥٤٦ | معـاينـة (الكشـف) | تۆڕین |
| ٥٤٧ | معتـرض | ناڕازی |
| ٥٤٨ | معترض اعتراض الغيـر | لێنارازی كەسانی دیكە |
| ٥٤٩ | معترض عليـه | لێنـــاڕازی |
| ٥٥٠ | معتوه | دەبەنگ |
| ٥٥١ | مُعدي | درم، فەگرتن |
| ٥٥٢ | معلق على اليمين عن النكول | هاتەسارە، لە سەرپێچیلە لە كاتی سەر نەهێنانی |
| ٥٥٣ | مغالاة | زێدەڕۆیی |
| ٥٥٤ | مغفل | گێل |
| ٥٥٥ | مفقود | ون بوو |
| ٥٥٦ | مفلس | پەرپووت |
| ٥٥٧ | مقاصة | بەرپەك خستن |
| ٥٥٨ | مقبوضات | وەرگیراوەكان |
| ٥٥٩ | ملحـق اقوال | پاشكۆی قسـەكان |
| ٥٦٠ | ملـزم | ناچـار / پابەند |
| ٥٦١ | مماطـلة | گنخاندن |
| ٥٦٢ | منـادي | گازكـار / بانگهێز |
| ٥٦٣ | مناسخة | لێك گرتنەوەی میرات |
| ٥٦٤ | منجز | كـارا |
| ٥٦٥ | منـــذر | هۆشـدەر |
| ٥٦٦ | منذر اليـه | هۆشداركراو |
| ٥٦٧ | منفردا | بە تەنیـا |
| ٥٦٨ | مهر المؤجل | مارەیی پاشەكی |
| ٥٦٩ | مهر المثل | مارەیی هاوتـا |
| ٥٧٠ | مهر المسـمى | مارەیی دیاركراو |
| ٥٧١ | مهر المعجـل | مارەیی پێشەكی |
| ٥٧٢ | مواصفـات | شـاكـــار |
| ٥٧٣ | موت المورث حقيقة | مردنی راستەقینە |
| ٥٧٤ | موت المورث حكما | مردن بە فەرمان / بەمردوو دانراو |
| ٥٧٥ | مودع لديـه | لا سپێردراو / لە لادانراو |
| ٥٧٦ | مودع(اسم الفاعل) | سپێردەر |
| ٥٧٧ | مودع(اسم مفعول) | سپاردە |
| ٥٧٨ | موصى بـه | [illegible] |
| ٥٧٩ | موصى لـه | بۆ سـپێراو |
| ٥٨٠ | موصـــي | پێسـپێر |
| ٥٨١ | مـوكـل | بریكـار دار |
| ٥٨٢ | ناقص الأهليـــة | ناكام |
| ٥٨٣ | ناكث العهد | پەیمان شكێن |
| ٥٨٤ | نسـب | رەچـەڵەك |
| ٥٨٥ | نشـوز | ناچیزەیی |
| ٥٨٦ | نظـام | پەیرەو |
| ٥٨٧ | نفاس | زەیستان |
| ٥٨٨ | نفقة ماضيـة | خەرجی رابردوو |
| ٥٨٩ | نفقة متراكمـة | خەرجی كەڵەكەبوو |
| ٥٩٠ | نفقة مستمرة | خەرجی بژێوی بەردەوام |
| ٥٩١ | نقـل | گواستنەوە |
| ٥٩٢ | نقل دعوى | داوا گواستنەوە |
| ٥٩٣ | نكـول | سەرنەهێنانەبەر |
| ٥٩٤ | هامش | پەراوێـز |
| ٥٩٥ | هتك العرض | هەتك كردن / ئابڕووتكاندن |
| ٥٩٦ | هجر الزوج لزوجته | سەرجێی نەكردن |
| ٥٩٧ | هـوية | ناسـنامە |
| ٥٩٨ | هـوية العاقديـن | ناسنامەی هەردوو لایەنی گرێبەست |
| ٥٩٩ | وارث | میراتگـر |
| ٦٠٠ | واردات | داهـات |
| ٦٠١ | وإلا | دەنـا |
| ٦٠٢ | وديعـة | سـپاردن / سپاردە |
| ٦٠٣ | ورقة التبليغ | پسـوولەی پێڕاگەیاندن |
| ٦٠٤ | ورقة تكليف بالحضـور | پسوولەی ئامادەبـوون |
| ٦٠٥ | وزارة | وەزارەت |
| ٦٠٦ | وصاية عن | لە جیاتی |
| ٦٠٧ | وصـي | پێسـپێراو |
| ٦٠٨ | وصيـة | راسـپاردن / راسپاردە |
| ٦٠٩ | وضـع اليد | دەست لە سەر دانان |
| ٦١٠ | وظيفة | فرمان |
| ٦١١ | وعـد | بەڵێن / هـەروێ |
| ٦١٢ | وكـالـــة | بریكارنامە |
| ٦١٣ | وكيل | بریكـار |
| ٦١٤ | ولايـة | باوانە |
| ٦١٥ | ولي | باوان |
| ٦١٦ | يجـب | دەبێ |
| ٦١٧ | يسر | خۆشی / هەبوون |

**پاشکۆی ژمارە (١٠)**




ئەم زاراوەی یاساییە بەدەستکارییێکی کەمەوە هەمان فەرهەنگۆکی زاراوە یاساییەکانی (بەشی یەکەمی) کە لیژنەیەک لەوەزارەتی دادی حکومەتی کوردستان لە ئەیلوولی ٢٠٠٠ ئامادەی کردووە.

پەراوێز:

١- سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لەبارەی سیاسەتی زمان یارمەتییان داین:

أ- کاک هەڵگورد جندیانی بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ب- کاک ئیسماعیل بەرزنجی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان.

ت- کاک خالید جەمیل خاوەنی کتێبخانەی سۆلاڤ لە هەولێر.

پ- مامۆستا عەبدولکەریم هەمەوەند (کاکە) کە چەندین پەرەگرافی لەزمانی ئینگلیزی بۆ کردینە کوردی.

ج- بەشداریکردنمان وەکو پارێزەرێکی زمانپارێزی زمانی کوردی چ وەکو ڕۆژنامەنووسو نووسەر یا لەژیانی پارێزەرایەتی یا پەرلەمانتاری ئەم کارەم بەئەرکی نەتەوەیی سەرشانم زانیوە تاکو دوا هەناسەی ژیانم داکۆکی لێ دەکەمو بەسووربوونو مکوڕی کردنو جەخت لەسەر کردنی کە زمانی کوردی یەکسانە لەگەڵ زمانی دیکە، بۆیە دەبێ سیاسەتی زمانو یاسای زمانە فەرمییەکانمان هەبێو چیتر دوانەخرێن، بەڵکو بە ئەرکێکی هەمیشەییو ولاتپارێزی بزانرێو بناسرێ.

٢- لەدەستووری کۆماری عێراقدا (٢٠٠٥) بەم جۆرە لەدوو ماددەدا ناوی هەرێمی کوردستان هاتووە:

لە ماددەی (١١٧): یەکەم: ئەم دەستوورە لەمێژووی پیادەکردنیەوە دان بەهەرێمی کوردستانو ئەو دەسەلاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەکو هەرێمێکی فیدراڵ.

ماددەی (١٤١): کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دراون، لەوانەش بڕیارەکانی دادگاو گرێبەستەکان ئەگەر هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بەپێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بەمەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت.

٣- دەقی یاساو بڕیارەکان کتومت چۆن لە وەقائعی کوردستان بڵاوکراونەتەوە

بەهەمان شێوە نووسراونەتەوەو هەروەها ئەو دەقانەی وەرگێڕاون.

٤- لە ١٩٩٦ ەوە بایەخو گرنگی بەم لایەنە دەدەمو دوو بەرهەمم بەچاپ گەیاندووەو سێیەمیشیان بەم نزیکە چاپ دەکەین. بەشداریکردنم چ وەکو پارێزەر یا پەرلەمانتار ڕۆڵی ئەوانەی کاراو کاریگەرییان هەبووەو بەم ئەرکە دیرۆکییە ڕابوون دەنووسمەوە تاکو بزانرێ لەم بارەوە وڵاتپارێزان دەستەوەستان نەوەستاونو هێندەی لەتوانایاندا بووبێت درێغییان نەکردووە. ئەو نموونانەی هێناومەتەوە چ لەسەردانم بۆ هەندەران یا لە سەرچاوەکانی بینراو، بیستراو، خوێنراو وەرمگرتووەو لەکۆتایی بابەتەکە ناوی هەموویانم هێناوە.

٥- نۆزدە ساڵ چاوەڕوانی لایەنەکانی پەیوەندیدارمان کرد، لەبەر ئەوەی لەئاستی پێویستدا نەبوون، بۆیە بەپێویستم زانی کە ئەم بابەتە پێشکێش بکەم.

٦- لەبارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) پەسند کرا بۆیە باسم نەکردووە، چونکە ڕیفراندۆمی لەسەر نەکراوە تاکو بکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

٧- تاقە ڕێکخراو لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تایبەتمەندبێ بەم بوارە (ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی) یە.

٨- دەقی بۆچوونی زمانزانی کورد هێژا شکور مستەفا لەبارەی لیستی زاراوە یاساییەکانی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژ١٤ی گۆڤاری یاساپارێزی بڵاوکراونەتەوە.

٩- لە (٢٠١١/٢/٣) قسەکردن بەزمانی کوردی لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا جێبەجێ کرا، بەڵام ئایا ڕۆژی ئەوە نەهاتووە ئەندامانی کورد کە بە بەردەوامی بەزمانی کوردی قسە بکەن؟!

١٠- گەر باسی زمانی کوردی لەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە بکەین ئەوا هەر چواریان زۆرینەی دانیشتوانیان موسڵمانن (کۆماری ئیسلامی ئێرانو کۆماری تورکیا، کۆماری عێراقو سوریا)، لێرەدا دەپرسین جگە لە بەشێکی عێراق گەرچی لە دەستووری کۆماری عێراق لە ماددەی چوارەمیدا ناوی زمانی (عەرەبیو کوردی) بە دوو زمانی فەرمی هاتووە، بەڵام لەبەر نەبوونی یاسای زمانو ڕاهاتنی زۆرینە لە یەک زمانو یەک نەتەوە

زەحمەتە هەردوو زمانەکان بەیەکسانی بەکار بهێنرێو گەر باسی وڵاتانی دیکە بکەین گەر بڵێن موسڵمانین. دەڵێم گەرچی ژمارەی موسڵمانانی جیهان (ملیارێکو نیوە) و ژمارەی عەرەب ٣٠٠ ملیۆنە واتە ڕێژەیان لەتێکڕاو پێکڕای موسڵمانان ٢٠٪ بەڵام ٨٠٪ ی دیکەیان غەیرە عەرەبن گەرچی توندڕەوانی عەرەب بەهەڵەدا چوون کە وا دەزانن یان تێگەیشتوون کە ئەوەی بووە موسڵمان دەبێتە عەرەب، چونکە ئەمە پێچەوانەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر بێ).

**ئایەتەکان**

(وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاْخْتِلاَفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَنِكُمْ إنَ في ذَلِكَ لأَيَاتٍ لِلّعَالَمِين). سورەتی (الروم) ئایەتی (٢٢).

(وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسول إلا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ). سورەتی (ابراهيم) ئایەتی (٤).

(حتَّى إِذَا بَلَغَ بَيْنَ السَّدَّيْنِ وَجَدَ مِنْ دُونِهِمَا قَوماً لا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلاً). سورەتی (الكهف) ئایەتی (٩٣).

(يَا أَيَّا النَّاسُ إنا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وأنْثَى وَجَعَلْنَاكم شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعارَفوا ان أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ أَتْقَاكُمْ). سورەتی (الحجرات) ئایەتی (١٣).

**فەرموودەکە:**

(ما منكم من احد يوم القيامة إلا ويكلمه ربه بلغتهم من غير ترجمان).

نازانین بە چ پێوەرێک لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کە لە ٥٧ وڵات پێکدێت تاقە زمانی ڕەسمی زمانی عەرەبییەو دەتوانرێو بۆ بەجێگەیاندنی کاروباری پێویستی ڕێکخراوەکە زمانی ئینگلیزیو فەرەنسی بەکاربهێنرێ دەپرسین بۆچ زمانەکانی دیکەی موسڵمانان نکۆڵی یا فەرامۆش دەکرێ!

بۆیە هیوادارین کە مامۆستایانی ئایینی موسڵمانی کورد پترو زیاتر باسی ئەو لایەنە بکەن بەتایبەتی لە مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستاندا کە ژمارەیان (٢٨٠٠) مزگەوتەو وتاری ڕۆژی هەینییان تیا دەخوێندرێتەوە، چونکە لایەنی یەکسانی زمانەکان زۆر کەم باس کراوە، سەرەڕای ئەوەش وشیاریو ڕۆشنبیری لەم بارەوە لەئاستێکی یەکجار نزمدایە.

١١- پەخشی کەناڵی ئاسمانی تایبەت بەپەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١١/٣/١ (تێستی) دەستی پێکردو لە ٢٠١١/٣/٢ش یەکسەر (ڕاستەوخۆ) دانیشتنی پەرلەمانی گواستەوە.

١٢- ئەم بابەتە لەرێکەوتی ٢٠١١/٤/٢٨ لە ئەکادیمیای کوردی پێشکێش کرا.

**سەرچاوەکان**


١. زمانە فەرمییەکان لە دەستووری وڵاتە فیدراڵییەکاندا، پاریزەر/ طارق جامباز ٢٠٠٥.

٢. من ابادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادي، المحامي طارق جامباز ٢٠٠٨.

٣. بەستانداردکردنی زمانی کوردیو ئەلفوبێی کوردی د. ڕەفیق سابیر ٢٠٠٨.

٤. ستاندەربوونی زمانی کوردی لەنێوان زمانی سیاسەتو سیاسەتی زمان، سەلام ناوخۆش ٢٠١٠.

٥. السياسات اللغوية، لويس جان كالفي، ترجمة محمد يحياتن في ٢٠٠٩.

٦. حرب اللغات والسياسات اللغوية، لويس جان كالفي ترجمة د. حسن حمزه ٢٠٠٨.

٧. گۆڤاری یاساپارێزی ژ ١- ١٤.

٨. گۆڤاری k٢١ ژ ٨، ٩.

٩. گۆڤاری پارێزەر ژ ١- ٢٠.

١٠. گۆڤاری زمانناسی ژ ١- ١١.

١١. گۆڤاری نووسەری نوێ ژ/٥٤.

١٢. گۆڤاری NATIONAL GEOGRAPHIC العربية ژ٣/٢٠١٠.

١٣. بزربوونی ناوی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا/ ئیسماعیل تەنیا ٢٠٠٨.

١٤. پڕۆژەی بەکوردیکردنی زانستو خوێندنی باڵا د. فاضل قفطان ١٩٩٣.

١٥. ناسیونالیزمو سەفەر، مەریوان وریا قانیع ٢٠٠٦.

١٦. کۆماری کوردستان (١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧) حامید گەوهەری، هەولێر ٢٠١٠.

١٧. التنظيم القانوني لتعدد اللغات في الدولة الفيدرالية (دراسة تحليلية مقارنة) کارزان طارق جامباز، ٢٠٠٨، (ماستەر نامەیەکی بڵاونەکراوەیە).

١٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ٥٣٩٦ لە ٢٠١١/٢/٤.

١٩. دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ فەرمانگەی ڕاگەیاندن.

٢٠. هەر دوازدە بەرگی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق (١٩٩٢- ٢٠٠٩).

# یاسای زمان.. ناسنامەی نەتەوە دەپارێزێت

لە دەستووری چەندین وڵاتدا[1]، ماددەی تایبەتی بۆ زمانە فەرمییەکانی وڵاتەکە تەرخان کراوە کە لە هەمان کاتیشدا ئەو وڵاتانەی فیدرالین، ئەوا لە دەستووری هەرێمەکانیشیاندا جەخت لەسەر ئەمە کراوەتەوە[2]، و بۆ پراکتیزەکردنی زمانەکان لە هەموو ئاستێکدا ئەوا یاسای زمانە فەرمییەکان نەک لە پەرلەمانی وڵاتەکاندا، بەڵکو لە هەرێمەکانیشدا دەرچوێنراون (یاسای زمان لە هیندستان ١٩٦٣) (قانون اللغات الرسمية في كندا لعام ١٩٨٩).

هەر لە هەرێمی کیوبیک لە کەنەدا چوار یاسای زمانی تاکو ١٩٩٣ دەرچواندووە، لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا بەوردیو قووڵی، خاڵ لەسەر پیتەکان دانراوە، تاکو بەڕێکوپێکی جێبەجێ بکرێو سزای یاساییش دانراوە بۆ ئەوانەی جێبەجێی ناکەنو تایبەتمەندیی ئەم یاسایە، یاسای زمانە، چونکە پەیوەندیدارە بەبواری بەکارهێنانی زمانو جیایە لە یاساکانی دیکە.

یاسای زمان لە چوارچێوەی یاسای تایبەتمەند دەبێ کە وشە و دەستەواژەو زاراوەکانی، داڕشتنی تایبەتی دەوێو زۆر بابەتی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێ، بەڵام ناوەڕۆکێکی یاسایی هەیە[3]، بۆیە ئەو وڵاتانەی فرە زمانن، لە پەرلەمانی وڵاتو هەرێمەکانیان ئەم یاسایە دەردەچوێننو ژمارەی ئەو یاسایانەش ٤٧٠ یاسان[4].

لەبەر هۆکاری داهێنانەکانی ئەلکترۆنی، کە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوەو جیهانگیری هێنایەتە کایەوە، بۆیە (وا مەزندە دەکرێ کە لەو شەش هەزار زمانەی سەر گۆی زەوی هەر تەنیا «٢٠٠ تاکو ٥٠٠» زمان دەتوانێ خۆی لەبەردەم گۆڕانکارییە خێراو بلەزەکانی هەموو لایەنەکانی ژیان ڕابگرێ[5]، و تاکە یاسای زمان کە زمانی کوردیش بگرێتەوە (یاسای زمانە خۆجێییەکانە) لە عێراق ساڵی ١٩٣١ کە پێش هەشتا ساڵ دەرچووە، دواتر

١ – دستور الاتحاد السويسري لعام ٢٠٠٠ م٤، م ١٨، م ٧٠.

٢- دستور كندا لعام ١٩٨٢ لە ماددەی ٦ تاکو ماددەی ٢٠و ماددەکانی دیکە.

٣– دستور الهند ١٩٤٩ وتعديلاته لغاية ١٩٩٥ م ٢٩، ٣٠، ٢١٠، ٣٤٨، و دواترو پاشکۆی ژ ٨.

٤– دستور جمهورية جنوب افريقيا لعام ١٩٩٦، ٥ ،٦ ،٣٠.

٥– دەستووری اتحاد بوسنیاو هزرکوڤینیا لعام ١٩٩٤ ماددەی ٦.

چەندین یاسای زمانپارێزی دەرچوون، بە فەرامۆشکردنی زمانی کوردی، بەڵام دوای بەیاننامەی ١١ی ئادار یاساکان دەرچوێنراون، تیایە لەناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی باسی زمانی کوردی کراوە، بەڵکو بەپلانێکی تۆکمە بۆ دارێژراو دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان حکومەتی بەعسیزمو جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، ئەوا دەست کرا بەکەمکردنەوەو نەهێشتنی زمانی کوردی لەدەرەوەو ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی، کە یاساکە لە ١٩٧٤ دەرچوو، نەک ناوە کوردییەکان کران بەناوی عەرەبی[1]، بەڵکو فۆرمی گۆڕینی نەتەوەی کوردی بۆ نەتەوەی عەرەبی دابەش کرا[2]. دەیان بەڵگەنامەم لەم بارەوە لە چاپەمەنییەکان بەزمانی عەرەبیو تورکیو ئینگلیزی بەچاپ گەیاندووە[3].

تەنیا دەقی نووسراوێک دەهێنمەوە کە بە ژ ٧١ لە ١٩٨٩/٣/١٨ یەکجار نهێنیو زۆر بەپەلە کە لەسەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ هۆبەکانی هەمان حزب لە هەولێرو سلێمانی ڕەوانە کردووەو بابەتەکەش نەمانی (خوێندنی کوردی) بۆ ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩١ لە کوردستان[4] نەمێنێ، ئەمیش ئەنفالی زمانی کوردییە، چونکە بەعسیزم پلانی بۆ ئەوە دانابوو کە تاکی کورد هەستی خۆ بەکەم زانینو متمانە بەخۆنەکردنو زمانەکەش لەخوارو نزمترە لەزمانی عەرەبی دادەنا، هەروەها نەتەوەکانی غەیرە عەرەبی بەبیرو هزری بەعسیزم لەنیشتمانی عەرەبی بەمیوان دادەنران[5].

لێرەدا دەپرسین ئەی دوای ڕاپەڕین لەبارەی زمانی کوردی چیمان کردووە؟ دەڵێین زۆر کار ئەنجامدراوە لە پەروەردە نەک خوێندن بەزمانی کوردی لە ٤٩٧ ئامادەیی دەخوێندرێو بەڵکو ٦٣٣ گۆڤارو ڕۆژنامە دەردەچێو ١٨٠ ئێزگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن[6] و چەندین کەناڵی ئاسمانی پەخش دەکرێن، بەڵام ئایا بەپلانێکی تۆکمە بۆدارێژراو ئەنجامدراوە، بەڵکو بەزمانی غەیرە

---

١- دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥ م٤.

٢- یاسای بنەڕەتی هەرێمی باسک (ئیسپانیا) ١٩٧٩ ماددەی ٦ و دواتر.

٣- یاسای بنەڕەتی کاتالۆنیا- (ئیسپانیا) ٢٠٠٦ ماددەی ٦ ودواتر.

٤- في الصياغة القانونية- د عبدالقادر الشيخلي ص١٠٠.

٥- سیاسەتی زمان ناسنامەی نەتەوە دەچەسپێنێ (جامباز) ل٥.

٦- سیاسەتی زمان ل١٢٥.

کوردیش بایەخ و گرنگی پێدراوە.

ئەی بۆچ یاسای زمان لە بەرەی کوردستانی ١٩٨٨ دەرنەچوو، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی دیفاکتۆ بوو دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٥/١٩ دەرنەچوێنرا، چونکە بەرەی کوردستانی دوو یاسای دەرچواند، بۆیە دەبوایە یاسای زمان سێکوچکەی یاساکان بوایە.

هەر لە ١٩٩٢ تاکو ٢٠٠٩ لەهەرسێ دەورەی پەرلەمانو کابینە یەک لەدوایەکەکانی حکومەتو دەسەڵاتی دادوەریو میدیاو کۆمەڵگای مەدەنی پاڵەپەستۆییێکی کاریگەر هەبووە بۆ ئەوەی یاسای زمان هەبێو دەتوانرا لە ١٩٨٨- ١٩٩٢ لە بەرەی کوردستانی ئەم ئەرکە دیرۆکییە ئەنجامدرابوایە، دەڵێین هەلێکی مەزنو بەرز لەدەست چوێنراو مێژوو بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، تاکو نووکە یاسای زمان لە پەرلەمانی کوردستان دەرنەچووە، گەر چی هەوڵیش دراو[1] ئەمساڵ ٢٠١١ لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان نووسراوێکی نهێنی ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان لەم بارەوە کرا[2] بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک ئەویش لەسەر پێشنیازی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیەکی یاسای زمان.

گەرچی پڕۆژە یاسایەکی زمانە فەرمییەکان لە کۆماری عێراق لە ٢٠٠٧/١/٢١ لە کۆنگرەیەکی فیدراڵی لە هەولێر کە نووسەری ئەم بابەتە باسێکی تیا پێشکێش کرد، لە هەمان ڕۆژدا پڕۆژەیەکم دایە جێگری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێز (خالد عەتیە) و هەندێ لەئەندامانی ئەنجومەنەکەو دواتر دەقی باسەکەم بەئیمێڵ بۆ ڕەوانە کردن[3].

١- من ابادة اللغات ل١٧ تاکو ٣٢.

٢- من ابادة اللغات. ل٣٣.

٣- سیاسەتی زمان. ل٦٧

**بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**پەسەندکراوی کۆنگرەی چواردەهەم.**
**(کۆنگرەی گەشەکردنو بەجەماوەریکردنی خەبات)**
**١– ١٤ سێپتامبری ٢٠٠٨ زاینی**

ناسنامەی ئیتینکیو نەتەوەیی، بنەمایەکی بابەتی هەیە (خاک، زمان، مێژووی هاوبەشو.. هتد)

دابینکردنی مافی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

**فەسلی دووەم:**

بنچینەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

١٢– زمانی کوردی، زمانی فەرمیی هەموو ئاستەکانی خوێندنو پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستانە، زمانی فارسی لە هەرێمی کوردستانیش لەپاڵ زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دەخوێنرێ.

١٣– پێوەندییە فەرمییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئۆرگانەکانی سەر بەدەوڵەتی فیدراڵ لە کوردستانو هەرێمەکانی دیکەی ئێراندا بەزمانی فارسی دەبێ.

**فەسلی پێنجەم:**

ئا: سیاسەتی فەرهەنگی

٣– بایەخدان بەپێشکەوتنی زمانو ئەدەبیاتی کوردیو پشتیوانی لە نووسەرانو هونەرمەندان، پسپۆڕانو زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**کۆنگرەی سێزدەهەم ١١– ١٨/ ١٢/ ٢٠١٠**
**نوێبوونەوەو دادپەروەریو پێکەوەژیان**

**ماددەی ٦٢:** داکۆکیکردن لەمافی هەموو ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی تری عێراقدا نیشتەجێن وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە گەلی کورد، کار بکرێ بۆ هەرچی زیاتر پتەوکردنو بەردەوامیەتی پێوەندیی کۆمەڵایەتیو کولتووری لەگەڵیاندا.

**ماددەی ٦٩:** چەسپاندنی هزری نەتەوەییو نیشتمانیی ئاوێتەکراو بە پرەنسیپەکانی

دیموکراتیو لێبوردەییو مافی مرۆڤ لە سیستمی خوێندندا بۆ ئەوەی لەڕێی ئاگابوون لەمێژوو و جوگرافیای کوردستانو بایەخدان بەکەلەپوورو کولتوورو زمانو شێوازەکانی کوردیو ئاینو مەزهەبەکانەوە، ئینتما بۆ گەلو خاکی کوردستان پتەوتر بێ.

**ماددەی ٨٥**: هاندانی بزاڤی وەرگێڕان لە هەرێمداو کردنەوەی دەزگایەکی ئەکادیمی تایبەتمەند بۆ وەرگێڕانی کتێبو سەرچاوە زانستییەکانو یاساکان بۆ زمانی کوردیو لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر.

**ماددەی ٩٧**: پاراستنو گەشەپێدانی کولتووری کوردی لەپێناوی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵی کوردییدا.

**ماددەی ٩٨**: پاراستنو گەشەپێدانی زمانی کوردی بەستانداردکردنی وەک مەرجێکی پێویست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو یەکێتی نەتەوەیی کورد. هەروەها کاراکردنی پرۆسەی بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە سەرتاسەری عێراقدا.

**پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان**
**پەسەندکراوی سێیەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک)**
**سلێمانی ٦/١/– ٢٠١٠/٦/١١**
**(بەرەو گۆڕانکاریو چەسپاندنی یەکێتی لەناو یەکێتی)**
**پێنجەم: پەروەردەو خوێندن**

٩- کردنەوەی پەیمانگای تایبەت بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بۆ ئەو کەسە بیانییانەی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەنو دەژین.

**هەشتەم**: بواری کولتووری

١- گەشەپێدانی بزووتنەوەی کولتووریو دامەزراندنی ناوەندێکی زانستی تایبەت بەئامانجی نزیککردنەوەی شێوە زارەکانی زمانی کوردی تا ببێتە هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردیو پەرەپێدانی کۆڕی زانیاری کوردی (راستییەکەی ئەکادیمیای کوردییە- نووسەر).

پەیمانی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان (K.N.K ) لە کۆبوونەوەی نۆیەم لە

ڕۆژانی ١٤/١٣/ ١٢ /٢٠٠٨ ئەم پەیمانە پەسند کرا.
بەندی ٣ مافی بنچینەیی
B- زمانی کوردی، زمانی فەرمی هەموو کوردستانە.
بەندی ٦ ئامانجی کۆنگرە
K- کۆنگرە، لە پێناو ژیاندنەوەو گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی هەوڵدەدات.
بەندی ٧ لە تێکۆشانی نەتەوەییدا پێگەی ستراتیژیک
C- کۆمسیۆنی زمان، پەروەردە، فەرهەنگ و هونەر.
بەندی ١٨ ئەرک و دەسەڵاتی کۆمسیۆنەکان
ئەم کۆمسیۆنانەی خوارەوە لە ژێر چاودێری دەستەی بەڕێوەبەریدا، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی ئەم پەیمانە، لە بەرامبەر دەستەی بەڕێوەبەری بەرپرسیارن.
٣- کۆمسیۆنی زمان، پەروەردە، فەرهەنگ و هونەر.
C- هەوڵ بۆ پاراستنی زاراوەکانی کوردی و هاوکات بۆ سازکردنی زمانێکی نەتەوەیی یەکگرتوو خەبات بکات.
D- لەسەر پەروەردەی زمانی کوردی ڕادەوەستێت وە لەتەک هەموو ئەو دەزگایانەی کە لەم بوارەدا خەبات دەکەن هاوکاری و سازمانیان دەدات.

**پڕۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی**
**کۆنگرەی پێنجەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (٢٠١٠)**
**ماددەی چوارەم: بنەما گشتییەکان**

٧: گەلی کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیەو ناسنامەی نەتەوەیی خۆی هەیەو بەشێکە لە ئومەی ئیسلامیو هەمان ئەو مافانەشی هەیە کە نەتەوەکانی دیکە هەیانە بەمافی دیاریکردنی چارەنووسیشەوە.
**ماددەی پێنجەم:** ئامانجەکان
یەکەم لە بواری سیاسیدا
مەسەلە کوردستانییەکان
پاراستنی ناسنامەی ئیسلامیو بەها باڵاکانی کۆمەڵگای ئیسلامی
پێنجەم/ لە بواری فیکرو ڕۆشنبیریدا

٧: پاراستنی ڕەسەنایەتی ڕێنووسو زمانی کوردیو هەوڵدان بۆ ئەکتیڤ کردنی زمانی یەکگرتووی کوردی لە بەرنامەکانی خوێندنو دامودەزگا حکومییەکاندا.

**پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان**
**پەسەندکراوی کۆنگرەی دووەمی ٢٠١٠**
**بەرنامەی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی**

٦- گرنگیدان بەزمانە زیندووەکانی جیهان بەتایبەتی عەرەبیو ئینگلیزیو لەسەر شێوەی خول قوتابیان فێری زمانو ڕێزمانی ئەو دوو زمانە بن نەک لەسەر شێوازی وانەی ساڵانەو قوتابی پێوە سەرقاڵ نەکرێت.

**بەڵگەنامەکانی چوارەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان**
**(١٢– ١٣– ١٤ی ئاداری ٢٠٠٨)**

بایەخدان بەزمانی کوردی بەو پێیەی کە زمانی خوێندنی فەرمییە لە هەموو قوتابخانەکانداو، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی فێرکردنی تایبەت بەهەردوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی.

- دانانی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی لەئاستی پەروەردە و، خوێندن بۆ سەرانسەری کوردستان.
- بایەخدان بە ئەکادیمیای کوردیو پەرەپێدانی پێکهاتەکەی.

سیاسەتی زمان نەک لە وڵاتانو هەرێمەکانو یەکێتی ئەورووپی هەیە، بەڵکو لەنێو لایەنەکانی سیاسیش هەیە، ئەویش سیاسەتی زمانە کە پێپەرێکی تێروتەسەل بۆ ماوەیەکی درێژخایاند لەلایەن پسپۆڕانەوە دەنووسرێ، بۆ نموونە حزبی ژینگەی (سەوز) لەکۆماری ئیرلەندا بۆ ماوەی بیست ساڵ ٢٠٠٩– ٢٠٢٩ سیاسەتی زمانی هەیەو لە کرۆکی ستراتیژی حزبەکەدایە[1]، بەڵام لایەنەکانی سیاسیی کوردستان ئەم لایەنە گرنگەیان لە پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی لە ئاستی پێویستدا نین، لەبەر ئەوەی تەوەرێکیان بۆ تەرخان نەکردووە.

(سیاسەتی زمان) پلاندانانو ڕێکخستنو بەدواداچوونو چاودێری ئەم لایەنە (سیاسەتی زمان) تاکو کەموکوڕیو کەمتەرخەمی دەستنیشان بکرێو

١ – سیاسەتی زمان ل ١٤٢– ١٤٩.

یەکسەرو گەرماوگەرم هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە چاوپۆشینو خەمساردیو دوودڵیو پشتگوێ خستنی دەبێتە هۆکاری سەرەکیی لاوازیو سستیو کزی، کە لە دوارۆژدا گەر پێداچوونەوەی خێراو بەپەلەو بلەزی بۆ نەکرێ، ئەوا هێدی هێدی زمانەکە بەرەو هەڵدێرو دواکەوتنو چەقین دەچێ، لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی دوارۆژێکی لێڵو ئاڵۆزو دژواری لێ دەکرێ[1].

بۆیە دەبێ لایەنەکانی سیاسی (سیاسەتی زمانیان) هەبێ، چونکە گەر خاک (دایک) وڵات بێ، ئەوا زمان گیانەکەیەتی، بۆیە وڵاتانو هەرێمەکانیانو لایەنەکانی سیاسییان تیا ململانێ دەکەن، کەوا کامیان پترو فراوانتر زمانپارێزی لە ستراتیژیدایەو دەبێ ئێمە خەمخۆرێکی وڵاتپارێزی زمانەکەمان بین چونکە لە هەرێمی باشووری کوردستان بوار ڕەخساوە کە ئەم ئەرکە دیرۆکییە ئەنجام بدرێو هەروەها مامۆستایانی ئایینی بەم ئەرکە ڕابنو پێویستە لەسەر (مامۆستایانی کوردی موسڵمان جەخت لەسەر زمان بکەن، چونکە ئەم لایەنە کەم باس کراوەو سەرەڕای وشیاریی ڕۆشنبیری لەم بارەوە لەئاستێکی یەکجار نزمدایە[2].

ناسنامەی جیاوازی لەم بارەوە هەیە:

١. ئایینی (بۆ نموونە لە ئەوروپا بۆ ماوەی هەزار ساڵ ناسنامەی خەڵک هەر ئایینەکەیان بوو)[3]

٢. نەتەوەیی.

٣. وڵاتنامەکە هەریەکەیان سەر بەوڵاتێکن.

٤. ڕەنگی پیست (ڕەشو زەردو سپی).

٥. بنچینەی ڕەگەزایەتی (ئاریو... هتد)

(زمانی نەتەوەیی کۆڵەکەی سەرەکییە کە ئایدۆلۆژیای نەوەی لەسەر پێکهێنراوە)[4].

(ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێ)

١- سیاسەتی زمان ل٣.

٢- گۆڤاری زماننامسی ژ ٢٠١١/١٢ ل ١١٠.

٣- اللغة والهوية ل١٣٤..

٤- اللغة والهوية ل ٢٥٣

(هەموو نەتەوەکانی جیهان داکۆکی لە بەکارهێنانی زمانەکانیان دەکەن ئینجا سوود لە زمانە بیانییەکان وەردەگرن)

(زمانی نەتەوایەتی ناسنامەیەکی سیاسیی زمانە)

(زمان مۆرکی ناسنامەی کلتووری مرۆڤە، پردێکی نەبینراوی نێوان مرۆڤەکان، نەتەوەکانو نێوان مرۆڤو خودی خۆیەتی)[1]

(دەمێکە ڕادەی زمانی هاوبەش وەک بەڵگەیەکی سەرەکیی پەسەندی هۆشیاری ئیتنیو ئیتنۆ نەتەوایەتی ناسێنراوە)[2]

(زمانی کوردی پیرۆزترین شتو هەموو شتێکێتی، زمان ناسنامەو نیشتمانیەتی)[3]

(ناسنامەی نەتەوایەتی: بریتییە لە سەنتەری هێز، هەموو پرەنسیپەکانی ڕۆشنبیری بەلای خۆیدا کێش دەکاتو بۆ بەرژەوەندو خزمەتی خۆی دەیخاتە کار).[4]

زۆر پێناسەو ڕای دیکە بۆ زمانو ناسنامەی نەتەوەیی هەیە.

بەڕاشکاوی دەڵێم زمان کە ناسنامەی نەتەوەکەمانە لە باشووری کوردستان دەشێوێنرێو فەرامۆش دەکرێو سووکایەتی پێ دەکرێو هیچ لایەنێکیش بەدەنگ نایەت، گەر سەیری نووسینی سەر شوێنەکانی کەرتی گشتیو تایبەتی بکەن بەشێوەیەکی شێوێنراو و هەندێکیان هەر بەزمانی کوردی نانووسرێنو زانکۆی ئەهلی وا هەیە وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی قەدەغەیەو گەرچی پەیوەندی بەمیدیاو ڕێکخراوەکانی مەدەنی کراوە و لە کۆبوونەوەیەک ڕووبەڕووی وەزیری پەیوەندیدار کراوەتەوە، هەر هەموویان لە ئاستی پێویستدا نەبووینە، باسی مۆڵەکانی زۆرو زەوەندی کوردستان ناکەم، کە زمانی کوردییان تیا فەرامۆش کراوە ڕێستورانتەکان (مینۆی خواردن و خواردنەوە) و کۆمپانیای وا هەیە زمانی کوردی لە وڵاتەکەی قەدەغەیەو لێرەش بەکاری ناهێنێ. ڕاشکاوانە دەڵێم فریای زمانی کوردی بکەون دەنا بەرەو هەڵدێری نادیار دەبردرێو دەیانو سەدان نموونە لەم بارەوە هەن، بەڵام دەڵێم زمانی کوردی

١- کوردو پێویستیی ل ٢٨.

٢- الهويات والتعددية اللغوية ل ٣٣١.

٣- گۆڤاری زمانناسی ژ٩ / ٢٠١٠ ل٨٨.

٤- ڕامانو ناسنامە ل٥٠.

یەکجار ڕەنگینو سەنگینە، بەڵام لایەنەکانی پەیوەندیدار بەئەرکی سەرشانیان ڕانابن لە خەمخۆریی زمانی کوردی تەنیا بەقسە نا، بەڵکو بەکردەوە، بۆیە دەگەینە ئەنجامێ کە باشتر وایە ئەم خاڵانە بەزووترین دەرفەت بکەونە بواری پراکتیزەکردن بۆ ئەوەی کەموکوڕیەکان دەستنیشان بکرێن، پێویستە لیژنەیەک لەلایەنی پەیوەندیدار پێک بهێنرێتو ئەو کەسانەی زمانناسو زمانزانو لەم بوارە خەمخۆرانو لە دەرئەنجامدا پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە چیتر دوا نەخرێن، چونکە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیان بەستراتیژی نەتەوایەتیمان دەکەوێ.

١) پێش ئەوەی یاسای زمان دەربچێ، ئەوا ئامادەباشیو پێداویستییەکان ئامادە بکرێ، کە زاراوەو دەستەواژەو وشەی گونجاو کە مانای پڕ بەپێستی خۆی بداتە دەست، بەسوود وەرگرتن لە شێوەزارەکانی (دیالیکتەکانی) زمانی کوردیو دەبوایە کۆڕی زانیاری کوردستانو (ئەکادیمیای کوردی) بەم ئەرکە نەتەوەییە ڕابووایەو لیژنەیەکی هەمیشەیی لە زمانزانانو دەرچووانی زانستی زمانناسی پێک بهێنرایە تاکو کە یاسای زمان دەرچوو بێ دواخستنو هەنجەتو پاساو بیانووی نەبوونی کەرەستەی پێویستو وەرگێڕی ڕاستەوخۆ خولی تایبەتی ببینێ گەر دەرچووی کۆلیژ نەبوو تا بەکارامەییو لێزانی کارەکە ئەنجام بدات.

٢) دەستووری کۆماری عیراق لە ماددەی (٤)دا دانی بەزمانی کوردی لە تەک زمانی عەرەبی، ناوە بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گەر بەدەگمەنیش قسە بکەن، ئەوا شەرمنانەیە، چونکە وا دەزانن لە کەسایەتییان کەمو بچووک دەبێتەوە. زمان کە ناسنامەی نەتەوەییانە، ڕاشکاوانەو بوێرانە بەکاری ناهێننو لەو وڵاتو هەرێمانەی کە فرە زمانن ئەوا (وەرگێڕی ڕاستەوخۆ) لەشوێنی تایبەت لەنێو ژوورێکی شووشەبەند دەستبەجێ دەست بەوەرگێڕانی دەکاتو لێرەدا ئامێری تەکنەلۆژیا دابین بکرێ، تاکو ئەوانەی زمانەکە نازانن، ئەوا بە (مایک) گوێ بیستی زمانەکە دەبنو ئەمەیان جارێ نە لەعێراقو نە لە کوردستانیش بەدابینکردنی پێداویستییەکان جێبەجێ نەکراوە.

٣-أ لایەنەکانی سیاسی کوردستان لە چەند دێڕێکی کەم و کورت باسی زمانی کوردی (ناسنامەی نەتەوەیی) دەکەن بێ ئەوەی بەوردی و قووڵی ناونیشانێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەنو دەبوایە بایەخو گرنگیی پترو

فراوانتری پێ بدرابایە، چونکە ئێمە دەوڵەتمان نییە تاکو پشتی خۆمان لێ بکەینەوەو مسۆگەر بزانین ئەم بوارە بەدامەزراوی جێبەجێ دەکرێ، ئەوا وڵاتان جگە لەسیاسەتی زمان ئەکادیمیای زمانیان بەگەرمو گوڕێکی خەمخۆرانە، شەو و ڕۆژ لێک گرێ دەدەن، تاکو پەرەپێدانو گەشەپێدانی زمانەکانیان لەکاروانی پێشکەوتنی زمانەکان دوا نەکەوێو هەرسێ دەسەڵات بەئەرکی سەرشانیان دەزانن بەردەوام بەدواداچوونو دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانو کەموکوڕیو کەمتەرخەمیو دەستبەجێ چارەسەریان لەلایەن پسپۆڕانو لێزانو شارەزایانی بوارەکە بۆ دەدۆزرێتەوەو ساڵانە قاموسی میللی لەلایەن دەرچووانی زانستی زمانناسیو زمانزان بەچاپ دەگەیێنرێو لەکۆتایی قاموسەکەش ئەو وشانەی لەکار کەوتوون وشەی دیکە شوێنیان دەگرێتەوە.

٣-ب هیچ کامیان جەخت لەسەر یاسای زمان ناکەن، مەبەستم لایەنەکانی سیاسیی باشووری کوردستانە کە پێویستێکی یەکجار مەزنی نەتەوەکەمانە بەتایبەتی کە لەدەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) ماددەیەکی تایبەتی، ماددەی چوارەمی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوەو بەیاسایەکی تایبەت (یاسای زمان) ڕێک بخرێ چ لە پەرلەمانی عێراقو کوردستانو لەم بارەوە پەرلەمانتاران خەمساردن.

٤) ئەوانەی دەیانەوێ کار لە کوردستان بکەن جگە لەوانەی بانگهێشت کراون یان سەردان یان گەشتوگوزار دەکەن، ئەوا پێویستە مەرجی ڕێگەپێدانیان (فێرە زمانی کوری ببن) چ بۆ کەسەکە یا بۆ کارمەندانی کەسی مەعنەوی و بەهیچ جۆرێ ئەم مەرجە چاوپۆشیو کەمتەرخەمی لێ نەکرێ.

٥) ناونیشانی شوێنەکانی کەرتی تایبەتیو گشتی لە کوردستان کە زۆربەیان زمانی کوردییان فەرامۆش کردووەو پشت گوێ دەخەن بەزمانی دیکە دەنووسنەوەو کەسیش لەم بارەوە بەدواداچوون ناکات، چونکە هیچ کامیان خۆیان بە خاوەن بەرپرس نازانن؟!.

٦) لە کوردستان زانکۆی ئەهلی وا هەیە کە وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی قەدەغە دەکاتو لایەنی پەیوەندیداریش گەر ڕاستەوخۆ پێیان وتراوە، هیچیان لەم بارەوە نەکردووەو گەرچی لە کۆلیژی یاسا ئەمە ڕووی داوە، ئەمەش پێشێلکردنێکی ماددەی (٤)ی دەستووری کۆماری عێراقو مافی

مرۆڤو دیموکراسییەو قسەیەکی نەرمیشیان پێ نەوتراوە.

٧) زمان کە ناسنامەی نەتەوەییە ڕژێمی لەناوچووی بەعسیزم جینۆسایدی کردووە، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار داوای قەرەبووکردنەوە بکەن.

# پاشکۆکان

(١)

بسم الله الرحمن الرحيم

کۆماری عیـــراق
ئەنجومەنی نوێنەران
فەرمانگەی پەرلەمانی
بەشی نووسینگەی پارێزگاکان

نوسینگەی سلێمانی

جمهورية العـــراق
مجلـــس النواب
الدائرة البرلمانية
قسم مكاتب المحافظات

مكتب السليمانية

العـــدد : 62
التاريـــخ: 25/4/ 2011

بۆ بەڕێز/ تارق جامباز

**بابەت/ سەرنج و تێبینی**

لەسەر داوای بەڕێز (د. سامان فەوزی) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم دوو پێشنیارەی یاسای زمانی رەسمی لە عێراقدا (مقترح قانون اللغة الرسمية في العراق) تان بۆ دەنێرین بەهیوای ئەوەی هەر سەرنج و تێبینیەکتان هەبێت لەسەری بۆمان دەربخەن و روونی بکەنەوە بۆمان وە بۆمان بنێرنەوە بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین سەرنج و تێروانینەکانتان بەهەند وەربگرین و هەر کەم و کورتیەک هەبێت لە یاساکەدا هەوڵ بدەین چاکی بکەین.

داواکارین لە بەڕێزتان تاکو (10) دە رۆژی تر راوبۆچونەکانتانمان بۆ بنێرنەوە بۆ نووسینگەکەمان لە گەرمکی ئاشتی.

تێبینی/
ژمارەی تلفونی نووسینگە 3292603
ژمارەی تەلەفۆنی بەڕێوەبەر 07701532603

لەگەڵ ڕێزماندا

مكتب
مجلس النواب
السليمانية
العدد: ٦٢
التاريخ: ٢٥/ ٤/ ٢٠١١

ئاری صلاح الدين فرج
بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

وێنەیەک بۆ:
نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق / دەرچوو.

**(پرۆژەی یەکەم)**

بأسم الشعب
مجلس الرئاسة

بناء على ما اقره مجلس النواب بموجب الفقرة اولا من المادة (٦١) من الدستور و استنادا الى المادة (٤) منه، و الى احكام البند (ا) من البند خامسا من المادة (١٣٨) منه قرر مجلس الرئاسة بجلسته المنعقدة بتأريخ / /
اصدار القانون الاتي:

**(قانون اللغات الرسمية في جمهورية العراق الاتحادية)**

**التعريف**

المادة (١)

**اولا:** اللغة الرسمية هي اللغة التي تكون وعاءً للتعبير في شتى المجالات السياسية و الثقافية و الاجتماعية و الخطابات الرسمية و العادية، و الوثائق في جميع ما يتعلق بأمور الدولة من الداخل و الخارج في الاعلام و التربية و كل المجالات.
**ثانيا:** اللغة الرسمية المحلية هي اللغة التي تتقيد استعمالاتها الرسمية بالوحدات الادارية التي يشكل المتحدثون بها اكثرية فيها.

**المكون اللغوي للعراق**

**المادة (٢) اولا:** اللغة العربية و اللغة الكردية هما اللغتان الرسميتان للعراق.
**ثانيا:** اللغة التركمانية و اللغة السريانية لغتان رسميتان اخريان في الوحدات الادارية التى يشكلون فيها كثافة سكانية.

**نطاق استعمال اللغات الرسمية**

**المادة (٣)**/تستعمل اللغات العربية و الكردية في جميع فعاليات الدولة و اجهزتها و تشمل مايأتي:

**اولا: في مجلس النواب.**

ا/مداولات مجلس النواب و ما يلزمها من هيئة الترجمة اللغوية.

بـ/محاضر جلسات المجلس و القرارات.

جـ/ترجمة نصوص التشريعات و القرارات التي يصدرها مجلس النواب الى اللغة الكردية.

د/مجالات الاعلام كافة.

**ثانيا: في السلطة التنفيذية**

ا/البيانات و الوثائق الصادرتان من رئاسة الجمهورية.

بـ/البيانات و الوثائق الصادرتان من رئاسة الوزراء.

جـ/التكلم و المخاطبة و التعبير في المجالات الرسمية لمجلس الوزراء و في المؤتمرات الرسمية.

د/جوازات السفر.

هـ/هوية الاحوال المدنية و شهادة الجنسية العراقية.

و/العملة الورقية و المعدنية و الاوراق المالية من صكوك و أسهم و مستندات.

ز/الطوابع المالية.

ح/الجريدة الرسمية.

طـ/الاتفاقيات التى تعقد بين العراق و الدول الاخرى.

ي/لوحات الدوائر الرسمية و اورقها الرسمية.

كـ/الاعلانات داخل المطارات و الطائرات العراقييتين و تذاكر السفر.

**ثالثا: في السلطة القضائية**

ا/الاوراق الرسمية للمحاكم و الدوائر القضائية كافة.

بـ/على المحاكم مراعاة لغة اطراف الدعوى و الشهود.

جـ/تقدم المحاكم التسهيلات الكافية للترجمة الفورية و الدقيقة للمرافعات بالنسبة للغتين الرسميتين و المحليتين الاخريين.

**المادة (٤)**

**اولا:** تستعمل المؤسسات الاتحادية و المؤسسات الرسمية في اقليم كردستان اللغتين العربية و الكردية.

**ثانيا:** اللغة التركمانية و اللغة السريانية لغتان رسميتان اخريان في الوحدات الادارية التي يشكلون فيها كثافة سكانية.

**ثالثا:** لكل اقليم او محافظة اتخاذ اية لغة محلية اخرى لغة رسمية اضافة اذا اقرت غالبية سكانها ذلك بأستفتاء عام.

**المادة (٥)**

ا/تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى (الهيئة الاتحادية للغات العراقية) يرأسها موظف بدرجة وكيل وزارة.

بـ/تتولى الهيئة تنظيم الشؤون اللغوية و تفعيل استعمالاتها و تتكون الهيئة من اربع مديريات و يكون مقرها في العاصمة بغداد.

١- مديرية للغة العربية.

٢- مديرية للغة الكردية.

٣- مديرية للغة التركمانية.

٤- مديرية للغة السريانية.

**المادة (٦) يهدف هذا القانون الى/**

١-ضمان احترام الدستور و تفعيله بتنظيم استعمال اللغات الرسمية في العراق.

٢-نشر الوعي اللغوي، بغية التقريب بين القوميات العراقية و تعميق و ترسيخ المفاهيم الانسانية و الوطنية.

٣-خلق الاحساس الوطني لبناء الهوية العراقية على اسس متينة، وذلك باحترام اللغات الرسمية دون التمييز الناشيء من استعمال تلك اللغات.

٤-الافادة من استعمالات اللغة في المجالات الثقافية و السياسية و الاقتصادية و الاجتماعيةو التجارية.

٥-تعميق اواصر الصداقة و نبذ التفرقة القومية من خلال تبادل ادلب الشعوب و تراثها و تجاربها و ابداعاتها في مختلف ميادين المعرفة.

٦-اظهار الوجه المشرق لتطبيق مفاهيم حقوق الانسان و الديموقراتية و التعددية في العراق الجديد.
٧-تحقيق روح الاعتزاز بلغة الام و منع تسليط لغة على لغة اخرى.
٨-استجابة للروح الدينية الاسلامية التي تؤكد على اختلاف اللغات.

## احكام عامة

**المادة (٧)**
لكل مواطن عراقي او اجنبي تعليم ابنائه بلغة الام.
**المادة (٨)/** لكل قومية او طائفة الحق في انشاء مراكز ثقافية او مجامع علمية تخدم تطوير لغتها و ثقافتها و تراثها في اطار تعميق التنوع الانساني المشرق.
**المادة (٩)/** ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

## الاسباب الموجبة

تحقيقا لمقتضيات الدستورو التنوع القومي و اللغوي في العراق وتأكيدا لترسيخ البعد الانساني للعراق في عهده الاتحادي الجديد، و من اجل تمكين المكونات الاساسية للعراق المتعدد الأعراق و الاديان في التعبير الحر عن حاجاتها و متطلباتها بلغاتها الاصلية، و تطبيقا للمباىء الاساسية في الدستور. **شرع هذا القانون.**

**(پرۆژەی دووەم)**

## مقترح قانون اللغة الرسمية في العراق

المادة(١)
(يسمى هذا القانون بقانون اللغات الرسمية في جمهورية العراق الاتحادية)
المادة(٢)
تكون اللغتان العربية والكوردية اللغتين الرسميتين في جميع انحاء العراق ويستعملها جميع مؤسسات الدولة الرسمية وغير الرسمية .
المادة(٣)
تكون اللغة التركمانية والسريانية لغتان رسميتان اخريتان في الوحدات الادارية التي يشكلون فيها كثافة سكانية للقوميتين .
المادة(٤)
يحق لكل اقليم او محافظة استعمال اي لغة محلية اخرى رسمية اذا اقرت غالبية سكان ذالك الاقليم والمحافظة بستفتاء عام وفق القانون .
المادة(٥)
( أ )تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى (الهيئة الاتحادية للغات) عراقية برأسها موظف بدرجة وكيل وزارة .
(ب)تتولى الهيئة تنظيم الشؤون اللغوية وتفعيل استعمالاتها ,وتتكون الهيئة منن اربعة مديريات
ا- المديرية العامة للغة العربية
ب- الميرية العامة للغة الكوردية
ج- المديرية العامة للغة التركمانية
د- المديرية العامة للغة السريانية
المادة(٦)
تهدف هذة الهيئة بهدف هذا القانون الى :
١-ضمان احترام اللغات الرسمية في العراق
٢-نشر الوعي اللغوي بغية تعميق وترسيخ المفاهيم الانسانية والوطنية والقومية .
٣-خلق الاحساس الوطني عند المواطنين وذلك بحترام اللغات الرسمية دون التميز الناشئ من استعمال تلك اللغات .
٤-الافادة من استعمالات اللغة في المجالات الثقافية السياسية و الاقتصادية و الاجتماعية .
٥-تحقيق اواصر الصداقة ونبذ التفرقة القومية بين اللغات العراقية من خلال تبادل اداب الشعوب وتراثها وتجاربها وابداعاتها في مختلف ميادين المعرفة .
٦-اظهار الوجه المشرق لتطبيق مفاهيم حقوق الانسان والديمقراطية والتعددية في العراق الجديد .
٧-تحقيق روح الاعتزاز بلغة الام ومنع تسليط لغة معينة على لغة اخرى .
٨-استجابة للروح الدينية الاسلامية التي تؤكد على اختلاف اللغات .

مجالات الاستعمال :-

ضمان المساواه بين ابناء الشعب العراقي في الحقوق والامتيازات بالنسبة لاستعمالها لغاتها الخاصة في مؤسسات الدولة الاتحادية .

المادة(٧)

تستعمل اللغتان في المجالات الاتية :-

١ -السلطة التشريعية :-

تستعمل اللغتين العربية والكوردية في السلطة التشريعية في المجالات الاتية

أ-مداولات ومناقشات وخطابات مجلس النواب وكل الاجهزة الادارية في السلطة التشريعية وتهيئة مستلزمات الترجمة الفورية لمناقشات المجلس من لغة الى لغة اخرة .

ب-كتابة محاضر جلسات المجلس والمقترحات والتوصيات والقرارات بكلتا اللغتين .

ج-تتولى الدائرة الاعلامية في المجلس بترجمة نصوص التشريعات والقرارات التي يصدرها السلطة التشريعية من اللغة العربية الى اللغة الكوردية .

د-يستعمل السلطة التشريعية اللغتين في مجالات الاعلام (المقروء والمسموع والمكتوب والاليكتروني) .

ه-نشر القوانين والقرارت والانظمة الصادرة في الجريدة الرسمية باللغتين العربية والكوردية .

و-في حالات الخلاف بين النص العربي او الكوردي سيعتمد النص الذي كتب به القانون اساسا

السلطة التنفيذية :

تستعمل السلطة التنفيذية اللغتين الرسميتين في المجالات الاتية :-

١-في مناقشات ومداولأت وتوجيهات وبيانات وقرارات والوثائق الرسمية الصادرة من رئاسة الجمهورية .

٢- في مناقشات ومداولأت وتوجيهات وبيانات وقرارات والوثائق الرسمية الصادرة من رئاسة مجلس الوزراء .

٣-تستعمل الوزارات والهيئات كافة اللغتين الرسميتين في المجالات الاتية :-

أ-التكلم والمخاطبات والمناقشات والتوصيات والتوجيهات والرسائل والوثائق الرسمية التي تصدرها.

ب-في المؤتمرات والندوات واللقات الدولية والوطنية .

ج-فتح مدارس باللغتين الرسمية وفق الظوابط التربوية .

د-اصدار جوازات السفر.

ح-هوية الاحوال المدنية وشهادة الجنسية العراقية .

خ-العملة الورقية المعدينة والاوراق المالية من صكوك واسهم والسندات.

ر-الطوابع المالية والادارية وتذاكر السفر بكافة انواعها.

ز- الجريدة الرسمية.

ط-الاتفاقيات التي تعقد بين العراق والدول الاخرة .

ظ-الاتفاقيات التي تعقد بين الحكومة الاتحادية وحكومات الاقاليم والمحافظات الغيرمنظمة في اقليم .

٣السلطة القضائية :-

المادة( ٨ )

العربية والكوردية لغتان رسميتان للمحاكم الاتحادية والاقليمية وللمواطن ان يستخدم اي من اللغتين في المحاكم الاتحادية او الاقليمية عند الترافع او اجراءات المحاكمة الاخرة .

المادة( ٩)

على المحاكم بكافة انواعها و درجاتها تقديم التسهيلات الكافية في حلة طلب احد اطراف الدعوى الترجمة الفورية الامينة والدقيقة للمرافعات بما في ذلك ترجمة الشهادة من احدى اللغتين الرسميتين الى اخرة.

المادة( ١٠ )
على القاضي او الموظف المعين الرسمي في اقليم معين او محافظة غير منظمة في اقليم يفهم اللغة الكوردية في اقليم كوردستان واللغة الرسمية والمحلية للمحافظة غير منظمة في اقليم .
المادة( ١١ )
تصدر المحاكم قراراته باحدى اللغات الرسمية وفي حالة نشوب خلاف بين اطراف الدعوى في فهم مفاهيم القرار تصدر المحكمة قراراتها باللغتين .
المادة ( ١٢ )
تصدر المحاكم جميع قراراتها واوامرها القضائية باللغتين الرسميتين .
المادة ( ١٣ )
تصدر المحاكم جميع مستنداتها وجميع اوراقها الرسمية وشبه الرسمية باللغتين الرسميتين .

## احكام ختامية

المادة( ١٤ )
يستعمل جميع المؤسسات والهيئات والجهات غير المرتبطة بوزارة اللغتين الرسميتين .
المادة ( ١٥ )
لكل مواطن عراقي الحق في تعليم ابنائه لغة الام وعلى السلطات المعنية تقديم كافة التسهيلات للقوميات والطوائف التي تستعمل لغاتها الرسمية في المناطق التي يشكلون بها كثافة سكانية .
المادة ( ١٦ )
الحق لكل قومية او طائفة العمل من اجل تطوير وتنمية لغتها الام وعلى كافة مؤسسات الدولة تقديم الدعم والتسهيلات اللازمة لضمان ذالك .
المادة( ١٧ )
يحق لكل قومية او طائفة انشاء مؤسسات ومراكز اعلامية وثقافية ومجامع علمية بما يخدم تطوير لغتها وثقافتها وتراثها في اطار تعميق الروح الانسانية والقومية والوطنية .
المادة( ١٨ )
على الاعلام الحكومي بث برامجهاا باللغتين الرسمية, او فتح القنوات الاعلامية (المقروءة والمكتوبة والمسموعة والاليكترونية) بما يحقق تعميق روح الاحترام المتبادل بين القوميات والطوائف في العراق .
المادة( ١٩ )
ينفذ هذا القانون من تاريخ نشرة في الجريدة الرسمية .

## الاسباب الموجبة

بما أن العراق بلد متعدد القوميات واللغات , وحيث ان اللغة احدى اهم مقومات القومية فعدم اوظعف استعمالها يؤدي الى خلق روح التنافروالتباعد واسعمالها تؤدي الى روح المواطنة وترسيخ مفاهيم الديمقراطية ولاعتراف الدستور العراقي باللغتين الرسميتين للبلاد مع لغات رسمية محلية اخرة ولغرض تعميق مبادئ الدستور ومفاهيم المواطنه في العراق الجديد وتنفيذ للمادة ( ٤ ) من الدستور شرع هذا القانون ..

بەڕێز کاک سامان فەوزی

سڵاو

هیوادارین لە داڕشتنی پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١) پڕۆژە یاسایەکە ناوبنرێ "قانون اللغات الرسمية"، چونکە "اللغة الرسمية" وا لێکدەدرێتەوە کە یاسایەکە بۆ یەک زمانە.

٢) یاسا بێ‌سزا نابێ، بۆیە پێویستە سزاکان بە گوێرەی تاوانەکان دابنرێ.

٣) "مفوضية اللغات الرسمية" کەسی یەکەمی یاسایەکەیە کە "مفوض" لە زۆر یاسادا دەسەڵاتی دادوەریی هەیە بۆ بڕیار دەرکردن لەسەر ئەو کەسانەی سروشتی و مەعنەوی کە پێشێلی یاسایەکە دەکەن.

٤) لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکان دەبێت هەردوو زمان پێکەوە بەکار بهێنرێت.(فەرمانگەی فەرمی و نافەرمی هەروەها لە چێشتخانە و هەر شوێنێک وەسڵی پارە بدات و کیسە بۆ کاڵا بەکار بێنێت و ڕیکلام بڵاو بکاتەوە بۆ هاوردەی ئەو کەلوپەلانەی بۆ عێراق دەهێنرێن دەبێت بەهەمان شێوە بە هەردوو زمان لەسەریان بنووسرێت.

٥) لە هەر شوێنێکی عێراقدا ئەو کەسەی ئیشی هەبێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەنجام بدرێت، ئازادە کە بە چ زمانێک دەدوێت و نووسراو پێشکەش دەکات و لەسەر لایەنەکە پێویستە کە وەرگێڕی سوێنددراو ئامادە بکات تاکو نووسراوەکە و قسە کردنەکە وەربگێڕدرێت.

هاوپێچ:

---

پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە کۆماری عێراقدا کە لە ٢٠٠٧/١/٢١ ئامادە کراوە

تارق جامباز

٢٠١١/٥/١

هەولێر

دەقی هاوپێچەکە لە لاپەڕە( ٧٥) دا بڵاوکراوەتەوە

ئه نجوومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق له ٢٠١٤/١/٧ یاسای زمانه فه‌رمییـه‌کان لـه کۆمـاری عێـراق ده‌رچوێندرا . ئه‌مه‌ش ده‌قه‌که‌یه‌تی :

## قانون اللغات الرسمية

بأسم الشعب

مجلس الرئاسة

بناء على ما أقره مجلس النواب و صادق عليه رئيس الجمهورية و إستناداً الى أحكام البند (أولاً) من المادة (٦١) و البند (ثالثاً) من المادة (٧٣) من الدستور

:صدر القانون الآتي

رقم ( ) لسنة ٢٠١٣

قانون

اللغات الرسمية

-المادة -١

اولاً) اللغة الرسمية: هي اللغة التي تعتمدها الدولة في التكلم و التعبير و المخاطبات الرسمية ) والأوراق النقدية و الطوابع و الوثائق الرسمية في جميع ما يتعلق بأمور الدولة في الداخل و الخارج .و غير ذلك من المجالات الأخرى

ثانياً) اللغة الرسمية المحلية: هي اللغة التي تتقيد إستعمالاتها الرسمية بالوحدات الإدارية التي يشكل ) .المتحدثون بها كثافة سكانية

.المادة -٢- اللغة العربية و اللغة الكردية هما اللغتان الرسميتان في العراق

.المادة-٣- تصدر الجريدة الرسمية باللغتين العربية و الكردية

المادة -٤- تستخدم اللغتان العربية و الكوردية في الإجتماعات الرسمية و مجلس النواب و رئاسة الجمهورية و مجلس الوزراء الإتحادي و مجلس القضاء الأعلى و الهيئات و المؤسسات الإتحادية الأخرى والاجتماعات الرسمية في إقليم كوردستان و برلمانه و رئاسته و

1

.حكومته

المادة -٥- يكون التكلم والمخاطبة و التعبير في المجالات الرسمية بين السلطات الإتحادية و سلطات أقليم كوردستان باللغتين العربية و الكردية.

المادة -٦- تعتمد الوثائق و المراسلات الصادرة باللغتين الرسميتين لدى السلطات الاتحادية و سلطات الإقليم.

المادة -٧- يجوز فتح مدارس لجميع المراحل للتدريس باللغة العربية أو الكردية أو التركمانية أو السريانية أو الأرمنية او المندائية في المؤسسات التعليمية الحكومية أو بأي لغة أخرى في المؤسسات التعليمية الخاصة وفقاً للضوابط التربوية.

المادة -٨- تستعمل اللغتين العربية و الكردية فيما يأتي:

أولاً: إصدار العملة النقدية.

ثانياً: جوازات السفر و لوحات الدلالة المرورية و لوحات الدلالة على الوزارات و دوائر الدولة الاتحادية و أقليم كوردستان.

ثالثاً: إصدار الطوابع المالية و البريدية.

المادة -٩- اللغة التركمانية و اللغة السريانية لغتان رسميتان في الوحدات الإدراية التي يشكل التركمان أو السريان فيها كثافة سكانية .

المادة -١٠- لكل إقليم أو محافظة اتخاذ أية لغة محلية أخرى لغة رسمية إضافية إذا أقرت غالبية سكانها ذلك باستفتاء عام.

المادة -١١- تشكل لجنة عليا لمتابعة تنفيذ هذا القانون ترتبط بمجلس الوزراء يرأسها ممثل عن الامانة العامة لمجلس الوزراء وعضوية ممثل عن حكومة اقليم كوردستان وممثل عن ديوان مجلس النواب تساعدها لجنة مختصة من لغويين واكاديميين وممثلي التركمان والسريان و المندائيين و لها اضافة ممثل لاية لغة عراقية أخرى.

2

المادة -١٢- تحدد مهام و نصاب إنعقاد اللجنة المنصوص عليها في المادة (١٢) من هذا القانون بتعليمات يصدرها رئيس مجلس الوزراء.

المادة -١٣-: يهدف هذا القانون الى :-

أولاً: ضمان إحترام الدستور و تفعيله بتنظيم إستعمال اللغات الرسمية في جمهورية العراق.

ثانياً: نشر الوعي اللغوي، بغية التقريب بين المكونات العراقية و تعميق و ترسيخ المفاهيم الإنسانية والوطنية.

ثالثاً: تحقيق روح الإعتزاز باللغة الأم.

رابعاً: تأمين المساواة بين اللغة العربية و الكوردية في الحقوق و الإمتيازات بالنسبة لإستخدامها في المؤسسات الإتحادية.

خامساً: دعم و تطوير اللغتين العربية و الكوردية و اللغات العراقية الأخرى كالتركمانية و السريانية والمندائية والأرمنية.

المادة -١٤- أولاً: لكل مواطن عراقي أو أجنبي تعليم ابنائه بلغة الام.

ثانياً: لكل مكون عراقي الحق في إنشاء كليات أو معاهد و مراكز ثقافية أو مجامع علمية تخدم تطوير لغتها و ثقافتها و تراثها.

المادة -١٥-: يكون المجمع العلمي العراقي و الأكاديمية الكوردية هما المرجعية المعتمدة لتفسير المصطلحات و الكلمات في حالة الإختلاف فيها.

المادة -١٦- : يعامل المخالف لأحكام هذا القانون كما يلي:

أولاً: تطبق العقوبات الإنضباطية بحقه إذا كان موظفاً.

ثانياً: ينذر غير الموظف بإزالة المخالفة خلال (١٥) يوماً، و عند إمتناعه يعاقب بغرامة لا تقل عن (٥٠) خمسين ألف دينار لكل يوم تخلف فيه عن إزالة المخالفة.

ثالثاً: لكل متضرر الحق في تحريك الدعاوى الجزائية عند مخالفة أحكام هذا القانون.

3

.المادة -١٧- لمجلس الوزراء إصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون

.المادة -١٨- ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ بعد (٩٠) تسعين يوماً من تأريخ نشره

الاسباب الموجبة

تطبيقاً للمادة (٤) من الدستور و إحتراماً للتنوع القومي و اللغوي في العراق و تأكيداً لترسيخ البعد الإنساني لحضاراته في عهده الإتحاد الجديد، و إنسجاماً مع تعاليم الدين الإسلامي التي تؤكد على إحترام إختلاف اللغات، و من أجل تمكين المكونات الاساسية لجمهورية

. العراق من التعبير الحر عن حاجتها و متطلباتها بلغاتها الاصلية

شرع هذا القانون

سەرچاوەکان:


١. الهويات والتعددية اللغوية (قراءات في ضوء النقد الثقافي المقارن) عزالدين المناصرة، الطبعة الاولى ٢٠٠٤. عمان٠ دار مجدلاوى للنشر والتوزيع.
٢. کوردو پێویستیی- دیپلوماسی میدیایی، مادێح ئەحمەدی، چاپی یەکەم ٢٠١٠.
٣. عصر العلم/ احمد زويل، الطبعة الثالثة عشرة ٢٠١٠- دار الشروق- مصر.
٤. زمانی کوردی ناسنامەو نیشتمانی کوردە، ئەمجەد شاکەلی، چاپی یەکەم ٢٠١١ سلێمانی.
٥. اوديسا التعددية الثقافية سير السياسات الدولية الجديدة في التنوع، تأليف ويل كيميكا، ترجمة د. امام عبدالفتاح امام، الجزء الاول ٢٠١١ كويت.
٦. اللغة والهوية قومية اثنية- دينية تأليف جون جوزيف، ترجمة د.عبدالنور خرافي ٢٠٠٧ كويت.
٧. قانون اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨، ترجمة الحاكم عبدالكريم ابوبكر هموند ٢٠٠٧ هەولێر.
٨. زمان ڕامانو ناسنامە، مەهاباد قەرەداغی ٢٠٠٢ سلێمانی، چاپی دووەم.
٩. الحلول العملية المطبقة للقوميات والاقليات في اطار القانون الدستوري والدولي، المحامي/ حسن قرەولی ٢٠٠٤ دار الفارابي- بيروت.
١٠. کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسیو پشکووتنی دیموکراسی، وەرگێڕانی د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم ٢٠١٠- سلێمانی.
١١. تهديد الارض واللغة في كوردستان من هو المسؤول؟ دراسة سياسية قانونية، د. محمد هماوەندی ٢٠٠٣ هەولێر.
١٢. الاثنية والدولة- الاكراد في العراق وايران وتركيا، ترجمة عبداالاله النعيمي ٢٠٠٦ بغداد- بيروت.
١٣. الانظمة الفيدرالية ڕونالد ل واتس- ترجمة علي برهومة، مها بسطامی، مهاتكلا ٢٠٠٦ كندا.
١٤. پەرلەمانو دیموکراسی لە سەدەی بیست و یەکەمدا، وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵڵا ٢٠١١، سلێمانی.
١٥. التنظيم القانوني لتعدد اللغات في الدولة الفيدرالية (دراسة تحليلية مقارنة) کارزان طارق جامباز ٢٠٠٨ (ماستەر نامەیەکی بڵاونەکراوەیە).
١٦. فن الصياغة القانونية، د. عبدالقادر الشيخلي ١٩٩٥ عمان.

١٧. مسأله الاقليات القومية في الوطن العربي- المؤتمر القومي الحادى عشر لحزب البعث العربي الاشتراكي (القيادة القومية) ١٩٧٩- بغداد.
١٨. نص الدراسة التي قدمها حسن خليل غريب في مؤتمر (اشكالية الهوية في ظل العولمة) عقد المؤتمر في عمان ٢٣- ٢٥/ ٢٠٠٨/٨.
١٩. گۆڤاری زمانناسی ژ٢٠١٠/٩ زمانی دایک هەڵگری زمانی نەتەوەییە؟! سەلام ناوخۆش.
٢٠. گۆڤاری زمانناسی ژ ٢٠١١/١٢ ئەو سێ وڵاتەی گەرچی چەندین ملیۆن کوردی تیا دەژی بەڵام لێ ناگەڕێن بەزمانی کوردی بخوێندرێ، پارێزەر/ تاریق جامباز.
٢١. سیاسەتی زمان ناسنامەی نەتەوە دەچەسپێنێ، پارێزەر / تاریق جامباز (ئامادەیە بۆ چاپکردن).
دەستوورەکان:
١) دستور الهند الصادر في السادس والعشرين من شهر تشرين الثانى ١٩٤٩ وفق التعديلات الجارية عليه لغاية الثامن والسبعين لسنه ١٩٩٥ مع عدد من ملاحقها الضرورية بالاضافه الى قانون اللغة لسنة ١٩٦٣، ترجمة/ الحاكم عبدالكريم ابوبكر هموند- اعداد/ المحامي طارق جامباز. من مطبوعات برلمان كوردستان ٢٠٠٦.
٢) دستور جمهورية جنوب افريقيا لعام ١٩٩٦، ترجمة الحاكم عبدالكريم ابوبكر هموند- اعداد/ المحامي طارق جامباز. من مطبوعات برلمان كوردستان ٢٠٠٥.
٣) دستور اتحاد بوسنيا و هرزكوفينيا لعام ١٩٩٤، ترجمة الحاكم عبدالكريم ابوبكر هموند- اعداد/ المحامي طارق جامباز. من مطبوعات برلمان كوردستان ٢٠٠٥.
٤) دستور كندا لعام ١٩٨٢ ترجمة د. حسيب الياس حديد. اعداد/ المحامي طارق جامباز. من مطبوعات مجلة یاساپارێزی ٢٠٠٤.
٥) دستور الاتحاد السويسري لعام ٢٠٠٠ بتأريخ ١٨ ابريل ١٩٩٩ المعمول به منذ اول يناير ٢٠٠٠، اعداد المحامي طارق جامباز. من مطبوعات مجلة یاساپارێزی ٢٠٠٤.
٦) یاسای بنەڕەتی کاتالۆنیا ٢٠٠٦ (ئیسپانیا) وەرگێڕانی پارێزەر محمد کاکەیی،

پێشەکیو ئامادەکردنی پارێزەر تاریق جامباز. لەچاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٧.

٧) یاسای بنەڕەتی هەرێمی باسک (ئیسپانیا) ١٩٧٩ وەرگێڕانی پارێزەر محمد کاکەیی، گۆڤاری یاساپارێزی ژ ١٣ ساڵی سێزدەم ٢٠٠٨.

# بۆچی پێویستیمان بە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە؟

((١))

زمان سەرچاوەی ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە و دەتوانم بڵێم گیانیەتی، چونکە زمانی وا هەیە بەهۆکاری سەپاندنی زمانی نەتەوەیی سەردەست یا ئارەزوومەندانە زمانی نەتەوەی بندەست لەنێو زمانی نەتەوەیەکی دیکە دەتوێندرێتەوە یان تواوەتەوە وەکو (فینیقیو سەنسەکریتیو لاتینی) بۆیە لەو شەش هەزار زمانەی، کە ئێستا لە سەرتاسەری دونیادا هەن ئەوا ساڵانە ژمارەیەکیان بەرەو لەناوچوون دەچن، وا مەزەندەش دەکرێ بەهۆکاری جیهانگیری (گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیا) هەر تەنیا لەنێوان ٢٠٠ تاکو ٥٠٠ زمان لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا بمێنێتەوە، بۆیە نەتەوەکان بایەخو گرنگیو بەهایەکی مەزنو بەرز بەزمانەکانیان دەدەن بۆ پارێزگاریکردنی، ئەوا زۆربەی وڵاتانی جیهان یاسای زمانیان هەیە و ئەو وڵاتانە فرەزمانن نەک لە دەستوورەکانیاندا (دەستووری هیندستان بە دەستووری زمانەکان ناسراوە، لەبەر ئەوەی زمانەکانی هیند زۆرن و نووکە ٢٢ زمانی فەرمی لە ویلایەتەکاندا هەیە)، (باشووری ئەفریقیا ١١ زمانی فەرمی هەیە) (سویسرا ٤ زمانی فەرمیو زمانێکیان ژمارەی ئەوانەی بەکاردەهێنن، ناگاتە پەنجا هەزار کەس، ئەویش ڕیتۆرۆمانشە)، (بەلژیک سێ زمان) (کەنەدا دوو زمان)، بەڵکو یاسای زمانە فەرمییەکانیشیان لە پەرلەمانەکانیان دەرچواندووە، هەر بۆ نموونە یاسای زمانە فەرمییەکان لە کەنەدا ١٩٨٨ کە لە ١١٠ مادده پێک هاتووە هەردوو زمانیش یەکسانن (ئینگلیزیو فەرەنسی).

یاسای زمان: لە چوارچێوەی یاسایەکی تایبەتمەند دەبێ کە داڕشتنی تایبەتی هەیە تاکو لە هەموو بوار و ئاستێکدا بەکار بهێنرێ، بۆیە ئەو وڵاتانە فرە زمانن جگە لە پەرلەمانی وڵات، ئەوا لە پەرلەمانی هەرێم و کانتۆن و ویلایەتەکانیشی یاسای زمانە فەرمییەکان دەردەچوێنن، بۆ نموونە (چوار یاسای زمان لە هەرێمی کیبیک لە کەنەدا دەرچووە) ژمارەی ئەو یاسایانەش (یاسای زمان) لە هەموو دونیا ٤٧ یاسایە.

ئەو وڵاتانەی کوردستانی پێوە لکێنراوە تەنیا لە عێراق لە ساڵی ١٩٣١

یاسای زمانە خۆجێییەکان بە ژمارە ٧٤ دەرچووە و دوای پرۆسەی ئازادی عێراق‌و راپرسی لە سەر دەستووری کۆماری عێراقدا ٢٠٠٥ لە ماددەی ٤ بۆیەکەم جار کە دان بەزمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی لە سەرتاسەری عێراقدا بنرێ‌و ئەمەیش بەیاسا رێکدەخرێ و لە ٢٠٠٧/١/٢١ رەشنووسی یاسای زمانە فەرمییەکان لە کۆماری عێراق بەهەردوو زمانی عەرەبی‌و کوردی لەکۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە هەولێر پێشکێش بەجێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانتارانی بەشداربوو لەکۆنگرەکە کرا و لە ساڵی ٢٠١١ یاسای زمان لە پەرلەمانی عێراق (خوێندنەوەی یەکەم‌و دووەمی بۆ کراوە) بەڵام لەئاستی پێویستدا نییەو لەلیژنەی یاسایی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان کەموکورپییەکانمان دەستنیشان کردو بەئیمێڵ بۆمان ناردن.

لە ساڵی ٢٠٠٦ پێشنیازی یاسای زمانم پێشکێش بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد، ئەوسا دەتوانرا لێژنەیەک بۆ مەبەستی دارشتنی پێک بهێنرێ‌و بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی (یاسای زمان) لە وڵاتان‌و هەرێمەکانی فرەزمانی وەربگیرێ، کۆلیژەکانی یاسا و ماف لە زانکۆکانی کوردستان دەیانتوانی لەم بوارە دەستپێشخەرییان بکردایە.

هەروەها لایەنی پەیوەنداری دیکەش (کۆری زانیاری کوردستان- ئەکادیمیای کوردی)و وەزارەتی رۆشنبیری و سەندیکای پارێزەرانی کوردستان... هتد. لەبەر ئەوەی بە یاسایەکی گرنگیان نەزانیوە، بۆیە جەختیان لەسەر نەکردۆتەوەو لە گۆڤاری یاساپارێزی، کە گۆڤارێکی یاسایی ساڵانەیە بە زمانی کوردی دەردەچێت، پێشنیازی گوتنەوەی (وانەی یاسای زمانی) لە کۆلیژەکانی ماف کردو هەمان گۆڤار لە ساڵی ١٩٩٨ لەجیاتی خوێندنی (دراسات کوردیە)، کە بۆ قۆناغی یەکەمی کۆلیژەکان دەگوترایەوە ئەوا زاراوەکانی یاسایی بەزمانی کوردی و عەرەبی‌و ئینگلیزی بوترێتەوە، تاکو ئاشنایی زاراوە یاساییەکانی کوردیش ببنەوە، بەڵام نەکرا.

لێرەدا دەپرسین بۆچی لە پەرلەمانی کوردستان دوای بیست ساڵ (١٩٩٢- ٢٠١٢) یاسای زمان دەرنەچوێنرا، کە دەبوایە لەو ماوەیەدا دەربچێ؟

مسۆگەر دەزانم کە ئێوە دەپرسن، ئەی ئەوانەی خەمخۆری زمانی کوردین لە ماوەی بیست ساڵدا دەستەوەستان‌و دەست لەئەژنۆ و هەر چاوەروانی گۆدۆیان دەکرد، کە نەهات‌و نایەت، دەڵێم: نەخێر ئەوانە (هێندەی لە توانایاندا

بووبێ و دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێ) درێغییان نەکردووە و ناکەن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن زمانی کوردی زمانێکی یەکجار دەوڵەمەندە و دەتوانرێ لەگشت بوار و ئاستێکدا بەتایبەتی بواری یاسایی بەکاربهێنرێ و تەنیا دوو نموونەتان بۆ دەهێنمەوە:

یەکەم: یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژ١٩٩٢/١٢ لەماددەی پێنجەمدا هاتووە (زمانی دادگاکان کوردی دەبێ‌و... هتد) بەڵام تاکو ناوەڕاستی ٢٠٠٠ واتە دوای هەشت ساڵ بەسەر دەرچوونی یاساکەدا، بەڵام جێبەجێ نەکرا، بۆیە ئێمە چەندین پارێزەر بەناوی گۆڤاری یاساپارێزی بە بۆنەی ساڵڕۆژی ٢٠٠٠/٣/١٦ سەردانی وەزیری دادمان کرد و جەختمان لەسەر پراکتیزەکردنی ئەم ماددەیە کرد و ئامادەیی خۆشمان دەربڕی، کە هەموو کاتێکمان بۆ جێبەجێکردنی تەرخان بکەین، کە فەرمانی وەزاری لە ٢٠٠٠/٥/٢٢ دەرچوو لە ٢٠٠٠/٦/٣ لەنێو دادگاکانی پایتەختی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کرا و لیژنەیەکیش لە وەزارەتی داد بە فەرمانی وەزاری پێک هێنرا بۆ بەکوردیکردنی، کە لەحەوت ئەندام (دادوەرو پارێزەرو داواکاری گشتی‌و دەرچووی زمانی کوردی)، ئەم لیژنەیە هەفتانە سێ ڕۆژ خۆبەخشانە بەپشت بەستن بە فەرهەنگەکانی کوردی‌و بەسوود وەرگرتن لەوانەی پێشتر لەم بوارەدا هەوڵیانداوەو پرس‌و ڕا بەساڵاچوان وەردەگیرا بەم جۆرە توانرا نزیکەی هەزار زاراوەی یاسایی‌و جگە لە بریکارنامەکانی‌و دوو سەد فۆرمی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتی داد ئامادە کراو بەسەریاندا دابەش کراو زمانی کوردییان تیا بەکارهات‌و هەندێ پارێزەر چاویان بەرایی نەدا، کە زمانی کوردی لەبواری یاسایی بەکاربهێنرێ، بۆیە دەیانگوت (قانون‌و زمانی کوردی کوجا مەرحەبا؟!) تا ئەو ڕادەیە بەپەلە (یەکسەر) سەردانی لایەنە بڕیار بەدەستەکانیان کرد تاکو فەرمانی بەکوردیکردنی (هەڵبوەشێندرێتەوە یا هەڵبپەسێردرێ)، بەڵام بۆیان نەچووە سەر، چونکە بە کوردیکردنیش پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا و پشتیوانی‌و پشتگیری لێ کرا.

بۆ پێزانین پێش بە کوردیکردن، ئەوا لەنێو دادگاکاندا بە زمانی کوردی قسە دەکرا و دواتر دادوەر دەیکردە زمانی عەرەبی، دەرەنجام کاتەکە کورت کرایەوە و ئێستا جگە لە بڕیارەکانی دادگاکان نەبێ ڕێکارەکانی دیکە بە زمانی کوردین، گەرچی لە ساڵی ١٩٢٦ لە بڕیارێکی دادگای کۆیە بە زمانی کوردی

دەرچووە.

دووەم: ئەو وەزارەتەی پەیوەندی بە بەکوردیکردنی (زانستە مرۆییەکان) ـەوە هەیە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە، وەبیرتان دەهێنمەوە تاکو دەرچوونی یاسای ژ٢٠٠٨/١٠، پێشتر لە یاساکە ناوی زمانی کوردی نەهێنرابوو، بەڵام دوای یازدە سەعات و بیست دەقە، ئینجا ڕەشنووسی یاساکە ئامادەکرا، واتە دوای شازدە ساڵ ئینجا لە ماددەی دووەمدا لە بڕگەی (دوازدەم) بەم جۆرە ناوی زمانی کوردی هاتووە:

(کارکردن لەپێناوی کردنی زمانی کوردی بە زمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی باڵاو لە زانستە مرۆییەکاندا، هاندانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنییە زانستی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی).

دەپرسین بۆچ ئەم بڕگەیە یەکسەر و دەستبەجێ دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی (وەقائعی کوردستان) نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەوەی هەموومان دەزانین کە زۆربەی ئامادەییەکانی کوردستان بەزمانی کوردی خوێندنی تەواو دەکەنو کە لە زانکۆکانیش وەردەگیرێن بەتایبەتی (زانستە مرۆییەکان) تووشیان بەتووشی دیواری بەرلین دەبێ و زانکۆی واش هەیە لەپایتەختی کوردستان ساڵانە چەندین جار ڕستەیەکی سواوە دووبارە دەکاتەوە، ئەویش (وەڵامدانەوە بە زمانی کوردی قەدەغەیە)، ئەم دیاردەیەم لە ٢٠١١/٥/١١ لە کۆبوونەوەیەکی فراوان باس کرد کە جگە لەئامادەبوونی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتو سەرۆکی زانکۆکانی کوردستانو ژمارەیەکی بەرچاو لە پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. کۆبوونەوەکە لەبارەی ڕەشنووسی یاسای نوێی وەزارەت ڕێکخرابوو کە نۆرەی قسەم هات باسی دیاردەکەم کردو پرسیم بۆچ کۆنگرەیەک یا سیمینارێک یان هەرنەبێ کۆڕێک نابەسترێو نەبەستراوە؟ بۆچی ئەم بڕگەیەی باسی زمانی کوردی دەکات، لەم ڕەشنووسەدا نییەو بۆچی یاسایەکە هەر بەزمانی عەرەبییەو زمانی کوردی لە تەکا نییە، وەزیر لە وەڵامدا گوتی کاتێ پێشکێشی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ بە زمانی کوردی لەگەڵدا دەبێ، بەڵام بۆ دیاردەکەش هیچ کام لە بەشداربووان بەیەک وشەش وەڵامیان نەدامەوە، دواتر لەبارەی ئەم دیاردەیە وتارێکم بڵاوکردەوە، ئەوساش بێدەنگییان هەڵبژاردو کەسیان بە یەک دێریش

وەڵامیان نەدامەوە!

دەپرسین چ بکرێ باشە تاکو چیتر زمانی کوردی لە کوردستان لەبەرچاوی هەموومان وێران نەکرێو نەشێوێنرێ؟ لەم بارەوە پەیوەندیم بەلایەنەکانی پەیوەندار (ئەکادیمیای کوردیو وەزارەتی ڕۆشنبیری و نووسەرانی کوردو پارێزگای هەولێر کردووە، هیچ کامیان بە کردەوە لەم بارەوە خۆیان بە بەرپرس نازانن! دەپرسین تاکەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بێدەنگ بن لەئاست ناسنامەی نەتەوەکەمان؟ لەبەرچاویان زمانی کوردی وێران دەکرێ و دەشێوێنرێ، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بەهەمووانەوە کردووە و وتارو توێژینەوەم پێشکێش‌و بڵاوکردۆتەوە، دیسان دەپرسمەوە تاکەی زمانی چل ملیۆن کەس، بێ کەس بێ، و لایەنەکانیش بێباک و خەمسارد و تا ئێسقانیشیان کەمتەرخەمن بۆ ئەم مەبەستەش، وا هەندێ پێشنیاز دەخەمە بەر دیدو هزرتان تاکو گیانی نەتەوەکەمان چیتر پەراوێز وفەرامۆش نەخرێ، پێویستیمان بەپلانێکی تۆکمە بۆ داڕێژراوی درێژخایەن هەیە تاکو دەستبەکار بین.

١) هەوڵی تاکە کەس بۆ بەکوردیکردنی یاسا هەبووە و هەیە چ بەوەرگێڕان یا ئامادەکردن یا نووسین، بەڵام پێویستیمان بەپێداچوونەوە هەیە، دەبێ تاکو زاراوە یاساییەکان یەک بخرێن‌و هەروەها وردبینییان بۆ بکرێ، تاکو تۆکمەتر بن و گەر هەر لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو ٢٠١٢ پرۆسەی بەکوردیکردن بەسەرپەرشتی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بوایە، ئەوا دەتوانرا هەموو بابەتە زانستە مرۆییەکان کرابان بە زمانی کوردی و ئیمڕۆ بابەتەکان بەزمانی کوردی دەگوترانەوە. هەروەها دوای بە کوردیکردنی لە وەزارەتی داد ساڵی ٢٠٠٠ دەتوانرا لەوساوە دەست بەکاربن، بەڵام هیچ لایەنێک ئەم ئەرکەی نەخستە ئەستۆی خۆی، دەیتوانی جێی پەنجەی لە وەرچەرخانێکی مێژوویی تۆمار بکات، بەڵام هێشتا نەچووە بچێ، پێویستە بەزووترین کات لیژنەیەک لە وەزارەت بە فەرمانی وەزاری بۆ بەکوردیکردن لە یاساناسان‌و زماننناس‌و زمانزانان پێک بهێنرێ بە پلانێکی تۆکمە بۆداڕێژراو لەماوەیەکی دیاریکراودا کارەکە ئەنجام بدەن.

٢) لەهەندێ لە پەرلەمانەکانی دونیا (لیژنەی زمان) لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانەو هەر ئەو لیژنەیەش بە ئیمزای (دە) ئەندامی پەرلەمان ڕەشنووسی یاساو بڕیارەکان پێشکێش دەکات، هەر ئەو لیژنەیە داڕشتنی

یاسایی و زمانەوانی بۆ ئەنجام دەداو لە حکومەتیش پێویستە لیژنەیەک بۆ داڕشتنی یاسایی و زمانەوانی ڕەشنووسی یاسا و بڕیارەکانی هەبێ، تاکو چیتر لەنێو هۆڵی پەرلەمان تەنیا ناوەڕۆکیان تاوتوێ بکرێو دەرەنجام بە کاتێکی کەمتر بڕیاریان لەسەر دەدرێو بەم جۆرەش یاساو بڕیاری پتر لە پەرلەمان دەردەچن.

٣) ئەوانەی دژی خوێندنن بە زمانی کوردی، دەبێ لە وەزارەتو زانکۆکانی کوردستان ڕادەیەکیان بۆ دابنێین، تاکو چیتر سووکایەتی پێ نەکەنو هۆشدار بکرێنەوە کە ئەمە هێڵی سوورە، لەبەر ئەوەی پێشێلکردنی ماددەی ٤ ی دەستووری کۆماری عێراقو برینداركردنی هەستو نەستی چل ملیۆن کوردە، چونکە ئەوانە بەچاوێکی کەم سەیری زمانی کوردی دەکەن و بە نزمتر و خوارتری لەزمانەکانی دیکەی دەزاننو دادەنێن و ئەوانە لەهەر پلە و پۆستێکدا بن بەهەموو جۆرێ هەوڵیانداوەو دەدەن، کە زمانی کوردی پەراوێز و فەرامۆش بکرێ.

٤) وشیاریو ڕۆشنبیری لەبواری بەکوردیکردنی یاسا لە ئاستێکی نزمدایە، بۆیە پێویستە بەپەلە لە کەناڵەکانی میدیای بینراو و بیستراوو خوێنراو جەختی لەسەر بکرێتەوە، کە زمان لە ستراتیژی (ئاسایشی نەتەوەیە) و دیاردەی شێواندنی یا نووسینی زمانی کوردی بەردەوام ڕیپۆرتاژ و چاوپێکەوتنی بۆ ئەنجام بدرێ.

٥) لەیاسای زمانی وڵاتاندا کۆمیسۆنی زمان هەیە کە بەردەوام بەدواداچوونو پشکنینی یاساکە لەدوای دەرچوونی دەکات بەپلاندانان بۆ ئەوەی بەتەواویو ڕێکوپێکی جێبەجێ بکرێ و پێویستە لەسەر هەموومان لەبەر ئەوەی زمان گیانی نەتەوەیە، بۆیە دەبێ بە بەشێکی دانەبڕاوی هەمیشەیی تاکی کوردی بێ و خەمخۆرانە جەخت لەسەر بەکارهێنانی بکرێو بکات.

٦) دەزگایەکی تایبەت بە زمانی کوردیمان هەبێ و ئەم دەزگایە هەموو کاتێکیان بۆ زمانی کوردی تەرخان بکەن لە کەسانی زماننناسو زمانزان پێک بهێنرێ.

٧) دەتوانرا لەبارەی سیاسەتی زمان و یاسای زمان و ئەزموونی وڵات و هەرێمەکانیان چەندین کۆنگرە و سیمینار ببەسترێ و تێزی دکتۆراو ماستەر لە زانکۆکانی کوردستان وەربگیرابایەو تەنیا یەک ماستەر لەم

بارەوە لەزانکۆی کۆیە ساڵی ٢٠٠٨ وەرگیراوە، کە بزانرێ و بناسرێ ئەو زمانانە چۆن ڕێزیان لێ دەگیرێ و ئەوانەی بێباک و خەمسارد و کەمتەرخەمیشن چۆن سزای یاسایی دەدرێن.

لە وەڵامدانەوەی ئەوانەی زمانی کوردی بە پلە دوو دادەنێن و خەڵک لەسەر خوێندن بەزمانی کوردی سارد دەکەنەوە. ئێمە چوار کەس لە یاساناسانو زمانناسان (خۆبەخشانە) ماوەیەکە لە دەستپێشخەرییەکی نەتەوەیی ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەینو کە ڕەشنووسی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان تەواوکراوە، سەرەتا هەر بە زمانی کوردی داڕێژراوە لەرۆژی ٢٠١٢/٧/١٧ وۆرک شۆپێک لە هۆڵی پەناگیری لە پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی کەسانی پەیوەندار ئەنجام درا تاکو دەوڵەمەندتر بکرێ، لەبەر ئەوەی بیست ساڵە چاوەڕوان بووین ئەم یاسایەی گیانی ناسنامەی نەتەوەیە بڕیاری لەسەر بدرێ، ئێمە بە شانازی و سەرفرازی ئامادەمان کرد، کە نابێ ئەم یاسایە کە پێویستە چیتر دوانەخرێ بەڵکو بەزووترین کات لە پەرلەمانی کوردستان بخرێتە بەرایی ڕەشنووسەکانی دیکە تاکو چاومان بە یاسای گیانی نەتەوە شادبێتەوە.

*** لە سیمینارێکی توێژینەوەی سەنتەری بەراوردکاری یاسایی لە هۆڵی چۆپی لە ئۆتێلی چوارچرا لە هەولێر ٢٠١٢/٥/٥ پێشکێش کرا.**

((٢))

## وتاری پارێزەر/ تاریق جامباز

**لەجیاتی ئامادەکارانی پرۆژەی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠١٢/٧/١٧ لەهۆڵی پەناگیری لە پەرلەمانی کوردستان دوای وتەی بەڕێز د. ئەرسەلان بایز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خوێندرایەوە:**

هەموومان دەپرسین بۆچیو لەبەرچی ئەو پرۆژە یاسایە دواخراوە؟ چونکە دەتوانرا پێش بیست ساڵ (١٩٩٢) ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان دەربچوێنرابایە!

دەپرسین ئەی بۆچ لەلایەن دە پەرلەمانتار لە هەرسێ خولی پەرلەمان یان لەهەر حەوت کابینە یەک لەدوا یەکەکانی حکومەتی کوردستان یان لەلایەن مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان (بەشی یاسا) یان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان لە کۆڕی زانیاری کوردستان (ئەکادیمیای کوردی) یان وەزارەتی ڕۆشنبیری ئامادە نەکرا؟!

هەمدیسان دەپرسین لەم جۆرە یاسایانە لەعێراقو دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستانیش هەوڵدراوە دەربچێ!

لەوەڵامدا دەڵێین لەعێراق (یاسای زمانە خۆجێیەکانی بە ژ ١٩٣١/٧٤ واتە پێش ٨١ ساڵ دەرچووە، بەڵام بەجۆرێکی وا جێبەجێ نەکراوە کە بوترێ، دواتر لەدەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) و لەماددەی ٤ دانی ناوە کە هەردوو زمانی عەرەبیو کوردی (زمانی فەرمیی لە سەرتاسەری عێراقو زمانەکانی دیکە لە یەکە کارگێڕییەکانیاندا) ئەمەش بەیاسا ڕێک دەخرێ، لەم بوارەدا ساڵی ٢٠٠٧ پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لەکۆماری عێراقدا کە لە ١٥ ماددە پێک هاتبوو لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەبارەی فیدراڵی لە هەولێر، پێشکێش بەجێگری یەکەمی پەرلەمانی عێراقو پەرلەمانتارانی بەشداربوو کراو پار ساڵ ٢٠١١ پرۆژەیەکی دیکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو کە بەدەستمان گەیشت بینیمان کەموکوڕی زۆرە بۆیە پێشنیازەکانمان بۆ ناردنو دواتر لە لیژنەی یاسایی- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان- ڕا و بۆچوونمان لەبارەی پرۆژەکە بۆ ناردنو لەم ڕۆژانەدا خوێندنەوەی دووەمی بۆ کراوە.

له ٢٠٠٦ پێشنیازێکمان بۆ ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، پێشکێش بەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد، بەڵام لیژنەیەک بۆ ئەنجامدانی پێک نەهێنرا.

– ژمارەی ئەو یاسایانەی زمان یا زمانە فەرمییەکان نەک لە پەرلەمانی وڵاتاندا، بەڵکو لە پەرلەمانی هەرێمو کانتۆنو ویلایەتەکانیشیاندا هەیە، ژمارەیان لە سەرتاسەری دونیا (٤٧٠) یاسایە کە بڕیاری لەسەر دراوە، بۆ نموونە یاسای زمانە فەرمییەکان لە کەنەدا ١٩٨٨ کە لە ١١٠ ماددە پێک دێتو چوار یاسای زمان لە هەرێمی کێبیک لە کەنەدا بڕیاری لەسەر دراوەو ئەو یاسایانە (یاسای زمان) لە هەموو بوارو ئاستێکدا بە ڕێکوپێکی جێبەجێکراونو لایەنی بەرپرس (کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکانە) بەدواداچوونو پشکنین لەبارەی یاساکەوە ئەنجام دەدات و خەمخۆری زمانن لەئاسایشی نەتەوەیی (ستراتیژە) و ئێمەش بۆ ئامادەکردنی ئەم پڕۆژەیە سوودمان لە ئەزموونی وڵاتانی فرە زمان (سویسرا، بەلژیک، کەنەدا، هیندستان، ئیسپانیا و... هتد) وەرگرتووە.

– دەپرسین بۆچی ئەم پڕۆژە یاسایە نابێ دوابخرێ، بەڵکو پێویستە بەزووترین دەرفەت لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەربدرێ گەرچی (٧٤) پڕۆژە یاسایی دیکە هەن بەڵام لەبەر ئەو هۆکارانە نابێ چیتر دوابخرێو دوا بکەوێ.

١) تاکو چیتر زمانی کوردی بەپلە دوو دانەنرێ لەبەر ئەوەی تاکو ئێستاشی لەگەڵدا دابێ پڕۆژە یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەزمانی عەرەبی خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ بە بیانوو و هەنجەتو پاساوی ئەوانەی پڕۆژە یاساو بڕیارەکان چ لە پەرلەمانی کوردستان یا حکومەتی کوردستان ئامادە دەکەن باگراوندیان زمانی عەرەبییەو سەرچاوەکانیش عەرەبین.

ئێمەیش دەپرسین ئایا داڕشتنی یاساو بڕیارەکان (داڕشتنی یاساییو زمانەوانی) لەلایەن لیژنەیەکی پڕۆفیشنال دادەڕێژرێ یان تاکە کەس ئەنجامی دەدات؟ وگەر بێتو هەر لە ١٩٩٢– ٢٠١٢ بەیاساو بڕیارەکان کە وەرگێڕاون لەزمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی دابچینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێ لەبەر ئەوەی بەخێراییو بەپەلە ئەنجامدراون، بۆیە لەخوێندنەوەیاندا دەبینرێ کە بۆ مانای یەک وشە یا زاراوە بەچەندین جۆر مانایان بۆ دانراوە و گەر لەوساوە واتە پێش بیست ساڵ ١٩٩٢ لیژنەی پڕۆفیشنال لەوانەی ئەزموونیان لەبواری

یاساییو زمانەوانی هەیە پێک بهێنرایە ئەوا ئەمڕۆ هەردوو زمان یەکسان دەبوونو بەکوردییەکی پاراویش دادەڕێژران، بەڵام تاکو ئەمڕۆش ئەم لیژنەیە لە پەرلەمانی کوردستان پێک نەهێنراوە کە لەهەندێ وڵاتو هەرێم (لیژنەی زمان) لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانەکەیانە کە لە مامۆستایانی زانکۆو دادوەرانو پارێزەران (یاساناسو زمانناسو زمانزان) پێک دێت کە هەموو کاتێکیان بۆ ئەرکی (داڕشتن) تەرخان دەکەن، بەمەرجێ لە هەرێمی کوردستان لەهەر دوو زمانی عەرەبیو کوردی کارامەبن.

٢) کەسانی وا لە هەرێمی کوردستان هەن کە زمانی کوردی بەپلە دووش نازانن، بەڵکو بەهەموو جۆرێ هەوڵی پەراوێزو فەرامۆشکردنی زمانی کوردییان داوەو دەیدەنو هەر تەنیا دوو نموونە دەهێنینەوە:

أ- ساڵی ٢٠٠٠ کە بەکوردیکردنی دادگاکانو فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتی دادی حکومەتی کوردستان دەستی پێ کرد، پارێزەری وا هەبوو گەرچی کوردیش بوو، بەڵام دەیانگوت (زمانی کوردیو قانون کوجا مەرحەبا!!) چونکە ئەمانە چاویان بەرایی نادا کە زمانی کودری یەکسانی زمانی عەرەبی بێو دەسەڵاتیشیان هەبێ، وایان پێ باشە کە (زمانی کوردی) هەر تەنیا قسەی پێ بکرێ!!

ب- ئەوانەی بەزمانی کوردی قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکەن و لە زانکۆکانی کوردستانیش وەرگیراون یا وەردەگیران ئەوا تووشیان بەتووشی دیواری بەرلین دەبێ مەبەستم (زانستە مرۆییەکان بەتایبەتی بەشی یاسا) لەخودی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان (زانکۆی وا هەیە) مامۆستای وای هەیە کە ساڵانە بۆ چەندین جار ڕستەیەکی سواوە دە بارە دەکاتەوە (وەڵامدانەوە بەزمانی کوردی قەدەغەیە!!) ئەمەش پێشێلکردنی ماددەی ٤ی دەستووری کۆماری عێراقەو لەم بارەوە گەرچی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەوەزارەتی پەیوەندار کرا، بەڵام وەڵامیان نەدایەوەو پەیوەندیش بەسەرۆکی لیژنەکانی پەیوەنداری پەرلەمانی کوردستانیش کراوە!!

٣) شێواندنی زمانی کوردی لەبەر بەچاوی هەمووان ئەنجام دەدرێو لەم بارەوە پەیوەندی بەئەکادیمیای کوردیو وەزارەتی ڕۆشنبیریو نووسەران.. هتد کراوەو هەموویان کۆکن کە دەبێ ڕادەیەکی بۆ دابنرێ، بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵدا دابێ لیژنەیەکیان بۆ ئەم مەبەستە پێک نەهێناوە کە دەستبەکار بێو هەر

له هەرێمی کێبیک لەساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٣ ئەوا (٧٠٣) داوا لە دادگاکان لەبەر بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی تۆمار کراو بڕیاری هۆشداریو غەرامەکردنو داخستنی ئەو شوێنانە دراوە کە یاسای زمان جێبەجێ ناکەن[١].

٤) لەبارەی فرە زمانیو فرە نەتەوە ئەوا ئاستی ڕۆشنبیریو وشیاری لە ئاستێکی نزمدایەو لە کتێبخانەی عەرەبی لەبارەی یاسای زمان بەدەگمەن چاپکراو دەست دەکەوێ، چونکە عەرەب زمانەکان لەسەر یەک زمان، یەک ئاڵا[٢]، یەک نەتەوە ڕاهاتوونو لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان سێ بەرهەم لەوەرگێڕانی مامۆستا مەجید ئاسنگەرو دادوەر عەبدولکەریم هەمەوەند لەئینگلیزییەوە کراون بەزمانی کوردیو عەرەبیو[٣] ئومێدەوارین لەم خولەش بەردەوام بێو تەنیا یەک ماستەر نامەش لەزانکۆی کۆیە لەبارەی فرە زمانی وەرگیراوە.[٤]

٥) لەبەر ئەم هۆیانەی باسمان کردو لە هەستکردنمان لەبوونی بۆشاییەکی یاسایی بەپێویستمان زانی بەم ئەرکە وڵاتپارێزی و دیرۆکییە ڕابینو پڕۆژەکە لە ٤٩ مادده پێک هاتووەو هیوادارین لەم خولەدا بەئیمزای دە پەرلەمانتار پێشکێش بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکرێ، تاکو بخرێتە بەرنامەی کارو خوێندنەوەی بۆ بکرێو دواتر لیژنەکانی پەیوەندیداریش ڕاپۆرتیان بنووسنەوە تاکو چیتر دوانەخرێو دوانەکەوێو دەرئەنجام بڕیاری لەسەر بدرێ.

دەرچوونی یاساکە گرنگە، بەڵام جێبەجێکردنی گرنگترە، هیوادارین بەتێبینیو ڕا و بۆچوونو پێشنیازەکانتان پڕۆژەکە دەوڵەمەندتر بکەن. سوپاس بۆ ئامادەبوونتان...

دواتر زۆر کەس لە وۆرک شۆپەکە قسەی کردو بەنووسینیش ڕا و بۆچوونو پێشنیازو تێبینی هەبوو، بۆیە بەپڕۆژەکەدا چووینەوەو لەئەنجامدا کرا بە ٤٦ مادده، ئەمەش دەقەکەیەتی:-

١- قانون اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨ ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند ٢٠٠٧.

٢- یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرە زماندا، وەرگێڕانی مەجید ئاسنگەر ٢٠٠٧.

٣- خودموختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لە چین، وەرگێڕانی مەجید ئاسنگەر ٢٠٠٦.

٤- التنظيم القانوني لتعدد اللغات في الدولة الفيدرالية (دراسة تحليلية مقارنة) كارزان طارق جامباز ٢٠٠٨.(چاپ نەکراوە)

((٣))

# پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان[1]
# لە هەرێمی کوردستان- عێراق

ئامادەکردنی

پارێزەر تاریق جامباز / یاساناس

د. ئاسۆ عەبدوڵڵا زادە/ یاساناس

د. عومەر مەحموود کەریم/ زمانناس

د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ زمانناس

## بەشی یەکەم
## پێناسەی زاراوەکان

**ماددەی یەکەم:** مەبەست لەو زاراوانەی لەم یاسایەدا بەکارهاتوون، ئەمانەن:

**هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**زمانە فەرمییەکان:** ئەو زمانانەیە کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق دان بە فەرمیبوونیاندا نراوە.

**کۆمسیۆن:** کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان.

## بەشی دووەم
## بنەما و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:** زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

**ماددەی سێیەم:** لە هەرێمی کوردستاندا زمانی پێکهاتەکانی تری عێراق (زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) لە یەکەی کارگێڕی خۆیان و لەو حاڵەتانەدا کە پێویستە، لەپاڵ زمانی کوردیدا فەرمین.

١– ئەم پڕۆژە دوو جار چاپ کراوە

ئەلف–بەلاتینی تورکی و کوردی لە تورکیا (٢٠١٣)

بێ– بەدوو دیالیکتی زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی لە کوردستان (٢٠١٣)

**ماددەی چوارەم**: ئامانجی ئەم یاسایە چەسپاندن و بە کردەییکردنی فەرمییەتی زمانی کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا و، ڕێکخستنی ئەو فەرمییەتییەیە لە پەیوەندی لەگەڵ زمانە فەرمییەکانی دیکەی عێراقی فیدراڵدا.

**ماددەی پێنجەم**: حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئاسایشی نەتەوەییمان سیاسەتێکی ڕوون و پتەوی زمانی دادەڕێژێ و پەیڕەو دەکات. هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە پێناو پەرەپێدان و پێشخستنی زمان و کلتووری کوردی، هەماهەنگی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵاتیش دەکات.

## بەشی سێیەم
## زمانی یاسا و دادگاکان

**ماددەی شەشەم**: هەموو پڕۆژە یاسایەک لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی ئامادە و پەسند دەکرێت.

**ماددەی حەوتەم**: لیژنەکانی داڕشتنی یاسا پێویستە پسپۆڕی زمانەوانییان تێدا بێت.

**ماددەی هەشتەم**: لە ڕۆژنامەی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەقی یاسا و بڕیارەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو دەکرێتەوە، لە حاڵەتی گومان لە شیکردنەوەدا، نووسراوی کوردی یاساکان سەرچاوەیە.

**ماددەی نۆیەم**: لە دەرچوونی هەر یاسایەکدا ئاماژە بە زمانە فەرمییەکان و لایەنی جێبەجێکردنی یاساکە دەکرێت.

**ماددەی دەیەم**: هەموو ڕێوشوێنە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچن و دەنووسرێن.

**ماددەی یازدەم**: لە حاڵەتێکدا کە لایەنێکی داواکاریی یاسایی، عەرەب زمان بێت، یان سەر بە یەکێک لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بێت، یان لە هەر حاڵەتێکی دیکەی پێویستدا، بەکارهێنانی ئەو زمانانەش لە ڕێوشوێنە دادوەرییەکان و بڕیاری دادگاکاندا ڕێگەپێدراوە، بەمەرجێک وەرگێڕ بۆ زمانی کوردی دابین بکرێت.

## بەشی چوارەم

## زمانی دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە

**ماددەی دوازدەم**: زمانی کوردی، زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەرییە.

**ماددەی سێزدەم**: زمانی پەیوەندی و نامەکاری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی دیکەی عێراق زمانی کوردی و عەرەبییە. بۆ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان دەکرێ لەگەڵ زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی لایەنەکەی دیکەش بەکاربێت.

**ماددەی چواردەم**: ڕێککەوتنە دووقۆڵی، یان چەند قۆڵییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، پێویستە بە زمانی کوردی و زمانی لایەنەکەی دیکە بێت.

**ماددەی پازدەم**: لە دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی فەرمانبەران و کارمەندان و بەرزکردنەوەی پلەکانیان، زانینی زمانی کوردی وەک یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو یاخود کوردی نەزانێت، ئەوا پێویستە ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی ببێت.

**ماددەی شازدەم**:

یەکەم: تابلۆی سەرجەم فەرمانگە حکوومییەکان دەبێت بە زمانی کوردی و عەرەبی بێت، بەمەرجێک نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت.

دووەم: تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسوڵگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی دیکە بێت.

**ماددەی حەڤدەم**: هەر دامودەزگایەکی حکومی و ناحکومی عێراقی و بیانی کە مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێمدا هەبێت، پێویستە لە فۆڕم و نووسراوەکانیدا ڕەچاوی زمانی کوردیش بکات.

**ماددەی هەژدەم**: تابلۆی سەر شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بەمەرجێک نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت.

## بەشی پێنجەم
## زمانی خوێندن

**ماددەی نۆزدەم**: زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستاندا.

**ماددەی بیستەم**:

یەکەم: خوێندن بە زمانەکانی عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی لە قوتابخانە حکومییەکاندا لەژێر چاودێریی وەزارەتی پەروەردەدا دەبێت.

**دووەم**: خوێندن بە زمانە بیانییەکان لە قوتابخانە ئەهلییەکاندا، لەژێر چاودێریی وەزارەتی پەروەردەدا دەبێت.

**سێیەم**: هەموو باخچەی ساوایان و قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلیژێکی پەروەردەیی ئەهلیی ـ کەرتی تایبەت، لەسەریەتی خوێندنی بەشە وانەی زمانی کوردی بەپێی پرەنسیپەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕیزی ماددە خوێندراوە سەپێنراوەکانی بێت، بەپێچەوانەوە قوتابییەکانیان بۆیان نییە لەزانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستاندا وەربگیرێن.

**ماددەی بیست و یەک**: لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و ئەهلییەکان بەتایبەتی زانستە مرۆییەکان، قوتابی بە زمانی کوردی دەخوێنێت و وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەداتەوە، زمانەکانی دیکەش ڕێگەپێدراون، بە مەرجێک زمانی کوردی زمانی یەکەمی خوێندن بێت.

**ماددەی بیست و دوو**: لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و ئەهلییەکاندا، بەپێی پسپۆڕیی بەشەکان، زمانەکانی دیکە ڕێگەپێدراون، بەمەرجێک ماددەیەکی تایبەت بە کوردۆلۆجییان هەبێت.

**ماددەی بیست و سێ**: خوێندن بە خەتی برایل بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بە زمانی کوردی دابین بکرێت.

## بەشی شەشەم
## زمانی کار و بازرگانی

**ماددەی بیست و چوار**: هەر دەزگایەکی خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت، کە مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیاندا هەبێت، پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێنێت.

بەکارهێنانی زمانێکی دیکەی فەرمیی عێراق، یان زمانێکی بیانی بەپێی پێویستیی خزمەتگوزارییەکەی و زمانی بەکاربەران، ئازادە.

**ماددەی بیست و پێنج**: پێویستە تابلۆی سەر سەرجەم نووسینگە و فرۆشگا و چێشتخانە و هۆتێل و شوێنە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت بە زمانی کوردی بێت. دەشێ لەپاڵ زمانی کوردی بە زمانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، یان بە زمانێکی دیکەی بیانی بنووسرێت، بەمەرجێک نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت، بەپێچەوانەوە مۆڵەتی کردنەوەیان پێ نادرێت.

**ماددەی بیست و شەش**: بۆ دامەزراندن، یان کارکردن بە گرێبەست لە هەر شوێن و کارێکدا پێویستە زانینی زمانی کوردی وەک یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکان بێت.

**ماددەی بیست و حەوت**: لە پەیوەندیی زارەکی و نووسراوی نێوان خاوەنکاری کەرتی تایبەت و کارمەندەکانیدا (بە گرێبەستیشەوە)، زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت، دەکرێت زمانێکی تریش لەگەڵ زمانی کوردی بەکاربهێنرێت.

**ماددەی بیست و هەشت**: پێویستە هەموو ئاگادارییەکی کاردۆزینەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە.

**ماددەی بیست و نۆ**: پێویستە هەموو شتومەک و کەلوپەل و کاڵایەک کە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێت، بە زمانی کوردی (وێڕای زمانی دیکە) لەسەری بنووسرێت. حکومەت لە سیاسەتی مۆڵەت بەخشین و ئاسانکاری بۆ هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی لە دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی عێراق بەرهەم دەهێنرێن، دەبێت مەرجی نووسین بە زمانی کوردی لەسەر بەرهەمەکان وەک یەکێک لە پێوەرەکانی مۆڵەت و ئاسانکارییەکان بەکاربێنێت، ئەمە نووسینی سەر ڕێنمایی بەکارهێنان و کەتەلۆگی سەرجەم بەرهەمەکان بەتایبەتی داو و دەرمانیش دەگرێتەوە.

**ماددەی سییەم**: پێویستە فۆرمی داواکاری و پارەدان و پارەوەرگرتن لەگەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بازرگانی و پسوولە و زەرف... هتد بە زمانی کوردی بن، بەڵام بەکارهێنانی زمانی عەرەبی، یان زمانێکی بیانی لەپاڵیدا ڕێگەپێدراوە.

**ماددەی سی و یەک**: هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشەیەک لە هەرێمی کوردستاندا

دەبێت بە زمانی کوردی بێت، بەڵام بەکارهێنانی زمانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، یان زمانێکی بیانی لەپاڵیدا ڕێگەپێدراوە.

**ماددەی سی و دوو:** ڕۆژنامە و میدیا و ناوەندە کلتوورییە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئازادن لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا.

## بەشی حەوتەم
## زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان

**ماددەی سی و سێ:** لە هەر یەکەیەکی کارگێڕیدا، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی سەر بە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد بن، بۆیان هەیە بە ڕاپرسییەکی خۆجێیی زمانی خۆیان لەپاڵ زمانی کوردیدا بکەن بە زمانی فەرمیی کاروباری ناوخۆییان.

**ماددەی سی و چوار:** دەبێت دامەزراوەکانی ئەم جۆرە پێکهاتانە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، زمانی کوردی بەکاربێنن.

## بەشی هەشتەم
## کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان

**ماددەی سی و پێنج:** لەپێناو چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و بەڕێوەبردنی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمسیۆنێک بە ناوی کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان دادەمەزرێت.

**ماددەی سی و شەش:** کۆمسیۆن خاوەنی کەسایەتیی مەعنەوییە و سەربەخۆیی دارایی (بودجەی تایبەت) و کارگێڕی هەیە و دەسەڵاتی گرتنەبەری هەموو ڕێککارێکی یاسایی پێویستی هەیە.

**ماددەی سی و حەوت:** کۆمسیۆن لە (٩) پسپۆڕی بواری زمان و یاسا و کارگێڕیی کە خۆیان بۆ ئەم ئەرکە تەرخان دەکەن پێکدێت، ئەندامانی کۆمسیۆن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران (یان) پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ ماوەی (٤) ساڵ دیاری دەکرێن، ماوەکەیان دەکرێت یەک جار نوێ بکرێتەوە، مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە کۆمسیۆن ئەمانەن:

**یەکەم:** تەمەنیان لە سی و پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم**: بە لای کەمی (١٠) ساڵ لە بوارەکەی خۆی خزمەتی کردبێت.

**سێیەم**: بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت.

**ماددەی سی و هەشت**: کۆمسیۆن دەسەڵاتی پەسندکردنی پێڕەوی ناوخۆ و هەموو ڕێنماییەکی هەیە، کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی پێویست بێت. بۆ مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردن و لێسەندنەوەی مۆڵەتی کارکردن و داخستن، لیژنەیەک لە نوێنەرانی کۆمسیۆن و ئەکادیمیای کوردی و پارێزگا و شارەوانی پێکدەهێنرێت.

**ماددەی سی و نۆ**: کۆمسیۆن لە دوو بەشی لیژنەی زمان و لیژنەی بەدواداچوون و پشکنین پێکدێت:

**یەکەم**: لیژنەی زمان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی لە بواری بە کوردیکردنی زاراوە کارگێڕی و پسپۆڕییەکاندا یارمەتی دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان دەدات، پاش پەسندکردن لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاویان دەکاتەوە.

**دووەم**: لیژنەی پشکنین و بەدواداچوون لەسەر بنەمای تۆمارکردنی سکاڵای هاوڵاتییان، یان بە دەستپێشخەریی خۆی، پشکنەرەکانی دەنێرێتە سەر ئەو دامەزراوە و ناوەندانەی کە ڕەفتاریان لەگەڵ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا ناتەبایە.

**ماددەی چلەم**: هەر کۆمپانیا و دەزگایەکی خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت، کە کارمەندی هەبێت و زمانی کوردی نەزانن، لەژێر چاودێریی کۆمسیۆندا پلان بۆ باشکردنی باری زمانی کوردی دادەنێت.

**ماددەی چل و یەک**: کۆمسیۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی بۆ ناونان و ناوبردنی شوێن و دەڤەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا پێشنیاز دەداتە حکومەت بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکات.

**ماددەی چل و دوو**: کۆمسیۆن هەموو ساڵێک ڕاپۆرتێکی چڕوپڕ لەسەر باری زمانی کوردی لە بواری گشتی و حکومیدا دەداتە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەپێی پێویست بڕیاری لەسەر بدرێت.

## بەشی نۆیەم
## سزاکان

**ماددەی چل و سێ**: ئەوەی سەرپێچی لە فەرمانەکان (حوکمەکان)ی ئەم یاسایە بکات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت:

**یەکەم**: ئەگەر بەرپرسیاری سەرپێچییەکە کەسێکی مەعنەویی کەرتی گشتی بوو، کۆمسیۆن لەرێگەی هۆشداریدانەوە سەرنجی دامەزراوە حکومییەکە بۆ سەرپێچییەکە ڕادەکێشێت. ئەگەر پاش تێپەڕینی ئەو ماوەیەی کە کۆمسیۆن دیاریی دەکات، دامەزراوە گشتییەکە لە سەرپێچییەکەی بەردەوام بوو، ئەوا کۆمسیۆن دەتوانێت هۆشداریدانەکەی لە ڕۆژنامە و میدیاکاندا بڵاوبکاتەوە.

**دووەم**: ئەگەر بەرپرسیاری سەرپێچییەکە فەرمانبەری کەرتی گشتی بوو، نەک دامەزراوەکە وەک کەسێکی مەعنەوی و لەکاتی جێبەجێکردنی وەزیفەکەیدا ئەو سەرپێچییەی کرد، ئەوا بە نووسین ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرپێچییەکەی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر لەسەر سەرپێچییەکەی بەردەوام بوو، لە ڕێگەی بەرزترین بەرپرسی دامەزراوەکەیەوە سزای ئینزیباتی دەخرێتە سەر، بەپێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا.

**سێیەم**: ئەگەر هاتوو سەرپێچیکار (کەسی سروشتی بێت یان مەعنەوی) سەر بە کەرتی تایبەت، یان دامەزراوەیەکی حکومیی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یان بیانی بێت، هۆشداری پێ دەدرێت، تاوەکو لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرپێچییەکەی ڕاست بکاتەوە. ئەگەر پابەند نەبوو، ئەوا بە غەرامەیەک سزا دەدرێت کە نابێ لە ( ) دینار کەمتر و لە (  ) دیناریش زیاتر بێت. لەحاڵەتێکدا کە ئەو ڕێککارانە نەبنە هۆی ڕاستکردنەوەی سەرپێچییەکە، ئەوا کۆمسیۆن بۆی هەیە داوای یاسایی لەسەر لایەنی پێشێلکار تۆماربکات.

**چوارەم**:

١. لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکەدا، غەرامەکە دوو ئەوەندە دەکرێت.

٢. ئەگەر لایەنی سەرپێچیکار کەرتی تایبەت بوو، وە بەردەوام بوو لەسەر

سەرپێچییەکەی، ئەوا شوێنەکە بۆ ماوەیەک دادەخرێت.
پێنجەم: ئەگەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بە زارەکی، یان بە نووسین، یان بە هەر شێوە و شێوازێک، ڕێگە لە بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان و زمانی پێکهاتەکاتی دیکەی عێراق بگرێت، ئەوا دەبێت بە بەندکردن و غەرامە سزا بدرێت، بەمەرجێک سزای بەندکردنەکەی لە مانگێک کەمتر نەبێت و لە (٣) مانگیش زیاتر نەبێت، و غەرامەکەشی لە () دینار کەمتر نەبێت و لە () دیناریش زیاتر نەبێت.

## بەشی دەیەم

## مادده دوماهییەکان

**مـاددەی چل و چـوار:** پێویستە لـەسـەر ئەنجوومەنی وەزیــران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، فەرمانەکان (حوکمەکان)ی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
**ماددەی چل و پێنج:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ فەرمانەکان (حوکمەکان)ی ئەم یاسایەدا ناکۆک بن.
**مـاددەی چل و شەش:** دوای ئـەوەی بڕیاری کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان دەردەچێت و ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە، یاساکە جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)ی کۆماری عێراقی فیدراڵ، کە شانبەشانی زمانی عەرەبی دانی بە فەرمیبوونی زمانی کوردی ناوە لە سەرانسەری عێراقدا، هەروەها دانی بە زمانی پێکهاتەکانی دیکەشدا ناوە و، لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت وەک یاساگەلی دەوڵەت و هەرێمە فرەزمانەکان لە بواری سیاسەتی زمانیدا، بەپێویست زانرا یاسایەکی لەم چەشنە وەک سەرچاوە و چوارچێوەی سیاسەتی زمانی پەسند بکرێت و بخرێتە کار، بۆیە ئەم یاسایە تەشریع کرا.

Iraqi Kurdistan parlament
Kurdistan – Erbil

NO:
DATE:

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر
ژمارە:
رۆژ: 2012/9/1

بۆ / سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

ب / پرۆژە یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کەلەخوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیار دەکەین کە (پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دانی بریاری گونجاو.

لەگەڵ ڕێزدا

ئەندامانی واژۆکردووی پێشنیاری یاساکە:

٢٠١٢
٩/١٦


| ز | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١- | د. سەروەر عبدالرحمن عمر | |
| ٢- | د. عمر نورە دینی | |
| ٣- | شیرین صلاح الدین صالح | |
| ٤ | عبد السلام بەرواری | |
| ٥ | عمر عبدالعزیز | |
| ٦ | ناسک توفیق عبدالکریم | |
| ٧- | گەشە دارا حفید | |
| ٩- | گۆران ئازاد محمد | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | دلشاد حسين | |
| ١١ | سالم توما كاكو | |
| ١٢ | صبا سوزان شهاب ثوري | |
| ١٣ | فوزيا ناظم الدين محمود | |
| ١٤ | عطية نجم الدين حسن | |
| -١٥ | پەیمان عبد الكريم عبدالقادر | |
| -١٦ | محمد شاره زورس | |
| ١٧ | سرود دارا رشيد | |
| ١٨ | [illegible] | |
| ١٩ | شيرزاد حافظ | |
| ٢٠ | نوريان عبدالله قادر | |
| ٢١ | سهيل عثمان أحمد | |
| ٢٢ | فيان عبدالحليم عبدالله | |
| ٢٣ | د. رضا صالح محمد | |
| ٢٤ | عبدالله محمد امين خدر | |
| ٢٥ | پەیمان عزالدين | |
| ٢٦ | نسرين جمال مصطفى | |
| ٢٧ | شيلان محمد | |
| ٢٨ | [illegible] | |
| ٢٩ | شيران كريم كاكا | |

| | | |
|---|---|---|
| | كاوه محمد امين | ٣٠ |
| | سيره عبدالله اسماعيل | ٣٢ |
| | آيان عمر شريف | ٣٣ |
| | روكيه سيد صالح | ٣٤ |
| | ئاراسته سعه دكا | ٣٥ |
| | ئاراء محمود عزيز | ٣٦ |
| | علي حسين محمد | ٣٧ |
| | برهان رشيد حسني | ٣٨ |
| | ليلى امير حافظ عزيز | ٣٩ |
| | هاژه سليمان مصطفى | ٤٠ |
| | شيرزاد عتيقة | ٤١ |
| | دلير محمود فتاح | ٤٢ |
| | ازسهاب | ٤٣ |
| | كاستة كريم | ٤٤ |
| | نهژاد عزيز سوره | ٤٥ |
| | عه زانا عوسمان | ٤٦ |
| | عبدالستار بازبر | ٤٧ |
| | د. أحمد وه رتي | ٤٨ |
| | بيشار نجم الدين | ٤٩ |
| | سوزان يوسف خوشناو | ٥٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥١ | د. صباح برزنجي | ١٢/٩/٢٠١٦ |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

سەرۆكایەتی
پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق
كوردستان ـ هەولێر



خولی سێیەمی هەڵبژاردن
ساڵی چوارەم
خولی گرێدانی یەكەم
ژمارەی دانیشتن: (١٠)
ڕۆژی دانیشتن: ٢٠١٢/١٠/٨

## ((بەرنامەی كار))

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ٢٠١٢/١٠/٨ دا بەم شێوەیە بێت:

### ((كۆبوونەوەی یەكەم))
### لەكاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ

١ـ خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لە هەرێمی كوردستان، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

٢ـ خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای نۆیەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

٣ـ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

٤ـ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی مافی منداڵ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

٥ـ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی پیرۆزییە ئایینیەكان لە هەرێمی كوردستان.

٦ـ خستنەڕووی دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (اسماعيل سعيد محمد) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان.

### ((كۆبوونەوەی دووەم))
### لەكاتژمێر (٥)ی پاش نیوەڕۆ

١ـ ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و شارەوانی بۆ ڕوونكردنەوەیان لەسەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی كۆلێرا و، دەستنیشانكردنی هۆكارەكەی وهەوڵەكانیان بۆ چارەسەركردنی و، وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامان لەسەر ئەم بابەتە.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان ـ عیراق

د. حسن محمد سوره
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان ـ عیراق

د. أرسلان بايز اسماعيل
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان ـ عیراق

**Kurdistan Parliament-Iraq**
Kurdistan – Erbil
**Directorate Of Parliament Affairs**

NO:
DATE:

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
کوردستان ـ هەولێر
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان**

ژمارە: ل/٣ ٢١١٧
ڕۆژ: ١٤/١٠/٢٠١٢

بۆ/

١. **لیژنەی کاروباری یاسایی**
٢. **لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان**
٣. **گشت ئەندامانی پەرلەمان**

بابەت/ **پرۆژە یاسای**

پشت بەستن بە ماددەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەك لە دەقی پێشنیاری یاسای (**زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان –عێراق**)، ئاراستەتان دەکەین کە لەلایەن (**ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە**)ەوە پێشنیار کراوەو، لە دانیشتنی ژمارە(١٠)ی ئاسایی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٨ پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی کراوە، دوای دیراسەت کردنی لە رای خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**د.أرسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

ێنەیەکی بۆ/

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان/ لیژنەکان.

پەرلەمانی کوردستان/ کوردستان ـ هەولێر/ شەقامی شەست مەتری ت/ ٠٦٦٢٢٢٠٨٠٠ - ٠٦٦٢٢٣٠٢٤ www.perleman.org

Kurdistan parliament- Iraq
Kurdistan - Erbil
Directorate Of Parliament Affairs

NO:

DATE:

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان
ژمارە: ٥٧٣٥/٢/٤
رۆژ: ٢٠١٢/١٠/١١

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**بابەت/ ناردنی پێشنیار**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە بۆتان ڕەوانە دەکەین، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوەو، لە دانیشتنی ژمارە(١٠) ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٨ خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، تکایە رای خۆتان لەسەر پێشنیارەکان دەرببڕن و، ئاگادارمان بکەنەوە.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**هاوپێچ/**

پێشنیاری یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان.
پێشنیاری یاسای پاراستنی ماڤی منداڵ لە هەرێمی کوردستان.
پێشنیاری یاسای پاراستنی پیرۆزییە ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**وێنەیەک بۆ/**
نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
نووسینگەی ڕێکخەری کاری نێوان پەرلەمان و حکومەت/ بۆ بەدواداچوون/ لەگەڵ ڕێزدا.
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان.

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی یاسایی / لیژنەی یاسایی

إقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
الدائرة القانونية / اللجنة القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: ١١٧١٢ No:

ڕێکەوت: ١٥ / گەلاڕێزان / ٢٧١٢ ی کوردی
Date: ٦ / ١١ / ٢٠١٢

بۆ/ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/نووسینگەی وەزیر
/ ئەکادیمیای کوردی
ب/ ڕا و سەرنج

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەک لە نووسراوی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥٧٣٥) لە ١١/١٠/٢٠١٢ لەگەڵ بەراییەکان دەنێرین بۆتان، سەبارەت بە (پێشنیاری یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان) ڕا و سەرنج و تێبینیە کۆتاییەکانتان لەسەری بنێرن بۆمان بە زووترین کات تاکو بتوانین کاری پێویست ئەنجام بدەین.

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ:
- پێشنیاری یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان.

نێچیرڤان احمد عبدالله
سەرۆکی دیوان بە وە کالەت

**وێنەیەک بۆ:**

- پەرلەمانی کوردستان/ ئاماژە بە نووسراوتان لەسەرەوە، بۆ ئاگاداریتان.لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی ڕێکخەری هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان/بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی یاسایی /لیژنەی یاسایی.
- خولاو

Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail: cm@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون: ٢٢٢٠٢١٠ ـ ٢٢٣٠٢٤٧ ـ ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+

# چۆن پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان
# لە هەرێمی کوردستان ئامادەکرا؟

لەمێژە لەبارەی ناسنامەی نەتەوەکان دەخوێنمەوەو لە بەدواداچوونم لە ئەنتەرنێت بۆ ئەوەی نوێترین زانیاریم بەدەست بکەوێ، لەئەنجامدا بەپێویستم زانی ساڵی (٢٠٠٦) پێشنیازێک بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشکێش بکەم لەبارەی هەبوونی یاسای زمان، کە پێویستییەکی هەمیشەیی نەتەوەکانە، چجا نەتەوەیەکی وەکو ئێمە، چونکە لە وڵاتانو هەرێمەکانی سیستەمی فیدراڵیدا (٤٧٠) یاسا هەیەو بەسوود وەرگرتن لەئەزموونی وڵاتانو هەرێمەکانیان، ئێمەش یاسایەکی لەم جۆرە (یاسای زمان) ئامادە بکەین، بۆیە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، بەڵام لەبەر نەبوونی دەقی یاسای زمانە فەرمییەکان بەزمانی عەرەبیو کوردی پێشنیازەکەمان بەناچاری دواخرا تاکو پرۆژەکە تۆکمەترو پوختتر دابڕێژرێ.

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٧) لە کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی لە هەولێر باسێکم لەبارەی بۆچی ماددەی چوار لە دەستووری کۆماری عێراق جێبەجێ ناکرێ و هەر لەوێ پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لەکۆماری عێراق کە بەهەردوو زمانی عەرەبیو کوردی بوو دام بەجێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق (خالید عەتیە)و پەرلەمانتارانی عێراقی، ئەم پرۆژەیە کرا بە بنچینە بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، و لەم بوارەدا چەندین بابەتم لەگۆڤارو ڕۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوکردۆتەوە و توێژینەوەم لە زانکۆی کۆیە (٢٠٠٨)و لە کۆنگرەی زمان ناسنامەی نەتەوە، کە لە ساڵی (٢٠١١) وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێکیخست منیش (لەبارەی یاسای زمان) باسێکم پێشکێش کرد.

هەروەها لە ئەکادیمیای کوردی لەبارەی سیاسەتی زمان (زمانپارێزی) لە هەرێمی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠٠٩) لە ساڵی ٢٠١١ لە هۆڵی مەحموود بایەزیدی توێژینەوەکم پێشکێش کرد و لە ٢٠١١/١٠/١٢ پێشنیازێکم بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک بۆ ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی کرد و لە ٢٠١١/١٢/٢٥ بڕیاری لەسەردرا لە ٢٠١٢/٢/٢١ یادەکە کرایەوەو منیش

بەبابەتێک بەناوی (زمانی دایک سەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیە- هەرێمی کوردستان بەنموونە) بەشداریم کرد و لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەولێر (ڕێکخراوەی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و سەنتەری توێژینەوە و بەراوردکاری یاسایی... هتد) چەندین سیمیناریان بۆ ڕێکخستم لە چاوپێکەوتنەکانی میدیاکانی بینراو و بیستراو و خوێنراو بەردەوام جەختم لەسەر هەبوونی سیاسەتی زمانو یاسای زمان کردۆتەوە.

لەم بارەوە لە پەرلەمانی کوردستان[1] ٣ کتێب چاپ کراوەو لە زانکۆی کۆیە ماستەرنامەیەک لە بەشی یاسا[2] (٢٠٠٨) وەرگیراوەو منیش دوو کتێبم[3] بەچاپ گەیاندووەو ئەوەی سێیەمیش بەم نزیکانە چاپ دەکرێ[4] و هەموومان لەچاوەڕوانی بووین لە (١٩٩٢- ٢٠١٢) لە کارنامەی هەر حەفت کابینە یەک لەدوا یەکەکانی حکومەتی کوردستان و لەهەر سێ خولی پەرلەمانی کوردستانو لایەنەکانی سیاسی گۆڕەپانی باشووری کوردستان، لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیان و لە بەرنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا جەختیان لەسەر بکردبایە، سەرەڕای زانکۆکانی (بەشی یاساو بەشی زمان لە زانکۆکانی کوردستانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها دوو لایەنی پەیوەنداری ڕاستەوخۆ (ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتی ڕۆشنبیری) دەپرسین بۆچی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکانی ئامادە نەکرد؟

بۆیە بەچوار قۆڵی بەندەو د.ئاسۆ و د.عومەر و د.نەریمان کە دوو یاساناسو دوو زمانناس دوای چەندین کۆبوونەوە لە ماڵی نووسەری ئەم چەند دێڕە، سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ چیتر چاوەڕوان نەبووینو خۆبەخشانە توانیمان پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ئامادە بکەینو سوودمان لە ئەزموونی هەرێمی کیوبیک لە کەنەدا، کە د.ئاسۆ لە فەرەنسییەوە دەیکردە

١ – خود موختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەکان لە چین، وەرگێڕانی مەجید ئاسنگەر ٢٠٠٦.
أ– قانون اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨، ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند ٢٠٠٧.
ب– یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرە زماندا، وەرگێڕانی مەجید ئاسنگەر ٢٠٠٧.
٢– كارزان طارق جامباز، التنظيم القانوني لتعدد اللغات في الدول الفيدرالية (دراسة تحليلية مقارنة)، جامعة كويه (رسالة غير منشورة) ٢٠٠٨.
٣– پارێزەر تاریق جامباز، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری وڵاتە فیدراڵیەکاندا، ٢٠٠٥ سلێمانی.
٤– المحامي طارق جامباز، من إبادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادى، ٢٠٠٨ دهوک.

کوردیو سەرلەنوێ پرۆژەکەی داڕشتەوە، بەچوار قۆڵی بەویش داچووینەوە. هەروەها لە ئیسپانی (پارێزەر محەمەد کاکەیی)و لە ئەڵمانی (د.خورشید ڕەواندزی)و لە ئینگلیزی (پارێزەر عەبدولکەریم هەمەوەندو ڕەحمەتی مامۆستا مەجید ئاسنگەر بابەتیان لەم بارەوە کردووە بەکوردی).

هەر چوارمان بەدوای نوێترین سەرچاوە دەگەڕاینو بۆ دواجاریش لە ٢٠١٢/٥/١٢ بەندە پرۆژەکەی پێشکێش بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد و سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٢/٧/١٧ وۆرک شۆپێکی لە هۆڵی پەناگیری لە پەرلەمانی کوردستان ڕێکخست چەندین پسپۆڕو شارەزاو لێزانانی بواری یاساییو زمانەوانی ئامادەی بوونو پتر لە سێ سەعات قسەی لەبارەوە کرا. بە نووسینیش هەندێ ڕا و بۆچوون درایە ئامادەکارانی پرۆژەکە ئینجا دواتر بەچوار قۆڵی لەبەر ڕۆشنایی قسە و نووسینەکانی ئامادەبووان جارێکی دیکە بە هەموو پرۆژەکەدا چووینەوە تاکو تۆکمەتر و ڕێکوپێکتر بکرێو لە ٤٩ ماددە کرایە ٤٦ ماددە، و نابێ ڕۆڵی پەرلەمانتار (د. سەروەر عەبدولڕەحمان) لەیاد بکرێ، کە توانی ئیمزای پەنجا پەرلەمانتاری لایەنە جیاوازەکان کۆبکاتەوەو پێشکێش بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی بکات، لە دانیشتنی ٢٠١٢/١٠/٨ خوێندنەوەی بۆ کرا و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری لە پەرلەمانی کوردستانی کرد، هەروەها لەحکومەتیش بۆ (ئەکادیمیای کوردیو وەزارەتی ڕۆشنبیری) ڕەوانە کرا، دواتر هەردوو لایەنەکەش لە ٢٠١٢/١١/١١ و لە ٢٠١٢/١١/٢٦ وەڵامیان داوەتەوە و لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران داویەتە ئەو لیژنە پێنج قۆڵییەی، بۆ ئەو پرۆژانەی لە ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێن پێک هێنراوەو پەیوەندی بەوانیشەوە کراوە، چاوەڕوانین بەزووترین دەرفەت بۆ پەرلەمانی کوردستانی بنێرنەوە، تاکو هەردوو لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمانیش (یاساییو ڕۆشنبیری) ڕاپۆرتەکانیان بنووسنەوە و لەگەڵ ڕا و بۆچوون (ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتی ڕۆشنبیری) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بینێرن.

ئەم پرۆژەیە بە زمانی شیرینی کوردی ئامادە و پێشکێش کراوە ئەمەیان دەتوانین بڵێین یەکەمین پرۆژە یاسایە، کە بە زمانی کوردی دابڕێژرێ، دواتر بکرێتە زمانی عەرەبی بەپێچەوانەی پێشنیاز و پرۆژەکانی دیکە کە لەزمانی

عەرەبی دەکرێنە زمانی کوردیو سەرەڕای هەردوو زمانی فەرمی (کوردیو عەرەبی)، ئەوا بەڕێزان مامۆستای زمانزان عەبدوڵلا حەسەن زادە ئەرکی وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسیو کاک ئازاد سەردەشتی بۆ زمانی تورکیو مافپارێز کاک نەوزەت دهۆکیش بەکوردی لاتینی (کرمانجی) دایڕشتووە.

لیژنەی وەرگێڕانیش لە پەرلەمانی کوردستان کردوویانە زمانی عەرەبیو دادوەری خانەنشین عەبدولکەریم هەمەوەند پێداچووتەوە، بۆیە پڕ بەدڵ سوپاسی هەموویان دەکەین و لە دووتوێی کتێبێک بەهەر چوار زمانی (کوردیو عەرەبیو فارسیو تورکی) لە نەورۆزی (٢٠١٣) کردمانە (نەورۆزانە) چاپ و بڵاو کرایەوەو بەخۆڕاییو (بێ بەرامبەر) دابەش کرا نەک لە باشووری کوردستان، تاکو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش سوودی لێ وەربگرن.

دەبوایە دوای خوێندنەوەی پڕۆژەکە، لە ٢٠١٢/١٠/٨، سەرۆک فراکسیۆنەکان (دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن) لە کۆبوونەوەکانیاندا، لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کێبڕکێیان لەسەر ئەم پڕۆژەیە بکردایەو فراکسیۆنەکانیش مکوڕبانە، کە دەبێ ئەم پڕۆژەیە لە بەرایی پڕۆژەکانی دیکە بوایە.

ئەم پڕۆژە ڕەهەندی نەتەوایەتیو نیشتمانی هەیە، چونکە ستراتیژەو نابێ و ناکرێ چیتر دوا بخرێ.

**نەورۆزی ٢٧١٣ کوردی**
**٢٠١٣ زایینی**

# سیاسەتی زمان گیانی نەتەوە دەچەسپێنێت

## هەرێمی کوردستان بەنموونە

بۆ ئەوەی زمان بەڕێکوپێکی لە هەموو بوار و ئاستێکدا بەکاربهێنرێ و لەبەردەم گۆڕانکاری خێرای تەکنەلۆژیادا خۆ ڕابگرێ، تاکو ڕۆژ دوای ڕۆژ ببووژێتەوە و خۆی بسەپێنێ، کە زمانێکی زیندووە لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشبردنی لایەنەکانی ژیان خۆی دەگونجێنێو هەماهەنگی لەگەڵ هاوزمانانی بکات لەهەر کوێیەکی سەر گۆی زەوی بن، ئەمەش بە کردنەوەی خولی فێربوونی زمانو هاموشۆی بەردەوامی وڵات بکەنو سەتەلایتی (کەناڵی ئاسمان)ی کولتووریی بۆ ڕەوەندی زمانەکە پەخش بکرێ تاکو زمان لای هەموو تاکێکی ببێتە گیانی نەتەوەو لەهەر شوێنو کاتێکدا بێ، جگەرگۆشەکانی نەک تەنها قسەی پێبکەن، بەڵکو بتوانن بەنووسینو خوێندنەوەش زمانەکەیان بزانن، هەردەم شانازو سەرفرازبن بەوەی، کە سەر بەزمانێکی تایبەتمەندن، کە لە هرزو بیریاندایە وەکو ئاوو هەوا پێویستە، تا ئەو ڕادەیەی بە گیانی نەتەوەیانی بزانن، گەر هاتو لەو زمانە دابڕان، ئەوا پێویستە بەخۆداچوونەوەو هەڵوەستەیەکی نەتەوەیی قووڵی وردی بۆ بکرێ. لەبەر ئەوەی ئەو نەتەوانەی خەمخۆری زمانەکەیانن، ئەوان سیاسەتی زمانیان بەپلاندانانی تۆکمەی درێژخایەن هەیە و لایەنەکانی سیاسی لەهەڵمەتی هەڵبژاردن (پەرلەمانو پارێزگاو... هتد) پێبەری تایبەتیان بۆ سیاسەتی زمان هەیە، بۆ نموونە پارتی ژینگە لەکۆماری ئێرلەندا بۆماوەی بیست ساڵ (٢٠٠٩- ٢٠٢٩) لە هەشت تەوەردا خاڵی لەسەر پیتەکان داناوە، کە تیایە لەو ماوەیەدا چ بۆ زمانی ئایریش بکرێ بەدواداچوونو دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانو دەستبەجێ (یەکسەر) گەرماوگەرم لەلایەن زماننا‌سان چارەسەری گونجاوی بۆ دەدۆزرێتەوەو هەر زمانێ سیاسەتی زمانی نەبوو، ئەوا پلانیشی نابێو مەترسی لەسەر زمانەکە یەکجار زۆر دەبێ، چونکە بۆ داهاتوو (ئایندە) گۆڕانکارییەکان هێندە خێرانو گەر ئامادەباشی بەپلاندانان بۆ دانەنرابێ، ئەوا مەترسی بەرەو هەڵدێری نەمان دەچێ، لەبەر ئەوەی زمانو ئابووری پەیوەندییەکی چارەنووسسازی پێکەوە گرێدراویان هەیە، چونکە گەر بەو زمانە کار نەدۆزرێتەوەو دەست نەکەوێ، ئەوا بەناچاری هەوڵ دەدرێ

بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان (زمانی کار) ببێتە زمانی ژیانو زمانی نەتەوەیەکی هێدی هێدی بەرەو نەمانو لەناوچوون دەچێ، باشترین نموونەش ڕەوەندی کوردی ئەوانەی هاوسەریان بیانییە، یان لەماڵەوە بەزمانی کوردی قسە ناکەن، گەر سیاسەتی زمان هەبێ، ئەوا گیانی نەتەوە دەچەسپێتو خۆڕاگرو چەسپاو دەبووژێتەوەو پەرەی پێدەدرێ.

مامۆستا لویس کالفی پێناسەی سیاسەتی زمان و پلانی زمان بەم جۆرە دەکات:

سیاسەتی زمان: بریتییە لە سەرتاپای ئەو ڕێگایانەی بەر لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش لەنێوان زمان و ژیان لە وڵاتدا.

پلانی زمانەوانی: بریتییە لە گەڕان بەدوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانەوانی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە.

دەپرسین ئاستەنگەکانی بەردەم سیاسەتی زمان چین؟ چۆن چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوەو دەکرێ؟

**ئاستەنگەکان**

لەبەر ئەوەی ئەوانەی پۆستو پلەو پایەیان هەیە، ڕاهاتوون کاروباریان بە زمانی سەردەست (دەسەڵاتدار) بەڕێوە ببەنو زمانی دیکە بە زمانی نزمترو خوارترو کەمتر دەزانن، گەر هەوڵی بەکارهێنانی زمانی دیکەش بدرێ، ئەوا بەهەموو جۆرێ پەراوێز و فەرامۆشی دەکەن، لە (١٩٩٢ تاکو ٢٠١٢) دروشمی زمانی تاقانەیان هەڵبژاردووە، بەهەنجەت و بیانوو و پاساوی، باکگڕاوەندیان زمانی عەرەبییەو سەرچاوەکانیش بە زمانی عەرەبین، بۆیە لای سەرەوەی یاساو بڕیارەکانیش پەرلەمانی کوردستان دروشمەکەیان چەسپاندووە (وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە، کە بەڕەسمی دەرچووە). هەر بۆیەش کارتێکردنی ئەمانەیە لە پەیڕەو و پرۆگرامی گشت لایەنەکانی سیاسی، کە لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانو لە بەرنامەی هەموو کابینەکاندا بەیەک دێریش باسی سیاسەتی زمان نەکراوە.

هەر ئەوان لە دەستیان بێت، نەک (قانونو زمانی کوردی کوجا مەرحەبا!). و وەڵامدانەوە بە زمانی کوردی قەدەغەیە، بەڵکو لەناخیاندا بە زمانی کوردی

خوێندن (زیادە) لە ماڵو کۆلان فێری زمانەکە دەبن، ئەوانە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩٢ لەو ناوچانە بوون، کە خوێندن بە زمانی کوردی تیا بوو، بەلام هیچ کامیان جگەرگۆشەکانیان بە زمانی کوردی نەیانخویندووەو ناخوێنن!.

ئەوانەی خەمخۆری ناسنامەی نەتەوەکەیانن دەنگیان بەرزکردۆتەوە، بەلام هێندە کزو لاواز بووە، کە دەنگدانەوەی نەبووە، بۆ نموونە لە (١١١) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، (١١) لە نەتەوەکانی دیکەن‌و سەد پەرلەمانتار کوردن، بەلام ئەوانەی هەڵوێستیان هەبوو، ژمارەیان لە پەنجەی یەک دەست ئەوپەڕی دوو دەست تێنەدەپەڕی، کە داوایان کردووە، کە یاساو بڕیارەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بن، چونکە لەو شەست یاساو بڕیارانەی بەدەگمەن وا هەڵدەکەوێ، کە بە زمانی کوردی لەگەڵدابێ و پرسیار لەم بارەوە لە ئەنجومەنی وەزیران کراوەو پشت بەستن بەدوو نووسراو بە ئیمزای سەرۆکی پەرلەمان، تاکو خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانیش تەواو بوو، هەر وەلامیش نەدرایەوە؟!

بە کوردیکردنی دادگاکان و فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتی داد، ساڵی (٢٠٠٠) هەنگاوی چاکی نا، بەلام لەبەر ئەوەی بەدواداچوونی لەگەڵدا نەبوو، بۆیە بڕیاری دادگاکانی نەگرتەوە، گەرچی لە فەرمانی وەزاری ژمارە ٣٤٣، کە لە ٢٠٠٠/٦/١٥ دەرچووەو لە ژ٣ وەقایعی کوردستان بلاوکراوەتەوە.

ئەمەش دەقی خاڵی سێیەمی: (بڕیارە دادوەرییەکان بە کوردی دەردەچێت، ئەگەر زاراوەیەکی یاسایی نامۆ بوو دەتوانرێت هەر بە زمانی عەرەبی بنووسرێت یا زاراوەیەکی کوردی‌و زاراوە عەرەبییەکەی لە تەکەوە لەنێو دوو کەوانە بنووسرێت).

**یەکەم/** دواتر لە ڕێنماییەکانی ژ٢٠٠٠/١ بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی وەزارەتی داد، ئەوا هەمدیسان لەخاڵی دووەمدا هاتووە (بڕیارەکانی دادگا تا کۆتایی ٢٠٠٠ بەعەرەبی دەردەکرێت)، بەداخەوە دەڵێم دوازدە ساڵ پترە، هێشتا بڕیاری دادگاکان بە زمانی عەرەبین و بۆچ لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی بۆ نەکردووە و خودی وەزارەت‌و سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەردانی لایەنی پەیوەندیداریان نەکردووە؟ تاکو جێبەجێ بکرێ‌و هەڵوێستیان لەم بارەوە هەبووە.

**دووەم/** لەو شەست یاسا و بڕیارانەی کە لەساڵانی (١٩٩٢– ٢٠١٢) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراون، دروشمەکەیان بەسەرەوەیە کە زمانی کوردی پلە دووە، سەرەڕای ئەمەش ئەوانەی وەرگێڕی یاساو بڕیارەکانن لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی پڕۆفیشناڵ نین، بۆیە بە کوردییەکی پاراو وەرناگێڕدرێن بۆ یەک، دوو وشە یان زاراوە بە چەندین جۆر بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون ئەوەیان هەڵوەستەیەکی دەوێ، داواکارم لەزمانناسان بە یاساو بڕیارەکاندا بچنەوە، ئینجا وردترو قووڵتر بۆیان دەرئەکەوێ بەکوردییەکی چۆن چۆنی وەرگێڕراون؟.

لیژنەیەکی هەمیشەیی داڕشتنی یاساییو زمانەوانی، کە بەهەردوو زمان بەیەکسانی بە زمانی کوردی و عەرەبی دابڕێژرێن، ئەمەش نە لە پەرلەمان و نە لەحکومەت داڕشتنیان بە پڕۆفیشناڵی ئەنجام نادەن، چونکە ئەوانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری دروشمەکەو نەمزانیوە لایەنێکی پەیوەندیدار لەم بارەوە سەردانی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتیان کردبێ، کە بۆچ زمانی کوردی پلە دووە و تا کەی بەردەوام دەبێ؟!

**سێیەم/** شێواندنی زمانی کوردی بە بەرچاوی هەموومان دەکرێ، تاکو ئەمڕۆش ڕادەیەکی بۆ دانانرێ، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتی ڕۆشنبیریو لیژنەکانی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان و نووسەران و پارێزگا کراوە، هەر هەموو بە دیاردەیەکی خراپی دەزانن؟ بەڵام لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی گەر هەبێ هەر لەسەر کاغەزە و بەکردەیی و کردار بەئەرکی سەرشانیان ڕانەبوونو باسی نەنووسین بە زمانی کوردی و فەرامۆشکردنی ناکەمو لەم بارەوە زانکۆکانی کوردستان بەشی زمان دەتوانن بە توێژینەوەی مەیدانی بەسوود وەرگرتن لەئەزموونی وڵاتانو هەرێمەکانیان چۆن زمانەکەیان یا زمانەکانیان دەپارێزنو هەرگیز نەک قبوڵیان نییە، بەڵکو سزای ئەو کەسو لایەنانەش دەدەن کە ڕێزی ناگرێ.

**چوارەم/** چەندین سەرچاوە (مرجعیە)ی زمان بۆ یەک زمان (زمانی کوردی) لە هەموارکردنی یاسای دووەمی (یاسای ئەکادیمیای کوردی) ژ٢٠١٢/٥ دا هاتووە:–

**ماددەی یەکەم**

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

(ئەكادیمیای كوردی یەكێكە لە سەرچاوە باڵاكان لە هەموو شتێكی پەیوەندی بە زمانی كوردی و شێوە زارەكان و پاراستن و دەوڵەمەندكردنەوە هەبێ، بەمەبەستی گەیشتن بە زمانێكی یەكگرتووی فەرمیو، خاوەن كەسایەتییەكی سەربەخۆی مەعنەوییە)، گەر لەم دەقە وردبینەوە، بۆمان دەردەكەوێ جگە لە ئەكادیمیای كوردی، چەندین (سەرچاوە) هەن، بەڵام ناویان نەهاتە بیرمان، بۆ بەشی زمان لە زانكۆكانی كوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، نووسەران... هتد. دەبێ، بەڵام نابێو ناكرێ، كە بۆیەك زمان دوو سەرچاوە (مرجعیە) هەبێ، ئەوا لەجیاتی چارەسەركردن، ئاستەنگەكەیان قووڵترو لێك ترازانی فراوانتر دروست دەبێ، نەدەبوایە لە پەرلەمانی كوردستان بەم جۆرە بڕیاری لەسەر بدرایە.

**پێنجەم/** دەپرسین لەبارەی بایەخو گرنگی و بەهای زمان، چەندین بەرهەم بە چاپ گەیاندراونو بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی فرە زمانن و لە میدیا و لایەنەكان پلانیان بۆ ئەم بوارە یەكجار لاوازە و زۆرینەی خەڵك لەم بارەوە وشیاریی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیری لە ئاستی پێویستدا نییە، كە لە وڵاتانو هەرێمەكانیان (زمان) پیرۆزە، چونكە لەئاسایشی نەتەوەیە (ستراتیژە) بە كردەوەی لە هەموو بوار و ئاستێكدا بەڕێكوپێكی جێبەجێ دەكرێ، ئەوانەی ڕێزی ناگرن سزای یاساییان بۆ دانراوەو ئەمانەش ژمارەیان كەمە چونكە زمان بۆتە بەشێكی دانەبڕاو لە هزرو بیری هەموو تاكێكیانو هەرگیز قەبوڵی ناكەن بە كەمتر لە زمانەكانی دیكەی دابنێن و بزانن و لە هەستی وڵاتپارێزیان گەر لەهەر شوێنێك بەكار نەهات، دەپرسن بۆچ بەكار نایەت، لە دەستووری كۆماری عێراق (٢٠٠٥) یەكسانی زمانی عەرەبی و كوردی دانی پیانراوە، بەڵام دەپرسین ئێمە لە ئاست پراكتیزەكردنی ئەم دەستكەوتەداین؟ تاكو ئەم نووسینە بەداخەوە دەڵێم نەخێر، چونكە سیاسەتی زمانمان نییە.

**شەشەم/** نەمزانیوە لایەنەكانی سیاسی یان ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی كۆنگرەیەكی تایبەتمەندیان لەبارەی سیاسەتی زمان ڕێكخستبێ، چونكە دەتوانرا لەم كۆنگرەیەدا لایەنی پەیوەندیدار وەكو (ئەكادیمیای كوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو...هتد) ئەنجامدرابوایە، تاكو بزانرێ و بناسرێ سیاسەتی زمان

چییه و له ولاتانو هەرێمەکانیان چۆن چۆنی جێبەجێ کراوە و چۆن توانیویانە ئاستەنگەکان چارەسەر بکەن، چونکە ئێمە لە سەدەی بیستو یەکەمداینو چ بکەین، تاکو زمانەکەمان لەو (٢٠٠- ٥٠٠) زمانە بێ، کە تا کۆتایی ئەم سەدەیە دەمێنێتەوە و پێویستە چیتر سیاسەتی زمانی دوانەخەینو نازانین چاوەڕوانی چین گەر خۆمان کارنەکەین ئەوە بەتەمای گۆدۆ بین کە نایەتو نایەت.

**حەوتەم/** گرنگترین داینەمۆی سیاسەتی زمان یاسای زمانە، کە بەدەگمەن باسی لێوە دەکرێ و لە ٤٧٠ ولات و هەرێمدا بەڕێکوپێکی جێبەجێ دەکرێ و لە مادده (٤)ی دەستووری کۆماری عێراقدا هاتووە، کە بەیاسا ڕێکدەخرێ لە پەرلەمانی عێراقی پڕۆژە یاسایەک هەیە و دوو جار خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان تەنیا وۆرک شۆپێک بۆ پڕۆژەیەکی خۆبەخشانەی چوار کەس ئەنجامدراوە و ئەم پڕۆژە گرنگە، بەڵام چ کاتێ دەخرێتە لیستی پڕۆژە زۆر و زەوەندەکانی پەرلەمانی کوردستانو نابێ بەهیچ جۆرێ ئاستەنگ لەبەردەم ئەم پڕۆژەیە درەنگ وەختە دابنرێ، بەڵکو ئێمە زۆر دواکەوتووین لە رەوتی ئەو ولاتو هەرێمانەی چەندین ساڵە لەم جۆرە یاسایانەیان هەیەو بەڕێکوپێکیش لە هەموو بوارو ئاستێکدا جێبەجێ دەکرێت، چونکە خەڵکانی وا هەن، چاویان بەرایی نادا، کە زمانی کوردی یەکسانی زمانی عەرەبی بێ.

### چارەسەرکردن

بۆ ئەوەی یاسای زمان بەتەواوی جێبەجێ بکرێ و ئەو دروشمەی زمانی کوردی بە پلە دوو دادەنێت، نەمێنێ و ئەوانەی بیست ساڵە پەتای پەراوێز و فەرامۆشکردنی زمانی کوردی بڵاو دەکەنەوە، تاکو پۆستو پلەو پایەیان لەق بێ و تاکو بە پراکتیزەکردنی سیاسەتی زمان پەیڕەو بکرێ، ئەوا پێویستە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێ:-

١. لیژنەیەکی پرۆفیشناڵ بۆ داڕشتنی یاسای زمانەوانی لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان پێکبهێنرێ (لە یاساناسو زماناس و مامۆستایانی زانکۆ و دادوەران و پارێزەران، کە ئەزموونیان لەم بارەوە هەبێ)، کە بەیەکسانی لە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بزانن و بتوانن یاساو

بڕیارەکانی پێ دابڕێژن.

٢. لەم پێناوەشدا هەموو لایەنەکانی سیاسی پێویستە سەرکردایەتییان کۆببنەوە و پێبەری سیاسەتی زمانیان هەبێ، تاکو بەستنی کۆنگرەیان تاکو لە بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و کابینەکانی ئایندە ڕەنگ بداتەوەو جەختی لەسەر بکرێو لیژنەکانی پەیوەندیداری پەرلەمانی چاودێریو بەدواداچوون بکەنو لە هەر فەرمانگەیەکی حکومەت زمانپارێز لەدەرچووانی بەشی زمان هەبێ، تاکو سیاسەتی زمان پەیڕەو بکات و لەکۆنگرەی نەتەوەییش سیاسەتی زمان لە خاڵە سەرەکییەکان بێت.

٣. کۆنگرە و سیمینار و کۆڕ لەبارەی سیاسەتی زمان، لەلایەن لایەنەکانی پەیوەندیدار ببەسترێ، تاکو وشیاریی ڕۆشنبیری لەم بارەوە بڵاو بکرێتەوەو میدیاکان پەخشیان بکەنو ئەزموونی وڵاتانو هەرێمەکانی فرە زمان باسی لێوە بکرێ، کە سیاسەتی زمانیان تیا پەیڕەو دەکرێ.

٤. سەرچاوە دەبێ یەک بێ نەک چەندین سەرچاوە بێ، کە بەم جۆرە دەبێتە کۆسپو تەگەرە لە بەردەم سیاسەتی زمان، تاکو زووە چارەسەرێک بۆ یەک سەرچاوە بدۆزرێتەوە تاکو ئەو پەرشو بڵاوییەی هەیە نەمێنێ، ئەکادیمیای زمانی کوردی لە زمانناسان پێک بهێنرێو هەموو کاتی بۆ زمان تەرخان بکات و ئەوانەی خزمەتی زمانیان زۆر کردووە ببنە ئەندام وەکو (ئەمین مەعلوف لوبنانی)، کە بووە ئەندام لە ئەکادیمیای زمانی فەرەنسی، چونکە پێشتر خزمەتێکی مەزنو بەرزی زمانی فەرەنسی کردبوو.

٥. ڕادەیەک دابنرێ بۆ شێواندنی زمانی کوردی کە لە سەر تابلۆکان بەدی دەکرێ و نەنووسینی لە زۆر شوێندا هەیە و لیژنەیەکی پراکتیزەکردن بە زووترین دەرفەت پێکبهێنرێ لە ئەکادیمیای کوردیو وەزارەتی ڕۆشنبیریو نووسەرانو پارێزەران... هتد دەست بەکاربن بەمەرجێ بەدواداچوونو پشکنینی شوێنەکان بکەن، هەروەکو بەرنامەی (ئاگاداربە لیژنەکە هات) کە بۆ پاکوخاوێنی شوێنی فرۆشتنی خۆراکو خواردنی بەسەرچوو پەخش دەکرێت، بەڵام بۆ ئاسایشی نەتەوەیی (ستراتیژی) خەمساردیو بێباکیو کەمتەرخەمی لە ئاستێکی سەیرو سەمەرەدایە، کە لە دونیادا نموونەو هاوتای نییە.

٦. چاوپێخشاندنەوەی زمانەوانی بەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠١٢) دەرچوێنراون، چونکە بەکوردییەکی وا نووسراونەتەوە، کە شایانی باسکردن بێ، تەنیا بۆ ئەوە ئەنجامدراوە، تاکو گلەیی و گازاندەیان لێ نەکرێ، کە تەنیا مەبەست دەبێ بە زمانی کوردی لەگەڵدابێ، دەنا لەلایەن پسپۆڕ و شارەزا و لێزانانی یاسایی‌و زمانەوانی دانەڕێژراون‌و نابێ چیتر چاوپۆشی لە کەموکوڕی زمانەوانییان بکرێ، بەڵکو بە تۆکمە و بە پێز دابڕێژرێتەوە.

٧. دوای بیست ساڵ (١٩٩٢- ٢٠١٢)، داینەمۆی سیاسەتی زمان (یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان) لەلایەن چوار کەس، دوو یاساناس و دوو زماننناسی ئامادەکراو وۆرک شۆپێکی لەهۆڵی پەناگیری لە ٢٠١٢/٧/١٧ لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕێکخرا، پێویستە ئەم پڕۆژەیە چیتر دوانەکەوێ. چونکە یاساکە گرنگە، بەڵام جێبەجێکردنی گرنگترە.

بۆ ئەوەی پڕۆژەکە چاکترو باشتر گیانی نەتەوە بچەسپێنێ، پێویستە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێ و بودجەی تایبەتی هەبێ، تاکو بەتەواوی کاروباری پراکتیزەکردنی بە بەردەوامی جێبەجێ بکات و کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکانی کە لە دوو بەش پێک دێت (زمان، بەدواداچوون و پشکنین) ڕۆژانە خەمخۆری زمان لە ئەستۆ بگرێ و ئەوەی لە یاساکە هاتووە، لە هەموو بوار و ئاستێکدا بە ڕێکوپێکی پەیڕەوی بکرێ‌و بینایەکی سەربەخۆی هەبێ، لەبەر ئەوەی کارێکی دیرۆکی ئەنجام دەداتو ئەوانەی بەگوێرەی یاساکە دادەمەزرێن یا لە فەرمانگەیەکی دیکە بۆی دەگوازنەوە، ئەوا دەبێ پڕۆفیشناڵ بن و ناوی بێ ناوەڕۆک نەبن‌و کاریان ئیش بێ، نەک بە ڕیش، تاکو پلانی سیاسەتی زمان لایەنە پەیوەندیدارەکان بەتەواوی یاسایەکە جێبەجێ دەکەن.

گەر زمانی کوردی هەر بە پلەی دوو بمێنێتەوە، ئەوە زمانەکەمان بەرەو هەڵدێری زمانە لەناوچووەکان لە هەرێمی کوردستان دەچێت و لەبەرچاوی هەموومان، بۆیە پێویستە هەریەکەمان لای خۆیەوە بەم ئەرکە وڵاتپارێزی و دیرۆکییە بە زووترین دەرفەت بە هانا و هاوارییەوە بچین و چیتر دەستەوستان و چاوەڕوان نەبین. ناکرێ سیاسەتی زمانمان نەبێت، چونکە لە بەردەم تەکنەلۆژیا و گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەکدا کەم زمان دەتوانێ خۆی لەبەردەمیان ڕابگرێ و بە چەسپاوی بمێنێتەوە.

**پەراوێز**

* شەڕی زمان لاپەڕە ١٥٢، ئەو نووسەرە چەندین بەرهەمی لە بارەی سیاسەتی زماندا هەیە.
* بۆ نەتەوەی کورد زمان گیانیەتی، گەر بڵێین ئەی خاک (وڵات) مێژوو... هتد. ئەڵێم نەتەوەکەمان تاکو سەدەی بیست و یەکەم زمانەکەی پاراستووە، بۆیە دەبێ ئێمەش سیاسەتی زمان بچەسپێنین، دەنا مەترسی ترسناک لەسەر زمانی کوردی هەیە و پتر دەبێ.
* دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە یەکەمین جار ئاماژە بە هەردوو زمانی فەرمی کوردی و عەرەبی، دەکرێ لە بڕیاری ژ١/ ٢٠١٢ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە خاڵی ٢، کە ئەمە دەقەکەیەتی:
چارەسەرکردنی جیاوازی لەنێوان دەقی ماددەی شەشەم بەزمانی کوردی لەگەڵ دەقەکەی بە زمانی عەرەبی، ئەم ماددەیە بەزمانی کوردی لە بڕگەی (دووەم)دا حوکمدراوە گەڕاوەکانی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەر کراوە، کەچی لە دەقە عەرەبییەکە بەدەرنەکراون.
* لەبەر ئەوەی سیاسەتی زمانو یاسای زمان تەواوکەری یەکترن، بۆیە لە کاتالۆنیای ئیسپانی ناوی نراوە یاسای سیاسەتی زمانەوانی، کە لە ١٩٩٨ دەرچووە.

**سەرچاوەکان**


١)- شەڕی زمانو سیاسەتی زمانەوانی، لویس جان کالفي، وەرگێڕانی بەهادین جەلال، هەولێر ٢٠١٢.
٢)- اللغة وعلاقتها، د. علي ناصر كنانة، بيروت، ٢٠٠٩.
٣)- یەشار کەمال، سەبارەت بەخۆی دەدوێت، (هەڤپەیڤینی لەگەڵ ئالان، پاشکۆی وەرگێڕان)، بەکر شوانی، سلێمانی، ٢٠١١.
٤)- ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، ژ ٣- ٢٠٠٠/٦/١٥.
٥)- ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان، ژ ١- ٢٠٠٠/٥/٤.
٦)- یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٢، یاسای دووەمیی هەمواری یاسای ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
٧)- بڕیاری ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠١٢ لە ٢٠١٢/٥/٣، کە سەرۆکی هەرێمی

کوردستان دەری کردووە.
٨)- پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) پرسیاربارانی حکومەتی کوردستان دەکەن، پارێزەر/ تاریق جامباز هەولێر ٢٠٠٩.
٩)- گۆڤاری ئەکادیمی ژ٢٠١١/١٩، دەستپێک لەبارەی (زمانپارێزە) سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان، پارێزەر/ تاریق جامباز.
١٠)- سیاسەتی زمان ناسنامەی نەتەوە دەچەسپێنێت، پارێزەر تاریق جامباز (دەستنووس).
١١)- یاسای سیاسەتی زمانەوانی لە کاتالۆنیا (ئیسپانیا) ١٩٩٨، وەرگێڕانی لە ئیسپانییەوە، پارێزەر/ محەمەد کاکەیی (بڵاونەکراوەیە).
١٢)- قانون (اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨)، ترجمه من الانكليزية الحاكم عبدالكريم ابوبكر هموند، اربيل، ٢٠٠٧.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بڕیاری ژمارە : ٤

مێژووی بڕیار : ٣ / ٤ / ٢٠٠٠

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە
کە بەرەسمی دەرچووە

" بڕیار"

پشت بە حوکمەکانی مادەد (٤٤) لە یاسای ژمارە(١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو. بڕگە ١/٢ وبڕگە ١/ب لە ماددە(٣٠) پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە(١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا. هەروەها لەسەر داواکاری مەکتەبی سیلسیی پارتی دیموکراتی کوردستان (خودان لیستی هەڵبژاردن) بە نووسراوی ژمارە (٢٩٦) یان لە ٢٠٠٠/٣/١٣ دا . ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٣ یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم: هەردوو لەم پاڵێوراوانەی کەلە خوارەوەدا ناویان هاتووەو لە نێوان لیستی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دان. جێگای هەردووك لەو ئەندامانەی پێشوو دەگرنەوە کە کورسییەکانیان بە بەتاڵی ماونەتەوە

١. ڕێزدار حەسەن ساڵح ڕۆستەم خان لە جێگای ڕێزدار جەوهەر نامق سالم

٢. ڕێزدار کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی لەجێگای خوالێخۆشبوو ئازاد عبدولقادر قەرەداغی.

دووەم: ئەم بڕیارە لەڕۆژی (٢٠٠٠/٤/٣ )ەوە دەخرێتە کار

سێیەم: لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە ."

ئیمزا

**د . ڕۆژ نوری شاوەیس**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی

کوردستانی عێراق

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بڕیاری ژمارە : ٥

مێژووی بڕیار : ٩ / ٤ /٢٠٠٠

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە کە
بەرەسمی دەرچووە

" بڕیار"

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بە پێی بڕگە (٣) ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠) ی ساڵی (١٩٩٧) پێمان دراوەو. لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی٢٠٠٠/٤/٩ دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارماندا:

١- بڕیاری ژمارە(١٧) ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لە ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢ دەرچووە.لە ڕۆژی تەواو بوونی ماوەی کار پێکردنییەوە بۆ ماوەی سێ مانگی دیکە درێژ دەکرێتەوە

٢- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقرار کردنییەوە لە ٢٠٠٠/٤/٩ دەخرێتە کارو.لە ڕۆژنامەی رەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە .

ئیمزا

**د . ڕۆژ نوری شاوەیس**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی

کوردستانی عێراق

ژمــاره :٣٤٣

# " فەرمــــانی وەزاری "

لە پێناو پیادەکردنی ماددەی پێنجەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە / ١٤ ساڵی ١٩٩٢ کە جەخت دەکاتە سەر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان، بڕیارماندا:٠٠

١. سکاڵانامە و داواکــاری و دادبینــی و دادگــایی کــردن لــە گشــت دادگاکــانی هــەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بێت .

٢. کۆنووس و گوفتار لایەنە دژ کارەکان و شایەتەکان بە کوردی وەردەگیرێت .

٣. بڕیارە دادوەرییەکان بە کوردی دەردەچێت و ئەگەر زاراوەیەکی یاسایی نامۆ بــوو دەتوانرێـت هــەر بــە عــەرەبی بنووســرێت یــان بــە زاراوەیــەکی کــوردی و زاراوە عەرەبییەکەی لەتەکەوە لە نێو دوو کەوانە بنووسرێت .

٤. ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٦/٣وە کاری پێ دەکرێت .

هــادی عــلی

وەزیــــــــری داد

## رێنمایی ژماره (١) ساڵی ٢٠٠٠

پشت بـه دەسـەڵاتی مـاددەی (٦٤) لـه یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری ژمـاره (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢، و بۆ پیادەکردنی مادەی (٥) لەهەمان یاسا، سەبارەت بـەکوردی کردنـی دادوەری لە دادگاکانی هەرێمی کوردسـتانی عێراق ، ئـەو رێنماییانـەی خوارەوەمـان دەرکرد:..

١ لـه رێکـەوتی ٢٠٠٠/٦/٣ بـەدواوە سـکاڵای داواکـان (لائحـه الدعـوی) بـەکوردی پێشکەش دادگاکان دەکرێت و کۆنووسی دادوەریش بەکوردی دەبێت.

٢. بڕیارەکانی دادگا تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ بەعەرەبی دەردەکرێت.

٣. داواکانی پێش ٢٠٠٠/٦/٣ تاکۆتایی پێهێنانیان وەك خۆی دەمێنێتەوەو بەعـەرەبی کۆنووس دەکرێت.

٤ ئەو کلێشەو فۆرمانەی بۆ بەڵگەنامەکانی دادگای باری کەسـینه پێشـتر گۆڕاونەتـه سەر زمانی کوردی بە سەر دادگاکان و هاووڵاتیاندا بڵاودەکرێنـەوە و چیـتر فۆرمـه کۆنەکان بەکارنایەن.

٥. لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە وەزارەت لە پسپۆڕانی زمانەوانی و یاسایی بۆ گۆڕینی کلیشەکانی دادگاکان بـۆ سـەر زمـانی کـوردی و ئامـادەکردنی فەرهـەنگۆکی یاسـایی تایبەت بەدادگاکان.

٦. بەکوردی کردنی دادگاکانی سەر بەسەرۆکایەتی دادگای تاوانی دهـۆك تاماوەیـەکی تر دوادەخرێت.

هـادی علـی

وەزیـــــــــری داد

Kurdistan parliament-Iraq
Kurdistan-Erbil
Research Center

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان- هەولێر
سەنتەری توێژینەوە

No:3
Date: 2012/7/15

ژمارە: ٢
بەروار: ٢٠١٢/٧/١٥

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان
ب/ سیمینار

دوای سڵاو........

سەنتەری توێژینەوە لە پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی( ١٧) مانگ کاتژمێر (١٠)ی سەرلە بەیانی لە هۆڵی پەناگیری سیمینارێکی تایبەت بە ((ڕەشنووسی پرۆژە یاسای زمانە فەرمیەکان لەهەرێمی کوردستان)) سازدەکات، تکایە بۆئاگاداریو ئامادەبوونتان.

لەگەڵ ڕێزماندا....

هاوپێچ:
ڕەشنووسی پرۆژە یاسای زمانە فەرمیەکان لەهەرێمی کوردستان.

وێنەیەک بۆ:
- لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا.
- لیژنەی کاروباری یاسایی.
- لیژنەی مافی مرۆڤ.
- لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی.
- لیژنەی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنو شوێنەوارو پەیوەندیەکان.
- دۆسیەی نوسراوی دەرچوو.

پەرلەمانی کوردستان / عیراق
سەنتەری لێکۆڵینەوە
Research Center
Kurdistan Parliament - Iraq

ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل
بەڕێوبەری سەنتەری توێژینەوە لە پەرلەمانی کوردستان

# یاسای زمانی ویڵزی لە بریتانیادا

لە سەرەتای ئەمساڵدا (٢٠١٠) سەردانی هەرێمی ویڵزمان لە بریتانیا کرد بۆ ئەوەی لەبارەی بەرکارهێنانی دوو زمان (ویڵزیو ئینگلیزی) بابەتێک بنووسینەوە، چونکە لە ویڵز تابلۆی هەموو شوێنەکان بەدوو زمانەو لەسەر پاسو شوێنی وەستانی تاکسیو تاکو لەسەر شەقامیش بۆ شوێنی وەستانی پاس یا شوێنی وەستانی ماشینی خاوەن پێداویستییەکانو.. هتد.

کە سەردانی ئەنجومەنی نیشتمانیی ویڵزم کرد لەوێ هەموو چاپکراوەکانیان بەدوو زمانەو، بەشی پیتچنین بەرێکوپێکی کارەکانیان بەهەردوو زمانی فەرمیی ئەنجام دەدەنو لە سەردانەکەمدا سێ چاپەمەنی بەزمانی ئینگلیزی بەدیاری لەبارەی پەرلەمانی کوردستانو یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانمان پێشکێش کردنو داوای لێبووردنیشم لێ کردن کە بەزمانی ویڵزی بۆم نەهێناونو هەر هەمان ڕۆژ بەئیمێڵ نامەیەکیان بۆ ناردم کە ئەمەش دەقەکەیەتی بەوەرگرتنی سێ چاپەمەنییەکە:

**ئەنجومەنی نیشتمانیی ویڵز**

**هەینی/ ٥ی شوبات/ ٢٠١٠**

**کات: ٦,٣٥**

**میستەر جامباز،**

کارێکی زۆر باش بوو کە ئیمڕۆ چاومان بەجەنابت کەوتو، هیوادارم سەردانەکەی (کتێبخانەی ئەندامەکانت) بەدڵ بوو بێتو سوودت لێ وەرگرتبێت. هەروەها سوپاست دەکەین بۆ ئەو کتێبانەی لەبارەی پەرلەمانی کوردستانەوە بەدیاری پێشکێشت کردین.

سەرباری ئەو زانیارییە سەرپێیانەی پێتانم داون، بەڵێنم دا کە هەندێ زانیاریی دیکەشتان بۆ بنێرم دەربارەی ئەنجومەنی نیشتمانیی ویڵز و، هەروەها لەبارەی زمانی ویڵزیشەوە.

**(فەرمانگەی توێژینەوەی ئەندامان)**

لە ویلزدا ئەوانەی لەخوێندن دەگەنە قۆناغی شەشەمی ئامادەیی ئەوا دەبێ لەزمانی ویلزی تاقیکردنەوە ئەنجام بدەنو کەس لەتاقیکردنەوە نابووردرێ، نەک وەکو ئێمە ئەوەی لەدەرەوەی هەرێم بێت یا لەخوێندنی غەیرە زمانی کوردی خوێندبێ بەکەمی سێ ساڵ لەتاقیکردنەوەی زمانی کوردی دەبووردرێ کە ئەمەش کەمتەرخەمییەکی یەکجار مەزنو بەکەمو بچووک زانینی زمانی کوردییە، دەپرسم لەهەر قۆناغێکی خوێندن هەر کەسێ بچێتە ئەو شوێنانەی کە لە عێراقدا غەیرە زمانی کوردییان تێدایە ئایا لە تاقیکردنەوەی زمانی عەرەبی دەبووردرێن؟ دەڵێم نەخێر، گەرچی لە ماددەی چوارەمی دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرتاسەری عێراق، بەڵام ئەم ماددەیە تاکو ئێستاش جێبەجێ نەکراوە لەبەر ئەوەی یاسای زمانە فەرمییەکان دەرنەچووە، گەرچی بەندە بۆ پەرلەمانی کوردستانو عێراق دوو پرۆژەی ئامادەکراوم پێشکێشی هەردوو پەرلەمان کردووە، بەڵام جارێ لە ئەرشیف ماوەتەوە!؟ بەڵام لە ویلز هەر لە ساڵی ١٩٩٣ یاسای زمانی ویلزیان هەیە کە ئەمەش بۆ ئەوەی تەنیا زمانی ئینگلیزی زمانی فەرمی نەبێ، بەڵکو دوو زمانی ویلزیو ئینگلیزی پێکەوە زمانی فەرمی بن. ئەمەش هۆکاری بەکارهێنانی زمانی ویلزو ئینگلیزین.

**یاسای ساڵی ١٩٩٣ی زمانی ویلزی**

یاسای زمانی ویلزی کە ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە یەکێکە لە یاساکانی پەرلەمانی شانشینی یەکگرتوو کە زمانی ویلزی لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا یەکسان کرد لە سەرجەم کاروبارە گشتییەکاندا لە هەرێمی ویلز. لەوەپێش، یاساییەکانی ویلز ١٥٣٥- ١٥٤٢ زمانی ئینگلیزییان بەتاکە زمانی یاسایی نێو دادگاکانو بوارەکانی دیکەی کارگێڕیی گشتی لە هەرێمی ویلز دانابوو. یاسای دادگاکانی ویلزی ساڵی ١٩٤٢ مافی بەکارهێنانی زمانی ویلزی لە دادگاکاندا سەلماند بەپاساوی ئەوەی کە ویلزیی زمانەکان (ئەوانەی بەزمانی ویلزی دەدوان) توانای قسەکردنیان بەزمانی ئینگلیزی نەبوو. کەچی دواتر ئەم مافە ئێجگار بەرتەسک کرایەوە بەهۆی (یاسای کاروباری کەسییەوە) کە دوابەدوای یاساکە پەسند کرابوو.

بەڵام دواتر، یاسای ویلزی هی ساڵی ١٩٦٧ ئەم برگەو بڕیارانەی

هەڵوەشاندەوەو لەشوێنیاندا چەمکی (بەکارهێنانی وەکیەکی) لەنێوان هەردوو زمانی وێلزیو زمانی ئینگلیزیدا هێنایە ئاراوە. لەئەنجامی ئەوەوە هەموو دەزگا حکومەتییەکان بەخۆکەوتن بۆ ئامادەکردنی بەڵگەنامەو دۆکیومێنتەکان بەزمانی وێلزیو هەڵمەتێکی تێکدانو لابردنی هێماو نیشانەکانی هاتوچۆی سەر ڕێگەوبانەکان کە بە تاک زمانی ئینگلیزی نووسرابوون لەلایەن ئەندامانی دەستەیەک بەناوی (کۆمەڵگەی زمانی وێلزی)یەوە دەستی پێکرد. ئەنجومەنە ناوچەییەکانیش ڕێگەیان پێدرا زۆران لەو هێماو نیشانانەی هاتوچۆ لە هەرێمی وێلز بەهەردوو زمانەکاندا دابنێنەوە.

بەڵام، هەرچۆنێ بووە، قانوونەکەی ساڵی ١٩٩٣ی زمانی وێلزی بوو کە ئەوەی چەسپاند کە (لە کاروبارە گشتییەکانداو، لە کارگێڕیی دادپەروەریدا) هەردوو زمانەکان، وێلزیو ئینگلیزی، تا ئەو ئەندازەیەی پیادەکردنی گونجاو بوو، لەسەر بنەمای یەکسانیو وەکیەکی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێــت.

**بەشێوەیەکی سەرەکی یاساکە سێ کاری بەئەنجام گەیاند:**

١. دامەزراندنی (بۆردی زمانی وێلزی) کە سەر بەوەزیری کاروباری هەرێمی وێلزەو ئەرکی سەرەکیشی بریتییە لە پەرەپێدانو بەگوڕخستنی بەکارهێنانی زمانی وێلزی، ئەویش بەمسۆگەرکردنی لەبەرچاوگرتنی بڕگەو ماددەکانی یاساکانی تردا.
٢. پێدانی ماف بە وێلزی زمانەکان بۆ بەکارهێنانی زمانی وێلزی لەگشت کاروبارەکانی دادگاییکردندا،
٣. پابەندکردنی سەرجەم ڕێکخراوەکانی کەرتی گشتی، ئەوانەی خزمەتگوزارییەکان پێشکێش بەدانیشتووانانی وێلز دەکەن بەوەی کە لەسەر بنەمای یەکسانیو وەکیەکی مامەڵە لەتەک هەردوو زمانی وێلزیو ئینگلیزیدا بکەن.

سەرەنجام ئەو دەسەڵاتانەی بەوەزیری کاروباری وێلز درابوو، دواتر بۆ (ئەنجومەنی نیشتمانیی وێلز) گوێزرایەوە. ئەوە بوو، لەژێر حوکمەکانی ئەم یاسایەدا چەند کۆمەڵی یاسای لاوەکی، یان دەستەی نوێنەران، لەلایەن وەزیری کاروباری هەرێمی وێلزەوە دامەزرێنرانو، لەئەنجامیدا ئەنجومەنی نیشتمانی زۆران لە دامەزراوەی گشتیی دیکەی ناچارکردن ئەوەی کە بە (بەرنامەگەلی

زمانەوانیی وێڵزی) ناسراوەو پابەندبوونیان بە پرەنسیپی (یەکسانی لە مامەڵەکردن) دا نیشان دەدەن، ئامادە بکەن‌و کاری پێبکەن.

لەبارەی جیاوازیی یاساکانی هەرێمی وێڵزو ئینگلتەرا کاک ڕەئووفم لەگەڵدا بوو لەبەرئەوەی تەمەنی لە سەرووی شەست ساڵان بوو، بۆیە ناسنامەی تایبەتی بەخۆڕایی بۆ سواربوونی پاس‌و شەمەندەفەرو ئەندەرگراوی بۆ کرابوو کە نیشانی لێخوڕی پاسێکی هەرێمی وێڵزی دا وتی ئێمە یاسای خۆمان هەیەو ئەم یاسایە لێرە جێبەجێ ناکرێ.

# پێویسته هەر شاندێکی کوردستانی دەچێته دەرەوە، پێشتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی له بوارەکەدا بکات

زمان بوونی نەتەوە دەسەلمێنێو گەر بڵێین نیشتمان دایکە ئەوا منیش دەڵێم زمان باوکەو گەر وڵاتیش جەستەبێ ئەوا زمان کۆڵەکەی گیانەکەیەتی. بۆیە هەموو نەتەوەکان بایەخو گرنگێکی یەکجار بەزمانەکانیان دەدەن چونکە ناسنامەی نەتەوایەتییانەو هەروەها هەوڵو خەبات دەکەن بۆ ئەوەی نەک لەنێو وڵاتەکانیاندا لە هەموو ئاستێکدا بەکار بهێنرێ بەڵکو لە دەرەوەش لەتەک زمانەکانی دیکە لەلایەن وەرگێڕ ڕاستەوخۆ بکرێتە زمانەکانی بەکارهێنراو لە بوارەکەدا.

بۆ پێزانین هەر لە ساڵی ١٩٩٢ زمانی کوردی چلو شەشەمین زمان بوو کە لە بەشی کوردی لە دەنگی ئەمەریکا پەخش کراو زمانی شەستو حەوتەمینە لەو زمانانەی لە بانکی (ڕۆڵێکس)ی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنرێو ماڵپەڕی UN لە عێراق بەزمانی کوردیش هەیە. و زمانی کوردی چلەمین زمانە لە سەرتاپای جیهاندا.

لەم بارەوە دەمەوێ ئاماژە بەچەند هەڵوێستی بوێرو وڵاتپارێزانە بکەم بۆ نموونە شاندی ژنانو ئافرەتانی کوردستان بەشدارییان لە کۆنگرەی ژنانی عەرەب (٢٠٠٧) کردو لەبەرنامەی کاریدا زمانی کوردی تیادا نەبو و بۆیە داوایان کرد کە بەکاربهێنرێ بەڵام سەرۆکایەتی کۆنگرەکە قایل نەبوو بۆیە شاندەکە هۆڵی کۆبوونەوەیان بەجێ هێشتو دوای ماوەیەکی کەم قایل بوون کە زمانی کوردی لەتەک زمانەکانی دیکەدا بەکار بهێنرێو لەنێو هۆڵەکە زمانی کوردیش لە زمانەکانی دیکەش وەردەگێڕدرا. و بەندەش بەشداری دوو کۆنگرەم کردووە یەکەمیان لە ئیتاڵیا (٢٠٠٥) کە بینیم زمانی کوردی لە بەرنامەی کاردا نییە بۆیە بەنووسراو داوای بەکارهێنانیم کرد بەڵام لە وەڵامدا گوتیان وەرگێڕمان نییەو لە ئەڵمانیاش (٢٠٠٧) شاندی پەرلەمانی کوردستان جەختی لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی کردو ناچار بوون کە وەرگێڕێکی کورد بێننو لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا گوتم ئێستا ماددەی

(٤) له دەستووری کۆماری عێراق جێبەجێ دەکرێ بۆیە پێشنیاز دەکەین کە هەر شاندێکی کوردستان لەهەر ئاستێکدا بووبن کە بانگهێشتی هەر وڵاتێک یا هەرێمێک بکرێ، پێشتر جەخت لەسەر وەرگێڕانی قسە و وتارەکانیان بکرێت لە زمانی کوردی بۆ زمانەکانی دیکەوە، بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم نووسینە بە پلانێکی تۆکمە بەڕێکوپێکی و تەواو جێبەجێ نەکراوە بۆیە داواکارینو پشت ئەستوورین بە ماددەی (٤) لە دەستووری عێراقدا کە زمانی عەرەبیو کوردی دوو زمانی فەرمین لە سەرتاسەری کۆماری عێراقو دەبێ لەناوەوەو دەرەوەیشدا جێبەجێ بکرێ.

## یاسای زمانە فەرمییەکان
## جینۆسایدی زمانەکان ڕادەگرێ

لەو ولاتانەی زمانی نەتەوەی بالادەست (تاکە زمانی ڕەسمییە) نەک لە دەستوور بەڵکو لە گشت یاساکانی دیکەدا بوار بە زمانەکانی نەتەوەکانی دیکە بەهیچ جۆرێک نادا، بەڵکو ئەوانەی داوای بەکارهێنانی دەکەن بەتۆمەتی جیاخوازیو دابەشکردنی ولاتو بەکرێگیراوی بیانی دەدرێنە دادگاو سەرەڕای غەرامەکردن ئەوا ماوەیەکیش دەگیرێنو باشترینو زەقترین نموونەش دکتۆر ئیسماعیل بێشیکچییە کە نیوەی ژیانی لە زیندانەکانی تورکیا بردۆتەسەرو دادگاییکردنەکانی لەپێنج بەرگدا بەچاپ گەیەنراونو ئەوەی ئەو داوای دەکات مافی ڕەوای نەتەوەیەکی چل ملیۆنییە کە زمانو خاکی خۆی هەیە. بەڵام، وشەی کوردیو ناوهێنانی کوردستان (قەدەغەن) و ئەوەی بەکاریان بهێنێ گوناهێکی مەزن ئەنجام دەدات، چونکە لە ساڵی ١٩٢٤ زمانی کوردی لە تورکیا قەدەغە کراوەو لە ساڵی ١٩٣٠ قسەپێکردنو نووسینو خوێندنەوەشی یاساغ کراوەو ئەوسا ئەوەی وشەیەکی کوردی بەکاربهێنایە ئەوا غەرامەی لەسەر بوو، هەروەها ساڵی ١٩٦٧ بڕیاردرا کە نابێ هیچ بەرهەمێکی بینراو و بیستراو و خوێنراو بەزمانی کوردی بێتە ناو خاکی تورکیاوە.

ئەمە بەردەوام بوو تاکو ساڵی ١٩٩١ سەرۆک کۆماری تورکیا ئەوسا تورکت ئۆزال وشەی کوردی بەکارهێناو دواتر لەبەر پاڵەپەستۆی یەکێتی ئەوروپا ڕێگۆکە بۆ کەل درا کە کوردان دەتوانن بەزمانی کوردی قسە بکەنو هەندێ بەرهەمی پێ چاپ کرا، گەر بەراوردێک لەگەڵ ولاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپیدا بکەن کە تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندام تیایدا ئەوا تاکو نۆکە (٢٧) ولات ئەندامن لە یەکێتی ئەوروپیداو ٢٣ زمانی ڕەسمی تیا بەکاردەهێنرێ ملیارێک یۆرۆ بۆ وەرگێڕانی ڕاستەوخۆو نووسین تەرخان کراوە. هەروەها کۆمیسیۆنی زمانە ڕەسمییەکان لە یەکێتی ئەوروپادا هەیە بۆیە بایەخدانو گرنگیی زانینی هەموو زمانەکان بە زمانە فەرمییەکانی هەرێمەکانی ولاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپیدا دەدرێو تاکە ڕێگاو چارەسەر بۆ ڕاگرتنی جینۆسایدی زمانەکان کە ڕژێمی لەناوچووی بەعس پلانی بۆ دانابوو کە تاکو ١٩٩٠-١٩٩١ بەگوێرەی

نووسراوی سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی لە عێراق کە خوێندن بەزمانی کوردی، نەمێنێ، بۆیە لێرەدا جەخت لەسەر پێشنیازەکەم دەکەمەوە کە وانەی (یاسای زمان) لە کۆلیژی یاساو مافو زمان بخوێنرێو نموونەی وڵاتانی فرە زمان کە تیایاندا چەندین زمان لە چوارچێوەی یاسای زمانە فەرمییەکاندا بەڕێکوپێکی جێبەجێ دەکرێنو (یاسای زمانە فەرمییەکان، کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکان، بڕە پارەیەکی باش بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە) یاساکە جێبەجێ دەکرێ چونکە لە هیندستان ٢٢ زمانی فەرمی، لەباشووری ئەفریقیا ١١ زمانی فەرمیو لە سویسرا ٤ زمانی فەرمیو لە زۆر وڵاتی دیکەدا بە یەکسانی لە هەموو ئاستێکدا بەکاردەهێنرێ بەڵام لە دەستووری کۆماری عێراقدا (٢٠٠٥) گەرچی ماددەی چوارەم بۆ زمانە فەرمییەکان دانراوە بەڵام تاکو ئەم نووسینەش لەبەر ئەوەی یاسای زمانە فەرمییەکانی بۆ دانەنراوە هەر حوبر لەسەر کاغەزە. گەرچی نووسەری ئەم گۆشەیە لە کۆنگرەیەک لەبارەی فیدراڵیی پارساڵ پڕۆژەیەکی لەبارەی ئەم یاسایەوە دایە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێز (خالید عەتیە)و پێشتریش درابوو بە ئەندامانی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان بەڵام هێشتا نەخراوەتە بەرنامەی کاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو چەندی زووتر پڕۆژەکە تاوتۆ بکرێ باشترە چونکە یاسای زمانە فەرمییەکان یەکجار گرنگە. دەبا چیتر دوانەخرێ چونکە باشترین وەڵامە بۆ ئەو جینۆسایدەی ڕژێمی لەناوچوو دژی زمانی کوردیو تورکمانو سریانیو ئەرمەنی لە کوردستانو عێراقدا ئەنجامی دەدا.

# زمانی كوردی لەنێوان مافخوراوی و زمانپارێزیدا

زمان بوونی نەتەوە دەسەلمێنێ بۆیە نەتەوەكان بایەخو گرنگی بە زمانەكانیان دەدەنو ژمارەی ئەو زمانانەی لە دنیادا هەیە، نزیكەی هەشت هەزار زمانە بەڵام ژمارەیەكی زۆریان تەنیا قسەیان پێ دەكرێو پیتی نووسینیان نییە، بۆیە لەو زمانانە هەر دوو هەفتە زمانێك بەرەو لەناوچوون دەچێ واتە ساڵانە (٢٥) زمان نامێنێو ئەو زمانەی كە لە بیست هەزار تا سەد هەزار كەس پێی دەدوێنو دەنووسرێن ئەوا پترو زیاتر مەترسی لەناوچوونی هەیە. لەو زمانانەی لەناوچوون وەكو سەنسەكریتیو لاتینی...و هتد، بەڵام زمانی كوردی خۆڕاگرو ڕەگو ڕیشەی لە ناخی كوردستاندا چۆتە خوارێ بۆیە لەنێو زمانان بە چلەمین زمان لە سەرتاسەری دونیا دادەنرێ. گەرچی لە توركیا لە ٣ ئاداری ١٩٢٤ بە مەرسوومێكی كۆماریی توركیا زمانی كوردی قەدەغە كراو ساڵی ١٩٣٠ قسەو نووسینو خوێندنەوەش یاساغ كراو تا ئەو ڕادەیەی ساڵی ١٩٦٧ بە یاسای ژمارە ٧٦٣٥/٦ هەر بەرهەمێكی بینراو بیستراو خوێنراو نابێ بە زمانی كوردی بێتە ناو خاكی توركیاو ئەمە بەردەوام بوو تاكو ساڵی ١٩٩١ لەژێر گوشاری یەكێتی ئەوروپا بە ناچاری بوارۆكەیەكی دا بەڵام لە بڕواو متمانە بە مافی نەتەوەیەك نەبوو بەڵكو بۆ چوونە نێو یەكێتی ئەوروپا بوو. لە ئێرانیش لە ساڵی (١٩٣٤)ەوە جگە لە زمانی فارسی زمانەكانی دیكە مەمنوع بوونو هەر لەدوای لەناوبردنی كۆماری كوردستان دیسان زمانی كوردی قەدەغە كرایەوە بەڵام دوای ١٩٧٩ بوار دراو لە دەستووریش (دەستووری كۆماری ئیسلامی ئێران)دا كە زمانە خۆجێییەكان و نەتەوەكانی دیكە مافی بەكارهێنانی زمانەكانیان لە ڕۆژنامەگەریو میدیاو ئەدەبیاتیان هەیە. گەر باسی سوریا بكەین ئەوا لە دەستوورەكە تاكە زمانێك ڕەسمییە ئەویش زمانی عەرەبییەو لە عێراق هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق (١٩٢١) دان بە زمانی كوردی نراوە بەڵام دوای دەرچوونی یاسای زمانە خۆجێیەكانی عێراقی ژمارە ١٩٣١/٧٤ جێبەجێ نەكراوە بەڵكو هەر زمانی نەتەوەیی باڵا دەست (پلە یەك) بوو و زمانەكانی دیكە بە نزمو كەمو خوارتر دادەنرێن بۆیە لە پراكتیزكردندا لە هەرسێ دەسەڵات (یاسادانانو جێبەجێكردنو دادوەری) لە عێراقی نوێش تاكو ئیمڕۆ بە یەكسانی زمانی كوردیو عەرەبی بەكارنایەت گەرچی بەپێی ماددەی (٤) لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی (٢٠٠٥) دوو

زمانی فەرمی (عەرەبیو کوردی) لە عیراقدا هەیە بەڵام بۆ جێبەجێکردنی تەنیا بە یاسای زمانەکان مسۆگەر دەبێ هەروەکو وڵاتانی فرە زمان کە لەمێژە بەرێکوپێکیو لە هەموو ئاستێکدا زمانەکان بە یەکسانی بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە لە هیندستان (٢٢) زمانی فەرمیو لە ئەفەریقای باشوور (١١) زمانی فەرمیو لە سویسرا چوار زمانی فەرمیو لە بەلجیکاو بۆسنیاو هەرزە گۆڤینیا سێ زمانی فەرمیو لە کەنەداو پاکستانو کیتسو نیڤسو مالیزیاو زۆر لە وڵاتانی دیکە دوو زمانی فەرمییان هەیەو ئەم زمانانە لە دەستووری وڵاتەکاندا لەچەند ماددەیەک لە بنەما سەرەکییەکانیدا هاتووەو هەروەها ئەم وڵاتانە یاسای زمانە فەرمییەکانیان دەرچوواندوە بۆ جێبەجێکردنیش کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆیان بۆ بەدواداچوونو پەرەپێدانو بایەخو گرنگیان بە هەموو زمانەکاندا داناوە سەرەڕای ئەوەی برە پارەیەکی زۆریشیان بۆ ئەم بوارە تەرخان کردووەو باس لە پارەی کاغەزو پاسەپۆرتو گشت بەڵگەنامەکان بە گشت زمانە فەرمییەکان ناکەم چونکە پەیڕەوکراوەو نموونە لەم بارەوە زۆرە جگە لە وڵاتانی فیدراڵی ئەوا لە چین بە پێنج زمانو لە سریلانکاو سەنگافورا بە سێ زمانو تاکو ئەو ڕادەیەی گەرچی زمانی ڕەسمی لە دەستووری ئەمەریکا باسی لێوە نەکراوە بەڵام لە چوار ویلایەت (کالیفۆرنیاو فلۆریداو ئەریزۆناو نیو مەکسیک) لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانەکانیان ئیسپانین بۆیە هێماکانی هاتوچۆو ناونیشانی دامو دەزگای میریو شوێنەکانی دیکەو هەموو بەڵگەنامەکانیان بە زمانی ئینگلیزیو ئیسپانیو لە یەکێتی ئەوروپی کە لە (٢٧) وڵات پێک دێت ئەوا (٢٣) زمانی فەرمی هەیەو کۆمیسیۆنێکی تایبەتییان بۆ زمانە فەرمییەکان داناوەو ساڵانە ملیارێک یۆرۆیان بۆ وەرگێڕانی ڕاستەوخۆو نووسین تەرخان کردووە بەڵام لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کە لە (٥٧) وڵات پێک دێت تەنیاو تەنیا زمانی فەرمی (زمانی عەرەبی)یە، گەرچی لە قورئانی پیرۆزدا چەند ئایەتێک جەخت لەسەر یەکسانیی زمانەکان دەکاتەوە بەڵام لە بواری جێبەجێکردندا کاریان پێ ناکرێ. دوای ئازادکردنی بەشێکی کوردستانی باشوور (١٩٩١) جگە لە زمانی کوردیو عەرەبی ئەوا لە قۆناغەکانی خوێندنی میریدا (٢٧)یان بەزمانی سریانییەو (١٩)یان بە زمانی تورکمانییەو (٢) دووانیان بە زمانی ئەرمەنییە.

دەمانتوانی بە پلانێکی تۆکمەی درێژخایەن بەرەو زمانێکی ستاندەری یەکگرتوو بچینو ئەو دوو دیالیتکە پترو چاکتر لێک نزیک بکەینەوە، پێویستە لە بەراییدا ڕێنووسێکی یەکگرتوومان هەبێ، چونکە ئەم کارە کۆڕی زانیاری

کوردستان نەیتوانی لە دە ساڵەی تەمەنی (١٩٩٧- ٢٠٠٧) ئەنجامی بدا خوازیاری ئەوەین (ئەکادیمیای زمانی کوردی) کاراو لێهاتوو و هزرو بیری وڵاتپارێزانەیان هێندە خەمخۆرانەبێ، تۆڵەی ڕابردووشمان بۆ بکەنەوەو ڕاشکاوانە دەڵێم ئەوەی لە ئارادایە مەترسییێکی ترسناکی هەیە چونکە زمانی کوردی لە میدیاکان دەشێوێنرێ جگە لەوەی لە قۆناغەکانی خوێندنیش بە زمانی کوردی تاکو ئەوڕۆش خۆشەویستیی زمانی کوردی هەروەکو نەتەوەکانی دیکە وەکو ئاو و هەوای لێ نەهاتووە، چونکە لای ئێمە خەڵکانێک هەن لە کوردستان دەژینو کوردن بەڵام هەرگیز قایل نابن مناڵەکانیان بە زمانی کوردی بخوێنن چونکە بەرژەوەندیی ئایندەی خۆیان بە زمانی نەتەوەی باڵادەست گرێ داوەو ژمارەی ئەوانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایەو سەرباریش مناڵەکانیان لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای سێی ناوەندیو شەشی ئامادەیی لە وانەی زمانی کوردی دەبەخشرێن!؟و بۆیە گەر بەهانای زمانەکەمان نەچینو نەیپارێزین ئەوا مەترسیی ئایندەی ترسناکە کە وردە وردە بەرەو لەناوچوونی لێ دەکرێو بۆ زمانپارێزی ئەوا پێویستیمان بە بووژاندنەوەی گیانی هەستی نەتەوایەتی هەیە، بۆیە پێویستە تاکو ساڵی ٢٠١٠ سێ ساڵی خەمخۆری بووژاندنەوەی زمانی کوردیو زمانەکانی دیکەی کوردستان بین و پێویستە پسپۆران و شارەزایانو لێزانانی ئەم بوارە ئەوانەی ئەکتیڤن بێنە مەیدانی پراکتیزەکردنو ئەوانەی تاکو ئەمڕۆ نەیانتوانی کاروانەکە بەرەو پێشەوە ببەن دەبا خەمخۆرانی زمانی کوردی شوێنیان بگرنەوە.

### سەرچاوەکان


١- زمانی نەتەوەیی لە تەڤگەرا ڕزگاریخوازا کوردیدا، خەلات مووسا یونس ٢٠٠٧.

٢- قانون اللغات الرسمية في كندا سنة ١٩٨٨. ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند. تقديم وإعداد المحامي طارق جامباز (٢٠٠٧).

٣- زبانهای مردم جهان. میشیل مالرب مترجم عفت ملا نضر ٢٠٠٣.

4-THE LANGUAGES OF THE WORLD، KENNETH KATZNED 2002

٥- الاثينية والدولة...الاكراد في العراق وايران وتركيا. ترجمة عبدالاله النعيمي ٢٠٠٦.

## له دەستووری کۆماری عێراقدا (٢٠٠٥) بەزمانی کوردی ناوهێنانی سێ ئایینو نەتەوەیەک لەبیرکراوە!؟

لەبەرئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەندامێکی پشتیوانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان بووین لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقدا بۆ نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری عێراقیو هەروەها بە پێشنیازی بەندەو لەگەڵ سێ پەرلەمانتاری پەرلەمانی کوردستاندا پڕۆژەی دەستوورەکەمان کردە زمانی کوردیو UN (٩٥٠,٠٠٠) نۆسەدو پەنجا هەزار دانەی لەهەمان کاتدا لەتەک زمانی عەرەبیو تورکمانیو سریانیدا چاپو بڵاوکردەوە گەرچی دواتر لەلایەن ڕێکخراوی NDI جارێکی دیکە دەقە کوردییەکە بەچاپ گەیێنراوە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە ماددەی دووەمو لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەدا ناوهێنانی هەرسێ ئایینەکان (مەسیحیو ئێزیدیو سائیبەی مەندائییەکان) لەبیرکراوەو هەروەها لەماددەی چوارەمو بڕگەی یەکەمیدا ناوی نەتەوەی (ئەرمەنی) لەدوای نەتەوەی تورکمانیو سریانیدا لەبیرکراوە.

ئەمساڵ (٢٠٠٨) لە ڕۆژانی بەستنی کۆنگرەی سێزدەهەمی یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەب کە لە هەولێری پایەتەختی کوردستان بەستراو لەشوێنی تایبەتدا چاپکراوەکانی کۆنگرەکە دانرا بوونو یەکجار گوشاد بووم کە لەلاپەڕەی بیستەمی ڕێبەری کۆنگرەکەم خوێندەوە کەوا سەرجەم بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکە بە هەردوو زمانی عەرەبیو کوردی دەبێت بەڵام کە دەستووری کۆماری عێراقم بەزمانی عەرەبیو زمانی کوردی و ئینگلیزی وەرگرتو لەبەرئەوەی وەکو پارێزەرێکی زمانی کوردی ویستم بەراوردێک لەنێوان دەقەکە بەزمانی عەرەبیو بەزمانی کوردی بکەم بەداخەوە هەمان هەڵەی ڕێکخراوی NDI دووبارە ببۆوە، گەرچی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چاپو بڵاوی کردۆتەوە.

بەڵام ناوهێنانی سێ ئایینو نەتەوەیەک (دووبارە بۆتەوە) لەبیرکراوە دەپرسین بۆچ وردبینی لەنێوان دەقەکە بەزمانی کوردیو زمانی عەرەبی

نەکراوە؟ دەبوایە دەستوورەکە لاپەڕەیەکی بەزمانی عەرەبیو لاپەڕەیەکی دیکەی بەزمانی کوردی لەیەک چاپکراودا بەچاپ گەیەنرابان چونکە هەردووکیان زمانی فەرمین لە سەرتاسەری عێراقداو لەبارەی چوار وشە لەبیرکراوەکەش ڕوونکردنەوەیەکم لە (٢٠٠٨/٣/١١) بۆ فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نارد تاکو بزانرێ کە جیاوازی لەنێوان دەقەکە بەزمانی عەرەبیو بەزمانی کوردیدا هەیەو تاکو لە داهاتوودا دووبارە نەبێتەوەو هەروەها لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو لەماددەی (١٤٩)دا هاتووە کە (بڕیارو فەرمانەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەنووسرێتەوە بەهەردوو زمانی عەرەبیو کوردی بڵاو دەکرێتەوە) بەڵام لە دەقە عەرەبییەکەدا تەنیا وشەی (القرارات) هەیە کە دەکا بڕیارەکان بۆیە فەرمانەکان لە دەقە کوردییەکەدا زیادەو بۆیە دەبێ لاببردرێ واتە ماددەکە بەم جۆرە دەبێ (بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەنووسرێتەوەو بە هەردوو زمانی عەرەبیو کوردی بڵاو دەکرێتەوە).

# بۆ ئەوەی زمانەکان یەکسان بن
# ئەوا پێویستیمان بەیاسای زمان هەیە

گەرچی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ساڵی ١٩٢١ دان بەزمانی کوردی لە دادگاکانو قۆناغەکانی خوێندندا نراوەو دواتر یاسایێکی تایبەت (یاسای زمانە خۆجێ یەکانی لە ١٩٣١/١/٤) دەرچوو، هەروەها لەیاساو بڕیارەکانی پەیوەندیدار (زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبی) لەناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدا بەزمانی ڕەسمی ناوی هاتووەو دوای ئازادکردنی عێراق ئەوا چ لەیاسای تاڵ لەماددەی (٩)دا یا لەدەستووری عێراقی (٢٠٠٥) لە ماددەی چواردا زمانی عەرەبیو کوردی لە سەرتاسەری عێراقدا دوو زمانی ڕەسمین بەڵام جارێ ئەو یاسایە کە (یاسای زمانە) دانەنراوەو لەپڕۆژەی دەستووری کوردستانیشدا ئاماژە بەهەمان ماددە کراوەو ئەمەش ڕەچاو و پەیڕەو کراوە لەو وڵاتانەی فرە نەتەوەن (یاسای تایبەتییان بۆ زمان دەرچواندووە تاکو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەڕێکوپێکی بەکاربهێنرێو هەر بۆ نموونە: لە ساڵی (١٨٦٧)ەوە دوو زمان (ئینگلیزیو فەڕەنسی) لە پەرلەمانی کەنەدیدا بەکاردەهێنرێو یاسای زمانە فەرمییەکانی ساڵی ١٩١٠ دەرچووەو دواتر ساڵی ١٩٦٩ هەموار کراوەو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەرهەمە بازرگانییەکان بەدوو زمان دەپێچرێتەوەو هەروەها کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکانیان دامەزراندووە، یاسای زمانەکانیشیان سەرلەنوێ ساڵی ١٩٨٨ داڕشتووە کە لە (١١٠) ماددە پێک هاتووەو لەم یاسایەدا زۆر بەوردو قووڵی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکان دەستنیشان کراوەو ئەوەی پشتگوێی بخات ئەوا لە دادگاکاندا داوای لەسەر بەرز دەکرێتەوە.

لەم دوایییەدا سەفەرێکم بۆ (عەمان)ی پایتەختی ئوردن کرد، ئەو ماوەیەی لەوێ بووم بەدوای بەڵگەو نووسین لەبارەی زمانە ڕەسمییەکان دەگەڕام تاکو ڕۆژێک خزمێک بانگهێشتی کردین کە باسی زمانەکانم کرد، لەبەر ئەوەی دانیشتووی کەنەدا بوو بۆیە (پاسپۆرتی کەنەدیو ڕەگەزنامە «جنسیە»و بیمەی تەندروستی «الضمان الصحي» و مۆڵەتی لێخوڕینی) بۆ هێنام کە سەیرم کردن هەر هەموو نوسینەکانیان بەدوو زمان بوو، کە سەیری پارەکانیشمان کرد بەهەمان شێوە بەدوو زمان لەسەری نووسراوەو بۆ پێزانین لە ساڵی (١٩٣٦ەوە دراوی کەنەدی بەدوو زمان لەسەری دەنووسرێ.

منیش لەم بارەوە ساڵی (٢٠٠٦) پێشنیازێکم خستە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەوانیش ڕەوانەی لیژنەی یاساییان کردو لە لیژنەکەش ڕووبەڕووی من کرایەوە منیش ئامادەیی خۆم دەربڕی کە لەم ڕووەوە پێشنیازی پڕۆژەی یاسای زمانە فەرمییەکان گەڵاڵە بکەمو لێرەدا دەپرسم ئایا نەدەبوایە لە ساڵی (١٩٩٢- ٢٠٠٥) لە پەرلەمانی کوردستان (یاسای زمان) دەرچوێندرایە چونکە تاکو یاسای زمان دەرنەچێ زمانەکان بەتەواوی‌و ڕێکوپێکی جێبەجێ ناکرێن‌و تاکو ئەم نووسینە چ لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و چ لە پەرلەمانی کوردستاندا یاساییکی لەم جۆرە دەرنەچووە. دەتوانین سوود لە ئەزموونی وڵاتانی فرە نەتەوە وەربگرین بۆ نموونە: هیندستان (٢٢زمان)و باشووری ئەفریقا (١١ زمان)و سویسرا (٤ زمان)، بەلجیکاو کۆمیرۆس‌و بۆسنیاو هەرزە گۆڤینیا (٣ زمان) ئەو ژمارانەش ژمارەی زمانی ڕەسمین لەم وڵاتانەدا.

زۆرم هەوڵدا ئەو بەڵگەنامانەی بەچەندان زمان لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا دەردەچن بڵاو بکەمەوە بەڵام جگە لەوانەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا بڵاویان دەکەینەوە نەمتوانی هیچ بەڵگەیەکی دیکەی وڵاتانم بەدەست کەویّ گەرچی زۆر داوام لەو کەسانە کرد کە سەردانی پەرلەمان دەکەن یا بەدیداریان شاد بووم، بەڵام تا ئەم نووسینە بەڵگەنامەیەکیان بۆ نەناردووم، بۆیە هەڵوێستی (دکتۆر نەوزاد باجگر) لەیاد ناکەین چونکە کە زانیم خولیای پارە کۆکردنەوەیە کە ئەم داوایەم لای باس کرد یەکسەر ئەوەی لابوو و بۆی ناردم‌و هاوڕێیەکەم ئەویش کە هاوڵاتییێکی سویسرایە ناوەکەشی (نەوزادە) کە هاتە لام داوای ناسنامەکەم کرد کە سەیرم کرد بەپێنج زمان لەسەری نووسرابوو بۆیە یەکسەر داوای مۆڵەتم لیّ کرد کە سکانەری بکەم ئەویش بەخۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی دەربڕی. هەروەها سوپاسی بەڕێزان: خوشکە یاسەمین شێخیل حەسەن، پارێزەر جەمال قاسم، پارێزەر زانا ڕۆستایی، سەرچنار جەمال عەبدوڵڵا دەکەین، هەر یەکەیان یەکیّ لەم نموونانەی بۆ هێنامو دەبوایە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی فیدراڵیی فرەنەتەوە وەکو (هیندستان‌و باشووری ئەفریقا، سویسرا، بەڵجیکا، کەنەدا و... هتد) وەربگیرێت‌و شاندێک بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئەو وڵاتانەی بکردبایە ئەوسا دەمانتوانی نەک دەیان بەڵکو سەدان دیکۆمێنتمان لەبەردەستدا بیّ. تاکو زمانەکان بەڕێکوپێکی جێبەجیّ بکرێن پێویستمان بەیاسای زمانە فەرمییەکانە هەروەکو لەوڵاتانی فرە نەتەوە هەیە.

# بۆچی دەبێ وانەی یاسای زمان
# لە زانکۆکانمان بخوێندرێ؟

زمان بوونی نەتەوە دەسەلمێنێ بۆیە نەتەوەکان بایەخو گرنگییەکی زۆری پێ دەدەنو جەخت لەسەر بەکارهێنانی لە هەموو بوارەکاندا دەکەن، بەڵام نەتەوەی دەسەڵاتدار زمانەکەی بەهێزی ئاسنو ئاگر بەسەر زمانەکانی دیکەدا دەسەپێنێ چونکە نکۆڵی لە بوونی ئەوانی تر دەکات. بەڵام خەباتی زمان لە خەباتی نەتەوەکان جیا نەبوویەتەوەو بەردەوام لە دانوسانو دیالۆگدا لە بەرایی (داواکارییەکانیان) بووەو دەبێو ئەویش نەک لای ئێمە بەڵکو لای هەموو نەتەوەکانو بۆ پێزانینیش لە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤو لە ئایینەکانو بەڵێننامەو بەڵگە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە (دوایین دۆکیومێنتی- جاڕی گەردوونیی زمان- ١٩٩٦) کە تێکڕای زمانەکان یەکسانن (هیچ زمانێک لەوی تر پیرۆزتر نییەو گەرچی ژمارەی کەسانی پێی دەدوێن کەمیش بێ بۆ نموونە زمانی ئەلرۆمانیتش کە ژمارەیان (٣٠- ٥٠) هەزار کەسە بەڵام بە زمانی ڕەسمی لە سویسرا دادەنرێو لەسەر پارەی کانزاییشیان (لەتەک زمانی ئەڵمانیو فەرەنسیو ئیتاڵیایی) چاپ کراوەو لە ئێرلەنداش زمان گەلێکی کە (٢٠٠) دووسەد هەزار کەس قسەی پێ دەکەنو زمانی ڕەسمی وڵاتە لەتەک زمانی ئینگلیزیو لە وڵاتانی سیستەمی فیدراڵی یاسای زمانە فەرمییەکان هەیە و کۆمیسیۆنی زمانە ڕەسمییەکانیش بۆ بەدواداچوونو جێبەجێکردنیان دانراوەو ساڵانە لە بودجەدا پارەیەکی باش بۆ پەرەپێدانو پێشخستنی زمانەکان دانراوەو ئەوەی سەرپێچی بکات ئەوا دادگایی دەکرێت. ساڵانە سیمینارو کۆنگرەو کۆڕو کۆبوونەوە بۆ ئەم مەبەستە دەبەسترێو بۆ نموونە کۆنگرەی دەیەمی (یاساو مافی زمان) لە ئێرلەندا ئەنجامدرا. بەداخەوە دەڵێم ئێمە خەمخۆری جەستەین پتر لە گیان گەر کوردستان دایکی هەموومان بێ ئەوا زمانیش باوکی گەلی کوردستانەو ناکرێ جەستە بێ گیانو گیانیش بێ جەستە نابێ بەداخێکی زۆرەوە ڕاشکاوانە دەڵێم دوای (١٩٩١) بە پلانێکی تۆکمەی درێژخایەن (زمان) لە کێشە هەمیشەییو چارەنووسسازەکان نەبووە چونکە تا ئێستا نەمانتوانیوە هەموو وشەکانی زمانەکەمان لە فەرهەنگەکان کۆ

بکەینەوەو لەم ڕۆژانە دکتۆرعرفان قانیعی فرە زماناس گوتی: ملیۆنێک وشەی کوردیمان هەیە بەڵام تەنیا (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار لە فەرهەنگەکاندا پارێزراوە ئەی (٨٥٠,٠٠٠) هەشت سەدو پەنجا هەزار وشەکەی دیکە؟ منیش دەپرسم بۆچ لایەنی پەیوەندیدار هەوڵی تۆمارکردنیانی نەداوەو (فەرهەنگ) دانان لای ئێمە خەمخۆری تاکە کەسێکە، خولیاو عیشق و خۆشەویستیی زمانەکەی وای لێ کردووە کە کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات لەسەر ئەرکی خۆشی بەچاپیان بگەیەنێ. گەر لە سەرەتادا فەرهەنگی (ox ford) لە دانانی یەک کەس بووبێ بەڵام ئێستا ٤٥٠ تاکو ٦٥٠ کەس کاری تیا دەکەن لەبەر ئەوەی دانانی هەر فەرهەنگێک بە کەمی (٣٠) سی کەس دەبێ کاری تیا بکات ئەمەش لە هەموو دونیا پەیڕەو دەکرێ بۆ دانانی فەرهەنگ پێویستە (١- پرۆفیسۆر، ٢- دکتۆرا، ٣- ماستەر) هەر هەموویان لەبواری زمانناسی بڕوانامەیان هەبێو شەست لە دەرچووانی کۆلیژی زمان لەگەڵیابنو ئێمە دەمانتوانی بە ماوەی دە ساڵ (١٩٩٢-٢٠٠٢) قاموسێک دابنێینو قاموسێکی سەرتاسەری وشەکانی زمانی کوردی لە گشت بوارەکان لەبەردەستدا دەبوو تا ئێستا (قاموسی میللی) وەکو (ox– ford) لە بەریتانیاو (loronsse) لە فەرەنساو (webster) هەیەو ئێمە نیمانە بۆیە دەپرسم چ وەختێ دەستبەکار دەبین؟ ئەوا شازدە ساڵمان لەدەست چوو بۆیە دەبێ بەزووترین کات ئەم دەرفەتەی ماوەتەوە بیقۆزینەوە دەنا مەترسیی دوو زمان بوون (کرمانجی خوارووو و کرمانجی سەروو) لە ئارادایەو بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاز دەکەم:

١. ئەکادیمیای زمانی کوردی وەکو هەموو نەتەوەکان بێتە کایەوەو گەرچی کۆڕی زانیاری کوردستان لەم بوارە کاریگەرییێکی وای نەبوو بوترێ (١٩٩٧- ٢٠٠٧) بۆیە چاوەڕوانی ئەوەین کە ئەکادیمیای زمانی کوردی ئەم ئەرکە ئەنجام بدات. لە زۆر وڵاتان بەناوی ئەکادیمیای زمان دامەزراوە وەکو (فەرەنساو ئینگلتەراو ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو چینو ئەسیوبیاو سوریاو ئەردەنو هەرێمی باسک لە ئیسپانیا).
٢. ئەزموونی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەتی وڵاتانی فیدراڵی فرە زمان (سویسراو هیندستانو بەلژیکو باشووری ئەفریقیاو کەنەدا) لەبەر چاو بگیرێو لە زانکۆکانی کوردستان لە کۆلیژەکان یاساو مافو زمان (یاسای زمان) وەکو وانەیەکی سەربەخۆ بخوێنرێ چونکە ئەم بوارە لە وڵاتانی دیکەدا

پسپۆڕی تایبەتی هەیە.

لەبەرئەوەی لە هەرسێ دەسەڵاتی کوردستان زمانی کوردی بەرێکوپێکی و تەواوی بەکارناهێنرێ گەرچی لە دەستووری کۆماری عێراقی (٢٠٠٥)دا (زمانی عەرەبیو کوردی) دوو زمانی فەرمین بەڵام لە کوردستانیش جارێ زمانی عەرەبی زمانی یەکەمەو زمانی کوردی زمانی دووەمە. دەپرسم تا کەی ئەم پلە دووەمە بەردەوام دەبێ؟ بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان لە ستراتیژی داهاتوودا خەمێکی تەواو لەم بوارە بخواتو چیتر چاوەڕوانی گۆدۆ نەبین لەبەر ئەوەی خەمخۆرانمان لەم بوارەدا زۆرن کە بەم ئەرکە وڵاتپارێزییە دیرۆکییە ڕابنو نابێ بەهیچ جۆرێکو پاساوێک دوابخرێ یا ڕاگیرێ چونکە (زمانی کوردی) گیانی نەتەوەیەکی چل ملیۆنییە.

# دوای ١٦ ساڵ
# پێشنیازی ناوی زمانی فێرکردن (زمانی کوردی) لە یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیدا ژ ٢٠٠٨/١٠ خرایە ڕوو، وەبڕیاری لەسەردرا

ئەوانەی منداڵیان لە قۆناغەکانی خوێندندا بەزمانی کوردی دەخوێنن ئەوا هەست بە ئاستەنگو دژوارییەکی مەزن دوای تەواوکردنی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی (بەکەلۆریا) دەکەن چونکە خوێندن لە قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەییدا بەزمانی کوردییە بەڵام کە گەیشتنە قۆناغی زانکۆ ئەوا تووشیان بە تووشی دیواری بەرلین دەبێ لەبەرئەوەی کتێبەکانی فێرکردن گشتیان بەزمانی غەیرە کوردینو، تاقیکردنەوەش هەر لەم کتێبانە دەکرێو گەر هەر بەتەنیا بە (ڕێنمایی) مەلزەمە بەزمانی کوردی هەبێو مامۆستاکانیش بەزمانی کوردی وانەکانیان بۆ قۆناغی زانکۆ ڕاڤەو شی دەکەنەوە، بەڵام یەکجار ئاستەنگو دژواری دروست دەبێت بۆ ئەوانەی بەزمانی کوردی خوێندوویانەو دەخوێننو بارگرانییەکی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە دەبێ وشە بەوشە وانەکانیان بکەنە زمانی کوردیو سەرچاوەکانیش (تاکو تەرایان) نەبێ هەر بەزمانی غەیری کوردییەو گەر لە (١٩٩٢)ەوە لە زانکۆکان مامۆستایان بەپلانێکی تۆکمەی درێژخایەن هەوڵیان بدایە دەیانتوانی لە بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان ساڵانە بەکەمی هەر بەشێکیان دە کتێب دابنێنو وەربگێڕن، بەڵام بەداخەوە سیاسەتی زمان لە زانکۆکاندا ئەم گرنگییەی پێ نەدراوە چونکە پێشتریش چ لە یاسای ژ١٢ ساڵی ١٩٩٣و ژ٣٣ ساڵی ٢٠٠٢ دا باسی زمانی فێرکردن نەکراوەو کە پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئەمساڵ (٢٠٠٨) لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا بەداخەوە هەمدیسان بەیەک وشەش باسی زمانی فێرکردنی تیا نەهاتووە بۆیە جەختم لەسەر ئەمە کردەوە کە دەبێ (زمانی فێرکردن وەکو هەموو وڵاتانی فرە زمان لە یاساکانیاندا هەیە) هەبێ و کە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو دواتر لەگەڵ سەرۆکی زانکۆکانو پەیمانگاکانیشدا کۆبووینەوەو لەهەردوو کۆبوونەوەدا پێشنیازەکەم دووپات کردەوەو هەردووکیان وەڵامیان ئەمە بوو

که ئەوە بە ڕێنمایی چارەسەر کراوە منیش لە وەڵامدا گوتم ڕێنمایی دوای یاساو ڕێسا بەپلەی سێیەم دێتو دەبێ لە یاسادا زمانی فێرکردن هەبێو لەنێو هۆڵی پەرلەمانیش پێشنیازەکەم دووپات کردەوەو دەرەنجام لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لیژنەی یاساییو پەروەردەو خوێندنی باڵادا پێشنیازەکەم پێشکێش کردو هەر هەموویان بەوەزیریشەوە ڕەزامەندییان لەسەر دا و لە ٢٠٠٨/٦/٢٣دا که لەنێو هۆڵی پەرلەمان تێکڕای دەنگی پەرلەمانتارانی وەرگرت که لە ماددەی دووەمی بڕگە (١٢)دا هاتووە که ئەمە دەقەکەیەتی:

(کارکردن بۆ ئەوەی زمانی کوردی بکرێت بەزمانی فێرکردن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆڤایەتییەکانداو هاندانی وەرگێڕانو دانانو بڵاوکراوە زانستیو ڕۆشنبیرییەکانو ئەکادیمییەکان بۆسەر زمانی کوردی).

ئەم بڕگەیە لەم ماددەیەدا دوای ١٦ ساڵ لەنێو یاسادا جێگای خۆی کردەوە چونکە پێشتر بەڕێنمایی بوو ئەمەش هەنگاوێکە گەر درەنگ وەختیش بێ هەر چاکە چونکە ئەوانەی قۆناغەکانی خوێندنیان بەزمانی کوردییە دڵنیا دەبنەوە چونکە ئەم بڕگەیەی ئەم ماددەیە دڵەڕاوکێو دوودڵییان ناهێڵێ. لەبەرئەوەی بەیاسا ڕێکخراوە بۆیە دەبێ لەمەودوا کتێبەکانو موحازەرەکانو سەرچاوەکانیش ڕۆژ دوای ڕۆژ لەم بوارەدا گرنگیو بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێو بکرێتە زمانی کوردی، بەمەرجێ ماددەکە جێبەجێ بکرێ.

# دوو پاشبەند

(١)

# ئۆتۆنۆمیی کاتالۆنیا (ئیسپانیا)
# یاسای سیاسەتی زمانەوانی

**وەرگێڕانی لە ئیسپانییەوە**
**پارێزەر/ محەمەد کاکەیی**

ئەم وەرگێڕانە لەسەر ڕاسپاردنی برای خۆشەویسم پارێزەر بەڕێز (تاریق جامباز) کراوە، کە پێشتریش چەند بەرهەمێکی یاسایی تر هەر لەسەر ئەرکی بەڕێزیان ئەنجام دراوە، وەکو ئاشکرایە لای هەموومان کە ماوەیەکی دوورو درێژە کاتەکانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئامادەکرنو وەرگێڕانی ڕۆشنبیریی یاسایی گەلانی جیهانی بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی کە ئەمڕۆ زۆر پێویستە ئەو بوارە فەرامۆش نەکرێت چونکە لەم قۆناغەی ئێستاماندا پێویستیمان بەو دامەزراوە یاساییانە هەیە. لەگەڵ ڕێزو تەقدیرمدا.

کۆمەڵگەی ئۆتۆنۆمیی کاتالۆنیا

پایتەخت/ بەرشەلۆنە

زمانی فەرمی/ ئیسپانی/ کاتالان/ ئارانیس

کیان/ کۆمەڵگەی ئۆتۆنۆمی.

وڵات/ ئیسپانیا

کۆنگرس/ ٤٧ کورسی

پیران/ ٢٣ کورسی

پەرلەمان/ ١٣٥ کورسی

بەشە ئیدارییەکان/ ٤ پارێزگا/ ٤١ هەرێم (ناوچە)/ ٩٤٦ شارەوانی

رووبەر/ ٣٢,١١٤ کم٢ (٦,٣٪)

دانیشتووان (٢٠٠٩)/ ٧,٤٦٧,٤٢٣ کەس

چڕی دانیشتووان/ ٢٢٣,٩ کم٢

نیشتمان/ نەتەوەیی مێژوویی

یاسای بنەڕەتی ئۆتۆنۆمی/ ٢٠ ی تەمووزی (٢٠٠٦).

جەژنی فەرمی/ ١١ ی سیپتیمبەر: جەژنی نیشتمانی.
پارێزگاکان/ بەرشەلۆنە، خیرۆنا، تاراگۆنەو لێریدا.
کۆشکی ئەنجومەنی کاتالۆنیا/ جێگای حکومەتی کاتالۆنیایە.
لە کاتالۆنیا حاڵی حازر چوار ئیدارەی گشتی هەیە، بە سەلاحیاتو دەسەلاتی سیاسیی جۆراوجۆر.

- ئیدارەی گشتی دەوڵەتی ئیسپانیا.
- حکومەتی کاتالۆنیا
- دەستەی پارێزگاکان.
- شارەوانییەکان
- پارتە سیاسییەکانی کاتالۆنیا
- پارتی ڕێکەوتنو یەکێتی (دەستەلاتدار)
- پارتی سۆسیالیستی کاتالۆنیا
- پارتی کۆماری کاتالۆنیا (خاوەن فکرەی سەربەخۆبوون).
- پارتی میللیی کاتالۆنیا.
- پارتی سەوز.
- پارتی هاووڵاتیانو هاووڵاتیبوون.

**زمانەکان**

زمانی ئیسپانی بەربڵاوترین زمانە لە کاتالۆنیا، بگرە بەسەر زمانی کاتالانەوەیە نەوەکو زمانی ئاسایی بەڵکو وەکو زمانی دایکیش. لە ساڵی ٢٠٠٨ زمانی ئیسپانی بەزمانی دایکی لە ٥٨,٨٪ کاتالانییەکان دانرا، لەبەرامبەردا زمانی کاتالان بەزمانی دایکی ٣٤,٤٪ کاتەلانییەکان دانراو بە ٤٧,٦٪ زمانی ئاساییو بە ٤٦٪ زمانی تایبەت.

ئەنجومەنی حکومەتی کاتالۆنیا لە سەردەمی کۆماری دووەمی ئیسپانی دووبارە دروست کرایەوەو یاسای بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٩٣٢ دەرچووە، بەڵام بەهۆی دۆڕاندنی بەرەی نیشتمانی لە شەڕی ناوخۆیی (١٩٣٦- ١٩٣٩) بەرامبەر بەهێزی دیکتاتۆر فرانکۆ، سەرجەم دامو دەزگاکانی دیموکراتی هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام لەپاش کۆچی دوایی جەنەڕاڵ فرانکۆ

ئەنجومەنی حکومەتی کاتالۆنیا لە (١٩٧٧) دروست بۆوەو پەرلەمان دروست کراو حکومەتە ئۆتۆنۆمییەکانیش دەسەلاتیان گرتە دەستو یاسای بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمی بۆ کاتالۆنیا لە (١٩٧٩) دەرچوو، لە ساڵی (٢٠٠٦)یش هەموار کرایەوەو تا ئێستاش بەرکارە.

**یاسای سیاسەتی زمانەوانی**

من سەرۆکی حکومەتی کاتالۆنیا بەناوی پاشای ئیسپانییەوە تێکڕای هاوولاتیان ئاگادار دەکەمەوە کە پاش پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کاتالۆنیاوە، بەپێی دەقی ماددەی ٢/٣٣ یاسای بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمی کاتالۆنیا یاسای ژمارە ١٩٩٨،٧/١ی کانوونی دووەم دەربارەی (سیاسەتی زمانەوانی)م دەرچوواند.

**دیباجە:**

**واتا و دۆخی زمانی کاتالان:**

زمانی کاتالان هۆکارێکی بناغەیی پێکهاتەو کەسایەتی نیشتمانی کاتالۆنیایە، ئامرازێکی تۆکمەی پەیوەندیو یەکبوونو یەکگرتنی کۆمەلایەتی هاوولاتییانە بەهەردوو ڕەگەزیەوە، دوور لە ڕەگەزی جوگرافی، ئامرازێکی پەیوەندی بالای کاتالۆنیایە لەگەڵ ناوچەکانی تری کاتالان زمان، کە پێکەوە بەدرێژایی سەدەکان کۆمەڵگەیەکی زمانەوانییان پێکهێناوە، بەدەنگێکی ڕەسەنو بەنرخ هاوبەشی کولتووری جیهانی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی کاتالان بۆتە بەڵگەنامەیەکی دڵسۆزیی گەلی کاتالان بۆزمانو کولتووری خۆی.

زمانی کاتالان لەسەر خاکی ڕەسەنی خۆی کاتالۆنیا بەبەشداری گەلانی ناوچەکانی دی ڕەگی داکوتاوەو هەمیشەیش تایبەت بووە بەم ولاتە، ئەم زمانە بەدرێژایی مێژووی پڕ لە کارەساتو نەهامەتی کاتالۆنیا دووچاری ڕووداوگەلێکی نەگەتیف بووە کە بۆتە مایەی مەینەتیو سەرئێشە. ئەم دۆخەش بۆ چەندین فاکتەر دەگەڕێتەوە وەکو چەوساندنەوەی سیاسیو سەپاندنی زمانی ئیسپانی بەشێوەیەکی یاسایی لەماوەی زیاتر لە دوو سەدەو نیو. لەم سالانەی دواییدا بارودۆخێکی سیاسیو سوسیۆ ئابووری ڕووی دا کە زەمینەیان خۆش کرد بۆ گۆڕانکاریی دیموگرافی و پێشکەوتنی زمانی کاتالان شان بەشانی زمانە فەرمییەکانی تری ئەوروپا بەتایبەتی لە بواری پەیوەندیو زانیاریو پیشەسازی کولتووری بەجیهانیبوون.

له ئەنجامداو له تێکڕای ئەم بارودۆخەدا، دۆخی سۆسیۆ زمانەوانیی کاتالۆنیای ئەمڕۆ ئاڵۆزە.

ئەمڕۆ لەگەڵ حەقیقەتی زمانێک دەژین که هێشتا دۆخی ئاسایی خۆی بەتەواوەتی وەرنەگرتووەو ژمارەیەکی کەمیش بەڕێژە له چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا قسەی پێ دەکەن، سەرەڕای ئەوەش هێشتا له سنووری کاتالۆنیا زۆر له هاوڵاتیان زمانی ئیسپانی بەزمانی دایک دەزانن، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە سەرجەم بوونەتە کەرەستەیەکی کولتووریو دۆخی زمانەکەیان بەرەو پێشەوە بردووەو بەئاستێکی بەرچاویان گەیاندووە.

ئەم هەقیقەتە، بێگومان، پێویستی بەسیاسەتێکی زمانەوانیی وەها هەیە که بەجدی یارمەتیدەر بێت بۆ ئاساییکردنەوەی زمانی تایبەتی کاتالۆنیا که لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی زامنکردنی ئیعتبارێکی جدی بۆ مافە زمانەوانییەکانی تێکڕای هاووڵاتیان بەهەردوو ڕەگەزیەوە.

## چوارچێوەی یاسایی

چوارچێوەی یاسایی ئەمڕۆی زمانی کاتالان بەپێی دەستووری ئیسپانی ساڵی ١٩٧٨و یاسای بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمی کاتالۆنیای ساڵی ١٩٧٩ دیاریکراوە.

یەکەمیان، وبەپێی ماددەی ٣ ی دەستووری ئیسپانی دان بەفرەیی گەلانو پێکهاتەی دەوڵەتی ئیسپانی دەنێتو تیایدا هاتووە: که زمانی کاستیانۆ (ئیسپانی) زمانی فەرمی دەوڵەتە، وەکو زمانێکی فەرمی، تێکڕای ئیسپانییەکان لەسەریانە فێری بنو مافی بەکارهێنانیان هەیە، جگە لەوەش، دەستوور دەڵێت: که زمانەکانی دی ئیسپانیش فەرمین له کۆمەڵگا ئۆتۆنۆمییەکانی خۆیاندا بەگوێرەی یاسا بنەڕەتییەکانیان.

**یاسای بنەڕەتی ئۆتۆنۆمی کاتالۆنیا له ماددەی (٣) یدا هاتووە:**

١. زمانی تایبەتی کاتالۆنیا زمانی کاتالانە.
٢. زمانی کاتالان زمانی فەرمی کاتالۆنیایە، بەم جۆرە زمانی ئیسپانیش، زمانی فەرمی دەوڵەتی ئیسپانیایە.
٣. حکومەتی کاتالۆنیا زامنی بەکارهێنانی ئاساییو فەرمی هەردوو زمان دەکات، ڕێکاری پێویستیش دەگرێتەبەر بۆ مسۆگەرکردنی فێربوونیو

کەشوهەوای گونجاویش دەخوڵقێنێت بۆ یەکسانیکردنی لە بەرامبەر مافو ئەرکەکان لە کاتالۆنیا.

٤. قسەکەرانی ئارانیس دەخرێنەبەر خوێندنو جێگای ڕێزو پارێزگاریی تایبەت دەبن.

ئەم ئەحکامە دەستوورییە ئۆتۆنۆمییانە بەپێی یاسای ١٩٨٩/٧، ١٨ی نیسان سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی زمانەوانی کاتالۆنیا، دەرکراونو گرنگییەکی ئەوتۆیان هەیە لە مێژووی ئەم زمانە، کە بووەتە هۆی لابردنی سزاکانی سەر زمانی کاتالانو لەماوەی چواردەساڵی بەرکاربوونیدا بواری ڕەخساندووە بۆ بڵاوبوونەوەی زانیارییەکانی لەنێو زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانو هەروەها گرتنەبەری سیاسەتێکی تەندروست لەنێو سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵ بەمەبەستی بەرجەستەکردنی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی زمانەوانی.

لەماوەی بەرکاربوونی ئەم یاسایە چەندین گۆڕانکاریی بەرچاو ڕوویان داوە: لە بواری تەکنەلۆژیا بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو هەردوو ئاراستەی زانیاری بڵاوبۆتەوە، لەبواری کولتووریو بازرگانی، ئازادی بازرگانی سەقامگیر بووەو قەرزەکانی کولتووریش بەرفراوان بووەو پەرەیان سەندووە، بەتایبەتی لەجیهانی پەیوەندییەکانو هۆکارەکانی بیستنو بینین، لە بواری سیاسەتیشدا، لەلایەکەوە ئیسپانیا چووەتە ڕیزی یەکێتی ئەورووپاوە کە تیایدا سیستەمی فرە زمانی پیادە دەکرێتو لەلاکەی دیکەشەوە، حکومەتی کاتالۆنیا چەندین دەسەڵاتی نێو یاسای بنەڕەتی کەوتە ئەستۆ، لەبواری کۆمەڵایەتیو سوسیۆ زمانەوانی پرۆسەی فێربوونی زمانی کاتالان تا دێت بەرفراوان دەبێتو دیاردەی کۆچبەریش گۆڕانکاریی قووڵی بەسەر ناوچەکەدا هێناوە، هەروەها لەوڵاتی ئێمەدا مافی زمانەوانی بەرەوپێشچوونێکی گرنگی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش بەهۆی بڕیارەکانی دادگای دەستووری لەلایەکەوەو، لەلایەکی دیشەوە بەهۆی تەشریعاتی کاتالانو دیراساتی یاساییەوە.

لە کۆتاییدا، جێگای خۆیەتی ئاماژە بەناوەڕۆکی چەندەها بڕیاری پەرلەمانی ئەورووپی بکەین: بڕیاری ٣٠ نۆڤەمبەری ١٩٨٧، دەربارەی زمانو کولتوورەکانی کەمایەتییە هەرێمایەتیو ئەسنییەکان لە کۆمەڵگای ئەورووپی، هەروەها بڕیاری ١١ ی دیسەمبەری ١٩٩٠ سەبارەت بەدۆخی زمانەکان لە کۆمەڵگای ئەورووپی، بەتایبەتی دۆخی زمانی کاتالان، بڕیاری ٩ی شوباتی

١٩٩٤، دەربارەی کەمایەتییە کولتووریو زمانەوانییەکانی کۆمەڵگای ئەورووپی.
لێرەدا بەپێویستیشی دەزانین ئاماژە بە (میساقی ئەورووپی) دەربارەی زمانە هەرێمایەتی یان کەمایەتییەکان بکەین، کە وەکو ڕێکەوتنامەیەک لەلایەن کۆمیتەی وەزیرانی ئەنجومەنی ئەوروپاوە لە ٥ ی نۆڤەمبەری ١٩٩٢ وەرگیراوە هەروەها بەیاننامەی جیهانی بۆ مافەکانی زمانەوانی کە لەلایەن کۆنفرانسی جیهانی مافەکانی زمانەوانی لە ٦ ی حوزەیرانی ١٩٩٦ بەپشتگیریی زۆرینەی نوێنەرانو پەرلەمانی کاتالۆنیاوە لە بەرشەلۆنە پەسند کرا.

**ئامانجەکانی ئەم یاسایە**

تێکڕای ئەم بارودۆخە بواریان ڕەخساند بۆ دەستکاریو بە سەردەمیکردنی یاسای ١٩٨٣ و نوێکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنە سیاسیو کۆمەڵایەتییەی ئەوکات لەپێناو پتەوکردنی ئەو پڕۆسەیە کە بە یاسای ئاساییکردنەوەی زمانەوانی دەستی پێکردووە لەبواری کارگێڕیو پەروەردەدا، لەپێناو گونجاندنی یاسای هۆیەکانی پەیوەندیو پیشەسازیی کولتووری لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم سەردەمەداو دانانی پێوەرگەلێکی زمانەوانیی تایبەت بەجیهانی سوسیۆ ئابووری، ئەمە هەمووی بەمەبەستی بەگشتاندنی زانیاریی تەواو لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی کاتالان بەشێوەیەکی ئاسایی، کە بۆتە هەنگاوێکی نوێ بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا.

دەستکاریو بەسەردەمیکردنی (تحديث) یاسایی ١٩٨٣ ڕێگا خۆش دەکات بۆ چەسپاندنی پابەندبوونی دەستووری لەپێناو گەیشتن بەیەکسانیی تەواو لەبواری مافو ئەرکەکانی زمانەوانی، بەشێوەیەکی تایبەتی، مافەکانی زانینی هەردوو زمانی فەرمی لەگەڵ بەکارهێنانیان لە سنووری جوگرافی کاتالۆنیا.

بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم پرۆسەیە، پێویست دەکات دەستکاری یاساکانی دەوڵەتی ئیسپانیاو ئەوروپا بکەین بەمەبەستی جەختکردن لە سیاسەتەکانی پشتگیریو یارمەتیو بەخششەکانی بودجەی دارایی ئەم بوارە.

**ناوەڕۆک و پەیکەری ئەم یاسایە**

ئەم یاسایە چەمکە یاساییەکانی زمانی تایبەتیو زمانی فەرمی دادەنێت. بەم جۆرە، چەمکی زمانی تایبەتی پیادەکراو لەسەر زمانی کاتالان، دەسەڵاتە

حکومییەکانو دامەزراوەکانی کاتالۆنیا ناچار دەکات پارێزگاری لێ بکاتو بەشێوەیەکی گشتی بەکاری بهێنێتو هانی خەڵکی بدات بۆ بەکارهێنانی لە سەرجەم ئاستەکاندا. چەمکی زمانی فەرمی پیادەکراو لەسەر کاتالانو ئیسپانی مافە زاتییەکانی هاووڵاتیان مسۆگەر دەکات کە بەڕوونی دانیان پێدا نراوە بۆ فێربوونی هەردوو زمانو بە بەکارهێنانیان بەئازادی لە هەموو چالاکییە گشتیو تایبەتییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پرەنسیپانە، یاساکە هەردوو زمانی فەرمی لە کاتالۆنیا ڕێکدەخاتو ڕێکارەکانی پارێزگاریو پاراستنی بەکارهێنانی زمانی کاتالان دادەنێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاساییکردنەوە و گرتنەبەری ئیجرائاتی پشتیوانیو زامنکردنی ئامادەبوونی زمانەکە لە هەموو بوارەکاندا.

سەبارەت بەبواری فەرمیو کارگێڕی لەدەقی ئەم یاسایە هاتووە کە ئیدارەو دامەزراوەکانی کاتالان پێویستە بەشێوەیەکی گشتی زمانی کاتالان بەکاربهێنن، بێزیان گەیاندن بەو مافانەی هاووڵاتیان بەهەردوو ڕەگەزەوە لەبەکارهێنانی ئەو زمانە فەرمییەی کە خۆیان دەیانەوێتو دان دەنێن بە بەرکاربوونی تەواوی دۆکومێنتە گشتیو تایبەتەکان بەهەردوو زمانی فەرمی بەڕاگرتنی سەربەخۆیی زمانەکان بەرامبەر یەکتریدا لە هەموو بوارەکاندا بەئیدارەی ناوەندیو ئیدارەی دادو تۆمارە گشتییەکانیشەوە.

سەبارەت بەبواری خوێندن، یاساکە بۆ تێکڕای دانیشتووان زانیاریی تەواو مسۆگەر دەکات لەهەردوو زمانو لە هەمان کاتدا، زامنی ئەوەش دەکات کە قوتابیان بەهۆی زمانەوە هیچ جۆرە جێکاری یان جیاوازییەکیان لەگەڵدا نەکرێت، لەگەڵ ڕاگرتنی سیستەمی پێکهاتەی زمانەوانیی پیادەکراو لەژێر ڕۆشنایی یاسای ١٩٨٣ و بەپێی بڕیارەکانی دادگای باڵای دەستووریو ڕێکارەکانی پشتگیریکردنی خوێندنی زانکۆیی بەزمانی کاتالان.

ئەم یاسایە لە بواری میدیاکانی پەیوەندیو لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی کاتالۆنیادا ڕێکاری شیاو دادەنێت بۆ بەکارهێنانی کاتالان لەپەخشەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەمەبەستی زامنکردنی ئامادەبوونی زمانی تایبەتی لە فەزای ڕادیۆو تەلەفزیۆندا، جگە لەدانانی ڕێکاری گونجاو بۆ یارمەتیدانی ڕۆژنامەگەریی نووسراو، ئەوەی پەیوەندی بەپیشەسازی کولتوورییەوە هەیە، پشتگیریی خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ ڕێکارەکانی یارمەتیدانی بوارەکانی پیشەسازیی سینەماو کتێبو گۆرانیو هونەرەکانی ئاهەنگگێڕیو زانیارییەکانی کۆمپیوتەرو

تۆڕەکانی پەیوەندی تیلیماتیکو بەرهەمەکانی ئەندازیاریی زمانەوانی کە وەکو بناغەی بەکارهێنانی زانیاری لە هەموو بوارەکاندا تەماشا دەکرێت.

سەبارەت بەبواری سوسیۆ ئابوورییەوە، ڕێکاری پێویستی گرتۆتە بەر بۆ ڕێکخستنی ئامادەبوونی زمانی کاتالانو پشتیوانیکردنی لە بەکارهێنانی ئەم زمانە لە هەموو کایەکاندا، کە لەبەر چەند هۆیەکی بازاڕو هی تر وەکو پێویست مسۆگەر نەکرابوون. بەم شێوەیە، کۆمپانیا حکومییەکانو ئەهلییەکانو کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی گشتی بەشێوەیەکی چوستو چالاک چوونەتە پاڵ پرۆسەی ئاساییکردنەوەی زمانەوانی بەئامانجی زامنکردنی مافە زمانەوانییەکانی بەکاربەران، مەبەستیش لەوەدا وەدەستهێنانی دۆخێکی یەکسانییە لە بواری ئابووری لەنێوان هەردوو زماندا بەشێوەیەکی پێشکەوتوو بەو قەوارەیەی کە هاوولاتیانی کاتالۆنیا بتوانن زانیاریی تەواو لەزمانی کاتالان وەربگرن هەمیشەیش لە ڕێگای تۆڕەکانی کۆمەلایەتیو بەهاندانی حکومەتی کاتالۆنیا.

لە کۆتاییدا، ئەم یاسایە لەژێر ڕۆشنایی یاسای ١٩٩٠/١٦/ ١٣ی تەموز تایبەت بە (نیزامی تایبەتی دۆڵی ئاران) دان بەخوێندنو بەکارهێنانی ئارانیس دەنێت لە دۆڵی ئاران و پشتیوانی لێ دەکاتو دەیپارێزێت لەگەڵ تەواوی دەسەلاتەکانی دامەزراوە تایبەتییەکانی دۆڵی ئاراندا.

یاساکە کارەکتەرێکی ئاماژەپێکراوی هەیە بۆ هاوولاتیان بەهەردوو ڕەگەزیەوە، تەنیا چەند ئیلتزامێک دروست دەکات بۆ ئیدارەکانو بۆ چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو کە تایبەتن بەچالاکیو پاراستنی مافە زمانەوانیەکانی هاوولاتیان.

سەبارەت بەوەی پەیوەندی بەپەیکەری یاساکەوە بێت، ئەم یاسایە پێکهاتووە لە سیو نۆ ماددەو هەشت بڕیاری پاشکۆییو سێ بڕیاری ئینتیقالیو سێ کۆتایی. ماددەکان بەسەر حەوت بەشدا دابەش کراون، (بەشی بەرایی) پرەنسیپە گشتییەکانی ڕێکدەخات، (بەشی یەکەم) بەکارهێنانی دامەزراوەیی، (بەشی دووەم) ناوەکانو (بەشی سێیەم) خوێندنو (بەشی چوارەم) هۆیەکانی پەیوەندی پیشەسازیی فەرهەنگیو (بەشی پێنجەم) چالاکی سوسیۆ ئابووری (بەشی شەشەم) هێزی دامەزراوەیی.

## بەشی بەرایی
## پرەنسیپە گشتییەکان

**ماددەی (١): ئامانجی ئەم یاسایە**

١. ئامانجی یاساکە پێشخستنی ماددەی (٣)ی یاسای بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمی کاتالۆنیایە بەمەبەستی پاراستنو پشتیوانیو ئاساییکردنەوەی بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە هەموو بوارەکاندا، لەگەڵ بەکارهێنانی ئارانیس لەدۆڵی ئاران، هەروەها زامنکردنی بەکارهێنانی زمانی کاتالانو زمانی ئیسپانی بەشێوەیەکی ئاساییو فەرمی.

٢. ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم یاسایە ئەمانەن:-

أ- پاراستنو هاندانی بەکارهێنانی زمانی کاتالان لەلایەن تێکڕای هاوولاتیانەوە.

ب- هێزێکی یاسایی پاڵپشتی بەکارهێنانی فەرمی کاتالانو ئیسپانی بکات بێ هیچ جێکارییەک لەنێوان هاوولاتیاندا.

ت- ئاساییکردنەوەو پشتیوانیکردنی بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە ئیدارەو خوێندنو لە میدیاکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو پیشەسازیی کولتووریو جیهانی سوسیۆ ئابووری.

پ- مسۆگەرکردنی فەزای زانیاریی کاتالان بۆ سەرجەم هاوولاتیان.

ج- مەبەستێکی دی ئەم یاسایە وەدەستهێنانی یەکسانییە سەبارەت بە مافو ئەرکە زمانەوانییەکانی هاوولاتیان لەگەڵ ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ لابردنی کۆسپەکانی بەردەم پیادەکردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٢): زمانی تایبەت**

١. کاتالان زمانی تایبەتی کاتالۆنیایە و پێناسەشی دەکات وەکو گەل.

٢. کاتالان، وەکو زمانی تایبەت:-

أ- زمانی سەرجەم دامودەزگاکانی کاتالۆنیایەو بەتایبەتی زمانی ئیدارەی حکومەتی کاتالۆنیاو ئیدارەی ناوخۆییو دەستە گشتییەکانو کۆمپانیاکانو خزمەتگوزارییەکانی گشتیو میدیاکانو پەیوەندی دامەزراوەییو خوێندنو ناوی شوێنەکانە.

ب- زمانی پەسندکراوی بەکارهێنراوە لەلایەن ئیدارەی دەوڵەت لە کاتالۆنیا بەو شێوەیە کە خۆی دیاری دەکات، هەروەها بەهەمان شێوە لەلایەن

دامەزراوەکانی ترەوە، بەگشتی، ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانە کە خزمەتگوزارییەکانیان لەوێ پێشکێشی خەڵکی دەکەن.
٣. ئەوەی لە برگەی ٢دا هاتووە دامەزراوەکان پابەند دەکات لە پشتیوانیکردنی فێربوونی زمانەکەو هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەکارهێنانی سەرەڕای سیفەتی فەرمی کاتالانو ئیسپانی.

**ماددەی (٣): زمانە فەرمییەکان**

١. کاتالان زمانی فەرمی کاتالۆنیایە، هەروەها زمانی ئیسپانیش.
٢. زمانی کاتالانو ئیسپانی، وەکو دوو زمانی فەرمی، هاووڵاتیان دەتوانن لە گشت چالاکییە گشتییەکانو تایبەتییەکان بەکاریان بهێنن بێ جیاوازیو جێکاری. سەرجەم کارە یاساییەکانی جێبەجێکراو بەهەر کام لەم دوو زمانە فەرمییە بن بەرکارنو کاریگەریی تەواویان هەیە.

**ماددەی (٤): مافە زمانەوانییەکان**

١. بەپێی ماددەی (٣)ی یاسای بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمیو لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ئەکتیڤی حکومەتی کاتالۆنیا بۆ دروستکردنی دۆخێکی تەندروست کە بوار بدات بۆ یەکسانیی تەواو لە مافو ئەرکەکانی زمانەوانی، لە کاتالۆنیا هەموو کەسێک مافی:-
أ- زانینی هەردوو زمانی فەرمی هەیە.
ب- گوزارشتکردنی هەیە بەهەریەک لەو دوو زمانە فەرمییە، چ بەزارەکی بێتو چ بەنووسین، لە پەیوەندییەکانو چالاکییە گشتیو تایبەتییەکان.
ت- بەدەمەوە هاتنی هەیە بەهەریەک لەو دوو زمانە فەرمییە لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا.
پ- بەئازادی بەکارهێنانی هەریەک لەو دوو زمانە فەرمییەی هەیە لە هەموو بوارەکاندا.
ج- دەکرێ کە جێکاری لەگەڵدا نەکرێت لەبەرهۆی ئەو زمانە فەرمییە کە بەکار دەهێنێت.
٢. هەموو کەسەکان دەتوانن ڕوو لەدادگاکان بکەن بۆ وەدەستهێنانی ویلایەتی قەزایی سەبارەت بەمافی بەکارهێنانی زمانی خۆی.

٣. هەموو کەسەکان دەتوانن ڕوو لە ئیدارەی حکومەتی کاتالۆنیاو (سەندیکای سکاڵاکان) بکەنو داوایان لێ بکرێت کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان کار بکەن بۆ زامنکردنی مافە زمانەوانییەکان بەشێوەیەکی تایبەت.

**ماددەی (٥): پرەنسیپە سەرەکییەکانی کاری حکومەتی کاتالۆنیا**

١. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا زامنی مافە زمانەوانییەکانی هاووڵاتیانو بەکارهێنانی ئاساییو فەرمی زمانی کاتالانو ئیسپانی بکات بەهەردوو زمان بۆ سەرجەم دانیشتوان هەروەها زامنی لێهاتوویيو تواناسازیی زمانەوانی میلاکاتی کارمەندانی ئیدارەکانو یەکسانی تەواو بۆ هاووڵایتان سەبارەت بەمافو ئەرکە زمانەوانییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا بکات.

٢. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا کاری تەواو بکات بۆ پاراستنو پارێزگاریو پشتیوانی لێکردنی بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە هەموو بوارەکاندا بەگرتنەبەری ڕێکاری شیاو و تەرخانکردنی سەرچاوەی داراییو مرۆییی پێویست.

**ماددەی (٦): یەکێتی زمانی کاتالان**

١. زمانی کاتالان کەلەپووری کاتالۆنیایەو لەگەڵ ناوچەکانی تر پێکەوە کۆمەڵگەیەکی زمانەوانی هاوبەش پێکدەهێنن. حکومەتی کاتالۆنیا دەبێت شەونخوونی بکات لەپێناو پاراستنی یەکێتی زمانی کاتالانو پێویستە هانی بەکارهێنانی بدات لە دەرەوەو پەیوەندیش ببەستێت لەگەڵ هەرێمە جیاجیاکانی کاتالان زمان.

٢. بەپێی یاسای بەرکاربوو (پەیمانگای دیراساتی کاتالان) سەلاحیاتی زمانەوانی هەیە.

**ماددەی (٧): داننان بەئارانێسو پاراستنی (بەیاسا ڕێک دەخرێت)**

**بەشی (١)**

**بەکارهێنانی دامەزراوەیی**

**ماددەی (٨) بڵاوکردنەوەی یاساکان**

١. ئەو یاسایانەی کەوا پەرلەمانی کاتالۆنیا پەسندیان دەکات یەکسەر بەزمانی کاتالانو زمانی ئیسپانی لە (ڕۆژنامەی فەرمیی حکومەتی کاتالۆنیا) چاپ

دەکرێن. پێویستە لەسەر پەرلەمان نوسخە فەرمییە ئیسپانییەکەی جێبەجێ بکات.

٢. بڵاوکردنەوەی فەرمانە گشتیو بڕیارە یاساییەکانی حکومەتو ئیدارەو دامەزراوەکانی ئەنجومەنی کاتالۆنیاو ئیدارە ناوخۆییەکانی کاتالۆنیا لە (ڕۆژنامەی فەرمیی حکومەتی کاتالۆنیا) یەکسەر بەزمانی کاتالانیو ئیسپانی چاپ دەکرێن.

**ماددەی (٩): زمانی ئیدارەکانی کاتالۆنیا**

١. ئەنجومەنی کاتالۆنیاو ئیدارە ناوخۆییەکانو دەستە گشتییەکانی تری کاتالۆنیاو دامەزراوەو کۆمپانیاکانی حکومیو کۆمپانیا خاوەن ئیمتیازەکان پێویستە زمانی کاتالان لەکارەکانی ناوخۆییو پەیوەندییەکانی نێوانیاندا بەکاربهێنن. هەروەها پێویستە بەشێوەیەکی نۆرمەل بەکاری بهێنن لە پەیوەندیو نووسراوەکانیاندا. هەر کاتێ ئاراستەی کەسانی یاسایی یان مەعنەوی دانیشتووی چوارچێوەی زمانەوانی کاتالانی دەکەن، بێ زیان گەیاندن بە مافی هاوولاتیان لە بەکارهێنانی زمانی ئیسپانی ئەگەر خۆیان داوایان کرد.

٢. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا لە ڕێگای بڕیارو فەرمانەکانیەوە بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە چالاکییە ئیدارییەکانی هەموو ئۆرگانەکانی دەسەڵات ڕێک بخات.

٣. پێویستە دەستە ناوخۆییەکانو زانکۆکان بەگوێرەی دەقی بڕگەی (١) لە بواری دەسەڵاتەکانیاندا بەکارهێنانی زمانی کاتالان ڕێک بخەن.

**ماددەی (١٠): ڕێکارە ئیدارییەکان**

١. ئیدارەی ئەنجومەنی حکومەتی کاتالۆنیاو ئیدارە ناوخۆییو دەستەکانی کاتالۆنیا دەبێت لە ڕێکارە ئیدارییەکانیاندا کاتالان بەکاربهێنن بێ زیان گەیاندن بەمافی هاوولاتیان لە پێشکێشکردنی دۆکۆمێنتو وەرگرتنی ئاگادارییەکانیان بەزمانی ئیسپانی ئەگەر خۆیان داوا بکەن.

٢. پێویستە ئیدارە نوسخەیەکی وەرگێڕراو بەزمانی فەرمی داواکراو، بەکەسانی پەیوەندیدار بدات سەبارەت بەداواکارییەکانیان.

٣. نابێت داواکردنی نوسخەی وەرگێڕراو ببێتە مایەی زیان پێگەیاندن یان دواکەوتنو هەڵپەساردنی داواکارییەکە.

**ماددەی (١١)**: تواناسازی زمانەوانی کارمەندانی میلاکاتی ئیدارەکانی کاتالۆنیا:
١. پێویستە میلاکاتی ئیدارەو دەستەو دامەزراوە گشتییەکانی کاتالۆنیا ئاستێکی زانیاریی شیاویان هەبێت لە هەردوو زمانی فەرمی، چ زارەکیو چ بەنووسین، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە وەزیفییەکانیان لەشوێنی کارکردن.
٢. بۆ پیادەکردنی ئەوەی کەوا لە بڕگەی (١)دا هاتووە، پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا پرۆسەی فێرکردنی زمانی کاتالان بۆ میلاکاتی ئیدارەی کاتالۆنیاو دەستە ناوخۆیییەکانو زانکۆ حکومییەکانو ئیدارەی داد لە کاتالۆنیا زامن بکاتو پشتوانیش بکات لە ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو میلاکانە.
٣. پێویستە لە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی میلاکاتی ئیدارەی حکومەتی کاتالۆنیاو ئیدارە ناوخۆییو ئیدارەی خزمەتگوزارییەکانی زانکۆکان، تەنانەت میلاکاتی کارکردنیش، مەرجی دڵنیابوون لە زانینی زمانی کاتالان، چ بەزارەکیو چ بەنووسین، ڕەچاو بکرێت بەپلەیەکی شیاو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکو وەزیفەکانیان لەو پۆستانەی کە مەبەستیانە، لە چوارچێوەی ئەو تەشریعە کە بۆ ئەرکی گشتی دانراوە.

**ماددەی (١٢)**: **ئیدارەی دەوڵەت**:
١. سەرجەم کارە ئیدارییەکانی ئۆرگانو دامەزراوە ئیدارییەکانی دەوڵەت، چ بەزارەکیو چ بەنووسین، کە لە کاتالۆنیا ئەنجام دراون بەهەریەک لەو دوو زمانە فەرمییە بەرکارن بەبێ پێویستی نوسخەی وەرگێڕاو.
٢. هەموو کەسەکان مافیان هەیە پەیوەندی ببەستن، چ بەزارەکیو چ بەنووسین، لەگەڵ ئیدارەی دەوڵەت لە کاتالۆنیا بەو زمانە فەرمییەی کە خۆیان هەڵی دەبژێرن، بێ پەنابردن بۆ وەرگێڕان.

**ماددەی (١٣)**: **کارە قەزاییەکان**
١. تێکڕای کارە قەزاییەکان، چ بەزارەکیو چ بەنووسین، کە بەیەکێ لەو دوو زمانە فەرمییە ئەنجام دەدرێن بەرکارن بێ پێویستی وەرگێڕان.
٢. هەموو کەسەکان مافیان هەیە پەیوەندی ببەستن، چ بەزارەکیو چ بەنووسین، لەگەڵ ئیدارەی داد بەو زمانە فەرمییەی کە خۆیان دەیانەوێتو بێ ئەوەی داوای وەرگێڕانیان لێ بکرێت.
٣. پێویستە هەموو ئەو کەسانە کە داوا دەکەن بڕیاری دادگاکانو حوکمە پووچەڵکراوەکان بەزمانی فەرمی داواکراو وەربگرن، بێ دواکەوتن لەبەر

هۆی زمان پێیان بدرێت.

٤. ئەوەی لە بڕگەکانی (١، ٢، ٣)دا هاتووە لەسەر دادگاکانی کڵێسەو ناوبژیوانیش پیادە دەکرێت.

٥. بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی کارمەندانی میلاکاتی ئیدارەی داد لە کاتالۆنیا پێویستە دەقی ماددەی ١١ پیادە بکرێت.

**ماددەی (١٤): دۆکومێنتە حکومییەکان**

١. ئەو دۆکومێنتە حکومییانەی کە بە یەکێ لەو دوو زمانە فەرمییە بەخشراوە بەرکارن.

٢. پێویستە دۆکومێنتە حکومییەکان بەو زمانە فرمییە بنووسرێت کە کەسی بەخشێنەر هەڵیدەبژێرێت، یان، ئەگەر زیاتر لە داواکارێک بوو، بەو زمانە کە لەسەری ڕێکدەکەون، ئەگەر سەبارەت بەزمانەکە ڕێک نەکەون، ئەوە نووسراوەکە یان دۆکومێنتەکە پێویستە بەهەردوو زمانی فەرمی بنووسرێت.

٣. بەر لەنووسینی دۆکومێنتەکە، پێویستە بەڕوونی پرسیار لە کەسانی بەخشێنەر بکرێت کە کام زمان هەڵدەبژێرن، لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت هەڵبژاردنی ئەم زمان یان ئەو زمان ببێتە مایەی دواکەوتنی نووسین‌و مۆڵەتدانی دۆکومێنتەکە، ئەگەر بەڕوونی زمانەکەی هەڵنەبژارد ئەوە دۆکومێنتەکە بەزمانی کاتالان دەنووسرێت.

٤. پێویستە بەڵگەنامە گشتییەکان بەزمانی ئیسپانی یان کاتالان بدرێت، بەپێی ویستی کەسی داواکار دەبێت تەرجەمەش بکرێن هەر کاتێ پێویستی کرد.

٥. پێویستە نووسینی بەڵگەنامە گشتییەکان لەئاستی بەدەمەوەچوونی هاووڵاتیان بن بەهەریەک لەو دوو زمانە فەرمییەو دەبێت ئەو میلاکاتە کەسانێک بن کە زانیاریی تەواویان هەبێت لەهەردوو زمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە وەزیفییەکانیان لەو جێگایە.

**ماددەی (١٥): دۆکومێنتە مەدەنی‌و بازرگانییەکان**

١. زمان مەرج نییە لە دۆکومێنتە تایبەتییەکان، بۆیە بەهەر زمان بنووسرێت بەرکارن، جگە لەو وەرگێڕانانە نەبێت کە بۆ یاساکانی مەدەنی، بازرگانی یان دادبینی دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی لەو حاڵەتانەی کە زمانەکە لە کاتالۆنیا فەرمی نەبێت.

٢. دۆکومێنته تایبەتییەکان، گرێبەستەکان یان ئەوانی تر، هەرچییەک بێت سروشتییەکەیان بەهەر کام لەو دوو زمانە فەرمییە لە کاتالۆنیا نووسرابن کاریان پێ دەکرێتو پێویستیشی بەهیچ وەرگێرانێک نییەو لە چوارچێوەی سنووری کاتالۆنیاش جێبەجێ دەکرێن.

٣. ئەو دۆکومێنتانەی کە لەبڕگەی (٢) دا ئاماژەیان پێ کراوە پێویستە بەو زمانە فەرمییە بنووسرێن کە هەردوولا ئیتفاقی لەسەر دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هاتو پەیوەندی بە پێکهاتنی ناچاری یا ئاسایی یان گرێبەستی مەرجدارەوە بێت، پێویستە بەو زمانە بنووسرێن کە بەرکاربەران هەڵیدەبژێرنو دەبێت ڕاستەوخۆ بخرێنە بەر دەستی خاوەن مەبەست، بەزمانی کاتالانو ئیسپانیو بەوێنەی جیاواز.

٤. هەموو جۆرەکانی قەواڵەی بەنرخ کاریان پێدەکرێت، تەنانەت ئەوانەی کە نوێنەرایەتی پشکەکانی کۆمپانیا بازرگانییەکانیش دەکەن، بەهەر کام لەو دوو زمانە فەرمییە نووسرابن.

٥. چەکو قەواڵەکانی ڕێپێدانو دەفتەرەکانی چەکو دۆکومێنتەکانی دی کە لەلایەن دەستە داراییەکانەوە ئاراستەی مەعمیلەکانی خۆیان کرابن دەبێت بەزمانی کاتالان نووسرابن بەلانی کەمەوە.

**ماددەی (١٦): ڕێککەوتنە دەستەییەکانی کارکردن:**

١. هەموو ڕێککەوتنە دەستەییەکانی کارکردن بەهەر کام لەو دوو زمانە فەرمییە نووسرابن کاریان پێ دەکرێت.

٢. پێویستە ڕێککەوتنە دەستەییەکانی کارکردن بەو زمانە فەرمییە بنووسرێن کە لایەنەکان لەسەری ڕێکدەکەون یان، ئەگەر ڕێککەوتن نەبوو، بەهەردوو زمانی فەرمی بەڵام بەوێنەی جیاواز.

**ماددەی (١٧): تۆمارە حکومییەکان (گشتییەکان)**

١. تێکڕای ئەو تۆمارانەی کە بەیەک لەو دوو زمانە فەرمییە ئەنجام دەدرێن کاریان پێ دەکرێت.

٢. لە هەموو تۆمارە گشتییەکانی کاتالۆنیا، تەنها ئەوانەی کە تەنیا مۆرکی کارگێڕییان پێوەیە، پێویستە تۆمارەکان بەو زمانە فەرمییە ئەنجام بدرێن کە دۆکومێنتەکەی پێنووسراوە. ئەگەر دۆکومینتەکە بەدوو زمان نووسرابێ، ئەوە بەو زمانە جێبەجێ دەکرێت کە کەسی داواکار پێشکێشی

کردووه بۆ تۆمارکردن.

٣. پێویسته تۆمارکاران بەڵگەنامەکان بەو زمانە فەرمییە دەربچوێنن کە لە داواکەدا بەکارهێنراوە.

٤. دەبێت فەرمانگەکانی تۆمارکردن لەو ئاستەدا بن کە داخوازییەکانی هاوڵاتیان ڕایی بکەن بەهەر کام لەو دوو زمانە فەرمییەو پێویستە کارمەندەکانیانیش زانیاری شیاویان هەبێت لەهەردوو زمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە وەزیفییەکانیان لەسەر کار.

٥. پێویستە لەهەر فەرمانگەیەکی تۆمارکردن بتوانرێت ڕاستەوخۆو بەدڵنیاییەوە، چ بەزارەکیو چ بەنووسین، هەموو تۆمارێک وەربگێڕرێتە سەر زمانی فەرمیی داواکرا و بۆ کەسی پەیوەندیدار.

٦. دەبێت فۆرمو ئەنکێتو چاپەمەنییەکان کە خراونەتە بەر دەستی خەڵکی لە فەرمانگەکانی تۆمارکردن بەلانی کەمەوە بەزمانی کاتالان بێت.

## بەشی دووەم

## ناوی ناوداران

**ماددەی (١٨): شوێنەکان**

١. پێویستە ناوی شوێنەکان لە کاتالۆنیا بەپێی ڕێنماییەکانی زمانەوانیی پەیمانگای دیراساتی کاتالان یەک شێوەی فەرمی هەبێت بەکاتالان، جگە لە شوێنەکانی دۆڵی ئاران نەبێت، کە بە ئارانێس دەبێت.

٢. دیاریکردنی ناوی شارەوانیو ناوچەکان بەپێی تەشریعاتی نیزامی ناوخۆیی ڕێک دەخرێت.

٣. دیاریکردنی ناوی ڕێگاوبانو ناوەندەکانی دانیشتوانی سەر بەشارەوانییەکان لە دەسەڵاتی حکومەتی کاتالۆنیایە، بەڕێگاوبانەکانی نێوان شارەکانیشەوە.

٤. ئەو ناوانەی کە لە برگەکانی (٢، ٣) دا ئاماژەیان پێ کراوە سەرجەم یاساییو پێویستە ناونیشانەکانیش لەگەڵیاندا هەماهەنگی بێت.

**ماددەی (١٩): ناو و نازناوەکان**

١. هاووڵاتییانی کاتالۆنیا مافیان هەیە لە بەکارهێنانی ناو و نازناوەکانی کاتالانی بەشێوەیەکی ئاساییو دروست.

٢. کەسانی پەیوەندیدار دەتوانن لەراستیو دروستیی ناو و نازناوەکانیان

دڵنیابن کە لە تۆماری مەدەنی بەزمانی کاتالان قەید کراوە.
٣. ئەم پێوەرە بەگوێرەی یاسای زمانەوانی ئارانێس لەسەر ناو و نازناوی ئارانیش پیادە دەکرێت.

## بەشی سێیەم
## خوێندن

**ماددەی (٢٠): زمانی خوێندن**

١. کاتالان، وەکو زمانی تایبەتی کاتالۆنیا، زمانی خوێندنیشە لە هەموو ئاستو قۆناغو جۆرەکانی پەروەردەیی.
٢. پێویستە مەڵبەندەکانی خوێندن لەهەر قۆناغێکدا بێت زمانی کاتالان بکاتە ئامرازی گوزارشتکردنی ئاسایی لە چالاکییەکانی فێرکاریو ئیداری چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە.

**ماددەی (٢١): خوێندنی نا زانکۆیی**

١. دەبێت زمانی کاتالان بەشێوەیەکی نۆرمالی وەکو زمانی پەیوەندیو فێرکاری لە خوێندنی زانکۆیی بەکاربهێنرێت.
٢. منداڵان مافیان هەیە خوێندنی سەرەتایی بەزمانی ئاسایی خۆیان بخوێنن، چ بە زمانی کاتالان بێت یان بەزمانی ئیسپانی، پێویستە ئیدارە ئەم مافە مسۆگەر بکاتو هۆکاری پێویستیش بخاتە بەردەست بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە. باوکان یان سەرپەرشتیاران دەتوانن بەناوی مناڵەکانیانەوە داوای پیادەکردنی ئەو مافە بکەن.
٣. پێویستە خوێندن بەزمانی کاتالانو زمانی ئیسپانی ئامادەبوونێکی شیاوی هەبێت لە پلانو پرۆگرامەکانی خوێندندا، بەو شێوەیە کە منداڵان هەموویان، هەر کام بێت زمانی ئاساییان، لە سەرەتای قۆناغی خوێندندا بتوانن بەشێوەیەکی ڕاستو دروست هەردوو زمانی فەرمی لە کۆتایی خوێندنی ئیلزامیدا بەکاربهێنن.
٤. لە خوێندنی پۆست ئیلزامی پێویستە ئیدارەی پەروەردەیی سیاسەتێکی فێرکاریو ئەکادیمی وەها بەڕێوە ببات کە زامنی سەرخستنی پرۆسەی فێرکردنو بەکارهێنانی هەر دوو زمان بکات تاوەکو سەرجەم لاوان پاشخانێکی ئەکادیمیو کولتووریی تایبەت بەو پرۆسەی خوێندنە وەربگرن.

٥. نابێت قوتابیان لەبەر هۆی زمانی ئاسایی خۆیان لە سەنتەرو گرووپو پۆلی جیا جیا جیاوزا بکرێنەوە.
٦. نابێت بڕوانامەی خوێندنی دواناوەندی بەهیچ قوتابییەک بدرێت ئەگەر دڵنیا نەبن لە زانیارییەکانی، چ بەزارەکیو چ بەنووسین، لە زمانی کاتالانو زمانی ئیسپانی تایبەت بەو قۆناغە.
٧. نابێت مەرجی زانینی زمانی کاتالان داوا بکرێت لەحاڵەتی ئەو قوتابیانە کە لەفێربوونی یان لە بەشێکی لەماوەی خوێندنیاندا بەخشراون یان ئەوانەی قۆناغی خوێندنی ئیلزامییان لەدەرەوەی سنووری کاتالۆنیا تەواو کردووە، بۆ ئەو حاڵەتانە پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا ڕێنمایی دەربکات.
٨. ئەو قوتابیانەی کەوا درەنگ خراونەتە بەر پرۆسەی خوێندن لە کاتالۆنیا پێویستە پاڵپشتیو گرنگییەکی زۆرتریان پێبدرێت لە خوێندنی کاتالاندا.

**ماددەی (٢٢): خوێندنی زانکۆیی**

١. لە مەڵبەندەکانی خوێندنی باڵا و زانکۆییدا مامۆستایانو قوتابیان مافیان هەیە، لە هەموو حاڵەتدا، بەزارەکی یان بەنووسین، گوزارشت بکەن بەو زمانە فەرمییەی کە خۆیان دەیانەوێت.
٢. حکومەتی کاتالۆنیاو زانکۆو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان دەبێت ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ مسۆگەرکردنو پشتیوانیکردنی بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە سەرجەم چالاکییەکانی دەزگاکانی فێرکاریو توێژینەوە بەنووسینی ماستەرنامەو دکتۆراو ڕکابەرییەکانی زانستیشەوە.
٣. پێویستە زانکۆکان کۆرسو خولو ئامرازی شیاو ئامادە بکەن بۆ قوتابیانو مامۆستایان لەپێناو پەیداکردنی شارەزاییەکی زیاتر لە تێگەیشتنی زمانی کاتالان.
٤. زانکۆکان، لە حاڵەتی پێویستدا، دەتوانن پێوەری تایبەتمەند دابنێن بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانەوانی لەو چالاکییانەی کە پەیوەندییان بە ئیلتیزاماتی نێودەڵەتییەوە هەیە.

**ماددەی (٢٣): پێگەیاندنی بەردەوامو نیزامی خوێندنی تایبەت**

١- لە پرۆگرامی کۆرسەکانی پێگەیاندنی بەردەوامی بۆ گەورەکان پێویستە

خوێندنی کاتالان یان ئیسپانی بەگوێرەی پێوەرەکان بێت.

٢- لە سەنتەرەکانی خوێندنی نیزامی تایبەتی زمانەکان دەبێت خوێندن بەهەردوو زمانی فەرمی بێت.

٣- لەو سەنتەرانەی خوێندنی نیزامی تایبەتی کە سەر بەحکومەتی کاتالۆنیانو لە پرۆگرامەکانیاندا زمان ناخوێندرێت پێویستە کۆرساتی زمانی کاتالان بۆ ئەو قوتابیانە بکرێتەوە کە ئاستی زانیارییان لە زمانەکە نزمە.

**ماددەی (٢٤): دەستەی مامۆستایان**

١. پێویستە مامۆستایانی سەنتەرەکانی فێرکاری لە کاتالۆنیا لەهەر قۆناغێکی خوێندنی نا زانکۆییدا بن هەردوو زمانی فەرمی شارەزابنو بەئاسانی هەردوو زمان بەکاربهێنن لە ئەرکی وانە وتنەوەیان.

٢. دەبێت پلانەکانی خوێندن بۆ کۆرسو مەڵبەندەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان بەشێوەیەک ئامادەکرابێت کە قوتابیان بەهەردوو زمانی فەرمی شارەزایی ئەوەیان هەبێت بەپێی پێداویستیی پسپۆڕایەتی فێرکاری.

٣. پێویستە مامۆستایانی مەڵبەندەکانی خوێندنی زانکۆیی لە کاتالۆنیا بەگوێرەی پێداویستییەکانی ئەرکی فێرکاریی خۆی شارەزایی باشیان هەبێت لە هەردوو زمانی فەرمی، ئەم پێوەرە لەسەر مامۆستایانی میوانو حاڵاتی هاوشێوە پیادە ناکرێت، لەسەر زانکۆکان پێویستە میکانیزمو ماوەی دیاریکراو دابنێن بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپە.

## بەشی چوارەم

## هۆیەکانی پەیوەندیو پیشەسازیی کولتووری

**ماددەی (٢٥): میدیاکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی حکومی**

١. پێویستە زمانی بەکارهێنراو لەو هۆیانەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن کە حکومەتی کاتالۆنیاو دەستە ناوخۆییەکانی کاتالۆنیا بەڕێوەی دەبەن زمانی کاتالان بێت. لەم چوارچێوەیەدا، هۆیەکانی سەر بەدەستە ناو خۆییەکان دەتوانن خەسڵەتەکانی ناوچەی دەسەڵاتیان لەبەرچاو بگرن.

٢. بێ زیان گەیاندن بەپیادەکردنی ئەوەی لە بڕگەکانی (١، ٥)ی ماددەی ٢٦ هاتووە، پێویستە ئەو میدیایانەی کە لە بڕگەی ١ ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێ کراوە پشتیوانی لە گوزارشتی کولتووری بکەن لە کاتالۆنیا، بەتایبەتی

کولتووری کاتالان.

٣. دەبێت دەستەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کاتالان لە پرۆگرامە ئاساییەکانیدا پەخشی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئارانیس لە دۆڵی ئاران مسۆگەر بکات.

٤. لەسەر حکومەتی کاتالۆنیایە ئاسانکاری بکات بۆ وەرگرتنی پەخشی ئەو تەلەفزیۆنانە کە لە ناوچەکانی ترەوە بەزمانی کاتالان بەرنامەکانیان پەخش دەکەن.

**ماددەی (٢٦): هۆیەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئەهلی**

١. بێ زیان گەیاندن بەپیادەکردنی یاسای ژمارە ١٩٩٦/٨/٥ی تەمووز، تایبەت بەڕێکخستنی پرۆگرامی هۆیەکانی بیستنو بینین لەڕێگای کێبڵ، پێویستە ئەو کیانانەی کەوا یاسای ئاماژەپێکراو دەیگرێتەوە بەلانی کەمەوە زامنی ئەوە بکات کە لە ٥٠٪ ماوەی پەخشکردنی پرۆگرامەکانی بەزمانی کاتالان بێت.

٢. ئەوەی لە برگەی (١)دا هاتووە لەسەر تەلەفزیۆنە ئەهلییەکانی سنووری کاتالۆنیاش پیادە دەکرێت.

٣. پێویستە ئەو ڕادیۆو کەناڵە ئەهلییانە کە لەلایەن حکومەتی کاتالۆنیاوە مۆڵەتیان پێدراوە بەلانی کەمەوە زامنی ئەوە بکەن کە لە ٥٠٪ی ماوەی پەخشی بەرنامەکانیان بەزمانی کاتالان بێت. حکومەتی کاتالۆنیا بەپێی دەسەڵاتەکانی بۆ ئەو مەبەستە دەتوانێت ئەو ڕێژەیە بەفەرمانی وەزاری زیاد بکات.

٤. حکومەتی کاتالۆنیا پێویستە ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە پەخشی ڕادیۆو تەلەفزیۆنە ئەهلییەکان چ بەکێبڵو چ بەشەپۆلی ئەرزی زیاد بکاتو دەتوانێت مەرجیش بۆ بەخشینی مۆڵەت بۆ دەزگا ئەهلییەکان دابنێت سەبارەت بەڕێژەی بەکارهێنانی کاتالان.

٥. پێویستە وێستگەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن زامنی ئەوە بکەن کەلە پرۆگرامەکانیاندا مۆسیقاو گۆرانی هونەرمەندانی کاتالان ئامادەییەکی شیاوی هەبێت، بەلانی کەمەوە لە ٢٥٪ی بەزمانی کاتالان یان بەئارانیش بێت.

٦. پێویستە ئەو پەخشانەی کەوا ئاراستەی دۆڵی ئاران دەکرێن، لە بەرنامەکانیاندا زمانی ئارانی ئامادەیەکی بەرچاوی هەبێت.

ماددەی (٢٧): هۆیەکانی میدیای نووسراو

١. دەبێت لەهۆیەکانی پەیوەندیی نووسراو لەو چاپەمەنییە خولەکییانە کە لەلایەن حکومەتی کاتالۆنیاو دەستە ناوخۆیییەکانەوە دەردەچن زمانی ئاسایی بەکارهێنراو کاتالان بێت.
٢. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا یارمەتیو کۆمەک پێشکێش بەو چاپەمەنییە خولەکییە فرە تیراژە بکات کە بەشێوەیەکی گشتی بەزمانی کاتالان دەردەچن.
٣. حکومەتی کاتالانو دەستە ناوخۆیییەکان دەبێت یارمەتیو کۆمەک پێشکێشی چاپەمەنییە خولەکییەکانی ناوخۆ یان هەرێمایەتی بکات کە بەگشتی بەزمانی کاتالان دەردەچن.
٤. پێویستە لە بەخشینی ئەو کۆمەکو یارمەتییانە کە لە بڕگەکانی ٢، ٣ ئاماژەیان پێ کراوە ڕەچاوی پێوەرە بابەتیانەکانی پەخشکردنو بازرگانو بەکارهێنانی کاتالان بکرێت لە چوارچێوەی بودجەی خەمڵێنراو لەژێر کۆنترۆڵی پەرلەمان یان دانیشتنەکانی دەستە ناوخۆیییەکان.

**ماددەی (٢٨): پیشەسازییەکانی کولتووریو هونەرەکانی ئاهەنگگێڕی**

١. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا پشتیوانیو هانی:-

أ- داهێنانی ئەدەبیو زانستی بەزمانی کاتالان بداتو کۆمەکی بڵاوکردنەوەشیان بکات لە ناوەوەو لەدەرەوەی بواری زمانەوانی تایبەت، هەروەها هانی وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبیو زانستییەکان لە زمانی کاتالانەوە بۆ زمانەکانی ترو بەپێچەوانەوە بدات.

ب- چاپو دابەشکردنو بڵاوکردنەوەی کتێبو چاپەمەنییە خولەکییەکان بەزمانی کاتالان.

ت- بەرهەمهێنانی پیشەسازی سینەما بە کاتالانو دۆبلاژو وەرگێڕانی حیواراتی فلیمەکان بۆ زمانی کاتالان.

پ- بەرهەمهێنانو دابەشکردنو بڵاوکردنەوەی تۆمارە دەنگییەکان لەگەڵ کەرەستەی هۆیەکانی بینینو بیستن.

ج- بەرهەمهێنانو پێشکێشکردنی هونەرەکانی ئاهەنگگێڕی بەزمانی کاتالان.

ح- داهێنانو ژەنینو بڵاوکردنەوەی مۆسیقاو گۆرانی بەزمانی کاتالان.

خ- بەهەرمهێنانو بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی کەرەستەی نووسینو دەنگسازی

بەزمانی کاتالان کە تایبەتە بەکەسانی نابینا، جگە لە پێشکێشکردنی کولتوورێکی بناغەیی بەزمانی کاتالان بۆ ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە.

د- هەر هۆکارێکی کولتووری گشتیی تر کە بەزمانی کاتالان بێت.

٢. هەموو ئەو ڕێکارانەی کە دەگرێتەبەر بۆ پشتیوانیکردنی بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە پیشەسازییە کولتووریو ئەوانی تر پێویستە بەپێی پێوەری بابەتییانەو بێ جێکاری بێت لە چوارچێوەی بودجەی خەمڵێنراودا.

٣. بۆ وەدەستهێنانی ئامادەبوونێکی بەرچاوی زمانی کاتالان لە پێشکێشکردنی پیشەسازیی سینەما، حکومەتی کاتالۆنیا دەتوانێت لەڕێگای نیزامی کۆتای زمانەوانی شاشەو دابەشکردن ڕێک بخات بۆ ئەو بەرهەمە سینەماییانە کە دابەشو دۆبلاژیان وەردەگێڕرێت بەو زمانە کە جیاوازە لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆی. ئەو کۆتانە کە دانراون بۆ بەرهەمە دۆبلاژو وەرگێڕراوەکان بۆ کاتالان نابێت لەڕێژەی ٥٠٪ زیاتر بێت. ئەم پێوەرە دەشێت لە چوارچێوەی یاسای دەوڵەت ژمارە ١٩٩٤/١٧، ٨ی حوزەیران، (یاسای پاراستنو پشتیوانیکردنی هونەری سینەما) جێبەجێ بکرێت.

**ماددەی (٢٩): پیشەسازییەکانی زمانو زانیاری (معلوماتی)**

پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا لەپێناو هاندانو پشتیوانیکردن ڕێکارگەلێکی شیاو بگرێتەبەر بۆ:-

أ- توێژینەوەو بەرهەمهێنانو بازرگانی پێکردنی هەموو جۆرە بەرهەمێک بەزمانی کاتالان کە پەیوەندییان بەپیشەسازییەکانی زمانەوە هەیە، وەکو سیستەمەکانی ناسینەوەی دەنگو وەرگێڕان لە ڕێگەی ئامێرەکانو هاوشێوەی دی بەپێی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژی.

ب- بەرهەمهێنانو دابەشکردنو بازرگانی پێکردنی (Softwares)و کایەکانی کۆمپیوتەرو دیجیتالو بەرهەمەکانی فرە میدیای دی بەزمانی کاتالان، هەروەها ئەگەر پێویستی کرد وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە بۆ زمانی کاتالان.

ت- ئامادەبوونی بەرهەمو زانیارییەکان بە زمانی کاتالان لە تۆڕەکانی (تێلەماتیک)ی.

## بەشی پێنجەم

## چالاکی سوسیۆ– ئابووری

**ماددەی (٣٠): کۆمپانیا گشتییەکان**

١. کۆمپانیا حکومییەکانی کاتالۆنیاو کۆمپانیاکانی دەستە ناوخۆییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی ئەو سنوورە لەکاتی گرتنەبەری هەر ڕێکارێک یان ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان پێویستە بەشێوەیەکی ئاسایی زمانی کاتالان بەکاربهێنن لە کارو نووسراوەکانی نێوانیاندا، هەروەها لە ناونیشانو ڕێنماییەکانی بەکارهێنانو ئەتەکێتو قوتووبەندو بەستانی بەرهەمەکان یان ئەو خزمەتگوزارییانەی لەوێدا پێشکێش دەکرێن.

٢. ئەو کۆمپانیانەی کەوا لە بڕگەی (١)دا ئاماژەمان پێکردووە پێویستە لە پەیوەندیو ئاڵوگۆڕو ئاگادارییەکانیاندا زمانی کاتالان بەکاربهێنن، هەروەها لە لیستەکانی کڕینو تەواوی دۆکومینتەکانی بازرگانی تر کاتێ ئاراستەی ئەو کەسانەی دەکەن کە نیشتەجێی سنووری زمانی کاتالانن، بێ زیان گەیاندن بەمافی ئەو هاووڵاتییانەی کە دەیانەوێت بەزمانی ئیسپانی یان لەم حاڵەتە بەزمانی کاتالان داوای بکەن.

**ماددەی (٣١): کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی گشتی**

١. ئەو کۆمپانیاو دامەزراوە حکومی یان ئەهلییانە کە چالاکیو خزمەتگوزاریی گشتی پێشکێش دەکەن وەکو کۆمپانیاکانی گواستنەوەو تەمویلکردنو پەیوەندیو ئەوانی تر پێویستە بەلانی کەمەوە زمانی کاتالان بەکاربهێنن سەبارەت بە ناونیشانو پەیوەندییە مایکرۆفۆنییەکانیان.

٢. لەو پەیوەندیو ئاگادارییە نووسراوانە کە ئاراستەی کەسانی نیشتەجێی کاتالان دەکرێت لەلایەن ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانە کە لە بڕگەی (١)دا ئاماژەمان پێکردووە پێویستە بەلانی کەمەوە بەزمانی کاتالان ئەنجام بدرێن، بێ زیان گەیاندن بەمافی هاووڵاتیان بەوەرگرتنیان بەزمانی ئیسپانی ئەگەر خۆیان داوای بکەن.

٣. ئەوەی لە بڕگەی (٢)دا هاتووەو پەیوەندی بەلیستی کڕینو دۆکومینتەکانی تری بازرگانییەوە هەیە بەو شێوەیە لێکدەدرێتەوە کە ناکۆک نەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنو ئەنجامدانی ئەو خزمەتگوزارییە ئاماژە پێکراوانە کاتێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی کۆمپانیاو دامەزراوەکانیانەوە پێشکێش دەکەن.

**ماددەی (٣٢): بایەخدان بەخەڵکی**

١. ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانە کە بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمانە یان پێشکێشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە تەرخان کراونو چالاکییەکانیان لە کاتالۆنیا ئەنجام دەدەن پێویستە لەو ئاستەدابن کە بتوانن داخوازییەکانی بەکاربەران بەجێ بێنن کاتێ بەیەک لەو دوو زمانە فەرمییەی کاتالۆنیا گوزارشت دەکەن.
٢. حکومەتی کاتالۆنیا پێویستە لەڕێگای گرتنەبەری ڕێکاری شیاوەوە پشتیوانی لەئامرازی بەکارهێنانی کاتالان بکات لەو بوارەی کە لەبڕگەی (١) ئاماژەی پێ کراوە.
٣. هێماو تابلۆکانی زانیاریی گشتی هەمیشەیی‌و بەڵگەکانی پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ کەسانی سوودمەندو بەکاربەر لەو دامەزراوانە کە ڕووی لە خەڵکی کراوە پێویستە بەلانی کەمەوە بەزمانی کاتالان نووسرابن، ئەم پێوەرە مارکەو ناوە بازرگانی‌و ئەو ناونیشانە ناگرێتەوە کە لەلایەن یاسای موڵکدارێتی پیشەسازی پارێزراون.

**ماددەی (٣٣): کۆمپانیا گرێبەستەکان یان یارمەتیدراوەکان**

١. ئەو کۆمپانیانەی کە گرێبەست یان ڕێکەوتنێکی هاوبەشیان بەستووە لەگەڵ حکومەتی کاتالۆنیا یان دەستە ناوخۆییەکانی کاتالۆنیا، یان سوودمەندبن لە یارمەتییەکان یان هاوکاری دەکرێت، پێویستە بەلانی کەمەوە زمانی کاتالان بەکاربهێنن لە ناونیشانو ئاگاداری‌و ئەو دۆکومێنتانەی کە ئاراستەی خەڵکی دەکرێن.

**ماددەی (٣٤) پێشکێشکردنی زانیاری بە بەکاربەرو سوودمەندان**

١. زانیارییەکانی سەر کاری بەستانو قوتووبەندکردنو بەرگ گرتنەوەو ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانە کە لە سنووری هەرێمایەتیی کاتالۆنیا دابەش دەکرێت پێویستە بەزمانی کاتالان یان ئیسپانی یان هەر زمانێکی یەکێتی ئەوروپا بنووسرێن.
٢. داتا ئیلزامی‌و زانیارییە خۆبەشە پاشکۆکان لەسەر ڕووی بەرهەمە کاتالانەکان پێویستە بەلانی کەمەوە بەزمانی کاتالان بێت.
٣. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا لەڕێگای فەرمانەوە زانیاریی پێویست بدات بەکەسانی بەکاربەرو سوودمەندو کەرتی دیاریکراو. هەروەها پێویستە زانیاریی تایبەتو ڕێنمایی خەڵکی بکات لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانو سوودوەرگرتن لەو بەرهەمو خواردەمەنی‌و قوتووبەند بەزمانی کاتالان.

**ماددەی (٣٥) ڕێکلام**

١. پێویستە بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو ڕێکلامەکانی ئەنجومەنی حکومەتی کاتالۆنیاو ئیدارە ناوخۆییەکانو کۆمپانیاکانی حکومیو ئەهلیو تێکڕای دامەزراوەکانو ئەو دەستە یاساییانە کە لە سنووری جوگرافی کاتالۆنیا کاردەکەن زمانی کاتالان بەکاربهێنن.

٢. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیاو دامەزراوە لۆکاڵییەکان لەڕێگای ڕێکاری شیاو پشتیوانیو هانی خەڵکی بدەن بۆ بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە ڕێکلامەکانیاندا، بەتایبەتی لەڕێگای ڕای گشتییەوە، بەو مەبەستەی کە زمانی کاتالان ببێتە زمانی بەکارهێنراو لەو کەرتە.

**ماددەی (٣٦): چالاکیی پیشەییو کارگوزاری**

١. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیاو سەندیکا پیشەییەکانی پشتیوانی لە بەکارهێنانی کاتالان بکەن لە چوارچێوەی چالاکییە پیشەییەکانیاندا.

٢. حکومەتی کاتالۆنیا دەبێت پشتیوانیو هانی بەکارهێنانی کاتالان بدات لە مەڵبەندەکانی کارکردنو پەیوەندییەکانی کارگوزاریو ڕێکەوتنە دەستەییو گرێبەستەکانی کۆمپانیاکانو گرێبەستەکانی بواری کارکردن، هەروەها پێویستە هانی هەموو لایەنەکان بدات بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی سەندیکاکانو ڕێکخراوەکانی خاوەن کار بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجە.

٣. دەکرێت ڕێککەوتنە دەستەییەکانی کارکردنو پەیماننامەکانی کۆمپانیا مەرجی زمانەوانی لەخۆ بگرێت بەمەبەستی پشتیوانیکردنی کرێکاران بۆ فێربوونی زمانی کاتالانو مسۆگەرکردنی بەکارهێنانی لە مەڵبەندەکانی کارکردنو گرێبەستەکانی کارگوزارییو لیستی کرێی ڕۆژانەو بەڵگەکانی تر. حکومەتی کاتالۆنیا دەبێت هانی ئەوە بدات کە لە ڕێککەوتنە دەستەییەکان ئەو مەرجانە لەخۆ بگرن.

٤. پێویستە تابلۆکانی ئاگادارییو ئەو نووسراوانە کە بە بەردەوامی لەناوەوەی مەڵبەندەکانی کارکردن هەڵدەواسرێنو ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێت کە لەوێدا کاردەکەن، بەزمانی کاتالان بنووسرێن.

## بەشی شەشەم

## هاندانی دامەزراوەیی

**ماددەی (٣٧): ڕێکارەکانی پشتیوانیکردن**

١. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا پشتیوانی بکات لە بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە چالاکییەکانی کارکردن، پیشەیی، بازرگانی، پڕوپاگەندە، دیعایە، کولتووری، ڕێکخراوەیی، وەرزشیو هەرجۆرە چالاکییەکی دی.

٢. دەبێت حکومەتی کاتالۆنیاو دەستە ناوخۆییەکان، لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان، پشتیوانی بکەن لە سیمای گشتیی بەکارهێنانی کاتالان، هەروەها دەکرێت لەو باجانە، کە دەخرێنە سەر چالاکیو ئاهەنگەکانی ئاساییکردنەوەو پشتیوانیکردنی بەکارهێنانی زمانی کاتالان، کەم بکەنەوە یان لێی خۆش بن.

**ماددەی (٣٨): مەڵبەندەکانی پشتیوانیکردن**

١. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستە لۆکاڵییەکان سەنتەری تایبەت دابمەزرێنێت بۆ یارمەتیدانو پشتیوانیکردن لە فێربوونو بڵاوکردنەوەی زمانی کاتالان، بەتایبەتی لەو شوێنانە کە بارودۆخی سوسیۆ زمانەوانی پێویست دەکات. سەنتەرەکانی پشتیوانی کردنی کە سەر بە(یەکەی ئاساییکردنەوەی زمانەوانین)، وەکو ئۆرگانی بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی هەرێمایەتی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی زمان کاردەکەن.

٢. ئەو سەنتەرانەی کە لە برگەی (١)دا ئاماژەمان پیَکردووە دەبێت ئامرازی مرۆییو ماددیی شیاو بخرێتە بەر دەستیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە کە پێیان سپێرراوە.

**ماددەی (٣٩): ڕێکارەکانی پلاندانان**

١. حکومەتی کاتالۆنیا پێویستە ئامرازی پلاندانانی زمانەوانی گشتی تەرخان بکات بۆ دانانی پرۆگرامی خولەکی بەمەبەستی دیاریکردنی ئامانجو ڕێکاری زۆر گونجاو و شیاو بۆ هەر کاتێکو لەپاشانیشدا نرخاندنی ئەنجامەکانی. ئامادەکردنی ئامرازەکانی پلانڕێژی دەبێت هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ ئاژانسو کۆمەڵە جیاجیاکانی ئەو بوارەو پێویستیشە پرەنسیپەکانی بەشداریکردنو ئاسانکاریو کاریگەریتی لەبەر چاو بگیرێت.

٢. حکومەتی کاتالۆنیا دەبێت نەخشەیەکی سوسیۆ زمانەوانی کاتالۆنیا ئامادە بکات کە هەرپێنج ساڵ جارێک پێدا بچنەوە لەپێناو گونجاندنی لەگەڵ ئەو واقیعەی سیاسەتی زمانەوانیو لەهەمان کاتدا بۆ نرخاندنی باری کارە ئەنجامدراوەکان.
٣. حکومەتی ئەنجومەنی کاتالۆنیا پێویستە هەموو ساڵێک لە چوارچێوەی ئەو ئامرازانە کە لە بڕگەکانی (١، ٢) دا ئاماژەیان پێکراوە پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە لە چالاکییەکانی سیاسەتی زمانەوانیو ئەنجامەکانی.

**بڕیاری پاشکۆی یەکەم**

**هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەو دەستەکانی دی**

١. بێزیان گەیاندن بەپیادەکردنی ئەم یاسایە، حکومەتی کاتالۆنیا پێویستە شەونخوونی بکات بۆ سەرکەوتنو بەگشتی کردنی بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە چوارچێوەی هاوکاری لەگەڵ یەکێتی ئەوروپاو ئیدارەی دەوڵەتو ئەنجومەنی گشتی دەسەڵاتی دادوەریو کۆمپانیا گشتیو ئەهلییەکانی دەوڵەتی مەرکەزیو ئەوروپا یان نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەوانەی کە تایبەتن بەخزمەتگوزارییەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن.
٢. حکومەتی کاتالۆنیا پێویستە شەونخوونی بکات لەپێناو ئامادەبوونی زمانی کاتالان لە میدیاکانی دەوڵەتی مەرکەزیو ئەوروپاو نێودەوڵەتی.

**بڕیاری پاشکۆیی دووەم**

**ڕێککەوتنەکانی هاوکاری لەگەڵ دامودەزگاکانی هەرێمەکانی دی زمانی کاتالان**

١. پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا ڕێکەوتنو پەیماننامە ببەستێت لەگەڵ کۆمەڵگاکانی ئۆتۆنۆمی ئاراگۆن، بالیار، ڤالەنسیاو لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندۆراو فەرەنساو ئیتاڵیا بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی کولتووری لەنێوان ئەو هەرێمو کۆمەڵگایانە کە بەزمانی کاتالان قسە دەکەن، هەروەها ئەنجامدانی تەنسیقو هاوکاری لەنێوان کۆمەڵگاکانو دەوڵەتان لە بواری سیاسەتی زمانەوانی بۆ مسۆگەرکردنی بەکارهێنانو پاراستنی زمانی کاتالان، هەروەها بۆ بەرفراوانی کردنی مەودای زانیاریو بەکارهێنانی لە هەموو بوارێکی زمانەوانی لەبەرامبەر هەر گۆڕانکارییەکدا.

٢. حکومەتی کاتالۆنیا بەمەبەستی فەراهەمکردنی فەزایەکی کاتالان لە پەیوەندییەکاندا پێویستە پشتیوانی لە بڵاوکردنەوەو وەرگرتنی ئەو میدیانە بکات کە پەیوەندییان بەزمانی کاتالانەوە هەیە.

### بڕیاری پاشکۆی سێیەم
### پرۆژەی دەرەوە

١. حکومەتی کاتالۆنیا دەبێت شەونخوونی بکات لەپێناو پەرەسەندنی زمانو کولتووری کاتالان لە دەرەوەی بواری زمانەوانیی خۆی، بەتایبەتی لەنێو جیهانی ئەکادیمیو توێژینەوە، هەروەها لەنێو دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپاو سیاسەتەکانی بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجە، حکومەتی کاتالۆنیا دەتوانێت بەشداری بکات لە ئۆرگانێکی هاوبەش بۆ سەرجەم هەرێمەکانی زمانی کاتالان.

٢. حکومەتی کاتالۆنیا پێویستە ئاسانکاری بکات بۆ بڵاوکردنەوەو فێربوونی زمانی کاتالان لە کۆمەڵگاکانی کاتالان لە دەرەوە، بەپێی یاسای ژمارە ١٩٩٦/١٨، ٢٧ی دیسەمبەر، لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی کاتالان لەدەرەوە.

### بڕیاری پاشکۆی سێیەم
### پێوەری شێوەی نووسینی ناو و نازناوی کاتالان

گۆڕینو ڕاستکردنەوەی ناو و نازناوی نادروست کە لە ماددەی (١٩) دا هاتووە، بەو ڕێکارانە ئەنجام دەدرێن کە لە ماددەی (٢)ی یاسای دەوڵەت ژمارە ١٩٧٧/١٧، ٤ی کانوونی دووەم هاتووە سەبارەت بەریفۆرمەکردنی ماددەی (٥٤)ی یاسای تۆمارکردنی مەدەنی.

### بڕیاری پاشکۆی پێنجەم
### زەماناتی جێبەجێکردن

هەرچەندە ئەم یاسایە هیچ جەزایەکی لەسەر هاووڵاتیان دانەناوە بەڵام:-

١. جێبەجێ نەکردنی ئەحکامەکانی ماددەی (٢٦) بەواتای جێبەجێنەکردنی مەرجە سەرەکییەکانی مۆڵەتدان دادەنرێت، کە پێویستە ئەو نیزامە جەزایە

پیادە بکرێت کە لەیاسای ژمارە ١٩٩٦/٨، ٥ی تەمووز هاتووە سەبارەت بە ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی هۆیەکانی بیستنو بینین بەکێبڵ، هەروەها یاساکانی دەوڵەتی مەرکەزی ژمارە ١٩٨٧/٣١، ١٨ ی دیسەمبەر سەبارەت بەڕێکخستنی پەیوەندییەکانی تەل و بێتەل و یاسای ژمارە ١٩٩٤/٢٥، ١٢ی تەمووز.

٢. جێبەجێنەکردنی ئەحکامەکانی ماددەکانی (١٥، ٣٠، ٣١، ٣/٣٢) تایبەت بەکۆمپانیاکانو دامەزراوەکانی پەیوەندیدار، بەکارێکی نەگەتیڤی بێ بیانوو دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی کەسانی سوودمەندو بەکاربەر کە پێویستە نیزامی جەزایی لەسەر پیادە بکرێت وەکو لەیاسای ژمارە ١٩٩٠/١، ٨ی کانوونی دووەم هاتووە دەربارەی دیسپلینی بازاڕو بەرگریکردن لە مافەکانی بەکاربەرو سوودمەند.

## بڕیاری پاشکۆی شەشەم
## تەرخانکراوەکانی ئابووری

پێویستە لە بودجەکانی حکومەتی کاتالۆنیا بڕێکی پێویست تەرخان بکرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکیو گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە، هەروەها دابینکردنی ئامرازو سەرچاوەی پێویست، بەتایبەتی لەبەرچاوگرتنی تێچووی سیستەمی پەروەردەیی فرەزمانو ئیدارەیەکی دوو نیزامی فەرمی، هەروەها بڵاوکردنەوەی کولتوور لەچوارچێوەی زمانێکی بوار دیاریکراو لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی پێداویستییە بابەتییەکانی بەشە جیاجیاکانی هەرێمایەتیو ناوچەیی.

## بڕیاری پاشکۆی حەوتەم
## ئەرکەکانی چاودێریو هاندان

پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا کار بۆ ئەوە بکات تاوەکو پێوەرو کارەکانی ئیدارەی دەسەڵاتە گشتییەکانی دی دەوڵەت ڕێز لە پرەنسیپەکانو ئەحکامەکانی دەستووریو یاسای بنەڕەتی ئۆتۆنۆمیو ئەم یاسایە بگرن، هەروەها پێویستە کار بۆ هەموارکردنی ئەو پێوەرو یاسایانەی دەوڵەتی مەرکەزی بکات کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەکارهێنانی زمانی کاتالان لە هەموو بوارەکاندا یان سنوور دادەنێن لەبەر یەکسانی زمانەوانی هاووڵاتیان.

## بڕیاری پاشکۆی هەشتەم
## نیزامی ئەرکی گشتی

ئەحکامەکانی ئەم یاسایە پەیوەستن بەمیلاکاتی خزمەتگوزارییەکانی ئیدارە وەبەگوێرەی پێوەرەکانی ڕێکخستنی ئەرکی وەزیفەی گشتی.

## بڕیاری ئینتقالی یەکەم
## پێوەرەکانی بەکارهێنانی زمانەوانی

ئەو پێوەرانەی بەکارهێنانی زمانەوانی کە لە ماددەی ٣/٩ ئاماژەیان پێکراوە پێویستە لەماوەی دوو ساڵدا پەسەند بکرێن هەر لە ڕۆژی بەرکاربوونی ئەم یاسایە.

## بڕیاری ئینتقالی دووەم
## خۆگونجاندنی خاوەن کارەکان

١. ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانەی کەوا ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ماوەی دوو ساڵ لەپێشیاندایە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو دەقانەی کەوا لەماددەی ١٥ و بڕیارەکانی بەشی پێنجەمدا هاتووە، بەڵام ئەو ماوەیە پێنج ساڵە بۆ خاوەن کۆمپانیاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
٢. لەماوەی پێنج ساڵدا یان زیاتر، ئەگەر پێویستی کرد، بەپێی تەواوبوونی ماوەی ئیکسپاری کاتالانی، دەکرێت ئەو بەروبوومو کاڵانە لە بازاڕدا بمێنێتەوە کە لە ماددەی ٣٤ دا ئاماژەیان پێکراوە بەبێ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی زمانەوانیی پەیوەندیدار بە بەستانو قوتووبەندکردن.

## بڕیاری ئینتقالی سێیەم
## وێستگەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن

ماددەکانی ٢٥، ٢٦ لەسەر ئەو وێستگانە پیادە دەکرێت کە ناونیشانی لێهاتوویان لە دەسەڵاتی حکومەتی کاتالۆنیایەو پاش بەرکاربوونی ئەم یاسایە پێیان دەدرێت یان نوێ دەکرێنەوە.

## بڕیاری کۆتایی یەکەم
### هەموارکردنی یاسای ژمارە ١٩٨٧/٨ی ١٥ی نیسان:-

١. ماددەی ٥ لە یاسای ژمارە ١٩٨٧/٨، ١٥ی نیسان سەبارەت بەشارەوانیو نیزامی لۆکاڵی کاتالۆنیا هەموار دەکرێتو بەم شێوەیە دەبێت:-

**ماددەی ٥:**

١. کاتالان زمانی تایبەتی ئیدارەی لۆکاڵی کاتالۆنیایە بۆیە پێویستە ببێتە زمانی بەکارهێنراوی ئاسایی‌و گشتی لە تێکڕای چالاکییەکانیاندا.

٢. تێکڕای هاووڵاتیان مافیان هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو زمانە فەرمییە لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ دامەزراوە لۆکاڵییەکان لەسەر ئەمانیش پێویستە داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن بەو زمانەی کەوا هەڵیانبژاردووە لە چوارچێوەی ئەحکامەکانی یاسای ژمارە ١٩٩٨/١ ی ٧ی کانوونی دووەم تایبەت بەسیاسەتی زمانەوانی.

٢. ماددەی ژمارە ٢/٢٩٤ی یاسای ژمارە ١٩٨٧/٥، ١٥ی نیسان دەربارەی شارەوانی‌و نیزامی لۆکاڵی کاتالۆنیا هەموار دەکرێت‌و بەم شێوەیە دەمێنێتەوە:-

**ماددەی ٢/٢٩٤**

لە بانگەوازەکانیاندا بۆ پڕکردنەوەی هەلەکانی کار، دامەزراوە ناوخۆیەکان پێویستە میلاکاتی خۆیان هەڵبژێرن لەڕێگای ئاگاداری‌و سیستەمەکانی پێشبڕکێوە، کە دەبێت تیایدا ڕەچاوی پرەنسیپەکانی یەکسانی‌و لێهاتوویی‌و شیاوی ڕێکلامی بکرێت. لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، پێویستە دڵنیابن لەزانیارییەکانیان لەزمانی کاتالان‌و هەروەها بەهەمان شێوە لەدامەزراوە ناوخۆیەکانی دۆڵی ئارانیش.

٣. ماددەی ٢/٣١٠ لەیاسای ژمارە ١٩٨٧/٨ی ١٥ نیسان، سەبارەت بەشارەوانی‌و نیزامی لۆکاڵی کاتالۆنیا هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیە دەمێنێتەوە:

**ماددەی ٢/٣١٠**

پێویستە دامەزراوە لۆکاڵییەکانی کاتالۆنیا مەرجی زانینی زمانی کاتالان چ بەزارەکی یا بەنووسین، بخرێتە ناو خاڵەبەندەکانی پرۆسەی بانگەوازو جاڕدان بۆ پێشبڕکێ لەسەر هەلەکانی کار بۆ دامەزراندنی کارمەندانی ئیدارەی ناوخۆیی.

**فەرمانی تەشریعی**

**بڕیاری کۆتایی دووەم**

دەسەڵات بەحکومەتی کاتالۆنیا دەدرێت بەدەرچواندنی فەرمانی تەشریعیی پێویست بۆ بەرەوپێشچوون‌و پیادەکردنی ئەم یاسایە.

## بڕیاری کۆتایی سێیەم

## گۆڕینو بەرکاربوونی پێوەرەکان

١. یاسای ژمارە ١٩٨٣/٧، ١٨ی نیسان سەبارەت بەئاساییکردنەوەی زمانەوانی لە کاتالۆنیا، دەگۆڕدرێت بە ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، بێ زیان گەیاندنو بەرهەڵستی یاسایەکی دی، ئەم یاسایە دەبێتە بەشێک لە نیزامی یاسای کاتالان.

٢. ئەو ڕێنماییانەی کە بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ١٩٨٣/٧ دەرچوون کاریان پێدەکرێت بەمەرجێک لەگەڵ ئەم یاسایە پێچەوانە نەبێ.

٣. ئەحکامەکانی یاسای ژمارە ١٩٨٣/٣، ٥ی ئادار سەبارەت بەیاسای بەکاربەرو ڕێنماییەکانی جێبەجێکردن کاری پێدەکرێت بەو مەرجەی پێچەوانەی ئەم یاسایە نەبێ.

لەبەر ئەوە، فەرمان بەتێکڕای هاووڵاتیان دەدەم کە لە بواری پیادەکردنی ئەم یاسایە هاوکاری بن لە جێبەجێکردنیدا، هەروەها پێویستە لەسەر سەرجەم دادگا و دەسەڵاتەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.

**کۆشکی ئەنجومەنی کاتالۆنیا**
**٧ی کانوونی دووەم ١٩٨٨**
**جۆردی بۆجول**
**سەرۆکی کاتالۆنیا**

## یاسای ژمارە ١٨/١٩٩٦، ٢٧ی دیسەمبەر
## (پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی کاتالان لە دەرەوە)
## بەشی چوارەم
## دەربارەی ئۆرگانەکانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی کاتالانی دەرەوە

**ماددەی (١٥)**

(ئەنجومەنی کۆمەڵگاکانی کاتالان) وەکو ئۆرگانی ڕاوێژکاریو پیشەییو هاوبەشی دەرەوە لە مەڵبەندو گرووپو سەنتەرەکانی کاتالان لە سەرتاپای جیهان پێکدەهێنرێت. ئەرکو وەزیفەو پێکهاتەکانیان بەپێی دەقی ئەم یاسایە ڕێک دەخرێت.

**ماددەی (١٦)**

ئەنجومەنی کۆمەڵگاکانی کاتالان ئەم ئەرکانەی خوارەوەی دەبێت:

أ- ڕاوێژکردنی حکومەتی کاتالۆنیا دەربارەی هێڵە گشتییەکانو ئامانجو پێشنیازەکانی حکومەتی کاتالۆنیا لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ کۆمەڵگەکانی کاتالان لەدەرەوە.

ب- ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان دەربارەی بارودۆخو ڕادەی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی لەنێوان مەڵبەندەکانو گرووپو سەنتەرەکانی کاتالان لە جیهانو لە کاتالۆنیا.

ت- پشتیوانیکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان مەڵبەندەکانی کاتالان لە جیهانو لەنێوان خۆیانو لەگەڵ کاتالۆنیاو دامودەزگاکانی.

پ- هەر ئەرکێکی دی ئەگەر بەیاسا ڕێک بخرێت.

**ماددەی (١٧)**

١. پێکهاتەی ئەنجومەنی کۆمەڵگاکانی کاتالان بەم جۆرە دەبێت:-

أ- سەرۆکی حکومەتی کاتالۆنیا سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە دەبێتو دەتوانێت هەمان دەسەڵات بداتە ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی یان جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.

ب- بەرپرسیاری کارەکانی دەرەوە لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنە.

ت- (١٢) نوێنەر لە بەشە جیاجیاکانی حکومەتی کاتالۆنیا حکومەت خۆی دەستنیشانی دەکات.

پ- نوێنەرێک لە یەکێتی کۆمەککارانی بازرگانیی کاتالۆنیا، و نوێنەرێکیش لە

یەکێتی کۆمەککارانی کولتووری کاتالان لەدەرەوە.
ج- (١١) نوێنەر لە کۆمەڵگا جیاجیاکانی کاتالان لە جیهان.
ح- نوێنەرێ لە هەریەک لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کاتالۆنیا.
خ- نوێنەرێ لە پەیمانگای دیراساتی کاتالان.
د- نوێنەرێ لە دەزگای ئەدەبیاتی کاتالان.
ژ- نوێنەرێ لە زانکۆی کراوەی کاتالۆنیا.
٢. کۆمیسیۆنی کارەکانی دەرەوە بەرپرسیاری مەڵبەندەکانی کاتالانە کە وەکو سکرتێری ئەنجومەنی کۆمەڵگاکانی کاتالان کار دەکات.
٣. ئەندامانی ئەنجومەنەکە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنەوە دادەنرێن لەسەر پێشنیازی کیانەکان، بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە کۆمەڵگاکانی کاتالان کاندیدەکانی خۆیان پێشکێش بەرپرساری کارەکانی دەرەوە بکات.

**ماددەی (١٨)**

١. هەر کاتێ ئەنجومەنی کۆمەڵگاکانی کاتالان دروست بوو، ماوەی ئەندامبوونیان سێ ساڵە، دەکرێت بۆ هەمان ماوە درێژ بکرێتەوە.
٢. ئەنجومەنی کۆمەڵگاکانی کاتالان پێویستە بەلانی کەمەوە لە ساڵێکدا یەک دانیشتنی ئاسایی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆک دەتوانێت بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجومەن بکات بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی، ئەگەر پێویستی کرد.

**ماددەی (١٩)**

لەپێناو پشتیوانیکردنی پەیوەندییەکانو هاوکاری لەنێوان کۆمەڵگاکانی کاتالان لە دەرەوەو لەنێوان کیانەکانو فیدراسیۆنو کۆنفیدراسیۆنەکانو دامەزراوەکانی کاتالان، پێویستە هەر چوار ساڵ جارێک (دیداری مەڵبەندەکانی کاتالان) لە سەرتاپای جیهان ببەسترێت.

**ماددەی (٢٠)**

ئەم ئەندامو کەسانەی خوارەوە مافیان هەیە ئامادەی ئەو دیدارەی مەڵبەندەکانی کاتالان ببن:
أ- ئەندامانی ئێستاو ئەندامە کۆنەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵگاکانی کاتالان.
ب- ئەو کەسانەی کەوا سەرۆک حکومەتو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کاتالۆنیایان

کردووە.

ت- ئەندامێک لەهەر فراکسیۆنێکی پەرلەمانی کاتالۆنیا.

پ- دوو ئەندام لەهەر یەک لەو کیانانەی کەوا لە تۆماری مەڵبەندەکانی حکومەتی کاتالۆنیا بەفەرمی تۆمار کراون.

ج- ئەو کەسایەتییانە یان نوێنەرانەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگاکانی کاتالان لەدەرەوە.

**ماددەی (٢١)**

دیداری مەڵبەندەکانی کاتالان بە دەرچوواندنی دۆکۆمێنتێک کۆتایی پێ دێت.

**ماددەی (٢٢)**

حکومەتی کاتالۆنیا دەتوانێت ڕێککەوتنامەی هاوکاری یان ئیتفاقات ببەستێت لەگەڵ حکومەتە ئۆتۆنۆمییەکانی نەتەوەکانی دی یان هەرێمەکان بەپێی دەقی ماددەی ٢٧ ی یاسای بنەڕەتی ئۆتۆنۆمی کاتالۆنیا بەمەبەستی ڕاوێژکردنو ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگاکانی کاتالان.

**ماددەی (٢٣)**

پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا لەبەرامبەر دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان شەونخوونی بکات بەمەبەستی وەدەستهێنانی ئەو ڕێککەوتنامانە کە زامنی فێربوونی زمانی کاتالان دەکات لە قوتابخانە ئەوروپییەکان، هەروەها پەروەردە کردنی منداڵانی کارمەندانی نێودەوڵەتی لە دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی یەکێتی ئەوروپا.

**ماددەی (٢٤)**

حکومەتی کاتالۆنیا دەتوانێت داوا لە حکومەتی ئیسپانی بکات، ئەگەر پێویستی کرد، تا لە پەرلەمانی گشتی دەسەڵاتی پێ بدرێت بۆ سازدانی ڕێکەوتن یان پەیماننامەکان بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی کولتووری لەگەڵ دەوڵەتانی تر لەپێناو پاراستنی ئەدەبو کولتوورو زمانی کاتالان لە دەرەوەی ئیسپانیاو کاتالۆنیا بەپێی ماددەی (٧) ی یاسای بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمی کاتالۆنیا.

**ماددەی (٢٥)**

حکومەتی کاتالۆنیا دەتوانێت لە حکومەتی ئیسپانی داوا بکات سەبارەت

بەمۆرکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە کە کۆمەڵگای کاتالانیان تێدایە، بەمەبەستی یارمەتیو کۆمەککردنیان یان یارمەتیدانیان بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی دایک.

**ماددەی (٢٦)**

پێویستە حکومەتی کاتالۆنیا لەحکومەتی ئیسپانی داوا بکات، ئەگەر پێویستی کرد، بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری کاتالانییەکان لە دەرەوە.

**بڕیاری پاشکۆی یەکەم**

تێکڕای تێچووەکانی ئابووری لەکاتی پیادەکردنی ئەم یاسایە لەئەستۆی حکومەتی کاتالۆنیایە پاش ساڵێک لە بەرکاربوونی یاساکە.

**بڕیاری پاشکۆی دووەم**

دەسەڵات بەحکومەتو ڕاوێژکاری پەیوەندیدار دەدرێت بۆ ئەنجامدانو دەرکردنی ڕێنمایی تەشریعی تایبەت بەم یاسایەو لەم بوارەدا.

**ئەحکامە پووچەڵکراوەکان**

هەموو ئەو ئەحکامانە پووچەڵ دەکرێنەوە کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بن.

لەبەر ئەوە، فەرمان بەهاوڵاتیان دەدەم کە لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە هاوکاری دادگاکانو دەسەڵاتەکان بکەن.

**کۆشکی ئەنجومەنی حکومەتی کاتالۆنیا**
**٢٢ ی دیسەمبەر ١٩٩٦**
**جۆردی بوجول**
**سەرۆک**

**یاسای ژمارە ١٩٩٦/٨، ٥ی تەمموز**

**(بەرنامەکانی بیستنو بینین لەڕێگای کێبڵ)**

**بەشی پێنجەم**

**نیزامی سزایی (النظام العقابي)**

**ماددەی (١٣): سەرپێچییەکان (المخالفات)**

١- جێبەجی نەکردنی هەر یەک لە ئیلتزاماتو ئەرکەکانی ئەم یاسایە بەسەرپێچی سووک دادەنرێت ئەگەر بەسەرپێچی قورس حسێب نەکرابێت.

٢- ئەمانەی خوارەوە سەرپێچی قورسن (ترسناک)ن:

أ- جێبەجێ نەکردنی دەقەکانی بەشەکانی ٢، ٣ ی ئەم یاسایە.

ب- پێشێلکردنی ئەو پرەنسیپانە کە لە ماددەی ٣ دا هاتوون.

ت- ئاسانکاری نەکردنو نەدانی زانیاریی داواکراو و تەگەرە دروستکردن لەپێش ئەرکەکانی چاودێری.

ث- بڵاونەکردنەوەی بەیاننامەکانی سزادان لە پڕۆگرامەکانیاندا وەکو لە ماددەی ١٨ دا هاتووە.

٣- سەرپێچییەکی قورسە ئەگەر بابەتی سزادراو لەماوەی مانگێکدا بڵاوبکرێتەوە.

**ماددەی (١٤): سزاکان**

أ) سەرپێچی سووک، غەرامەکردنی لە ٥٠٠,٠٠٠ پێزتە تا ٢,٠٠٠,٠٠٠ پێزتە. ئۆرگانی دەسەڵاتدار دەتوانێت لەکاتی سەپاندنی سزاکە بڕیار لەسەر ڕاگرتنی پەخشەکانی یان بەشێک لە پڕۆگرامەکانی بدات بۆ ماوەی هەفتەیەک.

ب) سەرپێچییە قورسەکان. غەرامەکردنی لە ٢,٠٠٠,٠٠١ پێزتە تا ١٥,٠٠٠,٠٠٠ پێزتە. ئۆرگانی تایبەت بەسەپاندنی ئەو سزایە دەتوانێت بڕیار لەسەر ڕاگرتنی پەخشەکان یان ڕاگرتنی بەشێک لە پرۆگرامەکان بدات بەزۆری بۆماوەی یەک مانگ.

ت) سەرپێچییە زۆر قورسەکان. غەرامەکردنی لە ١٥,٠٠٠,٠٠١ پێزتە تا ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پێزتەو هەڵوەشاندنەوەی کەناڵەکە ئەگەر ئۆرگانی دەسەڵاتدار بڕیار بدات.

٢- لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کەوا لە بڕگەی (١) دا هاتووە، ئۆرگانی کارگێڕیی دەسەڵاتدار هاوکات دەتوانێت بڕیار بدات لەسەر بڵاوکردنەوەی هەم

جۆری سەرپێچییەکەو هەم سزاکەی لە پرۆگرامەکانی کەناڵی سزادراو.

**ماددەی (١٥)**

١- پێویستە سەپاندنی ئەو سزایانە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ڕێکارە سزاییانە کە لەلایەن مەرسوومی ژمارە ٢٧٨/ ١٩٩٣، ٩ ی نۆڤمبەر ڕێکخراون.

## (٢)

# میساقی زمانی فەڕەنسی

**ئامادەکردن و وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە:**
**د. ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

ئەزموونی گەلی کێبێک لە چوارچێوەی فێدراسیۆنی کانادا نموونەیەکی باشی پێکەوەژیانی بنیاتنەری دوو نەتەوەی بە زمان و کولتووری جیاوازەوەیە. بەدرێژایی مێژووی نوێی ئەم وڵاتە تەوەرێکی سەرەکیی مشتومڕە سیاسی و گەشەسەندنە یاسایی و نیهادییەکان، چ لە ئاستی هەرێمی و چ لە ئاستی سەراسەریدا، بریتی بووە لە هاوسانیی نێوان پێکهاتە جۆربەجۆرەکان و ئەوە کە "کەمینە"ی فەڕەنسی زمان لە وڵاتێکی بە زۆرینە ئینگلیزی زماندا (زیاتر لە ٧ میلیۆن کەس واتە ٢٢٪ی سەرجەم دانیشتووانی وڵات) هەست بەوە بکا کە جێگە و پێگەی شیاوی خۆی پێ دراوە.

جیا لەوە کە بەگشتی فیدرالیزمی کانادا بۆ هەموو ئەو گەل و وڵاتانەی لە سەرەتای ڕێگای فێدراڵیزمدان و بە گشتی بۆ تیئۆریی فیدرالیزم شایانی لێوردبوونەوە و دەرس لێوەرگرتنە، لە بواری سیاسەتی زمانییشدا ئەزموونی ئەو وڵاتە لە هەردوو ئاستی کانادا و کێبێکدا یەکجار بەکەڵکە. نموونەی کێبێک بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان لە عیراق لەبەر ئەوە سەرنجڕاکێشە کە لە ڕووی هاوکێشەی دێمۆگرافی و دیزاینی سیستمی حکومەتییەوە وێکچوونێکی زۆر لە نێوان دۆخی گەلی کورد لە عیراق و دۆخی گەلی کێبێک لە کانادادا هەیە.ئەمەی خوارەوە وەرگێڕدراوی میساقی زمانی فەڕەنسییە، واتە ئەو چوارچێوە قانوونییەی کە هەرێمی کێبێک لە بواری پاراستن و پەرەپێدانی زمانی فەڕەنسی لەسەر خاکی ئەو هەرێمەدا پەسندی کردووە. ئەو میساقە کە بەرهەمی کۆمەڵێک یاسای پێشتر پەسندکراو و هەموارکراوی تا کاتی وەرگێڕانی دەقەکەیە، ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو هەوراز و نشێوە سیاسی و یاساییانەیە کە پرسی زمانە فەرمییەکان لەو هەرێم و وڵاتەدا پێیدا تێپەڕیوە. ئەگەر بمانەوێ بە کورتی گرینگترین قۆناغەکانی کاروانی یاسایی زمانە

فەرمییەکان لە کانادا و کێبێک بیر بخەینەوە، دەتوانین ئەم چەند بڕگە سەرەکییە ڕیز بکەین:

- ١٩١٠: یاسای لاڤێرنی کەنەدا سەبارەت بە بەکاربردنی هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی لەسەر تیکێتەکانی گواستنەوەی گشتی و دۆکومێنتەکانی تری کۆمپانیاکانی سوودی گشتی.
- ١٩٦١: دامەزرانی وەزارەتی کاروباری فەرهەنگی و ئۆفیسی زمانی فەڕەنسی.
- ١٩٦٧: بڕیاری دادگای باڵا سەبارەت بە بەکاربردنی ئیجباریی زمانی فەڕەنسی لەسەر بەروبوومە کشتوکاڵییەکان.
- ١٩٦٩: یاسای پەرەپێدانی زمانی فەڕەنسی لە کێبێک کە بۆ یەکەم جار ڕادەگەیەنێ کە فەڕەنسی دەبێ بکرێتە زمانی سەرەکیی کار لە کێبێک و زمانی سەرەکیی نووسینی سەر تابلۆکان و خوێندنی زمانی فەڕەنسی لە تۆڕی قوتابخانە ئینگلیزییەکانی کێبێکیشدا بەئیجباری دەکا.
- ١٩٧٠: یاسا شارەزایەتیی بەکاربردنی زمانی فەڕەنسی دەکاتە مەرجی کارپێدان بەو کەسانەی هاووڵاتیی کەنەدی نین.
- ١٩٧٤: پەسندکرانی یاسای زمانی فەرمی کە بەکاربردنی زمانی فەڕەنسی لەسەر تابلۆ و نووسراوە گشتییەکان دەکاتە ئیجباری؛ ئەو کۆمپانیایانەی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەت دەکەن ناچار بە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی بەفەڕەنسی کردن دەکا؛ وەرگیران لە قوتابخانەی ئینگلیزی تەنیا بۆ ئەو قوتابییانە ڕێگە پێ دەدا کە تا ڕادەیەکی باش ئەو زمانە دەزانن و ئەرجەحییەت دەداتە نوسخەی فەڕەنسیی یاساکان.
- ١٩٧٧: پەسندکرانی میساقی زمانی فەڕەنسی کە بەپێی ئەو نووسینی سەر تابلۆکان و ڕیکلام تەنیا بە زمانی فەڕەنسی دەبێ؛ پرۆگرامەکانی بەفەڕەنسی کردن بەسەر هەموو ئەو کۆمپانیایانەدا دەسەپێنێ کە لە پەنجا کارمەند بۆ سەرەوەیان هەیە؛ ڕێگەی خوێندن لە قوتابخانە ئینگلیزییەکاندا تەنیا بەو قوتابییانە دەدا کە دایکیان یان باوکیان قوتابخانەی سەرەتایی لە کێبێک بە زمانی ئینگلیزی خوێندووە؛ و تەنیا نوسخەی فەڕەنسیی یاساکان بە فەرمی چاو لێ دەکا.
- ١٩٧٩: دادگای باڵای کەنەدا لە کەیسی "بلایکی"دا بەشێک لە ماددەکانی میساقی فەڕەنسی بەهۆی دژایەتییان لەگەڵ یاسای دەستووریی ١٨٦٧

هەڵدەپەسێرێ و جێبەجێکردنیان ڕادەگرێ.

- ١٩٧٩: پەرلەمانی کێبێک میساق هەموار دەکاتەوە، بەڵام بڕیاری دادگای باڵا سەبارەت بە نادەستووری بوونی بەشێک لە بەندەکانی پشتگوێ دەخا.
- ١٩٨٢: پەسندکرانی میساقی کەنەدی کە لە بواری خوێندن بە زمانی کەمایەتیی فەڕەنسی یان ئینگلیزیی هەر هەرێمێکدا بە چەشنێک داڕێژراوە کە فەسڵێکی تەواوی میساقی کێبێکی ڕەت دەکاتەوە.
- ١٩٨٣: پەسندکرانی یاسایەک لەلایەن پەرلەمانی کێبێکەوە بۆ ئەوەی هێندێک بەندی میساقی زمانی فەڕەنسی بەجۆرێک بگۆڕێ کە مامەڵەیەکی باشتر و نەرمتر لەگەڵ دامەزراوەکانی کەمایەتیی ئینگلیزی زماندا بکا.
- ١٩٨٤: دادگای باڵای کەنەدا فەسڵی ٨ی میساقی زمانی فەڕەنسی سەبارەت بە زمانی خوێندن هەڵدەپەسێرێ چونکە دژایەتیی لەگەڵ میساقی کەنەدیدا هەیە.
- ١٩٨٨: دادگای باڵای کەنەدا لە کەیسی "فۆرد"دا ڕادەگەیەنێ کە قەدەغەکردنی هەموو زمانێکی جگە لە فەڕەنسی بۆ نووسراوی سەر تابلۆکان و ڕیکلامی بازرگانی بەپێچەوانەی ئازادیی ڕادەربڕینە.
- ١٩٨٨: پەسندکرانی یاسایەک لەلایەن پەرلەمانی کێبێکەوە کە قەدەغەبوونی بەکاربردنی هەر زمانێک جگە لە فەڕەنسی لەسەر تابلۆکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ درێژ دەکاتەوە.
- ١٩٩٣: پەسندکرانی یاسایەک لە کێبێک کە بەپێی ئەو بۆ نووسینی سەر تابلۆکان و ڕیکلامی بازرگانی دەبێ نووسینە فەڕەنسییەکە باڵادەست بێ؛ پێداچوونەوەی بەندەکانی پێوەندیدار بە بەفەڕەنسیکردنی کۆمپانیاکان دەکا؛ سەبارەت بە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی ڕێنماییە فیدراڵییەکان وەبەرچاو دەگرێ و فەرمییەتی یاساکان بە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی قبووڵ دەکا.

دیارە مشتومڕی نێوان دامودەزگاکانی هەرێمی کێبێک و دامودەزگاکانی فیدراڵ لەو پێوەندییەدا دوای ئەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوام بووە. گرینگ ئەوەیە کە بزانین سەرجەم گەشەسەندنەکانی ئەو بوارە لە کانادا و کێبێک تەعبیر لە پرۆسەیەکی زیندوو و هەوڵی بەردەوام بۆ شوێنەوار لەسەر یەکتردانان و خۆگونجاندن و سازان دەکا.

## میساقی زمانی فەڕەنسی

تێبینی: ئەمەی خوارەوە هەموو دەقەکە نییە، بەڵکو گرینگترین بەشەکانی میساقەکەیە. لە هەر شوێنێک بەشێکی دەقەکە وەرنەگێڕدرابێ، نیشانەی [...] دانراوە.

L.R.Q، chapitre C-11

**پێشەکی**

گەلی کێبێک ناسێنەی خۆی لە ڕێگەی زمانی فەڕەنسییەوە دەردەخا کە زمانی جیاوازی گەلێکی کە زۆربەی فەڕەنسی زمانە.

ئەنجومەنی نیشتمانی ویستی کێبێکییەکان بۆ دەستەبەرکردنی پاراوی و بڵاوبوونەوەی زمانی فەڕەنسی بەڕەسمی دەناسێ. ئەنجومەنی نیشتمانی لێبڕاوە هەتا زمانی فەڕەنسی بکاتە زمانی دەوڵەت و یاسا، هەروەک کە ئەو زمانە دەبێ زمانی ئاسایی لە بواری کار، خوێندن، پێوەندییەکان، بازرگانی و بیزنسدا بێ.

ئەنجومەنی نیشتمانی لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە عەدالەت و کراوەیی و بە ڕێزگرتن لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی کێبێکیی ئینگلیزی زمان و کەمایەتییە ئێتنیکەکان کە نەخشی بەنرخی هەموویان لە گەشەسەندنی کێبیکدا بەڕەسمی دەناسێ، هەنگاو دەنێ.

ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ "ئامێرئەندی"یەکان و "ئینویت"ەکانی کێبێک کە وەچەی یەکەمین دانیشتووانی ولاتن مافی پاراستن و گەشەپێدانی زمان و کولتووری ڕەسەنی خۆیان بەڕەسمی دەناسێ.

ئەم پرەنسیپانە دەکەونە چوارچێوەی بزووتنەوەی جیهانیی بایەخدانەوە بە کولتوورە نەتەوەییەکان، شتێک کە ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی هەر گەلێک کە وەک خۆی خەلەیەک بخاتە سەر خەرمانەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی.

[...]

**بەشی یەکەم: جێگە و پێگەی ڕەسمی و یاسایی زمانی فەڕەنسی**

**فەسڵی یەکەم: زمانی ڕەسمیی کێبێک**

**١.فەڕەنسی زمانی ڕەسمیی کێبێکە.**

**فەسڵی دووەم: مافە زمانییە بنەڕەتییەکان**

٢. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە دامودەزگا حکومییەکان، خزمەتگوزارییە

تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان، کۆمپانیاکانی سوودی گشتی، سەندیکا و ئەنجومەنە پیشەییەکان، کۆمەڵەیەکانی خاوەن مووچەکان و هەموو ئەو کۆمپانیایانەی لە کێبێک کار دەکەن بە فەڕەنسی لەگەڵی بدوێن.

[...]

٤. کرێکار و کارمەندان مافی ئەوەیان هەیە کە پیشە و کارەکانیان بە فەڕەنسی ئەنجام بدەن.

٥. بەکاربەرانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان مافی ئەوەیان هەیە لە زمانی فەڕەنسی زانیارییان بدرێتێ و خزمەت بکرێن.

٦. هەموو کەسێک کە بۆی هەبێ لە کێبێک بخوێنێ مافی ئەوەی هەیە خوێندنەکەی بە فەڕەنسی بێ.

**فەسڵی سێهەم: زمانی یاسا و دادوەری**

٧. فەڕەنسی زمانی یاسا و دادوەرییە لە کێبێک بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تێبینییانەی خوارەوە:

١/چاپ و بڵاوکردنەوە و پەسندکردن و جێبەجێکردنی پرۆژە یاساکان بە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی دەبێ [...]

[...]

٣/ نوسخەی فەڕەنسی و ئینگلیزیی دەقە یاساییەکان بایەخی قانوونیی وەک یەکیان هەیە.

٤/ هەموو کەسێک لە هەر کێشەیەکدا کە دەیباتە بەردەم دادگاکانی کێبێک و لە هەموو قۆناغەکانی ڕێوشوێنی دادخوازیدا {بە بڕیاری دادگاشەوە} دەتوانێ فەڕەنسی یان ئینگلیزی بەکار بەرێ.

٨. بەپێی ئەوە کە بڕیاری دادگا بە چ زمانێک دەرچووە، لەسەر داوای لایەنێکی کێشە و لەسەر ئەرکی دادگاکە بڕیارەکە بۆ سەر زمانەکەی دیکە وەردەگێڕدرێ (نێوەرۆکی بەندەکە گوازراوەتەوە).

[...]

**فەسڵی چوارەم: زمانی دامودەزگا حکومەتییەکان**

١٤. حکومەت، وەزارەتەکان، دامەزراوە حکومییەکانی تر و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان

تەنیا بە ناوی فەرەنسیی خۆیان ناویان دێ.

١٥. دامودەزگا حکومییەکان دەق و دۆکومێنتەکانیان بە فەرەنسی دادەڕێژن و چاپیان دەکەن.

ئەم بەندە پێوەندییەکانی دامودەزگاکان لەگەڵ دەرەوەی کێبێک، ڕێکلام و ڕاگەیاندراوەکانی ئەو ڕۆژنامانەی بە زمانێکی جیاواز لە فەرەنسی بڵاو دەبنەوە و هەروەها نامەکاریی نێوان دامودەزگاکانی حکومەت و ئەو کەسانەی بە زمانێکی جیاواز لە فەرەنسی نامەکاری لەگەڵ ئەو دامودەزگایانە دەکەن، ناگرێتەوە.

١٦. دامودەزگاکانی حکومەت لە پێوەندیی نووسراویان لەگەڵ حکومەتەکانی دیکە و ئەو کەسایەتییە مەعنەوییانەی بنکەیان لە کێبێکە، تەنیا زمانی ڕەسمی {فەرەنسی} بەکاردەبەن.

١٧. حکومەت، وەزارەتەکان و دامودەزگا حکومییەکانی دیکە لە پێوەندییە نووسراوەکانی نێوانیاندا تەنیا زمانی ڕەسمی بەکار دەبەن.

[...]

٢٠. هەرکەسێک کە لە دامودەزگایەکی حکومەتی دادەمەزرێ یان دەگوازرێتەوە یان پلەی دەچێتە سەر، پێویستە شارەزاییەکی ئەوتۆی لە زمانی ڕەسمیدا هەبێ کە لە ئاستی ئەرکەکەیدا بێ.

بۆ ئەم مەبەستە هەموو دامودەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەک لەژێر چاوەدێری و بەپەسندیی ئۆفیسی کێبێکیی زمانی فەرەنسی پێوانەکان و ڕێکارەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاستی شارەزایی کارمەندان و خاوەن پلەکان دادەنێ و جێبەجێیان دەکا. (نێوەرۆکی بەندەکە گوازراوەتەوە)

٢١. گرێبەستەکانی دامودەزگاکانی حکومەت، بە گرێبەستە لاوەکی و ناڕاستەوخۆکانیشەوە، بە زمانی ڕەسمی دەنووسرێنەوە. لەو حاڵەتانەدا کە حکومەت و دامودەزگاکانی لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی کێبێک گرێبەست ئیمزا دەکا، ئەم گرێبەستانە و دۆکومێنتە پێوەندیدارەکانیان دەتوانن بە زمانێکی دیکە بنووسرێن.

٢٢. دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ئەو نووسینانەی هەڵدەواسرێن تەنیا زمانی فەرەنسی بەکار دەبا، مەگەر ئەوە کە لەبەر هۆکاری تەندروستی و ئاسایشی گشتی پێویست بێ کە نووسراوەکە جیا لە فەرەنسی بە زمانێکی

دیکەش بنووسرێ.
لە بواری نیشانەکانی ڕێگاوبان و هاتوچۆدا، دەکرێ نیشانە و پیکتۆگرامەکان وەک تەواوکەر یان لەجیاتی دەقە فەڕەنسییەکە بەکار ببرێن. لەو حاڵەتانەشدا کە هیچ نیشانە یان پیکتۆگرامێک بۆ حاڵەتە تایبەتەکە دانەنراوە کە بتوانێ مەرجی تەندروستی و ئاسایشی گشتی وەدی بێنێ، زمانێکی دیکە لە پاڵ زمانی فەڕەنسیدا دەکرێ بەکار بێ.

[...]

٢٤. ئەو بنیات و دامەزراوانەی لە بەندی ٢٩،١ دا ئاماژەیان پێ کراوە، دەتوانن هاوکات بەهەردوو زمانی فەڕەنسی و زمانێکی تر نووسینەکانیان هەڵواسن بەمەرجێک نووسراوە فەڕەنسییەکە باڵادەستیی هەبێ.

[...]

٢٦. ئەو بنیات و دامەزراوانەی لە بەندی ٢٩،١ دا ئاماژەیان پێ کراوە، دەتوانن لە شێوەی ناوهێنانی خۆیان و لە پێوەندییە نێوخۆییەکانیان و لەپێوەندیی نێوان خۆیاندا هاوکات زمانی فەڕەنسی و زمانێکی دیکە بەکاربەرن.
لەنێو ئەم بنیات و دامەزراوانەدا، دوو کەس دەتوانن لە پێوەندیی نووسراوی نێوانیاندا سەرپشک بن کە چ زمانێک بەکار دەبەن. بەڵام هەر کەسێک کە لە ئەنجامدانی ئەرکی حکومەتیی خۆیدا ئاگاداری ئەو نووسراوە ئاڵوگۆڕکراوانە بێ دەتوانێ داوا بکا کە بنیات یا دامەزراوەکە نوسخەیەکی فەڕەنسیی ئەو پێوەندییە نووسراوانەی بخاتە دەست.

٢٧. لە خزمەتگوزارییە تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی پێڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا کارمەندەکە سەرپشکە دۆکومێنتەکان بە فەڕەنسی یان ئینگلیزی دابڕێژێ. بەڵام هەر یەک لەو خزمەتگوزارییانە بۆی هەیە بڕیار بدا کە هەموو ئەو دۆکومێنتانە تەنیا بە زمانی فەڕەنسی بنووسرێن. لە هەر حاڵدا هەر کەسێکی پێوەندیدار بۆی هەیە کە کورتکراوەیەکی دۆسیەی پزیشکیی بە زمانی فەڕەنسی پێ بدرێ.

٢٨. سەرەڕای بەندی ٢٣ و بەندی ٢٨، ئەو قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییانەی لە بەندی ٢٩،١ دا بەڕەسمی ناسراون دەتوانن لە زانیاریدان و ئاگادارکردنەوەکانیاندا کە سروشتێکی فێرکاریی هەیە ئەو زمانە بەکار بەرن کە زمانی خوێندنی دامەزراوەکەیە بەبێ ئەوەی هاوکات

زمانی ڕەسمییش بەکار ببەن.

[...]

٢٩،١. کۆمسیۆنەکانی قوتابخانە ئینگلیزی زمانەکان و کۆمیسیۆنی قوتابخانەکانی "لیتۆرال" دامەزراوی پەروەردەیی بەڕەسمی ناسراون.

ئۆفیس [ی کێبێکیی زمانی فەڕەنسی] دەبێ لەسەر داوای ئەم لایەنانەی خوارەوە، ئەوان بەڕەسمی بناسێ:

١/ هەر کۆمۆنێک [شار/شارۆچکە/گوند- قەزا] کە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی زمانی دایکییان ئینگلیزی بێ.

٢/ هەر دامەزراوێک کە لەژێر دەسەڵاتی یەک یان چەند کۆمۆندا بێ و بەشداریی لە بەڕێوەبردنی خاکی ئەو کۆمۆن یان کۆمۆنانەدا بکا، بە مەرجێک کۆمۆنە پێوەندیدارەکان پێشتر بەڕەسمی ناسرابن.

٣/ هەر بنیاتێکی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پێڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتی کە لە هاوپێچدا ئاماژەی پێ کراوە، کاتێک خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە کەسانێک دەکا کە زۆربەیان زمانیان فەڕەنسی نییە.

هەر بنیات و دامەزراوێک ئەو مەرجانەی تێدا نەمابێ کە بۆ بەڕەسمی ناسینی پێویست بێ، حکومەت دەتوانێ داوا لە ئۆفیسی زمانی فەڕەنسی بکا کە بەڕەسمی ناسینەکەی لێ وەربگرێتەوە. (نێوەرۆکی بەندەکە گوازراوەتەوە)

**فەسڵی پێنجەم: زمانی دامەزراوە گشتییەکانی دیکە**

٣٠. کۆمپانیاکانی سوودی گشتی، سەندیکا و ئەنجومەنە پیشەیییەکان و ئەندامانیان هەوڵ بدەن کە خزمەتگوزارییەکانیان بە زمانی ڕەسمی لەبەردەستدابن.

[...]

٣٢. سەندیکا پیشەیییەکان لەو نووسراوانەیاندا کە ڕووی لە سەرجەم ئەندامانە، زمانی ڕەسمی بەکار دەبەن. بەڵام کاتێک پێویستە بەجیا و بەتایبەتی وەڵامی ئەندامێک بدەنەوە، دەتوانن لە زمانی ئەو ئەندامەدا وەڵامی بۆ بنووسنەوە.

[...]

٣٥. سەندیکا پیشەیییەکان دەبێ مۆڵەتی کارکردن تەنیا بە کەسانێک بدەن کە

شارەزاییيان لە زمانی ڕەسمی لە ئاستی بەجێگەیاندنی پیشەکەدایە.

مەرجی شارەزایی لە زمانی ڕەسمیدا وەدی دێ ئەگەر بێت و کەسێک:

١/ بۆ ماوەی لانی کەم سێ ساڵ خوێندنی تەواو وەختی ناوەندی یان دواناوەندیی بە زمانی فەڕەنسی بووبێ؛

٢/ تاقیکارییەکانی فەڕەنسی وەک زمانی دایکی لە ساڵی چوارەم یان پێنجەمی ناوەندیی تێپەڕاندبێ؛

٣/ لەپاش ساڵی خوێندنی ١٩٨٥-١٩٨٦، دیپلۆمی خوێندنی ناوەندیی لە کێبێک وەرگرتبێ.

لە حاڵەتەکانی دیکەدا، ئەو کەسە دەبێ بڕوانامەیەک لە ئۆفیسی کێبێکیی زمانی فەڕەنسی بگرێ یان نووسراوەیەکی فەرمیی هەبێ کە بە هاوتای ئەم بڕوانامەیە دابنرێ بەپێی بڕیاری حکومەت.

[...]

٤٠.لەو حاڵەتانەدا کە بەرژەوەندیی گشتی وا بخوازێ، سەندیکا پیشەییەکان دەتوانێ پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئۆفیسی کێبێکیی زمانی فەڕەنسی مۆڵەتێکی بەرتەسک بەو کەسانە بدەن کە بەپێی یاساکانی هەرێمێکی دیکە یان وڵاتێکی دیکە بۆیان هەیە کە پیشەیەک ئەنجام بدەن. ئەم مۆڵەتە بەرتەسکە ڕێگە بە هەڵگری مۆڵەتەکە دەدا کە پیشەکەی تەنیا بۆ خاوەن کارێک و لە بوارێکی پیشەکەدا ئەنجام بدا کە سەروکاری لەگەڵ خەڵک نەبێ.

**فەسڵی شەشەم: زمانی کار**

٤١. خاوەن کار دەبێ لەو نووسراوانەیدا کە ڕوویان لە کارمەندەکانیەتی زمانی ڕەسمی بەکار ببا. ئەو ئاگادارییەکانی کارپێدان یان بەرزکردنەوەی پلەش هەر بە زمانی فەڕەنسی دەنووسێ و بڵاویان دەکاتەوە.

٤٢. کاتێک ئاگادارییەکی کارپێدان پێوەندیی بە پۆستێکی نێو دامودەزگاکانی حکومی، دامودەزگایەکی نیوە حکومی یان کۆمپانیایەکەوە هەیە کە مەرجی پێکهێنانی کۆمیتەی بەفەڕەنسیکردن، هەبوونی بڕوانامەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی بەفەڕەنسیکردن یان هەبوونی بڕوانامەی بەفەڕەنسیکردن دەیگرێتەوە، ئەگەر بێت و خاوەن کارەکە ئاگادارییەکە لە ڕۆژنامەیەکدا

بڵاو بکاتەوە کە بە زمانێکی جیاواز لە فەڕەنسی بێ، پێویستە هاوکات هەمان ئاگاداری لە ڕۆژنامەیەکی فەڕەنسیشدا بڵاو بکاتەوە و داڕشتن و خستنەڕووی ئاگادارییەکەش لانی کەم دەبێ هاوتای ئەو ئاگادارییە بێ کە لە ڕۆژنامە نافەڕەنسییەکەدا بڵاو بۆتەوە.

٤٣. ڕێککەوتنە بەکۆمەڵەکانی نێوان خاوەن کار و کرێکاران و دەقە هاوپێچەکانیان دەبێ بە زمانی ڕەسمی بنووسرێنەوە [...]

٤٤. هەموو بڕیارێکی نێوبژیوانی (التحكيم) کە پاش دادوەرییەکی تایبەت بە سکاڵایەک یان کێشەیەکەوە درابێ کە پێوەندیی بە وتووێژ، نوێکردنەوە یان پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنێکی بەکۆمەڵەوە بێ، لەسەر داوای لایەنێکی کێشەکە و لەسەر ئەرکی لایەنەکانی کێشەکە بەپێی ئەوە کە بڕیارەکە بە چ زمانێک دەرچووە، وەردەگێڕدرێتە سەر فەڕەنسی یان ئینگلیزی.

٤٥. قەدەغەیە کە خاوەن کارێک ئەندامێکی پێرسۆنێلی خۆی لەسەر کارەکەی لابدا یان هەڵیپەسێرێ یان پلەکەی دابەزێنێ یان بیگوازێتەوە تەنیا لەبەر ئەوە کە ئەو کەسە تەنیا بە زمانی فەڕەنسی قسە دەکا و زمانێکی دیکەی جگە لە زمانی ڕەسمی بەباشی نازانێ یان لەبەر ئەوە کە داوای کردووە کە ڕێز لە مافێک بگیرێ کە بەندەکانی ئەم فەسڵە بەڕەسمیی ناسیوە.

[...]

٤٦. قەدەغەیە کە خاوەن کارێک بۆ وەرگرتنی کارێک یان پۆستێک داوا بکا کە کاندیدانی کار یان پۆستەکە ئاستێکی تایبەتیی شارەزایی لە زمانێکی جگە لە زمانی ڕەسمیی هەبێ، مەگەر ئەوە کە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەم کار و پۆستە پێویستیی بەو ئاستە لە ناسینی زمانەکەدا هەبێ.

[...]

ئەرکی خاوەن کارە کە بە کۆمیسیۆن[ی پێوەندییەکانی کار] یان نێوبژیوانی بسەلمێنێ کە کارەکە یان پۆستەکە پێویستیی بە شارەزایی یان ئاستێکی تایبەتیی ناسینی زمانێکی جیاواز لە زمانی ڕەسمی هەیە.

[...]

٤٩. ئەنجومەن یان کۆمەڵەکانی خاوەن مووچەکان لە پێوەندییە نووسراوەکانیدا لەگەڵ ئەندامانی زمانی ڕەسمی بەکار دەبا. ئەگەریش پێوەندییە نووسراوەکە بەتایبەتی لەگەڵ ئەندامێکیان بێ، دەتوانن زمانی ئەو ئەندامە بەکار ببەن.

٥١. هەر جۆرە نووسینێک لەسەر بەرهەمێک، بە خودی بەرهەمەکە و کارتۆن و دۆکومێنت یان هەر کەلوپەلێک کە لەگەڵ بەرهەمەکەدا بێ، بە زانیارییەکانی شێوەی بەکاربردن و پسوولەکانی گەرەنتیی بەرهەمەکەشەوە، دەبێ بە زمانی فەڕەنسی بنووسرێن. ئەم ڕێسا تایبەتییە قائیمە و لیستەکانی شەڕابەکانیش دەگرێتەوە.

دەقە فەڕەنسییەکە دەکرێ یەک یان چەند وەرگێڕان بۆ سەر زمانی تری لەگەڵ بێ، بەڵام هیچ نووسینێک کە بە زمانێکی تر نووسرابێ، نابێ لەچاو نووسراوە فەڕەنسییەکە زەقتر یان باڵادەست بێ.

٥٢. کەتەلۆگ و دەفتەرچە و لاپەڕە و ساڵنامە بازرگانییەکانی و هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەکی هاوشێوە دەبێ بە زمانی فەڕەنسی بنووسرێن.

٥٢. هەموو لۆژیسیەل و بەرنامە و سیستمێکی بەکاربردنی کۆمپیوتێر، جا دابەزێندرابن یا نا، دەبێ بە فەرەنسی لەبەردەستدا هەبێ، مەگەر ئەوە کە هیچ سیغەیەکی ئەو بەرنامانە بە فەڕەنسی هەر ساز نەکرابێ.

[...]

٥٣. هەر کەلوپەل یا بەرنامەیەکی یاریی مناڵان کە بۆ یارییەکە پێویستی بە وشەکانی زمانێکی جیاواز لە فەڕەنسی هەبێ (بێجگە لەوانەی وا لە بەندی ٥٢,١دا ئاماژەیان پێ کراوە) لە بازاڕی کێبێک قەدەغەن، مەگەر ئەوەی هەمان یاری یان کەلوپەلی یاری بە کوالیتی و نرخیی لانی کەم هاوشێوە بە زمانی فەڕەنسییش هەبێ.

[...]

٥٥. گرێبەستەکانی ئەندامەتی و ئابۆنە (ئیشتراک) کە بەندی ستانداردیان تێدایە هەروەها ئەو دۆکومێنتانەی هاوپێچیان بە زمانی فەڕەنسی دەنووسرێن. تەنیا ئەگەر لایەنەکان بۆخۆیان بیانەوێ دەکرێ بە زمانێکی دیکە بنووسرێن.

[...]

٥٧. فۆرمەکانی داواکردنی کار، کاغەزەکانی داواکردنی ناردنی کەلوپەل یان بەرهەمێک، فاکتۆر و ڕەسید و وەسڵەکان بە زمانی فەڕەنسی دەنووسرێن.

٥٨. نووسراوی سەر تابلۆکان کە ڕوویان لە خەڵکە یان بۆ ڕێکلام دەبێ بە زمانی فەڕەنسی بن.

تابلۆ و ڕیکلامەکان دەتوانن هاوکات بە زمانی فەڕەنسی و زمانێکی دیکە بن بە مەرجێک کە نووسراوە فەڕەنسییەکە بە ڕوونی باڵادەستیی هەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، حکومەت دەتوانێ بە ڕێنمایی هێندێک شوێن و حاڵەت و هەلومەرج دەستنیشان بکا کە لەواندا نووسراوە گشتییەکان و ڕێکلامی بازرگانی دەبێ تەنیا بە زمانی فەڕەنسی بن، یان دەکرێ بە فەڕەنسی و زمانێکی تر بن بەبێ باڵادەستیی فەڕەنسی یان دەتوانن تەنیا بە زمانێکی جیاواز لە فەڕەنسی بن.

٥٩. بەندی ٥٨ ئەو ڕێکلامانە ناگرێتەوە کە ئەو ڕۆژنامانە بڵاویان دەکەنەوە کە بە زمانێکی جیاواز لە فەڕەنسی دەردەچن، هەروەها پەیامە ئایینی و سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکان یان مرۆڤدۆستییەکانیش ناگرێتەوە بەمەرجێک ئەو پەیامانە هیچ ئامانجێکی سوودپەرستانەیان نەبێ.

٦٠. ناوی کۆمپانیاکان دەبێ زمانی فەڕەنسی بێ.

[...]

٦٨. لەپاڵ ناوە فەڕەنسییەکەدا دەکرێ ناوی کۆمپانیاکە بە زمانێکی دیکەش بنووسرێ بەمەرجێک کە لە کاتی بەکاربردندا زەقبوونی ناوە فەڕەنسییەکە لانی کەم هاوئاستی ناوەکە بە زمانەکەی تر بێ.

[...]

٧٠. ئەو خزمەتگوزارییانەی تەندروستی و پێڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتی کە پێش ٢٦ ی ئاگۆستی ١٩٧٧ ناویان لێ نراوە و ناوەکەیان فەڕەنسی نییە دەتوانن بەردەوام بن لەسەر بەکاربردنی ئەو ناوەیان بەمەرجێک ناوەکەیان بە فەڕەنسیشی پێوە زیاد بکەن.

٧١. ئەو ڕێکخراوانەی مەبەستی سوودی ئابوورییان نییە و تایبەتن بە گەشەکردنی کولتووریی گرووپێکی ئێتنیکیی تایبەتی یان داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی تایبەت بەو گرووپە دەتوانن لە زمانی تایبەت بەو گرووپەدا ناو لە ڕێکخراوەکەیان بنێن بەمەرجێک کە ناوەکە بەفەڕەنسیشی بۆ دابنێن.

**فەسڵی هەشتەم: زمانی خوێندن**

٧٢. خوێندن لە پۆلەکانی پێش سەرەتایی و سەرەتایی و ناوەندی بە زمانی فەڕەنسییە جگە لەو ڕیزپەڕ (ئیستسنا)یانەی لەم فەسڵەدا هاتوون.

ئەم بەندە هەموو ئەو دامەزراوە قوتابخانەییانە دەگرێتەوە کە لە دەقی هاوپێچدا پێناسە کراوە و هەموو ئەو دامەزراوە مۆڵەت پێدراوانەی خوێندنی تایبەتی (ئەهلی/خسووسی) دەگرێتەوە کە مۆڵەتی وەرگرتنی پشتگیریی دارایی دەوڵەتییان وەرگرتووە بەپێی یاسای خوێندنی ئەهلی.

[...]

ئەم بەندە پێشگیری لە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی ناکا بە مەبەستی هاندانی فێربوونی بەپێی ئەو مەرجانەی حکومەت لە ڕێنمایی سیستمی پەروەردەییدا بەپێی بەندی ٤٤٧ ی یاسای پەروەردەی گشتیی دایناون.

٧٣. لەسەر داوای دایک و باوکیان ئەو منداڵانەی خوارەوە دەتوانن بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن:

١/ئەو منالانەی باوک یان دایکیان هاووڵاتیی کەنەدییە و خوێندنی سەرەتایی ئەوان لە کانادا بە زمانی ئینگلیزی بووبێ، بەمەرجێک کە بەشی زۆری خوێندنی سەرەتایی لە کانادا خوێندن بە ئینگلیزی بووبێ.

٢/ئەو منالانەی باوک یان دایکیان هاووڵاتیی کەنەدییە و منالەکان خوێندنی سەرەتایی یان ناوەندییان لە کانادا بە زمانی ئینگلیزی بووە، بەشی زۆری خوێندنی سەرەتایی یان ناوەندییان لە کانادا بە ئینگلیزی بووبێ. خوشک و برای ئەو منداڵانەش دەتوانن لەو بەندە سوودمەند بن.

[...]

٢/٧٨. [...]

بەڕێوەبردنی هەر دامەزراوێکی خوێندنی تایبەتی کە بەشێوەی سەرەکی مەبەستی ئەوە بێ کە یارمەتی بە منالانێک بکا کە مەرجەکانی وەرگیران لە قوتابخانەیەکی کۆمیسیۆنێکی قوتابخانەیی ئینگلیزی زمان یان دامەزراوێکی خوێندنی تایبەتی ئینگلیزی زمانیان کە پشتگیریی دارایی لە دەوڵەت وەربگرێ تێدا نییە، هەتا ئەو مەرجانەیان تێدا پێک بێ، قەدەغەیە.

٧٩. هیچ بنیاتێکی قوتابخانەیی کە پێشتر لە قوتابخانەکانیدا خوێندن بە زمانی ئینگلیزی نەبووە ناچار نییە خوێندن بە ئینگلیزی پێشکەش بکا،

بەدەسپێشخەریی خۆیشی ناتوانێ ئەو کارە بکا بەبێ مۆڵەتی تایبەتی و پێشووی وەزیری پەروەردە و سەرگەرمی و وەرزش.

[...]

٨٤. هیچ بڕوانامەیەکی کۆتایی خوێندنی ئامادەیی بە قوتابییەک نادرێ کە شارەزایەتی لە زمانی فەڕەنسی چ قسە کردن و چ نووسین لەو ئاستەدا نییە کە پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە و سەرگەرمی و وەرزش دایناوە.

٨٥. ئەو منداڵانەی بەشێوەی کاتی لە کێبێک دەمێننەوە دەتوانن لەسەر داوای دایک و باوکیان لە بڕگەی یەکەمی بەندی ٧٢ دەربخرێن و لەو حاڵەتانەدا و بەپێی ئەو مەرجانەی حکومەت بە ڕێنمایی دیاریان دەکا، دەتوانن لە ماوەی مانەوەیان لە کێبێکدا هەر بە ئینگلیزی درێژە بە خوێندن بدەن. ڕێنماییەکە پێویستە ماوەی ئەم دەرهاویشتنە و مەرجەکانی نوێکردنەوەی دیاری بکا.

٨٥,١. ئەگەر بارودۆخێکی سەختی خانەوادەگی یان ئینسانی پاساوی بدا، وەزیری پەروەردە و سەرگەرمی و وەرزش دەتوانێ لەسەر داوای پاساودراو و لەسەر ڕاسپاردەی کۆمیتەی تاقیکاری منداڵێک بۆ خوێندن بە زمانی ئینگلیزی قبووڵ بکا کە پێشتر وەرگرتنی لە خوێندنی ئینگلیزیدا لەلایەن کەسێک کە وەزارەت دیاریی کردبوو ڕەت کراوەتەوە.

[...]

٨٦. حکومەت دەتوانێ ڕێنمایی پەسند بکا بۆ فراوانکردنەوەی جێبەجێکردنی بەندی ٧٣ لەسەر ئەو کەسانەی ئەو بەندە مەبەستیەتی لە ڕێگای بەستنی لێکگەیشتنی وەک یەک کردن لەنێوان حکومەتی کێبێک و حکومەتی هەرێمێکی دیکەوە.

٨٦,١. جگە لەوەی لە بەندی ٧٣دا هاتووە، حکومەت دەتوانێ بە بڕیاری حکومەتی بەشێوەی گشتی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو منداڵانەی خوارەوە و لەسەر داوای دایک و باوکیان ڕێگە پێ بدا:

ئەلف. ئەو منداڵانەی دایک یا باوکیان بەشی زۆری خوێندنی سەرەتایی بە ئینگلیزی خوێندووە لە جێیەکی دیکەی کانادا و پێش ئەوەی ماڵیان بێتە کێبێک لە یەکێک لەو هەرێم و سەرزەمینانەدا دەژیا کە حکومەت لە

بڕیارەکەیدا دیاریی دەکا و هەرێم یا سەرزەمینێکن کە حکومەتی کێبێک لەو باوەڕەدایە کە خزمەتگوزارییەکانی خوێندن بە زمانی فەرەنسی بۆ فەرەنسی زمانەکان لەوێ هاوشێوەی ئەو خزمەتگوزارییەن کە لە کێبێک بۆ خوێندن بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی ئینگلیزی زمانەکان دەکرێ؛

ب. ئەو منالانەی دایک یان باوکیان دێن لە کێبێک بژین و لە کاتی دوایین ساڵی خوێندنی قوتابخانەیان یان لە سەرەتای ساڵی ئێستای خوێندنی قوتابخانەوە، خوێندنی سەرەتاییان لە هەرێم یان سەرزەمینێکدا کە حکومەت لە بڕیارەکەیدا دیاری دەکا بە ئینگلیزی بووە؛

ج. خوشک و برای بچووکتری ئەو منالانەی لە بڕگەکانی ئەلف و ب دا ئاماژەی پێ کراوە؛

[...]

٨٧. هیچ شتێک لەم یاسایەدا بەر لەوە ناگرێ کە زمانێکی "ئەمەرەندی" لە خوێندنی ئەمەرەندییەکاندا و زمانی "ئینوکتیتوت" لە خوێندنی ئینویتەکاندا بەکار بێ.

٨٨. [...] لە قوتابخانەکانی سەر بە کۆمیسیۆنی قوتابخانەکانی "کری" و کۆمیسیۆنی قوتابخانەکانی "کاتیڤیک"دا، بەپێی یاسای پەروەردەی گشتیی تایبەت بە خەڵکانی خۆجێیی کری و ئینویت و ناسکاپیس (فەسڵی ١,٤)، زمانەکانی خوێندن بریتین لە کری و ئینکتیتوت و هەروەها ئەو زمانانەی تری خوێندن کە لەنێو کۆمەڵگەکانی کری و ئینویتی کێبێکدا بەکار دێن [...] کۆمیسیۆنی قوتابخانەکانی کری و کۆمیسیۆنی قوتابخانەکانی کاتیڤیک بەکاربردنی فەرەنسی وەک زمانی خوێندن دەکەنە ئامانجی خۆیان بۆ ئەوەی دەرەتانی ئەوە بە خاوەن بڕوانامەکانی قوتابخانەکانیان پێک بێنن کە ئەگەر بۆخۆیان حەز بکەن لە قوتابخانە و دواناوەندی و زانکۆکانی کێبێکدا بە فەرەنسی درێژە بە خوێندن بدەن.

[...]

**بەشی دووەم: پرۆسەی بەرەسمی کردنی زمان، تۆپۆنیمی (ناوی شوێنەکان) و بەفەرەنسی کردن**

[...]

**فەسڵی دووەم: بەڕەسمی کردنی زمان**

١١٦. وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگاکانی حکومەت دەتوانن کۆمیتەی زمانی لەنێو خۆیاندا پێک بێنن و بۆخۆیان پێکهاتە و کارکردیان دیاری بکەن.

ئەم کۆمیتانە لەو بوارانەدا کە پێیان سپێردراوە بۆشاییەکانی زمان لەبواری زاراوەکاندا و ئەو دەربڕین و وشە و دەستەواژانەی کێشە ساز دەکەن، دەستنیشان دەکەن. کۆمیتەکان ئەو وشە و زاراوانەی پێیان باشە لە شوێنیان بەکار بێ، بە کۆمیتەی بەڕەسمی کردنی زمان ڕادەگەیەنن. کۆمیتەی بەڕەسمی کردنی زمان دەتوانێ بۆ ئۆفیسی کێبێکیی زمانی فەڕەنسییان بنێرێ بۆ ئەوەی ئۆفیس لەبارەیانەوە بڕیاری بەستانداردکردنیان بدا یان لە بارەیانەوە ڕاسپاردە پەسند بکا.

ئەگەر وەزارەتێک یان دامەزراوێک بۆخۆی کۆمیتەی زمانەوانی دانەنێ، ئۆفیس دەتوانێ لەسەر پێشنیازی کۆمیتەی بەڕەسمی کردنی زمان بەفەرمی داوا لە وەزارەت یان دامەزراوەکە بکا کە ئەو کۆمیتەیە دابمەزرێنێ.

١١٦. ئۆفیسی کێبێکیی زمانی فەڕەنسی دەتوانێ، لەسەر پێشنیازی کۆمیتەی بەڕەسمی کردنی زمان، بەکاربردنی وشە و زاراوەکان بەبڕیار ستاندارد بکا یان پێشنیازی بەکاربردنیان بکا. بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی لایەنە پێوەندیدارەکان، کۆمیتە ئەو وشە و زاراوانە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی کێبێکدا بڵاو دەکاتەوە.

١١٨. یەکسەر پاش بڵاوبوونەوەی وشە و زاراوە ستانداردکراوەکان لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی کێبێکدا، بەکاربردنیان لە دەق و دۆکومێنت و نووسراوە هەڵواسراوەکانی دامودەزگاکانی حکومەت و گرێبەستەکانیان و ئەو کتێبانەی خوێندن و ڕاهێنان و توێژینەوە کە بە فەڕەنسی لە کێبێک چاپ دەبن دەبێتە ئیجبار.

**فەسڵی سێهەم: کۆمیسیۆنی تۆپۆنیمی (ناوی شوێنەکان)**

١٢٢. کۆمیسیۆنێکی تۆپۆنیمی دادەمەزرێ و لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە سەر بە ئۆفیسی کێبێکیی زمانی فەڕەنسی دەبێ.

[...]

١٢٤. سەلاحییەتەکانی کۆمیسیۆن بریتین لە پێشنیازکردنی پێوانەکانی هەڵبژاردنی ناوی تەواوی شوێنەکان و ڕێساکانی نووسینی ئەو ناوی شوێنانە بە حکومەت و بڕیاردان لەسەر ناوی ئەو شوێنانە کە هێشتا ناویان لێ نەنراوە و پەسندکردنی هەموو گۆڕانکارییەک کە لە ناوی شوێنەکاندا پێک بێ.

حکومەت دەتوانێ لە ڕێگای بڕیاری حکومەتییەوە پێوانەکانی هەڵبژاردنی ناوی شوێنەکان و ڕێساکانی نووسین کە دەبێ لە بواری تۆپۆنیمیدا وەبەرچاو بگیرێن و مێتۆدی بەکارهاتوو لە ناولێنانی شوێنەکان و بەپەسند گەیاندنی ناوی شوێنەکان دیاری بکا.

[...]

**فەسڵی چوارەم: بەفەڕەنسی کردنی دامودەزگاکانی حکومەت**

١٣١. هەر دامەزراو و دامودەزگایەکی حکومەتی لەسەریەتی ئەوپەڕی تا ١٨٠ ڕۆژ پاش دەسپێکی کارەکانی ڕاپۆرتێک پێشکەش بۆ ئۆفیسی [کێبکیی زمانی فەڕەنسی] بکا کە بارودۆخی دامودەزگاکەی لەڕووی زمانییەوە بەڕوونی تێدا شی کرابێتەوە و هەموو ئەو هەنگاوانەشی تێدا خرابێتە ڕوو کە دامودەزگاکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم یاسایە هەڵیهێناونەوە یا بەنیازە هەڵیانبێنێتەوە.

[...]

١٣٢. ئەگەر ئۆفیس هەنگاوە هەڵگیراو یا بەرنامەبۆدارێژراوەکان بە وەڵامدەر نەزانێ، پێویستە دەرەتانی ئەوە بە دامودەزگا پێوەندیدارەکە بدا کە بۆچوون و تێبینییەکانی خۆی و هەر جۆرە دۆکومێنت و زانیارییەک کە ئۆفیس بە پێویستی بزانێ، بە ئۆفیس بگەیەنێ.

ئۆفیس بەپێی پێویست ئەو هەنگاوە چاکسازییانە بە دامودەزگاکە ڕادەگەیەنێ کە پێویستە هەڵبێنرێنەوە.

هەر دامودەزگایەک کە ڕاسپاردەکانی ئۆفیس لەبواری هەنگاوە تەواوکەرەکاندا قبووڵ نەکا، ئەم کارەی بە جورم دادەنرێ.

[...]

**فەسڵی پێنجەم: بەفەرەنسی کردنی کۆمپانیاکان [بە کۆمپانیاکانی بەرژەوەندیی گشتیشەوە]**

[...]

١٣٦. هەر کۆمپانیایەک کە سەت کارمەند یان زیاتری هەبێ دەبێ کۆمیتەیەکی بەفەرەنسی کردن دابمەزرێنێ کە لانی کەم لە سێ کەس پێکهاتبێ.
کۆمیتەی بەفەرەنسی کردن بارودۆخی زمانیی کۆمپانیاکە هەڵدەسەنگێنێ و راپۆرتێکی لەسەر ئامادە دەکا کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیاکەوە دەگاتەوە ئۆفیس[ی کێبێکیی زمانی فەرەنسی]. ئەگەر پێویست بوو، ئەو کۆمیتەیە دەبێ پرۆگرامێکی بەفەرەنسی کردنی کۆمپانیاکە ئامادە بکا و چاوەدێریی جێبەجێکردنیشی بکا. دوای ئەوەی بڕوانامەی بەفەرەنسی کرانی کۆمپانیاکە درا بەو کۆمپانیایە، کۆمیتەکە دەبێ هەوڵ بدا کە بەکاربردنی زمانی فەرەنسی لە هەموو ئاستەکانی کۆمپانیاکەدا بەگشتی بمێنێتەوە.

[...]

١٣٩. هەر کۆمپانیایەک کە بۆ ماوەی شەش مانگ پەنجا کارمەند یان زیاتر دەکار وەربدا، لە شەش مانگی کۆتایی ئەم ماوەیەدا دەبێ خۆی لەلای ئۆفیس[ی کێبێکیی زمانی فەرەنسی] تۆمار بکا. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمپانیاکە دەبێ ئۆفیس لە ژمارەی ئەو کەسانەی کاری بۆ دەکەن ئاگادار بکاتەوە و هەروەها زانیاریی گشتی لەبارەی پێکهاتەی یاسایی و کارکردی و سروشتی چالاکییەکانی خۆی بدا بە ئۆفیس.

[...]

لەکاتی تۆمارکرانی کۆمپانیاکەوە لەلای ئۆفیس، کۆمپانیاکە شەش مانگی کات هەیە بۆ ئەوەیە هەڵسەنگاندنێکی بارودۆخی زمانی لە کۆمپانیاکەدا بە ئۆفیس بگەیەنێ.

١٤٠. ئەگەر هات و ئۆفیس، پاش تاوتوێکردنی بارودۆخی زمانیی کۆمپانیاکە، پێی وابوو کە بەکاربردنی فەرەنسی لە هەموو ئاستەکانی کۆمپانیاکەدا بەگشتی کراوە [...]، ئۆفیس بڕوانامەی بەفەرەنسی کران دەداتە کۆمپانیاکە. بەڵام ئەگەر هات و ئۆفیس پێی وابوو کە بەکاربردنی زمانی فەرەنسی هەموو ئاستەکانی کۆمپانیاکەی نەگرتۆتەوە، کۆمپانیاکە ئاگادار دەکاتەوە

که پرۆگرامێکی بەفەرەنسی کردن پەسند بکا. ئۆفیس هەروەها دەتوانێ لەو حاڵەتانەدا کە کۆمپانیاکانی ئاماژە پێکراو لە بەندی ١٣٩ دا بگرێتەوە، فەرمانی دروستکردنی کۆمیتەیەکی بەفەرەنسی کردن بدا [...]

پرۆگرامی بەفەرەنسی کردنەکە دەبێ لە ماوەی شەش مانگی پاش گەیشتنی ئاگادارکردنەوەکەی ئۆفیس بە کۆمپانیاکە بە ئۆفیس بگەیەنرێتەوە. ئۆفیس بڕیار لەسەر پەسندکردنی پرۆگرامەکە دەدا.

[...]

١٤٢. پرۆگرامەکانی بەفەرەنسی کردن دەبێ ئەم فاکتەرانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

١/ بارودۆخی ئەو کەسانەی لە خانەنشین کران نزیکن یان ڕابردوویەکی زۆر درێژیان لەنێو کۆمپانیاکەدا هەیە؛

٢/ پێوەندییەکانی کۆمپانیاکە لەگەڵ دەرەوە؛

٣/ حاڵەتی تایبەتیی ئەو بنکە و ناوەندانەی لێکۆڵینەوە کە کۆمپانیاگەلێک لە کێبێک کردوویاننەوە کە چالاکییەکانیان لە دەرەوەی کێبێکیشە؛

٤/ دۆخی تایبەتیی یەکەکانی بەرهەمهێنانی ئەو کۆمپانیایانەی بەرهەمی کولتووری بە ناوەڕۆکێکی زمانیی [جیاواز لە زمانی فەرەنسی] بەرهەم دێنن.

٥/ ئەو بوار و کەرتەی کۆمپانیاکە کاری تێدا دەکا.

١٤٣. ئۆفیس[ی کێبێکیی زمانی فەرەنسی] پاش ئەوەی پرۆگرامی بەفەرەنسی کردنی کۆمپانیایەکی پەسند کرد، بڕوانامەی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەی دەداتێ.

[...]

کۆمپانیاکە لەسەریەتی بەرێکوپێکی سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە ڕاپۆرت بداتەوە بە ئۆفیس، ماوەی نێوان دانەوەی ڕاپۆرتەکان بۆ ئەو کۆمپانیایانەی لانی کەم سەت کارمەندیان هەیە بیست و چوار مانگ و بۆ ئەو کۆمپانیاناش لە سەت کارمەند و زیاتریان هەیە دوازدە مانگە.

[...]

١٤٦. هەر کۆمپانیایەک کە بڕوانامەی بەفەرەنسی کردنی لەلایەن ئۆفیسەوە پێدرابێ، لەسەریەتی کە هەوڵ بدا بەکاربردنی زمانی فەرەنسی لە هەموو

بەش و ئاستەکانیدا بەگشتی بمێنێتەوە.
کۆمپانیاکە لەسەریەتی هەموو سێ ساڵ جارێک ڕاپۆرتێک لەسەر چوونەپێشی بارودۆخی زمانیی کۆمپانیاکە بداتەوە بە ئۆفیس.
١٤٧. ئۆفیس دەتوانێ بڕوانامەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی بەفەرەنسی کردن یان بڕوانامەی بەفەرەنسی کردنی هەر کۆمپانیایەک ڕەت بکاتەوە، ڕایگرێ یان هەڵیوەشێنێتەوە ئەگەر بێت و کۆمپانیاکە ئەو ئەرک و ئیلزاماتەی بەپێی ئەم یاسایە و بڕیار و ڕێنماییە پێوەندیدارەکانی لەسەریەتی جێبەجێ نەکا.
١٤٨. حکومەت دەتوانێ بە بڕیاری حکومەتی ڕێوشوێنی پێدان، ڕاگرتن و لێئەستاندنەوەی بڕوانامەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی بەفەرەنسی کردن و بڕوانامەی بەفەرەنسی کردن دیاری بکا. [...]

[...]

١٥١. بەپەسندی ئەو وەزارەتەی دیاری دەکرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، ئۆفیس دەتوانێ پاش بڵاوکردنەوەی ئاگاداری لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی کێبێکدا داوا بکا کە کۆمپانیایەک کە کەمتر لە پەنجا کارمەندی هەبێ بارودۆخی زمانیی خۆی هەڵسەنگێنێ و پرۆگرامێکی بەفەرەنسی کردن ئامادە و جێبەجێ بکا.

[...]

١٥٣. ئۆفیس دەتوانێ بۆ ماوەیەک کە بۆخۆی دیاریی دەکا هێندێک کۆمپانیا لە جێبەجێکردنی هێندێک لە بەندەکانی ئەم یاسایە یان بڕیارێکی حکومەتیی پێوەندیدار مەعاف بکا. [...]

**بەشی سێهەم: ئۆفیسی کێبێکیی زمانی فەرەنسی**

**فەسڵی یەکەم: دامەزران**

[...]

١٥٨.[...]

ئۆفیس بنکەیەکی لە کێبێک و بنکەیەکیشی لە مۆنتریال هەیە. دەتوانێ لە شوێنەکانی دیکەی کێبێکیش بنکە بکاتەوە.

**فەسڵی دووەم: ئەرک و دەسەڵاتەکان**

١٥٩. ئۆفیس سیاسەتی کێبێک لەبواری بەڕەسمی کردنی زمانی و زاراوەناسی و بەفەرەنسی کردنی دامودەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیاکاندا دیاری دەکا

و ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبا.
ئۆفیس هەروەها ئەرکی چاوەدێری کردن بەسەر جێبەجێ بوونی ئەم یاسایەی لەسەرشانە.

١٦٠. ئۆفیس چاوەدێری بەسەر چوونەپێشی بارودۆخی زمانەوانی لە کێبێکدا دەکا و لانی کەم هەر پێنج ساڵ جارێک ڕاپۆرتێکی دەداتەوە بە وەزارەت بەتایبەتی سەبارەت بە بەکاربردن و جێگە و پێگەی زمانی فەڕەنسی و ڕەفتار و هەڵوێستی گرووپە زمانییە جۆراوجۆرەکان.

١٦١. ئۆفیس هەوڵ دەدا فەڕەنسی زمانی سەرەکیی و ئاسایی کار و پێوەندییەکان و بازرگانی و بیزنس لە دامودەزگا و کۆمپانیاکاندا بێ. ئۆفیس دەتوانێ هەر هەنگاوێکی گونجاو هەڵبێنێتەوە بۆ ئەوەی پەرە بە زمانی فەڕەنسی بدرێ.
ئۆفیس یارمەتیی دارشتنی ئەو پرۆگرامانەی بەفەڕەنسی کردن دەدا کە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێ کراوە و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیشیان دەکا.

١٦٢. ئۆفیس دەتوانێ [لەبواری زمانی فەڕەنسیدا] یارمەتی بە دامودەزگاکانی حکومەت و دامودەزگا نیوە حکومییەکان و کۆمپانیا و ئەنجومەن و ڕێکخراوەکان و کەسەکان بکا و سەبارەت بە چاکسازی و دەوڵەمەند بوونی زمانی فەڕەنسیی نووسراو و قسە پێکراو لە کێبێک ئاگاداریان بکاتەوە.
ئۆفیس هەروەها دەتوانێ تێبینی و پێشنیازی [لایەنەکان و خەڵک] سەبارەت بە کوالیتیی زمانی فەڕەنسی و ئاستەنگەکانی سەر جێبەجێکردنی ئەم یاسایە وەربگرێ و بە ڕاپۆرت بیانداتەوە بە وەزارەت.

١٦٣. ئۆفیس پرۆگرامەکانی توێژینەوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دادەڕێژێ.[...]

١٦٤. ئۆفیس دەتوانێ لەگەڵ هەر کەس و دامەزراوێک ڕێککەوتن مۆر بکا و بەشداری لە پرۆژەی هاوبەشدا بکا.
ئۆفیس بۆی هەیە کە بەپێی یاسا لێکگەیشتن لەگەڵ حکومەتێک لە دەرەوەی هەرێمی کێبێک، لەگەڵ یەکێک لە وەزارەتەکانی، لەگەڵ ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی یان دامەزراوێکی سەر بەو حکومەت و ڕێکخراوە ببەستێ.

**بەشی سێهەم: پشکنین و لێکۆڵینەوە**

١٦٦. ئۆفیس[ی کێبێکیی زمانی فەڕەنسی] دەتوانێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە پشکنین و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدا.
١٦٧. ئۆفیس بە دەسپێشخەریی خۆی ئەم کارە دەکا، یان پاش ئەوەی سکاڵای پێ دەگا.

[...]

١٦٨. هەموو سکاڵایەک پێویستە بەشێوەی نووسراو تۆمار بکرێ و دەبێ هۆکارەکانی سکاڵاکە و ناسنامەی سکاڵاکاری بەڕوونی تێدا بێ. ئۆفیس بۆ دارشتنی سکاڵانامەکە یارمەتیی سکاڵاکار دەکا.

[...]

١٧٤. ئەو کەسەی بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە پشکنین ئەنجام دەدا، دەتوانێ لە سەعاتە مەعقوولەکانی ئیشدا بچێتە نێو هەموو شوێنێک کە بۆ خەڵک ڕێگەپێدراو بێ. ئەو بەتایبەتی دەتوانێ لە هەر کەلوپەل و دۆکومێنتێک ورد بێتەوە و کۆپییان لێ هەڵگرێتەوە. ئەو هەروەها لە سەردانەکانیدا دەتوانێ داوای هەر جۆرە زانیارییەکی پێوەندیدار بە پشکنینەکە بکا.
١٧٥. ئۆفیس لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەم فەسڵەدا دەتوانێ داوا لە هەر کەسێک بکا کە لە ماوەیەکدا کە بۆی دیاری دەکا هەر چەشنە دۆکومێنت و زانیارییەکی پێویستی بداتێ.
١٧٦. هیچ کەس بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا پێش بە کارەکانی ئۆفیس یان کەسێک کە ئۆفیس دیاریی کردبێ بگرێ، یان بە بێدەنگی و شایەتیدانی هەڵەوە تووشی هەڵەیان بکا یان خۆ لە دانی ئەو دۆکومێنت و زانیارییانەی ئۆفیس بۆی هەیە وەریانگرێ، بدزێتەوە.
١٧٧. کاتێک ئۆفیس بەو ئاکامە دەگا کە سەرپێچی لەم یاسایە یان لە ڕێنماییەکانی پەسندکراو بۆ جێبەجێکردنی کراوە، لەسەر کەسی سەرپێچیکار دەکا کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆتایی بە سەرپێچییەکە بێنێ. ئەگەر هات و سەرپێچیکار لەسەر سەرپێچییەکەی بەردەوام بوو، ئۆفیس دۆسیەکەی دەداتە بەڕێوەبەری تەعقیبە جینایی و تاوانکارییەکان بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بوو لێپێچینەوەی تاوانکاریی گونجاوی لێ بکا.

[...]

**بەشی چوارەم: ئەنجومەنی باڵای زمانی فەڕەنسی**

[...]

١٨٧. ئەرکی ئەنجومەن ئەوەیە کە ڕاوێژ بداتە وەزیری بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بۆ هەر پرسێکی پێوەندیدار بە زمانی فەڕەنسی لە کێبێک.

بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەن دەتوانێ:

١/ بۆچوونی خۆی سەبارەت بە هەر پرسێک کە وەزیر دەیخاتە بەردەمی پێ بداتەوە.

٢/ هەر پرسێک کە ئەنجومەن بە پێویستی بزانێ سەرنجی حکومەتی بۆ ڕابکێشێ بخاتە بەردەم وەزیر.

١٨٨. ئەنجومەن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەتوانێ:

١/ تێبینییەکانی هەر کەس و گرووپێک گوێ لێ بگرێ و وەریانگرێ.

٢/ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجام بدا یان بە ئەنجام بگەیەنێ.

ئۆفیس هەروەها دەتوانێ خەڵک لە هەر پرسێکی پێوەندیدار بە زمانی فەڕەنسی لە کێبێک ئاگادار بکاتەوە.

[...]

**بەشی پێنجەم: بەندە تاوانکارییەکان و سزاکان**

٢٠٥. هەر کەس و لایەنێک کە بەندەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییە پێوەندیدارەکانی پێشێل بکا، سەرپێچییەک ئەنجام دەدا کە سزاکەی بەشێوەی خوارەوەیە:

ئەلف. ئەگەر سەرپێچیکار کەسێکی سروشتی بێ، جەریمەیەک کە لانی کەم دەبێ ٦٠٠ دۆلار و لانی زۆر ٦٠٠٠ دۆلار بێ.

بێ. ئەگەر سەرپێچیکار کەسێکی مەعنەوی بێ، جەریمەیەک کە نابێ لە ١٥٠٠ دۆلار کەمتر بێ و نابێ لە ٢٠٠٠٠ دۆڵار زیاتر بێ.

لەحاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچیدا، جەریمەکە دوو چەندان دەبێ.

[...]

٢٠٧. دادستانی گشتی، بەڕێوەبەری تەعقیبە جینایی و تاوانکارییەکان یان هەر کەسێک کە ئەوان ڕایانسپاردبێ تەعقیبە جیناییەکانی ئاماژەپێکراو لەم یاسایەدا ئەنجام دەدەن. دادستانی گشتی شکایەتەکانی تری پێویست بۆ بەجێگەیاندنی ئەم یاسایە ئەنجام دەدا.

٢٠٨. دادگایەکی دادوەریی مەدەنی دەتوانی لەسەر داوای دادستانی گشتی فەرمان بدا کە لە ماوەی هەشت ڕۆژی پاش دەرچوونی بڕیاری دادگادا هەر جۆرە ئاگاداری و ئەفیش و تابلۆی ڕێکلام و تابلۆی سەر فرۆشگاکە لەگەڵ بەندەکانی ئەم یاسایە پێشێل بکەن، لەسەر ئەرک و تێچووی خاوەنەکان لەنێو ببردرێن.
داواکارییەک دەکرێ بەدژی خاوەنی کەلوپەلی ڕێکلام یان هەر کەسێکیش بێ کە ئەفیش و ئاگاداری و تابلۆیەکانی هەڵواسیوە.

٢٠٨. هەر کەسێک کە بە سەرپێچیکاری بەندەکانی ٧٨،١ و ٧٨،٢ ڕابگەیەنرێ، بۆی نییە وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی قوتابخانەکان بمێنێتەوە.
ئەم سزایە لە ڕۆژی یەکجاری بوونی بڕیاری دادگا کە تاوانبارییەکە ڕادەگەیەنێ پێنج ساڵ دەخایەنێ.

[...]

٢٠٨. [...] پاش دەرچوونی بڕیاری دادگا، بەڕێوەبەری تەعقیبە جینایی و تاوانکارییەکان بە نووسین دامەزراوە پەروەردەییەکە ئاگادار دەکاتەوە.
پاش گەیشتنی ئاگادارکردنەوەکە، دامەزراوەکە یەکسەر دەبێ کەسەکە بۆ ماوەی شەش مانگ بەبێ مووچە هەڵپەسێرێ.

٢٠٨. کەسێک کە کارێک دەکا یان خۆ لە ئەنجامدانی کارێک دەبوێرێ بۆ ئەوەی لە پێشێلکردنی بەندێکی ئەم یاسایە یان ڕێنماییە پێوەندیدارەکاندا یارمەتیی کەسێکی تر بکا یان بۆ پێشێلکارییەکە ڕاوێژی دەداتێ و هانی دەدا، ئەویش سەرپێچییەک ئەنجام دەدا.

# زمانپارێزی

ئەم بابەتانەی لە دووتۆی ئەم کتێبەدا، خوێندووتانەوە، پێشتر هەندێکیان لە کۆنگرە و سیمینار و کۆڕ لە ئەکادیمیای کوردی و لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لە زانکۆی کۆیە و لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکێش کراون و بەشێکی دیکەشیان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان (هزر و ئەکادیمیای کوردی و K٢١ و یاساپارێزیو زمانناسیو پارێزەرو پەرلەمانتارو دادو، ئاڵای ئازادی، نووسەری نوێو هزری یاساییو هەولێرو کوردستانی نوێ و ئاسۆو... هتد) بڵاوکراونەتەوە، دواتر پێیاندا چوومەتەوە و بەزانیاری نوێ تۆکمەترم کردوون، هەندێکی تریان بڵاونەکراوەتەوە، بۆ پێزانین لەم بوارەدا سەرچاوە نەک بەزمانی کوردی دەگمەنە، بەڵکو بەزمانی عەرەبیش زۆر کەمە، بۆیە بەپێویستمان زانی داوا لەو یاساناسانە بکەین کە زمانی بیانی دەزانن لەم بارەوە بابەتمان لە زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئیسپانیو ئەڵمانی بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، بۆ پێزانین ئاماژەمان بەناوی وەرگێڕ داوە کە لە چ زمانێکەوە وەریانگێڕاوە، ئەم بەرهەمە ڕەنجی بیست ساڵمە لە بەدواداچوون، هەوڵمانداوە لە ئەنتەرنێتو هەر سەرچاوەیەک بەرچاومان کەوتبێ پەیدای بکەینو هەروەها گەڕانو سووڕان جگە لە کتێبخانەکانی کوردستان، ئەوا سەردانی هەر وڵاتێکم کردبێ، کتێبخانەکانم بەسەر کردۆتەوەو پەیوەندیم بەشارەزاو پسپۆڕو لێزانانیش لەم بارەوە کردووە، لەبەر ئەوە ئەم بەرهەمە زۆر لایەنی ژیانمان دەگرێتەوە، بۆیە دەبوایە بەشێکی زۆر ماستەرنامەو دکتۆرانامە لەم بارەوە وەربگیرایەو هەروەها سەرجەم ئەو کتێبانەی لەم بارەوە نووسراون وەرگێڕابوان، چونکە بەبەر چاوی هەموومان زمانی کوردی بەرەو پەراوێزو فەرامۆشو قەدەغەکردن دەچێ، ئەمەش نیشانەی زەقی (خەمساردیو بێباکیو کەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەکانە)، لەبەر ئەوەی سیاسەتی زمان بوونی نەتەوە دەچەسپێنێت و بەڵام لەخوێندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی لایەنەکانی عیلمانی و نەتەوەیی و ئیسلامی، هیچ کامیان سیاسەتی زمانی نییەو لە پەرلەمانیش فراکسیۆنی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن گرنگییان پێنەداوە، دەنا ئەو پرۆژە یاسای زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان هەیەو ئەوان دەبوایە کێبڕکێیان لەسەر بکردایە تاکو دەربچێ، بەڵام ئێمە سارد نابینەوە چونکە بەئەرکی وڵاتپارێزیی خۆمانی دەزانینو زانیومانە.

## پرۆفایلی پارێزەر/ تاریق جامباز

*- لەدایکبووی پارێزگای هەولێر ١٩٤٨.
- دەرچووی کۆلیژی یاسا.
- بیست ساڵە لە بواری بەکارهێنانی زمان لە هەموو بوارەکانیدا دەنووسێ.
- جەخت لەسەر دەرخستنی ناسنامەی نەتەوەکەی دەکا.
- ئەندامی خولی یەکەمو دووەمی پەرلەمانی کوردستان.
- ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی

(أ)

١- محەمەدو سێوێو سورمێ خانو قورشیدی چاو بە خار (دوو تراژیدی فۆلکلۆری کوردی)، ١٩٨٣.
٢- تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی، ١٩٨٦.
٣- چل کەزی، ١٩٩٠.
٤- هەفتەنامەی گۆڤار (هەفتەنامەیەکی حزبی «هیوا») لە هەولێر، ١٩٩٨.
٥- مراسيم وقرارات مجلس قيادة الثورة (١٩٦٣- ٢٠٠٣) المتعلقة بكوردستان، ٢٠٠٤. (دوو جار چاپ کراوە)
٦- التطهير العرقي (تغير القومية) للكورد والتركمان في كركوك، ٢٠٠٤. (نۆ جار چاپ کراوە)
٧- زمانە فەرمییەکان لە دەستووری وڵاتە فیدرالییەکان، ٢٠٠٥.
٨- القانوني هادي الچاوشلي، مواقف كوردية مجهولة، ٢٠٠٥.
٩- حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، ٢٠٠٥.
١٠- اماكن العبادة المدمرة للمسلمين والمسيحيين والايزيديين للفترة ما قبل عمليات الانفال السيئة الصيت وامتدادا لما بعدها في كوردستان- العراق،

.٢٠٠٦
١١- پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان، ٢٠٠٧.
١٢- اعضاء برلمان الدورة الثانية لبرلمان كوردستان- العراق، ٢٠٠٨.
١٣- من ابادة اللغات الى قانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادي، ٢٠٠٨.
١٤- اوراق فيدرالية من كوردستان- العراق، ٢٠٠٨.
١٥- ليال كوردية في الف ليلة وليلة مع كتابات أخرى، ٢٠٠٨.
١٦- له ناودارانی دەڤەری سۆران: شێخ كاك ئەمینی سەران (١٨٧٤- ١٩٤٠)، ٢٠٠٩.
١٧- پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) پرسیاربارانی حكومەت دەكەن، ٢٠٠٩.
١٨- ضحايا عمليات الانفال ١٩٨٨ من المسيحيين والايزيديين، ٢٠٠٩. (دوو جار چاپ كراوه).
١٩- بەشێک لەوانەی پارێزەرایەتییان له هەولێر كردووه -٢٠١٣.
20- KERKUK›TE KURT VE TURKMN SOYKIRIMI (KIMLIK DEGISTIRME) 2009.
21- ETHNIC CIEANSING (KURDS AND TURKANS) FORCED TO CHANGE THIR NATIONAL IDENTITRS IN KIRKUK TRANSLATED FROM ARABC BY: MATII D. KHAMMD, SAMI M.SHEIKO.2009.
22- KERDISTANDA ETNIK VE DINI HAKLAR, TARIK CHAMBAZ, 2011.

(ب)

١- عمليات الانفال لعام ١٩٨٨ في كوردستان- العراق جريمة العصر المنسية (موثوقة بقوائم اسماء الاطفال والنساء) الجزء الاول مع نهلة محمد، ٢٠٠٤.
٢- شذرات من واقع المرأه الكوردستانية خلال الاعوام ١٩٩٢- ٢٠٠٩، كوردستان العراق نموذجا، مع نهلة محمد. (پێنج جار چاپ كراوه)
٣- ئاماری دانیشتوانی قەڵای هەولێر ١٩٢٢ لەگەڵ نەژاد بەرزنجی، ٢٠٠٦.
٤- قەندیلۆكە، وەرگێڕان لەگەڵ عەباس محەمەد حسێن، ١٩٧٩.
٥- ڕەواندوز، شارەكەی پاشای گەورە لەگەڵ مەولود بێخاڵی ٢٠٠٦.
٦- اتفاقية السلام الشامل بين حكومة جمهورية السودان/ والحركة الشعبية لتحرير السودان، مع المحامي كريم محمد صوفي، ٢٠٠٥.
٧- نصوص دساتير الدول العربية، مع المحامي كريم محمد صوفي، ٢٠٠٥.

٨- مكافحة الفساد في الامم المتحدة وبعض الدول العربية (قوانين، اتفاقية، مشاريع) مع المحامي كريم محمد صوفي، ٢٠٠٦.

٩- كوردستان العراق وجنوب السودان من الحكم الذاتي الى الفيدرالية (دراسة قانونية مقارنة) مع الدكتورة ڕوژان دزەیی، ٢٠٠٨.

10- BITS FROM THE REALITY OF KURDISTAN WOMEN. (1992- 2004) IRAQ KURDISTAN AS AN EXAMPLE/ TARQ JAMBAZ & NAHLA MOHAMMED IRAQ KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY MPS.

١١- پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ نیعمەت عەبدوڵڵا، (٢٠٠٨).

١٢- کوردستانا عێراقیو باشووری سودانێ ژ ئۆتۆنۆمی بۆ فیدڕالیێ، خواندنەکا قانونی یا هەڤبەرکری لەگەڵ د. رۆژان دزەیی وەرگێڕانی ئیحسان ئامێدی (٢٠٠٨).

١٣- پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا، لەگەڵ نیعمەت عەبدوڵڵا (٢٠٠٩).

١٤- قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان، اعداد وترتيب (الاستاذ الدكتور جبار قادر والمحامي طارق جامباز)، ٢٠١٣.

(ج)

لەتەک ئامادەکردنی دەستووری (١٥) وڵاتانی فیدراڵو (٥) لە هەرێمەکانیانو (٢) بەرهەمی دیکەی لەبارەی زمانە فەرمییەکان لەوڵاتانی فرەزماندا بەچاپ گەیاندووە.

(د)

سەرنووسەری گۆڤاری یاساپارێزییە، گۆڤارێکی یاساییە بەزمانی کوردی دەردەچێت، و (١٨) پاشکۆی بەچاپ گەیاندووە.

(هـ)

دەیان لێکۆڵینەوەی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەزمانی کوردیو عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.

* * *

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| - دەستپێک | ٥ |
| - کوردانــدنی یاساو زمانی کوردی لە کوردستاندا | ١٢ |
| - زمان ناسنامە و بوونی نەتەوە دەسەلمێنێت | ٥٩ |
| - هەموو نەتەوەیەک پێویستی بە سیاسەتی زمان هەیە | ٨٠ |
| - خوێندن بە زمانی دایک سەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیە (هەرێمی کوردستان بە نموونە) | ١٠٤ |
| - مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان- خوێندن بە زمانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستاندا | ١٢٧ |
| - دەستپێکێک لە بارەی زمانپارێزی- سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا (١٩٩٢-٢٠٠٩) | ١٦٩ |
| -یاسای زمان-ناسنامەی نەتەوە دەپارێزێت | ٢٣٦ |
| - بۆچی پێویستیمان بە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە؟ | ٢٦٥ |
| - چۆن پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ئامادەکرا؟ | ٢٩٣ |
| - سیاسەتی زمان گیانی نەتەوە دەچەسپێنێت (هەرێمی کوردستان بە نموونە) | ٢٩٧ |
| - یاسای زمانی وێڵزی لە بریتانیادا | ٣١١ |
| - پێویستە هەر شاندێکی کوردستان دەچێتە دەرەوە، پێشتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بوارەکەدا بکات | ٣١٥ |
| -یاسای زمانە فەرمییەکان جینۆسایدی زمانەکان رادەگرێ | ٣١٧ |
| - زمانی کوردی لەنێوان مافخوراوی و زمانپارێزیدا | ٣١٩ |
| -لە دەستووری کۆماری عیراقدا (٢٠٠٥) بە زمانی کوردی ناوهێنانی سێ ئایین و نەتەوەیەک لە بیر کراوە؟ | ٣٢٢ |
| - بۆ ئەوەی زمانەکان یەکسان بن ئەوا پێویستیمان بە یاسای زمان هەیە | ٣٢٤ |
| -بۆچی دەبێ وانەی یاسای زمان لە زانکۆکانمان بخوێندرێ | ٣٢٦ |
| - دوای ١٦ ساڵ پێشنیازی ناوی زمانی فێرکردن (زمانی کوردی) لە یاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیدا ژ ٢٠٠٨/١٠ خرایە روو، و بڕیاری لەسەر درا | ٣٢٩ |
| - دوو پاشبەند | ٣٣١ |
| (١) ئۆتۆنۆمیی کاتالۆنیا (ئیسپانیا) یاسای سیاسەتی زمانەوانی- وەرگێڕانی لە ئیسپانییەوە پارێزەر /محەمەد کاکەیی | ٣٣٣ |
| (٢) میساقی زمانی فەرەنسی- ئامادەکردن و وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، د.ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە | ٣٧١ |
| - زمانپارێزی | ٣٩٥ |
| - پرۆفایلی پارێزەر تاریق جامباز | ٣٩٦ |